

گەلاوێژی نوێ

گۆڤاڕێکی ئەدەبی و ڕووناکبیریی مانگانەیە

خاوەنی ئیمتیاز : محمد دلێر امین

سەرنووسەر : حسین عارف

سکرتێری نووسین : ئازاد بەرزنجی

دەستەی نووسەران

د. ظاهر لطیف - عبدالله طاهر بەرزنجی

لطیف هەڵمەت - قوبادی جەلی زادە

پسپۆڕی هونەری : اسماعیل خەیات

نەخشەساز : عبدالحسین عبدالله

ژمارە ٥

ساڵی یەکەم

کانوونی دووەم

١٩٩٨

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ دەریدەکات

لەم ژمارەیەدا

- وتارو لێکۆڵینەوە:
  - ئەدەبیاتی سەفەر ..... د.فەرهاد پیربال ٤
  - مەرگی سوکرات- ڤان کوخ ..... کەریم دەشتی ١٠
  - پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی ..... عەتا قەرەداخی ١٥
  - لە ریالیزمەوە بۆ واقیع ..... ئالان رۆب گرێی ..و: لەتیف هەڵمەت ٣٧
  - سیمرغ یا قەقنەس ..... کوردێکی مێژوو نووس ٤٥
- دەق و رەخنە :
  - جەنگی بەیەکتر گەیشتن ..... ئەحمەد رەزا ٤٧
- رەخنەی شانۆیی :
  - رۆژە جوانەکان ..... دڵشاد مستەفا ٥٦
- هونەر:
  - بۆچی سەید عەلی ئەسغەر ..... محەمەد حەمە باقی ٧١
  - فرانسیس بیکۆن ..... و: ئارام ئیسماعیل ٨٢
- شیعر :
  - بەر لە خواردنەوەی دوا قومی چاوەڕوانی ..... شوان محەمەد ٨٤
  - پێکێکی دوای نیوە شەو ..... عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا ٨٦
  - زەردەشت ..... مەهاباد قەرەداغی ٨٨
  - لیباسی شەر ..... فەریدون پێنجوینی ٩٣

• زنجیره‌ی بابه‌ته‌کان په‌یوه‌سته به ده‌رهێنانی هونه‌ری گۆڤاره‌که‌وه.
• نووسینه‌کان ده‌ربڕی بیروڕای نووسه‌ره‌کانیانن.

• سه‌رداب ..... بڕوا عه‌لائه‌دین ٩٦

✻ چیرۆک :

• نیو هه‌نگاو بۆ تێپه‌ڕکردنی سنووربێك ..... یوسف عیزه‌ددین ١٠٥
• شه‌هیدبوونی گوڵه‌کانی سه‌ر شووڕای باخچه .....کازیوه سالح ١٠٩
• پیلان ..... ك.ئاگر ١١٢
• پیری باڵدار .....گابریل گارسیا ماركیز،و: مه‌جید سالح ١١٧
• دایك ..... لیلی برۆمت،.و: تاهیر سالح سه‌عید ١٢٢

✻ پاراسایكۆلۆژی :

• میژووی سه‌ر هه‌ڵدانی پاراسایكۆلۆژی و دیارده‌كانی .. زه‌رده‌شت سابیر ١٢٤

✻ ده‌روونناسی :

• كوشتنی باوك ..... مۆریس گۆدۆلیه ،و: كامیل محه‌مه‌د ، فایه‌ق ره‌حیم ١٢٨

✻ دیدار :

• قوبادی جه‌لی زاده و هێنانه‌وه‌ی جه‌سته له مه‌نفا ..... سازدانی:ته‌لعه‌ت تاهیر..... ١٥٦
• محمد الماغوط : نه‌شیعر وتراوه‌و نه نیشتمانپه‌روه‌ریش .. و: عیسا چیایی ١٦٦
• به‌ڵگه‌نامه:
• چی ده‌رباره‌ی گۆڤاری (هیوا) نووسراوه؟ ..... هیمدادی حوسێن.....١٧٣
• چالاكیه‌كانی پێشكه‌وتن له كوردایه‌تیدا ..... ئا:سدیق سالح-.....١٧٩
• گه‌شتی رووناكبیری ..... ئا:عه‌بدوڵلا تاهیر.....١٨٦
• پرۆگرام و په‌یڕه‌وی ناوخۆی بنكه‌ی نه‌ده‌بی و رووناكبیریی گه‌لاوێژ ١٩٦

رەگەزیکی ئەدەبیی فەرامۆشکراو

ئەدەبیاتی سەفەر یان سەفەرنامە



د. فەرهاد پیربالّ

سەفەرنامە ، یان ئەدەبیاتی سەفەر (ادب الرحلات) لقێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە . هەر لەسەردەمی گریکەکانەوە لە ئەدەبیاتدا هەبووە . لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا بەشێوەیەکی فراوانترو قوواڵتر ، تارادەیەکیش سەربەخۆ ـ جیاواز لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی . Orientalisme ـ خۆی دەنوێنێ.

لە سەرەتای ئەم باسەوە ، پێویستە هێڵێك لە نێوان جۆرەکانی بەرهەمی «ئەدەبیاتی سەفەر» ڕابکێشین . سەفەرنامە ، لە ڕووی ئێستەتیکی یەوە ، دوو جۆری هەیە :

١) ئەو سەفەرنامەیەی کە زاناو سیاسیو قەشەو بازرگانەکان نووسیویانە ، کە لە شێوەی چەند تێبینیو لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەدان objactive.

ئەم جۆرە سەفەرنامەیە ، چ ڕۆژئاوایی نوسیبێتیان چ ڕۆژهەڵاتی دەچنە خانەی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی orientalisme و ڕۆژئاوا ناسییەوە ، واتە ناوەڕۆکێکی مێژوویی و سیاسیو کۆمەڵایەتی ، یان ڕاستتر بڵێین : بایەخێکی زیاتر زانستییان هەیە ، بۆ نموونە : زۆربەی بەرهەمەکانی ت.أ لۆنسی عەرەب ، مستەر ربچ ، بێرنهارد ڤۆن برایدنباخ ،کار یۆنگ ، دەچنە خانەی ئەم جۆرە ئەدەبەوە .

ئەم جۆرە بەرهەمانە مەبەستیان ڕوونکردنەوەو لێکۆڵینەوە بووە لە بارەی ژیانو داب‌و نەریتی میللەتانی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا . ئامانجیان ئەوە بووە کە لایەنێکی دیاریکراو یان شاراوە لە ژیانو شارستانیەتی وڵاتێك یان میللەتێك یان گروپێکی ئەتنیکی یا دینی پیشانی خەڵکی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات بدەن . هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆری ئەم جۆرە بەرهەمانە وەك کتێبی مێژوویی‌و سیاسی‌و جوگرافی حسابیان بۆ دەکرێ . ئەم جۆرە سەفەرنامانە بەهای هونەریان نیە ، تەنیا لە ڕووی مێژوویی‌و ئەتنۆگرافی و کۆمەڵایەتی‌و ئەرشیڤیەوە بایەخیان هەیە (١)

٢) ـ ئەو سەفەرنامەیەی نووسەرو هونەرمەندان دایانهێناون کە زادەی ڕوانینێکی هونەرمەندانەن .

ئەم جۆرەیان کە لە باری هونەریەوە ڕەسەنترن ، پەیوەندییان بە بەهرەو ئەزموونی جوانیناسییەوە هەیە ، بێگومان دەچنە خانەی داهێنانەوە ، بۆ نموونە : بەرهەمەکانی ڕۆمانتوس‌و شاعیرانی وەك پوشکین ، لامارتین ، دیلاکروا ، جۆزیف کۆنراد ، توفیق الحکیم ..کە لە بارەی ئەزموونەکانی خۆیان لە دنیای ڕۆژهەڵاتدا یان لە دنیای ڕۆژئاوادا نووسیویانە .

ئەم بەرهەمانە بێ هیچ مەبەستێکی سیاسیو

عەسکەری یان ڕاگەیاندن داهێنراون ؛ مەبەستیان تەنیا دەربڕینی جوانی و ژیانێکی مرۆڤایەتی یان بەهایەکی فکری و هونەری بووە .

ئەدەبیاتی سەفەر کەوانە ئەگەر ئەو ئەدەبیاتە داهێنەرە بێت کە بەهرەو بابەتەکانی خۆی لە ئەزموونی سەفەرو گەشت و گەڕانەوە وەردەگرێ، ئەوا سنووری ئەو ئەدەبە زۆر فراوان دەبێتەوەو تەنانەت خۆی لە (ئەدەبیاتی دوورە وڵاتی) و ئەو ئەدەبەش نزیك دەکاتەوە کە پێی دەڵێن ئەدەبیاتی تاراوگە (ادب المهجر) (٢)

کتێبی خولیای سەفەر A taste for travel کە دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی بەریتانی لە ساڵی ١٩٨٥دا لە ٤٢٠ لاپەڕەدا بڵاوی کردۆتەوە ، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی یە لە بارەی زۆربەی ئەو نووسەرە ناودارانەی جیهان کە ئەدەبەکەی خۆیان لە ئەزموونی سەفەر کردنەوە هەڵێنجاوە . نزیکەی ٤٠٠ تێکست و نموونەیشی لە بارەی ئەدەبیاتی سەفەرو سەفەرنامەوە تێدایە . گرنگترین ئەو نوسەرانەی لەو کتێبەدا باسیان لێ کراوە ، ئەمانەن: دانێڵ دیفۆ، د. هـ. لۆرەنس ، جۆزیف کونراد ، ت أ . لورەنس ، جۆن جۆلیۆس نۆرێتش (٣)

سەفەر ، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانسییەکان و نەشونماکردنی ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەدەبیات و هونەردا ، بوو بەئەزموونێکی گرنگی نووسەرو هونەرمەندان .

ئەدەبیاتی سەفەر ، یان سەفەرنامەی ئەدەبی ، بەشێوەیەکی گشتی ، سێ ئاراستەی هەیە :

١ـ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا

بریتی یە لە سەفەری ئەو نووسەرو هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتیانەی کە بەرەو جیهانی ڕۆژئاوا ڕۆیشتوون ، ئەزموون و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیشیان لەو سەفەرەوە وەرگرتووە .

سەفەری نووسەرو هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا، زۆر درەنگ دەستی پێکردووە . عەرەبەکان ؛ جگە لەئەرمەنیەکانی ڕۆژهەڵات ، یەکەم ئەو میللەتانەی ڕۆژهەڵاتن کە ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاواو سوودیان لە ئەزموونی سەفەر بەرەو ڕۆژئاوا وەرگرتبێ .

الیاس بن حنا الکلدانی ، کە خەڵکی موسل بووە ، یەکەم عەرەب بووە کە چۆتە دوو ئەمریکاکەو لە ١٦٦٨ ـ ١٦٨٣ وەسفی کردوون (٤)

نووسەری گەورەی میسر ، الطهطاوي ، لە ڕیزی یەکەمی ئەو نووسەرە عەرەبانەیە کە سەفەرنکی بەرەو ڕۆژئاوا (فەرەنسا) کردووەو سەفەرنامەیەکی لە ساڵی ١٨٣٢ دا بە زمانی فەرەنتی بڵاوکردۆتەوە (٥)

دوای ئەویش ، چەند نووسەرێکی دیکەی عەرەب پەیتا پەیتا ڕوو دەکەنە وڵاتانی ڕۆژئاوا ، ئەدەبەکەیان بە ئەزموونی ئەو سەفەرانەی خۆیان دەوڵەمەند دەکەن.

زۆربەی بەرهەمی ئەو نووسەرە ڕۆژهەڵاتیانە حاڵەتی بەراوردکردنی جیهانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی پێوە دیارە . هەندێك لەو بەرهەمانەش دەکەونە خانەی ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە .

ناودارترین ئەو نووسەرە ڕۆژهەڵاتی یە عەرەبانەی کە بەرهەمەکانیان ئەزموونی سەفەری بەرەو ڕۆژئاوا تێدایە و دنیای ڕۆژئاوا بۆ ڕوژهەڵاتیەکان



ئەلتەیب ساڵح

هەڵدەسەنگێنێ ، ئەمانەن : ابن النجار ابراهيم ، سليم بگ موسى ، خيرالدين التونسي ، يوسف حبيب ، عبدو الشيخ محمد ، كورد محمد على ، سامي الكيالي ، زكي مبارك .

بەكورتى : لە ساڵى ١٨٣٢ تاكو ساڵى ١٩٤١ زياتر لە (٨٠) نووسەرى عەرەب (شاعيرو رۆمانووس و چيرۆكنووس و رەخنەگرو رۆشنبير) توانيويانە بەسەفەرەكانيان بۆ وڵاتانى رۆژئاوا ، ئەزموون و ناوەرۆكى ئەدەبەكەى خۆيان بەپێزو دەوڵەمەنتر بكەن(٦)

پێويستە ئەوەش بير خۆمان بهێنينەوە كە چەند شاكارێكى رۆمانى هاوچەرخى عەرەبى ، زادەى ئەو سەفەرانەى رۆمانووسانى عەرەبن بەرەو رۆژئاوا ، لەوانە : عصفور من الشرق ، نووسراوى توفيق الحكيم ؛ موسم الهجرة الى الشمال ، نووسراوى الطيب صالح . لە هەردوو ئەم رۆمانەدا رق و تووڕەييەك بەرامبەر رۆژئاوا ، گەرانەوەو خۆشەويستييەك بەرامبەر ڕەسەنايەتى رۆژهەڵات بەدى دەكرێت .

لە هەمان كاتدا ئەدەبياتى سەفەرى خەڵكى رۆژهەڵات ـ بەرەو رۆژئاوا ـ وەك پرۆپاگەندەو نرخاندنێكيش بۆ بەهاى ئەدەبياتى ئەوروپاو شارستانيەتى رۆژئاوا دەردەكەوێ ، لە هەمان كاتدا كاريگەرێتى بيروڕاى رۆشنگەرىو ڕيفۆرميستو ليبراليەكانى رۆژئاوا بە سەر ئەو بەرهەمانەى نووسەرانى رۆژهەڵات بە ئاشكرا دياره (٧)

ئەم دياردەيە وەك دەزانين بە درێژايى سەدەى نۆزدەهەم تاكو ئەمڕۆش بەردەوامە .

٢ـ لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات

بايەخدانى نووسەرە ئەوروپاييەكان بە رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمى پێش زايين : سەردەمى گريكەكان (ئێگزەنەفۆن و سترابۆن و هێرۆدۆت) دواى ئەوانيش بۆ سەدەى دوازدەهەم ؛ كاتێ گەڕاڵو موژدەگارو جوگرافيا ناسە رۆژئاواييەكانى وەك بنيامێن تودێليێ (١١٧٣) و ريكالدۆنينى (١٢٩٠) و ماركۆ پۆلۆى ئيتالى MARCO POLO (١٢٧٢) وەدەستيان كرد بە گەشتو گەڕان لە پێناو نووسينەوەى جوگرافياى وڵاتانو دەستنيشانكردنى نەخشەى دابەشبوونى نەتەوەكانى سەر زەمين.

لەناو هەموو ئەو سەفەرنامانەدا ، سەفەرنامەكەى ماركۆ پۆلۆ لە سەدەى سێزدەهەمدا (١٢٧٢) ، لە ڕيزى يەكەمين سەفەرنامە گرنگو ناوداركانى ئەدەبياتى رۆژئاوا دادەنرێت كە لە بارەى نەتەوەو وڵاتانى رۆژهەڵات نووسرابێت (٨)

كەواتە ، يەكەم سەفەرنامەى ئەوروپاييەكان بريتيە لە سەفەرنامەى گەڕاڵو موژدەگارو جوگرافياناسو سياسىو مێژوونووسەكان ، هەرچى نووسەرو هونەرمەندو شاعيرو چيرۆكنووسو رۆمانووسەكانيشن ، دياره ، درەنگتر وەديار دەكەون : بە تايبەتيش لە سەدەى نۆزدەهەم بەولاوە.

خاكى پيرۆزو مەسەلەى عەرەب دوو بابەتى سەرەكيى ئەدەبياتى سەفەرى نووسەرە رۆژئاواييەكان بوونە . خاكى پيرۆز ، واتە فەلەستين ، بۆ نموونە لاى نووسەرى ئەڵمانى بێرنهارد ڤۆن برايدنباخ لە سەدەى پازدەهەمدا خولگەى بنەڕەتيى بابەتى سەفەرنامە بووە(٩)

هەروەها (مەسەلەى عەرەبەكان) لاى ت. أ لۆرەنسى عەرەب و لاى سادليرو داووتى (١٠)

دۆمينيك لانزا موژدەگارو ڕاهيبێكى ئيتالى بووە ، لە ١٧١٨ لە دايك بووە . لە ٣١ى كانوونى دووەمى ١٧٥٤ تا ٢٢ ئازارى ١٧٦١ لە مووسڵ ژياوە ، پاشان لە ٢٥ى ئازارى ١٧٦٤ تا ٢٣ى ئاياري ١٧٧٠ ناوبراو ، لە سەفەرنامەكەيدا ژيانى مەسيحيەكانى رۆژهەڵاتى (مێزۆپتاميای) لە هەموو شتێك لەلا گرنگتر بووە (١١)

سەفەرنامەى ئەوروپاييەكان ، لە سەدەى نۆزدەهەم بەولاوە لە سنووري بايەخدانى سياسى و دينى دەرچوو ، كە موژدەگارەكان سەرقافلەيان بوون . بايەخدانى نووسەرو هونەرمەندە ئەوروپاييەكان بە رۆژهەڵات لە سەدەى نۆزدەهەم بەولاوە وردە وردە

پەرەی سەندو فراوانتر بوو، گەیشتە ئەوپەری پێشکەوتن و جوانیپەروەری و داهێنان ، ڕەگەزی سەرفەرنامە لە ئەدەبیاتی ئەوروپایی سەدەی نۆزدەهەمدا شێوازو ناوەرۆکێکی ئەدەبی و هونەریی وەدەست هێنا ، مۆرکی داهێنانی بەخۆوە گرت ؛ ئەمەش لە سایەی دوو گرووپی هونەرمەندو نووسەرانەوە : لە سەرەتادا ڕۆمانسییەکان ، ئنجا پاشان ریالیستەکان .

ڕۆمانسییەکان

سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم (١٨٠٠ ـ ١٨٥٠) بە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەناسرێتەوە لە هونەور ئەدەبیاتی ئەوروپاییدا. لە سایەی نووسەرە ڕۆمانسییەکانەوە بوو کە ئەدەبیاتی



بڕ دلێر -

سەفەر یان سەفەرنامە پەرەی سەندو ناواخنێکی ئێستەتیکیی وەرگرت.

زۆربەی ڕۆمانسیەکان حەزیان لە گەشتو گەڕان و سەفەر دەکرد ، شەیدای سەفەر و بینینی دیاردەی تازە و نامۆبوون : شاعیری ڕۆمانسیی فەرەنسا، ئەلفرێد دی مۆسێ چووە ئیتالیا ؛ نووسەری ڕۆمانسیی ئەڵمانیا ،گۆتێ ، چووە ئیسپانیا و ڕووسیاو ئیتالیا ، هەندێکی دیکەشیان ئاراستەی سەفەری خۆیان گۆڕی و ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات . شاعیرانی ناوداری فەرەنسی ، لامارتین و شاتۆبریان و نێرڤاڵ هاتنە ئێران و تورکیاو سووریا و کوردستان و میسر (لامارتین لە سەدەی نۆزدەهەمدا یەکەم شاعیری فەرەنسایە کە ناوی کوردستانی هێنابێ و باسی کوردی کردبێ لە بەرهەمێکی خۆیدا ، دوای ئەویش بۆدلێر) ئەم نووسەرە ڕۆمانسییانە بەرهەمەکانی خۆیان بە ڕۆژهەڵات دەوڵەمەندتر کرد ، ئاویان لە سەرچاوە ڕۆحییەکانی ژیانی ڕۆژهەڵات خواردەوە(١٢)

نیگارکێشی ڕۆمانسیی فەرەنسا ، یۆژین دی لاکروا ، چووە جەزایر ، ژێریکۆڵت بۆ تورکیاو ئێران . شاعیری گەورەی ئینگلیزیش ، لۆرد بایرۆن ، لە حوکمەتەکەی خۆی (کە ئینگلستان بوو) هەڵگە ڕایەوەو چووە یۆنانو لەوێ بووە (پێشمەرگەیەکی یۆنانی) لە جەنگی سەربەخۆیی یۆناندا شەهید بوو(١٣)



شاتۆبریان

شاعیرانی وەک سەموئێل بەتلەر کۆلریدج ، جۆرج ساندیر ، تۆماس مۆر ، و. هـ ئۆدن . چەندین شاکارو بەرهەمی خۆیان لە سەفەرو گەشتو گەڕانەوە وەرگرتووە.

ریالیستەکان

نووسەرو هونەرمەندە ریالیستەکان ، بە ژمارە کەمتر ، بەڵام لە ڕووی چۆنیەتییەوە ، تەکانێکی فرە گەورەیان بە هونەرو ئەدەبیاتی سەفەر بەخشی.


گەڵێ لە گەورە نووسەرو ڕۆمانووسە ریالیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، بۆ نموونە گۆستاف فلۆبێرت ، شەیدای ڕۆژهەڵات بوون ؛ بەهەرەو ئەزموونی

بەرهەمەکانی خۆیان لە میسرو ئێران‌و تورکیاوە هەڵدەهێنجا. هەروەها شاعیری رووس پوشکین، چووە ئەرزەڕۆم‌و باسی کوردە یەزیدیەکانی کرد. پاشانیش بە شێوەیەکی ریالیستانەی جوان گوزارشتی لە ژیانی قەرەج کرد، هەروەها رۆمانتووسی ریالیستی فەرەنسی، ئەلکزاندەر دووماس، چووە ئیتالیاو ئیسپانیا. ئەم سەفەرە درێژەی، بووە کەرەستەو بابەتی رۆمانەکانی. بە هەمان شێوە ژمارەیەك لە رۆمانەکانی نووسەری فەرەنسی، ستاندالّ، بریتین لە عەشق‌و گەڕان‌و ئەزموونە ئاوارەکانی خۆی دەنێو ژیانی دوورگەو سەرزەمینەکانی ئیتالیا.

بابەتی (تاکەکەسی ئەمریکی لە ئە وروپا) بابەتێکی سەرەکیی رۆمانەکانی هنری جێمسی رۆمانتووسی ریالیستی ئینگلیز بوو. سەفەر ئەزموونێکی گەورە بوو لە ژیانی هنری جێمس‌دا. هەر لە هەرزەکاریەوە کەوتە گەڕان‌و سووڕان بە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات‌و باکوور. سەفەرەکانی هنری جێمس کاریگەرییەکی گەورەیان کردۆتە سەر ناوەڕۆکی رۆمانەکانی(١٤)

بە هەمان شێوە بابەتی «ئەفریقا» بە شێوەیەکی گشتیش «دووەم وڵاتی‌و سەفەر» بابەتێکی سەرەکیی رۆمانەکانی جۆزێف کونرادی رۆمانتووسی ریالیستی پۆڵۆنییە. سەفەر ئەزموونێکی گەورە بوو لە ژیانی ئەودا. هەر لە ساڵی ١٨٩٠ بەولاوە کەوتە گەڕان‌و سووڕان بە وڵاتانی ئەوروپادا. رۆمانی دڵی تاریکی (قلب الظلام) ناودارترین رۆمانی ئەوە لەم بوارەدا.

بەم شێوەیە، ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتناسی و سەفەرنامەیە رۆژهەڵاتناسەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ئامانج‌و بەرژەوەندییە سیاسی‌و دینی‌و بازرگانی‌و عەسکەریەکانی وڵاتانی ئەوروپاوە هەبێ، ئەوا ئەدەبیاتی نووسەرە رۆمانسی‌و ریالیستەئەوروپاییەکان لە بارەی رۆژهەڵات، پەیوەندیی بەخودی ئەدەب‌و داهێنانی ئەدەبییەوە شەیە: بە چاوی رێزەوە سەیریان دەکرێت، وەك بەهایەکی ئێستەتیکی و ئەدەبی لێیان دەکۆڵدرێتەوە.



ئەو کەشتیەی برایدنباخ لە سەفەرە ناودارەکەی خۆیدا بەرەو رۆژهەڵات بەکاری هێنا

٣ـ ناوخۆ

ئەو بەرهەمانەن کە نووسەرەکانیان بەناو شارو لادێ‌و وڵاتەکانی خۆیاندا سەفەریان کردووە، یان بە دەوروبەری نیشتمانەکەی خۆیان دا گەڕاون و یاداشتیان تۆمار کردووە (١٥)

ناسر خوسرۆی ئێرانی، لەسەدەی یازدەهەم ـ دوازدەهەمدا، یەکێکە لە دیارترین ئەو نووسەرانە؛ کە بە دەوروبەری ئێران‌و دیاربەکرو شارەکانی دیکەی ئەو مەڵبەندانەی رۆژهەڵاتدا سەفەری کردووە و بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە. ئنجا دوای ئەو، ئەولیا چەلەبیی عوسمانی لە ساڵانی ١٦٥٥ داو تاڵبۆڤی ئازەربایجانی ئێران. لە نووسەرانی خۆشمان، شاعیری ناسراو، عەبدوڵڵا گۆران، لە (دوو گەشتەکەی هەورامان) دا، لە ساڵانی ١٩٤٠ دا، بە یەکەم شاعیری کورد دەژمێردرێت کە سەفەری ناوخۆی وڵات یان ئەزموونی سەفەرو گەڕان بەناو وڵاتی خۆدا لەبەرهەمەکانی دا رەنگی دابێتەوە.

لە بواری پەخشانیشدا، شاکر فەتاح یەکەم پەخشاننووسی کوردە کە کتێبی گەشت‌و سەفەرنامەی بڵاوکردبێتەوە. سەفەرنامەو گەشتەکانی شاکر فەتاح لەم بوارەدا شایستەی ئەوەن کە لێکۆڵینەوەی تایبەتییان لەسەر بنووسرێت‌و وەك رەگەزێکی ئەدەبی تازەو سەربەخۆ لە ئەدەبی نوێی کوردیدا مامەڵەیان



گۆران

لەگەڵ بکرێت . شاکر فەتاح دەیێتە یەکەم داهێنەری ئەو رەگەزە ئەدەبییە نوێیە لای ئێمەی کورد .

هەردوو شاعیری ناسراومان ، نالی‌و حاجی قادری کۆیی ، بە یەکەم دوو شاعیری کورد دەژمێردرێن کە شیعری «ئەدەبیاتی سەفەر» یان نووسیێت ، یان کە ئەزموونی سەفەروگەڕان‌و دووری وڵاتی لە بەرهەمەکانیان‌دا رەنگی دابێتەوە . ئەم ئەدەبەی ئەوان دەکەوێتە خانەی ئاراستەی لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا . ئەم رەوتە تایبەتییەی نووسەرانی سەفەرنامەو ئەدەبیاتی سەفەر ، ئیتر لە هەر شێوەو رەگەزێکدا بووبێ . جیهانێکی جوانی هونەرمەندانەی سەربەخۆی هەیە . گوزارشت لە جوانییە جۆراو جۆرە سیحراویەکانی سەفەر و دەربەدەری دەکات . تاکو ئێستا لای ئێمەو لە ئەدەبیاتی ئێمەدا شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە.

سەرچاوە :

١) د. سعيد علوش : الصورة الغربية في الذاكرة الشرقية ، الصورة الشرقية في الذاكرة الغربية ، الثقافة الاجنبية ، عدد ٣ بغداد : ١٩٨٩ ص ١٤ _ ٢٥ .

٢) Henri DEBOIS: La Peinture chez les Orientalistes, Paris:1983. 2

٣) روبن فيدين : الرحالة الانگليز الى الشرق الادنى ، ترجمة : كاظم سعدالدين ، الثقافة الاجنبية ، عدد ٣ بغداد ١٩٨٩ ص ٤ _ ٥

٤) د. عماد عبدالسلام رؤوف : حسن حسني القاضي ورحلته الى دياربكر ، گۆڤاری بين النهرين ، ژمارە ٢٥ موسڵ : ساڵی ١٩٧٩ لاپەرە ٣٣

٥) Al-Tahtawi: Relation d un voyage en france, in Journal:5 Asiatique, 2me seri, 2me vol, paris:1832.

٦) A. LUQA: Voyageurs et Ecrivains Egyptien en france, ed.:6 Didler, Paris:1970.

٧) د. سعيد علوش : الصورة الغربية في الذاكرة الشرقية ، الصورة الشرقية في الذاكرة الغربية ، الثقافة الاجنبية ، عدد ٣ بغداد : ١٩٨٩ ص ١٤ _ ٢٥ .

٨) د. فەرهاد پیربااڵ : گەشتەکەی مارکۆ پۆلۆ بە کوردستاندا ، وەرگێڕان‌و ئامادەکردنی لە فەرەنسییەوە ، گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ٤ هەولێر : ١٩٩٧ لاپەرە ٥ _ ١٠

٩) رحلة برنهارد فون برايدنباخ ، ترجمة : د. مصطفى ماهر، الثقافة الاجنبية ، عدد ٣ بغداد ١٩٨٩

١٠) روبن فيدين : الرحالة الانگليز الى الشرق الادنى ، ترجمة : كاظم سعدالدين ، الثقافة الاجنبية ، عدد ٣ بغداد ١٩٨٩ ص ٤٠ _ ٥٠

١١) سهيل قاشا : الموصل في مذكرات الرحاليين الاجانب ، بين النهرين ، عدد ٥ موصل: ١٩٧٧ ، ص ٣

١٢) حسين حسن التميمي : لوحات من الشرق يرسمها فنانون من الغرب ، مجلة افاق عربية ، تموز١٩٩٠ ، ص ٥٠ _ ٥٧

١٣) Alfred De Musset: Pages choisies, Larousse, Paris 1934

١٤) Henry JAMES: Autobiography, ed. Fredrik, New York:1956, 184- 183.

١٥) Larousse, Dictionnaire Encyclopedique, Paris: 1979, P. 1019

مەرگی

سوکرات ـ ڤان گوخ



ئامادەکردن و وەرگێڕانی
کەریم دەشتی

(١)

هەموو پەروەردە ئیکی ئێمە لە سەر کەم مەسرەفی بونیاد نراوە ، مەعریفە حیکمەت دادەڕێژێ بەمەرجێ پابەندبێ بە حیکمەتی پێشوو ، کە ئەمەش جگە لە حیکمەتی ـ مامۆستا هیچی دیکە نییە ، لە ڕێگەی چەندین وەرچەرخان ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سوکرات ، سوکراتی یەکەم نمونەی مامۆستا کە ئەفلاتون ڕەسمی کردووە ، یەکەم نمونەی خێرخوازە موعتەبەرەکان ، ئەو مامۆستایانەی دەتوانن ئاوا بنووسن ، نووسینەوەی ئێستا بەڕادەیەك کە نەتوانێ لێی دەربازبێ ، کاتێك سوکرات ئیدعای ئەوە دەکات هیچ شتێ نازانێ ، ئەوە جگە لە شێوازێك ناتوانێ پێشنیاری هیچ شتێکی دیکە بکات ، ئە وبش ئەوەیە کاری جەدەلی جێگەی پێشبڕکێ بگرێتەوە ، ئەوەش ئەو دیدگایەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی خێرخواز بەرەو تیلقائیەت بچێ ، کە ئەمەیان پڕۆسەیێکی گواستنەوەیە پتر لەوەی سوڕانەوە بێت لە بەر وێنەی مامۆستا بەهۆی ئەدگاری سیادەت .

(٢)

لەو حاڵەتەدا ئەقڵ دەڵالەت دەدات بەپێی ئەوەی بۆمان ماوەتەوە ئەوەش لە ئەنجامی مەشقی ئەفلاتون ، ئەو مەشقەی سوکرات ئەنجامی داوە ، بەهۆی بنەمای کەم مەسرەفی ـ تەقە شوف ـ وا دەلالەت دەکات کە باس لە هەموو هێزێکی شەبەقی بێ ، هەروەها جێگەشیان دەگرێتەوە ، وا باسی بێبەش بوون دەکات کە بچێتەوە سەر دیاردەکانی شەبەقیەتی گشتی کە ئەو خۆی ڕێکی خستووە ، بە تایبەت لە بارەی هونەر کە تیایا لە هو بە سیادەی ڕەوشتی و سیاسی یاخود هەتا زانستی دەکات . پرسیارکردن سە بارەت بەکەسی سوکرات مانای تەرح کردنی پرسیارێکی ئەکادیمی نیە ، بەلای ئەوەدا ناچین کە ـ نیتشە ـ لە ـ ئەسڵی تراژیدیاو ئاوابوونی بتەکان وازی لە سوکرات نەهێنا ، یەکەم کەس بووە کە سوکراتی لە ڕەگەوە خستە ڕوو ، لەوانەیە لەوە بترسین کە لە پرسیارێکی سەخت پترێ ، سوکرات خۆیەتی کە لە مرۆڤ دەپرسێ و هەر لەوێشەوە دە ست پێدەکات ، ئێمەش دووبارەی دەکە ینەوە وامان یاوەرە کە سەرچاوەیەك دووبارە دەکەینەوە سەرلە نوێ شوێنگەی خۆمان لە ئەصڵدا دەکە ینەوە ، بەم جۆرە دە بینین پەروەرش کارین بێ ئەوەی بپرسین بۆ ، هەڵبەت ئەوە یان ئاوابونێکی حەتمییە بۆ ئێمە ، سەرچاوەشی دووبارە بوونەوە ، چونکە ئێمە سوکرات ناناسین تەنها بەوە نەبێ کە لە بارە یەوە دەبیستین ، ئەوەش لە ڕێگەی چەند شاهیدێك کە لەودا نیە بەڵکو لە کەسانی دیکەدا هەیە.

(٣)

ئایا سوکرات کە سێکی خورافی نیە لە دە ست کردنی خودی ئەفلاتوون ، چونکە جێگەی کەسێکی مێژوویی دەگرێتەوە و ناوی خۆی پێ دەبەخشێ ، ئەوەیان موفارەقە نیە پرسیارێکی پێشینەیە ، ئایا کەسێك هەیە بتوانێ سوکرات دابهێنێ بەبێ ئەوەی بینی بێ ؟ ئایا دەتوانین ئەندێشەی عەبقەریەتی ئەو بکەین ، عەبقەریەتێکی بەهێز وەك ئەوەی ئەندێشەی دەکەین ، توانای ئەوەی هەبێ بە تەنها ئەو مەعبودە ئێشك گرە لەقاڵب بدا وەك دابین کارێکی کارەکان و ڕێرەوە جیاو دیارەکانی ؟ یاخود بە پێچەوانەوە ، ئایا کەسێکی (محاورات) بەمکوڕیەوە داوای ئەوە ناکات (سوکراتی دیرۆکی) بە موجامەلە لە خەسڵەتی خۆی بەخشیوە ؛ یاخود لانی کەم خودان پێگەیەکە (سوکراتی ئەدەبی) لەگەڵ ئەودا بەمە تەنها مەرجە وە ماقوڵە (واتە لەگەڵ


ئەفڵاتون) بە شێوەیەکی دیکە ئایا ئەو ئەقڵەی کە بۆمان ماوەتەوە بەخۆ و بە دیقەتو زەرورەتی واجبی پەیوەست بە ڕوداوێکەوە نیە ؟ ئەو ئەقڵە نەسوکراتییەو نە ئەفلاتونییە ، هەتا لە محاوراتی نێوان سوکرات و ئەفلاتونیش بونیات نەنراوە ، بەڵکو لە دووبارەبوونەوەی لە زاکبرەی ئەفلاتون لەدایك بوە ، بانگی سوکراتی کردوە لەوکاتەی کە نەمری دەکات .

(٤)

جا بۆ ئەوەی قوتابی بێتە مامۆستا پێویستی بە مامۆستایەك هەیە کە خۆی بێو پشت بەهیچ مامۆستایەکی دیکە نەبەستێ تابتوانێ شوێنی بگرێتەوە ، مەبەست دۆزینەوەی عاجباتێیکی گریکی نیە ، بەڵکو مەبەست لەوەیە سۆکرات چۆن توانی بەدیار بکەوێ ، لە هەموو پەروەردەیێکی واقیعی شتێ لە نەسەق پەیوەندی هێزەکان ڕوودەدات کە ئەهلو مامۆستاکانی ، مێژوو هێزێکی واسەپێنەر لە حەقیقەت دا مەعریفە ئیزافەی سەرکێشی خۆی دەکات ، خۆ ئەگەر هیچ تەحقیقێکی ماقول نەبێ ئەوە تەقلید وەکو کەفیل بەکار دێت یا وەك هونەری ئیقناع کردنی حەریف ، ڕەنگەواش نەبێ ، ئەقڵ ئەو شتەی (هۆسەڵ) ـ Husserl ـ وای لێ دەبینێ ـ کاری بەشەریەتی بێ کۆتایی بێ ـ لە یەك مرۆڤدا لە دایك نەبووە ، بەڵکو لەدوان ، لە پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ لە ڕێگەی کارێکی پەروەردەیی کراوەدا ، لەپڕ برشتی نوسەری یەکەمەوە لە دایك بووە ، کە ئیدیعای ئەوە دەکات کە نازانێ بنوسێو نەزۆکە ، مامۆستای یەکەم ئەم پەیوەندییە دروست دەکا ، بەهۆی بەدیارخستنی مامۆستای تایبەتی خۆی دەبێتە مامۆستا ، ئەو مامۆستایە تایبەتییەی کە ماندوو هیلاکە تا بیچەسپێنێ کە هیچ نازانێ ، ئەڵێرەوە تەقلیدێکی مەعریفی لە نامەعریفی هاتە ئاراوە .

(٥)

پرسیاری ئێمە دەربارەی گرفتی سوکرات مانای هەوڵی لابردنی کاریگەرێتی ڕەجعی لە ئەقڵی تایبەتی ئێمەدا ـ لە یەك مەودا ـ دا ، تا پرسیار لە خۆمان بکەین سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە لە فەزایەکدا خستیە ئاراوە خۆی تێدا غایب بووە ، ئەفلاتون دەیتوانێ جگە لە فەیلە سوفێکی سەفسەتی شتێکی دیکە نە با کە چەند ئیستعارەیەکی داهێنانی لەهەمان حەقڵی ڕەوانبێژیدا و لەنێو هەمان حەقڵی هونەری جەدەلیدا لە گاتی گەمەی قسان‌دا ، کە مەبەستی بوو بە سەربا زاڵ بێ بە هۆی وەسیلەیەکی خەیاڵتر ، لەو حاڵەتەدا



سوکرات

چونکە ئەفلاتون چۆتە ڕیزی هەمان تایبەتمەندێتی سوکراتو توانای سیحریشی هەیەو بەمەوە دیاردەکەوێ کە دەپارێزێ ، ئەوا سەردەکەوێ لە تەقەشوف ، ئەو کاتە وێنەی ئەو نموونەیە نمایش دەکات کە هەر تەقیەکان بەڕاستی پشتی پێ ببەستن تەواو وەك مامۆستاکان پشتیان بەهەمان نەریت دەبەستو هەمان مەتحەفیان دەسوتاندو دەشیان پاراست ، دیکارت هەموو ئەو مەعریفانە ڕەت دەکاتەوە کە بۆ ئەو پێشنیار کراوە و دەڵێ هیچ دانەڕێکی فەلسەفی کلاسیکی لە ئارادا نیە»

(٦)

سوکرات هیچی پێ نیە خەڵکی پێ فێرکات ، تاکەکاری سوکرات کە بەهی خۆی لە قەڵەم دەدا ئەوە

بوو وا لە خەڵك بكات ئەو شتانە كەشف بكەن كە پێشتری دەیانزانی ، ئەگەر شتێكیان زانیبێ ، ،

ناوەرۆكی هەموو قسەكانی بریتییە لەوەی هانیان بدات بۆ بەدوا دەگەڕان و تۆبزی هیچیان لێ ناكات ، تەنها ئەوەنەبێ كە داوایان لێ دەكات زۆر تووندو تیژبن

سەبارەت بە خودی خۆیان ، وا بەدیار دەكەوێ سوكرات هەموو ئاوەزووەكانی ئەوە بووبێ وا لە ئەوانی دیكە بكات واز لە ئاوەزووەكانی خۆیان بهێنن و ئاوەزووی ئەوانی تر لغاو بكەن ، سۆكرات ئاوەزووی مردنی دەكردوو ڕاستەوخۆش دەیتوانی ئیغتیراب بكات ، ئەو بۆ ئەوە مابوو تا یاساكانی دیقەتی قسەكردن پێشێل نەكات ، قسەكردن لەگەڵ شتی بێ گیان لای

-كریتون(دەقێكی خودان شێوازێكی كارامەبوو ، ڕێگەی بەهیچ گومانێك نەدەدا بەهەر حوجەتێكەوە بێت . ئەقلانیەتێكە بۆ ئەوە هاتووە ڕەتكردنەوەی بەڕایی بكاتە سەلماندن ؛ باشترین وەسیلە بۆ بەدیارخستنی بەرائەتی ئەو ئەوەبوو بچێتە ژێر باری ئەو شێوازانەی پەیوە ستن بە تاوان .

(٧)

بە ڕزگاربوون لە داب و نەریت و حوكم ناتوانین پەنایەك بدۆزینەوە وە تەنها لە زاتی خۆمان نەبێت ، كەواتە واجبی تێڕامان یادی كزۆڵەیەكە خۆیان بە قەرز بكەن ، ئابەجۆرە ، جگە لەو ڕێگەیە ، هەموو ڕێگاكانی دیكە دەبینین سوكرات مەشقیان لە سەر دەكات ، بیرۆكەكەش سەبارەت بەو«دایەلۆگێكی ناوەكی» یە دایەلۆگ نەموناجات . بە بیرۆكە لەگەڵ زاتی خۆی بێ ئەوەی پشت بە - كەلام - ببەستێ ، سوكرات زیاتر لەوانی دیكە دەیزانێ چۆن بخواتەوە ، چۆن تەقدیری جوانی بكات و خۆر بپەرستێ . ئەو كاتەش ئەو نهێنییە وونە دەست پێدەكات ؛ چونە ژێر باری ئەو ئاوەزووەی نیە ئەگەر ئەو ئاوەزووە بەمانای -امتلاك- بێت ، ئەركی سەرشانی رواقیەكانە زیاتر لە سەدەیەك ڕەت بێ تا جیاوازی نێوان - كەمێ فەزیلەت بزانن لە خورافە - هیراكلیس ی پڕ حیكمەت ، ئەوەیان ژێدەرێكی گونجاوە بۆهەموو حاڵەتەكانی وەعی حەقیق دروست كرد ، هیچ شتێكی وا لای سوكرات نیە ، هەتا ڕوخساری ئەو ئەگەرەش .. هەتا دوژمنایەتیش ، سوكرات تەنها لە - فیدۆن - نامرێ - ئەوێك كە بە درێژایی ژیانی خۆی مەرگی خۆی دووبارە دەكردە وە ، مەرگ بۆ ئەو وەسیلەی مانەوە بووە.. ئەوە یانی پێی دەگوترێ ڕۆح وەك چۆن سوكرات وای چین بەند كرد ، ڕەنگە مایەی سەرسامی بێ كە - شوكران - گیانێكی ژەهراوی - بە وەدا بنێین كە شەرابی خۆشەویستی نەمرییە .



قان كوخ

(٨)

قان كوخ تا لە تابلۆكانیدا گرەوی مرۆڤایەتی دەبردەوە ، لە سووتان و ئازارەكانی خودی خۆی سەرچاوەی دەگرت و فرشەكەی دەوەشاند . تەنها تەنانەت كاتی وا هەبوو ، هەر هەموو سەعاتەكانی ڕۆژی لەتاو كێڵگەو یاخەكاندا بەسەر دەبرد، « ن . دوستایل» لە سەر ئەتكیتی گەلەری هونەرە تازەكانی نیۆیۆرك‌دا نووسیبووی :

- قان كوخ ئەوا لە عیشق هونەرەكەیدا شێت بووە

کەڤاڵەکانی ئەو هونەرمەندە هەرگیز تەیف و خەیاڵاتی تیانەبوو ، بەڵکو چەند تابلۆیەکی گرگرتووی بەر خۆرەتاوی سەعات دووی دوای نیوەڕۆ بوو ، بەکپی کابووسەکانی دەهاتنە ئاراوەو ورده ورده خۆیان وەدیارخست ئەمە سیرەی هەموو ڕۆمانتوس و هونەرمەندەکانە کە هەمیشە ڕادەکەن بەرەو مەسخ بوون یا عەبقەریەت.

(٩)

بەڵام نا ... ئەگەر داب و نەریتەکان لە چەند سەدەیەکەوە ڕا خەیاڵدانی کردبووە مااڵی هونەر ئەو هەموو شتێ دەتوانێ پێچەوانەی ئەو حاڵەتە بچەسپێنێ ، لەدوا تڕۆپکی حاڵەتەکانی ئارە زوو .. هەروەها لە خراپترین حاڵەتی تەنگانە ، زۆر کەم سوتفەی ئەم ڕووەو ئاشکرایە دەکەین ،ئەو «نمونە زیندوە» ی زۆر ڕوون ئاشکرایەی وامان بۆ بەدیار دەکەوێ کە ئێمە بە چینێکی پارێزەر لول دراوین ، بەشێوەیەکی کە زەوقی سەلیمی ئێمە سەبارەت بە هەستەکانمان وەك ئەو حبرە وایە سەبارەت بە ـ سبیدج ـ «ئاژەڵێکی دەرباییە لە فەسیلەی تونخاوەیی ماددەیەك دەردەدات شلەو وەك حبر وایە» ڕەنگە هێڵی ڕۆیشتنی ئەو نمونە زیندوانە و هێڵی ڕۆیشتنی هونەرەکەی بەهەمان هێڵ وەسف بکرێت ، وەك ئەوەی گفتوگۆیێکی درامی بێ چونکە بەردەوام پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە .. کاتێ کە دوستایل وورده ورده ـ تەجرید ـ ی جێ دەهێشت ـ ١٩٥١ ـ لەو کاتەدا وازی لە سانایی دەهێناو خۆی تووشی سەرکێشەیەك دەکرد «تەنها وێنەکێشان خۆی لەنێو ئەو سەرکێشییەدا دەمایەوە ـ نامەیەك بۆ ئیوشامب لە ٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ ـ پێرستی پڕ لە سونگە ل.٥٢» دەیباتەوە لای ئاوازەندێکی بەرهەمە نەهێنراو .. ئیحتیمالی ڕوودانی هەڵواسینێك بە یەکجاری.

(١٠)

ئەو چەند مانگەی دوای لە ـ ئوفرس دا (Auvers) سەبارەت بە فان کوخ قۆناغی بەرهەمهێنانی زۆر بوو ـ تابلۆکان بە قەدەر ڕۆژەکان بوو ـ بەبێ هیچ ئەزمەیەك ـ قۆناغێك بوو لەگەڵ ـ کێڵگەی گەنمی قەلەڕەشەکان ـ کۆتایی دەهات ، لە جیاتی ئەوەی لە واقیع بەدور کەوێتەوە لەناویادا وردو خاش دەبوو «واتە تابلۆکان» ئێمە ئەوە دەزانین ، لە سان ریمی و هەرواش لە ئارلز فان کوخ وەك ئەوەی لە واقیعی حاڵەتی خۆی بێ وایە دیاردەکەوێت ، جا ئەگەر تامەکانی لە نێوان ئەو دوو ساڵەی دوایی دا جۆرە کپییەك ، بەدیار بخەن کە بەرگەی ناگیرێت ئەو لەهجەکەی ئەو نامانە ڕێشمە نەکراون هەتا لە حاڵەتی تۆمارکردنی حاڵەتەکانی گەڕانەوە لە خراپە ، هەوڵی داوە کار دژی شێتایەتی بەکار بهێنێ «مەبەستی کاری هونەریە»

«بە درێژایی چەندین ڕۆژ زۆر سەرگەردان بووم وەك چۆن لە ئارلزیش هەروابووم ، ئەگەر خراپتریش نەبووبێ ، وام باوەڕە کە ئەو ئەزمانە دوبارە دەگەڕێنەوە .. بەڕاستی ناخۆشە .. ئەو ئەزمە تازانە برای ئازیزم هەڵیانگرتوە بۆ کێڵگە کانێ کە شەکەتی وێنەکێشان بووم لە ڕۆژێکی تووش دا تابلۆکەت بۆ دەنێرم کە سەرەڕای هەموو شتێك تەواوم کرد»

ـ نامەیەك بۆ سیو ، بەبێ مێژوو ڕەنگە لە تەموزی ١٨٨٩ بێ ئەم نامەیەشی لە مانگی ئابدا ناردووە .

«دوێنێ دەستم بە تۆزێ کار کرد ـ من شتێك لە پەنجەرەکەمەوە دەبینم کێڵگەیەك لە قامیشی زەرد ، هەندێك دروێنەی دەکەن ، بەراوردێکە لە نێوان زەویە دوراوەکە وەنەوشەیی یەو ئەو باوەشە قامیشە زەردەدا لە قوڵایی گردێکەوە»

«ئاخ ! وا بۆ من بەدیار دەکەوێ کە مرۆڤ لە ئەسڵی هەموو شتێکدا بێ ، هەر چەندە ئەوە بۆ ئەبەد وە کو هەستێکی ڕەش دەمێنتەوەو لە ژیانی حەقیقەتیدا نیە ، بەو مانایە کە باشترە ئیش لە گۆشتی لەش بکرێ زیاتر لە ئیش کردن بە ڕەنگ یا گەچ .. بەو مانایە کە چاکترە منداڵ دروست بکەین زیاتر لە تابلۆ یا ئەنجامدانی کارێك ، بە هەرحاڵ وا هەست دەکەین ،

ئێمه دەژین کەوا بیر دەکەینەوە هاورێیان لەناو ئەوانە هەیە کە لە نێو ژینی حەقیقەت دان» بۆ سیو ١٨٨٨ کە لە کۆبۆنەوەیەکی وا دەگەڕێمەوە دڵنیات دەکەم کە دەماغم زۆر ناسکەو لەکاتی نوێ بوونەوەی ئەو ئیشە لەبەر ئەوەی کە لەو کاتە وەبەرهاتووەیە ، من تەواو ڕووت دەبمەوەو توانای ئەو کۆمەڵە شتەی سروشتم نیە ـ هاینی ١٨٨٨ (ئەو تەجربدە وەك نالە دەگەڕێتەوە) «من ڕووت بومەتەوەو ناتوانم لەو ساتەدا زیندەگی خۆم ڕێکخەم» نیسانی ١٨٨٩ ـ «من موعاناتم هەیە لەو ژیانەو حاڵەتی ئەقڵییەم نەك تەنها .. بەڵکو ڕووت بۆتەوە بە شێوەیەك کە هەرچیەکم بەسەربێ ناتوانم بیر لە ڕێکخستنی ژیانم بکەمەوە ئەیاری ١٨٨٩ ـ «زۆر جاران غەرقی کار دەبم بە شێوەیەك لەگەڵیا وام باوەرە هەمیشە ڕووتم و زەحمەتە تەگبیری ژیانم بکەم ـ ئەیاری ١٨٨٩ .

(١١)

کەواتە ئەو دەزانێ کارێ کە ئەو لە بونێکی پارێزراودا هەڵیدەکێشێ و دواتریش دەیخاتە مەترسێکی گەورەوە ئەوە ئەو قەسوەتە لە هەمان کاتدا پێداویستییە :

(رای) دەڵێت لە جیاتی ئەوەی بەڕێك و پێکی بخۆین هانام بردۆتە بەرقاوەو ئەلکول بە تایبەتی .. من هەموو ئەو شتانەم قەبوولە بەڵکو بەڕاستی دەمێنێتەوە تا بگەینە ئاماژەی زەردو بەرز کە لەم هاوینەدا گەیشتم پێی .. هەندێ جار واجبە تۆزی باوەر بە زەیف بکەین ، هونەرمەند لە کۆتایی یا مرۆڤێکی کارکەرە نەهاتووە لە کۆتایی ئەمردا دەرۆزەکەرێ بشکێنێ و وردو خاش بکات «٢٤ی ئاداری ١٩٨٩ ..

ئەو کاتەو سەبارەت بەو سنوە وا بەدیار دەکەوێ کە مەجبوربوون دان بەخۆی بگرێ .. وەزعەکان ڕەنگ دەدەنەوە ، ئەم بوونە بەرزە وا بەدیار دەکەوێ کە حەقیقەتێکی زێتر بێ لەهەر بونێکی دیکە ، ئەوەش بەو مانایە دێت دەتوانرێ دەربارەی سەرسوورانی خۆر بنووسێ بە تایبەتی «لەو حالەتەدا بۆ ئەوەی تەواو تای لێ بێ بۆ تۆندنەوەی ئەم خشڵ و زێڕە ، پلەی ئیشراقی ئەو گوڵانە ـ هیچ کەسێکی دیکە توانای ئەوەی نیە ، وا گریمانە کە بڕستو ئاگایی فەرد هەر هەمووی هەبێ ـ ٢٣ ی کانونی دووەمی ١٨٨٩ ـ ئەو مەترسیانە تەقدیر دەکاو قبوڵیان دەکات «من قەناعەتم هەیە کە دروستکردنی تابلۆیەکی باش ئاسانتر نیە لە دۆزینەوەی ئەڵماس یاخود لوءلوء .. ئەوەیان هەوڵی دەوێ و مرۆڤ ژیانی خۆی لەسەر دادەنێ وەك فرۆشیاری یا وەك هونەرمەندێ .. تشرینی یەکەمی ١٨٨٨ دەتوانین بەبێ هیچ موفارەقەیەك ڤان کوخ بەوە دابنێین کە زۆر شڵەژاوە لە ڕاکانی پێشووی لە بورتیاج یاخود لەکانی سوتانەنەی ئارە زووەکانی خۆی لە بەرامبەر ـ فوس ـ واتە بەر لە دەسالٌ ، ڕاستە نامەکانی ئەو ماوەیەی تەعبیر لە حەماسێ دەکەن کە قەلەقی سان ریمی ـ بەڵگەی ڕونی و ئاشکرایی ئەوە .. بە هەرحالٌ ئەو قۆناغە وا بۆ ئەو بەدیاردەکەوێ کە پەرژین بەندی ئەو ماوەیە دەکات لە دامالێنی مولکیەت کە ڕەنگە غەریب تر بەدیار دەکەوێ ، بە مارەکردنی ـ سیان ـ ئەو بەدڕەوشتو سك پڕو نەخۆشە ، هەندێ دارشتەی بۆ دەهات دەتوانین سەرەتای لە دایك بووی تێدا بخوێنینەوە هەروا سەرەتای گەڕانە وە بۆ شتە کان»

لە مێژووی وێنەکێشاندا ڤان کوخ بە شێوەیەکی بەربەری بەدیار کەوت وەکو رۆسۆ لە مێژووی ئەدەبو فیکر بەڵام رۆسۆ سەبارەت بە ڕەوانبێژی جاهیل نەبوو .


«باوەڕم پێ بکە کاتێ مرۆڤ دەیەوێ کاریگەربێ نابێ بترسێ ، لەئەنجامدانی هەندێ شت بە شێوەیەکی لەرێ لادەرانە ، نابێ لە ئەنجامدانی هەندێ هەڵە بترسێ» پەیوەندی نێوان شێتایەتی و هونەر بێ کۆتاییە چونکە بە شێوەیەکی هەڵە دەستی پێکردووە ، وا دەستی پێکردوە چونکە ئێمە ناتوانین لە ماناوەرا پێ هەڵێنین .

تێبینی : لە ئامادەکردنو وەرگێڕانی ئەو بابەتە (تسلسل) لەبەرچاو نەگیراوە (لە کتێبی (الفن و الحس.. میشال دیرمی) دەرهێنراوەو ئامادە کراوە .

لە ئەزموونی مانەوەوە بۆ ئەزموونی شکست

لە قەسیدەی

[پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی] دا



(١)

(پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) یەکێکە لە قەسیدە دیارەکانی شاعیری ناسراوی کورد شێرکۆ بێکەس کە لە ژمارە دووی گۆڤاری کاروانی خولی ڕاپەڕیندا باڵاو کراوەتەوە ، ئەم شیعرە سەرەتای ئەزموونێکی نوێ لە ژیانی شیعری شێرکۆدا نیشان دەدات کە دەکرێت بڵێین هەردوو لایەنی شێوازی شیعریو جیهانبینی شیعریش دەگرێتەوە .

ئەزموونی شیعری شێرکۆ هەر لە سەرەتاوە هەتا ساتەوەختی نووسینی ئەم شیعرە جگە لە چەند ئاماژەیەك تێکڕا بەرهەمەکانی بریتی بوون لە بنیادنانو زیاتر دەوڵەمەندکردنی گوتاری مانەوە ، گوتاری مانەوەش بریتییە لە هەوڵدان بۆ هێشنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کوردو هەر هیچ نەبێت ڕێگا گرتن لەوەی کە کورد لەو بارە ناهەمواوەی کە تیایدایە بەرەو خراپتر نەڕواتو دووچاری شکستی یەکجاری نەبێتو ماکو بنەما نەتەوەییەکانی لەدەست نەچێت . ئەزموونی نووسینی (ئەدەب) بۆ نەتەوەیەك کە مەترسی لەنێوچوونی لە سەر بێت بێ گومان بەرگریکردن دەبێت ، دیارە مەبەست لە بەرگریکردن ئەو دروشمانە نییە کە بەشێك لە ئەدیبی کورد ێ گەیشتوون بە ئەدەبی بەرگری ناوی دەبەن بەڵکو بەرگری پڕۆژەیەکە بۆ ڕێگاگرتن لە لە ناوچوون. بەو پێیەش کردەی نووسین بە زمانی نەتەوایەتی بەشێك لەو ئەرکە جێ بەجێ دەکات ، هەروەك جۆری جیهانبینی بەرهەمی نووسراویش زیاتر سیماو خەسڵەتەکانی گوتاری ئەدەبی بەرجەستە دەکات . هەر ئەم حاڵەتەش لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو مێژوویی نەتەوەیەکدا کە مەترسی لەنێوچوونی لە سەرە وا لە ئەدەبەکەی دەکات کە ببێتە ئەدەبێکی مێژوویی - سیاسی - کۆمەڵایەتی کە ئەمەش خەسڵەتی دیاری

ئەزموونی بەشی هەرەزۆری شیعری کوردییە هەر لە سەرەتای دروست بوونی هەستی نەتەوەیی کوردییەوە تاکو ساتەوەختی ئێستەشی لەگەڵدابێت . بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لەژێر کاریگەری فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئەدەب لە بواری مێژوودا کاری کردووە . ئەم حاڵەتەش لای شێرکۆ لە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە هەوڵی داوە لە مێژوو شیعرییەت بەرهەم بهێنێ .

قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) دەکرێت وەکو سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە شیعری شێرکۆدا دابنرێت ، گەرچی پێشتر ئاماژەی هەمان دیارە لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون بە تایبەتی لە قەسیدەی (کۆچ) دا . شێرکۆ لە قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) دا پەنجە دەخاتە سەر شکستەکانی ئێمە لە مێژووداو چیتر پاڵەوانمان بۆ دروست ناکات و لەدوای دروستکردنی باوکێکی وەهمیش ناگەڕێت بۆمان بەڵکو بە شێوەیەکی ڕیالیستیانە پاڵەوانی ئیفلیجی کوردی دەباتە مەیدانی جەنگەوە کە ئەویش جەنگی خۆسەلماندنە . جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکان ، لەگەڵ شارستانی و کەلتوورە جیاوازەکان ، بەڵام لەو مەیدانەدا کورد دەستەوسان و بێ توانا تەنها هەرگوێگر دەبێت و بەس . شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا وێنەی تراژیدیای هەرەسهێنانی پاڵەوانی کوردیمان لە جەنگی خۆسەلماندنداً نیشان دەدات بەو هیوایەی لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی دروستی خۆماندا دەستنیشانی شکستەکان و هۆیەکانی بکەین ، بەواتە بڕینەکانمان دەکولێنێتەوە بەو مەبەستەی چیتر بە وەهمی ڕۆژهەڵاتیانەو خێڵەکیانەی خۆمان وەکو پاڵەوان خۆمان دەرنەخەین . بەڵکو دەیەوێت پێمان بڵێت ئێمە ئەو پاڵەوانە دۆڕاوەین کە مێژوو لە پەراوێزەکانیشیدا بە ئاستەم ناومان تۆمار ناکات . چیبکەین بۆ خۆ دروستکردنەوە ؟

ئەم تێڕوانینە لە جیهانبینی شیعری شێرکۆدا نوێیەو پێشتر ئێمە بە گوتاری شکست دەستنیشانمان کرد .

هەر ئەم گۆڕانکارییەی کە لە جیهانبینی شیعری شێرکۆدا دەرکەوتووە کاریگەری لەسەر شێوازی شیعری شێرکۆ هەیەو دەبینین شێوازی نووسینی ئەم قەسیدەو ئەوانەی دواتریشی تا سنووری جیاوازن لە شێوازی نووسینی پێشتری . ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە سەرباری ئیشکردن لە بواری مێژوودا ، شێرکۆ ئەو شاعیرە ئەزموونگەرەیە کە هەوڵدەدات لەئەزموونی بەردەوامدابێت . پێشتر هەوڵی دەدا ڕۆحی شکست لە ڕێگای دروستکردنی پاڵەوانە نموونەییەکانیەوە زیندوو بکاتەوەو گیانی ڕابوون و بەرخودان دروست بکات و وێنەی باڵای پێشمەرگەو ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی



شێرکۆ بێکەس

دەکردە مۆتیڤی خۆڕاگرتن و وەستان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەرەس . بەڵام ئێستا شکستەکانمان پێشکەش دەکات و پێمان دەڵێت ئەمە ئێمەین ، جەستەمان هەزاران بریندا تێدایەو هەر ڕەسیش هەڕەشەمان لێدەکات . تازە ڕۆحی نەبەزیوی ئەوسای پێشمەرگەو ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانیش ناتوانن بمانپارێزن چونکە ئێستە ماملانێ ، ماملانێی ئامادەبوونە لە بواری بەرهەمهێنانی شارستانیدا ، ئامادەبوون پەیوەندی بە عەقڵ و فیکرو داهێنان و مێژووەوە هەیە.

(٢)

سەرەتای قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی)

به تراژیدیایەك دەست پێدەكات كە ناسنامەی مێژوویەكی پر كارەسات نیشان دەدات . مێژوویەك كە هەموو شتێك تیایدا دزێوو ناشیرینە ، جوانیەكان تیایدا لەدەست چوون ، ژیان و زیندەگانی تیایدا هیچ بەهایەكیان نییە . ئەو مێژووەش بریتییە لە ساتەوەختی ئێستاو ئەو قۆناغەی كە ئێمەی تیا دەژین . ئەوەتا دەڵێت :

(ئەمە بۆرەتاریکی شوومەو سەرەتای شەونکی ناوس بە قاتو قڕی .

بۆرەتاریکی ژان گرتوو بە ؛ بە چکە شەیتان و بە چکە سیاسی و بە چکە بازرگانەوە .

ئەمە شەوێکی چالاکی رەقەڵەی بە دیینە و بێ بەزەیی.

چاوەکانی گۆرپچەی ئەستێرانن و پەناگەی جادووگەران .

ئەم شەوە قەڵای مێردان نییە ، قەڵای دزانە ، قەڵای کاسە سەرەو قەڵای جەستەی رووخاوەو قەڵای خۆڵەمێشی نارەزووەکانمەو هەوێزی تاوان).

شاعیر هەر لەسەرەتای قەسیدەکەدا (کات) دەناسێنێت و پێیان دەڵێت ، رووناکی ڕوو لە شاردنەوەیەو تاریکی خەریکە هەموو شوێنێ دەپۆشێت . لێرەدا ئێمە لە بەرامبەر پرسیارێکدا ڕادەمێنین . داخۆ شاعیر لە چ ساتەوەختێکی مێژووییدا ئەم بانگەوازە دەکات ؟ داخۆ پێش ئەم (بۆرەتار) ە رووناکی بووە ؟ ئایا لە ڕووی مێژووییەوە تا چەندێ ئەوە دەسەلێنرێت کە ڕابردوو بارێکی پەسەندتر بووەو شاعیر لە ساتەوەختی ئێستادا هەست بە تاریکی دەکات ؟ داخۆ ئەم تێڕوانینە حاڵەتێکی نوێ نیە لای شێرکۆ و بۆیە (ئێستە) بە تاریک دەبینێت چونکە لە ساتەوەختی ئێستەدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی درك کردن و پەی بردن بەڕاستی مێژووی ئێمەو ئاستی ئامادەبوونمان ؟ پێشتر مێژووی ئێمەی پێ پیرۆزو مەزن بوو ، ئەو حاڵەتە ئێستەش لەنەستیدا دەژی و وای بۆ دەچێت شکست و نائامادەبوونی ئێمە لەم ئێوارەیەوە دەست پێ دەکات ، ئەمەش خاڵێکە دەشێ لێرەدا بە لاوازی توانای ناسینی ڕابردووی ئێمە ناو ببرێت . چونکە لە ڕاستیدا (بۆرەتار) لە ساتەوەختی نووسینی شیعرەکەوە دەست پێ ناکات بەڵکو هەموو مێژووی ئێمە لەپێش نووسینی ئەم قەسیدەیەدا نەك بۆرەتار بەڵکو بەشی هەرەزۆری تاریکستانە .

زەمەن لە قەسیدەکەدا زوو خۆی پێشکەش دەکات و دەبێت بە سێ ئاست یان سێ مێژوو. مێژووی پێش ئەو ئێوارەیەی کە قەسیدەکە لێیەوە دەست پێدەکات کە ئەویش لە ئێرۆانینی شاعیرەوە وا دەردەکەوێت کە مێژوویەکی گەشە ، ئەم هەڵوێستەش بەرامبەر بە ڕابردوو ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە شاعیر لە ڕابردوودا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەی پێبردن کە بە تەواوی مێژووی خۆی وەکو ئەوەی هەبووە بناسێت .

ساتەوەختی ئێستە شاعیر دەستدەکات بە نووسینی قەسیدەکەی کە ساتەوەختی ناسینی مێژووی ئێمەیە ، یان شاعیر لەو کاتەوە دەگاتە قۆناغی ناسینی مێژووی ئێمە ، بەڵام هێشتا ناتوانێت ئێستە ببەستێتەوە بەڕابردووەوە ، بەڵکو پێی وایە ڕابردوو گەشو ڕووناك بووەو (بۆرەتار) لە ئێستەوە دەست پێدەکات . قۆناغی سێیەمی کات لەم قەسیدەیەدا ، لە ساتەوەختی نووسینی شیعرەکە لە ڕێگای دەربڕینی زمانەوە نیشان دەدرێت و «ئێستا» دەگاتە سەرەتا بۆ ئەو شەوە قات و قڕییە . واتە شاعیر داهاتوو وەکو شەوێکی تاریك و بێ بەرهەم دەبینێ کە ناشێت هیچ پراکتیکێکی خودی ئێمەی تیا بە ئەنجام بگات . بەواتایەکی تر شاعیر بە جۆرێك داهاتوومان نیشان دەدات کە ئومێدی زیندووبوونەوە و ڕابوونەوەمان نەبێت تیایدا . ئێستە ئەگەر سەرنجی هەرسێ تافەکەی کات بدەین بەو پێیەی شاعیر وەسفیان دەکات ئەوە بۆمان دەردەکەوێت . ڕابردوو زەمەنی بوون و پراکتیك کردن بووە ، ئێستە زەمەنی قەلەقەو شاعیر لە پراکتیکی نووسیندا نائامادە بوونی خۆی کە نوێنەری ئێمەیە دەنووسێتەوە ، زەمەنی داهاتووش وەکو زەمەنی هەرە سێ بێ ئومێدی و تاریکستان پێشکەش دەکات .

رابـــردوو	ئێســـتا	داهـــاتوو
ئـامـادەبـــوون	ســـاتەوەختی قـــەلـــەق و پەی پێ بـــردن	نـــائـامادەبـــوون
پـــراکتیک کـــردن	پـــراکتیکی نووســـین	ونبـــوون

داهاتوو له دیدو بۆچوونی شاعیرەوە قات‌و قڕی له هەناویدا هەڵگرتووە . ئەوەش ساتەوەختی ناسینی داهاتووە کە ئومێدی ئەوەمان پێی نەبێت هیچ شتێکی ئەوتۆی تیا فەراهەم ببێت ، واتە داهاتوو ئەو زەمەنە نییە کە پراکتیکی تێدا بکرێت‌و ڕووداو دروست بکرێت ، ئەگەر ڕووداویش دروست نەکرێت ئەوا مانای وایە هیچ جوواڵەیەك بۆ خود سەلماندن لە ئارادا نابێت . ئەوەش بەرزترین ئاستی بێ ئومێدیەیە کە مرۆڤ هەموو داهاتووی لەبەرچاو وێرانە بێت ، هەر ئەم هۆکارەشە پاڵ بە پاڵەوانی شیعرەکە یان دەتوانین بڵێین بکەری شیعرەکەوە دەنێت کە لەدوای تروسکەیەك بگەڕێت هەتا لەو تاریکستانەی داهاتوودا ببێتە ڕێ نیشاندەری و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە .

شاعیر لە کاتێکدا هەست بە شکستی تەواوەتی‌و نائامادەبوون دەکات ، ناتوانێ تەنها لە حاڵەتی تێڕاماندا بمێنێتەوەو لەناخی خۆیدا خودی نائامادەی خۆی‌و شکستەکانی خۆی لە مێژوودا هەڵسەنگێنێ ، هەربۆیە لەدوای دۆزینەوەی حاڵەتێك دەگەڕێت هەتا بتوانێت بیکاتە ناوەندێك بۆ جێگاکردنەوەی خەمەکانی . لەم ئاقارەشدا پەنا دەباتە بەر(پەریزادە) هەتا وەکو کەسی دووەم لە شیعرەکەدا ئامادەبوونی هەبێت‌و دەیهێنێتە نێو پرۆسەی ڕووداوەکان . پەریزادە لە حاڵەتی یەکەمدا کەسێکی ئاساییەو شاعیر بەو مەبەستە هاوردویەتی هەتا دەربارەی ئێستەو داهاتوو بگرە رابردووشی بۆی بدوێ . شاعیر دوای ناساندنێکی (کات) وماهیەتی (کات) کە تەنها جێگای هاتنی بەچکە شەیتان‌و بەچکە سیاسی‌و بەچکە بازرگانە دەیەوێ درێژەی بەسەرهاتی خۆی بۆ پەریزادە بگێڕێتەوە .

مەبەستیشی لەم کارەی ئەوەیە کە جۆرێك لە پرۆسەی پاکژبوونەوە بە ئاکام بگەیەنێت ، کە ئەویش لەو ڕوانگەیەوە یە شاعیر دەیەوێت کەسێکی‌دی ئاگاداری گرفتەکانی بێت ، ئەوەش لە ڕووی مەعنەوییەوە دەبێتە هۆی سووکردنی باری شانی . ئەوەتا دەڵێ :

(لەم شەوەدا ، پەریزادەکەم ! کاتی‌نەوە هاتووە ، نۆرەمە
منیش چیرۆکی بە نەعلەتکراوی خۆمت بۆ بگێڕمەوە
حیکایەتی مردنم‌و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەم)

ئێستە کات بۆتە شەو ، واتە بۆرەتار بۆتە تاریکی . پاڵەوانی (بکەر) شیعرەکە ئێستە لە ساتەوەختی شەودا

دەیەوێت چیرۆکی خۆی بۆ پەریزادە بگێڕێتەوە . ئیارە ئاشکرایە کە شەو ساتەوەختی شاردنەوەی هەموو نهێنیەکانە ، یان کاتی ئەنجامدانی هەموو کارێکی نهێنییە . داخۆ دەشێ چیرۆکی بکەری شیعرەکە نهێنی بێت و نەیەوێت لە ڕۆژدا لە بارەیەوە بدوێت . چیرۆکەکەش چیرۆکێکی ئاسایی نییە بەڵکو چیرۆکێکی بە نەفرەت کراوە ، یان بەسەرهاتی مردنی بکەر خۆی و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەیەتی بکەری شیعرەکە پێشتر مردووەو گۆڕەوشاریش دراوە . کەواتە لێرەدا مێژوویەکی ڕاستەقینە یان یۆتۆپیایەکان پێشکەش دەکات . لەبەرئەوە ئەگەر ئەوەی بۆمان دەگێڕێتەوە لە ڕوانگەی مێژووی بکەری شیعرەکەوە بۆی ڕوانین و ئەو بکەرەش بڕیتی بێ لە کەسیەتی نەتەوەیی کورد ئەوا چیتر پێویست ناکات بەدوای نهێنیدا بگەڕێین چونکە بکەری شیعرەکە کەسێتی کوردییە کە چۆن مێژوویەکی ڕەش و ڕۆ لە شکستی هەیەو هەر ڕۆژێکی چوون مردنێکە . حاڵەتی نائامادەبوونیش وەهای لێکردووە کە بە حەسرەتەوە لە مردنی خۆی و ئازارەکانی پاش مردنیشی بدوێ . ئەم پێشتر ئامادەبوونی نەبووە بەو پێیەش بوونی نەبووە ، بەڵام وەکو ئەفرێندراوێکی ناکردە بەدوای ژیاندا کێش بووە ، تا ساتەوەختی نووسینی ئەم قەسیدەیە ئیتر مەرگی خۆی ئاشکرا دەکات ، دەشێ سەختترین مەرگ ئەو مەرگە بێت کە پێش هاتنی هەستی پێ بکرێت بکەری شیعرەکە کە بە ناوی ئێمەوە قسە دەکات و بڕیتییە لە کەسیەتی نهتەوەیی ئێمە هەست بە مردن و گۆڕەوشاردانی چەندین جارەشی دەکات ، بەوانا بکەر دەگاتە ئاستی ناسینی خۆی و ڕووداوەکانیش ، ئەوەش بەگوێرەی کەسێتی ئێمە قۆناغێکی گرنگە چونکە پێشتر ئێمە بەردەوام لە ترسناکترین چرکەکانی هەرەسیشدا لە سیمای پاڵەوانێکی نەبەزیوودا خۆمان نیشان داوە ، ئەو هەڵوێستەش وەهای لێکردووین هەمیشە بە وەهم بژین و بڕینە جگەربڕەکان پشت گوێ بخەین چونکە لە چرکەی دان پیانان ترساوین ، ئەوەش بارێکی ئاسایییە کەسێتی لاواز نایەوێت لە کەم و کوڕیەکانی خۆی بدوێت چونکە بڕینەکانی دەکولێتەوە . ئەم خۆدوورخستنەوەیەش لە درکاندنی ڕاستیەکان لە ئەزموونی شیعری کوردیدا هەر ڕەیوەستی هەست کردن بووە بە نائامادەبوون . بەڵام بکەری قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) ئەو یاسا باوە دەشکێنێ و لە هەڵوێستی وەسفکردنی خۆی و گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیدا پرۆسەی ئاشکراکردن ئەنجام دەدات و پەردە لەسەر ڕاستیە شاراوەکانی خۆی لادەبات . بە دەرەوەی خۆی دەڵێت من چیتر خۆم بە پاڵەوان نیشان نادەم . ئەمە منم کە بەسەرهاتی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە . بەوانایەکی دی لەم قەسیدەیەدا بکەر بێ پەیڕەوکردنی هیچ سانۆرێك خۆی نمایش دەکات .

(٣)

هەر لە سەرەتاوە قسەکەر کە خودی شاعیرە لە قەسیدەکەدا ، سەرەتای ساتێکی مێژوویی پێشکەش دەکات کە ئەویش (ئێستایە) بەلام (ئێستا) سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی پڕ لە کارەسات و بەدبەختیە . مێژوویەك کە هەموو شتێك تیایدا دزێوو ناشیرینەو مێژوویەك کە ئاوسە بە نەهاتی و قات و قڕی. واتە لێرەوە ناسنامەی ئاینده لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ئاشکرا دەبێت ، کە مێژوویەکە بۆ کارکردنی جادوگەران و بەچکە شەیتان و بەچکە بازرگان . ئەوانەی بێ باکانە مامەڵەو پراکتیکی تایبەتی خۆیان دەکەن . پراکتیکێك کە زۆربەی کات دژی ئاراستەی هەر جووڵەیەکی پۆزەتیفە پەیوەست بە ئاراستە جووڵەی ئەو پرۆژەی کە خودی بکەری قەسیدە کە لە کۆتاییدا داوا لە (پەریزادە) دەکات هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی بدات کە ئەویش پرۆژەی زیندوکردنەوەو خوڵقاندنی مێژویەکی نوێیە .

ڕاستەوخۆ دوای پێشکەشکردنی ڕووی دزێوی ئەو مێژووە بکەری شیعرەکە دێتە ناوەوەو خۆی دە بێتە ئەو پنتە کە ڕووداوەکان لە دەوری کۆدەبنەوە ، ئەگەرچی

ئەم خۆی بکەرێکی ڕووداو دروستکەر نییە بەڵکو تەنها ئەرکی گێڕانەوەو وەسفکردنی حاڵەتەکان لە ئەستۆ دەگرێ بەڵام هێشتا ئامادەبوونی لەنێو پانتایی دەقەکەدا پێویستە بۆ دروستکردنی جووڵەی بەردەوام (با جووڵەیەکی لاوازیش بێت) بۆ هەڵڕشتنی ڕاستیەکانی مێژووی ئێمە . ناکردەیی بکەرو نەگەیشتنی بە ئاستی بکەرێك کە توانای دروست کردنی ڕووداوی هەبێت ، بەرجەستەکردنی ڕیالیستیانەی کەسێتی ئێمەیە کە چۆن بە درێژایی مێژوو نەمانتوانیوە ببینە بکەری سەر جوگرافیای خۆمان .

ئەگەرچی بکەر لە پانتایی جوگرافیای دەقەکەدا تاکەو لە شێوەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکدا دەردەکەوێت بەڵام ماهییەتێکی کۆمەڵایەتی هەیەو پەیوەست بە پانتایی سیۆسیۆلۆژی و مێژوویی ئێمە دەبێتە کەسێتی نەتەوە . بەواتا هەر کارێکی سادە کە بکەری شیعرەکە ئەنجامی دەدات یان ئەو وەسفانەی کە دەیکات یان هەر کارێك کە بێ توانایی خۆیی لە بەرامبەردا نیشان دەدات دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی و ناکردەیی (ئێمە) وەکو نەتەوە . لێرەوە زەمەنی درك پێکردنو زەمەنی دان پیانان لای بکەری شیعرەکە ئاشکرا دەبێ . زەمەن (شەوە) شەویش دەلالەتی مێژوویەکی تاریك هەڵدەگرێت ، مێژوویەك کە یان نەنووسراوەتەوە یان هەر لە بنەڕەتەوە مێژوویەکی وێرانەو هیچ ئامادەبوونێکی نەبووە . (شەو) ئەوە نیشان دەدات کە زەمەن زەمەنێکی تاریکە ، زەمەنێك لە لایەك تروسکەی تیادا نییە بۆ ناسینەوەی شتەکان ، لە لایەکی تریشەوە نەبوونی ئەو تروسکەیە دەلالەتی بێ ئومێدبوون بەرهەم دێنێت . لەلایەکی تریشەوە بکەری شیعرەکە ئەو مانا مەئلوفەی (شەو) ڕەت دەکاتەوە کە لە کەلتووری کوردییەوە وەرگیراوەو گوایە (شەو قەڵای مێردانە) ، واتە شەو زەمەنی پراکتیك کردنە . بەڵکو پێی وایە (شەو) زەمەنێکە دەلالەتی شاردنەوەی کەسێتی ئێمەی تێدا بە ئاکام گەیشتووە . بە ئەندازەیەك کە وای لێکردووە کە نەتوانێت بەچاکی پەی بە گەوهەری مەسەلەکان ببات و نەیانناسێتەوە ، بە واتا (شەو) ئەو زەمەنەیە کەهەموو شتێك تیایدا دەمامك دەپۆشێت و ناسینەوە تیایدا کارێکی ئاسان نییە . (شەو) زەمەنی هەرەسی خودی بکەری شیعرەکەیە بە هەموو پێکهاتە فیزیکی و مەعنەوییەکانیەوە . بگرە (شەو) ئەو تاریکستانەیە کە لە دوای کوژاندنەوەی ئومێدەکانی بکەر دروست بووە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (شەو)بریتییە لەو زەمەنەی کە بکەری شیعرەکە تێیدا لە هەموو هیوایەکی ڕابوونەوەو بەرخودان بێ ئومێد بووەو چاوەڕوانی هیچ هەنگاوێکی پۆزەتیڤی بەرەو ئاینده ناکات ، چونکە لە تاریکی شەودا ناتوانرێت مەودای ئاینده ببینرێت.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بکەری شیعرەکە کاێ هەست بە تێکشکاندن دەکاتو بە گومانەوە لە مانەوەی خودی خۆی دەڕوانێت ، چیتر توانای ئەوەی نامێنێت ڕاستەوخۆ خۆی مێژوو بدوێنێ . کەسی دووەم واتە (پەریزادە) دەهێنێتە نێو جوگرافیای دەقەکەوەو کارەساتەکان بۆ ئەو دەگێڕێتەوە . (پەریزادە) گەرچی لە ڕووکەشدا ناوێکی ئاسایییە بەڵام دوو دەلالەت هەڵدەگرێت ، یەکەمیان دەشێت سیفاتی ڕەگەزی بەرامبەر بکەری هەبێت ، واتە ئافرەتێك بێتو بکەر بۆ سوك کردنی باری شانی خۆیو خاڵی کردنەوەی ئازارەکانی ناخی ڕووداوەکانی بۆ بگێڕێتەوەو لەم حاڵەتەشدا بکەر ڕاستگۆیانەو بێ ترس حەقیقەتی بوونی خۆی ئاشکرا دەکات . لێرەدا بکەر دەیەوێت کەسێك پەیدا بکات کە ببێتە هاوکاری لە شاندانەبەر کاریگەری خەمەکانی (تێکشکاندن). بۆ ئەومەبەستەش ڕووداوەکان بۆ پەریزادە دەگێڕێتەوە واتە لێرەدا پەریزادە دەوری ڕزگارکەر دەبینێت ، لە باری دووەمدا دەشێ پەریزادە وەکو هێما بۆ ڕۆحی ڕابوونەوەی ئێمە بەکار هاتبێت ، واتە بکەری شیعرەکە بە هوشیارییەوە کارەساتەکان بۆ ڕۆحی ئێمە دەگێڕێتەوە پێی دەڵێت ئەمە مێژووی ئێمەیە ، بەو مەبەستەی ڕۆحی سەرکوتکراومان جووڵەی بەرەو زیندووونەوەو

ڕابوونەوە بە خۆی بدات و کولاندنەوەی برینەکانی ببێتە مۆتیڤ تێڕامان و بەخۆداچوونەوە بە مەبەستی ڕابوونەوەو خۆ دروست کردن .

بکەری شیعرەکە بێ گوێدان بە هیچ سانسۆرێك دەربارەی کەسیەتی خۆی و نائامادە بوونی دەدوێت کە ئەوەش لە ڕاستیدا گوزارشت کردنە لە کەسیەتی نەتەوەو ئەو بارەشکستەی کە نەتەوە تیایدا دەژی ، لەم حاڵەتەشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بکەری شیعرەکە هەر لەسەرەتاوە ناپیرۆزێتی و کەم نموودی خۆی ئاشکرا دەکات ، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەگاتە پەردەلادان لەسەر مێژووی خۆی کە پێی وایە مێژوویەکی گەوجە ، بەڵام هێشتا لە تێڕوانینی خۆیەوە مێژوویەکی خۆشەویستە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات گەرچی بکەری شیعرەکە بەتوندی ڕەخنە لە ئێستاو ڕابردووی خۆی دەگرێت بەڵام هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کە چ ئێستاو چ ڕابردوو بەشێکن لە بوونی ئەمو نائوانێت ڕەفزیان بکات ، هەڵوێستی ڕەخنەگرتن لەلایەن بکەری شیعرەکەوە بەمەبەستی کولاندنەوەی برینەکان و بە خۆداچوونەوەو دروستکردنی هەڵوێستی تێڕامانە لە پێناوی بیرکردنەوەو دروستکردنی ڕۆحی ڕابوونەوەدا . ئەوەتا بێ دەربەستانە دەربارەی خۆی و مێژووی خۆی دەدوێت و دەڵێت :

(تۆ بڕوانە هەڵمی ڕۆحم
تۆ بڕوانە حیکایەتی ژیانە کەڕو کوێرەکەم
تۆ بڕوانە پرشنگی زیندە بە چاڵ کراوم
حیکایەتی مێژووە گەوجە خۆشەویستەکەم)

بکەر ماهییەتی مێژووی خۆی ئاشکرا دەکات کە مێژوویەکی گەوجە ، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لەتێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ئەم لە ڕابردووداهیچ پراکتیکێکی ئەوتۆی نەکردووە کە مێژوو دروست بکات ، بەڵکو مێژووەکەی پانتاییەکی زەمەنی بۆشە وەکو مێشکی گەوجەیەك چۆن هیچی ئەوتۆی تیادا نیە کە شایانی باس بێت . ئەمی خاوەنی ئەو ڕابردووە هێشتا وەکو زەمەنێك کە بەسەری بردووەو کاریگەریشی لەسەر ئێستای دیارو ئاشکرایە ناتوانێت نکوڵی ئەو ڕابردووە بکات با هیچ کارێکی پۆزەتیڤیشی تێدا ئەنجام نەدابێت . هەرچۆن باوکێك منداڵەکەی خۆیی خۆش دەوێت با گەوجەو گەمژەش بێت .

(٤)

بکەری شیعرەکە لە قسەکانیدا بەرامبەر بە (پەریزاد) تا سنوری ناسنامەی ئاشکرا دەکات کاتێ پێی دەڵێت :

(پەریزادەکەم ئەی پەریزادەی بێ دایکو باوك
پەریزادەی لە کونە دیوار بووی بێکۆشکو بێ کەنیزەك !
ئەی پەریزادی لە خێڵی پەریان یاخیو بە خێڵی ڕافزی ناشنا)

لێرەوە دەردەکەوێت کە پەریزاد نە سەرچاوەیەك نە ئەسڵێکی هەیە هەتا بۆی بگەڕێتەوە ، ئەمەش دەلالەتی بێ بنەمایی و بێ ڕەگو ڕیشەیی ئەو بەرهەم دەهێنێت ، ئەگەر پەریزاد وەکو هەر هێمایەکیش بەکارهاتبێت ئەوا ڕاستەوخۆ هاوشێوەی کەسیەتی نەتەوەی کوردە ، سەرباری ئەوەی کە لە ڕووی مێژوویەوە دەزانین کورد لە کۆنەوە هاتووەو سەر بە چ ڕەگەزو نەژادێکە بەڵام هێشتا هەروەکو ئەوە وەهایە لە کونی دیوارەوە هاتبێ چونکە هەر هاونەژادەکانی خۆی بەشێکی زۆری مێژووەکەی ئەمیان وێران کردووە .

لەلایەکی تریەوە پەریزاد لە ڕەمزو بەها پیرۆزەکان بێزارەو نایەوێت خۆیسان لێ نزیك بکاتەوە .(خێڵی پەریان) هێمایە بۆ سەرجەم بەها پیرۆزەکان ، بەڵام ئەم لێیان یاخی بووە و پشتی تێ کردوون ، بە پێچەوانەوە ئەم ئێستا بە خێڵی ڕافزی ئاشنایە . کەواتە لێرەدا دووانەیەك دروست دەبێت کە بریتیە لە دووانەی (فریشتە/شەیتان) یان (خێر/ شەر) پەریزاد لەنێو ئەم دووانەیەدا جەمسەری خراپ هەڵدەبژێرێت . بەڵام خراپ لە ڕوانگەی عەقڵو کەلتوری باوەوە ، واتە بە پێی تێڕوانینی ئێمە ئەوەی پەسەندە ئەو ڕەفزی دەکاتو ئەوەی ناپەسەندە ئەو دەیکاتە نموونەی باڵای خۆیو دەچێتە ژێر سایەی عەساکەیەوە.

لێرەدا ئەو دەلالەتە لە ئاستێکی قوڵتردا دەردەکەوێت کە لە ڕوانگەی تێڕوانینی پەریزادەوە (کە دەتوانین بڵێین ڕۆحی ڕابوونەوە یان تەنانەت خودی شاعیریشە) بکۆژی ڕۆحی ئێمەیە لە ڕابردوودا ، ئەو هێزە بووە کە کەلتووری پەرییان بەرهەمی هێناوە، ئێستەش بکەری شیعرەکە لە ئەنجامی کاریگەری ترسناکی تێکشکاندنیدا گەیشتۆتە ئاستێك لە بیرکردنەوەو هۆکاری تێکشکاندنی خۆیی ناسیووە ، (پەریزاد) لێرەدا ڕۆحی ڕابوونەوەی بکەری شیعرەکەو ئێمەیە بۆیە ئێستە پشت لە خێڵی پەرییان دەکات و دەبێتە دژستو موریدی خێڵی ڕافزییان . دیسان کەلتووری پەرییان دەشێ ئەو کەلتوورە بێت کە لە ڕابردوودا کەلتووری ڕەسەنی بکەری شیعرەکەی تێکشکاندبێت و بەو پێیەش ڕۆحی بکەر خۆیشی هەرەس پێهێنابێت . هەروەها کەلتوری پەرییان کە هاتووە بۆ ئەوەی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆی خۆش بکات کەلتووری پێشتری بکەری شیعرەکەی بە کەلتووری رافزی یان بێ ڕۆایان ناودێر کردووە.

گەرانەوەی پەریزاد بۆ ئاشنابوونەوە بە کەلتوری رافزی مانای سەرەتای هەستکردنی بکەری شیعرەکەیە بە پێویست بوون بە گەرانەوە بۆ یادەوەری یەکەمین کە بەگوێرەی ئەوی بکەر کە نوێنەری نەتەوەیە گەرانەوەیە بۆ ژێر سایەی کەلتوری زەردەشتی کە لێرەدا بە (رافزی) ناودەبرێت . رافزی بوون لە ڕوانگەی بەراوردکردن بە کەلتوری هاتوو کە نوێترەو ئەوی یەکەمی ڕەفز کردووە دروست بووە ، ئەگینا لە ساتەوەختی پێش هاتنی کەلتووری پەریياندا کەلتووری یەکەم کە ئێستا پەریزاد پێی ئاشنا دەبێتەوە رافزی نەبووە .

پەریزاد لە شتە پیرۆزەکان (خێڵی پەریيان) یاخی بووەو لەگەڵ شتە دزێوەکان تەماهی دەکاتەوە واتە (خێڵی رافزی) ، ئەمەش سەرەتای یاخی بوونە ، یاخی بوونێك کە دەشیا دەلالەتی هاوشانی لە پانتایی مێژووی ئێمەدا هەبوایە ، رافزی بوونو ئاشنابوونەوە پێی دەلالەتێکی کەلتوری و مێژوویی قوڵتری هەیەو گەرانەوەیە بۆ یادەوەری خۆمان ، یادەوەری کوردانە کە لە گەوهەری ئاینی دێرینەی کورد تەقالیدی کۆنی نەتە وایەتی ئێمەدا ئامادەبوونی هەیە .

لێرەوە دوودڵیو گومان لای بکەری شیعرەکە دەردەکەوێت ، کە ئەویش دوودڵیو گومانە بەرامبەر بە (رابردوو ، ئێستا ، بەرامبەر بە خێڵی پەریيانو خێڵی رافزی) . ئەمەش قۆناغێکی نوێیە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا چونکە لە ئەزموونی پێشتریدا گومان جێگای نەدەبۆوە بەڵکو بەردەوام یەقینی ئامادە خۆی پێشکەش دەکرد کە ئەویش لە شێوەی پێشمەرگە یان حزب یان سەرکردەدا بووە . بەڵام لێرەدا بە جۆرێکی تر دەڕوانێت و لە بەرامبەر ڕوانینە رابردوو ، ئێستا و داهاتوودا بیردەکاتەوەو ڕادەمێنێ . هۆی گەیشتنیش بە حاڵەتی تێڕامانی بیرکردنەوە پەی بردنە بە نائامادە بوونی(خود) کە لێرەدا بکەری شیعرەکە نوێنەرێتی و گوزارشت لە حاڵەتی نائامادەبوونو ناکردەیی ئێمە دەکات . دەرکەوتنی گومانو دوودڵیو بەدوای ئەوەشدا دروستبوونی حاڵەتی تێڕامان لە کەسیەتی بکەری شیعرەکەدا سەرەتای ئەم ئەزموونە نوێیە خاڵبڕێژ دەکات لە ژیانی شیعری شێرکۆدا .

بکەری شیعرەکە دەیەوێت ڕۆحی زیندوبوونەوە (پەریزاد) بە هەموو لایەنو بە هەموو گۆشەیەکی پانتایی مێژووی نەتەوە ئاشنا بکات بەو مەبەستەی پەریزاد ناسنامەی تێکشکاوی ئەو مێژووە بناسێتو لەسەر ئەو بنەمایە بۆ بە ئاکام گەیاندنی پڕۆسەی بنیادنانەوە ئاراستەی بکات ، یان لە بارێکی تردا بکەری شیعرەکە داوا لە پەریزادە بکات ببێتە بکەری ڕووداو دروستکەری نێو مێژووی تێکشکاوی ئێمە . بکەری شیعرەکە (پەریزاد) بەنێو مێژوودا دەگێڕێتو سەرجەم شکستو هەرەسەکانی نیشان دەدات . پانتایی ئەو جوگرافیایەی نیشان دەدات کە تراژیدیاکانی هەرەسی ئەوی بکەریان تیا قەوماوە ، تا دەیگەیەنێتە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆی:

(نەی پەریزادی نە خیلی پەرییان یاخیو بەخیلی رافزی ناشنا
نۆرەمە منیش بتخەمە ناو کەشتی گومانو دوودڵی خۆمەوە
کەشتی ڕاڕایی و بەدەستی و گوناهی خۆمەوە بە جۆگەی
شەڕاپو
ڕووباری ژەهرو بەکاوی تاواندا بتسوڕێنمەوە
بە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆمدا بتگەڕێنم.)

بکەری شیعرەکە باری دەروونی خۆی ئاشکرا دەکات کە لە گومانو دوودڵیدا دەژی ، بەڵام گومانو دوودڵی بۆچی و لە ژێر چ کاریگەرییەکدا ؟ هەر بەدوای ئەوەدا بکەر باس لە گوناهی خۆی دەکات ، بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات بۆچی بکەر گوناهبارە ؟ ئەوەش جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە خۆی باس لە گوناهباری خۆی دەکات . بۆیە لێرەوە دەلالەتێکی قوڵ لە پشتی ئەم دەربڕینەوە دەردەکەوێت کە دان پیانانی خودی بکەر ئاشکرای دەکات . بکەر دان بەوەدا دەنێت کە خۆی گوناهبارە . تاکە لێکدانەوەیەکیش کە بۆ ئەم قسەیە بدۆزرێتەوە ئەوەیە کە بکەر بەناوی نەتەوەوە دەدوێتو گوناهەکەشی ئەوەیە کە لە ڕابردوودا نەیتوانیوە خۆی بسەلمێنێتو ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات ، واتە گوناهی بکەر گوناهێکی ئەنتۆلۆژییەو ئێستا کاریگەرییەگی مێژوویی و کۆمەڵایەتیشی هەیە کە ئەو کاریگەرییەش لە ڕوانگەی ڕوانینە ئامادەبوونی خودی بکەرەوە لە ئێستادا حالەتێکی سلبی یەو جێکەوتێکی خراپی هەیە .

بکەر داوا لە پەریزاد دەکات بە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆیدا بگێڕێت . لێرەدا مۆتیڤێك لە ئەفسانەی چوارمێخە کێشانەوەی مەسیح وەرگیراوە ، بەڵام لە بری چوارمێخە کێشانەوەی خودی بکەر شاری ویژدانی چوارمێخە دەکێشرێتەوە . لێرەدا ویژدان دەلالەتی ماهییەتی ڕوحی نەتەوایەتی ئێمە هەڵدەگرێت ، شاریش ناوەندێتی یان پنتی فۆرمەلە بوونی ئەو ڕۆحەیە بەمەبەستی بڵندبوونی و کۆنترۆڵ کردنی بوونی ئێمە . شاری چوارمێخە کێشراوە جوگرافیای دابەشکراوی ئێمەیە . بکەر بەمەبەستی ڕێگا نیشاندانو شارەزاکردنی پەریزاد(کە وەك گوتمان هێمایە بۆ ڕۆحی زیندووبوونەوە) دەیەوێت نەخشەی ڕابردوو و ئێستای ئێمەی بخاتە بەردەمو سەرجەم درێژەی ڕووداوەکانی بۆ باس بکات هەتا ئاگاداریان بێتو لێیان تێبگاتو لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە کاریکات . بکەر ڕاستەوخۆ دوای پێشکەشکردنی زنجیرەیەك لە ئەنجامەکانی شکستی خۆی لە مێژوودا ، ئەو شکستانەی کە کردوویەتیە خودێکی نائامادە ، خودێك کە لە نێو مۆزەخانەکاندا مۆمیا کراوەو هیچ ئامادەبوونێکی نیە لە ڕووی پراکتیکەوە دەیەوێت بە پەریزادە بڵێت ئەمە ئێمەین . ئێمەی فرێدراو بۆ پەراوێزی مێژوو . بکەری شیعرەکە وای دەبینێ هەموو مێژووی ئەم زەمەنێکە پراکتیکی خۆسەلماندنو شارستانی بنیادنانی تێدا ئەنجام نەدراوە ، جەستەی خەڵتانی خوێنەو خەونەکانی تەنها شوێنەواریان ماوەتەوە . هەر لێرەوە بە تەواوی هاوشانی بکەری شیعرەکەو کەسێتی نەتەوەیی ئێمە دەردەکەوێت . خەونو هیواکانی بکەر بە ئەنجام نەگەیشتوونو تەنها شوێنەواریان لە لاوەعیدا ماوەتەوە . بە هەمان شێوە پرۆسەی تێکشکاندنیش خەونو هیواکانی نەتەوەیان هەرەس پێهێناوەو تەنها شوێنەواریان لە لاوەعی کۆمەڵایەتیدا ماوەتەوە . دەشێ ئێستە بکەری شیعرەکە لە ساتەوەختی تێڕامانیدا هیواکانی کە خەونو هیوای ئەنتۆلۆژیانەن زیندوو ببنەوە ، بە هەمان شێوە نەتەوەش لە ساتەوەختی ڕامانیدا لە بەرامبەر واقعیەتی نائامادەبوونیدا دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری ڕابردووی ، بۆ ئەو سەردەمانەی کە کورد تیایدا ئامادەبوونی هەبووەو خاوەنی کەسێتی مەعنەوی خۆی بووە ، دەخوازێ ئەو کەسیەتییە دروست بکاتەوە ، هەر ئەم ئارەزووی گەڕانەوەیە (پەریزادە) کە هێمای ڕابوونەوەیە بە خێڵی ڕافزی ئاشنا دەکاتەوە . ئەو خێڵەی کە یادەوەری ڕابردوو و هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەی ئەو یادەوەریانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ڕافزی ناودێر بکرێ . دیسان

بکەر دەیەوێت بیبلۆگرافیای خۆی پێشکەشی پەریزادە بکات و نهێنییەك نەهێڵێتەوە لە بەردەمیدا چونکە وا تێدەگات ئێمە تاکو ئێستا لە ئەنجامی شاردنەوەی ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆماندا لە بارێکی وەهادا ماوینەتەوە کە نەتوانین دەستنیشانی شکستەکانمان بکەین . ئەوەتا دەڵێت :

(پەریزادەکەم ئەی پەریزادەی بێ دایك و باوك
نۆرەمە بە شاری چۆڵ و هۆڵی زاو تۆقیوی هاوارەکانی کۆن و
نوێمدا
بتبەم و سەرە بڕواوەکانی خۆمت نیشان بدەم)

بکەر دەیەوێت پەریزادە بە هەموو نهێنییەکانی خۆی ئاشنا بکات ، دەیەوێت پەریزادە بزانێت کە ئەم چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا هاوارەکانی ناین بە دەنگ ، توانای خۆ دەربڕینیان نییە . بەڵکو ترساون ، ترساندنێکی خنکێنەر ، کە تاکو ئێستەش پرکێشی خۆدروست کردنەوە ناکات .

بکەری شیعرەکە دەگاتە ئاستی خۆناسین و تێ دەگات کە ئەم هیچ ئامادەبوونێکی نیە نە لە ڕووی بنیادنانی شارستانی و نە لە ڕووی مێژوونییەوە ، بەواتایەکی دی تێدەگات کە ئەم لە ئاستی ئەوانی تردا لە پەراوێزدایە ، هەموو کەوتنە پەراوێزکێش لە ئەنجامی ناکردەییەوە دروست دەبێت . بکەری شیعرەکەش پەی بەو ڕاستییە دەبات و کە خۆی لە کۆڵدایە ، دەشیەوێت ماهییەت و ئامادەبوونی خۆی بە تەواوی بۆ پەریزادە ئاشکرا بکات ئەوەتا دەڵێ :

(نۆرەمە ، پەریزادەکەم ! نۆرەمە ، منیش پێت بڵێم
هێندە نە تەنکاودا ژیام ، بووم بە ماسییەکی گەمژەی ناوی
دنیا
نەوەتا نە زەریاکان پێناسەم نەدەنێ و نە نۆقیانووسەکان
بڕوام پێ نەکەن
هێندە نە گوێ ناگردانی ورێنەکردنی باپیراندا دانیشتم و
نەژنۆم دایە بەر چەناگەم و گوێم لە شڵپو هۆڕی دڕۆیان گرت
نێستا وەك سێبەرێکی کڕی خەواڵووی منیش لێ نیشتووم
لێ هاتووە) .

بکەری شیعرەکە ئێستا سنوورەکانی درك نەکردنی بەجێ هێشتووەو بە پیرۆزو مەزن لە خۆی ناڕوانێت ، مێژووی خۆی و کارکردنی لەو مێژووەدا بە ساکاری دەبینێ و ژیانی بێ پراکتیکیش لەو مێژووەدا ناسنامەی گەمژەیێتی بەم بەخشیووە ، ئەو گەمژەیێتییەی کە فرێی داوەتە پەراوێزەوەو ڕەنگە هەر ئەوەش ڕێگای تێکشکاندنی خۆش کردبێ . ئێستا ئەگەر بکەری شیعرەکە ماسییەك بێت ئەوا زەریاکان ناسنامەی چوونە ناوەوەی نادەنێ و بڕوای پێ ناکەن کە ماسییەکە شایەنی مەلەکردنی نێو قۆڵایی دەریایە . لێرەدا ئەگەر بکەری شیعرەکە بریتی بێت لە کەسیەتی نەتەوەیی کورد ئەوا (زەریاکان) بریتین لە شارستانی مرۆڤایەتی ، لە ماملانێی نێوان شارستانیەتەکاندا تەنها ئەوانە دەتوانن بوونی خۆیان بنوێنن کە لە بەرهەمهێنانی خودی ئەو شارستانیەتیانەدا جێگای دیاریان هەبووە . ئەوانەشی کە نەیانتوانیوە شارستانی بەرهەم بهێنن ناتوانن لە ماملانێی نێوان شارستانیەتیەکاندا هیچ جێگایەك بەدەست بگرن . دەلالەتی ئاشکرای ئەم وێنەیە پەیوەست بە خودی نەتەوەیی ئێمە سەدەرسەدە ، ژیانی پەراوێزی و پەرت و بڵاوی خێڵایەتی ئێمەی لە مێژوو فرێدایە دەرەوەو هیچ بوارێکی ئامادەبوون و خود سەلماندنی بۆ نەهێشتینەوە . ئێساش بەو ماهییەتەوە مێژوو دەروازەکانی خۆیمان بۆ کۆناکاتەوە هەتا بێینە ناوەوەو ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنین . بکەری شیعرەکە هۆی بە پەراوێزبوونی خۆی نیشان دەدات و ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەست بوونی بە سەرجەم بەهاو تەقالیدەکانی ڕابردووەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەم بە خامۆشی لە سێبەری باپیراندا شانی داداوەو هەموو کارو کردەوەکانی بەلاوە پەسەند بووە . بەڵام ئەوەش ئاشکرا دەکات کە باپیران تەنها ورێنەیان کردووە نەیانتوانیوە پراکتیك بکەن ، ئەمیش بەردەوام گوێڕایەڵی ئەو ورێنانە بووە و لە کاتی گوێ گرتنیشدا نەیتوانیوە هیچ پراکتیکێك بکات . بەڵام هەر خودی بکەر ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ورێنەکانی باپیران

درۆیوون ، ئەمەش لەلایەك درك‌كردنی بكەر ئاشكرا دەكات ، لەلایەكی تروە پوچی‌و بێ گەوهەری ئەوكەلتوورە نیشان دەدات كە ئێمە لە باپیرانەوە بۆمان جێماوە . كەواتە لێرەدا ئەو دەلالەتەی ئاشكرا دەبێت ئەوەیە كە لە تێڕوانینی بكەری شیعرەكەوە رابردوو پانتاییەكی بۆش‌و دزێوەو جگە لە كاریگەری سلبی هیچ شتێكی تری لەسەر بوونی ئێمە لە ئێستادا نییە . بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەو رابردووە لە كۆنەستی ئێمەدا بارێكی خراپی دروست كردووە كە ئەویش بەردەوام بوونی مانەوەی ئێمەیە لە حاڵەتی هەست‌كردن بە نائامادەبوون‌و هەست‌كردن بە گرێی هەست بە كەم‌و كورتی كردن . بكەری شیعرەكە ئەو كەلتورە قەیراناوییە لە دوایەوەیە بۆیە ناتوانێت ببێتە بكەرێكی رووداو دروست‌كەر . ئەمەش دیسان هاوشێوەی كەسێتی نەتەوەی كوردە لە پانتایی مێژوودا ، كە چۆن نائامادەبوونی رابردوو رێگای لە بەردەم ئامادەبوونی ئێستاشیدا داخستووە .

بكەری شیعرەكە بە تەواوی بیروڕای خۆی لەسەر كەسێتی خۆی بۆ پەریزادە بەیان دەكات كە دان پێدانانێكی بێ پەردەیەو مەگەر تەنها لە ساتەوەختی بە موگناتیس نواندندا مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی دان بێ دانان‌و دەرهاوێشتنی ئەوەی لە نەستیدا كەڵەكە بووە ، ئەوەتا دەڵێت:

(ئۆف ! من چ عیبرەتێكم بۆ مەرگی هەرزان
ئۆف ! من چ عیبرەتێكم بۆ ئاخر زەمان!)

لێرەوە بەتەواوی دەردەكەوێت كە بكەری شیعرەكە خۆی وەكو خاڵێكی دزێوو ناشیرین دەبینێ‌و وای بۆ دەچێت شایانی ژیان نیە چونكە ئامادەبوونی نیە ، بەهەمان شێوە بكەری شیعرەكە وای بۆ دەچێت كە ئەم شایانی ئەوەش نیە ئامادەبوونی خۆیشی بسەلمێنێت چونكە زۆر بە گومانەوە سەیری ئایندەی خۆی دەكات ، وای دەبینێ ئەم لە داهاتووشدا ناتوانێت ببێتە بكەرێكی خاوەن پراكتیك و رووداو دروست بكات . ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی كە دەڵێت مادەم بكەری شیعرەكە لە رابردوودا ئامادەبوونی نەبووەو نەیتوانیووە بەشداریی پرۆسەی بنیادنانی شارستانی بكات‌و ئێستاش پەیوەستە بەو رابردووە ئەوە مانای وایە ناتوانێت لە ئێستەو داهاتووشدا هیچ شتێكی ئەوتۆ بنیاد بنێ . بگرە وایشی بۆ دەچێت كە ئەم خۆی بە روخسارو سیمای ئایندەی مرۆڤایەتی‌یەوە خاڵێكی رەش‌و بێ گەوهەرە .

جارێكی‌دی بكەری شیعرەكە (پەریزادە) دەدوێنێ‌و داوای گوێگرتنی لێ دەكات‌و ئاگاداریشی دەكات كە ئەم دەگەڕێتەوە نێو دەنگی (ئاناباز) و بە سواری ئەسپەكەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو پانتایی مێژووی تەمومژاوی ، بۆ نێو مێژوویەك كە دور ڕووی هەیە ، یەكەمیان هاتنی (زینەفۆن) كە ساتەوەختی هەرەس‌و تێكشكاندنە بۆ بكەری شیعرەكە چونكە بكەرێكی دەرەكی لە سەر جوگرافیای ئەم ، ڕووداو دروست دەكات . زینەفۆن بەخۆی‌و لەشكرەكەیەوە كە بە دەهەزار كەس دانراوەو بریتین لەو جەنگاوەرانەی كە هاتوونەتە یارمەتی (كۆرش) لە ساڵی (٤٠١) ی پێش زایندا بەو مەبەستەی یارمەتی (كۆرش) بدەن تا كورسی فەرمانڕەوایی لە (ئەردەشیر) ی برای داگیر بكا . ئەم سوپایە كە (كریسۆ فۆس وزەینەفۆن) سەركردایەتی‌یان كردووە لە گەڕانەوەدا بە كوردستاندا تێپەڕبووەو لە گەڵ كورەكاندا داوبانە بەیەكدا .

لایەنی دووەمی لێكدانەوەی گەڕانەوەی بكەری شیعرەكە بۆ نێو دەنگی (ئاناباز) واتە بۆ نێو ئەو كتێبەی كە زەینە فۆن لە بارەی ئەو ڕێكردنەوە بە كوردستاندا داینناوە ئەوەیە كە كورد لەو مێژووەدا ڕۆحی بەرەنگاری بەهێز بووە و رێگای نەداوە هەركەسێ هات‌و بە ئارەزووی خۆی بە وڵاتەكەیدا بێت‌و بچێت . بكەری شیعرەكە لەم ڕوانگەیەوە وەكو مێژوویەكی پیرۆز لەو رابردووە دەروانێت‌و ئاواتەخوازی ئەوەیە كە ئێستا بیتوانیایە هەمان شێوە لە ڕووی داگیركەرانی كوردستاندا بوەستایە .

هاتنی زەینەفۆن‌و سوپاكەی بێ ترس دەلالەتی

نائاماده‌یی ئێمه له‌و مێژووه‌دا هه‌ڵده‌گرێت به‌ڵام له هه‌مان کاتدا ڕێگه پێگرتنی کورده‌کان ده‌لاله‌تی حسی خودپاراستن هه‌ڵده‌گرێت . دیاره حسی خود پاراستن جیاوازه له هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی‌و پارێزگاری‌کردن له جوگرافیای نه‌ته وه‌و ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی که بۆ ئه‌و قۆناغه مێژوویی‌یه‌ش ناشێت باسی هه‌ست‌و هوشیاری نه‌ته‌وه‌یی بکه‌ین .

کاتێ زه‌ینه‌فۆن بێ هیچ دوودڵی‌و گومانێك ، بێ ئه‌وه‌ی گوێ به‌وه بدات که ئه‌و پانتاییه جوگرافییه خاوه‌نی خۆی هه‌یه دێته ناوی‌و پێیدا تێپه‌ڕ ده‌بێ ، به‌واتا زه‌ینه‌فۆن‌و له‌شکره‌که‌ی هیچ ڕخێك بۆ کوردو دوای ئه‌ویش بۆ ئه‌رمه‌ن دانانێت که بێ گوێ پێدان به وڵاته‌کانیاندا تێده‌په‌ڕن . ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت که له ڕووی تێڕوانینی زه‌ینه‌فۆنه‌وه ئێمه هیچ ئاماده‌بوونێکمان نه‌بووه .

زه‌ینه فۆن هه‌ڵگری خوێن‌و هه‌ره‌س‌و تراژیدیایه ، تراژیدیایه‌ك که مه‌یدانی پیاده‌کردنی پانتایی جوگرافیای بکه‌ری شیعره‌که‌یه . له‌لایه‌کی تره‌وه زه‌ینه‌فۆن شارستانێتی‌یه‌ك له پشتیه‌وه‌یه که له به‌رهه‌مهێنانی (هزرو بازو خوێن‌و دوکه‌ڵدا) داهێنه‌ر بووه .

لێره‌دا حاڵه‌تێکی جوت جه‌مسه‌ری بۆ خودی زه‌ینه‌فۆن به‌رجه‌سته ده‌بێت که جه‌مسه‌ری یه‌که‌م (هزر = فیکر) پێناسه‌ی ده‌کات‌و جه‌مسه‌ری دووه‌میش (بازووخوێن‌و دووکه‌ڵ) واته وێرانکاری و شه‌ڕ ڕووخاندن‌و له‌نێوبردن به‌رامبه‌ر به فیکرو عه‌قڵ له‌که‌سێتی زه‌ینه‌فۆن‌دا ئاماده‌بوونیان هه‌یه . که‌سێتی زه‌ینه‌فۆن به‌رهه‌می فیکرو شارستانی گریکه . که فیکری هه‌یه بۆ لێکدانه‌وه‌ی شته‌کان‌و بازووشی هه‌یه بۆ پاراستنیان . ئه‌وه‌تا ده‌ڵێت :

(جارێکی دی نه چمه‌وه ناو ده‌نگی ـ ئاناباز ـ و نه سپه‌که‌ی جڵه‌و نه‌که‌مه‌وه سه‌ر نه‌که‌مه‌وه به مێژووه خۆڵاوییه‌که‌ی داو تۆزێ به تۆزێ زه‌مان هه‌ڵ نه‌ده‌مه‌وه ، دیسانه‌وه نه‌بمه‌وه به کالانی نه‌وسا .

له ده‌ماده‌مێکی ژه‌نگاویدا له کازیوه‌یه‌کی حه په‌ساودا

ـگه زنه‌فۆن ـ ی خواوه‌ندی زرێ پۆشانی گرێك

سه‌رکرده‌ی هزرو بازووی جیهانی خوێن‌و دووکه‌ڵ ،

کوڕی په‌رستگا ڕووناکه‌کانی ـ نه‌ئێناو ـ

نه‌سپی ئاوی‌و شێری چنگ به مه‌شخه‌ڵانی باکۆدانی زه‌مین

له‌دوای زه‌مین گه‌زنه‌فۆنی وه‌چه‌ی ـ ئافیل ـ به خۆی‌و ده‌هه‌زار سواری

تۆز لێ نیشتووی بیابانێکی دوورەوه ، ڕەو ، ڕەو ، ده‌سته ، ده‌سته

له‌دوای شه‌ڕێکی دیکه‌ی سوور هه‌ڵگه‌ڕاو

ڕوویان کرده نه‌م وڵاتی دێوو درنجه ...)

له پانتایی جوگرافیای شیعره‌که‌دا هه‌ر له سه‌ره‌تاوه تاکو گه‌یشتن‌و تێپه‌ڕبوونی سوپاکه‌ی زه‌ینه‌فۆن به کوردستان بکه‌ری شیعره‌که به‌ناوی که‌سی یه‌که‌می تاکه‌وه ده‌دوێت که‌چی له‌گه‌ڵ گه‌یشتنی سوپاکه‌ی زه‌ینه‌فۆن‌دا بکه‌ر چیتر به ناوی که‌سی یه‌که‌می تاکه‌وه نادوێت به‌ڵکو به‌ناوی که‌سی یه‌که‌می کۆوه ده‌دوێت . ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت که بکه‌ر ناتوانێت له حاڵه‌تی تاکێتی خۆیدا بمێنێته‌وه هه‌ر بۆیه له‌گه‌ڵ کۆدا ته‌ماهی ده‌کات‌و یه‌ك ده‌گرێته‌وه‌و به پێی یاساو سیسته‌می عه‌قڵی ده‌سته‌جه‌می ده‌جوڵێت . بکه‌ری شیعره‌که ده‌زانێت به ته‌نها ناتوانێت نه له ڕووی سوپاکه‌ی زه‌ینه‌فۆن‌دا بووه‌ستێت نه پارێزگاری له مانه‌وه‌ی خۆی بکات بۆیه خۆی له بۆته‌یه‌کی گه‌وره‌تردا نیشان ده‌دات به‌و هیوایه‌ی که له‌لایه‌ك پارێزراوبێت له‌لایه‌کی تریشه‌وه به‌رگری بکات.

بکه‌ری شیعره‌که له گێڕانه‌وه‌ی ڕووداوه‌کانی نێوان ئێمه‌و له‌شکری زه‌ینه‌فۆن‌دا گه‌لێك به‌ڵگه‌ی شکست‌و بێ توانایی ئێمه نیشان ده‌دات ، په‌نا ده‌باته به‌ر توخمه غه‌یبانیه‌کانی نێو پانتایی سیۆسیۆلۆژی ئێمه‌و به‌هیوایه له‌وێڕا تروسکه‌ی سه‌رکه‌وتن بدۆزێته‌وه ، ئه‌مه‌ش له بنه‌ره‌ته‌وه نائاماده‌یی عه‌قڵ‌و مه‌عریفه‌ت ده‌رده‌خات ، تا ئه‌و ئاسته‌ی که بکه‌ر به‌راوردی ئێمه‌و به‌رانه کێوییه‌کان له ڕووی عه‌قڵه‌وه ده‌کات‌و ئه‌نجام ئێمه‌ی مرۆڤ که لێره‌دا مه‌به‌ست ئێمه‌ی کورده له‌گه‌ڵ ئه‌وانی ئاژه‌ڵ‌دا هیچ جیاوازییه‌کمان نابێت ، ئه‌مه‌ش له‌و ڕوانگه‌یه‌وه نی‌یه که به‌رانه کێوییه‌کان گه‌شه‌یان

کردبێت بۆ ئاستی ئێمەی مرۆڤ بەڵکو لەو
روانگەیەوە کە عەقڵی ئێمە ئەوەندە گەشەی نەکردووە
لەو مێژووەدا ببێتە هۆی جیاکردنەوەمان لە بەرانە
کێوییەکان ، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئێمە
لە رابردوودا هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆمان نەبووە بۆیە
نەمانتوانیوە شارستانی بەرهەم بهێنین و سەرباری
ئەوەش بەئاسانی تێکشکێنراوین چونکە
نەگەیشتووینەتە قۆناغێکی گەشەکردنی ئەوتۆ کە ئێمەو
بەرانە کێوییەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە ، بە واتە لە
رووی عەقڵی و فیکرییەوە هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە ،

ئەوەتا دەڵێت :

نیمەش لەبەر باهۆزێکی رەشدا بەرەو ژوور هەڵنەهاتین
بانگی خواوەندە بەردینەکانمان نەکرد .
پەنامان نەبردە بەر مانگەشەوی تۆقیو ،
پەنامان نەبردە بەربروسکە و چەخماخەی نیشتمانی هەورە
کۆیلەکان ،
داوێنی جادووگەرە ترساوە ڕیش درێژەکانی خۆمانمان نەگرت.
عەقڵی نێمەو بەرانە کێوییەکان لەیەکتر جودا نەدەکرانەوە ،
چاوی نێمەو چاوی گاشە بەردەکان هەریەك چاویوون ،
دەروونی نێمەو دەروونی تەشکەوتە نسرمەکان هەریەك
شت بوون)

بکەری شیعرەکە پرۆسەی گەرانەوەی مرۆڤ بۆ
ئاژەڵ کە پرۆسە جوڵەیەکی پێچەوانەی گۆڕانی
دایەلێکتیکی مێژووە بەرجەستە دەکات .کە مرۆڤ
جیارازی نەبێت لە بەرانی کێوی ، چاوی مرۆڤ و
چاوی گاشەبەردەکان و دەروونی مرۆڤ و دەروونی
ئەشکەوتە نسرمەکان یەك شت بن واتە پرۆسەی (بە
شتکردنی ـ التشيء) مرۆڤ ئەنجام دەدات . ئەمەش
رۆحی ئەو گوتارە نوێیەیە کە شێرکۆ دوای گوتاری
مانەوە بونیادی دەنێت .

لە کاتێکدا بکەری شیعرەکە ئێمە دەخاتە ئاستی
بەرانە کێوییەکان ، واتە وەستانی ئێمە لە رووی
سوپاکەی زەینەفۆن‌دا تەنها بە غەریزی خودپاراستن
بووە هەر چۆن هەموو زیندەوەرێك ئەو غەریزەیەی

هەیە . هەر چۆن بەرانە کێوییەکان بە کۆمەڵ دەژین
هەتا پارێزگاری لە خۆیان بکەن ، هەر هەمان شێوەش
غەریزەی کۆمەڵایەتی بوون و غەریزەی پاراستن لەو
قۆناغەدا دژی سوپاکەی زەینەفۆن خێڵە کوردەکانی
کۆکردۆتەوە .

بکەری شیعرەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئێمە
چۆن لە بەردەم شەپۆلی هۆردووی زەینەفۆن‌دا ترس
دایگرتووین و پەنامان بۆ خواوەندە بەردینەکانمان
بردووەو داوێنی جادوگەرانمان گرتووە هەتا رێگای
پاراستن و قوتاربوونمان بۆ بدۆزنەوە . بەڵام ئەنجام
ترسی لەناوچوون لەڕووی سوپاکەی زەینەفۆن‌دا
وەستانیی .گەرچی ئێمە ناخمان لە ترساندا سەهۆڵ
بەندان و عەقڵیشمان لە ئاستی بەرانە کێوییەکاندا بوو .
هەموو ئەمانەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرن کە ئێمە لە
رابردوودا هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە . لە هەمان کاتدا
شاعیر لە پێناوی خستنە ڕووی باری نالەباری
ئێستاماندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە دێرینەو لەڕووی
یادەوەرییەوە زەنگێکی ترسێنەرمان بۆ لێدەدات و دەڵێت
ئێمە هەر لە جێگەی خۆماندایین . بکەری شیعرەکە
حاڵەتە یەك لەدوای یەکەکانی شکستی ئێمە
دەگێڕێتەوەو پێیان دەڵێت زەینەفۆن دوو برای گرتووە :

(لە بۆسەی باپێچێکدا دوو برایان دەستگیرکردم
گەزنەفۆن برا بچکۆلەکە مانی لەبەردەم فاوەنجیەکەدا
لە هەڵەموتێکەوە هەڵداشتە خوارێ .
نیتر ناوەنجیەکەمان کەوتە پێش ڕەمەکان
کەوتە پێش مەرگی زۆرێ پۆش ، کەوتە پێش تۆفانو
بوومەلەرزە
نیتر لەو ڕۆژەوە نەو برایەم ، برای نەوجەوانی نەعلەتیم
بوو بە دیرۆکی چارەنووسی بەردەوامی تا نەمرۆم)

ئێستە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات بۆچی
زەینەفۆن برا بچکۆلەکە بە بەرچاوی برا ناوەنجیەکەوە
فرێ دەداتە خوارەوە ؟ ئاشکرایە بە مەبەستی ترساندنی
برای ناوەنجی ئەو کارە دەکات . دەشێ لێرەدا (برا)
مەبەست لەو نەتەوانە بێت کە لە نەژاددا نزیکن لە

کورد . زەینەفۆن برا بچکۆلە کەیان لە بەرزاییەوە فڕێ دەداتە خوارەوە هەتا هەرەسی مەعنەوی بە برای ناوەنجی بهێنێت و خۆی بداتە دەستی ڕمەکان . دەلالەتی ئەو دەستگیرکردنە لە نێو پانتایی مێژووی ئێمەدا بەرهەم دێت و ئەوی بیرکراو دەبێتە ڕۆحی زیندوبوونەوە . کەتاکو ساتەوەختی ئێستا پراکتیکی تەواوی نەکراوە . بەڵکو لە بۆتەیەکی داخراودا ماوەتەوە (دۆڵێك یا نایگرێتەوە) ئەمەش لە ئەنجامی ناگەریگەری و نەتوانینی کارکردنی بکەر واتا نەتەوەدا بووە بە درێژای ئەو مێژووە کە لێرەدا بکەری شیعرەکە لە کەسێتی برا ناوەنجیەکەماندا کە هەر لەو ساتەوە لە ڕووی مەعنەوی یەوە هەرەسی هێناوە ڕاستییەکی تاڵی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی بەگوێرەی ئێمە دەخاتەڕوو ئەویش ئەوەیە کە حاڵەتی بەزین و هەست بەکەمی کردنی ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕەگ و ڕیشە مێژوویە بەواتە بکەری شیعرەکە پێمان دەڵێ حاڵەتی بەزین و (دونیەت) لە کۆنستی ئێمەدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە .

بکەری شیعرەکە خۆبەدەستەوەدان ملکەچ کردنی بۆ ناوەنجی لە بەردەم ڕمەکانی دوژمندا بە هۆی سەرەکی هەموو هەرەسی ئێمە لە مێژوودا دادەنێت چونکە بۆیە کەمجار ڕۆحی هەرەس و خۆبەدەستەوەدان لەوەوە دەستی پێ کرد ، ئەو ڕۆحە نەفرەتیەی بەزینیش تاکو ئەم ساتەوەختە لە ناخی ئێمەدا زیندووەو چارەنووسمان لەژێر کاریگەری ئەودا بەردەوام هەتك دەکرێت .

ئەگەر سەرنجی زەمەن بدەین لەو ساتەوەختەوە کە بۆ ناوەنجیمان کەوتە پێشی ڕمەکانی دوژمن و بوو بە هێمای هەرەس و خۆبەدەستەوەدانی هەمیشەیی تاکو ساتەوەختی ئێستا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕووی پراکتیکەوە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە ، تاکو ئێستەش ئەو ڕۆحی خۆبەدەستەوەدانە زیندووەو ئێمەی کورد بێ جیاوازی ئامادەبوونی کەوتنە پێش ڕمی ئەو زەینەفۆنانەمان تێدایە کە وڵات دەخەنە ژێر پێی خۆیان و داگیری دەکەن . کەواتە ئەگەر لە ڕووی کرۆنۆلۆژیەوە سەیری بکەری شیعرەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە حاڵەتێکی جێگیردایەو ناتوانێ ڕووداو دروست بکات کە لێرەدا مەبەستمان ڕووداوی پۆزەتیفە چونکە لە دروستکردنی ڕووداوی پۆزەتیفدا بەگوێرەی ئێمە بکەرێتی دروست دەبێت ، پێچەوانەی ئەم هەڵوێستەش ئەوەیە کە بەردەوام ئێمە لە حاڵەتی بەرکارێتیدا بووین واتە لە پێشی ڕمەکانەوەین هەتا ڕۆحی خۆمان وێران بکەین .

بکەری شیعرەکە دوای گێڕانەوەی چەندین حاڵەت کەسەرجەم دەلالەتی شکستی خۆی بەرهەم دەهێنن ، سێ گۆشەیەکی پەیوەندی فۆرمەلەی سێ گۆشە نێوان خودی بکەر (من) و پەریزادە واتە (تۆ) کە کەسێتی نەتەوە و ڕۆحی زیندوبوونەوە یە لەگەڵ (مەرگ) دا ، کە سێ جەمسەری لێك نەپچڕاون ، ئەگەر (من) کەسێتی نەتەوە بێت و لە حاڵەتی تێکشکاندنی ئێستادا (مەرگ) ئەنجامی پرۆسەی بەردەوامی ئەو تێکشکاندنەیە هەتا هۆکارەکانی دروستکردنی ئەو پرۆسەیە پووچ نەکرێتەوە ، مەرگ حاڵەتێکی ئامادە دەبێت ، کاتێ (تۆ) ڕۆح و هێمای زیندوبوونەوەیە ئەوا پووچکردنەوەی هۆکارەکانی تێکشکاندن بواری پیادەکردنی زیندوبوونەوە دەکاتەوە و ڕێگای بۆ خۆش دەکات . بە واتا لەڕووی ڕاستییەوە زیندوبوونەوەو شکست دوو حاڵەتی دژ بەیەکن ، ئامادەبوونی یەکێکیان مانای نائامادەبوونی ئەوی تریان ، بەڵام کاتێ خودی بکەر فۆرمەلەی سێ گۆشە پەیوەندی لە نێوان دوو دژی (تێکشکاندن و زیندوبوونەوە) دا دەکات . حاڵەتەکە لەسەر ئەو زەمینەیە جێگا دەگرێت کە (من) وەکو کەسێتی نەتەوە لەساتەوەختی یەکەم تێکشکاندنەوە تاکو ساتەوەختی لە دایك بوونی دەقەکە چەندین حاڵەتی بەرەو زیندوبوونەوەی بەخۆبەوە بینیوە بەڵام هیچ کام لەو حاڵەتانە نەبۆتە پرۆژەیەکی تەواوی زیندوبوونەوە . لەم بارەشدا لەدوای هەریەکە لەو حاڵەتانەی بەرەو

زیندوبوونەوە کە ئاکامی، تەواویان نەبووە خودێکی لاواز بەجێماوە ، خودێك کە تا سنووری لەچاو حاڵەتی تەواوی تێکشکاندندا ئەم زیندووە ، بەڵام زیندوویەکی ، پراکتیك لاواز وەکو ئێستا بەئاشکرا لە پانتایی جوگرافیای کوردستاندا دەبینرێت ، کەواتە ئێستا پەیوەست بە خودی بکەری شیعرەکە کە نوێنەری نەتەوەیە ، نە ئەوەتا پرۆژەیەکی زیندوبوونەوەی ئەوتۆ لە ئارادا بووبێت بەتەواوی خۆی دروست کردبێتەوەو توانای پراکتیکی تەواوی پێ دابێت ، نەئەوەتا بە تەواوی هەرەسی هێنابێتو (مەرگ) بەئەنجام گەیشتبێتو ئەو خودە لاوازە لەناو چووبێت . بەم پێیە ئێستا خودی (من) خودێکی نیمچە مردوو یان نیمچە زیندووە بۆیە هەردوو حاڵەتی (مەرگ و زیندوبوونەوە)ی لە یەك کاتدا تیا ئامادەیە . ئەمەش لەگەڵ باری نەتەوەیی کورددا هاوشێوەیە ، نە ئەوەتا تێکشکاندن بەتەواوی لە ناوی بردبێت نەئەوەتا رۆحی نەتەوەیی بەشێوەیەك زیندووبووبێتەوە کە پاشماوەو جێکەوتی پرۆسەی تێکشکاندنی سڕبێتەوە ، هەر بۆیە مەرگ و زیندوبوونەوە لە یەك کاتدا لە کەسیەتی بکەری شیعرەکەدا پێکەوە دەژین و ئەو باری پێکهاتنی سێگۆشە پەیوەندییەیان فۆرمەلە کردووە .

(٤)

ئاواتی زیندوبوونەوە لەم شیعرەدا تەنها وەکو خواستن و ئارەزوو یان وەکو هێمایەکی بێ پراکتیك دەمێنێتەوەو بگرە ئاسۆ و ئایندەی بکەر لە بەرامبەریدا مەرگ ڕاوەستاوە . فرمانی دەقەکەش بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتە دەورێکی دیاری هەیە چونکە لە ڕووی تافەوە بەشی زۆری فرمان لە (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) دا ڕابردوون یان ڕابردووی بەردەوامن بەڵام لە ڕووی سیمانتیکەوە ئاماژەی بەرەو ئایندەش هەڵدەگرن ئەمە سەرباری بوونی ڕێژەیەك لە فرمانی ڕانەبردوو شان بەشانی ئاوەڵفرمانی کاتیش کە بەشێکیان درێژ دەبنەوە بۆ داهاتوو ، ئەمەش دەلالەتی درێژبوونەوەو بەردەوامی کاریگەری تێکشکاندن بۆ داهاتووی بکەری شیعرەکە بەرهەم دەهێنێت . پێشتر شێرکۆ وێنەی (باوك ، حیزب ، سەرکردە ، ڕابەر) ی دەکردە ئەلتەرناتیفو وێنەی شکستو واقیعی شکستی پێ دەشاردەوە ، بەڵام لەم شیعرەدا وێنەی شکست زیاتر زەق دەکاتەوەو سەرباری ئاماژەیەك بۆ ڕۆحی زیندوبوونەوە بەڵام لە بەرامبەریان لە جیاتی وێنەی حیزبو سەرکردەو ڕابەر لەم شیعرەدا (مەرگ) دادەنێتو دەیەوێت پێیان بڵێت مادام عەقڵی ئێمەو بەرانە کێوییەکان جیاوازیان نەبووە ناشێ ئێمە زیندوو ببینەوەو ئامادەبوونمان بسەلمێنین . دیارە ئامادەبوونیش لەسەر بنەمای بەرهەم هێنانی شارستانی دەبێت .

لێرەوە بە ئاشکرا خەسڵەتەکانی ئەزموونو گوتاری شکست لای شێرکۆ دەردەکەوێتو بەرجەستە دەبێت . بنیادی رستەی تێکشکاوو دێڕی ناهاوسەنگو نایەکسان لە ڕووی ڕێگەو ئیقاعی ناوەوەو وێنە بە دوای وێنەداو دەلالەت بە دوای دەلالەتدا بۆ بەرجەستەکردنی هەمان مەبەستو فرێدانی ژمارەیەکی نائاسایی لە ئاوەڵناوی کاریگەر نێگەتیف سەرجەم ناسەقامگیری باری دەروونی و فیکری بکەری شیعرەکە و بەو پێیەش شاعیر نیشان دەدەنو زیاتر خوڵقێنەری دەقەکە وەکو خاڵقێك نیشان دەدەن کە لەحاڵەتی شیزۆفرینیدا بێت بەرامبەر بە (ڕابردوو/ئێستا) ، (مەرگ /زیندوبوونەوە)و (ئەزموونی کۆن / ئەزموونی نوێ) و (پاڵەوانی ئامادە /تێکشکاندن) ئەمەش بنەماکانی ئەزموونی شکست کە ئەزموونی دان پیانانە لای شێرکۆ دەردەخەن.

شاعیر لە ڕیزکردنی وێنەی بە دوایەکدا هاتوو کە سەرجەم حاڵەتێك لە ئەزموونی تێکشکاندن بەرجەستە دەکەن ، یان دەلالەتی ئەو شکستە بەرهەم دەهێنن دەکەوێتە وێنەی فرێدانی عەفەویانە ، ئەمەش ڕاستەوخۆ بە کاریگەری مۆتیڤ کە پەنگ خواردنەوەی کاریگەری پرۆسەی تێکشکاندنە لە دنیای ناوەوەی (نەست) بکەردا . لەم بارەشدا کۆمەڵێك ئاوەڵناوی

نێگەتیف دەخاتە پاڵ توخمە وەسف کراوەکان :

(هەمیشەو هەمیشەو هەمیشە تەڕو پاراوە مەراقم

هەمیشەو هەمیشەو هەمیشە وشکو برنگە نارامەو

هەمیشەو هەمیشەو هەمیشە تینووە ناوم

ناگرم ساردو ، سەرمایەتی و هەڵ ئەلەرزێ هەتاوم!)

بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوانە لەگەڵ ئەم ناوە وەسف کراوانەدا یان ڕاستەوخۆ مانایەکی نێگەتیف دەدەن یان لە بارێکی قوڵتردا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرن کە تێکڕای ڕووی نێگەتیفی توخمە وەسف کراوەکان نیشان دەدەن بە مەبەستی زیاتر چڕکردنەوەی باری ناکردەیی و نائامادەبوونی من واتە بکەری شیعرەکە (کە ئەویش نوێنەری نەتەوەیە) بەکارهێناون.

بکەری شیعرەکە وا خۆی پێشکەش دەکات کە لە بنەڕەتەوە (ئەم) وا دروست بووە کە گاڵتە بە مردن واتە (پرۆسەی تێکشکاندن) بکات بەڵام داخۆ لەژێر کاریگەری چ مۆتیفێکدا ئەم حاڵەتە دروست دەبێت ؟ ئەوەتا دەڵێت :

(پەریزادەکەم ! نەز بۆ نەوە زاوم قەبرم لە گوێ سەر بلەرزێ!

چ سەرێکی نەفرەتییە سەری من

نەز بۆ نەوە زاوم هەر ڕاکەم و هەر ڕاکەمو نەیشگەمێ

تراویلکەی کام قاقڕو خۆڵستانە ناواتم؟)

شاعیر ئەو گوتە مەئلووفەی لە کەلتووری کوردیدا باوەو بۆ کە سێك دەگوترێت لە سەر لێواری مردن بێت پێچەوانە دەکاتەوە و پێی وایە قەبر لەگوێی سەری ئەم دەلەرزێ بەواتا بکەری شیعرەکە سیفەتی موتلەقبوون دەدات بەخۆی کە لە پشتیەوە دەلالەتی هیواو ئارەزووی نەمری وەستاوەو قەبر نەفی ئەکات . بەڵام کاتێ پرۆسەی تێکشکاندن هەموو قەوارەی خودی بکەری شیعرەکە دەگرێتەوە ، ئەوا پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی بکەر بەرجەستە دەبێ . دواجار بەدوای سەری خۆیدا ڕادەکات . (سەر) دەلالەتی ناسنامە هەڵدەگرێت . بکەر بەردەوام لە دوای گەیشتن بە سەری خۆیدا دەگەڕێت بەڵام نایگاتێ . لێرەدا سەر دەبێتە ناسنامەی نەتەوە بە پشت بەستن بە جیهانبینی گشتیی شیعرەکە بەڵام تاکو ساتەوەختی ئێستای لە دایك بوونی دەقەکە بە دەستهێنانی ئەو ناسنامەیە بەدەست نەهاتووە ، دەلالەتی دووەمی گەڕان بە دوای سەردا بریتییە لە گەڕان بە دوای (فیکرو عەقڵو مەعریفەت)دا کە ڕاستەوخۆ ئەمانەش یەکەمین هۆکاری سەلماندنی (بوون)و پێبەخشینی ناسنامەن پێی چونکە ئەگەر فیکرو عەقڵو مەعریفەت هەبوون ئەوا بکەری شیعرەکە ئامادەبوونی دەبێتو دەشێ ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر.

بکەری شیعرەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کارەساتی لەناوچوونی ئەسپەکەی لە ئێستادا نیشان دەداتەوە . واتە ڕابردوو لە ئێستادا ئامادە دەکاتەوە بەو هیوایەی بوونی خۆی بسەلمێنێت یان ئامادەبوونی لاوازی ڕابردوو بۆ شاردنەوەی شکستی دەقی ئێستا دەردەخاتەوە .

دوای تێکشکاندنی ئەسپەکەی (ئانانباز) بکەری شیعرەکە دەیەوێت ئەلتەرناتیفی تر بدۆزێتەوە ، جلەوی چەندین ئەسپی تر دەگرێت ، بەڵام هیچ ئەسپێك نایگەیەنێتە مەنزڵ . ئەوەتا دەڵێت :

(لە دوای کۆچی نەسپەکەی نانابازیشەوە

هەرجلەوی تڕە نەیگرمو هەر سوارمو هەر غارێکی وەستاوم !

چەندین سەدە لەدوای گەزتەفۆنیشەوە

نەو گاشەبەردەم بێ وچان لە تل بوونەوەدام)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەری شیعرەکە واتە (ئێمە) هیچ جوولەیەکی بەرەو پێشەوەی نەبوو کە بیگەیەنێتە سنووری پراکتیکو بیکاتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر . ئەمە لە ساتەوەختی پێکدادانیدا لەگەڵ سوپاکەی زەینەفۆندا . دوای زەینە فۆنیش تاکو ساتەوەختی ئێستا گاشە بەردێکە بەردەوام لە تل بوونەوەدایە . (گاشە بەرد) یەکێك لەو چەکانە بوو کە کوردەکان لە بەرزاییەکانەوە تلیان دەکردەوە بۆ لەنێوبردنی سوپاکەی زەینەفۆن . کەواتە لێرەوە گاشەبەرد چەند دەلالەتێك هەڵدەگرێت . یەکەمیان بکەری شیعرەکە خۆی بۆتە گاشەبەردو تل دەکرێتەوە ، بە واتا بکەرێك لە پشتیەوە ڕاوەستاوەو ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەمی (بکەر) ، هەمان شێوەی گاشەبەردەکانی بەکاردەهێنێت بۆ دژایەتی کردنی

کەسانی تر ، ئەمەش تا سنووری دەلالەتێکی مێژووبی هەڵدەگرێت لە کۆمەڵگەی کوردەواریداو مەبەستێتی بڵێت ئێمەی کورد وەکو ئەو گاشەبەردەین کە کاتی خۆی خێڵە کوردەکان بۆ لەنێوبردنی زەینەفۆنو سوپاکەی بەکاریان هێنا . لەلایەکی ترەوە (گاشەبەرد) دەلالەتی مردوویی و بێ گیانی و بێ جوڵەیی بەرهەم دەهێنێت ، کاتێ بکەزی شیعرەکە دەبێتە گاشەبەرد بە واتا لە حاڵەتی مرۆڤیەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی نامرۆڤی (شتێتی) کە ئەمەش گەوهەری تێکشکاندنەو پرۆسەی بە نامرۆڤی کردنی مرۆڤە .

(تل بوونەوە) پرۆسە جوڵەیەکە دەبێ هێزێکی دەرەکی (بکەری دەرەکی) ئەنجامی بدات ، ئەمەش بە پێی کەسێتی نەتەوەیی ئێمە دەلالەتێکی ئاشکرای هەیەو ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکیەکان لە بەکارهێنانی ئێمەدا بەرجەستە دەکات . لێرەدا ئاماژەکردنێك بۆ داهاتووش هەیە کە ئەو حاڵەتی وەستاندنو تل بوونەوەیە بەردەوام دەبێت ئەویش فرمانی ڕانەبردووی بەردەوام نیشانی دەدات لە (غارێکی وەستاوم ، بێ وچان تل دەبێتەوە) . هەر لێرەوە بکەر هەست بە شکستی خۆی دەکات . دیسان فرێدانی هەندێ ئاوەڵناو کە وەسفی بکەر یان کردارو ئامادەبوونی دەکەن ، سەرجەم لاوازیو ناکردەیی بکەر نیشان دەدەنو هەمان شێوەی کە لە سەرەوە باسمان لێوەکرد ئاماژەی ئەوەش دەکەن کە حاڵەتی لاوازیو ناکردەیی بکەر بۆ داهاتووش بەردەوام دەبێت واتە حاڵەتی ناکردەیی بۆتە بەشێك لە مێژووی بکەر لە ڕابردووەوە بۆ ئێستاو بۆ داهاتووش درێژ دەبێتەوە ، ئەوەتا دەڵێت :

(جوانترین مێژووی وەرینم
خێراترین تیشکی تەمەڵیم
قۆزترین سواری چەقینم)

هەرسێ ئاوەڵناوی (جوانترین ، خێراترین ، قۆزترین) کە ئاوەڵناوی پلەی باڵان لەگەڵ کۆمەڵە ناوێك دانراون کە لە ڕوانینە پێکهاتەی لۆژیکانەی زمانەوە نابێ ئەو ئاوەڵناوە پۆزەتیفانە لەگەڵ ئەو ناوە نێگەتیفانە بەکاربهێنرێن ، بەڵام دیارە زمانی شیعر پەیڕەوی پرەنسیپی لۆژیکانەی بەکارهێنانی توخمەکانی زمان بە پێی سیستەمی ڕێکخستنی سینتاکسی ناکات ، لێرەدا بەکارهێنانی ئەو ئاوەڵناوە پۆزەتیفانە لەگەڵ ناوی نێگەتیفدا حاڵەتی (دژە شوێنی) پێك دەهێنن . ئەوەش یان بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستێکە یان نیشاندانی حاڵەتی شکستە کە چۆن پێکهاتەی زمانیش تێك دەشکێنێ ، حاڵەتی تێکشکاندنی زمانیش زیاتر لەم شێوانەداو لەژێر کاریگەری ئەم حاڵەتانەدا ڕوودەدات نەك ئەو شێوازەی ونبوونی زیان کە ئێستا هەندێ کەس پێوەی خەریکن لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا .

(٥)

بکەری شیعرەکە دوانەی (ئێرە/ئەوێ) یان (ڕۆژهەڵات/ڕۆژئاوا) دروست دەکاتو لەوێشەوە بەراوردی نێوانیان دەکات ، ڕۆژئاوای ئامادەو خاوەن ناسنامەو پراکتیکو ئێرەی نائامادەو وێو بێ ناسنامە . بە هۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێ سیفەتی گەشەوە ئامادەبوونی شارستانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر نائامادەبوونی ئێمەدا نیشان دەدات ، بکەری شیعرەکە لە شاری (ڤینسیا) خۆی پێشکەش دەکات . زەمەن بریتیە لە ڕابردوو. بکەر لەنێو جوگرافیای ئەو شارەدا کە عیشق (مانگە شەوو ئاوە) بە پێدانی کۆمەڵێ سیفاتی پۆزەتیف بۆ (ڤینسیا) واتە شارستانی ڕۆژئاوا مەزنیو زیندوییو ئامادەبوونی (ئەوێ) دەسەلمێنێت، (مانگە شەو ، ئاو) دەلالەتی زەمەنێکی ناسراو و ئاشکراو زیندوبوونەوەو خاوێن بوونەوە هەڵدەگرن . لێرەشەوە (ڤینسیا) لە دوو ڕووەوە گرنگێتی خۆی دەسەلمێنێت یەکەمیان (ڤینسیا) دەبێتە زەمینەی ئامادەکردنی شارستانێتییەکی زیندوو ، دووەم (زەینەفۆن) لە چەقی ئەو جوگرافیاوە هاتووە کە ئەو شارستانێتیەی تیا لەدایك

بووە لێرە کەسێتی (بکەر ـ نەتەوەیی ئێمە) ی تێکشکاندووە ، لە هەردوو بارەکەدا دەلالەتی ئامادەبوون و پراکتیکی (ئەوێ) لەگەڵ نائامادەبوونو ناکردەیی (ئێرە) دەردەکەوێت . ئەوەتا دەڵێ:

(لەوێ ، لە «ڤینسیا» لە ڤینسیای عاشقی مانگەشەوو ناودا
لە شاری سیحردا ، لە شەوێکی زیوێندا ،
لەنێو _ بارِ_ ی بەلەمێکی پەمەییدا ،
چرو چاوی خۆمنا ، شیعرەکانم کچێکیان کردە هاوڕێم
نەم کچە فریشتەی ناوبی بوو ، لە دوورگەی خەونو خەیاڵەوە
هاتبوو ،
نیوەی لەشی ماسیو نیوەکەی تری نادەمی بوو ،
نە بریسکایەوە
ناوازێکی نارووشەی داگیرساوبوو ،
نەوڕەسێکی مێینە بوو ، ناوی نە لیزابێث بوو
کە لێم پرسی تۆ خەڵکی کوێی ؟
پڕشنگی دایەوەو وتی _ من خەڵکی نیشتمانی هونەرم
باوکم ناوی شیعرەو دایکم ناوی مۆسیقایەو
هەر نەوەندە لە ڕەچەڵەکی خۆم نەزانم !)

شاعیر لەوێ لە ڕۆژئاوا بە کاریگەری شیعرەکانی کچێك دەبێتە هاوڕێی. لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شێرکۆ توانیویەتی ئامادەبوونی خۆی لەوێ بسەلمێنێت ئەویش بە هۆی شیعرەکانیەوە ، واتە شێرکۆ بە هۆی داهێنانەکەیەوە دەتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی بکاتو لە ئاستی ئەواندا ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات.

هەر ئەو ئامادەبوونەش کە ئەنجامی پراکتیك کردنەکەیە دەیگەیەنێتە ئاستی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ (ئەو واتە کچەی ڤینیسی) لە پانتایی مێژوو و شارستانی ڕۆژئاوادا کە مێژوو و شارستانێتیەکی خاوەن ناسنامەیە فەردی ڕۆژهەڵاتی بە ئاسانی ناتوانێت جێگای خۆیی تێدا بکاتەوە . ئەمەش ئەوە بەرجەستە دەکات کە خودی شێرکۆ وەکو فەرد (تاکی خاوەن پراکتیك) کە فەردێکی داهێنەرە توانیویەتی لە پانتایی ئەو مێژوو و شارستانێتیەدا هاوڕێو هاوشان بدۆزێتەوە . بە واتا شێرکۆ وەکو فەردێکی داهێنەر بە ناسنامەی داهێنانەوە دەتوانێ لە پانتایی ئەو شارستانێتیەدا ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت.

بکەری شیعرەکە کە لەم حاڵەتەدا نوێنەری شاعیرە پرسیارێکی نەتەوەیی یان نەژادی لەکچەی ڤینیسی دەکات (تۆ خەڵکی کوێی؟) کچە وەکو فەردێك وەڵامی ناداتەوە ، بەڵکو قەوارەیەکی گەورەتر لە خودی خۆی لە بەرامبەر بکەردا ئامادە دەکات کە ئەویش قەوارەی ناسنامەو شارستانیەتەکەیەتی ، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کاتێ کچە خاوەنی ئامادەبوونی نەتەوەیی و مێژوویی یەو شارستانی و عەقڵو فیکری بەرهەم هێناوە پێویستی بە ناسنامەی تایبەتی خۆی نیە چونکە ئامادەبوونی ئەم لە ئامادەبوونی ئەو قەوارەو ناسنامەیەدا ، ئەوەتا هونەر دەکاتە ناسنامە بۆ نیشتیمانەکەی و باوکی بە شیعرو دایکی بە مۆسیقا ناو دەبات . ئەمەش جۆرێك لە شانازی کردنو هەست بە ئامادەبوون نیشان دەدات کە ئەوەش سیفەتی ئینسانی ڕۆژئاواییە.

دوای ئەوە بکەری شیعرەکەو کچەی ڤینسی پێکەوە سەفەری ئاسودەیی دەکەن و عاشق نامە دەخوێننەوە تا ئەنجام پێکەوە فاڵ دەگرنەوە و سەرنجی جۆراوجۆر دەدەن ، لە یەك ساتەوەختدا سێ مێژوو ، سێ زەمینە لە ڕووی بەرهەمی عەقڵی و فیکری ئەو سێ پانتاییەوە دەهێننە پێشێ کە ئەمەش دەلالەتی بەراوردکردنی لە ڕووی ئامادەبوونو ئامادەنەبوونەوە هەڵدەگرێ .

(لای فانگرەوەیەکی قەموری دەموچاو کوتراو
دوو فانان گرتەوەو لە دواییدا قاقا پێکەنین
لەبەر جامخانەی کتێبخانەیەکی خەوانوودا وەستاینو
لە یەك کاتدا تەماشای کتێبەکانی ماوو قەزافی و جان جاك
ڕۆسۆمان تەکرد نۆ پەریزادەکەم نەو ساتانەیش بە ختیاریم هەر
شێرزە بوو
نەوساتانەیش هەر گوێم لە ترپەی پێی مەرگ بوو)

لە یەك ساتەوەختدا تەماشاکردنی کتێبەکانی ماوو قەزافی و ڕۆسۆ مانای پێکەوە گرێدانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ، وڵاتانی پێشکەوتوو دواکەوتوو یان بە دابەشکردنێکی تر (ناوەندو کەنار) ، ئەوروپای (ناوەند) شارستانیو کەناری پەراوێزو دواکەوتوو نائامادە . لەوێ لە ناوەند عەقڵو فیکرو شارستانی لە دایك

دەبێت کە ڕۆسۆی ڕیفۆرمیستی کومەڵایەتی نوێنەرێتی ، بەڵام لێرەی (کەنار) کۆیلایەتی لە دایك دەبێ و لەبری ڕۆسۆکانی ئەوێ لێرە دیکتاتۆر دروست دەبێت کە قەزافی و ماو نموونەیانن ، بکەری شیعرەکە تەنانەت لەو ساتەوەختەشدا کە توانیوویەتی ببێتە هاوڕێی کچە ئینسییەکە واتا دوای سەلماندنی خودو خۆهاوشانکردنی بکەر لەگەڵ کچەدا کەچی هێشتا هەر ئاسودە نەبووە . بەڵکو مەرگ وەکو مۆتەکە خۆیداوەتە سەریدا ، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە بکەر لە نەستیدا ڕۆسەی تێکشکاندن و کاریگەرییەکانی جێگیر بووەو هەموو ساتێ بە ئاگای دێنێتەوەو پێی دەڵێت :

(تۆ قەوارەیەکی تێکشکاوی ، مێژووت لە پشتەوە نییە ، خاوەنی شارستانی نیت ، فیکرت بەرهەم نەهێناوە ، ئیتر چۆن ئامادەبوونت دەبێت ؟) بۆیە لەو ساتانەشدا دەگەڕێتەوە سەر ئاستی سروشتی خۆیی و هێڵی تەماهی کردنی لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا دەبڕێت و پێی وایە مادەم ئەم لە بنەڕەتەوە خاوەنی مەرجەکانی خودسەلماندن نییەو ناتوانێت خۆی نمایش بکات بۆ دەرەوەی خۆی ، ئەگەر لە دەروازەیەکی تردەوە (بە هۆی داهێنانەوە) توانی خودی خۆی بسەلمێنێت ناشێ ئەو خود سەلماندنە لە پانتایی ئەوێدا بۆ هەتایە بمێنێتەوە .

ئەوەتا دەڵێت : (ئەو کاتانەش لە بەلەمێکی سەرنخوون ئەچووم).

بەڵام ئەلیزابێث واتە (ئەوێ) دەست بەرداری نابێت و لە پرۆسە جوڵەیەکدا شوێنێکی بۆ ئامادە دەکات و هەر لەوێشدا بکەری شیعرەکە لە کۆڕی داهێنەرانی دنیادا ئامادە دەکات . ئەوەتا دەڵێت :

(لە سەر مێزێکی نەبەنووسی خۆ گوڵدانێکی پڕ لە گەلا
زەیتوون دانرابوو
چەند کەسێکیش دەوریان دابوو ،
کە بەرچاوم ڕۆشن بووەوە ناسیمنەوە ،
دانتیو کە پووە کەوانیەکەی ، بتهۆڤن و قژە بژەکەی ،
ڤان کوخ و گوێچکە بڕاوەکەی ،

دستۆفسکی و ڕوومەتە تێك قوپاوەکانی ،
لۆرکاو پەڵە خوێنەکەی سەرسنگی
وەك مەلیکی ترساو لەسەر کورسییەك هەڵکورماو
پەریزادەکەم ؛ من هەر گوێگربووم گوێگر
گوڵدانەکە چەند دووا منیش هەر نەوەندە
لەو شەوەوە زانیم من هێشتا فێرە ناخاوتن نەبووم
شیعرم نازارداوە ، تەنکاوم خوێندۆتەوە ،
ڕوانینم هەر نەوەندەی چۆنەکەیەکی تەڕ فڕیووە ،
ئۆ ! پەریزادەکەم !
ئەم کارەساتی عەقڵەیە چەند گەورەیە !)

بەکەری شیعرەکە واتە شێرکۆ بە هۆی داهێنانەکەیەوە ناسنامەی ئامادەبوونی کە کۆڕی داهێنەرانی وەکو دانتیو بتهۆڤن و ڤان کوخ و دستۆفسکی و لۆرکا وەردەگرێ بەڵام هێشتا لە بەردەمی ئەواندا بێ دەنگ دەبێ ، ئەوەش دوو دەلالەتی هەیە یان ئەوەتا شاعیرەکەی ئێمە لە ئاستی ئەو داهێنەرانەدا خۆی بە کەم دەزانێ ، یان هەمان شێوەی ئەوان داهێنەرە (کە لە ڕاستیشدا هەر وایە) بەڵام کاریگەری شکست و جێگیربوونی جێکەوتی شکست لە نەستی بکەری شیعرەکەدا واتە شاعیر کە ئەویش بە هۆی نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوو و شارستانێتییەکی دیارەوەیە لای ئێمە وا دەکات کە شێرکۆ لە ئاستی ئەواندا خۆیی پێ بچووك بێت ، بەڵام دەشێ لە ڕاستیدا وای بۆ بچین کە بەگشتی کەلتووری ڕۆژهەڵاتی لە مێژووی نوێدا ناتوانێت لە ڕووی کەلتوری ڕۆژئاوادا بوونی خۆی بسەلمێنێت.

ئەم کۆبوونەوەی داهێنەرانی چەند مێژوویەکی جیاواز پێکەوە دەلالەتێکی گرنگی هەیە ئەویش ئەوەیە کە داهێنان پەیوەندی بە کاتەوە نییەو پەیوەستی ڕەوتی کرۆنۆلۆژیکانەی مێژوو نییە ، بەڵکو پرۆسەی داهێنان لە هەموو ساتەوەختێکدا و لە گەڵ هەر نەتەوەیەکدا بەراورد بکرێت ئەو ئامادەبوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەشێ لە یەك کاتدا پێکەوە مامەڵە لەگەڵ داهێنەرانی مێژووە جیاوازەکاندا بکرێت .

لە لایەکی ترەوە بکەری شیعرەکە خاسیەتی بە

شتبوون (التشيء) دەداتە خۆیی و خۆی لە تەك (گولدانێكدا) هاوشان دەكات و سیفەتەكانی گولدانەكە كە لە باری یەكەمدا جێگیری و نەدواندنە دەداتە خۆی . لێرەدا بكەری شیعرەكە هەست بە نائامادەبوونی خۆی دەكات و ئێدەگات لە ڕووی ئەنجامەوە هەر دەبێ گوێگرێت چونكە شكاندنی سنووردكانی بێدەنگی لەئەنجامی ئامادەبوونی عەقڵ و فیكر و مەعریفەوە بەرجەستە دەبێت . بە واتایەكی دی (بكەر) كاتێ دەتوانێ بدوێ كە توانای دروستكردنی ڕستاری لە سنووری ئەو بازنەیەدا هەبێت كە بازنەی داهێنانەو عەقڵ و فیكرو مەعریفە فاكتەری خولقاندنین . بكەری شیعرەكە سەرجاری توانای داهێنانی ئەو بنەمایانە لە پشتیەوە ڕانەوەستاون كەواتە ئەو چەكەی كە پێویستە بۆ ئەو جەنگەی داهێنەران لەو كۆبوونەوەیەدا بەكاری دەهێنن ئەمی بكەر (شاعیر) پێی نییە ، واتە لەو كۆڕەدا توانای ئاخاوتنی نییە بۆیە دەڵێت :

(زانیم هیشتا فێرە ناخاوتن نەبووم
شیعرم نازارداوە ، تەكاوم خونێندۆتەوە
روانینم هەر نەوەندەی چۆلەكەیەكی تەڕ فڕیووە)

ئێستا بكەری شیعرەكە دەڕك بەوە دەكات كە شیعر یەك روانین ، یەك ئاراستە ، یەك دیدو بۆچوون ، یەك گوتار نییە ، ئەو پانتاییەی شیعری ئەم كاری تێدا كردووە پانتاییەكی تەسك و ڕووكەشە واتە (تەنكاوە). كە لە ئەزموونی شێركۆدا بڕیتییە لە ئیشكردن لە پانتایی مێژووداو بە گوێرەی جیهانبینی شیعری ئەم بواڕە تەسكەو تاك ڕەهەندی و تاك بینینی تێدا بەرجەستە دەبێت و بە ڕەهەمهێنانی شیعریەتیش تیایدا ئاسان نییە چونكە زیاتر وەڵامی ئامادە لە پانتایی مێژووداهەیە . بەڵام شێركۆ خۆی هەست بە مەترسی ئیشكردن لەو پانتاییەدا دەكات ، هەر ئەو ترساندنەش وای لە شێركۆ كردووە بە ووریاییەوە كار بكات و بە سەركەوتوویش شیعریەت بەرهەم بهێنێت گەرچی مەودای ئیشكردن لەو بواڕەدا تەسكە و لە مێژووش هیچ فێر نابین بەڵام شێركۆ ئەو شاعیرەیە كە لە مێژوو داهێنانی مەزن دروست دەكات . گەرچی خۆی دان بەوەدا دەنێت كە ڕوانینی بەقەدەر چۆلەكەیەكی تەڕفڕیووە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانەی شاعیر جۆرێك لە بچووككردنەوەی ئاستی داهێنانی خۆیی تێدایە ئەمەش دیسان دەلالەتی هەست بە كەمی كردن لە ڕووی داهێنەرانی ڕۆژئاوادا بەرجەستەدەكات . ئەمەش دەروازەی كردنەوەیە بە ڕووی ئەزموونی شكستدا ، ئەزموونێ كە تیایدا هەست بە ئامادەیی و ناكردەیی خود دەكرێت . لێرەوە شێركۆ سنووری كانی ئەزموون و گوتاری مانەوە بەجێ دەهێڵێ و لە سنووری یەقینی ئامادە (كە پانتایی سیاسەت بێ دروستبوونی پرسیار تیایدا پێشكەشی دەكات) دەچێتە دەرەوە . ئێستا دەرك بە شكستی نەتەوە دەكات و لە ڕوانین و ڕامان لەو شكستەی تراژیدیای درێژخایەنی تێكشكاندنی كەسێتی ئێمەیە هێڵ و ئاراستەیەكی نوێ بۆ خولقاندنی ئەزموونێكی نوێ دەدۆزێتەوە .

هەستكردن بە نائامادە بوون و ناكردەیی بكەر دەگەڕێنێتەوە بۆ تێرامان لە ماهیەت و كەینوونەی عەقڵ و پێی وایە كارەساتی عەقڵ گەلێك گەورەیە و ئەوەی ڕێگای نادات بسرەوێت عەقڵە ، لێرەشەوە ئەوە ئاشكرا دەبێت كە شاعیر گەیشتۆتە ئاستی پەیبردن بە ماهیەتی شتەكان . دیسان ئەم بۆچوونەی شێركۆ نزیك دەبێتەوە لە دێرە شیعرێكی گۆران لە هەڵبەستی (تاوێ نەگەڕا)دا كە دەڵێت : (زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعورە خەفەتی من) هەروەك نزیكیش دەبێتەوە لە دێرە بەناوبانگەكەی ت.س ئیلیەت كە دەڵێت :(چی بكەم لەگەڵ ئەم هەموو مەعریفەیە). لێرەوە دەردەكەوێت كە بكەری شیعرەكە وای بۆ دەچێت كە

(بوون /نەبوون ، ئامادەبوون/ ئامادەنەبوون ، كردار دروستكردن /ناكردەیی،..) پەیوەستی عەقڵ و ئیشكردنی عەقڵ و فیكرن . بەڵام (یەك ڕوانگەیی و تاك ڕەهەندی و مەلەكردن لە تەنكاوداو بوون بە گوێگر) دەلالەتی نائامادەبوونی بكەری شیعرەكەن لە ڕووی عەقڵیەتەوە ، لێرەدا مەبەست لە عەقڵ بە مانا

بایۆلۆجیەکەی نییە بەڵکو عەقڵ بە مانای عەقڵانیەت و بەرهەم هێنەری فیکرو مەعریفەو تیرۆزەکردنی ئەو عەقڵانیەتەو پەرینەوەیە لە سنووری غە یبانیەت.

کاتێ بکەری شیعرەکە دووچاری کارەساتی عەقڵ دەبێت ، بەرەو خوردبوونەوەو تێرامان دەچێت و لە ئەنجام دا هەست بە کەم نمودی و نائامادەبوون و شکست دەکات و لە سەر ئەو بنەمایەش وای بۆ دەچێت کە بەرهەمی کارکردنی ئەو کە داهێنانی شیعرە دەمرێت . ئەم کارەساتەش وەهای لێ دەکات کە نەک هەر شکست و نائامادەبوونی خۆی بە ئاسەواری کارەساتی نەبوونی عەقڵ بزانێت ، بەڵکو وا خۆی پێشکەش دەکات کە (ئەم) لە ئەنجامی پرۆسەی کارەسات دروستکەرەوە خوڵقاوە واتە خوڵقێنەر لێرەدا خودی (کارەساتە)کانە . کارەساتیش لە ئەنجامی (بیری زڕو نەزۆک)ی بکەردا دروست بووە ،کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین کاتێ خودی بکەر لەئەنجامی کارەساتدا تێکشکاوە چیتر نەیتوانیووە ببێتە خاوەنی (هزرێک)ی زیندوو بەرهەم هێن ، یان بە شێوەیەکی دی کاتێ بکەر خاوەنی هزرێکی نەزۆک بووە ، نەیتوانیوە بەرەنگاری ڕووداوەکان بکات و ڕێگا لە تێکشکاندنی خۆی بگرێت . ئەوەتا دەڵێ :

چیرۆک لە دوای چیرۆکم ئەمرن و شیعر لە دوای شیعرم ڕەق ئەبنەوە

من کوڕی کارەساتم و کارەساتیش کوڕی ئەم هزرە زڕونەزۆکەم)

ئەم حاڵەتە جووت جەمسەرییەش لە سنووری جوگرافیای مێژووی ئێمەدا بۆتە حاڵەتێکی هەمیشە ئامادەو خودی بکەر کە بریتییە لە نەتەوە تاکو ساتەوەختی ئێستا توانای لێ دەربازبوونی نەبووە.

(٦)

بکەری شیعرەکە ئەلیزابێث دەخاتە حاڵەتی نادیارەوەو ، جارێکی دی (پەریزاد) دەهێنێتەوە نێو پرۆسەی گفتوگۆکردن ، هەمان شێوەی پێشتر وێنەکانی (شکست) بەرجەستە دەکاتەوە کە سەرجەم ناکردەیی و نەتوانینی خودسەلماندنە لە بەرامبەر (دەرەوەدا ـ ئەوانی تر)دا دەنوێنێ . تا ئەو ساتەی کە دەڵێ :

(من پەیامبەری نازای ژێرکەوتووی تۆم
قەڵغانی مێژووی لەدەست پەریو و شمشێری نوشتاوەت
من بکوژی هەموو نەو ڕووبارانەم
کە لە سەرچاوەی خوێنی تۆوە هەڵقوڵین
بکوژی هەتاوی ڕوخسارت...)

لێرەدا بکەری شیعرەکە دەبێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر ، بەڵام ڕوداوی نێگەتیف دروست دەکات دەرهەق بە ماهیەتی پەریزادە کە پێشتر وەکو هێمای زیندوویوونەوە لێی دواین و بە درێژی شیعرەکە وەکو (بۆ گێرەرەوە یان گوێگر) دەردەکەوێت . لێرەشدا ماهیەتی پەریزادە ئاشکراتر دەبێت کە ڕۆحی زیندویوونەوەیە بەڵام بکەری شیعرەکە دەیەوێت ئەو ڕۆحە بکوژێت یان بکوژی ئەو ڕۆحە بووە هەر لەدێر زەمانەوە . . ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرجەستە دەکات کە ئێمە وەکو خودی خۆمان نەک هەر نەمانتوانیووە (ڕابوونەوە) بکەینە پراکتیک بەڵکو لە بارێکی تردا ئەگەر بە (ئاگاوە) بووبێت یان (نائاگایی) ئەوا بە ئاراستە جووڵەی ئەو پراکتیک کردنە هەنگاومان نەناوە . بەڵکو بە پێچەوانەوە بکەری شیعرەکە واتە نەتەوە لە پرۆسەی خۆکوشتنێکی بەردەوامدا بووە .

دوای ئەوەی کە بکەری شیعرەکە تاوانی کوشتنی ڕۆحی زیندویوونەوەو هەرەس پێهێنانی دەخاتە ئەستۆی خۆی ، بە هەیی ئەو مافە دەدات بە پەریزادە کە سزای شایەن بەو تاوانەی بدات و بە سزای خۆیی بگەیەنێت .دیارە پەریزادە بە گومان و دوودڵییەوە لە ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە دەڕوانێت بۆیە بکەری شیعرەکە داوای لێ دەکات بڕیاری خۆی بدات و ئەمی عاشق گوڵەگەنمی پەنجەکانی و بارانی سەوزو سووری و بەخت و لەشێتی پێویستە بێ دوو دڵی بڕیاری لەنێوبردنی ئەم عاشقەی بدات ، لێرەوە دەلالەتێک لە پشتی ئەم هەڵوێستەی بکەری شیعرەکەوە دەردەکەوێت کە ئەم هەڵوێستە نوێیەش دیدی خودی شاعیرە لەوەیدا کە پێمان دەڵێت تاکو

ئێستە بزووتنەوەی کورد گەرچی خۆی بە عاشق ئازادی و زیندوبوونەوە زانیووە کە پەریزادە هێمای ئەو زیندووبوونەوەیە ، ئێستا بکەر گەیشتۆتە ئەو بۆچوونەی کە ئەم ڕۆحی زیندوبوونەوەی فریوداوەو ناشێت هیچ بەدەست بهێنێت بۆیە داوای لێ دەکات کە ئەمی فریودەر بە سزای خۆی بگەیەنێت و چیتر ئومێدی ئەوەی پێ نەبێت کە ئەو ڕۆحە بەرزەکاتەوە بۆ لوتکەی سەروەرێتی و خودسەلماندن و بوون.

بکەری شیعرەکە دوای پەیبردن بە ماهیەتی خۆیی و هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕۆحی ڕابوونەوە ، داوا لە پەریزادە دەکات کە ئەم بە سزای خۆی بگەیەنێ و لەبری ئەم ئەلتەرناتیڤی نوێ بدۆزێتەوە . ئەوەتا دەڵێ :

(پەریزادەکەم دە نیتر بۆ دوو دڵی و بۆ داماوی ؟
لەم شەوە شوومەدا ، لەم شەوە بەدبینەدا وەختێتی ڕابەو
عاشقە بکوژەکەت ، دڵدارە چەقۆکەت ، بارانە ژەهراویەکەت
گوڵە دوژمنەکەت کە منم من ...
بە سزای نەبەدی خۆشەویستی بگەیەنەو
عاشقی نوێو مێژووی نوێو گوڵی نوێ بخوڵقێنە !)

لێرەوە دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە ڕابردووی خۆی ڕەت دەکاتەوە ئەمەش دوو لێکدانەوەی هەیە . یەکەمیان ئەوەیە خودی (بکەر) کە دەبێتە نەتەوەو تاکو ساتەوەختێ ئێستاش ئەنجامی کردەکانی هەرەس و شکست بووە ، بۆیە بەو ئەنجامە ڕازی نیەو داوای سەرزەنشتی خۆیشی دەکات و بگرە سزاش بۆ خۆی پێشنیار دەکات ، لە باری دووەمیشدا پەیوەست بە خودی شاعیر ساتێ لەنێو کۆڕی داهێنەرانی زەمینەی شارستانی ڕۆژئاوادا دادەنیشێت هەست بە لاوازی و نائامادەبوونی مەعنەوی خۆی دەکات ئەزموونی خۆیی پێ کەم بەهایەو دەخوازێ مادەم ئەم تەنها (شیعری ئازار داوەو لە تەنکاودا مەلەی کردووە) کەواتە شایانی ئەوەیە بە سزای (عیشق) ئەبەدی بگەیەندرێت کە عیشق بوون دەلالەتی سپاردن بە یەقینی موتڵەق هەڵدەگرێت لە حاڵەتێکی وەهاشدا گیانی ئەزموونگەری دەمرێت ، ئەمەش لە ڕوانین بۆ خودی شێرکۆ وەکو شاعیرێکی داهێنەرو تا ڕادەیەکی باشیش ئەزموونگەر حاڵەتێکی ڕەتکراوەیە ، بۆیە دەخوازێ ڕۆحی ڕابوونەوە بکەوێتە بزاوتو ئەزموونی نوێ ، مێژووی نوێ ، گوڵی نوێ بخوڵقێنێتو سنووری ئەزموونی ئێستای بەجێ بهێڵێت.

(٧)

لە قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی)دا شێرکۆ لە دەرگای ئەزموونی شکست دەدات ، ئەزموونێك کە یەقینی ئامادە کە پێشتر خەسڵەتی جیهانبینی شیعر (ئەو) بووە تارادەیەك بە جێ ی دەهێڵێت ، یەقین و دڵنیابوون بەرامبەر بە خودی خۆیی و ئاستی داهێنانو مێژوو و ناسنامەی خۆیی و نەتەوایەتی هەرەس دەهێنێتو دوودڵی و گومانو پاشان تێڕامان بەرامبەر مێژوو و کەسێتی نەتەوەو کەسێتی خۆی وەکو شاعیرێکی داهێنەر جێگای دەگرێتەوە ، تێڕامانیش مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی نرخاندنو هەڵسەنگاندن . هەر لەم ڕوانگەیەوە بکەری شیعرەکە تا ئەندازەیەك لە حەقیقەتی ئەو مەسەلانە تێ دەگات کە پێشتر بەلایەوە پیرۆز بوون و شایانی ڕەخنە لێگرتن نەبوون . ئێستا بە چاوێکی تر لێیان دەڕوانێتو لە ئەنجامیشدا سەرجەم بە کەم بەهاو نزم و نائامادە دەیانبینێتو چیتر ئەو ڕاستیەش ناشارێتەوە ، بەڵکو بانگەوازی ئاشکرای خۆی بەرامبەر بە بچوکی و ناپیرۆزی ئەو بابەتانە دەکات کە پێشتر بەلایەوە پڕ بەهاو پیرۆز بوون ، لەم حاڵەتەشدا شاعیر شکستەکانی خۆمانمان نیشان دەدات و دەیەوێت بڕینەکانمان بکولێنێتەوە بەو مەبەستەی ئەوەی باوە نەفی بکەین و لەدوای عەشق نوێو مێژووی نوێو گوڵی نوێ بگەڕێین ، هەموو ئەمانەش دەلالەتی جۆرێك لە ئایندەخوازی هەڵدەگرن کە ئەوەش گەوهەری جیهانبینی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنێتی) . واتە ڕەتکردنەوەی ئێستاو واقیعی باو و گەڕان بە دوای ئایندەیەکی نوێدا کە بکەری شیعرەکە تیایدا بگاتە ئاستی داهێنەرانی دنیاو لە حاڵەتی (گوێگرێتی) دەربچێتو بگاتە ئاستی قسەکەر واتە ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر .

سلێمانی

لە ریالیزمەوە بۆ واقیع

لەپێناوی چیرۆکێکی نوێ دا

نووسینی / ئالان رۆب گرێ
لەتیف هەڵمەت کردوویەتی بە کوردی



هەموو نووسەران خۆیان بە ریالیزمی دەزانن و هەرگیز یەکێکیان نابینین دان بەوەدا بنێ کە رێبازی رووتکاری پێرەو دەکات یا فێلبازە یا داڵغەچییە یالاسایی کەرەوەیە یاخود سەرشێتییەکی هەیە .

ریالیزمی تۆرێك نیە رەنگو رووبەکی دیاری کراوی وای هەبێ کە بواری ئەوەمان بدات بەراوردی هەندێ نووسەر لەگەڵ هەندێکی تریاندا بکەین. بەڵکو زۆر بە پێچەوانەوە چەمکێکی زۆر ئاڵۆزەو ئاڵایەکە لەسەر زۆربەی زۆری نووسەرانی ئەمڕۆدا (ئەگەر نەڵێم لەسەر گشتی)دا دەشەکێتەوەو دەبێ لە سەر ئەم بنەمایە باوەڕ بە



ئالان رۆب گرێ

هەموویان بکەین ... چونکە کاری هەرە گەورەیان جیهانی واقیعەو هەموو یەکێکیان بە هەموو هێزو توانایەکیەوە هەوڵی ئەفراندنی واقیع دەدات.

بەڵام کە لە ژێر ئەم ئاڵایەدا کۆبوونەتەوە هەرگیز بۆ ئەوە نیە کە هەموو بچنە جەرگەی

جەنگێکی هاوبەشەوە بەڵکو بۆ ئەوەیە یەکدی لەت‌و پەت بکەن‌و هەریەکەو گۆشتی برای خۆی بە مردوێتی بخوات.. ڕیالیزم ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە هەریەکەیان لە ڕووی دراوسێکەی بەرزی دەکاتەوە و ئەو خەسڵەتەیە کە هەریەکەیان لە لای خۆیەوە دەیەوێ بۆ خۆی پاوانی بکات.. ئەم کارە بەمجۆرە بەردەوام بووە ... و هەموو قوتابخانەیەکی نوێ بە بیانوو پاڵپشتی ڕیالیزمییەوە دەیەوێ قوتابخانەکەی پێش خۆی تەفرو تونا بکات ... ڕۆمانسییەکان لە دژی کلاسیکییەکان بەم جۆرە هەڵس‌و کەوتیان کردو سروشتییەکانیش لە دژی ڕۆمانسییەکان بەم جۆرە جوڵانەوەو تەنانەت لایەنگرانی ڕێبازی سوریالیزم سووربوون لەسەر ئەوەی کە جگە لە جیهانی واقیع بایەخ بە هیچی دی لە دەرەوەی واقیعدا نادەن ... کەواتە وا دیارە ڕیالیزم پردێکە لە نێوانی نووسەراندا وەک هەستی ڕەوان لە ناو خەڵکدا دەربارەی تێگەیشتنی دیکارت.

لێرەدا دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە هەر هەموویان ڕاست دەکەن‌و ئەگەر ناکۆکییەک لە نێوانیاندا هەبێ ئەوە مانای ئەوەیە هەر یەکەو هزرێکی جیای لە هزری ئەوانی‌دی هەیە لە بارەی واقیعەوە . کلاسیکییەکان لەو باوەڕەدابون کە واقیع کلاسیکییەو ڕۆمانسییەکان وای بۆ دەچوون کە واقیع ڕۆمانسی‌یەو سوریالیزمەکانیش دەیان گووت سووریالی یەو ـ کلۆدیل ـ ڕایدەگەیاند کە واقیع سروشتێکی خوایی‌یەو (کامی) دەیگوت بێ هوودەیی‌یەو مولتەزیمەکانیش دەڵێن واقیع بەر لە هەموو شتێک ئابووری کاری یەو ڕەوتێکی سۆسیالیزمانەی هەیە . هەر یەکەو بە گوێرەی بۆچوونی خۆی لە بارەی جیهانەوە دەدواو دوو کەسیانمان نەبینی یەک دیدیان هەبێ‌و لەو هەڵوێستەیاندا یەک بگرنەوە ... ئەمە جگە لەوەش بە ئاسانی دەزانین بۆچی هەموو شۆڕشێکی ئەدەبی هۆ و بیانووی ریالیزمی دەکات بە دروشم‌و پاساوو دەمامک بۆ خۆی . کاتێ جۆرێک لە جۆرەکانی نووسین بزۆزی و هێزو هەڕەتی سەرەتایی لە دەست دەداو دەبێتە تەنها شێوازێکی سواوو بزاڤێکی لاسایی کاری ... لایەنگرانی لاسایی کاری لەبەر تەمبەڵی و بەردەوامبوون ڕێزی لێدەنێن‌و تەنانەت لە خۆیان ناپرسن بایەخی ئەم بزاڤە چی‌یە ؟ئەو کاتە قسە لەمەڕ گەڕانەوە بۆ واقیع‌و ئاراستەکردنی پەنجەی گومان‌و تاوان بەرەو شێوازە مردۆکان‌و گەڕان بۆ شێوازێکی نوێ کە جێی شێوازە کۆنەکە بگرێتەوە ... زۆر دەبێ . تاوەکو شێوازە سواوەکان نەخەینە لاوە دۆزینەوەی واقیع هیچ پێشکەوتنێک ئەنجام نادات‌و ئێمە جگە لە هەوڵی هەنگاونانی دوورو بەرباڵاو هیچی دیمان لەدەست نایە یامەگەر وای دابنێین هەرچی نەێنی جیهان هەیە هەموووی ئاشکرابوون‌و کەوتوونەتە ڕوو (باشتریش وایە لەم حاڵەتەدا بە تەواوی دەس لە نووسین هەڵگرین) و وای دانەنێین کە مەسەلەکە پەیوەستە بە (باشترین ئەنجامدانەوە ... بەڵکو پێویستە لەسەرمان بەو ڕێگایانەدا پێشکەوین کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە جا ئەو کاتە نووسینی نوێ دەبێتە کارێکی پێویست ... لەوانەیە یەکێکمان لێ ڕاپەڕێ‌و بڵێ : کەڵکی ئەم کارە چی‌یە کە ئەمیش لە ئەنجامدا هەر دەبێتە شێوازێکی نوێی مردوو وەکو ئەوانەی پێش خۆی ...؟ ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات کە لە خۆمان بپرسین سوود لەم ژیانەمان چی‌یە کە لەدوایی‌دا هەر دەمرین‌و جێگا بۆ کەسانی‌دی چۆل دەکەین ... هونەر ژیانە .... هیچ شتێک بە شێوە یەکی



ئەلبێر کامۆ

ڕەهاو کۆتایی نازانێ و بەبێ ئەوەی بە بەردەوامی شتەکان بخزێنێتە بۆتەی پرسیارەوە ناتوانێ بژی و بدرەوشێتەوە . لە توانای ئەم بزاڤ و گۆڕانکاری و شۆڕشانەدا هەیە ڕاپەڕینێکی هەمیشەیی و تەواو بۆ هونەر بەرجەستە بکات ... جگە لەوەش جیهان خۆی لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایەو هەر بۆ نموونە ئەم جیهانەی ئەمڕۆ لە گەڵێ لایەنی جۆربەجۆرەوە هەمان جیهانی پێش سەد ساڵ بەر لە ئێستا نییە . هەروەها ژیانی مادی و هزری و ڕامیاریش بە شێوەیەکی دیار گۆڕاوە ئەمە سەرباری گۆڕانی مۆرکی شارو ماڵ و گوندو ڕێگاو بان و گەڵێ شتی دی لەو جۆرەمان . لە لایەکی ترەوە زانینەکانمان لە بارەی ئەو شتانەوە کە لە میشکماندانو ئەو شتانەی کە لە دەورو بەرماندان (کە زانینگەلێکی زانیاریەیە... جا چ زانیاری مادەبێ یا زانیاری یەک پەیوەندی بە مرووقەوە هەبێ) تووشی گەڵێ گۆڕانکاری هاوتەریب بوون بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سا بە هۆی ئەمەو ئەوەوە سەرجەمی پە یوەندییە خودیەکانمان بە تەواوی لەگەڵ جیهاندا گۆڕاوە . ئەو گۆڕانکارییە بابەتییانەی واقیع کە پەیوەستن بە پێشکەوتنی زانینە سروشتییەکانمانەوە قوڵترین کاریگەرییان هەبووەو هەیە لەسەر زانستی فەلسەفیو زانینمانەوە لە بارەی شتەکانی ئەو دیو سروشتو هەروەها داب و ڕەوشتمانەوە ... تەنانەت ئەگەر وامان دانا چیرۆک جگە لە کۆپیکاری واقیع هیچی دی نەکردووە ناتوانین وای دابنێین کە بنەماکانی واقیعیەتی چیرۆک هاوتەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانکاری یانەدا پێشنەکەوتووە .

بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئەمڕۆ ڕەنگە چیرۆکی سەدەی نۆزدەهەم کە بەردەوام ڕەخنەی سوڤێتی زیاتر لە ڕەخنەی بۆرژوازی لە هەموو بۆنەیەکدا بە بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی دادەنێو تانەو تەشەر لە چیرۆکی نوێ دەدات کە لێی دوور کەوتۆتەوە ... ڕەنگە ئامێرێکی باشی نەبێ... ئەمە لە کاتێکدا کە تاکو ئێستا لە توانای چیرۆکی نوێدا هەیە (بەپێی ئەو ئەحکامانەی کە دەمانگاتێ) بکەوێتە کار بۆ ڕوونکردنەوەی ناهەمواریەکانی جیهانی ئێستا بۆ گەڵو دۆزینەوەی چارەسەری نوێی تەواو بۆ ئەو ناهەمواریانەو هەندێ لە ئاڵۆگۆڕی لابەلاش ئەگەر پێویست بکا. وەکو ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندی هەبێ بە گۆڕینی چەکوشێک یا داسێکەوە ... خۆ ئەگەر پەنامان بۆ وێنەی ئەو ئامێرە برد هیچ کە سێک نییە ئامێرەکانی درەو لەوانە دەڕاسە بە پەرەسەندنی داس بزانێ ... بە ڵکو پەرەسەندنی ئامێرەکە لەوانەیە بۆ درەوکردنی بەروبومێک بەکار بێ هیچ پەیوەندییەکی بە گەنمەوە نەبێ ... بەڵام شتی لەوە مەترسیدار تر هەیە ... چیرۆک هەرگیز ئامێرێک نەبووەو بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاری کراوی پێشینە نەهێنراوەتە کایەوە بۆ پیشاندانو وەرگێڕانی ئەو شتانەش دانەهێنراوە کە پێش خۆی هەنو لێیان بەدەرە ... چیرۆک ئەوەندەی دەپشکنێ ئەوەندەشی ناکاتەوە ...

ئەوەیشی دەیپشکێنێ و لێی دەگەڕێ خودی خۆیەتی .

ڕەخنەی ئەکادیمیانە لە ڕۆژئاواو وڵاتانی شیوعی ووشەی «واقیعیەت» بەکار دێنن وەکو ئەوەی واقیع (بە شێوەیەکی بەردەوام یا پچڕ پچڕ) بە تەواوی دۆزرابێتەوە ... لە کاتی دەرکەوتنی ئەم نووسەرو ئەو نووسەر لەسەر شانۆی ڕووداوەکاندا . بەم جۆرە ڕەخنە وای دادەنێ کە دەوری نووسەر



ئەمیل زۆلا

ئەوە یە واقیعی سەردەمەکەی خۆی بدۆزێتەوەو شی بکاتەوە ... واقیعییەت لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە تەنها مۆلکی ئەو ڕۆمانە بێت کە ڕێزی حەقیقەت دەگرێ و دەشێ خەسڵەتی نووسەر بە تایبەتی وردبینی و ڕاستگۆیی هەمیشەیی بێ (کە زۆرجار پەیوەست بێ بە قسەی ئاشکراوە) خۆ ئەگەر ئەو قیزەونیە ڕەهایە بخەینە لاوە کە ریالیزمی سۆسیالیزمی لە بارەی زیانو بەدڕەوشتی یە سێکسییەکانەوە دەری دەبڕێ ئەوە مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بە وێنەی ڕووتی دیمەنە سەختو قورسەکانەوە (ئای لەم گاڵتەجاڕیە بەبێ ترس لە وروژاندنی ڕقی خوێنەر) ئەوەش بە هەندێ بایەخی تایبەتیەوە بە قەیرانەکانی ژیانی مادی بە تایبەتی تەنگو چەڵەمە خێزانیەکانی چینە هەژارەکان ... ئا بەم جۆرە کارگەو خانووی تەنەکە بە تەبیعەتی حاڵ زیاتر ڕیالیزمانە دەبن لە تەمەڵیو ڕابواردن ... هەروەها ناخۆشی لە شادی ڕیالیزمانەتر دەبێ و بە کورتی بیڵێین دەبێ وەک ئەمیل زۆلا دەری دەبڕێ ڕەنگو واتای بەدەر لە میهری نابەدڵ بە جیهان ببەخشین ... بەڵام ئەمانە هەمووی کەم جار شتێک دەگەیەنێ لەو ساتەوەی کە بۆمان دەردەکەوێ کە نەک تەنها هەر کەسەو بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی ئەوەی بە حەقیقەتی دەزانێ لەم جیهانەدا بەڵکو چیرۆکیش بنەما تایبەتیەکانی خۆی دادەهێنێ و ئامانجی چیرۆک نووسین خەملاندنو ئەفراندنی واقیعە نەک حەقیقەتە چەسپاوەکان کە ئەوە ئەرکی ڕووداوەکانو بەڵگەکانو پەیوەندیە زانستیەکانە . چیرۆکنووسین هەرگیز ئامانجێکی دیاری کراوی نیە تاکو بۆی بگەڕێو ... جیهانی چیرۆک نووسین لەوە بەربڵاوترە سنووری وای بۆ دابنرێ بایەخ بە تایبەتیەکانی مرۆڤو جیهانی مرۆڤ بدات . هەموو ئەوانەش کە هیچ نووسەرێکیان ناوێ جگە لەوانەی کە خاوەنی بۆتەی چەسپاونو هەموو ئەوانەی کە لە گیانی ماملاتێ سڵ دەکەنەوە ... بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ لە ئەدەب بترسن . وەکو هەموو خەڵکێکی کەمنیش چاویەستی واهیمەی واقیعی بووم ... لە چرکەیەکداو لە کاتێکدا کە من چیرۆکی LEVOYEUT م دەنووسی ئەمە بۆ نموونە دەڵێمو کاتێک کە من سووربووم لەسەر وەسفی فرینی نەورەس و جموجووڵی شەپۆلەکان بە ووردی ... هەڵومە رجم بۆ ڕەخسا گەشتێکی زستانەی کورت بۆ ڕۆخی هەرێمی بەریتانیا بکەم . لە ڕێگا خۆم بە خۆم گوت : ئەمە هەڵێکی ڕوخساوە بۆ چاودێری کردنی شتەکان بەشێوەیەکی واقیعیو نوێکردنەوەی

یادەوەریم بەڵام هەر لەگەڵ بینینی یەکەم پەلەوەری دەریایبدا هەستم بە هەڵەی خۆم کرد ... لە لایەك ئەو نەورەسانەی کە من لەو کاتەدا دەمدین تەنها پەیوەندییەکی ئالۆزیان هەبوو بەو بااندانەوە کە من لە کتێبەکەمدا لە سەر وەسپ کردنیان بەردەوام بووم ... لە لایەکی تریشەوە ئەو حاڵەتە یەکسان بوو لە لام ... و ئەو باڵندە نەورەسانەی کە ئەو کاتە سەرنجیان ڕادەکێشام ئەو باڵندانە بوون کە لە خەیاڵمدا نیشتەجێ بوون ... لەوانە شە بڵێم ئەوانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لە جیهانی دەرەوە یا لە بەریتانیاوە دەهاتن .... بەڵام گۆڕانکاریان بە سەردا دەهات و لە ئانو ساتێکدا زیاتر واقیعیانە دە بوون ... کەچی بەر لەوساتە خەیاڵکاری بوون .

هەندێ کاتی دیش کاتێ کە بەرپەرچدانەوەی لەم جۆرە قەڵسی دەکردم : (شتەکان لە ژیاندا بەم شێوەیە نارۆن) و (ئوتێلێك نییە لە ئوتێلی چیرۆکەکەت MARTIENHABA بچێ) و (هیچ مێردێکی هەڵەشە وەك مێردی ناو چیرۆکەکەت JAIOUSIE ڕەفتار ناکات) و (سەرکێشییە تورکیەکانی کەسایەتی چیرۆکەکەت بەناونیشانی IMMORTELLA ناچێتە عەقڵەوە) و (جندیکی وونبوو لە چیرۆکی LEAYRINTNE نیشانە سوپاییەکانی لە شوێنی گونجاودا هەڵناگری) و شتی دی لەو بابەتانە ... من هەوڵدەدەم بەرپەرچدانەوەکانم لەسەر ئاستێکی واقیعی بێ لە بارەی بوونی خودی ئەو ئوتێلەو حەقیقەتی دەروونی ڕاستەوخۆی (کە لەگەڵ شیکردنەوەدا ناگونجێ) ئەو مێردە وە کە ڕەفتاری ژنە بە گومانەکەی (یا زیادەڕۆ لە سروشتکارییەکەیدا بە تەواوی نیگەرانی کردووە ...بەبێ گومان هیوادارم لەم بۆچونەوە بتوانم بەرگری لە چیرۆك و فلیمەکانم بکەم . بەڵام من باش دەزانم نێتم لە جێگایەکی تره ... من ئەوەندەی دروست دەکەم ئەوەندە ناگونجێمەوە ... ئەمەش خواستێکی کۆنی فلۆبێرە کە دەڵێ : شتێك کە لە هیچەوە بنیادی بنێی دەتوانێ هەر خۆی بەبێ هیچ پاڵپشتییەکی دەرەکی خۆی ڕاگرێ ... ئەمەش خواستی چیرۆکە لە حاڵی حازردا ... دەتوانین مۆڵگای دەستەپاچەیی (هاتوو) و (گونجاو لەگەڵ نموونەدا) دیاری بکەین کە ناتوانن ببن بە سەنگی مەحەکی حوکمدان ... هەموو شتێك تێدەپەڕێ وەکو ئەوەی «هەڵە» واتای مەحاڵ و نامەحاڵ و گریمان و درۆ و شتی تری لەو جۆرە بووە بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی چیرۆکی نوێی خەیاڵی .. چیرۆکنووسێکی تەرزێکی نوێی تیادا لە دایك بوو : ئەوەی ئەو شتانەوەسپ دەکات کە دەیانبینێ تەنها هەر مرۆڤ نیەو بەس بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێتە کەسێك شت لە دەوروبەری خۆیدا دادەهێنێو داهێنانەکانی خۆی دەبینێ ... هەر کە ئەم پاڵەوانە چیرۆکنووسانە کەمێك لەگەڵ (کە سایەتییەکاندا) ڕادێن ئیتر گورج فێری درۆ و دەلەسە دەبن و کەسایەتی خۆیان لێ دەگۆڕێو گومان لە خۆیان دەکەن (یا تەنانەت نووسەر هەن ڕۆمانی تایبەتی بە خۆیانەوە دادێنن) لەم بوارەدا پێویستە ئاماژە بۆ گرنگی چیرۆکەکانی (دیمون کینۆ) بکەین کە رستەو جموجوڵێکیان تیادایە بە وردی وێنە کێشراون .... بابەت تیایاندا هەرگیز پەیوەند نیە بە جەقیقەتگەلێکەوە لە ریالیستی نوێداو ئەوە نەما کە کاری ـ لابەلای ـ واقیعی ـ نە لە دیمەنگەی زانستیو نە لە بواری ئەدەبدا سەرنجی ڕۆمان نووس ڕاکێشێ بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەوەی سەرنجی چیرۆکنووس ڕادەکێشێ لەوانە یە ئەو شتە لا بەلا ـ ناڕاستە ـ بێ کە دوای گۆڕانکارییەکی زۆر لەوەیدا دەینوسێ دەیدۆزێتەوە . بەم جۆرە لە یادەوەرییەکانی (کافکا)دا کاتێ لە بارەی گەیشتنێکییەوە لە ڕۆژێکدا تۆماری دەکات دەبینین کافکا کەمجار باسی شتێکی دی دەکات جگە ئەو بە شانە نەبێ کە نەك هەر بێ

بایەخن و بەس بەڵکو وایان دەبینێ کە لە واتاکانیان ترازاون ... واتە لە حەقیقەتە ڕواڵەتەکانیان ـ لە ژوورە تەرک کراوەکەی ناوەندی یەکێ لە شەقامەکان بەبێ ئەوەش کەس هۆی ئەوە بزانێ .. تەنانەت ئەو هێما سەیرو سەمەرەیەی کە یەکێ لە ڕێبواران ئەنجامی دەدات هێمایەکی ناتەواوو گێلانەیەو هیچ فەرمانو مەبەستێکی دیاری کراو ناگەیەنێ ، لەوانەیە ئەوەی ڕاستترین چرپە لە گوێی ڕۆمانتوسدا بەرپا دەکات شتگەلێکی لەم جۆرە بێ .. شتگەلێکی بێنراو بەدەر لە بەکارهێنانیان و ساتگەلێکی بێ جوواڵەو قسەگەلێکی دابڕاو لە هاوکووفەکانیان یاخود پەیڤینێکی ئاڵۆزو هەموو شتێك کە لە باری دابێ گوێ بڕووشێنێو بە دەربێ لە سروشتکاری . ئایا لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بەبێهوودەیی یەوە؟ بە دڵنیایی یەوە نەء . چونکە ئێمە لە جێگەیەکی تردا دەبینین ڕەگەزێکی تەواو پەسەند بەربڵاوە بە هەمان مۆرکی ڕووتی و ئامادەگی یەوە بەبێ پاساوو پێویستی یەك کە کوتوپڕ خودی خۆی بسەپێنێ .. ئەوە هەیەو ئەم بوونەشی کاکڵەی مەسەلەکەیە .. بەڵام سەرچەڵییەك لە بارەی نووسەرەوە هەیە ئەویش ئەوە یە مەترسی میتافیزیقی لەگەڵ گوماندا بۆ بێهوودەیی دەگەڕێتەوە .. و بێ مانایی و لە سەرووی هۆکاری و بۆشایی بە زۆرە ملێ جیهانە شاراوەکانو سەرووی سروشتکارییەکان ڕادەکێشێ.

سەرکێشی کافکا لەو بوارەدا نموونەیی یە .. ئەم نووسەرە ـ ڕیالیزمی یە ـ لەو مانا تازەیەدا کە دەمانەوێ دیاری بکەین : ئافەرینەدەی جیهانێکی مادی یە کە ئامادەگی یەکی خەونکاری هەیە .. هەروەها ئەو نووسەرەیە کە پڕاو پڕە لەمانا .. مانای (قوڵ) لە ڕوانگەی لایەنگرو شیکارەکانیانەوە ... بەزووترین کات پێش هەموو شتێك لە لای جەماوەری خوێنەرانی بوو بەو مرووڤەی کە پەیڤین بۆ ئێمە دروست دەکات لە بارەی شتەکانی ئەم جیهانەوە بە مەبەستی ئەوەی وامان لێ بکات بوونی ژیانێکی دی کە گومانی لێ دەکات لە خۆمان دوور خەینەوە .. بەم جۆرە باسی کارە ساتەکانی (زەوی پێو)ە کەللە ڕەقە ـ دەستکردەکەی ـ دەکات لە ناوەندی خەڵکی گوندەکەدا ... بەڵام ڕەنگە ڕۆمانەکەی بایەخێکی دی نەبێ لەوە زیاتر کە وامان لێ بکات خەون بە ژیانی قەڵایەکی سامناکی نزیك و دوورەوە ببینین .. کاتێ کە ئەو نووسینگەو قاڵدرمەو تووناندەمان دێتە بەرچاو کە (جۆزێف) تیایاندا دوای دادوەری دەکەوێ .. ئەوە ڕەنگە تەنها لەبەر ئەوەبێ باسی چەمکی نازو نیعمەتی لا هووتیمان بۆ بکات .. ئەوەکانی دیش هەر هاوجووتی ئەمەن..کەواتا چیرۆکەکانی ـ کافکا ـ هێمای خوازراوی مەجازیو نەك تەنها هەر ڕاڤە کردنێکیان دەوێ (کە ئەوەندەی کورت دەکاتەوە بڕشت لە ناوەڕۆکەکەی دەبڕێ) بەڵام لەوانە یە ئەم مانایە سەرباری ئەوە کاریگەرێتی هەبێ لە تێکشکاندنی ئەو جیهانە هەست پێکراوەدا کە گۆشتو پۆستی ئەم مانایە پێك دێنێ ... تێکشکاندنێکی بنەڕەتی .. جگە لەوە ئەدەب بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئاخەفتن لە بارەی شتێکی ترەوە دەگرێتە خۆی .. یان دەشێ جیهانێکی ئامادەو جیهانێکی ڕاستەقینە هەبێ یەکەمیان بە تەنها بینراو دەبێو دووەمیان گرنگ دەبێو دە وری ڕۆمانتوسیش دەوری ناوبژی کارەو بە وەسپ کردنێکی درۆینەی شتە بینراوەکان ـ کە شتگەلێکی تەواو هیچ و پووچن ـ ڕەنگە ئەو واقیعە بوورووژێنێ کە لە پشتیانەوە پەنهانە .. ئەوەی کە خوێندنەوە یەکی بێلایەنانە لە لامانی دەخەملێنێ ئەو حەقیقەتە ڕەهایەیە کە (کافکا) باسی دەکات نەك پێچەوانەی ئەوە ... جیهانی بینراوی چیرۆکەکانی بەلای ئەوەوە جیهانی ڕاستەقینەیە ... ئیتر هەر شتێك لە پشت ئەو جیهانەوە بێ (ئەگەر شتێك هەبێ)

بەرامبەر ڕووی شتەکانو هێماکانو قسەکانو بابەتی دی لەو جۆرانە بێ بایەخو بێ نرخن .... ئاسەواری واسواسە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی سەرسامیی یەکەیدا دێتە کایە نەك لە ئەنجامی ئالۆزی و ئالۆزاوی یەوە ... لە کۆتایی دا شتێك نی یە لە وردبینی جوانتربێ .. لەوانەیە قالدرمەکانی (کافکا) بۆ شوێنێکی ترمان بەرێ ... بەڵام هەیەو ئێمە پلە بە پلە دەیانبینینو دوای بەرفراوانی پەرژینەکان دەکەوینو لەوانەیە دیوارە خۆڵەمێشی یەکانی شتێکیان شاردبێتەوە .. بەڵام بیرمان لە ئاستی بۆیە کۆنەو درزەکانیاندا دەوەستێ ... بە جۆرێك ئەوەی کە پاڵەوان بۆی دەگەڕێ لە بەردەم ئەو سەرگەرمی یەدا کە وای لێدەکات دوای بکەوێو ڕێی پێ بگرێو تەنانەت لە جموجوڵە حەقیقەتو هەست پێکراوەکەشیدا ون دەبێ ، پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە لە هەموو بەرهەمەکەدا بەردەوام ڕاستەوخۆ و دەمو دە سەو مۆرکێکی ڕەمزی نیەو ماناگەلێکی قوواڵی میتافیزیق یا ڕامیاری یا دەروونی یاخود ڕەوشتیش هەنو ڕوونکردنەوەی ئەو مانایانەش کە پێشین ئاشکران بە پێچەوانەی خواستی بنەڕەتیی ئەدەبەوەیەو ئێمە دەبێ ئەمڕۆ بایەخ بەو ماناگەلە نەدەین کە لەوانەیە لەمەودوا بەرهەمی چیرۆك بە جیهانی سبەینێی بگەیەنێ .. کە حیکەتدارترین جیهانەو (لە هەمان کاتدا ئەمینترینو بەهرەوەرترین جیهانە) خەڵك بیست ساڵ پێش ئێستا توانیویانە حوکم بەسەر ئەو پاشماوە کۆنەمەی جیهانی (کافکا) دا بدەن کە لە نێوان بەرهەمی ئەو کەسانەدا بەدی دەکرێن کە دوای کافکا هاتنو جگە لە کۆپێکاری ناوەڕۆکی میتافیزیق کافکا هیچی دیان نەکردو واقیعییەتی مامۆستاکەیان لە یاد چۆوە ... کەواتا مانا دەموودەسیەکانی شتەکان مانەوەو بەس (مانای وەسپکاریو لایەنگریو یاخی بوون بە بەردەوامی) واتا ئەو مانایەی کە شتەکانی دەرەوەی مێژوو دەگرێتە خۆی .. هەروەها شتەکانی دەرەوەی چیرۆکی کتێب .. جگە لەوەش لە پشت ئەو دوانەوە مانای قوول (پاکژ) بەرجەستە دەبێو ڕێك لە سەر ئەم مانایە هەوڵی گەڕانو ئەفراندن دەکرێو لە ڕاستیشدا هیچ هەلێك نیە بۆ دەربازبوون لەم مانایە نەوەك ببینین رشتەی بابەتەکە بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر زاڵ بێ ... (میتافیزیقییەت حەزی لە بۆشایی یەو تیادا ڕۆدەچێ وەك چۆن دووکەڵ بە دووکەڵکیشدا دەچێ) چونکە ئێمە بێ هوودەیی دەبینین نەك واتای دەموودەس کە وەکو تیۆر مانایەکی بۆشەو دەسبەجێ دەمبا بەرەو مەزنییەکی نوێ ئەوەش لە ڕێگای گێڕانەوەیەکی میتافیزقیانەوە کە چاك چاك ئاشکرایە ... و دابەشکردنی بێ کۆتایی مانا ش هەموو نوێو مەترسیدارو هەڵەشەکارییەك بەم شێوەیە بونیاد دەنێ و بەدەر لەوە هیچ شتێك بەدیی ناکەین جگە لە هەراوزەنای وشەکان ... بەڵام ئاستە جۆراوجۆرەکانی مانای زمان کە ئاماژەمان بۆ کرد لە نێوان خۆیاندا گەڵ پەلوپۆکارییان هەیەو لەوانەیە واقیعییەتی نوێ گورزەیەك لەم ناکۆکییەی تیۆرەکان بشکێنێ ، ژیانو زانستی ئەمڕۆ باز بەسەر گەڵ لەو ناکۆکییە ئاشکرایانەدا دەدات کە پاشماوەی عەقڵانییەتی سەدە ڕابوردوەکانن . شتێکی ئاسایی یە چیرۆك کە وەکو هەموو هونەرێکی تر لافی ئەوە لێ دەدات کە پێش سیستەمی هزر دەکەوێو نابێتە پاشکۆی ... بەردەوام بێ لە سەر دوو مەسەلەی هاوتای لەناو یەکدا ناکۆك کە ناوەڕۆکو شێوەن ... بابەتگەریو خودکاری .. ماناو بێ مانایی.. بونیادنانو وێرانکردن ... یادەوەریو ئێستا.. بۆچوونو واقیع و شتەکانی دی لەو بابەتانە ... ڕەخنەگرانی ئەمپەڕی ڕاست تا ئەو پەڕی چەپ بانگاشەی ئەوە دەکەن کە ئەم هونەرە نوێیە دەغەزارو پواوەو ڕە شبینەو نامرۆڤانەیە ... بەڵام

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم بانگاشەیە حوکمی مەرگی بەسەردا دەدات.

بە گوێرەی شتگەلێکی ڕابوردوو ئێمە بەردەوام دواکەوتووین ... بۆ نموونە سەیری کۆنکریت کە بە گوێرەی بەردو سەیری (برۆست) کە بە گوێرەی (بلزاك) کەم جار ئەوە کارێکی نامرۆڤانەیە مەگەر داوات لێبکەن ژیانێکی نوێ بۆ مرۆڤ بونیاد بنێی ... ژیانی ڕەش دیار نیە ئەو ساتانە نەبێ کە مرۆڤ بێزار دەبێ لە سەرنجدان لەو جوانیە نوێیانەی کە ژیان دەیانخاتەروو ... و گریانی بەردەوام بەسەر ڕەنگە کۆنەکاندا ... ئەوەی کە هونەری ئەمرۆ پێشنیازی دەکات بۆ خوێنەرو بینەر هەر چۆنێ بێ شێوازێکی ژیانە لە جیهانی ئەمرۆداو شێوازێکی هاوبەشیشە لە ئەفراندنی بەردەوامی جیهانی سبەینێو لە پێناوی گەیشتندا بەم ئامانجە چیرۆکی نوێ داوا لە جەماوەر دەکات باوەڕی بە تواناى ئەدەب لە دەس نەدات و داوا لە چرۆکنووس بکات کە لە پێناوی ئەنجامدانی ئامانجەکانی دا شەرم نەکات... بەندو باوێك بڵاوە پەیوەندی بە (چیرۆکی نوێ) وە هەیە ئەوەش لەو ساتەوە دەستپێکردووە کە ڕەخنە گران کەوتنە تەرخانکردنی وتارەکانیان لە بارەی چیرۆکی نوێوە ئەویش ئەوەیە گوایە مەسەلەکە پەیوەستە بە تەرزێکی سەرپێیەوەو مۆدەیەکەو باوی نامێنێ .. ئەگەر بێت و هەندێ بیر لەم بیرۆڕایە بکەینەوە دەبینین هیچ و پووچ و بێ بایەخە ... چونکە تەنانەت ئەگەر ئێمە ئەم نووسین و ئەو نووسین بەراورد بکەین بە تەرزێك یا شێوازێکی دیاری کراو (گەلێ کەس هەن بەردەوام موتابەعەی شێوازە نوێکان دەکەن شەقڵ و فۆرمی نوێ دێننە کایە بەبێ هەست کردن بە زەروورەتی ئەو کارەو بەڵکو بەبێ تێگەیشتن لە فرمانەکانی ... بێ گومان بەبێ شارەزایی ڕاستکردنەوەی ئەم کارە هەندێ ماندووبوونی دەوێ) چیرۆکی نوێ (لە خراپترین حاڵدا) بڕاڤێکی ئاڵوگۆڕکاریە لە نێوان شێوازەکانداو هەندێکیان دەخوازن ئەوانی تریان پلە بە پلە تێکشکێنن .. وەکو تەرزە جڵو بەرگێکە دەردەکەوێ و دوایی ون دەبێ و تەرزێکی نوێی لێ لە دایك دەبێ .. ئەوەی کە چیرۆکی نوێ باوەڕی پێیەتی بەبێ گرێ و گۆڵ ئەوەیە کە شێوەکانی چیرۆك کۆتایی بێ .. واتا گەمەی هاتنە کایەی تەرزێك و لەناچوونی تەرزێکی دی .. ئێمە بایەخ بەوە نادەین .

پێویستە لەم جۆرە قسانەدا دەربارەی (تەرزە سەر پێیەکان و هێوربوونەوەی یاخی بووان و گەڕانەوەو بۆ لاسایی کردنەوەی ڕێی ڕاست و گەلێ وردبینەی دی لەو جۆرە) هیچ نەبینین جگە لە هەوڵی کۆنی باش بۆ ئەوەی بە وردە بەرزی و جەربەزەیی یەوە بیسەلمێنین کە (لە ڕاستیدا هیچ شتێك ناگۆڕێ)و (هەرگیز شتێکی نوێ لەژێرهەتاودانیە) ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو شتێك بەردەوام لە واقیعدا دەگۆڕێ و بە بەردەوامیش شتی نوێ دێتە کایەوە .. تەنانەت ڕەخنەی ئەکادیمیانە دەخوازێ باوەڕ بە جەماوەر بهێنێ کە چیرۆکی ئەزەلی کەرەستەو ئامێرەکان لووش دەکات و لە دوایی دا ئەو ئامێرو کەرستانە بۆ پەرەپێدانی تانوپۆی کەسایەتی بلزاکییەکان و وێستو خواستە مرۆڤایەتیە بەرزەکان و ڕشتە زەمینییەکانی چیرۆك بەکار دێ . لە ڕاستیشدا لەوانەیە ئەو ڕۆژە بە خێرایی بێتە کایەوە .. بەڵام هەر کە چیرۆکی نوێ دەس دەکات بە خزمەتکردنی شتێکی دیاری کراو .. ئیتر ئەو شتە چ شیکردنەوەی دەروونی بێ و چ چیرۆکی کاسۆلێکی یا ریالیزمی سۆسیالیستی بێ ئەوە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ داهێنەران کە چیرۆکی نوێ دەیەوێ ڕووناکی ببینێ ... ناشزانین ئەم جۆرە چیرۆکە چەندێ سوودی هەیە .

لە گۆڤاری (الطليعة الأدبية)وە ژمارە (١٩٨٦/٨)

سیمرغ

یا

قەقنەس ؟

نووسینی : کوردێکی میژوونووس

پێشەکی :

ژمارە یەکی گۆڤاری گەلاوێژی نوێو شکۆنامەی گەلاوێژم وەرگرت ، سپاسێکی بێ پایان بۆ بەڕێوەبەرانی ڤیستیڤالەکەو شکۆنامە پەخشان کەرەوە .. بەهیوام گەلاوێژی نوێ پەنجا ساڵ پێشکەوتووتر بێت لە گەلاوێژی پێشوو کە سەرەتای ئەدەبی بەرزی کوردی بناغەناو ئێمەمانانی گەیاندە ئەمڕۆ ..

وتارێکی بەڕێز کاك غەفور صالحم خوێندەوە کە لاپەڕەکانی (٣٧ـ٤٧) ی داگیر کردبوو .. وتارەکە ناوی لێکۆڵینەوە بوو لە شیعرێکی سەلاح شوان بەڵام تەواو ڕوون نەبوو کە ڕەخنەبوو ، یان پەسەند ، من نامەوێ بەناوی لێکۆڵینەوە بە هەموو وتارەکەدا بچمەوە ، بەڕاستی ئەوەندە کاتەم نییە ، بۆ جگە لە مێژوو ، ئەو شتانە کە پەیوەندی بە فەرهەنگەوە بێ ، خۆم خەریك بکەم .. تەنها لەبارەی ناوی سیمورغەوە ئەدوێم ، لە لاپەڕە ٤٠ دا نوسیویە « وشەکە - واتا سیمورغ ـ لە ڕچەڵەکەدا فارسییەو لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە ، (سی مرغ) واتا لە زلی و زەبەلاحی دا بە گوێرەی سی مریشکە ، هەروەکو فریدالدین عطاریش وەهای بۆچووە .... تاد»

ئێمەی گەلی کورد زیانەکەمان لقێکە لە زیانەکانی (ئاری) لەبەرئەوە لەگەڵ (هیندی ـ پاکستانی ـ ئەفغانی ـ تاجیکی ـ ئەرمەنی) وشەکانمان هاوبەشی گەلێکن ئەفسانەو چیرۆك و مەتەڵۆکان ، هاوبەشی گەلێن ، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ووشەیانە ، ئەو زاروانە ، کە بەکاریان دێنین ئەنانەت ئەوانەیان کە لە فەرهەنگەکانی ئەم گەلانەدا هاوسەنگ و هاو واتاو هاومەبەستن ، وردەکاری بنوێنین و پتر سەرنج بدەین کە دووچاری هەڵەنەبین و گەلانی هاوبەشی گەزمان لە بەکارهێنانی ووشەو زاراوەو و ڕستەدا بێ سەرنج و ئەندێشە پێمان پێنەکەنن و ڕەخنەمان لێ نەگرن ـ

ووشەی «سیمرغ» لە بنەڕەتا بریتییە لە دوو ووشەی (سین مرغ) لە پەهلەویدا سین Sen لە ئاویستادا ساینو Saeno لە هیندیدا سینا cxena لە ئەرمەنیدا سین cin واتا (باز ـ شاهین) ، لە کتێبی فەروەردی یەشت بەندی ٩٧ نووسراوە : (فەروەردینی پاك دین ساینا Saena هەڵئەنێنم ..) گویا سائینا پیاوێکی ژیر بووە ، پاش پەیدابوونی زەردەشت بە سەد ساڵ هاتووتە ناو ، ئەو (زاڵ) ی پەروەردە کردووە و پێگەیاندووە .. هەندێ ئەڵێن سیمرغ مەلی (عەنقائی) ئەفسانەییە ، کە ئەو (زاڵ) ە لە زەوی هەڵگرتۆتەوەو پەروەردەی کردووە و پێی گەیاندووە ، ئەمەیان وەکو ئەفسانەی (ڕومولوس)ی بەناوبانگی ڕۆمانو یۆنانە ، وەك (سپەڵۆك) ی شیر دایکی کوروشە ، وەك (گورگەبوری) پەروەردگاری (ئوغوزی) باپیرە هەرە گەورەی

تۆرانیەکانە (بورهان قاطع بە ٢ / لا/١٢١١ سیمورغ مەلێکی ئەفسانەییە گویا لە سەر لوتکەی بەرزی (ئەلبو) یا کێوی (قاف) ئەنیشێتەوە ، ئەوەی کە «عطار» وتویە سی مرغ بە سی مامرداناوە هەڵەیە واتایەکی فەرهەنگی نییە تەنیا لەبەر قافیەی شیعر ئەوەی وتوە .. (فەرهەنگی دائرة المعارفی فارسی لاپەرە ١٤١٨ ب ١) لە فەرهەنگەکانا قسە دوورو درێژە دەربارەی ئەفسانەی سیمورغ من باسەکانم کورت کردەوە ... لە بیرت نەچێ شێخ رەزای تاڵەبانی ئەڵێ (سێ شت هەن بێ موسەما.. هەروەکو ئاوی بەقا ، تەیری عەنقا ، شاری جابارڵقا، پڵاوی خانەقا. کاکغەفور صالح پاش ئەوە نووسیویە : بۆ ئەوەی بەردەوامی نەمرایەتی بە رەگەزەکەی خۆی بدات بەدەم خوێنینەوە گڕ لە خۆی بەرئەدات .

کاك غەفور ! ئەمەیان «قەقنەسە» نەك « سیمورغ» ، ئەوەی کە ویستوتە پێشمەرگەی خەباتکاری کورد کە خۆی ئەکا بە پێناوی گەلەکەی بچوێنی بەو مەلە ئەفسانەییە ، لەم رووەوە هەر دەبێ ئافەرینت لێ بکرێ (خزمەت هەر خزمەتە چ مرۆڤ لە رێی راستەوە بۆی بڕوات ، یا بە رێی هەڵەدا ، کە زۆر درەنگتر پێی ئەگاتە ئەنجام .. لەگەڵ ئەوەشا من نازانم ئەو یا صلاح شوان کامیان ئەم بەراوردەیان کردووە ، من بە پێویستی سەرشانم زانی وەکو مێژوونووسێك ، وەکو فەرهەنگ ناسێك ئەم هەڵەیە ڕاست بکەمەوە ... کە ئەوەی مەبەستە قەقنەسە نەك سیمورغ (عەنقا) ، قەقنەس گویا : وشەکە لە بنەڕەتا «ڕومی»یە (لە ئەفسانەکانی یۆنانداو وتراوە کە سرودی مەرگی بۆ ئەپۆڵۆ خوێندووە..) قەقنەس مەلێکە خۆش ڕەنگ ، خۆشئاوازەو دەنگ خۆش دەنووکی /٣٦٠/ کونی تیایە هەمیشە لەسەرکێوێکی بەرز ئەنیشێتەوە بەرامبەر بە (با) ئاوازێکی سەیر لە دەنووکیەوە دەردێ باڵندەو مەل لە دەوری خڕدەبنەوە ، ئنجا ئەکەوێتە ڕاویان .. دەڵێن هەزار ساڵی تەواو ئەژی ، کە مەرگی نزیك بووەوە هێزمو چیلکەیەکی زۆر کۆ ئەکاتەوەو بەسەریەوە ئەنیشێتەوەو ئەکەوێتە خوێندن تا لە دەنگی خۆی مەستو سەرخۆش ئەبێ ، ئنجا پەروبااڵکانی ئەدا بەیەکا تا گڕی لێ ئەکەوێتەوەو هێزمەکە ئاگری تێ بەرئەبێ و ئەبێ بە خۆڵەمێشە ، ئنجا خۆڵەمێشەکە جارێکیتر ئەبێتەوە گەراو هێلکەو قەقنەسی تری لێپەیدا ئەبێ ... گویا : بلوێرو کەرەسە موسیقییەکانیتر بە پەیڕەو لە دەنووکی ئەو و ئاوازی ئەو دروستکراون .. کە ئاوازەکان ژین ئەدەن بە روح (بورهان قاطع لاپەرە ١٥٣٦ / ب/٣/.

شاعرانی کورد زۆرجار ناوی (قەقنەس) یان هێناوە ، دەبوایە کاك غەفوریش کاك صلاح کە هەردوویان ئەدیبو شاعرن ، زۆرچاك لە بیریان بایە کە ئەوڕەحمان پاشای بابان کاتێ دەزگیرانەکەی «حەمە ئاغا» ی دەربەند فەقرەیی خواستبو حەمە ئاغا پارچە هەڵبەستێکی جوانی بۆ نوسیبوو ، لە پاومانا نووسیبووی «شەرت بۆ بێ دوعا نەکێشۆم نەفەس .. تا سەبەب کار یارمەبۆ وەقەقنەس» ، ئەگەر ئەدیبەکانی ئەمرۆمان شێوەی گۆرانی باش نازانن هیچ نەبێ یادێ لە جنێوەکەی شێخ رەضای تاڵەبانی بکەنەوە کە دەربارەی مەلا مارفی زەنگەنەی خزمو خەزوری شێخ جەمالی برازا زای ئەڵێ :

«..... بۆ تۆزی ئاوی .. جەرگی بووە بە قەقنەس» ١١

لە پاومانی ئەم ووشە کورتەدا تکام وایە لە صلاح شوانو لە برادەرانی تری نووسەر و ئەدیب ، کە لە بەکارهێنانی دوو ووشەی (هەرگیز ـ هەمیشە) دا ، ئاگادارین ، لە باتی یەکتری بەکاریان نەهێنن ، «هەمیشە» بۆ جەختە لەسەرکردن (هەمیشە هەوڵ ئەدەم سەر بە دوژمن شۆڕ بکەم ... حەز ئەکەم هەمیشە بۆ نۆکەریی وڵاتەکەم کەمەربەستەبم) بەڵام هەرگیز بۆ جەختە لەسەر نەکردن (هەرگیز ڕێ بە خیانەت نادەم ... هەرگیز نامەوێ جاش لەوڵاتەکەما بمێنێ..)

ئەمانەی وتم مشتێکن لەخەروارێ ...

ئیتر بە خوام سپاردن ..

پەکێتی ڕەگەزو پیرۆزەی پێک گەیاندنەوە

لە جەنگی بە یەکتر گەیشتن دا


ئەحمەد ڕەزا

قەترە ناوێکی باوکە نادەم بووین
لە ڕەحمی حەوادا دروست بووین ..
لە چاوی ئەوەوە خۆشمان ویست
لە گەرووی ئەوەوە پێکەنین
بەدەم سۆزی ئەوینی یەوە
بە شنە شنی گەورە ئەبووین ..
شوانە بارتە قای دایکیەتی
لە کەژاوەکەی ڕۆحیدا ئەخەوتین
بۆ ساتێکی مەمک مژین

ئەوەتابوو نەئەمردین ...

* * *

گوناهـ گوناهی خۆمان بوو
بە یەکەوە فڕێ دراینە سەر زەوی تاوانەکان...
ئەوەڵ ،
کە سێوەکەمان خوارد



دواجار ژەهرو
نێستاش کە مامە نۆش نەکەین ..
کە گەورەش بووین
تۆ بوویتە یەکەم چەقۆ کێش..
منیش هەر زیندە بەچاڵو دەم بەستراو..
لە سەردەمی مەزهەبەوە
مێژووم بوو بە کزۆڵەترین بە جێماو..
بە زەوقترین کە نیزەك .
وەکو شمەك
نەوەڵ مەزاد :
نەم نەیکرێمو .. نەو نەیفرۆشتم
نەمەیە کارەسات ...
* * *

خۆشەویستە دروزنەکەم :
تۆ بە چاوی دەمامکەوە تێم نەڕوانی !!
منیش درەختی باڵام نەبێتە گوڵی گومان ..
لە وەرزش گوڵ کردنیشما
حەز نەکەم بە گوڵ ماچت کەم
نزیکی لێم
هێندەی هەردوو دەستەکانم ..
دووری وەکو قوتبەکانی سەروو خواروو
نێستا هەردوو کەسی یەکین ..
* * *

تۆ سەربازێکی بە زیوی پاش جەنگی سارد
منیش نەوەم کە نەڵێن :
(لە دواتەوە هەم) ..
شێتەم و دان بە شێتی خۆما نەنێم
چونکە باوەڕ بە تۆیەکانی تۆ نەکەم ..
کەواتە هەردووکمان کۆتایی سەرەتا ،
سەرەتای دۆڕانین ..
* * *

کە لە گەڵما نەدوێی
نەو دەمامکە بترازێنە ..
با دڵنیابم لە نهێنیەکانو
کۆتایی بەم جەنگی
بە یەکتر گەیشتنە بێنین ..
* * *

تۆ چڕنوکێکی خوێناوی
هەشقێکی شەهوەتی ..
منیش زارەتڕەکو
بە رۆکی دۆڕاوی شەوێکی هەنگوینی..
بۆ جوانی ڕوخسارم نەمریت و
سەرپەنجەی پیرۆزیم ماچ نەکەی ..
لە دیوی پشتە وەی نەم عەرزەش
خەنجەری کەڵبەتم لە گەردن گیر نەکەی
پەلکە زێڕینەکەی پرچم بانەدەیتو
لەژێر پێلەقەی ڕەحمەتو
نوانەی هاوارتا ڕام نەخەی !
نێستا دوو سەنگەری یەکین
بۆ یەکتری نەمرین.. نەژین ..
پاڵەوانەکەی گەڕەکی کانزاو خوێن ..
سەربازی بەزیوی
پاشماوەی جەنگی سارد..
نەوەتا بستێ لەم ،
زەمینی سەردەمی بیستو یەك
پەنجەیەك لە پەنجە پێکانت ڕاناگرێ
هەرەست هێناوەو
خەریکە نەڕوخێی..
تۆ نەمری
من نەمرم..
نەبیەوە بە حەوا،
نەبمەوە بە ئادەم..



کەژاڵ عەلی

«جەنگی بەیەکتر گەیشتن» (١) ناونیشانی ئەم شیعرەی خاتوو کەژاڵ عەلییە .. نووسینی دەقەکە ، لە سەردەمی جەنگێکدایە کە ڕاستەوخۆ ـ ئاراستەکانی لاشعور دەیهاوێژنە پرۆسەکانی ژیانی خودەوە ، دەبێتە بەشێك لە پێکهێنەرە ناوەندی و هەندێك جار سەرەکیە دەروونیەکان بۆ پرۆژەکانی .

« لە شەڕیشدا دوو کۆمەڵە جیا دەبنەوە ئەوانەی ڕاستە وخۆ مەترسی دێتە ڕێگەی ژیانیان لە ڕێگەی کوشت و بڕەوەو ئەوانی ترسش کە لەماڵەکانیاندا دەمێننەوەو چاوەڕوانی لەدەستدانی ئازیزانیان»(٢) ئەمە وێڕای دەستەی داڕێژەرێ شەر .. کە ئێمەو مانان لە کۆمەڵەین دووەمیندایین و ئاسەواری شەڕ قورستر لە سەرمان دەنیشێت گەرچی ڕاستەوخۆش ناکەوینە ژێر هەڕەشەو گوڕەشەیەوە ، کە ببێتە مایەی خەتەر بۆسەر (من).

شەڕ لەشوێنی هەڵگیرسانیەوە ئەکەوێتە ڕێو گەمارۆی فیکری هەم شەڕکەرو هەم کەسانی دەرەوەشی دەدات . جوانی و دزێوی تێکەڵ دەکات ، ئەوانی پێش خۆیان بیر دەخەنەوە ، ئەو چەسپیوە دەلەقێنێت کە لە چینە قوڵەکانی لاشعوریاندایەو پێی دەڵێن نەمری ـ سەبارەت بە من ئەمەش هەر لە سەردەمی کۆنەوە ـ چاخە سەرەتاکان ـ تا ئێستە دەگرێتەوە .

شەڕ تۆوی بێهودەیی دەچێنێت و تاریکی دابەش دەکات ، شەڕ سەرەتاو کۆتایی هەیە ، بە واتە ناوەند دابڕانە لە پێش و دوای خۆی دڵنیایی لە نێوانی ئەو دوو خاڵەدا ، بڕ دەبێت .. لەو نێوانەدا هەندێ لە واتاو گوزارشتەکان ئاوا دەبن و هەندێ لێکدانەوەو واتای نوێ هەڵدێن ، «ڕزگار دەبین لە وەهمێك»(٣) و بەرەو ڕووی کۆبوونەوەی هەندە وەهمێکی تر دەچین لە فەزایەکی میتۆلۆژی دا.

جەنگی بە یەکتر گەیشتنیش بۆ خۆی جۆرێکە لە ئاهەنگ و مەراسیم و بەم تەرزە شەڕەنگێزانەیەی دەخرێتە ڕوو . دیارە ئەم دوو جەنگە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە . دەنا بەو شێوەیە ئەم بیرۆکەیە نەئەدرایە بەر نەشتەرو کەرنەڤاڵی پێك گەیشتنەوە دەبوو بە ناونیشانی شیعرەکە . کەژێی ناسك کەوتۆتە بەردەم گومانی بێ چاوگەو پرسی جۆراو جۆرەوە ، کە بۆ خۆی دەستی هەیە لە بزواندنی خرۆشاندنی هەندێکیاندا ، دوور لە کرۆکی ئەو بیرۆکەیەی ئەم شیعرەی بەرهەم هێناوە.

زمانی گشتی دابڕشتنەوەی ئەم بیرۆکە یەو لە دەقێکی شیعریدا ، نزیك تر لە زمانی گێڕانەوەی مێژوویەك ، چیرۆکێك .. لە دیوێکی ترشەوە گواستنەوەی زمانی فەلسەفەیە بۆ ناو شیعر ، سوود لە بنەما میتۆلۆژییەکان وەرگیراوە، مێژوو لە ئیحساسی کەنیزەکێکەوە خۆی دەهاوێتە دەقەکەوە ، کێشەو ماملانێی چینەکان و گۆڕانکاریی دیارەکان لە لایەك و لە لایەکی ترشەوە ، سۆزەیەکی عاشقانە بە کەف و کوڵی چەپێڕاوی مێیەکەوە ، هەروەك هەست بەزۆر لێکراوی و گوناهکردن و هەندێك حاڵەتی دەروونی تر ، بۆ خۆیان بەشێکن لە پێکهاتەی بونیادی ئەم دەقە ، کاتێ کە ژێخان بەحوکمی ئەزمونی خۆی وەك شاعیرێك بە هەستێکی ناسك و زمانی مەئلوف دابڕشتۆتەوە .

ئەم دەقە بەقەدەر ئەوەی لە ڕووی ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەی نوێی وێنە شیعری یەکان ـ

فۆرمەلەکردنی نوێگەریانە بۆ وێنەی شیعری ـ کەمتر بایەخی پێ دراوە ، بە قەدەر ئەوەش لە دارشتنەوەی فیکردا وردەکاری لە وشە چنیندا هەیە . دەشێ جەنگ لەمەشدا ئامادەیی هەبووبێت . چونکە ناسینی من بۆ خاتوو کەژاڵ پێش کۆست کەوتنێکی بە شەهیدبوونی برایەکی و ، شاردنەوەی برایەکی تری ، و تێپەڕبوونی بە تەنگژە یەکی دەروونیدا ، جیاوازبوو لە ناسینێك ئەم دەقە دەیخاتە پێش چاو . دەزانین کەژێ سەرباری ڕۆمانسیەتە شیرینەکەی ، زمانی شیعریشی بێ گرێو گۆڵو ڕەوانە . بە توانایە لە دەربڕینی نوێو چواندنی نوێگەریانە . تەنانەت لەم شیعرەشدا هەرچەندە زمانی تایبەتی ڕەچاو کردووە ، دەبینین بە جورئەتەوە فیکری دەخاتە ڕوو . سەلەفیانە گوناهەکان بەسەر کەسدا ساغ ناکاتەوە ، بەرامبەر بە پێ داگرتن لە سەر بەرائەتی خۆی ، وەك هەیە دوای ئەفسانەکان نەکەوتووە ، پڕۆژەیەك بەرهەم دەهێنێتەوە ، گرێکانی خۆی لە پێش چاوە ، پیادەی موسیقاو ئیقاعی باو ناکاتو شتی تریش کە دێتە باس .

لەم شیعرەدا دوو ڕووکاری جیاواز بەدی دەکرێت کە یەکیان تێك شکاندنو بونیاد نانەوەیە ، ئەوی تریش باری دەروونیی شاعیر کە بە تێکەڵی لە باسەکەدا دەردەکەوێت .

پڕۆژەی (مرۆڤی نوێ) ، بەهەموو مەرج و تایبەتمەندێتیەوە کرۆکی بیرۆکەی شاعیرە ، سەرهەڵدانی مرۆڤی نوێ پاش تێك و پێك شکاندنی بونیادی کەسێتی مرۆڤی ئێستەو لەژێر پێ نانی سەقامگیر بووەکانیەتی.

فرۆم لە کتێبەکەیدا (٤) پێی وایە کە دەکرێت گۆڕانکاری لە کەسێتیی مرۆڤدا بکرێت گەر ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

* موعانات و بەئاگابوون لێی .
* دەست نیشانکردنی هۆکاری موعانات
* دەرخستنی دەروازەیەك
* گۆڕانکاری لە موماڕەسەی ژیاندا .

لە شیعرەکەدا ، بە ڕاشکاوی و ڕۆشنبیریەوە موعانات و هۆکارەکانی دەستنیشان کراون و دەروازەی پێك گەیشتنەوەش دەبێتە وەسیلە یەك بۆ گۆڕانکاری بە سەرا هاتنی مومارەسەی ژیان .

تەنانەت هەڵگرتنی خەسڵەتەکانی بونیادی کەسێتی لای فرۆمیش(٥) بە ڕووی ئەو مرۆڤە نوێیەوە دیارە ، کاتێ کەژێ لە پێشنیارێکدا پێی دەڵێ :

کۆتایی بەم جەنگی
بە یەکتر گەیشتنە بێنین .

لە یەکەمین دێری شیعرەکەیدا ، لەدرووستبوونی میسالیانەی مرۆڤ دەدوێت ـ کە دەکرێت وەك ڕەمزو زۆر بە ڕوونیی بەکار هاتبیت ـ لە دوا دێری شیعرەکەشی لە تێکەڵ بوونەوە ، کاتێ نێر دەبێتە حەواو (مێ)یش بە ئادەم . ئەو تێکەڵ کردنە غافڵ گیرانە نیە (٦) ئەو تێکەڵکردنە وەیە نیشاندانی «یەکە» یەکە ، کە تیایدا مرۆڤی نوێو پڕۆژەکەی شاعیر دەگاتە مەبەست . گەر بە نموونە بڵێین (یەکەی دەسەڵات) ، ئەو کات دەردەکەوێت مەبەستی شاعیر ، لەودیوی هاوکێشە نایەکسانەکانی نێوان (نێرومێ) وەیە ، یەکە یەکە لە مرۆڤایەتی بۆ پیادەکردنی ژیانی نوێ .

ئەم ئەلتەرناتیفە بەرامبەر بەو هەموو خوێن و فۆبیایە دێت کە بەسەر هەیکەلی شیعرەکەدا پژاوە . چونکە دەبینین سادیانە بەربۆتە وێزەی ـمن ـ ی ، کە دەڕەڕوی ـ بەرزەمن ـ یەتی ـ گەرچی ئەم نیشاندانە لەژێر کاریگەرێتی سەرکوتکردنی شارستانیانەی غەریزەکانە ، ئەو سەرکوتکردنەی ناهێڵێت بەشێکی زۆر لە پێکهاتووەکانی غەریزە وێرانکاریەکان لە ژیاندا مومارە سەبکەن ـ(٧) بەڵام ئەم خوێنگەریە بۆ نیشاندانی مەترسی مانەوەیە لە هەمەجیەتدا چونکە «مێژوویەك ئاراستەی هەیە ، چارەنووسی هەموو کۆمەڵێك چوونە ناو مێژوو بڕینی قۆناغەکانیەتی دەستپێکی بە هەمەجیەتو گەیشتن بە شاری بوونو شارستانێتی» (٨) لەم قەناعەتەوە شاعیر

پڕۆژە ی ژیانی نوێو مرۆڤی نوێی پێشکەش کردووە.

ئایا ئەو یەکە نوێیەی کە شاعیر وایدەبینێت یەك گرتنەوەی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بێت لە کوێوە چاوگەی گرتووە ؟

بۆ ئەوەی سروشتی پڕۆژەکەی بناسین ، دەست نیشانی ئەو یەکەیە دەکەین کە شاعیر لە بری کۆمۆنەی سەرەتایی دەیگێڕێتەوە بۆ جاڵەتی دی لە نێوان نێرو مێدا کە چەسپاوێو بواری هەڵگرتنی هیچ مەدلوڵێکی تریان نییە .

یەکەمیان لەدرێژ بوونەوەی گوناهی ئادەمەوە .

هاتووە . «ئەو گوناهەی ڕەگەزی مرۆڤی پەرتەوازە کرد ، لەبری ئەوەی کە دەبوایە یەکەیەکی یەککگرتووبوونایەو کێشەی مواڵکداریان نەبوایە» (٩) هەر لە جیابوونەوەی ڕەگەزەکانەوە ئیشارە تێ پێدراوە لە شیعرەکەدا تا سەنگەر لێك گرتنیان ـ چیرۆکی ئادەمو لە بەهەشت وەدەرنانی ـ .

دووەمینیان گفتوگۆ ـ محاورة ـ ی خوان - المائدة ـ یە کە شاعیر بە واتاکان گەڕاوەتەوە سەری ، دەنا هیچای ئاشکرای نەداون .

پێم چاکە پوختەی مەبەستەکە لە گفتوگۆی (خوان) ەوە وەرگرین ، چونکە ئەم بابەتەیان لە ڕۆشنبیری کوردیدا کەمتر ئیشارەتی پێ دراوە :


«لە زمانی ئەریستۆفانسەوە : لە زەمانی یەکەمدا سێ ڕەگەز هەبوون نەك دوان : نێرو مێو نێرەموك ، نێرەموك خەسڵەتەکانی نێرو مێی کۆکردبۆوە ... ئەو ئافەریدە یەکەمینەیە کەیەکی کامڵ بوو ، پشتو لاتەنیشتەکانی خڕبوون ، ٤ شێوەی تۆپێکدابوو ، چوار دەستو چوار قاچی هەبوو ، دوو دەمو چاوی لێك چووی هەبوو کە لە سەر یەك ئەستۆ دامە زرابوون ، ئەو دوو ڕووە تەنیا سەرێك بوو ، بەڵام بە هەموو لایەکدا دەسوڕا ، ڕووەکان یەك لە پشتەوەو ئەوی تر لە پێشەوە ، چوار گوێچکەی هەبوو ، دوو ئەندامی زاوزێ ، واتە ئەو هەموو ئەندامێك و بەرامبەرەکانیشی هەبوون ، ئەو ئافەریدانە وەك ئێمە بەڕێکی دەڕۆیشتن ، بۆ پێشەوەو بۆ دواوە ، ئەگەر ڕای بکردایە هەر هەشت پەلی خڕدەکردەوەو خل دەبۆوە .

هۆی بوونی سێ ڕەگەزی جیاواز ، جیاوازی ئەو سەرچاوانەیە کە لێوەی هاتوون ، نێرینە لە ڕۆژەوە هاتووەو مێینە لە زەویەوە دەرپەڕیوە ، بەڵام نێرەموك لە مانگەوە ، وەك زانراویشە مانگ بەشداری خۆرو زەوی دەکات لە سروشتیاندا ، تواناو هێزیان بە ڕادەیەك ببووە مایەی ترس و تۆقین لە خۆیان بایی ببوون و هێرشیان دەکردە سەر خواوەندەکان و هەوڵیان دەدا بۆیان بچنە ئاسمان . زیۆس (zeus) لەشی کردن بە دوو بەشەوە ، تا لە لایەکەوە خۆی لە ئافاتی ئەوان لابدات ، لە لایەکی تریشەوە مانەوەیان بپارێزێت .

دوای لەت کردنیان ، هەر لەتێك کەوتە گەڕان بە دوی لەتەکەی تریداو کە پێك دەگەیشتن بە تووندی باوەشیان دەکرد بە یەکترا وەك ئەوەی یەکیگرنەوە . بە بەردەوامیی لە باوەشی یەکا ئەمانەوە تا لە برسا دەمردن . زیۆس لە ریفۆرمێکدا کە بە زەیی بە مرۆڤەکاندا دەهاتەوە ، ئەندامی زاوزێی ئەو مرۆڤانەی خستە دیوی پێشەوە ، کە پێشتر لە پشتەوە بوون ، زیۆس بەمە دوو مەبەستی پێکا :ـ یەکەمیان پاراستنی وەچە بە جووت بوونی نێرو مێ ، دووەمیش تێرکردنی ئارەزوو بەو شێوەیە خۆشەویستی لەو سەردەمەدا دووڕەوە لە دایك بوو ، ئەو خۆشەویستییەی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی یەکەم . کەواتە هەریەك لە ئێمە بەشێکە لە دانەیەکی تەواو، هەمیشە بە دووی لەتەکەی تردا وێڵە ، ئەو نێرانەی لە لەت بوونی نێرەموك کەرت بوون حەزیان لە مێیەو عەشق دەبن ،مێیەکانیش بە هەمان شێوە ، کەس ناتوانێ بڵێ کە چێژی سێکسی بە تەنها کامەرانیان بۆ دابین دەکات ، مادام پێکەوەن و لە ناخیانا شەوقو ئارەزوویەك هەیە کە بە ئاسانی دەرنابڕدرێتو ئاماژەی بۆ ناکرێت» (١٠) .

کەواتە نێرو مێ لە یەکەیەکەوە سەریان هەڵداوە کە لە بنە ڕەتدا جیاواز نەبوون ـ لەهەردوو باردا ـ پاشتر بە هۆی پێك هاتەی بیۆلۆژییەوە ، بە هۆی بە هێزیی

نێـرەوە ، مێ فـرێ دراوەتـە پـەراوێـزەوەو وەك کاڵا مامـەڵەی لەگـەڵدا کـراوە ، پـاشـتـریش پرۆژەیـەکی وەك ئەمـەو پاش بڕیـنی قۆناغێکی بـەرچاو لە هـەمـەجیـەت تەبەنی یەکگرتنەوە دەکات .



بەم شێوەیە پرۆژەی مرۆڤی نوێ دەگەیەنێتە ترۆپك . لە کاتێکدا ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە سەر نزیك بوونەوە لەسەدەی بیستو یەکو بڕینی قۆناغە مێژوییەکان دەخاتەوە پێش چاو :

ئەوەتا بستێ لەم
زەمینی سەردەمی بیستویەك
پەنجە یەك لە پەنجە پێکانت ڕاناگرێ.

شاعیر عەفەویانە لە هەرەس هێنانی نێر نادوێت بەڵکو کردوێتی بە ڕەمزی هەمەجیەت ، لە کاتێکدا کە خۆی قوربانیی ئەو هەمەجیەتە بووەو زارەتەك بوونی خـۆی ڕادەگـەیـەنێـت لە پرۆسـەکانی ژیـانـدا بـە خۆڕاگرتنو بۆ چێژ وەرگرتنیش لە پرۆسەی سێکس .

ئـەم بـە ڕەمزکـردنـەش دەگـەڕێنێتـەوە بـۆ گـونـاهی گەورەو پاشتریش بۆ کوشتنی هابیل . بەرامبەر بـەم حاڵەتەش تەفرەدان دەگێڕێتەوە بۆ خۆی لە فریودانەوە ـ هەست کردن بە گوناهـ ـ کزۆڵەیی ـ زارەتڕەك بوون ـ زیندەبەچاڵکردن ـ دەم بەستراوی ـ سەرهەڵدەدەن . تا لە کۆتایی شیعرەکەشدا ئامادەیە گوناهەکانی لە گەڵدا بگۆڕێتەوە ، ئەو ببێتە حەواو خۆشی بە ئادەم ، کاتێك کە دەمرن . بەڵام دیارە هەروەك فرۆید دەڵێ : «لاشعورمان بڕوا بـە مردنی خۆی نـاهێـنێ ، ئـەو وەك ئەوەی نـەمر بێـت ڕێ دەکا .. هیچ شتێك دەربـارەی مردنی خۆی نازانێت ، لەبەر ئەوەی ناتوانین مانایەکی نێگەتیف نەبێت چی دی بدەین بە مرد ن (١١)

شاعیریش لە نەمری دەدوێ ، نەمری لە پێکهێنانی ژیانی نوێدا .گەر بگەڕێنەوە سەر دەقەکە دەبینین لە زۆر شوێندا ئەو وێنانە دێنە پێش چاو کە خرۆشاندنی سێکسی یان هەڵگرتووە ، شاعیریش سێکسی وەك خۆی وەرگرتووەو بە واتا دوانەکی (مزدوج) بە یەکەوە ، کە بریتین لە «سەنتەری سێکس» ـ حیاة جنسیة مرکزیة ـ کـە ئـەمـەیـان لە ڕەگـەزە عـاطیفییـەکانی وەك لێشـاوی سێکسیی و عاتیفە سێکسییەکان پێك دێت ، دووەمین : ژیانی زاوزێکاری ـ الحیاة التناسلیة ـ کە ئەمەشیان ئەو هەستەیە لە کاتی ڕوودانی پرۆسەی سێکسیدا درکی پێ دەکرێتو بەشی کۆتایی کردە سێکسی یەکان پێك دەهێنێت» (١٢)

کەواتە لە دیوێکەوە جووت بوون مەیسەر دەبێتو لە دیـوێکی تریشـەوە ، نـەمری جـۆر پـارێـزراو دەبێـت ، هەروەك گفتوگۆی خوانیش بە نەمری ناوی بردووە .

حەز ئەکەم بە گوڵ ماچت بکەم

★ ★ ★

بۆ جوانی ڕوخسارم ئەمریت و
سەرپەنجەی پیرۆزیم ماچ ئەکەیت

★ ★ ★

بۆ ساتێکی مەمك مژین

★ ★ ★

نزیکی لێم

* * *

لەم وێنە شیعری یانەدا هەست بە لێشاوی سێکسی دەکرێت ، کاتێك خەیاڵ بەرەڵا دەکرێت بۆ پێکەوە بەستنی قوڵترین چینەکانی لاشعور بە باڵاترین بەرهەمی شعورەوە (هونەر) . خەون بە واقیعەوە . کاتێك ـ من ـ دەکە وێنە ژێر پاڵەپەستۆی واقیعەوەو میکانیزمی ئەو کاری خۆی دەکات .. ئەو بەو پێیەی کردەیەکی عەقڵی جیاوازە لە ڕێکەوتنی نێوان منی چێژ لەمنی واقع‌دا باڵا دەکات و زۆر کات پێ لەسەر بەواقعی بوونی دادەگرێت. (١٣)

لەگەڵ ئەمەشدا وێنە جۆراو جۆرەکانی پرۆسەی سێکسی دەبینینەوە لە دەقەکەدا گەرچی ناڕاستەوخۆش بن .

ئەم نەیکڕیەو ئەو نەیفرۆشتم

* * *

سنورو پێناسی یەکین

* * *

تۆ چرنوکێکی خوێناوی
عەشقێکی شەهوەتی ... هتد

* * *

لەگەڵ زانینی ئەو ڕاستیەشدا کە ناوچەخرۆشینەرەکان تەنها لە ئەندامی زاوو زێو دەورووبەری پێك نایەن ، بەڵکوو هەموو ڕووکەشی جەستە دەتوانرێت ببێتە سەنتەری خرۆشاندنو ئینوێتی شکاندن (١٤) لە دەقەکەشدا وێڕای هەردوو لایەنەکەی چەمکی سێکس بەم شێوەیە هەندێك ئەندامی تریش ناویان هاتووە :

(قەتڕە ئاوێکی باوکە ئادەم ، ڕەحم ، چاو ، گەروو ، مەمك ، دەم ، باڵا ، ماچکردن ، دەست ، دواوە ، شەهوەت ، بەرۆك ، پەنجە ، پشتەوە ، گەردن ، پرچ ، پێلەقە ، کەڵبە ، چرنوك ، پەنجەپێ) ئەم شوێنانە هەموو دەکرێت ببنە ئامانجێکی سێکسی و چێژی لێ وەربگیرێت بەڵام لە بەر ئەوەی ڕۆشنبیریەکی کۆمەڵایەتی خۆی سەپاندووە ، شاعیریش نەیتوانیوە ڕوونتر بیانکاتە بابەتی سێکس . لە کاتێکیشدا گەر جێگەی ئامانجە سروشتییەکە بگرنە وە بۆ خۆی دەبێتە جۆرێك لە لادان .(١٥)

لە وەردبوونەوەی موعاناتی شاعیردا دیمەنێکی درامی دەکەوێتە کۆتایی‌یەکانی دەقەکەوە دیسانەوە سێکس وەك هۆیەك بۆ پێك گەشتنەوە بەکار هاتووە ، لای فرۆیدیش پارچە وردەکان بە هۆی مەیلی سێکسییەوە جارێکی دی یەك دەگرنەوە ، گەرچی ئەم بیرۆکە یە وەك گرێمانێك بەکار هاتووە (١٦) بەڵام کەژاڵ بۆ پرۆژەکەی سوودی لێوەرگرتووە ، لە کاتێك‌دا مەبە ستی فرۆید گفتوگۆی خوان بووە .

ئەم مەیلە لای شاعیر جەنگێکی لە پشتەوەیە .. ئەو جەنگەی مێی بەرەو دۆڕان بەکێش کردووە ، لە کۆتایی هەمو سەرەتایەکی پرۆسەکەدا ، سەرەتای دۆڕانێکی نوێ مسۆگەر دەکاتەوە .. شاعیر وای بۆ دەچێت کە ئەم حاڵەتە جۆرێکە لە هیستریاو لەدوا پلەکانیدایە «شێت بوون» دۆڕاوی لە پێشبینییەکدا کە بە هۆی پێك گەیشتنو جووت بونەوە ، بوونەوە بەیەك بهێنێتەدی .. کەچی هەر پاش گەیشتن بە زروەی لەزەت «ئۆرجازم» ، لە پاشەکشێ کردنی هەردوولاوە ، پێشبینی‌یەکە ئاسەواری نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە .. لە

دواوە بوونی مێ بۆ نێر لەو وتەیەوە چاوگەی گرتووە (لە پشتی هەر ناوداڕێکەوە مێیەك هەیە) کەچی سەرباری پێگەبوون بۆ دروست کردنی ناوداڕانی نێر، ساویلکەیی مێ بەرکەماڵە، کاتێك باوەڕ بە نەکشانەوەی نێر دەهێنێت، لە یەکگرتنە وەدا نێر بە حوکمی بونیادە فسیۆلۆژییەکەی زووتر لە پرۆسەکەدا دەگاتە ئۆرجازم ـ دیارە لە لایەکەوە بە لەپێش چاوگرتنی ئەو خەیاڵەی لە نەکشانەوەی نێردا یەکگرتنەوە دێتە دی و لە لایەکی دیشەوە باوەڕهێنان بە نێرێکی دۆڕاوی دوای جەنگی سارد ـ جەنگی کۆنی نێوان نێرو مێ ـ شێت بوون پێ دەگات. بۆیە لەو شێتیەدا هەردوولا بە دۆڕاو دەبینێ:

تۆ سەربازێکی بەزیوی پاش جەنگی سارد
منیش ئەوەم کە ئەڵێن
(لە دواتەوە هەم) ..
شێتم و دان بە شێتێتی خۆما ئەنێم
چونکە باوەڕ بە تۆیەکانی تۆ نەکەم ..
کەواتە هەردووکمان کۆتایی سەرەتا ،

سەرەتای دۆڕانین ،

شاعیر لەم شیعرەدا بە دوو تەوەرەی جیاواز کاری بۆ هاوسەنگی کردوە، وەك پێکگەیشتنەوەی دوو پارچەی دابراو لە یەکترو جووت بونەوەو خۆگرتنەوەی . دە بینین یەکتر تە واوکردن لەم دێرە شیعریانەدا دەردەکەوێت:

مێ

مێژووم بوو بە کزۆڵەترین بەجێماو
منیش هەر زیندە بەچاڵ و دەم بەستراو
بە زەوقترین کەنیزەك
(هێماکانی ماسۆشیەت بە پێچەوانەی کەسی ساذییەوە
چونکە باوەڕ بە تۆیەکانی تۆ دەکەم
(ساویلکەیی)
منیش زارەترەك و
بەرۆکی دڕاوی شەوێکی هەنگوینی
ئەم ئەیگریم و نەو ئەیفرۆشتم
(زەلیلی)

نێر

خەنجەری کەڵبەتم لە گەردن گیر نەکەی
پەلکە زێڕینەی پرچم بائەدەیتو
لە ژێر پێلەقەی رەحمەتو
نوانەی هاوارتا ڕامنە خەی .

(هیماکانی سادیەت لە ئازارو ئەشکەنجەدانی بابەتی سێکسی کە بۆ خۆی هەڵاوسانی مەیلی بکەرە بۆ سێکس (۱۷)

تۆ بە چاوی دەمامکەوە تێم دەڕوانی
(خەڵەتاندن)

تۆ بوویتە یەکەم چەقۆکێش
(سەرکوتکردن)

هەر لە شیعرەکەدا چەندین نموونەی دیش هەن .. لەگەڵ پێدانی ئەم وێنە یەك تە واوکەرانەدا ، هەندێك وێنەی تریش هەن کە دەلالەت لە هاوسەنگی و بەرامبەری دەکەن :

مێ	هاوبه ش	نێر
منیش دره ختێ باڵام	قه تره ئاوێکی باوکه ئاده م بووین	تۆ به چاوی ده مامکه وه
ئه بێته گوڵی گومان	ـ تا ده گاته ـ	تێم ئه ڕوانی
	که گه وره ش بووین	
	* * *	
	ئێستا هه ردوو که سی یه کێ هیچی یه کێن	

من ئه مرم ← تۆ ئه مری

منیش ئه وه م که ئه ڵێن ← تۆ سه ربازێکی
(له دواته وه هه م)

په راوێزه کان

١ـ کوردستانی نوێ ژ ـ ١٤١٤ له ١٩٩٧/٥/٢٢ جه نگی به یه کتر گه یشتن ـ که ژاڵ عه لی

٢ـ افكار لأزمنة الحرب و الموت ـ فرويد ـ ترجمة سمير كرم ، ط٣ ـ ١٩٨٦ ـ دار الطليعة ـ ل٣٠

٣ـ هـ . س ، ل٩

٤ـ الانسان بين الجوهر والمظهر ـ اريك فروم ـ ترجمة سعد زهران ـ كويت ١٩٨٩ ـ ص ١٧٩

٥ـ هـ . س ل ١٨٠ ـ ١٨١

٦ـ ئه گه ر زه للهی زمان یاخود نووسینیش بێت ، فرۆید ده ڵێ : له شاعیرێك زیاتر ڕووی داوه که زه للهی کردووه به وه سیله یه کی ئه داس شیعری . له مه وه بۆمان ده رده که وێت که شاعیر زه لله به شێوه یه ك به کار ناهێنێت که خاڵی بێت له مانا ، به تایبه ت گه ر به ئه نقه ست دروستی کردبێت ، مدخل الى التحليل النفسي ، فرويد ، ترجمة جورج طرابيشي ـ ط١ ـ ١٩٨٠ ل٣٣

٧ـ افكار لأزمنة ... فرويد ـ المشكلة الاقتصادية في الماسوكية ـ ل١١٧

٨ـ مجتمع اللادولة ـ بيار كلاستر ـ ترجمة محمد حسين دكروب ل١٨٧

٩ـ وته یه کی ماکسیمۆس کۆنفیسۆر له کتێبی (الانسان بين الجوهر و المظهر ـ ی فرۆم ل١٣٢

١٠ـ ده مه ته قێی خوان ـ ئه فلاتون ـ وه رگێڕانی ئاوات ئه حمه د ـ ده سنووس

١١ـ افكار لازمنة .... موقفنا ازاء الموت ل٣٧

١٢ـ طريقة التحليل النفسي والعقيدة الفرويدية ـ رولاند دالبيز ـ ترجمة د. حافظ الجمالي ل١٢٩ ـ ١٨١

١٣ـ الحب و الحضارة ـ هربرت ماركۆز ـ ترجمة مطاع صفدي ـ المتخيلة و اليوتۆبيا ـ دار الاداب ـ ١٩٧٠

١٤ـ الثورة الفرويدية ـ بيير فوجيرولا ـ ترجمة حافظ الجمالي ـ دمشق ـ ١٩٧٢

١٥ـ طريقة التحليل النفسي ـ الانحرافات المتصلة بالغاية الجنسية

١٦ـ مه به ست له باوه ڕهێنانی فرۆید به پێکگه یشتنه وه ی پارچه وورده کان ، ئه و بیرۆکه یه که شاعیر کاری تێدا کردووه ، واته دوانه کی ڕه گه زی لای ئه فلاتون که پێشتر باسمان کرد . به ڵام فرۆید وه ك کۆجیتۆ وه ری گرتووه

١٧ـ الثورة الفرويدية ـ الجنسية ـ ل٢٠٢ ـ ٢٠٣

ڕەخنەی ئەدەبی

ڕۆژە

جوانەکان ...

گومانی ئێستا لە گریمانی ئێرەدا



دڵشاد مستەفا

گریمانی بنیاتنانی هەر گوتارێك لەنێو هەر کایەیەکی ڕۆشنبیری مەعریفی دا بۆخۆی داوای گەڵێ پشتیوان و ژێدەر دەکات و دەیەوێت بەهۆی ئەوانەوە جۆرێك لە ئازاستەی بۆ دیاری بکرێت یان چەندین ئامانج و مەبەست تا بتوانێ بەرەو ڕوویان بێتەوە ، هەڵبژاردنی هەر کەناڵێك بۆ بنیات نانی ئاراستەکردن جگە لە پسپۆڕی و سەلیقە پێویستی بە کۆمەڵێکیتر پێکهاتە هەیە تا ئەو هەموو شتانەی وەك پێویستی بابەتی و خودی دێنە گۆڕێ بەئاسانی فەراهەمیان بکات و بتوانێ وەڵامی پرسیارە کەمخایەنو خێراکان بداتەوە و ئەو بەربەستانەش ببەزێنێ کە دەیانەوێت ڕێبڕەوی لێ تێك بدەن یان بگۆڕن .

لەگەڵ ئەوەی لەنێو سەرجەمی پێناسەکاندا گوتار دەتوانێت ساتێکی ئێستا بخاتە گۆ و هێندێکی زۆر گومان بخاتە بەردەم شتەکان .. دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی چالاك بۆ فۆرمۆڵەکردنی پرسیارو ئەو داوایانەی دی کە دەچنەوە نێو کایەکانی مەعریفە نەك خواست (غریزە) بۆیە لەگەڵ ئەوەی مامەڵەکردن لەتەکی شتێکی ئاسان

نییە بنیاتنانو ئاراستەکردن و پاشان سەرلەنوێ بەرکەوتنو خوێندنەوەی لەو ئاسانتر نییە .

جا ئەو ئەفرێنەرەی دەیەوێت ببێتە خاوەنی گوتار یان ئەوەی دەیەوێت گوتارێك بەرەو ئاراستەیەك بەرێت دەتوانێت لە خوێندنەوەی کەلتوورێکی ئینسانی لەوبەر بەرهەم هاتوو دا هەوڵێك بهێنێتە بەرهەم تا ئەو کارەی بۆ ئاسان بکات یان رێگەیەکی دی هەڵدەبژێرێ و بۆ خۆی هەوڵی بنیاتنانی دەدات و دەبێتە زادەی هزری خۆی کە بێ گومان هزرێکی ئەفرێنەرە . لە دوای هەموو ئەو ئاستەنگی و گرفتانەی پرۆسەی ئەفراندن لە ئێستاو ئێرەدا تووشی دێت دەتوانین هەندێ جار لە نێو پرۆسەیەکی هونەریدا سیماکانی جۆرێك لە ئەفراندن بناسینەوە و لەبەردەم لێدوانێکدا ئاراستەو کایەکانی جیا بکەینەوە ، مەرجێکی سەرەکی نییە هەموو چەمکێك کە فرێ دەدرێتە دەرەوەی خود لە ئەفرێنەرەوە بە مەبەستگەرێتی پێك هێنانی گوتار بێت ، کەم جاریش بەبێ هیچ پلانو بەرنامەیەك یان ئاراستەکردنێکی هۆشیارانەو بەمەبەست لە پرۆسەیەکی بەرهەم هێناندا کایەیەك پێك دێت دەشێت هەندێك جار ببێتە کەناڵێك بۆ پەخشی پێکهاتەکانی گوتارێك ئەوسا لەدەرەوەی ئەفرێنەرو خودی ئەو سەیری پرۆسەکە دەکرێتو ئاستەکانی بەرکەوتنو گەیشتن دەکرێنە پێوانەو لەرێی ئەوانەوە پرۆسەکە دەچێتە بەردەم دیدێکی رەخنەگرانە . رەخنە بەو سیفەتەی پشکنین بێت بە دوای واتاکانداو دواتر دۆزینەوەی ئەو هێڵانەی دەتوانن پەیوەندیەکان لەگەڵ وەرگردا بۆ تەواوکردنی پرۆسەی نواندن لەسەر بنەما بە ئاسان هەست پێ کراوەکان بێ .ئەوسا دەتوانێ ئەرکی هەموو ساتێکی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ زەمەنی خۆیدا بەروارد بکات و بیگونجێنێ گەرنا ناتوانێت هیچ جێگەیەك لە نێو هێڵکاریو نەخشەی گشتی پرۆسەکەدا بۆ خۆی دابین بکات . ئەگەر ئەرکی رەخنە تەرجەمەکردنی ئەو چێژە بێت کە هەر پرۆسەیەکی ئەفراندن دەیەخشێت بۆ کۆمەڵێك وشەو بەئاگاهێنانەوەیەکی تری زەینی وەرگرێت لەساتی خۆیدا ئاخۆ دەبێتە پرۆسەیەك بۆ دۆزینەوەی واتاکانو لەوێشەوە بۆ ئاراستەکردنی پرسیار ؟!. ئەو چەمکەی لە هەزارەکانی دووەمدا بەشەریەت دەخاتە بەردەم رەشەبایەکی گەڵێ توندتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێت ؟؟ یان بە ئاراستەیەکی تر تۆ بڵێی رەخنە ئەو کۆگا مەزنەی وەڵام بێت بۆ پرسیارەکانو بتوانێ بەرێکی تری دوانەی پرسیارو وەڵام تەواو بکاتو نەهێڵێت سەرسامیو نیگەرانی وەرگر بە هێندی پێویستی خۆی بەردەوام بێ ؟ ئەو چیا مەزنەبێت لە تێو ساڕای گومانو پرسیارەکاندا ئامادەبێ بەرگەی هەموو زەمین لەرزەو گێژەنێك بگرێت ؟ لەمێژە ئەو پرسیارانە ئاراستەی خودی رەخنە خۆی دەکرێو بە دووی دۆزینەوەی واتایەك بۆ خۆی چەندین کاروان بەرێ خراوەو تا ئێستا مەنزڵی یەقین دووتر بووە لە سەفەری ئەوان .

لەگەڵ ئەوەی رەخنە بۆ خۆی ئیدیعایەك نییە بەردەمی پرۆسەکانی ئەفراندنی گرتبێو بڵێت هەموو کلیلەکانم لایە ، بەڵام زۆرجار دەتوانێت تەمی پەنجەرەکانی ماڵی دەقێك یان هەر بەرهەمهاتوویەکی دی لە پانتاییەکانی ئەدەبو هونەرو فکردا بسڕێو کەمێك بەرچاوی وەرگر ڕوناکتر بکاتەوە .

هەموو ئەوانەی لە پێشەوە وتران بۆ ئەوەن بتوانین لە سەر زەمینەیەکی تیۆری کەمێك پتەو پێ دابگرینە نێو مەبەستی باسەکەوە لە پشت سەنگەری توندو تۆڵی ئەوانەوە شەڕی خۆمان لەگەڵ واتاو فۆرمو گریمانەکانی گوتارو چەمکەکانی تردا بکەین .

نمایشی شانۆیی گەر وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵی بۆ هێنانەکایەی دیدێك لێی بڕوانین دەتوانین بە پێودانگە گشتگیرییەکان لێی بدوێینو لەگەڵ خۆیدا چەند پەڕەگرافێکی خێرای لەسەر بنووسینو لێی گەڕێین ، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەیاساو ڕێسای جیاوازەوە لەنێو بونیادەکانی کار بکەین و هەموو واتاکانی کەشف بکەین و بتوانین پەی بە نهێنییەکانی

ئەم دیاردەیە بەرین تا نێوەندێ بۆ گرێدانەوەی بە ئێستای ئێرەوە بدۆزینەوە چونکە بە دابڕکردنی لە ئێستای ئێرە خانەگومان دەبین لە توانینی بنیادنان یان ئاراستەکردنی گوتارێك کە سیماکانی ئێمەی پێوە دیاربێت ، ئێمەی کەوتو لە بەردەم قەدەری شوومی دراوسێ دلّ ڕەقو باوکە بێ بەزەییەکاندا ، ئێمەی گریاو بەسەر جەستەی زامداری مێژوویەك لەنەهامەتی ، ئێمەیەك کە نمایشی زامەکانی جەستەمان لە بەردەم دنیادا وەك تاکە ناسنامەیەك وایەو ئامبازی بازگەکانی ئەوی دیمان دەکات . دەبێت (ڕۆژە جوانەکان) ی بیکێتو و داناو شوان و ڤیان لە ئێستاو ئێرەدا بتوانن چی لەو هەموو وێنانەی لەوەوبەر بگۆڕن یان بتوانن ببنە هەڵگری کامە پرسیارو کامە ناڕەزایی بەرامبەر وجودو کامە تووڕە بوون لەبەردەم قەدەریەتی ساتێ ئێمەدا .ئەگەر ئەو پرۆسەیە بەگشتی لەنێو تۆڕی واتاکاندا ببینین دوور لە وەهمەکانیتر، وەهمی ئێستاتیکی کە تووشی هەندێ کەسیتر دێت ناکرێت بە سانایی تێپەڕی بکەین دەتوانین هەریەك لە پێکهاتەکان لەنێو بونیادی سەرەکی خۆیدا بخوێنینەوەو بەوە دیدێکی گشتگیری بەرامبەر سەرجەمی پرۆسە شانۆییەکە دەستەبەرکەیتو بیخەیتە ڕوو بەدەر لەهەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەسیۆرَد دەوترێ کە ناکرێت (صموئیل بیکێت) ی نووسەری ڕۆژە جوانەکان لە دەرەوەی ئەبسۆرد بژمێردرێت یان لە دەقێکی بڕوانرێ . هەوڵ دەدەین دەقەکە چۆن بۆتە هەوێنی بونیادنانی نمایشێکی شانۆیی و ئایا تا چ ڕادەیەك ئەو گوتارە ئەبسۆردییە لەوەو بەر دامەزراوە دەکرێتە نێوەندێك بۆ بەگۆخستن یان لەگەڵ وتنو لەسەروونی ساتێکی ئێمەو پاشتر لەوەش دەکۆڵینەوە ئایا مەبەستێك هەیە لە بەبەرکردنی ئێستاو ئێرەو بەبەری ئەو نمایشەدا. (ڕۆژە جوانەکان) لەنێو خودی خۆی دا چەندین چەمکی هەڵگرتووەو دەیەوێت بە تەنها لە نێو یەك تەوەرەدا نەسوڕێتەوەو خۆی لە قەرەی زۆر شت بدات بەڵام سەرەکیترین چەمکەکانی ئەو لێك دابڕانەیە کە لەنێو پەیوەندییە ئینسانییەکاندا ڕوو دەدات و بەردەوامەو ئەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەیە کە بەسەر بونیادی سۆسیۆلۆژی پەیوەندییەکاندا هاتووەو ئاستەمە لەنوێ لەیەك نزیك بوونەوە لەسەر یەك پرنسیپ یان دۆزینەوەی بنەمایەك بۆ کۆکردنی ئینسانەکان لەسەر یەك ئاست .

ئەو هەموو فشارەی لەسەر بوونی ئەنتۆلۆژیانەی ئینسانە لەگەڵ ئەوەی لێی ناگەڕێ بە ئاسوودەیی بژی هەندێجار تووشی جۆرێك لە دابڕانی دەکات لەگەڵ ژێوارو کەسەکانی دەوروبەریشی جۆرێ لە داکۆکی کردن هەیە لە هێشتنەوەو پارێزگاری کردن لە بوونی سەربەستانەی خۆشبەختی لە لایەن (وینی) یەوە ـ کەسایەتی سەرەکی شانۆییەکە ـ ئەم جۆرە داکۆکی کردنە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە بارودۆخێکدا دەژی دوور لە خۆشبەختیو لە مەینەتیەکی دوایی نەهاتوودا . لەنێو دەقی بیکێتدا وینی ژنێکی پەنجا ساڵ لەنێو چاڵێکدایە لە زەوییەکەداو تیشکی ڕۆژبش لەسەر سەربەتی ، هەموو کاتێك لە نێوان دوو زەنگەکەدا «زەنگی خەوتنو لە خەوڕابوون» بەسەر دەبات ، بەرامبەر ئەو «ویللی»ی هاوسەری (٦٠) ساڵانەی کە لەسەر گژوگیاکە نووستووە لە دەرەوەی ڕیتمی شتەکانەو زەنگێك تەحەکومی پێوە دەکات «زەنگی لە خەو ڕابوونو خەوتن» . ویللی بەهرەی قسەکردنی نییە گەورەترین بەهرەی ئەو تەنها لە نووستن دایە .

بۆیە ناتوانێت وەڵامی ئەو هەموو زۆر بڵێیی یەی وینی بداتەوە تەنها بەیەك ووشە نەبێت بۆیە بە درێژایی ڕۆژ وینی خۆی خەریك دەکات بە هەندێ شتی بێ واتاوە کە ناتوانن لەنێو ئاسایی ترین سستمی ژیان دا هیچ بەرهەم بهێنن تا کاتی زەنگی دووەم دێتو دیسان خەوتن تا هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ ـ وینی هیچ شتێك شك نابات جگە لە قسەکردن تا کاتی خۆی پێ بەسەر بەرێت ، چونکە قسەکردن بۆ ئەو وەك زۆربەی تری کاراکتەرەکانی بیکێت هۆکارێکە بۆ خوڵقاندنی جۆرێك لەگەرم بونەوە تا بەرەنگاری تەنهایی پێ بکات . ئەو

تەنهاییە کوشندەیەی ناخی هەرکەسێك دەکوژێ . (ویللی) پێناسەیەکی تری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە کە بەم شێوەیە دەیڵێت «بەرازێکی زیرەكو خەسێنراو دەبڕێت بۆ سەربڕین» ئەم ئاماژە ڕاستەوخۆیە لەناو بونیادی دەقەکەوە دەتباتە نێو دنیای دەرەوەتر تا پێناسێکی کاراکتەرەکەت بە هەموو پێودانگە دەرەکی‌یەکان بداتێ . لە نێو زانستی ڤیرنتەری دا بەراز گیاندارێکی تەنیاو دوور لە کۆبوونەوەکان ناسراوەو ئەو سیفەتە زاڵەی زۆرجار دەکرێتە پەندو بەکار دەهێنرێت هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا سیفەتی تری هەیە بۆ نمونە تەنها گیاندارە کە هیچ جۆرە غیرەیەکی پێناوانەی نییە بەرامبەر مێیەکەی‌و پێی ئاسایی‌یە هەرجۆرە جوت بونێك لەگەڵ نێرەیەکی تردا ڕوو بدات ، ئەمەش میکانیزمی بیرکردنەوەی (ویللی) و پراکتیکی ژیانی پێکەوە دەردەخات .

زۆرترن ئەو ئاماژانەی دەتوانین بە تەنها لە دەقەکەوە بیانهێنین بۆ لێکدانەوەی کەسایەتییەکان‌و پەیوەندیەکانیان بەڵام ئەوەی باسەکەی ئێمە مەبەستێتی دەقە لەنێو پرۆسەی نمایشدا .

« نمایش پرۆسەیەکی ـ ناتەواو»

دەقی شانۆیی لە دەقی درامی دەچێت لەوەدا کە پەیامێکی ئاراستەکراوی مەبەستگەری‌یە بەمەبەستی دروستکردنی بەردەوامی لە میانەی بەرهەم هێنانی واتاو «خبرەیەکی ئێستاتیکییەوە» . بە پێی بۆچوونەکانی پێرس . خبرەی ئێستاتیکی یەکەی بنچینەیی چێژ وەرگرتنە لە تێگەیشتن‌و تێگەیشتنە لە چێژ».


هاوکات لەگەڵ ئەم ڕایانەی پێرسدا یاکۆبسن لە قسەکردنیدا لەسەر ئەرکی بەردەوامی گرنگی هۆشیاری بەپەیوەندیکردن لەهەردووڵاوە دووپات دەکاتەوە . بە پێی هێڵکاری‌یە تەقلیدی‌یە ناسراوەکە .

نێرەر ـــــ پەیام ـــــ وەرگر

بەڵام دەقی شانۆیی لە بنەچەوە لە دەقی درامیبەوە جیا دەبێتەوە کە پەیامی ئەم ئاراستەی چەند خودێکی تاك‌و سەربەخۆ ناکرێت لە هەرکات‌و شوێنێکدا بەڵکو ئاراستەی «چەند خودێکی» کۆمەڵی دەکرێت کە پابەندی یەکترین لەسەر بنچینەی پەیوەندی «ئێمە ـ ئێستا ـ ئێرە» و ئەم پەیامەش بەهۆی چەندێتی کەناڵەکانی کارکردنەوە دەگەیەنرێت وەك «جوڵە ، سنیۆگرافیا ، ڕوناکی ، مۆسیقا... هتد» لەگەڵ ئەو ڕەوتە زمانەوانیانەی یەکەی گوتاری دەقی درامی پەخشیان دەکات .

چڕی ئەو ئاماژانەی کە دەقێك پەخشیان دەکات (بەپێی پارت) وەهای لێدەکات کایەیەکی دەوڵەمەند بێت بۆ خوێندنەوەی سیمۆلۆژی . ئەم دەوڵەمەندی‌یەی دەقی شانۆیی دەقی نمایشیش دەگرێتەوە کە هەموو شتەکان ، قەبارەو جوڵەکانی تێدا بەرجەستەبوون دەگۆڕرێتە ئاماژەی خاوەنی مەدلولی ئەرکدار کە هیچ جۆرە ونکردن‌و سڕینەوەیەك قبوڵ ناکات (چونکە ئاماژەی شانۆیی گەر هاو وێنەیی یان هێمایی یان کۆك بونی بێت‌و مەدلولی پەیامەکەش گەر ڕاستەقینە یان ناڕاستەوخۆ بێت گەورەترین بایەخ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە ـ ڕولان بارت / چەند ووتارێکی ڕەخنە) دەقی شانۆیی وەك تۆڕێك لە یەکەی سیمۆلۆژی کە پابەندی چەند ئاستێکی ڕەوتی جیاوازە بۆیە چەند بەدوایەك هاتویەکی یەك ئاست‌و تەبا لە ئاماژەو زناك پێك ناهێنێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی چڕو چەند جۆرە ڕەوتێك بەرهەمی دەهێنن کە هەریەکەیان چەند پرنسیبێکی دەلالی‌و ڕێسایی کۆنترۆڵی دەکات‌و لەکۆتاییدا یەك بونیادی یەکانگیر دروست دەکەنەوە . بۆیە دەکرێت دەقی شانۆیی ناوێنانەکەی موکارۆفسکی بۆ بەکاربهێنرێت «دەقی ئاماژەی مەزن» کە لە دوای خۆی هەموو بازنەی زمانەوانی براگ داکۆکی لەم طەرحەی دەکەن .

بەپێی ئەم دیدە سیمیۆلۆژی‌یە دەقی نمایشیش دەچێتە نێو ناوهێنانی (ئاماژەی مەزن)ووتاکانی خۆی لەسەر ئەو بنچینە گشتگیرییە بنیات دەنێت ئەوسا سەرجەمی پێکهاتەکانی نمایشی شانۆیی ملکەچی



یەکەیەك دەکات کە ئامادەبوونێکی دەستەجەمعی واتاکانی ئەو دەخولقێنێ هەریەکەشیان بە پێی توانا رۆشنبیریەکەی و توانا شانۆییەکەی لە دوای ئەم بۆچوونانە ئەو چەمکە گرنگەی ئێمە لێرەدا بەکاری دەهێنین پێشنیارێکی زانای سیمۆلۆجی پۆلندی «تادیووش کۆفزان» ە . (بەر لەناسینی ئەم پۆلێنانەی کۆفزان لە نووسینێك بەر لەچوار ساڵ لەمەوبەر هەمان چەمکم بەکارهێناوە وەك دەرەنجامی خوێندنەوەو هیچی تر) کۆفزان ئەو رەوتە ئاماژەیی یانەی دەقێکی شانۆیی دروست دەکەن بۆ دوو پێوانەی سەرەکی پۆلێن دەکات . سەرەتا بە پێی شێوازەکانی وەرگرتن لە لای بینەرەوەو پاشان لە سۆنگەی شوێن دروست بوونی ئەو ئاماژانەو نەسقیان . لە یەکەم پێوانەوە دەتوانین بنەمایەك دابڕێژین کە لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە یەکەمیان سمپلی ئاماژە بیستراوەکان دەبێت و دووەمیان ئاماژە بینراوەکان دەگرێتەوە . لە دووەمیشیانەوە دەتوانین ئەو ئاماژانەی لە ئاکتەرەوە دێن و ئەوانەشی لە دەرەوەی ئەون جیا بکەینەوە .بەهۆی دۆزینەوەی پەیوەندییەکی وابەستەیی لە نێوان ئەم دوو پێودانگەدا دەتوانین چوار گروپ ئاماژە دیاری بکەین کە پانتای و مەودای زەمەنی دەگرێتەوەو هەموو ئاماژە بیستراوەکان بەنێو زەمەندا دەگوزڕنەوە بەڵام ئاماژە بینراوەکان بەشێوەیەکی گشتی لە پانتایی شوێندا کاردەکەن .. ئەگەر لەسەر ئەو پۆلێنە کاریگەرین دەتوانین لەسەر بنچینەیەك لەم شێوەیە هەردوو پێودانگە کە جیابکەینەوە.

یەکەم : ئاماژە بیستراوەکان :ـ دیالۆژ ، مۆسیقا ، کارتێکەرە دەنگییەکان ، هەردەنگێکیتر .

لەبەر ئەوەی ئەم پێودانگە لایەنێکی گرنگو سەرەکی دەقی نمایش پێك دەهێنێت کاتێك دێینە سەر پراکتیزەکردنی لەنێو ڕۆژە جوانەکان دا دەگەینە ئاکامێك ، دیالۆژ کە بەشێکی ئاماژە بیستراوەکان پێك دەهێنێتو دەبێتە هەڵگری بەشێك لەو گوتارەی دەیەوێت لەڕێی ووشەوە بەشداری بکات ، لەنێو ئەم نمایشەدا زۆربەی زۆری ئەو تایبەتمەندی یە لەدەست دەدات لە پراکتیکداو دەچێتە نێو نەسقێکی یەك ڕیتمیو مۆنۆتۆنیەوە لەلای کاراکتەری (وینی) کە لەدەقەکەدا گەورەترین رووبەری دیالۆژی بەرکەوتووە کە ناتوانێت هیچ جۆرە میکانیزمێك دەستەبەر بکات بۆ گەیشتنەوە بە وەرگر کە ئەوە یەکێکە لەمەرجە هەرە سەرەکیو ئاسانو بەدیهییەکانی نمایشێکی شانۆیی . هاوکات لەگەڵ ئەمەدا مۆسیقا وەك کردەیەکی دەرەکی بوونی

نییەو کارتێکەری دەنگیش بەهەمان شێوە هیچ ڕوبەڕێکی ئەو نمایشە داگیر ناکەن . هەندێ دەنگی نائاسایی کاراکتەری بەرامبەر واتە «ویللی» لەنێو بۆشایی دا زرنگەی دێو جارجارە وەك زناکێکی خودی هەڵێنجراو لە خودی کاراکتەرەکەوە بەدیار دەکەوێت ، کەچی نەکراوەتە بەشێك لەنەسقێکی گونجاو کە تۆڕی ئاماژە بیگرێتە خۆی .

شتێکی زانراوە کە ئەکتەر سێ ڕەهەندی هەیە پابەندی بێت ئەوانیش (ووشەو جوواڵەو پانتایی) یە لێرەدا کاراکتەری «وینی» و ئەکتەرەکەی لە نمایشدا ڕەهەندی یەکەم لەخۆی دەسەنێتەوەو لەهەموو جۆرە وەرگرتنێکی دادەبڕێت بە هۆی ئەو فاکتەرانەی لە سەرەتاوە باسمان کردو چونکە وەرگری ئەم پارچە جوگرافیە لەسەر ئەو شێوازە ئەداکردنەی بە بەردەوام مۆنۆتۆن تووشی بەدحاڵی بوونو بێزاربوون دەبێت و پڕۆسەی وەرگرتن کەمو کورتی تێدەکەوێت بەمەش بەشێك لەلایەنی پێکهاتنی نمایش کە (بیستراوە) بە پێی خشتەکەی (کۆفزان) لە نمایشدا بەو پێیە نایەت کە گونجاوێت و دەبێتە کەمو کورتییەك بۆ نمایشو دەکرێت پڕۆسەکە وەك تاك لایەنو ناتەواو لە قەڵەم بدرێت بەهۆی لەدەستدانی یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی خۆی ...

دووەم : ئاماژە بینراوەکان :ـ
پانتایی ئەکتەرو جەستەو، ڕوناکی ، سنیۆگرافیا کارتێکەرە وێنەییەکان و هەندێکی تر دەگرێتەوە

ئەمەش بەشی دووەمی پڕۆسەکە بە ئاکام دەگەیەنێت هەر بە پێی هەمان ئەو نەخشەیەی باسمان لێوە کرد.

پانتایی وەك لە نێو پێناسە باوەکانی داهاتوو، لەنێو نمایشەکانی ئێرەدا بەرجەستە دەبێت لەناو پەیوەندییەکانی (کاشوین) «زمکان» دا بەرجەستە دەبێتو هەوڵ دەدرێت هەندێجار بارگاوی بکرێت بەو ئاماژانەی کە یان لە خودی دەرهێنەرەوە یان ڕەوتی نمایش لە زەینی وەرگردا دەیخوڵقێنێ دروستدەبن ، پانتایی لە «ڕۆژە جوانەکان» دا گەر بە دابڕاوی لە پەیوەندییەکانی (کاشوێن) لێی بڕوانی دەبینیت خواستراوە لەنێو بونیادی پانتاییەکی درامی کە دەق ژێدەری سەرەکییەتی بەڵام دەق وەك خۆی بەرجەستە نابێت، بەڵکو وەك جێکەوتەی ئەو چەمکانەی دەق دەیانوروژێنێت . پاشتر هەموو ئەو پانتاییە ئەندێشە کراوەی زەینی (چاودێر / دەرهێنەر) بۆ نمایشەکە گریبانی دەکات دەچێتە ناو ئەو ئۆرە ئاماژەییەوە کە بەرەو ڕووی (وەرگر/ بینەر) دەکەوێت و دەیخاتە بەردەم لێپرسینەوەی خوێندنەوەی ئاماژەکان .

گەر پانتایی ڕوتکراوە لە پێکهاتە سنیۆگرافییەکان لێ بڕوانی دەبینی پانتاییەکی علبەیی کە هەمان ئەو پانتاییە باوەیە کەچەند نمایشێکی بەرلەو بە کاری بردووە بەڵام (چاودێر ـ دەرهێنەر) پانتاییەکی تر دادەمەزرێنێ بەهاوکاری سنیۆگرافیاو جەستەی ئەکتەرو تەواوکەرەکانی ترو بە دابڕاوی، لەو پانتاییەدا جوڵەکانو هێڵەکانی جێناهێڵێ چونکە ئاستەمە بە تەنها لەسەرێەك ڕەهەندی خواستراو کار بکەینو ئەوانی ترو فرمانیان بسڕینەوە کەچی هێشتا ئەو ڕەهەندە نەوەك خۆی پێگەیشتبێ و نەوەك دیدی وەرگرێش لێرە بە تەواوی لە سەر ئەو مامەڵە تاك ڕەهەندییە ڕاهاتبێ تا بتوانێ سەرجەمی نمایشەکە بەو دیدەوە بخوێنێتەوە یان وەریگرێت .

بۆیە پانتایی (ڕۆژە جوانەکان) پڕن لەو (مفردانەی) دەتبەنە نێو پەیوەندییەکانی (کاشوێن) تا نمایش دەزگاکەی خۆی لەسەر بنیاد بنێت .

ئەگەر پێکهاتەیەکی دی ئاماژە بینراوەکان ئەکتەرو جەستەیبن ئەوە شوێن گفتوگۆیەکی زۆرەو هەوڵ دەدەین لە باسەکەدا بەشێکی تەنیای بۆ جیا بکەینەوە .

سنیۆگرافیای نێو پانتایی پێکهێنەری سەرەکی بەشدار لە دامەزراندنی پانتایی نمایش لەو پارچە دیکۆرییە بزۆزو جێگرانەدا خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ ئەو مفردانەی دێنە نێو نمایشەکەوەو سستمە وەستاوەکان بۆ ساتێك دەشڵەقێنن و دەڕۆنەوە ناو فەنابوونو عەدەم .

بۆری‌یەك بەشێكی پانتایی‌یەكە داگیر دەكات كە بەشێوەیەكی شاقوڵی هاتۆتە نێو جەستەیەوە كە بنەمای پەیوەندی‌كردن لە دەرەوەی ئەو شوێنەوە بۆ ئەوێ دەستنیشان دەكاتو پێچەوانەی ئەو پرۆسەیەش واتە لەوێوە بۆ دەرەوە ئاستەم یان ڕەت دەكاتەوە . بە بەردەوام نامەو پەیامەكانی دەرەوە دەڕژێنە ئێرە بەڵام تەنانەت هاوارو نالێنو نزولەكانی ئێرە .. ئێرەی دابڕاو بڕیندار ناچێتە دەرەوە . ئەم ئیحالە كردنە بۆ ئێرە لە ئەو پێناسانەوە سەرچاوە دەگرێت كە دەڤی شانۆیی و پرۆسەی نمایش پەیامی خۆیان ئاراستەی چەند خودێكی كۆمەڵی دەكەن كە پەیوەندییەك لەسەر ئاستی «ئێمە / ئێستا / ئێرە) بە یەكتریانەوە دەبەستێتو ئەم پەیامە لەڕێی چەند كەناڵێكەوە دێتە بەرهەم . گەر ئەمە وەك چەمكە هەمیشەیی‌یە وەرگیراوەكەی ئەبسۆرد لێی بڕوانرێ كە ئینسانی پووچگەراو ئینسانی كورد هاوشێوە دەكات هەر لەهەمان چەمكدا پێچەوانەیان دەكاتەوە،و ڕەنگە بەمارەسەیەكی باعەقڵانیش لە قەڵەم بدرێت . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مفردەیەی لەشێوەی چۆك «قضیب» دا هاتۆتە نێو جەستەی نمایشەوە كە لە پیادەكردنی سێكسێكی قەسری دەچێت لەتەك پانتاییدا كە بەپانتایی یادەوەری كاراكتەرەكان دەچوێنرێت . ئەو دەسەڵاتانەی هەمیشە سەرەوە دەبێتە سەرچاوەو ژێدەریان و هەموشتەكانی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە دێت پانتایی ئەندێشەی كەسەكان پڕ دەكات لە پەیامی خۆی بەڵام ئامادە نی‌یە بۆ یەك سات دەرگایەك لەهاواری ئەم بكاتەوە .

ئاشێك (طاحونة) یەك بە درێژایی نمایش چەق پانتایی گرتووەو لەهەندێك حاڵەتی هەڵچوونی نمایشدا خێراو خاو دەبێتەوەو دەچێتە نێو ئەو هێڵانەی هەوڵی چەوەندێرن بۆ بەرگەڕی كردنی مفردەكانی بە ئاماژەی سەرەكی نمایش ، زەمەنی بە بەردبوو بەستوو . خەون .. خواست .. ئارەزوو .. حەز هاوارو سكاڵاو هەموو شتەكانی تر دەچنەوە نێو ئاشەكانی هەواو ئەویش چۆن بۆی بلوێت دەیانهارێو دەیانكاتە جنسێك لە تۆز .

یەكێكی دی لەو مفردانەی لە پانتاییدا وەك فیگەرێكی بزۆك بە دیاردەكەوێت «ئاوێنەیەكی گەورەی بزۆكە» و لە ناو پانتاییەكەدا بەكار دێ ، ئاوێنەیەك كە وێنەكانی خۆیان دەخاتەوە بەرچاو كە هەموو ساتێك ئەو سیما دزێوەی بەرەو ڕووی یەكترە لەنێو چاوی ئەوەوە دێتو خۆیان بیر دەخاتەوە لەو ساتانەی وینی ٨ەستی تەنهایی دایدەگرێت . لە بەردەم ئاوێنەكەدا دەكەوێتە نمایش جەستەی خۆیو سۆزەكانی خۆی لەڕێی ئەوەوە پەخش دەكات .. هەندێ جار ئەو ئاوێنەیە دەچێتە بەردەم بینەرو سیمای خۆی تێدا دەبینێت بە شێوەیەك تێكەڵاوی نمایش دەبێت ئەوەش دەبێتە فاكتەرێك بۆ بەستنەوەی وەرگر بە نمایشەوە .

جار ناجارێك ئەو ئاوێنەیە فرمانێكی ئێستاتیكیش بەجێ دەهێنێت لە پێچەوانە كردنەوەی تیشكی ڕوونا‌كیو سێبەرو فراكسەكانی تری سەرشانۆ .. دەشێ لەنێو بەكارهێنانەكانی تردا دەرهێنەر لەهەر ساتێكی نمایشدا بیەوێت وەك هەر دالێكی بزۆز لە مردنی ساتە وەختی ڕزگار بكات بە بەخشینی مەدلول لەهەر بارودۆخێكداو مەمەلە پێكردنی وەك پێكهێنەرێكی پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتاو یەكەیەك بێت لە بنیادنانی گوتاری شانۆییدا .

یەكێكی تر لەو مفردانەی لە پانتاییدا بەرچاو دەكەون لەگەڵ بەكاربردندا دەردەكەون ئەو سەتڵانەیە كە بە چەند قەبارەیەكی جیاواز لە لایەكی شانۆ هەڵواسراوە بە قاعیدەیەكدا . ئەم شێوەیە لە شوێنە گشتیو دەزگاكاندا بۆ ئاگر كوژانەوە بەكار دێت بەڵام لە شێوازێكی تردا دروست كراونەتەوە . هەر یەك لەو سەتڵانە جۆرێك مادەی تێدایە «یەكەم ،ئاو» كە لەنێو نمایشەكەدا شوێنێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوەو لە ساتێكدا وینی خۆی پێ تەڕدەكاتو هەڵچونێكی پێ دادەمرکێنێتەوە ..«دووەم ،شیر» بە هەموو ئەو واتایانەی لە جۆری خۆیو ڕەنگو دەرەنجامەكانیدا هەیەتی دێتە نێو سستمی نمایشەوە بە تایبەتی لەو دەمەدا كە وینی لە بەردەم ئاوێنەكەدا دەكەوێتە جوولەو ویللی وەك ئاهەنگ بۆ ئەو سازبوونەی بە سەتڵە شیرەكەوە دەچێتە بەردەمی و نغرۆی یاری‌یەك دەبن لە عەشق

دەچێ.

(سێیەم : گوڵ) دەبێت ئەو ڕێگایانە بەرەو کۆێ بن کە ویللی گوڵپرێژی دەکات ، ئەو دەمەی وینی دوا هەناسە بەسەر پارچەیەك سەهۆڵەوە دەسپێرێ . لەو مفرەدانەی تر کە دەچنە نێو پانتایی ئەو باوڵانەیە کە دەردەکەون لە ناوەڕاستی ناوەڕاستدا و سەرەتا وینی لێوە دێت دەکرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ڕابردوویەك لێی بڕوانرێت کە مێژووی کەسەکان و هەموو یادەوەریانی تێدایە ، هەموو ئەو سۆزو میهرو هەستانەی لەنێو باوڵەکاندا چەند ساڵەوینی هەڵیگرتوون و وەك شێوازی ژیانی خۆی بەسەرچوون بۆیە هەردەم حەز دەکات بکاتەوەو بە شێوازە کۆنەکەو لەگەڵ ساتەکانی یادەوەری خۆیدا تەماهی بکاتە وەو لە نێویاندا بژی .

یەکێکی دی لەو مفرەدانەی لە نمایشدا دێتە نێو پانتایی و بارگاوی دەبێت بە چەندین مەدلولی خێراو لە شوێن خۆیدا چەندین کایەش ڕەت دەکاتەوە . ئەو پارچە سەهۆڵەیە کە ویللی دەیهێنێت وەك زناکێکی ناجێگیر هەڵگری چەندین زاتای نهێنی و ئاشکرا دەبێت . لەناو بونیادی نمایشدا ئەوەی لەنێو دەقەوە خواستراوە ساردی ئەو پەیوەندییەی لەنێو دوو کاراکتەرەکەدا هەیە ئەوان بنەمای پەیوەندییەکەیان ئەوەندە گەرمیو سۆزداری تێدا نییە تا ئەو لەمپەرانەی نێوانیان نەهێڵیو بە عەشقەوە یەکتر لە ئامێز بگرن بۆیە دەکرێت نێوانیان بە پارچەیەك سەهۆڵ بچوێنرێت . ڕۆحی ئەو دوو کاراکتەرە چۆتە پلەکانی ژێر سفری سەدیو وەك پارچەیەك سەهۆڵ گوزارشت لە خۆی دەکات بۆیە دەشێت هەموو کات ویللی لە جێی باوەشێك لە میهرەبانترین دنیاوە بهێنێ دوا دیاری بۆ عاشقەکەی ڕۆحی بەستوی خۆیەتی وەك پارچەیەك سەهۆڵ . یەکێکی دی لەو ئاماژانەی دەکرێت ئەو مفرەدەیە لە خۆی بگرێت ئەو ساردییە سێکسییەیە کە (ویللی) توشی هاتووەو لەساتی قژبڕینەکانی (وینی)دا بەرجەستەی دەکات و بۆ دواجار وینی بە حوکمی ئەو قەدەرە قایلەو لەسەر ئەو پارچە سەهۆڵە دوا هەناسە دەدات .

هەندێ جار چەند چەمکێك لە دەرەوەی نمایش بەسەرنمایشدا دەسەپێنریو زۆرجار جێکەوتەی ڕایەکانی (وەرگر ـ ڕەخنەگر) ە لەساتی خۆیدا هەر دیسان بەهۆی ئەو سروونە دەستەجەمعییەی وەرگرو نێرەر کۆدەکاتەوە دەکرێت ئەو ساتانەی وەرگرتن بە بەخشینەکانی نمایش بەراورد بکەین . پەیوەندی نێوان کەسەکانی ئێرە پەیوەندی نێوان هێزە لەیەك دوورو بەشەڕ هاتووەکانی ئێرە ئەوەندەی مێژووی پەیوەندییەکی ساردو سڕو لێك دابڕانە ئەوەندە پەیوەندییەکی گەرمو لەئامێزگرتن نییە ، بۆیە زەحمەتە جارێکی دی ئاشناکردنەوەی یەکتر بە مێژوویەك کە ئەوە ماهیەتەکەی بێت ، ئەو مێژووە ناتوانێت ببێتە فاکتەرێك بۆ لەیەکتر نزیك بوونەوە بەڵکو پێچەوانەی ئەو خواستە پراکتیك دەکات .. ڕۆحمان بۆتە پارچەیەك سەهۆڵ و بەرگەی گەرمی شەڕێکی تر، ماڵوێرانییەکی تر ناگرێت . هێدی هێدی دەتوێنەوو توشی فەنابوون دەبینو تۆش لەو مردنە بێ دەنگو هیواشەمان ناڕوانیت ئەی جیهان بۆیە ئەم هەڵوێستەهەڵدەبژێرینو نامەکانی تۆش ناخوێنینەوە . هەموو ئەو مفرەدانەی لەنێو پانتاییدا دەردەکەون لەسەرەتاوە بە خامێکی سپی وەك مردوو داپۆشراون .. هەموو مفردەکان بەرلەوەی بەرفرمان بخرێن وەك مردوو دەردەکەون . هەموو پێکهاتەکانی نێو ئەو ماڵە بەکەسایەتییەکانەوە مردوون تا زیندووبوونەوە . مردون تا دەکەونە بەردەم فرمانی بەکارهێنان . هەرشوێنێك کە بۆ ماوەیەك تەرك و چۆڵ دەبێت بە خامێکی سپی دادەپۆشرێو جێ دەهێڵرێ ئەو وێنەیەکی نێو یادەوەری گشتییەو دەکرێت کاری لە سەر بکرێتو فاکتەرێکی تربێت بۆ دۆزینەوەی هێڵی پەیوەندیکردن بە بینەرەوە کە سەرەتا تا کۆتایی ئامانجی هەر نمایشێکی شانۆیی بەجێهێنانی ئەو پرۆسەیەیەو گەیشتنە بەو ئاکامە . لەنێو نمایشدا ئەو پارچە خامانە هەڵدەواسرێنو بەرەو شوێنگەی خۆیان (سەرەوە) دەڕۆن .. ئەو ڕۆحانەی بەرەو بڵندایی بەرز

دەبنەوە . ڕۆناکی دەتوانێت لەو نمایشەدا وەک هەر پێکهاتەیەکی بینراوی تر فرمانی خۆی بەجێ بهێنێ لە میانەی ڕەنگ و خۆ دۆزینەوەی لە بەدیارخستنی پانتایی و بوونی بە زناکێکی تر بۆ هاوکاریکردنی سستمی نمایش . دەشێت ئەمانە هەموو بەشداری ئەو فاکتەرەبن لەپێکهێنانی سستێکی ئاماژەیی تا بتوانێ واتا بەرهەم بهێنێت کە ئامانجی نمایشە . لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەرکە ئێستاتیکی یەکەی خۆی لەدەست نەدات کە بۆ خوڵقاندنی مودو ئەتمۆسفیر هەوڵێکی گرنگەو بۆ جوانکردنی جوڵەکان ، مفردەکانو پانتایییە بەتاڵەکان کاری خۆی دەکات . ڕوناکی لە ڕۆژە جوانەکاندا هەموو ئەو ئەرکانە بەجێ دەهێنێت کە بۆی نەخشە کێشراوەو لەسەری ڕاهاتوون جگە لەوەی بیرکردنەوەی «نەوژین جەلال» بۆ هێنانە کایەی شتێکی لەوەوبەر نەبینراو وا دەکات ڕۆشنایی لەبن تەختەی شانۆوە پانتایی داگیر بکات و هەندێك تیشکی جوڵاوی تریش واتای دیالۆژێکی وینی پڕ واتاتر بکەنو ڕونی بکەنەوەو بەرجەستەی بکەن (ڕۆشناییە پیرۆزەکە مەرحەبا) ئەمەو ئەرکی خۆیشی لەڕوناککردنەوەو بەدیارخستنی سیمای ئەکتەردا وەک پێویست جێبەجێ دەکات . هەرچەندە تا ئێستا زۆر هەوڵی جدی هەیە بۆ بەخشینی واتایەك بە ڕۆڵی ڕوناکی لە نمایشی شانۆییدا لێرە بەڵام گرفتی سەرەکی «نەبوونی» یە ناهێڵێت ئەو هەوڵو خەونانە ڕۆشنایی ببینن.

ئەم نمایشە ئەوەندەی پشتیوانی خۆی لەجوڵەی ئەکتەرو تەباکردنی لەگەڵ شوێنگەی مفرەداتا هەڵبژاردوە ئەوەندە پشت بە کارتێکەری وێنەیی تری بەدەر لەجەستەی ئەکتەرو تواناکانی نابەستێت . ئەم لایەنە گرنگەی نمایش واتە «بینراو» دەتوانێ لەسەرپێ بوەستێو ئەرکی خۆی شیبکاتەوەو بیخاتە بەردەم گفتوگۆ بەڵام بە هەموو شێوەیەك وون بوونی بیستراو و بێژراو نمایش تەنیا بااڵ دەکاتو ناهێڵێت وەک پڕۆسەیەکی تەواو لێی بڕوانرێ ،گرنگترین لایەنی ئەم بەشە کە جەستەی ئەکتەرو ئاماژەکانییەتی لە نواندندا باسی دەکەین .

«نواندن ـ هێڵە ونەکان ـ ڕێڕەوی نهێنییەکان»

لەمێژەوە سەرجەمی کارمەندانی بواری هونەری شانۆ وێڵن بە دوای ئەو نهێنییە مەزنەی ناوی (نواندن)ە لە دۆق سایکس منگن و سالفینییەوە بۆ (ستانسلاڤسکی) و بنەما سایکۆلۆجیەکانی نواندن تا بیرکردنەوەو پراکتیکەکانی مایرهۆڵو بە پشت بەستن بە زانستی فسیۆلۆجیاو دواتر هەوڵەکانی بڕێخت بۆ دۆزینەوەی جۆرێك لە مامەڵەکردنی ئەکتەر لەگەڵ کەرەستەکانی خۆیو لەگەڵ بینەرداو پاشان ئەزموونەکانی (ئارتۆ) و (کرۆتۆڤسکی) بۆ دۆزینەوەی سستێکی جیاوازترو ئەزمونەکانی دوای ئەوان تا شانۆی سێیەمی (ئۆجینۆباربا) و شانۆی ڕۆژی ئارین مۆشکین ئەم هەموو ئەزموونو هەوڵانە بۆ کردنەوەی گرێی ئەو پرسیارە کە بۆتە خولیای زۆری تر.

لێرەدا ناکرێت بانگەشەی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بکەین بەڵام دەکرێت هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی لە ماهیەتی ئەم پیشەیە تێ بگەینو ئەو کەناڵانە بدۆزینەوە کە دەبنە پاڵپشت بۆ ئەزموونی ئەکتەرێك.

ئاخۆ دەبێت کامە ڕۆشنبیریو تۆڕێنەوە وەک ئامێرێکی پەخشی بەردەوام لە پشتی ئەکتەرەوە بوەستن تا ئەو نهێنییە مەزنە بدۆزێتەوە . لە هەموو یاسا باوەکانی نواندنداو لەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا لەسەر نواندن کراوەو ئەو ڕێسایانەی بۆی دارێژراوە دوو بنەمای سەرەکییان کردۆتە پێوانە بۆ کاری ئەکتەر ئەوانیش «جەستەو دەنگ» ن دواترو لە هەوڵی تردا ئەندێشەشی چووە سەرو بەپێی میتۆدو هەوڵەکانی تر شتی تریان بۆ زیاد دەکرێت .

هەندێك جار ئەکتەر دێتە سەر ئەوەی خبرەیەکی هونەری و چێژێکی جوانکاری بکاتە پاڵپشتی داهێنان و دۆزینەوەی ئەو هێڵە نهێنییەو بچووککردنەوەی ماوەی نێوان خۆیو کاراکتەرەکەیو خاڵێکی یەکلایی کەرەوە بەدەر لەدەستنیشان کردنەکانی ستانسلاڤسکی دەدۆزێتەوەو خۆی لێوە نمایش دەکات . بەهەرحاڵ ئەمانە هەموو دەکرێت وەک دیدێك لێیان بڕوانین و بنەمایەك بن بۆ بەگۆخستنی هونەری نواندن . هەموو

ئەو ئەندێشەیەی ئەکتەرێك دەخاتە گەڕ ئەو ڕۆشنبیریەیە کەڵەکەبووەی وەك خبرەیەك لێی دەڕوانرێ ئەزبەرکردنی ئەو میتۆدە باوانەو تێکەڵاوکردنیان لە بنیاتنانی کاراکتەرێك‌دا دەتوانێت جۆرێك لە (لەخۆوەیی ـ التلقائیة) بەخشێت بەڵام بە پاڵپشتی کایەیەکی مەعریفی ئەو لەخۆوەیی‌یەی ئوجینیۆ باربا باسی لێوە دەکات و وەك ئەو زاراوەیە دەیناسێنێ کە لەناو خودی خۆی‌داو لە بنەچەیدا چەمکی هەڵبژاردنی ئازادی لەخۆ گرتبێ . ئازادی هەڵبژاردن لە بەردەم هەموو ئەلتەرناتیفەکاندا بەبێ وابەستەکردن بە هەڵبژاردنی دیاریکراوێکەوە بەبێ ئەوەی بەربەستە ماددیو سایکۆلۆجیەکان ڕێگربن . دەکرێت ئەم حاڵەتە بە حاڵەتی «پشکنین بە دوی دەروون» دا بچوێنین چونکە لەگەڵ ئەوەی ئازادی خۆی هەیە بەڵام لە چوارچێوەی ڕەوگەیەکی دیاردایەو وا لە ئینسان دەکات هەست بە دڵنیایی‌و متمانە بکات لە نێویدا.

هەر هەمان ڕێساشە کە بەسەر نووسینیش‌دا دەسەپێت «ئەوەی دەیەوێت بنووسێت هەر دەبێت ئاماژەکانی جۆرێك لە ڕێساو ڕێزمان و ووشەی زمانێك بەکار بهێنێت بەڵام دەتوانێت هەندێ گوزارشتی نوێ بهێنێتە کایەوە وەلێ هەر هەمان ئەو لۆژیکە پیادە دەکات کە ڕێزمانی ئەو زمانە دایڕشتووە».

هەموو ئەو گەڕانانە بۆ ئەوەیە بە کەرەستە ئاسایی‌یەکانی خۆی (جەستەو دەنگ) لە فۆرمێکی جیاوازتردا دەربکەوێت . فۆرمێك یان لەنێو پێکهاتەی ناوەکی کارەکتەرەکەیەوە بەش بەش لە پێکهاتەکەی وەرگیرابێت یان فۆرمێکی خوازراوەو لە ئەندێشەیەکی خوڵقێنەرەوە ئامادە دەبێت ئاخۆ هەموو ئەمانە لە بەردەم ساتەکانی نواندن لە ڕۆژە جوانەکان‌دا چۆن دەوەستێتەوە.

دەکرێت ئەم پێشەکی‌یە بمانباتە بەردەم کاراکتەری (ویللی) کە هونەرمەند (شوان عطوف) ڕۆڵەکەی بەرجەستە دەکات ، پشکنینی بە دوی فۆرمێکدا بۆ ئەو کاراکتەرە کە زۆر دوورو جیاوازە لە کاراکتەرێکی ئاسایی نێو ژیانی ، لە هەمان ئەو هەڵکۆڵینە دەچێت کە لێکۆڵەرەوەیەك لە یەکێك لە کایە مەعریفیەکاندا پێویستی پێی دەبێت دەتوانین فۆرمەکانی کاراکتەرەکە لە بونیادە سەرەکییەکەی خۆیدا بخوێنینەوەو بتوانین ئەو ڕێرەوە نهێنییانە بدۆزینەوە کە دەبنە پاڵپشتی دۆزینەوەی فۆرمی کاراکتەرەکە . دەشێت ئەو ڕاهێنانە ڕۆژانەیەی جەستەو دەنگ کە هاوکاری ئامادەکردنی تەکنیکێکی تایبەتن بە ئەکتەر وەك مادەیەکی سەرەتایی بۆ هونەرەکەی پاڵپشت بن بەڵام بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی جیاواز کە ئەو دو کەرەسەیە پراکتیکی بکەن بە تایبەتی لەگەڵ کاراکتەری (ویللی)دا هەوڵێکی پێچەوانەیە پاڵپشت بە یادەوەری ڕێرامانێك . دەشێت ڕێرامانی ئینسانێك لە زنجیرەی بەشەریەت بیگەیەنێتە ئاستێك لە تەماهی کردن لەگەڵ ئەو یەکە جیاجیایانەی ئەو مێژووە پێی دەبەخشن وەك بەشێك لەو ڕۆشنبیرییەی دەبێتە پاڵپشتی وێناکردنەوەی سروشتێك چونکە لە پێناسە ئەنتۆپۆلۆجییەکانی ڕۆشنبیری لەلای (تایلور) ئەو وەڵامەمان دەستگیر دەبێت‌و لە وردبوونەوەمان لە دەرەنجامەکانی (گوی ڕۆشای) لە پێناسەکانی تایلور هەمان ئاکامان چنگ دەکەوێتەوە .

گەر وێناکردنەوەی ئەو سروشتە هەوڵێك نەبێت بۆ گۆڕینی بۆ ڕۆشنبیرییەك لە کایەیەکی مەعریفی جیاوازدا ئەوا شتراوس ووتەنی لە (سێیەمی لێنان ـ المثلث الطبقي) بەدەرنییە (شتراوس بۆ گواستنەوە لەو قۆناغەدا نموونەیەك وەردەگرێت ئەو نموونەیە گەر بە کەناڵی ڕۆشنبیری کردندا بڕوات دەبێتە (لێزاو ـ مطبوخ) و گەر بە کەناڵی سروشتیدا ئ‌ەڕێت دەبێتە بۆگەن («متعفن») سوسیولۆجیا (الثقافة ـ د. طاهر اللبیب ص١٤) ئەو نموونەیەی ئەکتەر هەیەتی بۆ بەراورد بەمە ئەو تواناو ووزە شاراوەیەیە کە دەبێت کەناڵێك بۆ خۆنمایش کردن بدۆزێتەوە . کۆبونەوەی ئەو وێنانەی زنجیرەی بەشەری گەر لە یادەوەری‌دا بێت و وەك بنەما سایکۆلۆجییەکان ئەوا بەپێی میتۆدی (ستانسلاڤسکی) بەهۆی کردەیەکی دەرەکییەوە سۆزە

یادەوەری دەبزوێت و ئەو وێنانە دەخاتە گەڕ ، بەڵام ئاخۆ دەبێت ئەو کردە دەرەکییە کامەبێت کە وێنەیەکی لەنێو خودی ڕۆشنبیریەکەوە بەخشراو بەهێزێتەوە بەر دیدی ئەکتەرێك . دەکرێت لێرەدا لە پشکنین لە دوی ئەو ڕێڕەوە نهێنییانەدا لە هەوڵدا بۆ دۆزینەوەی هێڵە ونەکان زاراوەیەك بهێنینە کایەوە کەوا هەست دەکرێت دەتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو ناوەی ونە . دەبێت ڕێڕەوێکی نهێنی هەبێت لەنێو دەماغی بەشەردا تا بتوانێ ببێتە ژێدەری ئەو ئەندێشەیە ئەندێشەیەك کە تێڕامان لە سلالەی بە شەری پێکهێنابێت دەشێت ناوبرێت بە (ئەندێشەی ئەنترۆپۆلۆجی) کە وەك چەمکێکی نوێ کایەکەی خۆی بەجێ هێشتوەو دێتە ناو شانۆوە نەك وەك تەنها ناوهێنان و خۆدزینەوە لە لێپرسراوێتی پرسیار.. ئەر فۆرمەی ئەم زاراوەیە دەوروژێنێت ئەو فۆرمەیە کە ویللی لەسەرەتاوە دەیبەخشێتو تێڕامان لە مێژووی بوونی ئینسان ، تێڕامان لە چیرۆکەکانی خەلیقە لە حکایەتەکانی بوونی بەشەر لە ئادەم لە ئەفسانەکانی تر کە ئادەم ئاوەژو دەکەنەوە لە سیرەی پێغەمبەران لە سروتە ئینسانییەکان لە ئاینەکان لە کۆبوونەوەی مەزهەبو ڕەوتە جیاوازەکان لەکۆی بزاڤێك هەبێت بتوانێ لەنێو کایەیەکی ژیاریدا خۆی نمایش بکات و مێژوو چاوێ کردبێتو لێی دوابێت ئەمانە بونەتە کەرەستەیەکی دەوڵەمەند بۆ دۆزینەوەی فۆرمێك بۆ ویللی . ئەمانە زەینی چاودێرێك دەیانخاتە نێو ڕەوتی نمایشەوەو لەنێو وەهمی خۆشحاڵبوونی ئەکتەرێك بە توانا جەستەییەکانی خۆی دەریازبان دەکات . میتافیزیکێك هەیە لەسەرو جەستەو دەنگو ئەندێشەو لەسەرو ئەو ناوچانەش کە لەناو هەندێ دیدگای ئاینی دا هەیە . دەشێت بچوێنرێت بەو ناخە مێشکەی ستانسلافسکی نەچۆتە ئەودیوو کەنارەکانییەوە بەڵام چاککراو «مطعم» بە ڕۆشنبیری.

ئەو ئەندێشەو میتایە کە دەچنە سەرەوەی ئەرکە فیزیکییەکان کە جەستەو دەنگ بەرجەستەیان دەکەن هەموودەم دەبێت لە ڕێی فیزیکەوە خۆیان نمایش بکەنەوە .

کەواتە ویللی و شوان دێنەوە ناو پانتایی تابۆکراو کە جەستەی بەشەرە ئەو جەستەیەی خودێکی ئینسانی لەنێو خۆیدا حەشار دەدات و هەمیشە دەکەوێتەوە بەر لەعنەتی ئاینەکان ، جەستەیەك لە نێو یاسا شەرعیەکاندا فڕێ دراوەو لە ڕوانینا لە شەرم زیاتر بە هیچ دەرەنجامێکی تر ناگات ، جەستەیەك لەسەر فرمانە ئاساییەکانی خۆی سزا دەدرێتو لە کۆتایی هەموو ڕەفتارەکاندا دەسوتێتو دەبێتە خۆڵ . ئەوەندەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا پشکنین توانای گوزارشتی جەستەیە لەو خودەو پراکتیکی ئەو ویستەو وێنانەیە کە (ئەندێشەی ئە نترۆپۆلۆجی) ئەکتەرێك بە یارمەتی چاودێرێك دەیانهێنێتە بەرهەم ، بێ گومان هەموو ڕەفتارێکی جەستە بەپێی درك کردنێکی گشتییانە بە واتایەك دێتەکایەوە . ئەو واتایەی دەوروبەر دەیهێنێتە بەرهەم هەروەها ئەو بارانەی جەستە وە ری دەگرێو لەو هەڵوێستانەی هەیەتی لەدەوروبەر بەرامبەر ئەو واتا بەرجەستەکراوە لە گوزارشتەکانی ڕوو لەسەر ئاستی جوڵەو ئاماژەکای دەردەکەوێت چونکە جەستە وەك (مرلۆپۆنتی دەڵێت / کانگای بە دیارکەوتنی گوزارشتە ـ فلسفه الجسد ـ جلال الدین سعید) هەموو بەکارهێنانێکی ئەو جەستەیەش گوزارشتێکی بنەڕەتییە کەوای لێ دەکات لە خودی خۆی دەربازبێتو پەیوەندی لەگەڵ خودەکانی تر بکات لە ڕێی ئاماژەو هێماکانەوەو لە کایەکانی ئاماژە زمانەوانییەکانیشی جیا دەبێتەوە چونکە ئەم ئامانجی کەشف کردنی واقعێکە کە بەر لە زمان دێت ئەویش واقیعی ئەنتۆلۆژیانەی خود خۆیەتی . گرنگ ئەوەیە ئەرکی پەیوەندی کردن لەگەڵ بەرامبەردا ون نەکات کە ئەوە ئەو ڕێسایەیە کە بنەمای سەرەکی سروتی هەرنمایشێکی شانۆیی یە .

ئەکرێت ئەو ئاماژانەی جەستەی (شوان ـ ویللی) دەینێرێتە دەرەوە لە بنەماکانی ئەو گوزارشتانەدا ببینینەوە کە بانگەوازێکە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ بەرامبەر.. ئەو کاتانەی بەرامبەر وەك ئەکتەر بەدیار



ناکەوێت یان لە تەکیا ناگاتە ئەو ئاستە ناچار دەبێت ئاماژەکانی خۆی لە پانتایی نمایشدا ئاراستەی دەرەوەتر بکات بەرامبەر چاودێر کە وەرگرە . ئەویش بە پێی ئاستی وەرگرتنی خۆی و شوێنی ئەو ئاماژانە لە سیاقی نمایشدا خوێندنەوەیان بۆ بکات و ئەو توانا بەکارهاتووە هەروا لە خۆڕا نەڕوات .

هەموو ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە لە فۆرمی سەرەکی کاراکتەری ویللی دا دەبینرێت کە لە بەردەم فشاری بوون دا چۆن کشانی قەبارەی جەستەی بۆتە شێوەیەکی ئاسۆیی و بەرەو پانی دەڕوات دەستێکی نوشتاوەو دووقاچی کراوە وورده وورده دەکرێتەوە تا ئاسەواری ئەو فشارە زیاتر دەربکەوێت . بەڵام هەندێ جار ئەو کارکردنە لە چوارچێوەی زەینی وەرگر دەردەچێت و بەردەوامی لە وەرگرتن دا نامێنێ کاتێك کە فۆرمێك نامۆ بە مێژووی خۆی بە دیدگای خۆی پێ دەبەخشرێ بێ هیچ دەست پێشخەرییەك .

هاوکات لەگەڵ کارکردن لەسەر جەستە ئەو (ئەندێشە ئەنترۆپۆلۆجییە) خۆی دەهاوێتە بواری کەرستە دەنگییەکانیشەوە جۆرێك لە نالێن کە لە دادوفیغانی ئینسانی سەرەتایی دەچێت لە بەردەم ڕەهبەی سروشت دا ، لە هاواری بوونیەك دەچێت لەنێو سروتی پاکژبوونەوەدا ، لە نزولەی موقەدەسی ئاتەش پەرستێکی زەردەشتی دەچێت لەدەمی تەجەللادا ، لە تەهلیلەی دەروێشێکی غەرق بوون لە زیکری خودا دەچێت لە کاتی گەیشتن بە (حق الیقین) دا .

هەموو ئەو دەنگانەی وەك ڕاکێشانی زنجیرێك بەسەر بلۆکێکی قورستر لە ئاسایی دێنە گوێ گوزارشتێکی تر لەو فشارە ئەنتۆلۆژییەی کەوتۆتە سەر کاراکتەرەکە بەڵام کێ پاڵپشتی دۆزینەوەی ئەو دەنگەیە . بێ گومان ئەو (ئەندێشە ئەنترۆپۆلۆجی) یەو هەڵبژاردنی (چاودێر / دەرهێنەر) یان ڕێگەدان پێی و دۆزینەوەی هێڵێك بۆی لەنێو سیاقی نمایشدا . ئەمە هەوڵێکی مەزنە گەر بتوانرێ تێۆرکارییەکی ووردتری بۆ بکرێت بۆ ئامادەکردنی شێوازێك لە نواندن نەك لەسەر ڕەتکردنەوەی میتۆدەکانی ڕاهێنان بەڵکو لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەمووان وەك خبرەیەکی هونەری و کارپێکردنیان وەك بنچینەیەك .

بەرامبەر ئەمانە کاراکتەری (وینی ـ ڤیان نەوشیروان) کە لەنێو میتۆدەکاندا کاردەکات . جەستەیەك ڕاهاتور لەسەر وەڵامدانەوە فیزیکییەکان دەنگێك ئامادەیە بۆ ئەداکردنی دیالۆژەکان وەك خۆیان زەینێکی ئەکادیمی پڕ لە ئەزموونە ناسراوەکان دێنە بەردەم ئەزمونێکی نوێتر ئەم فیزیکی و ئەو هەوڵی میتای

هەیە ئەوسا وەك دوو دژەیەك لەناو یەك سیاق دا دەردەكەون و هێڵی ونبوون دووپات دەكەنەوە ، نە ئەو دەتوانێ لە ڕێڕەوی نهێنییەكانی خۆی بگەڕێت و قایل بێت بە بەرجەستەكردنی میتۆدەكانی ئەم نە ئەمیش پەی بە نهێنییەكانی ئەو دەبات . ئا لێرەوە ئەركی چاودێر بەدیار دەكەوێت بۆ دۆزینەوەی نێوەندێك تا ئەو دوو ئاراستە دژبەیەك و جیاوازەی تێدا كۆبكاتەوە بۆ ئەوەی نواندن ئەو فاكتەرە گرنگەبێت كە چێژ ببەخشێتە وەرگرو نغرۆی خۆی بكات . (دانا) لە هەوڵدا بۆ دۆزینەوەی نێوەند تووشی داتاشینی هەندێك لە هەوڵ هەردوو بەردەبێت تا كۆكتێلێك لەبەردەمیا دەخوڵقێ كە كەمجار لە ڕاژەی پرۆژەی خەونی ئەو دەبن لە نمایشدا.

گووتاری نمایش ـ مەبەستگەرایی ئێستاندن ـ ئێراندن

هەر گوتارێك لەهەر سەردەمێكدا سەر هەڵبدات بایەخی خۆی دەبێتو دەبێتە بابەتێكی هۆشیاری مێژوویی ، بەڵام دەكەوێتە بەرگومانی ئەوەی تا چ ڕادەیەك چاكو بەرائەت لەگەڵ خۆی دەهێنێو دەبێتە نوێنەریان .

لەبەرئەوە گووتار دابڕاونییە لەو بارودۆخە مێژوویی یەی تێدا سەر هەڵدەداتو لەوساتەی خۆیدا دەتوانێت جەماوەرێكی زۆر لە دەوری خۆی كۆبكاتەوە . چونكە ئەركی ئەو بەگۆخستنی ئەو ساتە چركە مێژوویی یە یەكە تێدا لەدایك دەبێت.

گوتاری درامیش لە یەكانگیری ئەو یەكە گووتاری یە بچوكە بەیەكداچوو پێكهاتەیی یانە لە جۆرەها ئاماژە پێك دێت (ئەم یەكە گووتاریانەش سەرجەمی پرۆسەی پێك هێنان لەسەر هەردوو ئاستی هاوكاتی / التزامنی/ Syachronic و بە دوایەكهاتویی / تتابعي Diachronic دەخاتە ئەستۆی خۆی تا بەشداری بكات لە پێكهێنانی ئەم گووتارە ـ الفضاء المسرحي ـ اكرم اليوسف ص٦٩) گریمانی پێهێنانی گووتار لەنێو خودی نمایشێكی شانۆیی یەوە دەبێت كەرەسەی تەواوی بۆ ئامادە بكرێت و هەوڵی خۆی هەبێت بۆ دەستنیشانكردنی ڕەوتی ئاراستەكردنی .. ئاخۆ دەبێت كامە گوتار لەناو بونیادی گووتارێكی ئەبسۆردی لەمەوبەر دامەزراوەوە هەڵبهێنجرێ هەرچەندە گوتار بایەخی خۆی لەدەست نادات وەك بابەتێكی هوشیاری بەڵام زۆرجار پابەندی مێژووی سەرهەڵدانی خۆیەتی.

تۆ بڵێی ئێستای ئێمە كە دیدێكی وەك نمایشی «ڕۆژە جوانەكان» ی بەڕەو ڕوو دەكرێتەوە هاوشێوە بێت لەگەڵ ساتی سەرهەڵدانی ئەسبۆردا . یان دەبێت ئەو پرسیارانەی لەڕێی ئەوەوە دەوروژێتو ئەفرێنەرێك دەبێتە هەڵگریان هەمان ئەو پرسیارانە بن كە وەرگری ئێرە هەیانەو ڕوبەڕوی ئێستاو مێژووی خۆیانی دەكەنەوە ، دەبێت لەنێو گووتاری ڕۆژە جوانەكان‌دا كامە چەمك وپرسیار لەخۆ بگیرێو ئەم ساتەی ئێمەی پێ بخوێنرێتەوە . دەكرێت (چاودێر / دەرهێنەر) لەوێوە بڵێت ئەوەتایەن لە نێو پوچی دووزەنگ‌دا خەوتنو هەستانەوە . دوو زەنگی شەڕو ئاشتی . كەوتنو هەستانەوە .. ئێمە لێرە هێواش هێواش دەتوێنەوەو بە باوەشی یەكترەوە دەمرین كەسی تریش بەو مردنەمان نازانێ ، مردنی ئێمە ئەوەندە نهێنی نییە كەس نەتوانێت تێی بگات بەڵام ئێوە چاوی خۆتان گرتووە ـ خەونی ئێمەش پڕاوپڕی ئەندێشەی خۆمانە خواستەكانمان هێندە ساكارن پێویستیان بە خوڵقاندنی هیچ پەرچوویەك «معجزة» نییە تا بێنەدی بەڵام تۆ ئەی ئەوەی ئینسافت نییە لە دەرەوەی ئێمە ، واز لە دیدی بەزەیی خۆت بهێنەو وەرە وەك ئینسان پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەرانبەرو تەباو كۆمان لەگەڵ ببەستە ، دابڕانی ئێمە لە بەشەریەت دابڕانی گیانەوەرێكە لە میگەل بۆ بەردەمی گورگەكان دەستەپاچەیی ئێمە لەودەچێت لە ساتی بەش بەشكردنو ئەنجن كردنی جەستە زامدارەكەمان‌دا ئەمانە هەموو لە كبریائی ئەو بێ دەنگییانەی ویللی وە بەرامبەر بوونی خۆی وەك بەشەرێكی گۆت‌كراو ، ئیفلیج بەڵام هەناسەی ماوە بۆ ژیان دەردەكەوێت لە نااڵینەكانی‌دا لە دادوفیغانیدا لە پێشوازی كردنی بۆ

ئاخافتن	دەقی بێژراو		ئاماژەی بیستراو	کات	ئاماژەی بیستراو (ئەکتەر)
ئیمائە ، جوڵە نەغمەدەجوڵی	گوزارشتی جەستەیی	ئەکتەر	ئاماژەی بینراو	پانتایی / کات	ئاماژەی بینراو ((ئەکتەر))
ئارایشت کوافێر جل و بەرگ	پوی دەرەوەی ئەکتەر			پانتایی	
شت و مەک دیکۆر روناکی	ودیمەنی شوێنی شانۆیی	لە دەرەوەی ئەکتەر		پانتایی و کات	ئاماژەی بینراو لە دەرەوەی ئەکتەر
مۆسیقا کارتێکەرە دەنگییەکان	کارتێکەری بیستراوی نەبێژراو		ئاماژەی بیستراو	کات	ئاماژەی بیستراو لە دەرەوەی ئەکتەر

خشتەی تادێوش کۆفزان بۆ توێژینەوەی یەکەی سیمۆلۆژیی دەقی نمایشی شانۆیی

رۆشنایی پیرۆز له گریانه‌کانی ، له گوڵی یه‌ئسی (وینی) به‌رامبه‌ر جارێکی دی دروست بوونه‌وه‌ی ژیان‌دا ده‌رده‌که‌وێت ، وینی ده‌بینێت ئاینده هیچ به‌رهه‌م ناهێنێت‌و ناتوانێت هیچ جۆرێك له‌و په‌یوه‌ندییانه ڕاست بکاته‌وه بۆیه ده‌گه‌ڕێته‌وه نێو ڕابردوو ، ڕابردووی شکست خواردوو ، ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕابردووه له بونیادی هێزه به‌رامبه‌ریه‌ك‌و دابڕاوه‌کانی ئێمه سه‌یرکرێت ئه‌وا ئه‌و وێنانه‌یان چنگ ناکه‌وێت تا له‌سه‌ری کۆك بن به‌ڵکو له‌سه‌ر مێژووش به‌شه‌ڕ دێین . ئاخۆ هه‌وڵه‌کانی ده‌رهێنه‌رێك دوای ئه‌وانه بۆ به ئێستاکردنی گوتارێکی له‌وه‌وبه‌ر دامه‌زراو له چیدا ده‌بینین ؟ ئاخۆ دامالێنی سیمای مێژوویی ساتی خۆی له نمایشدا له‌چیدا به‌دی ده‌کرێت ؟ چۆن مێژوویه‌ك له وێنه‌کانی خۆی ده‌سه‌نی‌و وێنه‌ی ئێستای ده‌ده‌یتێ ، ده‌توانی به کامه تاقیگه‌ی هاوچه‌رخ کردندا چه‌مکێك یان ده‌قێك ببه‌یت تا ئه‌وه‌ی ده‌ته‌وێت بۆت فه راهه‌م بکات ؟ هه‌رچه‌نده ده‌رهێنه‌ر به هه‌مان که‌ره‌سته‌کانی زه‌مه‌نی ده‌ق کار ده‌کات به‌ڵام ده‌یه‌وێت هاوشێوه‌بوون له‌ساتی له‌دایك بوونی گووتاری له‌وه‌وبه‌رو ئێستای ئێمه‌دا بدۆزێته‌وه .. به هێندی ئه‌وه‌ی ئه‌و دوو ساته له‌یه‌ك نزیکن هێندی تریش له‌یه‌کتر دوورن چونکه ئه‌و بونیاده‌ی پوچگه‌رایی‌و یه‌ئسی ئینسانی ئه‌وی تێدا دروست ده‌بێت بێ‌ده‌نگ‌و هێمنه به‌ڵام بونیادی دروست بونی یه‌ئس‌و دیدی پوچگه‌رایی له‌لای ئێمه تووندوتیژه پڕیه‌تی له ڕق‌و کینه‌و دژایه‌تی کردن .

هه‌مان پرسیار ئاراسته‌ی به ئێراندن ده‌کرێت ، ده‌رهێنه‌ر تا چ ڕاده‌یه‌ك ده‌توانێت که‌ره‌سه‌کانی ئێره ، کێشه‌کانی ئێره ، پرسیاره‌کانی ئێره له‌ناو بونیادی ئه‌و گوتاره ئه‌بسۆردییه‌دا جێگا بکاته‌وه، که نایه‌وێت سیماکانی خۆی لێ بکاته‌وه‌و به هه‌موو ناوێنانه‌کانی خۆیه‌وه ده‌یانهێنێته‌وه . داخۆ کامه کارکراوه تا وه‌ك ئێره لێی بڕوانرێ ، داخۆ به ته‌نها به کوردی‌کردنی دیالۆژه‌کان به‌س بێت بۆ به ئه‌نجام‌دانی ئه‌و چه‌مکه ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی نا‌ڵێم مێژووبوون و فه‌رهه‌نگی ئێمه دابڕاوه له که‌له‌پوری مرۆڤایه‌تی به‌ڵام هه‌ریه‌کێك له‌وانه تایبه‌تمه‌ندی‌و خه‌سڵه‌تی خۆی هه‌یه له هه‌موو شوێنێکی دنیادا.

ئایا تا ئێستا شانۆکاری ئێمه له‌هه‌مان ته‌وه‌ری پرسیاره باوه‌کاندا ده‌سوڕێته‌وه یان شوێنی ده‌ست بژێر «نخبة» ی بۆ خۆی ته‌رخان کردوه‌و ده‌چێته ده‌ره‌وه ئایا جیابوونه‌وه‌ی شانۆکاری ئێمه له خودی کۆمه‌ڵگاو نه‌ریت و شته باوه‌کانی ئه‌وه ده‌به‌خشێت که ببێته خاوه‌نی پرسیاری ناباو یان له هه‌موو بواری یه‌کگرتنه‌وه له‌گه‌ڵ وه‌رگردا داده‌ڕێت . که‌واته کامه ناوه‌نده که ده‌بێت شانۆکار بیدۆزێته‌وه تا له سنوری پرسیاره باوه‌کان ده‌رده‌چێت‌و ناشچێته نێو گۆشه‌گیری‌و ته‌ریك بوونه‌وه . ده‌بێت ئه‌رکی شانۆکار له ئێستادا دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و زمانی له‌گه‌ڵ دوانه بێت له‌گه‌ڵ وه‌رگر یان له خۆگرتن‌و په‌ره‌رده‌کردنی زمانێکه تایبه‌ت به خۆی ئه‌مانه‌و چه‌ندین پرسیاری‌تر ڕوبه‌ڕوی نمایشی ڕۆژه جوانه‌کان ده‌بێته‌وه‌و زۆری‌تر له‌و نمایشانه‌ی ئه‌م ڕه‌وتی کارکردنه ده‌گرنه به‌ر. داخۆ «ڕۆژه جوانه‌کان» مه‌به‌ستگه‌راییه‌کی وه‌هه‌می به‌رهه‌م هێناوه یان توانیویه‌تی له‌ودیو ئه‌وه‌وه که‌نا‌ڵێك بێت به پا‌ڵپشتی هۆشیاریه‌ك سنوره‌کانی ئاراسته‌کردن به‌ره‌و ناوه‌وه تێپه‌ڕێ‌و بچێته سه‌ر ڕوگه‌ی که‌له‌پوری به‌شه‌ری ـ ئه‌وانه‌ش ده‌چنه نێو ڕسته‌ی ئه‌و پرسیارانه‌ی دی که ده‌بێت نمایشی شانۆیی له زه‌ینی (وه‌رگر/ ڕه‌خنه‌گر) دا بیجوڵێنێت‌و که‌ره‌سته‌بن بۆ کارکردنی ئه‌و و ببنه بوارێك بۆ لێکۆ‌ڵینه‌وه له ئێستای ڕه‌وتی شانۆییمان .

له‌و سه‌رچاوانه‌ی بۆ نووسینی له‌م بابه‌ته که‌م تا زۆر سودیان لێ وه‌رگیراوه .

١ـ الفضاء المسرحي ـ دراسة سيمائية ـ اكرم يوسف ـ دار مشرق ـ المغرب ١٩٩٤

٢ـ فلسفة الجسد ـ جلال الدين سعيد ـ دار الأمية ١٩٩٢

٣ـ مسيرة المعاكسين ـ انثروبولوجية المسرح ـ ئۆجينيۆ باربا ـ ت ـ قاسم البياتي / دار الكنوز الادبية ـ بيروت ـ ١٩٩٥ / ط «١»


٤ـ سوسيولوجية الثقافة / د . طاهر اللبيب ـ عمان ١٩٨٦

بۆچی
سەیید عەلی ئەسغەر ؟!

محەمەد حەمە باقی

ئەم وتارەی شاعیرو هاوڕێی خۆشەویستمان کاک (محەمەد حەمە باقی) بەشێکە لە کتێبێکی ناوازەو بە قەبارەکە لەسەر هونەرمەندی گەورەو پایە بەرزی گۆرانی کوردی -سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی- نووسیویەتی، ئەم کەڵە هونەرمەندە کە شناسنامەیەکی شارستانیانەی مەقام و گۆرانی کوردییە لە هیەموو ناوچەکەداو، تا ئێستاش جێگای سەرنج و ساخکردنەوەی زۆر لەو مەقامانەیە کە مۆلکی تەواوی کوردن و خەڵکانێک ویستوویانە بە تاڵان ببەن و بیکەنە بەشێکی میراتی نەتەوەیی خۆیان. دیارە تائێستاو بۆ کتێبخانەی کوردیو نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی هێندە دەوڵەمەند نەکراوە کە شایەنی ناوبانگ و داهێنانی ئەم هونەرمەندە بێ خوێنەری کوردو ئەویندارانی دنیای گۆرانی بە گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی لێ تێڕبوبێ (کاک محەمەدی حەمە باقی) زیاد لە هەشت ساڵە لە گەڕان و پشکنینێکی بەردەوام و عاشقانەدایە بۆ ئەنجامدانی کارێکی تەواوو بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل و ساغ کردنەوەی ئەو نهێنیو ڕاستیە ڕەوایانەی کە لە ژیانی تایبەتیو هونەرێتی ئەو سوارچاکەی بواری گۆرانیماندا هەبووە. هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ هاوڕێی شاعیرمان دەخوازین و سوپاسی ئەم بەسەرکردنەوەیەشی دەکەین.

- گەلاوێژی نوێ -



لەناو گێژاوی ئەو شەپۆلە ئاوازگەلەی لەم (٤٠ _ ٥٠) ساڵەی دواییدا ، بەناوی ئاوازی کوردیەوە دەرخواردی ئەو نەوە نوێیەی گوێگرانی گۆرانیو ئاوازی کوردی دەدەن ، مەترسی چەواشەکردنو شێواندنو لە شەقامە ڕێ لادانی ئاوازو گۆرانی کوردی دەکرێ ... بۆیە لە تەتەڵە و بژارو لە بێژینگدانی ئەو سەدان ئاوازو گۆرانییانەی بە ناوی هونەری مۆسیقای هاوچەرخەوە ،

لە سەر نەوارو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنو ڤیدیۆوە ، بە لێشاو بڵاو دەبنەوە ، جار جارە ئاوازێکی ڕەسەنی کوردی ، وەك نموونەی دە نگی سەییدو کاوێس ئاغاو عەلی مەردانو حەسەن زیرەك و هۆرەو سیاو چەمانەیەك دەبیسترێن ، کە مەزاجی کوردەواری لە ژەنگو ژاری ئاوازو گۆرانی بیانی ، پاك دەکەنەوەلە هەمان کاتدا ئاوازی ڕەسەنو ناڕەسەنی کوردیو ناکوردی جیا دەکەنەوە .

(.... ئا لێرەدا ، کە باس هاتۆتە سەر جیاکردنەوەی ڕەسەنایەتیو نا ڕەسەنایەتی ئەم مەقامو ملیۆدیانە هەمیشە لە خۆم پرسیوە : محەکم بۆ ئەم جیاکردنەوەیە چییە ؟ لە دواییدا هەر خۆم وەڵامی خۆم داوەتەوە وتوومە : دەشێ مەبەست لە کوردی بوونی ئەم مەقامو میلۆدیانە ، ئەو شوێن پەنجەو زەبرو شوێنەوارە بێت ، کە ئەو بەرهەمانە ، لە هەستو هۆش‌و بیرەوەری و مەزاجی کوردەواریماندا جێ دەهێڵن .) (٣٦، ١٨)

لەبەر ئەوە ئەو مەقامو میلۆدیە ڕەسەنانەی توانیویانە شوێنەوارو شوێن پەنجە لە دڵدا بەجێبهێڵن ، یان ئەو چەندان ئاوازە فۆڵکلۆریانەی لە دێر زەمانەوە شەقڵو بۆن و بەرامەو مۆرکی کوردییان پێوەیە : وەك چۆن ئاوازو گۆرانی هیندی و ئافریقایی ناسنامەو کەسایەتی خۆیان هەیە ، هەر بەو جۆرەش ئەومەقامو میلۆدییانە ، ناسنامەو کەسایەتی خۆیان هەیەو دەناسرێنەوە .(٣٦ _ ١٨)



سەید عەلی نەسغەر

(بەڵام ئەم ئاوازو مەقامە کوردیانە ، کاتێ دەخرێنە بەر تیۆری زانستی مۆسیقاییەوە ، یان ڕوونتر بڵێین : کاتی بە دەنگێکی مۆسیقایی کێشدار دەوترێن ، دەچنە کێشو پە یژەی مۆسیقاییەوە کە ئەم کێش ـ پەیژە مۆسیقاییەش ، کاتێ خانەبەندی دەکرێن ، ئەوسا هەر خانەیەکی ناوێکی تایبەتیان لێ دەنرێ ، کە ئەم کارە لەم سەد ساڵەی دواییدا بنەماڵەی فەراهانی ئێرانی ، هاتن مۆسیقای دێرینەی سەدانو هەزاران ساڵەی ئێرانی ـ کە سەدانو هەزاران ساڵ ، لە سنگی نەوە دوای نەوەدا پارێزراو بوون ـ خانەبەندی کردو هەر خانەیەکی ناوی جیاوازیان لێنانو بە تێکڕایی ئەو خانانەی بۆ مەقامگەلی ناوچەکەیان ئەنجامدا ، پێیان وت : خانەبەندی کردنی مۆسیقای ئێرانی و کارەکەشیان لە باری زانستی مۆسیقاوە ، بە لای هەموو مۆسیقا زانانەوە ، هەنگاوێکی زانستانەو باوەڕ پێکراو بوو .. بۆیە وەك ئاکامی ئەم کارە ، سەرو مڕی مەقامو میلۆدی سەدانو هەزاران ساڵەی هەموو ناوچەکە ، کەوتنە ناو بازنەو چوارچێوەی ئەم خانە بەندی کردنە وە.) (٣٦ ، ٢٠) کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا ، خودی (میرزا عەبدوللای فەراهانی ـ تارژەنی بەناوبانگی ئێران ، نزیکەی (٥) مانگ لە کوردستان ماوەتەوە) (٤١ ، ٢٠)

شایانی باسە (نموونەی ئەم خانە بەندی کردنەی گۆرانیو مۆسیقای ئێرانی ، ئەو خانە بەندیەیە بوو کە خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی (٧١٨ ز ـ ٧٩١ ز) بۆ هەموو شیعری کرد . چونکە ئەگەرچی سەدانو هەزاران ساڵیش پێش خەلیلی فەراهیدی ، شیعر هەبوو ـ کە تا ئێستاش نازانرێ تەمەنی شیعر چەندەو سەر بە کام ناوچەو نەتەوەیە ـ بەڵام کە لە دیدی مۆسیقاییەوە ، هات جۆرەکانی «کێش ـ وەزن» ی شیعری جیا جیا کردەوە ، واتە : خانەبەندی کرد ، ئەوسا بۆ هەر خانەی ، ناوێکی جیاوازی لێنان ، کە ئێکڕا بوونە ١٩ بەحر و هەموو ئەو شیعرانەی بە بەحری عرووز نووسراونو لە داهاتووشدا دەنوسرێن ـ ئیتر گرنگ نییە ئەگەر شیعرەکە کوردی بێت ، یان عەرەبی ، یان فارسی ، یان تورکی یان .. هتد ـ بێ هیچ سێو دوێك ، دەچنەوە سەر یەکێك لەم نۆزدە بەحرەو .. هەر بەم پێودانەش ، هەر یەکێك لەم دەزگا مۆسیقیانە ، جۆرە پەیژە یەکی تایبەتیان هەیە ، کە ئاوازی هەر گۆرانییەك جۆری «پەیژە ـ گام» ی مۆسیقاکەی ، وەك پەیژەی یەکێك لەم دەسگایانە بێت ، ئەوا دووبارە لە ئاکامدا دەڵێین : ئاوازی فلانە گۆرانی ، سەر بە فیسارە دەسگای مۆسیقایە) (٣٦ ، ٢٠).

(بەم جۆرە ، کاتێ بە شۆێن ناسنامەی مەقامو مێلۆدی کوردیدا دەگەڕێین ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆرینەی ئەم ئاوازانە سەر بەو ئاوازگەلەن ، کە هەموو شارەزایانی مۆسیقای جیهان و بەڵگە مێژوویەکانیش پێیان دەڵێن : مەقامو میلۆدی ئێرانی ، کە ئەم مەقامو میلۆدیانەش ، ئێستا لە زانستی مۆسیقای ئێرانیدا ، پێیان دەوترێ : دەسگاو کوردانی کوردستانی ئێرانیش ، هەر وایان ناو دەبەن ، بەڵام لە کوردستانی عیراق ، هەندێ جار نە شارەزایانە ، پێیان دەوترێ .. ئاواز .. لە کاتێکدا ئاواز ئەو لقو پۆپو گەڵایانەیە کە لە درەختی «دایك» ی ئەم دەسگایانە لە بنەوەو هەر یەکێکیش لە درەختی دایکی ئەم دەسگایانە ، دەتوانرێ دەیانو دەیان

ئاوازی تریان لێ هەڵبگۆزرێ .) (١٩،٣٦) (دەسگاکانی مۆسیقای «ئێرانی» ش کە ئێستا خانەبەندی کراون بریتین لە حەوت دەسگا کە ئەمانەن : ١) ماهوور . ٢) هومایوون . ٣) سێگا . ٤) چوارگا . ٥) شوور . ٦) نەوا ٧) ڕاست ، یان : پێنجگا) (٨ ، ٢١ _ ٢٢)

لە نێوان ئەو حەوت دەسگایەشدا ، دەسگای شوور ، لە هەموویان بەرباڵاوترە ، چونکە ئەگەرچی دەسگاکانی تر ، هەر یەکەیان چەندان ئاوازیان لێ هەڵدەگۆزرێ ، بەڵام شوور سەرەڕای ئەوەش کە وەک ئەوانی تر چەندان ئاوازگەلی تری لێدەبێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی چەند پاشکۆیەکی سەربەخۆترە ، هەر یەکێک لە مانیش ئاوازی تریان هەڵدەگۆزرێ . ئەم پاشکۆیانەش ئەمانەن :

١) ئەبو عەتا (حیجاز _ یەش سەر بەم پاشکۆیەیە)

٢) بەیاتی تورک ، یان بەیاتی زەند

٣) ئەفشاری ، یان : ئەفشار ، یان : هەوشار

٤) دەشتی

٥) بەیاتی کورد ، یان کورد بەیات

هەروەها جگە لەو حەوت دەسگایە ، دەسگایەکی تری ئێرانی ، کە ناوی لە کتێبی کۆنینەی ئێرانیدا هەیە ، دەسگای «ئیسفەهان» ە ئەم دەسگایە هەندێک پێیان وایە بەشێکە لە شورو هەندێکی تریش دەڵێن لقێکی تری «هومایون» ە .(٤٠،٣٩،٣)

بەڵام سەرنجێکی گرنگ هەیە ، پێویستە پێی لە سەر دابگرین و بڵێین : کاتێ دەڵێین مەقام و میلۆدیای کوردی ، سەر بەم دەسگا مۆسیقیانەی کۆنی ئێرانن ، مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین تێکڕای مەقام و ئاوازی کوردی ، وەک یەکو بێ هیچ جیاوازییەکو کوت و مت بچنە ناو چوارچێوەی ئەم خانەبەندی کردنەی دەسگای مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی بەڵکو سەرجەمی تایبەتمەندی مەقام و ئاوازی کوردیدا ، کەم و زور جیاوازی لە نێوان مەقام و ئاوازی کوردی و دەسگا گەلی مۆسیقای کۆنینەی ئێرانیدا هەیەو هەموو دەسگایەکی مۆسیقای «ئێرانی» ش وەک یەکو بە پێوانە و ئەندازەی یەک ، مەقام و ئاوازی کوردی لە باوەش ناگرنو ، چونکە مەرج نییە ئەوەندەی مەقام و ئاوازی کوردە واری لە دەسگای شوورو دەسگای ماهوور نزیکنو دەچنە وە باوەشی دەسگای شوورو ماهوور ، هەر بەو جۆرەش مەقام و ئاوازی تری کوردی ، لە دەسگای هومایوون نزیک بن ؛ یان بەهەمان ئەندازە مەقام و ئاوازی کوردی ، لە دەزگای هومایوون دا هەبێ . (٣٦ ، ٢٠)

خۆ ئەگەر لە بازنەو جوگرافیای ئەم دەسگایانەش بچینە دەرەوە و بڵێین هەندێ ئاواز و مەقامی تری ڕەسەنو هەمیشە زیندووی کوردی هەنو یاسای ئەم دەسگایانەش نایانگرێتەوە ؛ کە چی بۆنو بەرامەی پاکو خاوێنی کوردیان پێوەیە ؛ وەک هۆرەو سیاوچەمانە و ... هەندێکی وەک ئەمانە چینو خانەی ئەمان لە کامە دەسگادایە ؟!..... لە وەڵامدا دەڵێین : ئەو جۆرە ئاوازو گۆرانییانە پاشماوەی دێرینو زیندووی ئاواز گەلی گاثا و ئاهووڕای ئایینی زەرتوشتین ؛ کە شیعری ئەو گۆرانییانە ، شیعری بڕگەیی _ هیجان و پێوانەی عرووز نایانگرێتەوە و جوگرافیای سەختو باوەشی قایمو داخراوی ناوچەی هەورامان پاراستوونی و نەیهێشتووە تۆزو گەردیان لێ بنیشێت ... بەڵام ئەگەر تا ئێستا لە خانەبەندیو ناو لێناندا ، نەچووبێتنە ناو یەکێک لەو خانەو دەسگا کۆنانەی مۆسیقای ئێرانی ، هۆی ئەوەیە لە کاتێکدا مۆسیقازانانی ئێرانی ، بە تایبەتی بنەماڵەی فەراهانی لەم سەدسااڵەی دواییدا ، خانەبەندیو جیاکردنەوەی مەقام _ دەسگا کۆنەکانی ئێرانی یان بەسەر کردۆتەوە ، ئەم جۆرە مەقامو ئاوازانە یان بە سەر نەکردۆتەوە ، واتە : خانەبەندی نەکردووە ، لەبەر ئەوە ناولێنانو خانەبەندی کردنی ئەم گۆرانییە ڕەسەنانە ، دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانی کوردی ، چونکە گۆرانی ئاوازگەلی ناوچەی «هەورامان» یش پاکترینو ڕەسەنترین ئاوازو گۆرانی کوردی و هەر ئاوازو گۆرانییەکی ئایندەش لەم ناوچە یە هەڵبگۆزرێ ،

ڕەسەنترین ئاوازو گۆرانی کوردی دەبن . (٣٦ ، ٢١) بە واتەیەکی تر : خانەبەندی نەکردنی مۆسیقای ناوچەی هەورامان ، یان ڕوونتر بڵێین :

مۆسیقای ڕەسەنی کوردی ، دەبێتە هۆی ئەوەی دەسگاگەلی مۆسیقای کۆنینە ی ئێرانی ، ئەڵقەیەکی گرنگو ڕەسەنی ئەم دەسگا گەلە نادیارو ناتەواو بێت ، کە مۆسیقاناسی ناسراوی ئێرانی : محەمەد عەلی گوڵشەن ، هاوبیر ڕای ئەم بۆچوونەمە . (٢١ ، ٥٥٦)

لێرەدا ، مەبەستیش لە ئێرانی بوونی ئەو مەقامو میلۆدیانە ، ئەو جوگرافیایەیە ، کە لە ژیانو شارستانی هەزاران ساڵ لەمەو بەرەوە ، لە ناوچەی ئێرانی ئێستادا ، مۆسیقا لە ژیانی شەپۆلگەری بەرو دوای گەلانو نەتەوەکانی ئەم ناوچانەدا بڕەوی پێدراوەو ڕەگو ڕیشەی بە جۆرێك بەو جوگرافیایەدا ڕۆ چووە ، کە هەموو پسپۆڕانی مۆسیقای دونیاو بەڵگە مێژوویەکانیش دەیسەلمێنن کە جوگرافیای ئێرانی کۆن و هەردوو زێی دیجلەو فورات (میسۆپۆتامیا) ـ کە ئەم جوگرافیایە بەشێك لە کوردستانی ئێستاش دەگرێتەوە ـ لانکە زای هەزاران ساڵ لەمەو بەری مۆسیقای جیهانو بە تایبەتیش ئەوەندەی پەیوەندی بە مەبەستی ئێمەوە هەبێ ، هەرلەم جوگرافیایەدا و لە سەر دەستی ئاریایی و مادەکاندا (زەرتووشت) ی بە بنچینە مادوو بە ڕەگەز ئاریایی پێغەمبەر ، مۆسیقای کردە هاوتاو هاوکاری پیادەکردنی ئاوازی سروودگەلی گاتا ـ گاتا ـ گازەی ئایینی زەرتووشتی و دواتریش لە سەر دەستی ساسانی (٢٧ ز ـ ٢٦٣ ز) دا ـ کە جوگرافیای دەسەڵاتی ئەمانیش ، سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوەو کوردیش لە پێکەوەنانی شارستانیەتیو ژیاری ساسانیدا ، ڕۆڵی گەورە گرنگی هەبووەو ـ لەم سەردەمە شدا مۆسیقا ڕێزو پلەو پایەی باڵای هەبووەو مۆسیقا زانانو گۆرانی بێژان ، خانەی بە شکۆی کۆمەڵایەتیلان هەبووە .... ئیتر مۆسیقا بە ڕادە یەك بنجی مێژوویی بەم ناوچانەدا داکوتا ، کە ببوە مەڵبەندێکی دەرەوشاوەی مۆسیقایو گەلانو نەتەوەکانی دوورو دراوسێش کەڵکیان لێوەرگرت و چاویان لێکرد .... یان بە واتایەکی تر : ئەم شارستانەتیو ژیارەی مۆسیقای کۆنی ئێرانی بووە سەرمایەو فەرهەنگێکی هاوبەشی گەلانی ناچەکەو بووە بەشێك لە مێژووی فەرهەنگیان و هەمووان بەشی خۆیانیان لێهەڵگۆزتووەو و شانازی پێوە دەکەن .... کە لە ڕاستیدا ئەم دیاردی هاوبەش بوونە ، لە کەلە پووری نێوان گەلانی ناوچە یەکەدا ، نەك هەر لایەنی مۆسیقا دەگرێتەوە ، بەڵکو دەشێ لە زۆر دیاردی تری وەك داستانی پەندوو ئەفسانە شدا بەشدارن وەك چۆن ئەگەر لەناو کەلە پووری کوردەواریدا مەلای مەشهوور هەبێ ، لە بەرامبەریدا جەحاو مەلا نەسرەدینی عەرەب هەیە ، هەر بەوجۆرەش داستانی لەیلێ و مەجنون و شیرین و فەرهاد ، کە لە نێوان ئەم گەلانەدا هاوبەشە.

جگە لەوەش گەلی کورد کە لە ناوچەی ئێرانی کۆندا ژیاوە، نەك هەر لەم سەرمایە مۆسیقاییەی ئێرانی کۆندا ، بەشدارو هاوبەشە ، بەڵکو وەك خۆرهەڵاتناسان و کوردناسان و پسپۆڕانی کوردیش ، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی « زمانی کوردی »ش ـ کە لەچاو مۆسیقادا کۆڵەگەیەکی پتەوترو گرنگتری پێکهاتنی قەوارەی نەتەوایەتییە ـ لەباری ڕەچەڵەك و پێناسەی زانستییانەوە ، دەچێتەوە ناو خانەی زمانە کۆنەکانی ئێران ... لەبەر ئەوە ئەگەر مۆسیقای کوردیش ، بەتەربی زمانی کوردیدا بچێتەوە خانەی مۆسیقای ئێرانی کۆن ، ئەوا دەچێتەوە خانەی سروشتیی خۆی. (٣٦ـ٢٣)

بەتایبەتیش دەبێ لێرەدا (ئەوەمان لەیاد بێت ، ئەو مۆسیقا کۆنەی ئێرانی ، کە ئێمە مەبەستمانە، هی ڕۆژگارێکە کە سنووری جوگرافیای ئێران، زۆر لە ڕووبەری ئێستای بەرینتر بووە ، چونکە « هەر بۆ نمونە » لە نێوان ڕۆژگاری دەستەڵاتداریتی هەخامەنشی و ساسانی دا و ڕوونتر : لەسەردەمی شایەکانی ئەشکانیدا دوو پێتەختی زنجیرەی شایەکانی ئێران ، لە دەرەوەی

سنووری ئێستای ئێراندا بوون ، کە یەکەمیان شای مەدائین ، یان : «تیسفوون» ی ٣٢ کیلۆمەتر باکووری شاری بەغدای ئێستایەو دووەمیشیان شاری سلوکییەی سەر ڕۆخی چەپی ڕووباری دیجلەیە ... یەکەمیان تا دوارۆژەکانی دەستەڵاتداریەتی شایەکانی ساسانی ، هەر پێتەختی ساسانی بووەو وەک وتیشمان ڕۆژگاری دەسەڵاتی ساسانیش ، ڕۆژگاری ڕێزلێنانی مۆسیقاو مۆسیقازانان بووە ... بۆیە تا ئەمڕۆش ئەو پشکنینانەی لە لایەن شوێنەوارناسانی دێرینەوە ، لەمەڕ فەرهەنگ و هونەر ، لەناو ئێرانی ئێستاداو لەناو خاکی دراوسێکانیدا ئەنجامی دەدەم ، ئەوە دەسەلمێنن کە پەیوەندی و نزیکایەتی فەرهەنگی و هونەری تێکڕای ئەم ناوچانە ، وەک یەک بوون و ئەو ئامێری مۆسیقایی و مەقام (دەسگا) مۆسیقای یانەی لەو ڕۆژگارە دوورانەوە ، لە جوگرافیای ئێرانی کۆندا باوبوون ، تا ئێستاش گەلانی ناوچەکەش دوورترو ، نەک هەر بەکاریان دێنن بەڵکو بە هەمان ناوی خۆیانەوە ماونەتەوە ، وەک ناوی «ئامێری مۆسیقایی» : چەنگ ، نای ، دەهۆڵ ، سورنای ، ڕوباب ، بەربەت ، کووس شاهین ، تەنبوور ، کەڕەنای ، زەنگ (زەنج) ـ ی عەرەبی) ... لە مەقام (دە سگا) کانیشدا وەک ناوی : راست ، نەوە ، زەنگوڵە ، ڕەهاوی ، دووگا ، سێگا ، چوارگا ، پێنج گا ، شەش گا ، حەوت گا ، شوور، هومایوون ، نەهاوەند ، نەیشابور ، مایە ، شەهناز ، ماخوری (ماهوور) ، لەوپەری خۆرئاوای وڵاتانی عەرەبی وەک تونس و جەزائیرەوە ، تا ئەوسەری خۆرهەڵاتی چین ناوەکانیان هەر وەک خۆیان ماون . (٣٦ ، ٢٤)

لەبەر ئەمەیە ، دەڵێین : مەبەست لە ئێرانی بوونی مەقام و میلۆدی کوردی ، جوگرافیای سیاسی هیچ سەردەمێکی دیاریکراوی ئێران نییە . (٣٦ ، ٢٢) کاتێکیش دەڵێین زۆربەی مەقام و میلۆدی کوردی ، سەر بەم دەسگا کۆنانەی ئێرانن ، مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین : ئەم دەسگایانە لە سەر مەقام و ئاوازی کوردی پیادە بکەین و تاقی بکەینەوە ، یان بڵێین گۆرانی و ئاوازی کوردی ، لە دوای ناونانی لەم دەسگایانە لە دایک بوون ! .... بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە : سەدان و هەزاران ساڵە گەلی کورد ، گۆرانی و ئاوازی خۆی هەیەو بە درێژایی ئەو تەمەنە دێرینە یەش ، توانیوێتی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی و بۆن و بەرامەی کوردەواریانەی خۆی بپارێزی و لەناو گۆرانی و ئاوازی دراوسێکانیدا جیا بکرێتەوە ؛ چونکە خۆشبەختانە ئەو جۆرە تایبەتمەندییانەی مەقام و ئاوازی کوردی هەیەتی ؛ هیچ دراوسێیەکی نییەتی . بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکی تر : ئەو «جەیران»ەی کورد هەیەتی ؛ هیچ دراوسێیەکی نییەتی ، ئەو «لاووک»ەی کورد هەیەتی ؛ ئەو هۆرەو سیاوچەمانە یەی کورد هەیەتی ؛ هیچ دراوسێیەکی نییەتی . (١٩،٣٦)

هەر بەو جۆرەش ، هەڵبژاردنی ناوی سەیید ، لەو دیدو ڕوانگەیەوە هات کە : سەیید سەرەڕای ئەوەش بەوپەڕی سەرکەوتن و شارەزاییەوە ، توانیوێتی پڕاو پڕی دە سگاگەلی مۆسیقای ئێرانی ، دە نگە فریشتەییەکەی بسازێنێ ؛ لە هەمان کاتیشدا توانیوێتی مۆرکێکی جیاواز شەقڵێکی سەربەخۆ ، ئەفراندنێکی نوێ و تایبەت دابهێنێ ، جیاوازتر بێ لەو شێوازە گۆرانییانەی گۆرانیبێژانی پێش سەیید ، لەناو چوارچێوەی دە سگاگەلی مۆسیقای ئێرانیدا ، گۆرانییان پێ وتووەو بۆ شێوازی هەریەکە یان ، یان هەر دەستەیەیان ؛ لە لایەن شێوازناسانی دەنگ و لە کاتی تاقیکردنەوەی دە نگە کانیاندا ، ناوی تایبەتی و جیاجیایان لێناون وەک ئەوەی ناوی تایبەتییان لە شێوازی دەنگی قەرەملووک وە زیری (١٩٠٣ ز ـ ١٩٥٩ز) و غولام حسەین بە نان (١٩١١ ز ـ ١٩٨٥ ز) و تاج ئیسفەهانی (١٩٠٣ ز ـ ١٩٨١ ز) و محەمەد ڕەزا شەجەریان (١٩٤٠ز) و .... هتد و ناوە ... بەڵام کە چریکەی بلبل ئاسایی (١٠٣١٦) دەنگی سەیید کەوتە بەر گوێچکەی شێوازناسانی شێوازە جیا جیاکانی گۆرانی ئێرانی ؛ هەر لە سەرەتاوە دایچڵەکاندن و کەوتنە سۆراخ و پشکنینی نهێنی دەنگی و شێوازی دەنگی سەیید ا !(١٦ ،١٣)

له کوردستانیشدا ، که ئەو سەردەمە هێشتا پسپۆرانی مەقامو شێوازناس مابوونو ، بە پەرۆشەوە بەرەو پیری چوونو هەر لە سەرەتای بیستن و بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگەوە ، زۆر زوو ناوبانگی سەبید وەك ئاگرو پووشو ، بە هەموو لایەكو كەلو قوژبنێكی كوردستاندا بڵاوبووەوەو لە هەموو كۆڕێكدا ، باس هەر باسی ئەو بوو . (٥،٣٩)

واتە : هێشتا سەبید خۆی لە ژیاندا بووە ، كە هەر زوو دەنگی بووە مایەی بە پیرەوە چوونو ئاپوورەدانی لە لایەن جەماوەری هەموو ناوچە جیاجیاكانی نیشتمانەكەیەوە لە شارە كانی وەك مەهابادو سلێمانیو (٥،٣٩) بانگهێشتیان كردووە ؛ تا لە نزیكەوە بە دیداری شاد بنو لە نزیكیشەوە چاویان پێی بكەوێو بزانن چۆن لە جیاتی زمانی رۆحی ئەوان ، گۆرانی دەچڕێ ... وەك بڵێی ئاوێنەی بێگەردو دەریڕی هەستی ڕاستەقینەی خەڵكی هەرێمەكەیەتی ؛ دەنگی هونەریو فەرهەنگی ناوچەكەی خۆیەتی ، بە هەموو خەمو خەونو فرمێسك و خەندە یەوە ....

له لایەكی تریشەوە ، بووە قوتابخانەیەكی هونەری تایبەتمەندو نموونەی چاولێكەری و لاسایی كردنەوەی دەنگی ، له لایەن دەنگخۆشانی تره‌وه .... كه دیاره ئەم دیاردەییەی ئاپوورەدانو لاسایێو چاولێكەریو باوەش پیاكردنەوەی دەنگی سەبید ، ئەگەر ماناو نیشانەیەكی زەقو ئاشكرای هەبێ ؛ هەر هی ئەوەیە كە دەنگی سەبید، دەنگی كەلەپووری مێژینە و دەنگی دڵو دەروونی جەماوەری هەرێمەكەیەتی ؛ ئەگینا له پێش سەبیدو له دوای ئەویش ، دەنگخۆشانی تر هەبوون ، كه ناوبانگیشیان هەبووەو دەنگیشیان خۆش بووه و شارەزای پیادەكردنی دەسگاگەلی مۆسیقاییش بوون ؛ كەچی له كوردستان كەس ئاپووره‌ی نەدان كەس نەیكردنە قوتابخانەی هونەری و كەسیش لاسایی نەكردنەوە .

بۆیە دەنگی سەبید ئەگەرچی مێژوویەكی بەسەردا تێپەڕیوە ، بەڵام لەو مێژووە پڕ سەروەریانەیە كە داهاتووشی له هەناوی خۆیدا هەڵگرتووه ... واتە : رابوردوویەكی داهاتووه ، رابوردوویەكی ڕەگوڕیشە داكوتراوە بەفەرهەنگ و هونەری گەلەكەیەوە ، چونكه بەدرێژایی ئەو مێژووەی كه سەبید خۆی كۆچی دوایی كردووه ، كەچی دەنگە نەمرەكەی ، وەك بانێدەیەكی دەنگخۆش ، هێلانەی بەسەر ڕۆح و مەزاجی كوردەواریەوە كردووه و هەتا دێت ئەم بانێدەیە نزیكو نزیكتریش بە دەوری سەرو بە دەوری گوێچكەی هونەری گۆرانیو مۆسیقای ڕەسەنی گوردەواریدا دەسوڕێتەوە ... له بەر ئەوە تا مێژووی كۆچی سەبید ، له ڕۆژگاری ئێستامان دوور دەكەوێتەوە ، دەنگە ئاشناكەی سەبید هەتا دێت هەر نزیكو نزیكتر دەبێتەوە ... هەر ئەمەشە گەوهەری نەمری ئەم دەنگە كە (٧٠_٨٠) ساڵ لەمەو بەر ، لەناو جەرگەی كۆمەڵگایەكی دواكەوتوودا ، توانی نرخو بایەخی هونەر لای كۆمەڵگاكەی ، لای گەلەكەی ، بااڵترهەڵچنێ و تێكڕای تونێژوو چینەكانی گەل به چاوی ڕێزو بایەخو شكۆوه ، ئاوڕو سەرنج له هونەر بدەنەوه ، سەرنج له دەسەڵاتی هونەر بدەن ... تەنانەت وای كرد ئەو تونێژو كۆمەڵانەش كه پێشتر بایەخو بەهایان به هونەر نەداوه ئاوڕ له هونەر بدەنەوه ... هونەریان لا جوانو پیرۆز بێت ... بەم كارەش سەبید توانی هونەری مۆسیقاو گۆرانی ، له باوەشی تایبەتو تەنگەبەرو ئابڵووقەدراوی ناو دیوەخانانو ئەشرافیانو دەستەاڵتداران دەربهێنێو ئابڵووقەو گەمارۆی لەسەر الیەرێو هونەر بكاته كەرستەی پێویست بۆ ژیانی هەموو گەل .

كەواتە ئەم ڕێزو ئاوڕدانەوەی جەماوەری گەلو هونەردۆستان ، له دەنگی سەبید له لایەكەوەو لاسایی كردنەوەی له لایەن دەنگخۆشانی ڕۆژگاری خۆیو دوای خۆی له لایەكی تره‌وه ، بەڵگەی ئەوەن ئەم هونەرمەندە ، نوێنەری هەستو سۆزی كۆمەڵگاكه یەتی ؛ نوێنەری مێژینەی هونەری ڕەسەنو ڕاستەقینەی گەلەكەیەتی ؛ نوێنەری زیندووكردنەوەی گۆرانیو مۆسیقای ناو گەنجینەی پارێزراوی دێرینەی

گەلەکەیەتی ؛ نوێنەری بانگەوازی ڕۆحی کۆمەڵەکەیەتی ؛ نوێنەری ناسنامەو پێناسەی ژیانو خانەی گەلەکەیەتی لە کاروانی گەلانی دراوسێدا ، نوێنەری گریانو خۆزگە شاراوەکانی دەروونی گەلەکەیەتی کە پشتاو پشت ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ، بە میراتی بۆ سەردەمو ڕۆژگاری سەیید بە ئەمانەت هەڵگیرابوو ... گەورەیی و کارامەیی سەیدییش لە بەردەم ئەو نوێنەراتییەدا ، لەوەدابوو کە ئەم ئەمانەتو پەیامەی بەوپەڕی لێهاتوویی و هوهەری باڵاوە ، خستەوە سەر خەرمانی نەوەکانی ڕۆژگاری خۆی و دوای خۆی ؛ کە هونەرمەندی مۆسیقازان ، پڕۆفیسۆر قادر دیلان ، بەر لە هەموو کەس ئەو ڕاستیەی پێکاوەو بەر لەهەموو کەسیش لە سەر ئەم نهێنییە هاتۆتە دەنگو وتوویەتی :«هەر جۆرە گورانییەکی وتبێ ، چ بەستەو چ مەقام ، شێوەیەکی کوردی تەواوی داونەتێ ... هە روها ئەو تیپە مۆسیقایەی لەتەکیا بە شدار بوون ، هەموویان فارس بوون ؛ بەڵام دە نگی بەرزو خۆشی سەیید ، هێزو تەئسیری بەجۆرێك بووە ، کە مۆسیقا ژەنەکان خۆیان لەبیرچۆتەوە کە فارسن ؛ لەبەر ئەوەی شێوەی لێدانی بەستەو ئاوازەکان زیاتر بەلای کوردیدا دەچێ ، ئەگەر بەتەواوی کوردی نەبن . (٤)

هەر لەم بارەیەوە هونەرمەندان عوسمان شاریاژێری دەڵێ : ... سەیید یەکەمین گۆرانیبێژە ، کەڕێبازێکی کوردانەی گرتووە ... لە وتنی مەقامی کوردی و مەقامی ڕۆژهەڵاتیدا ڕچەی شکاندووە ، تەوقی فارسی وتنی لە گەردنی گۆرانی کوردی دامالیوە (٤٧ ، ٧٨)

هەروەها هونەرمەندی شارەزا لە دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانیدا سدیق تەعریف (١٩٥٥ز) کاتێ بەراوردی شێوازی دەنگی سەییدو شێوازی دەنگی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی ئێران دەکاو لەنێوان ئەمانەدا بەشوێن ناسنامەی دەنگی سەییددا دەگەڕێ؛ دەگاتە ئەو ئاکامەی کە بڵێ : (دەنگی سەیید ، شێوازی (کوردستانی)یە (٧٤،٥) لەم شێوازە کوردستانییەشدا ، کاتێ بەقوڵی گوێ لە دەنگی سەیید دەگرین ، هەست دەکەین دەنگی سەیید دەنگدانەوەی مۆسیقاو گۆرانی سەدەکانی پێش خۆیەتی ؛ وەك ئەوەی هەست بکەین : دەنگێکی دوور ... دوور لە قوڵایی مێژووە وە ، قوڵایی ناخمان بانگ دەکات ؛ قوڵایی هەستمان دەدوێنێ ... هەر بۆیە هەندێ جار وا هەست دەکەین ئەم دەنگە ، زۆر لێمان نزیکە ، بەڵام ئەوەندە بانگەوازێکی بەهێزو بە زەبرو کاریگەرە ؛ دەتوانێ ڕۆژگارە دوورەکانی پێش خوی بانگ بکاتەوە... دەتوانێ بگاتەوە بەرۆژگارە دوورەکانی مێژوو ؛ کە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی گۆرانی و مۆسیقای سەدەکانی پێشینیش بەسەر بکەینەوە ؛ ئەوسا دەزانین گۆرانی و مۆسیقای باپیرانی سەیید ، بریتی بوون لەچەپکێ شێوە گۆرانی و مۆسیقای ناوچە جیاجیاکان ، کە بە هەمووان لەژێر چەتری یەك شێوازی یەکگرتوودا ، کەش و هەوایەکی جیاوازو سەربەخۆ ، بۆن و بەرامەیەکی تایبەتمەندو دیار ، کۆی کردوونەتەوە ... ئەو کەشو هەواو بۆنو بەرامەیەش ، کە ئەو ناسنامەیەیە کە گۆرانی مۆسیقای کوردی ، لەناو گۆرانی و مۆسیقای دراوسێکانیدا جیا کردۆتەوە ... خۆ ئەگەر تایبەتمەندییە ئاشکراو دیارەکانی ئەم ناسنامەیەش ، لە نمونەی ڕەسەنترین و پاکترین گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا لەبەرچاو بگرین ، کەبریتین لە: لاووك ، حەیران ، بەیت، سیاوچەمانەو هۆرە ؛ سەرجەم دەدەین ئەم چەپکە هونەرە ، بەر لەهەموو شتێك هەموویان دەچنە خانەی مەقامەوە؛ واتە ریتێك نین ؛ لە هەمان کاتیشدا یەکێتی بابەت لە هەموواندا ، ڕەگەزێکی زاڵ و لەبەرچاوە ... بەمانای ئەوی لەهەموواندا : کێشەیەك ، مەسەلەیەك ، پەیامێك ، خەمێکی مرۆڤانە ، بناوانی چنینی دەقەکەیە ...پەیامی دەقەکەش ، بە کۆمەڵێ وێنەی شیعری ڕازێندراونەتەوە کە وێنەکان هەموویان کورتو بروسکە ئاسا ، سادەو ساکار ، مەبەستەکان بە دەستەوە دەدەن ، بەبێ ئەوەی گوێگر تووشی بێزاریو پەرتبوون بکەن ... بەڵام لە

هەموشیاندا رەگەزی زاڵ ، رەگەزی مۆسیقایە ؛ کە هەموو رەگەزەکانی تری لە هەناوی خۆیدا کۆ کردۆتەوە . واتە هەمو رەگەزەکانی تر ، بە هۆی دەنگێکی مۆسیقاییەوە بە ئێمە دەگات ؛ گە یاندنی پەیامێکی ڕووت ، نەك گوێگرتن لە کۆمەڵە وێنەیەکی شێعری .. لەبەر ئەوە لە زۆربەی لاووك‌و حەیران‌و بەیت‌و سیاو چەمانەو هۆرەدا ، مۆسیقای دەنگێك ، ڕابەرایەتی ڕەگەزەکانی تری دەقەکە دەکات ... هەر بۆیە کە گوێمان لە هۆزە ، یا سیاوچەمانە ، یان گۆرانی‌یەکی ڕەسەنی وەك قەتار دەبێ ؛ کە لە پێش هەموو شتێکدا دەنگێکی مۆسیقایی ، بانگی هەستمان دەکات ؛ نەك ئەو چەپکەواژەگەلەی دەقەکەی چنیوە ... تەنانەت هەندێ جار ئەو چەپکەواژەگەلە وەزنێکی شیعری و مۆسیقاییان نییە بەڵکو لە کاتی وتنیاندا ، لە شێوە گۆرانی وەك لاووك‌و حەیران‌و بەیت‌و هەندێ جاری تریش لە سیاچەمانەو هۆرەشدا ، مۆسیقای دەنگی گۆرانی بێژەکە بە قووڕگ لەنگەری مۆسیقایی‌و وەزنی واژەو ڕستەکان ڕادەگرێ‌و مۆسیقایان بۆ دروست دەکا ، کە ئەمەش کت‌و مت شێوازی چڕینی گاتاکانی «زەرتووشت» ی بووە .

هەر بۆیە گەورەترین هۆی سەرکەوتنی گۆرانی ، لەوەدایە مۆسیقا ، یان دەنگێکی مۆسیقایی ، ڕەگەزەکانی تری گۆرانییەکە بمۆسیقێنێ ، نەك دەربڕینی کۆمەڵە واژەو پەیامێك ، یان شێعرێکی جوان ، دەنگە مۆسیقاییەکە بشێعرێنێ ! چونکە ئەگەر وا بوایە ، واتە : ئەگەر لە گۆرانیدا شێعر ڕابەرایەتی مۆسیقای بکردایە ، ئەوسا ئیتر چ پێویست بوو شێعری جوان بە گۆرانی بوترێن ؟ ! لە کاتێکدا ئێمە دەزانین دەسەڵاتی مەزنی دەنگێکی مۆسیقایی خۆش ، نرخ‌و بایەخی شێعرەکە بەرجەستەترو باڵاتر دەبات .. هەر بۆ نموونە دەڵێین : کاتێ گوێمان لە عەلی مەردان دەبێ ، شێعرێکی مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦ ـ ١٨٨٦ز) بە مەقامی قەتار دەچڕێ ؛ دەمودەست بۆمان دەردەکەوێ کە بە هۆی دەنگە مۆسیقاییەکەوە ، شیعرەکەمان بیر دەکەوێتەوە ... یان جاری وا هەیە دەنگە مۆسیقاییەکە ، ئەوەندە کاریگەرە ، هەندێ جار لە کاتی بیستنی گۆرانی‌و مۆسیقای خۆشی نەتەوە یەکی بیانیدا ، کە تەنانەت زمانی ئە و نەتەوەیەش نەزانین ، بەڵام ئەوەندەی زەبری دەنگە مۆسیقاییەکە ، ڕامانده‌کێشێ ؛ ئەوەندە تێگەیشتن لە زمانی ئەو گۆرانییێژە بیانییە ، نابێتە ڕێگرو کۆسپ ، لە ڕێگەی چێژو وەرگرتن لە دەنگە مۆسیقاییەکەی .... بە واتەیەکی تر . زەبری مۆسیقاکە ئەوەندە زاڵە کە لە ئاکامدا وا بزانین : نە مۆسیقایەو نە شێعرە .

لەجێی خۆیدایەتی لە م دەرفەتەدا نموونە یەك لە مەولەوی تاوەگۆزی بە یاد بهێنەوە ؛ کە خوالێخۆشبوو سە یید ئەحمەدی عازەبانی ، بۆ جەنابی «مەلا عەبدولکەریمی مودەریس»ی گێڕاوەتەوە :

سەیید حەسەنی موفتی داوای حەبیبە خانمی کچی شێخ عەلی عەبابەیلێ دەکاو دەیدەنێ ، کە لە «سلێمانی» یەوە دەڕۆن بۆ عەبابەیلێ بە شوێن بووکدا ، شێخ عەلی باوکی بووك ، بە مەولەوی دەڵێ : مەولەوی من کەسم نییە لەگەڵ حەبیبە بینێرم بۆ سلێمانی‌و لەتۆ مەحرەمترم نییە بە مااڵی ئێمە ، لەگەڵی بڕۆ . ئەویش لەگەڵ بووك دەڕوا .

لە ڕێگادا بە عادەتی بڕازاوا دەست دەکەن بە گۆرانی ووتن ، یەکێ لەو کۆمەڵە کە ناوی حەمەی ئامین‌بوو ، دەنگی زۆر خۆش بووە ، دەست دەکا بە قەتارو ئای ئای وتن بە شیعری مەولەوی‌یەوە . مەولەوی بە سواری وڵاخەوە لەبەر خۆشی دەنگی حەمەی ئامین جەزبە ئەیگرێ‌و بە جۆری لە حاڵی تەبیعی دەرئەچێ ، دەکەوێتە خوارەوە . خەڵکەکە دادەبەزن‌و ڕاستی دەکەنەوەو سواری وڵاخەکەی دەکەنەوەو لە «حەمەی ئامین» یش تووڕە دەبن ، دەڵێن : خەتای تۆ بوو وا مەولەوی کەوتە خوارەوە . «حەمەی ئامین»یش دێ بەلای مەولەوییەوە ، پێی دەڵێ : «قوربان بۆچی وات لێهات ؟ خۆ من هەر شیعرەکانی خۆتم دەخوێندەوە !» . ئەویش دەڵێ : «کوڕە! کەی شیعری من ئەوەندە

خۆش‌و بە تەئسیرە ؟ بەخوا خەتای (ئاواز) ە کەی تۆ بوو ...» (٥٣، ٣٧٦)

ئەم دیاردەیە لای سەیید لە لووتکەدایە ... لە دەنگی سەییدا ، بەر لەوەی لە مانای شیعرەکە بگەین ، لە سیحری دەنگیدا ، غافڵ گیر دەبین . دەنگی سەیید بریتییە لە «... تەکنیکێکی ـ سهل ممتنع ـ ، کە لە روخساردا سادەو ساکارو لەناوەڕۆکیشدا ئێجگار پڕ گێژەن‌و چەڵەمهێن‌و موشکۆڵەزمەیە ... تریفەو لەرینەوەیەکی وا لە دەنگیایەتی ، دەمانگرێنێ ... هەستێکی زوڵاڵ‌و قوڵیش لە دەنگیایەتی ، هەموو ئەمانەش وەك ئاوی گەرمی ئۆقیانووس ، لە دەنگیدا دەتوێنێتەوە ... ئەمەیە جادووی نەمری دەنگی سەید (٧٤،٥) . لەم جادووی دەنگەدا شیرینترین «چریکەی بولبول» ئاسایی ، جگە لە سەیید کەسی تر نەیتوانیوە بەو جۆرە بچریکێنێ (١٣،١٦) . بۆیە کە دەمانەوێ لەمانای دڵرە شیعرێکی ناو گۆرانی‌یەکانی سەیید بگەین ، تووشی سەرە گێژەو ڕامان دەبین ، چونکە سەیید ئەوەندەی دەربەستی ئارایشو ڕازاندنەوەی لەرینەوەکانی مۆسیقای دەنگییەتی ، ئەوەندە دەربەستی دەربڕین‌و دانپێدانانی واژەکان نییە . لە زۆربەی گۆرانیەکانیدا بە گشتی و بە تایبەتیش لە مەقامەکانیدا ، بە جۆرێك دە سکاری واژەگەلی شیعرەکان دەکات ، کە هەریەکەیان بە گوێرەی گونجاندنی مۆسیقایی و لەرینەوەی دەنگی ، دەیانسازێنێ ... تەنانەت هەندێ جار وا هەست دەکرێ واژەیەك دەکشێنێ‌و واژە یەکی تر زۆر کورت‌و تەماوی دەردەبڕێ ...

هەر بۆیە تا ئێستاش سەدان‌و هەزاران کورد هەن ، بەبێ ئەوەی لە مانای شیعرێکی ناو گۆرانیەکانیشی تێبگەن ، چێژ لە دەنگی وەردەگرن ... بە مانا : لای سەیید ، مۆسیقا جڵەوکێشی شیعر دەکات‌و شیعر دەبێتە پاشکۆی مۆسیقا، نەك بە پێچەوانەوە .

دەنگی سەیید چەند سروشتیانەو ڕەوان دەبیسترێ ، ئە وەندەش سەلیقەو دە سەڵاتی لەبن نەهاتووی لە بناواندایە ، بە جۆرێك دەنگی دەردەبڕێت وەك ئەوەی توانایەکی ئەفسانەیی لەناو دەروونیدا جڵەوکێش‌و ڕەنگڕێژی «فڕەکانس» ە کانی دەنگی بکات ، کە کت‌و مت شەپۆڵی لەریوەکان ، بە ئەندازەو پڕاو پڕی نێوان «گام» ێك و «گام» ێکی تری مۆسیقایی بێت ، بەبێئەوەی لەهیچ ساتێکدا هەست بکەین زۆر لەخۆکردنێکی نائاسایی‌و ناسروشتی پێوەدیاربێت ، وەك هەندێ گۆرانیبێژ بەبێ هیچ بۆنەو خرۆشانێك لەرینەوەی بەرزو نزم و چریکەی نائاسایی‌و ناسروشتی لە دەنگیاندا دەردەبڕن .

دەسەڵاتی سەیید ، بە سەر چین (ئۆکتاف)ەکانی دەنگیدا ؛ ئەوەندە زاڵە دەتوانێ لەهەر «مەقام» ێکدا تایبەتمەندییەکی جیاواز و سەربەخۆی بدات ، بەجۆرێك لە هەر مەقامێکدا ، ئۆکتافەکانی دەنگی ، جیاوازترە لەو ئۆکتافانەی لە مەقامێکی تردا دەربدەبڕێ ، واتە : ئەو چینە دەنگەی لە مەقامێکدا بەکاری دێنێ ، لە مەقامێکی تردا ئەو جۆرە ئۆکتافانە بەو جۆرە بەکار نابات‌ەوە ، بۆیە هیچ گۆرانییەکی لە هیچ گۆرانییەکی تری ناچێ ، لە نێوان هەر یەکێك لە مەقامەکانیدا وا هەست دەکەین زەمانێکی زۆر بەهرەو سەلیقەو دەسەڵاتێکی خۆ ئەگەر تایبەتمەندییە ئاشکراو دیارەکانی مۆسیقای کوردی جیاواز لە نێوانیاندایە ... کە هەر مەقامەی ، تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی هەیە ... بەڵام بە هەمووبان لە ژێر ڕکێف و کەش‌و هەوای دەنگی سەییدان .

لە پشت ئەم تایبەتمەندییانەی دەنگی سەییدەوە ئاگاداری‌و زانیاری سەییدە لە فەرهەنگ ئەدەب بە گشتی‌و لە گەنجینەی فەرهەنگ‌و ئەدەبی گەلەکەی بە تایبەتی ، کە ئەم گەنجینە یە بۆ سەیید بۆتە کۆڵەگەیەکی پتەوی سەرکەوتنی . چونکە سەیید بەر لەوەی ئێمە بە هۆی «دەنگ»ەوە بە سۆزەکەیەوە بیناسین ، ئەو خۆی فەرهەنگ‌و ئەدەبی گەلەکەی ناسیوە ... کە ئەمە بۆ هەر هونەرمەندو نووسەرێك بەردی بناغەو بنەما سەرەتاییەکانی سەرکەوتنێتی لە بەر ئەوەی هەرگیز هیچ هونەرمەند و نووسەرێك چاوەڕوانی سەرکەوتنی

لێناکرێ ؛ ئەگەر ئاگاداری پێشینەی هونەرو فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی نەبێت.

لەم بوارەدا ، ئەو بەڵگانەی لەبەردەستی ئێمەدان و لە جێگەی تردا باسیان دەکەین ؛ ئەوە دەسەلمێنن کە سەیید ئاگادارییەکی زۆری لە سەر گەنجینەی هونەرو ئەدەب و فەرهەنگی گەلەکەی هەبووە ... ئاگاداری سەرجەمی شێعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی بووەو لەناو ئەو کاروانەشدا شەیداو دڵبەندی شێعری عارفانەی مەولەوی تاوەگۆزی بووە ، چونکە هاوهەستی عارفانەو سۆزی عاشقانەی خۆی تیا دیوەتەوە . جگە لەوەی کە شیعری مەولەوی تاوەگۆزی ، تا ڕۆژگاری سەییدو لە سنوور و جۆگرافیای هەرێمی سنەدا ، هەر درێژبوونەوەی مێژووی شێعری دیالێکتی «گۆران» ە ، کە زیاتر لە چەندان سەدەی پێشینەوە ، زاراوەی گۆران ، جوگرافیای سنە و هەورامان باوەشی سەوزو گەرمی بووە ، لە پاڵ ئەم هۆیەشدا پەیوەندی ڕۆحی و دۆستایەتی سەیید لە گەڵ شێخانی سەر بە ڕێبازگەی نەقشەبەندی لە ناوچەی تەوێڵەو بیارەو بە تایبەتیش لەگەڵ خودی شێخ عەلی حیسامەدین (١٨٦١ ز ـ ١٩٣٩ ز) (٨٣٠٥٣ ـ ٨٤) ؛ کە لەم بوارەدا (٤) نامەی سۆز ئامێزو پڕ لە ئەوینی دۆستایەتی شێخی ناوبراومان بۆ سەیید لەبەردە ستدان ، ئەم پەیوەندییەش بێ سێو دوو دەرگای ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەی لەبەر سەیدا کردوەتەوە : کە لە دێر زەمانەوە خانەقاکانی تەوێڵەو بیارە مەڵبەندی گردبوونەوەو ئەرشیفی پارێزراوی شاعیرە ناودارو عارفەکانی سەرتاسەری کوردستان بوون ؛ بە تایبەتیش شاعیرانی دیالێکتی گۆران ، بەم بۆنەیەوە سەیید شیعرگەلێکی زۆری شاعیرانی کوردی لەبەر بووەو هەندێکی تریشیانی بە خەتی خۆی نووسیوە ، یان لە سەر خواستی خۆی بە خەتی دۆستانی ، بۆی نووسراون و لای خۆی پاراستوونی و هەندێکیان بە هۆی بنەماڵەی «سەیید ئیبراهیم»ی کوردەزایەوە تا ئێستا پارێزراون و بۆ ئەم مەبەستە لەبەر دەستماندان.

ئەم گەنجینەیە ، ئاگاداری و زانیاری لە سەر شێعرو شاعیران و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بە سەیید بەخشیوەو لەگەڵ هەندێ لە شاعیرانی «گۆرانی»یشدا شێعری ئاڵوگۆڕ کردووەو جارجارەش سروشتی شێعر نووسینی هەبووە . دیسان هەر ئەم گەنجینەیە ، ئاگاداریی زۆری لە سەر زمانی یەکگرتووی کوردی بە سەیید گە یاندووەو بەهۆیەوە ئەم شێوە دەنگ دەربڕینەی کە سەیید لە گۆرانییەکانییدا واژەگەلی کوردی پێ دەدەبڕێ ، نیشانەی ئاگاداری سەییدە لە سەر زمانی یەکگرتووی کوردی و لەم بوارەدا دەڵێین:

ئەو شێوە فۆنەتیکەی کە سەیید لە گۆرانییەکانیدا پێی دەئاخێوێ ، هەرگیز ئەو شێوە فۆنەتیکی ئاخاوتنە نییە کە تا ئێستاش دانیشتوانی سنەی زێدو مەڵبەندی سەیید پێی دەدوێن ، بەڵکو بە هەموومان ناوی ووشەی شارەزاییەوە ، سەیید شارەزاییەکی زۆری لە سەر ئەو شێوە زمانە هەبوو کە شاعیرانی سێکوچکەی میرنشینی بابان ، واتە : نالی (١٨٠٠ ز ـ ١٨٥٦ ز) ، سالم (١٨٠٥ ز ـ ١٨٦٩ ز) و کوردی (١٨٠٩ ز ـ ١٨٤٩ ز) ڕەنگییان بۆ ڕشتووەو شاعیرانی دوای ئەوانیش پێڕەویان کردووە ، تێکڕای ئەم ئاگاداریو شارەزاییەی سەییدییش بۆی بوونە هاندەرێك کە بیێتە یەکەمین کەس لە کوردستانی ئێراندا ، دەنگ و ئاوازی کوردی لە سەر قەوان تۆمار بکات . هەر چەندە مامۆستا عەلائەدین سوججادی پێی وایە کە سەیید یەکەمین کەسە لە سەرتاسەری کوردستاندا مەقاماتی کوردی خستە سەر گرامافۆن (٢) (٤٦،٤٥) .

بەم جۆرە کە بە تایبەتمەندییەکانی دەنگی سەییدا دەچینەوە ، دەگە ینە ئەو ئاکامەی کە :

١) میراتی هونەری گۆرانی باوك و باپیرانی کوردە ، کە سەیید بە جوانترین و بە تواناترین دە سەڵاتی هونەرییەوە ، بە ئێمەی گەیاندووە .

٢) شێوازی دەنگی ، کەش و هەواو شێوازی کوردییە.

٣) هەر بەو هۆیەوە کە شێوازی دەنگی کوردییە ،

له هەمان کاتیشدا شێوازی تایبەتمەندوو سەربەخۆیە کە تا ئێستا «شێوەی گۆرانی ووتنی ، جیاوازە لەگەڵ هەموو گۆرانییەژنکداو کەس نە یتوانیوە لاسایی بکاتەوە » (٤٠)

٤) پێرەوی لە بنەما و رەگەزەکانی گۆرانی دێرینە کوردی کردووە و لەم پێناوەدا جگە لەوەی خەمێکی خۆش و جوانی مرۆڤانە تێکەڵ گۆرانییەکانیەتی ، لە هەمان کاتیشدا بە پەیرەوی لە شیعری دەقی حەیران و لاوک و هۆە و سیاو چەمانەو بە پیتی کوردی ، شیعری پڕ لە وێنەی ڕووون و سادەو کورتی هەڵبژاردووە.

پەراوێزەکان

١)ڕوانە بە شی پاشکۆ

٢) بەڵام ئێمە پێیان وایە لە پێش سەیددا ، لە کوردستانی عیراق خەڵکی تر دەنگ و ئاوازی کوردییان لەسەر گرامافۆن تۆمار کردووە (وەک دواتر لە جێگەی خۆیدا باسی دەکەین .)

٥) ئاگای لە پێشینەی هونەری و ئەدەبی کۆمەڵگاکەی خۆی بووەو شیعری فۆلکلۆرو شیعری شاعیرانی بە جۆرێک هەڵبژاردووە کە بە هەمووان «یەکێتی بابەت» ی پەیامی گۆرانییەکان بگەیەنن .

٦) پراو پڕی دەسگاگەلی مۆسیقایی ، دەنگی سازاندووەو و لەم بارە یەوە ئەوەندی دەربەست و پابەندی « مۆسیقاندن» ی دەنگێتی ، ئەوەندە دەربەست و پابەندی (شیعراندن) ی ڕووت و زەقی دەقی گۆرانییەکانی نییە .

٧) لەم شارەزایی و ئاگادارییەی سەیید ، لە دەسگاگەلی مۆسیقای کۆنینەی ئێراندا ، کەش و هەواو شەقڵ و مۆرکێکی تایبەتمەندو جیاواز ، بۆ شێوازی دەنگی دیاری دەکەن ، کە هونەری گۆرانی کوردی ، لەناو کاروانی هونەری گۆرانی ئێرانی دراوسێکانیدا ، خانەی جیاوازو تایبەت و سەربەخۆی هەبێ و بەم خانە یە ڕێگەو پلە پایەی گۆرانی کوردی ئابرومەندانە ، شوێنی خۆی لەو کاروانەدا بپارێزێ .

هەموو ئەم ڕەگەزە هونەرییانەی دەنگی سەیید ، سیحرو نەمرییەکی هەمیشەییان بە دەنگی بەخشیوە و بە هەموشیان هونەرێکی مەزنتریان فراواندووە ، کام هونەرە سەروبڕە ، ئەو پرسیارەمان لادروست دەکات لە خۆمان بپرسین : چ نهێنی هۆیەک دەبنە هەوێنی هێشتنەوەو نەمریی دەنگێکی هونەریی یان بە ڕەهەێکی هونەری و ئەدەبی ؟

لە وەڵامدا دەڵێین : هەر تەنیا ئەو دە سەڵاتە مەزنە هونەرییە دەتوانێ پەیوەندییەکی قوڵ و خاوێنی مرۆڤانە ، لە نێوان خۆی و مرۆڤایەتیدا دروست بکات ، بەبێ ئەوەی لە کاتی دروستکردنی ئەم پەیوەندییەدا تەقەلای هات و هاوارو ژاوە ژاو بکات .... بەڵکو بە دوای زمانێکدا دەگەڕێ ، بتوانێ خەم و خەونە ڕەسەن و دێرینەکانی مرۆڤ بلاوێنێ .

هەر ئەمە شە نهێنی نەمری و مانەوەی ئەو هونەرمەندو شاعیرو نووسەرانەی ، سنووریان لە نێوان مرۆڤ وجوگرافیادا نەهێشتۆتەوە و لە هەموو سەردەم و جێگایەکدا ، زمانی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتین .... ئەگینا نەمری حافزی شیرازی و مەولەوی و ڕۆمیو گۆتەی ئەڵمانی و «پووشکین» ی ڕووسی ولورکای ئیسپانی و مەولەوی تاوەگۆزی (١) و ... هتد ، لەبەر ئەوە نییە کە لە وەزنی شیعرو وێنەی خەیاڵی بڵاودا سەرکەوتوون !. بەڵکو لە بەر ئەو دە سەڵاتە مەزنانەیە ، کە توانای پشکنین و دۆزینەوەو داهێنانی زمانی هەستی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتی داونەتێ ، لە کاتێکدا هەر یەکە لەمانە ، سەر بە نەتەنەو جوگرافیایەکی جیاوازو دەنگ و شێوازی تایبەتی خۆیەتی .

هەر لەم ڕوانگە یەوە هەڵبژاردنی ناوی سەییدیش لەم تەقەلا بچووکەی منداـ ، لەوگیانەوەهات ، کە دەنگی سەیید سەرەڕای ئەوەی مۆرێکی تایبەتمەندی کوردەواریانەی پێوە یە ، لە هەمان کاتیشدا دەنگی شانازیی گۆرانمی کوردییە ، لە ناو گەلانی دراوسێکانیدا، لە هەمان کاتدا دەنگی هەستی هاوبەشی مرۆڤانەی کوردو دراوسێکانێتی .

١) ئەو ناوانەمان هەر وەک نموونە ، بە تەنیا لە شاعیران هێنایەوە ، تا لەناوهێنانی بەهرەمەندانی تری مەیدانەکانی ئەدەب و هونەردە درێژە بە نموونەکان ئەدەین .

شانازی گۆرانی کوردییە ، لەناو گۆرانی گەلانی دراوسێکانیدا ، لە هەمان کاتدا دەنگی هەستی هاوبەشی مرۆڤانەی کوردو دراوسێکانیەتی .

فرانسیس بیکۆن

وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە : ئارام ئیسماعیل سەعید



بە دریژایی هاوینی ساڵی ڕابردوو تا مانگی ئۆکتۆبەر لە مەڵبەندی جۆرج پۆمپیدۆ لە مۆزەخانەی نیشتمانی هونەری هاوچەرخ لە پاریس، پێشانگایەکی یادەوەری فرانسیس بیکۆن بەردەوام بوو...

دەیقید سیلڤیستەر یەکەم ڕەخنەگری بەریتانی بوو کە توندو تیژی و بەهرەی (بیکون)ی خستە ڕوو. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٦ دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بیکۆندا ساز کردو پاش ئەوەی لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە دواتر لە تەلەفزیۆنیش پەخش کرا... سەرچاوە هونەرییەکان ئەڵێن لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا ئەو چاوپێکەوتنە باشترین بەڵگەنامەیە لەسەر بەرهەم و شێوەی کارکردنی فرانسیس بیکۆن.

بەم دواییە تەلەفزیۆنی arte ئارتی فەرەنسا پاش سی ساڵ ، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا بڵاوی کردەوەو ئەمەش دەقی تەرجەمەکراوی ئەو چاوپێکەوتنەیە:

سیلڤیستەر : زۆر بە سەرکەوتویانە توانیوتە وێنەی دەمی کراوەو دانەکان بکەیت بەبێ ئەوەی تەعبیر لە خەندەیان هاوار بکات ؟

بیکۆن ـ بەڵێ منیش پێم وایە ...

پ ـ لە گەڵ ئەوەشدا تۆ ویستوتە هاوارێکی مرۆیی یانە وێنە بکەیت..

بیکۆن ـ بەڵێ ، من ویستومە ، بەڵام هەرگیز سەرکەوتو نەبوم لە وێنەکردنی خەندەدا ، هەرگیز نەمتوانیوە ...

پ ـ لەناو تابلۆکانتا زۆر تابلۆی ترسناك بە ئاشکرا ئەبینین ، کە زۆربەیان وێنەی خەڵکین لە سەر شتێك دانیشتون ... هتد بەڵام خەڵکێکی زۆر پێیان وایە کە تابلۆکانت ترسناکن لەو بارە یەوە ئەڵێی چی..؟

ـ من لەو بڕوایەدا نیم ، بۆ نموونە کاتێك ئەچینە لای قەسابێك ، جوانی گۆشت ئەبینی ، ئەمە لەو لایەنەدا کە گۆشت تیایدا جوانە ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەتوانین لەو دیمەنەدا هەموو مەترسییەکانی ژیانیش ببینین لەو ڕووەوە کە هەر بونە وەرێ ژیانی خۆی لە سەر حیسابی ئەوی تر ئە باتە سەر ، ئەویش بینای سروشتی ژیانە ، ئەمە وەك ئەو بێ ئەقڵیە وایە خەڵك گۆشتیش ئەخواو لایەنە خراپەکانی شەڕی گاکان ئەڵێن .

پ ـ هەرگیز قسەت لە سەر مۆدیل نەکردووە کە خۆت چەند جارێك کێشاوتەتەوە ...

ـ ئیش کردن بەو شێوەیە ڕێگەی زۆرم لێ ئەگرێ ، چونکە ئەوانەی مۆدیلیان بۆ ئەکەم لە بەردەم ناوەستن و ئەوانەی خۆشم ئەوێن ناتوانم ئەو شێواندنە فیزباییە بەکار بهێنم کە ئەمەوێ لە بەرهەمەکاندا دەری بخەم ، پێم باشە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دانیشم کە مۆدێلی بۆ ئەکەم و ئەوکاتە ئەتوانم بە ڕوون و ئاشکرایی ئە وراستییانە تۆمار بکەم ...


ـ ئەو شێواندنە فیزباییە بۆچی ؟

ـ زۆربەی کات خەڵك پێیان وایە کە ئەو شێواندنە فیزباییە تووشی زیانیان ئەکات ، هەرچەند دڵسۆزن بۆت و کاریگەریت بە سەریانەوە هەبێ ، چونکە زۆربەی خەڵك هۆنەرزۆست نین ، وا هەست ئەکەم شێواندن (تشویە) لە هونەری شێوەکاریدا جۆرێکە لە زنان بەخشین بەو کەسەی وێنەی ئەکێشێ .

ساڵی ١٩٨٤ واتە پاش هەژدە ساڵ هەمان ڕەخنەگری شێوەکار چاوپێکەوتنێکی تری لەگەڵ بیکۆن دا سازکرد:

پرسیار : له یه‌که‌مین پێشانگاکانته‌وه ئیشه‌کانت سه‌رنجی خه‌ڵکی ڕاکێشاوه ، به‌ڵام به شێوه یه‌کی دژوار ، ڕایموند مۆرتیمه‌ر ئه‌ڵێ : «ئای به‌ته‌نیا به‌رێز بیکۆن ئه‌توانێ وێنه‌ی گوڵمان بۆ بکات »!!

بیکون ـ کاتێ بیر له‌وه ئه‌که‌یته‌وه ئه‌ڵێن بۆچی گوڵ ڕه سم ناکه‌یت.؟ گوڵ ئه‌مرێ ، کاتێ جوانترین گوڵ



ئه‌بینین ته‌مه‌نی درێژی یه‌ك نا دوو ڕۆژه‌و دواتر ئه‌مرێ و سه‌ری دائه‌نوێنێ‌و سیس ئه‌بێته‌وه که‌واته جیاوازی هه یه له نێوان گوڵ‌و ئه‌وه‌ی من وێنه‌م کێشاوه ئه‌و جیاوازیه‌ش له بابه‌ته که یاندایه ، من نازانم بۆچی ئه‌وان پێیان وایه من به به‌رده‌وامی شته ترسناکه‌کان هه‌ڵئه‌بژێرم ! من خۆم وای بۆ ئه‌چم هیچ کارێکی ترسناك له‌ناو تابلۆکاندا نه‌بێ ، به‌ڵام که شته‌کان به ڕاستی ده‌رئه‌خه‌ین ئه‌وا به‌وه تاوانبارمان ئه‌که‌ن که لایه‌نی ترسناکی شته‌کان ئه‌بینین .

پرسیار ـ له ڕابردوو زۆرجار ـ ئێستا که‌متر ـ به‌ڵام هه‌ر له سه‌ری ئه‌دوێیت ـ باست له ڕۆڵی ڕێکه‌وت ئه‌کرد له ڕووداودا له‌ناو تابلۆکانتا ... چۆن ئه‌وه‌ت به‌کار هێناوه ؟

ـ ئه‌توانین ئه‌وه له هه‌ر شوێنێکدا بمانه‌وێ به‌کاری بهێنین ، کاتێ وێنه له سه‌ر قوماشه‌که ئه‌که‌یت به‌ڕێکه‌وت شێوازی تر که نوێیه لات دروست ئه‌بێت . من فڵچه‌ی پان بۆ قوماش ره‌سم به‌کار ئه‌هێنم ته‌نانه‌ت بۆ شته بچووکه‌کانیش ، ئه‌و ئاسه‌واره‌ی فڵچه‌که به جێ‌ی ده‌هێڵێ ئه‌بێته خاڵی ده‌رچوون بۆ شتێکی تر ، هه‌ندێ جار که ئیش ئه‌که‌م بێز له‌وه ئه‌که‌مه‌وه که کردوومه ، ، فڵچه‌که ئه‌کێشم به تابلۆکه‌داو تووره ئه‌بم که ئه‌وه‌م بۆ نایه‌ت که ئه‌مه‌وێ بیکێشم ... به ڕێکه‌وت له‌و ئاڵۆزی‌و گرژی‌یه‌دا ئه‌و توانایه له‌دایك ئه‌بێ که پێشتر هه‌رگیز بیرم لێ‌نه‌کردۆته‌وه. بۆ نمونه تابلۆی ١٩٤٦ که له موما نمایش کرا ، ئه‌موبست وێنه‌ی گوریلایه‌ك بکه م له‌ناو کێڵگه‌یه‌کی گه‌نمه‌شامیدا .. دواتر هه‌وڵمدا بۆ وێنه کردنی چۆله‌که‌یه‌ك ، دواتر له‌وانه هه‌مو‌یه‌وه بیرۆکه‌یه‌ك له دایك بوو که ته‌واو ڕووداو ئامێز بوو ...

پ ـ بۆچی ڕووداو ئامێزه

ف . ب . له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌رگیز ئه‌م بیرۆکه‌یه له خه‌یاڵمدا نه‌بووه .

پ ـ له‌وانه‌یه له لاشعوره‌وه هاتبێ ..

ف . ب ـ ئه‌توانی پێم بڵێیت لاشعور چییه ؟

ـ له‌وانه یه وێنه‌ی خه‌ونێك بێ ، که ئه‌ویش ڕووداو ئامێزه ..

ف . ـ من له‌وه زیاتر ناتوانم ئه‌توانی ئه‌و پرسیاره به دوور و درێژی له فرۆید بکه‌یت .

پ ـ زۆر جار ئه‌گه‌ینه ئه‌و بۆچوونه‌ی که ئیشه‌کانت بێزاربوون‌و ڕق لێ بوونه‌وه یه‌کی مرۆییانه‌یه و ته‌عبیر له ناخی خۆت ئه‌که‌ن ؟

به ڕاستی پێ ئه‌چێ به‌و شێوه‌یه هه‌ست بکه‌ن که به‌رهه‌مه‌کانم جورعه‌یه‌کی مردنی شته‌کان بن ، به‌ڵام ڕیانیش هه‌ر وایه‌و ئه‌وه‌ش یاسای ژیانه ، له دایك ئه‌بین له کاتێکی دیاریکراودا وجودمان ئه‌بێ‌و ئه‌وه‌ی ئه‌توانین بیکه‌ین له ژیاندا ئه‌یکه‌ین‌و پاشان ئه‌مرین ... چی تر هه‌یه ؟ گه‌ر ووشیاربین به‌و بۆچوونه له به‌رهه‌مه‌کانمدا ڕه‌نگ ئه‌ده‌نه‌وه ... من هه‌وڵ نادم ئه‌و بۆچوونه پره ڕێ‌بده‌م له به‌رهه‌مه‌کانمدا چونکه ئه‌وه زۆر ساده‌یه ...

سه‌رچاوه :

به‌رنامه‌ی Metropofis

ته‌له‌فزیۆنی arte ڤه‌ره نسا

شیعر

بەر لە خواردنەوەی دوا قومی چاو و ڕوانی



ئاسمان لە نێوان کۆچی هەورو ..
هەواری سایەقەدا
خەریکە لێوی ئەکرۆژێ
منیش لە نێوان ، میهری یادو ..
گەرمەی ئەم حەسرەتەدا ،
توێ ، تۆیی دڵم

* * *

من ئەمێستا ..
دۆشەکی مەرگ ،
لە ناخمدا ڕاخراوە ،
بۆیە وا ماخۆلانمە
تا ئەم خەوی مەرگەم بزرێ .

من وەختی خۆی ،
گۆرانیەکی چاوگەش
پژابوە ناخمەوە
هەر پرووشەی عاشق بوو ،
بەسەر ڕووخسارما دە باری،

* * *

من گۆرانیەکم هەبوو ..
خۆی خزمی میهرەبانی بوو ..
تاشەوێکیان ،
مانگ ،
لە گۆرانی بۆقەکان ، مارەی کردوو
هەر خۆشی شایەدی بۆدان .
ئای میهری یاد ...
گەر من و ئەو ..
هێندە لێك دوور نەبوینایە
هێندە نەئەبووین بە خوێنی دڵی یەکتر
ئای میهری یاد ...
من و ئەو لە تۆیی دڵی یەکدا ، یەکتریمان داپۆشی
لە چاوی یەکیشدا بانگی عەشقیمان دا

* * *

پێم بڵێ چی بکەم ، تا گەرمەی ئەم حەسرەتە وونم نەکا .
چی بکەم باشە ،
تا لەم ڕاوەستانی وون بوونە ، دەریازبم .
چۆن بتوانم ..
شوێن پێی ڕێگایەك هەڵگرم ..
لەوون بوون دوورم خاتەوە .
ئای گەرمی حەسرەت .. هەتاکەی ..
ئەم سەرەی من ..
لەبن باڵی تۆیا گیرێ
هەتا کەی من..
لەم مارە سۆنی گەڕانە
بۆ ڕووخساری خۆم بگەڕێم .
ئای گەرمی حەسرەت .. هەتا کەی ..
تۆ خەریکی داپلۆخانی ناخی منی .

* * *

ئەشێ من،
ناوکی هەڵەیەکی گەورەبم
ئەشێ ئەم یادەوەریانە
وەهمی دڵ خۆشکەرە بن و ..
دروست کراوی کارگەی بێ دەسەڵاتی .
من وەختی خۆی..
لە باپیرمەوە بیستم ،
تەپەی کەوتنی ڕووناکی و
پسانی باڵای ڕەنگەکان
کەچی ئەم گریانە وا تازە خەریکە
لە جێی فرمێسک ، من دائەکا .
ئای چەندە تەڕە بڕینی ئەم پرسەیە .

* * *

پایزانێ .. ئەویش زەرد بوو ..
لەگەڵ _ با _ دا بەینی تێك چوو ..
تا جارێکیان ،
من لێی تووڕە بووم و پێم ووت :
تۆ لە خۆڕایی یەخەی _ با _ ت لە دەستدا گرمۆڵە داوە
دەردی پایز بوو گەڵاکانی هەڵوەران
_ با _ بڵێ چی ..
دڵت لە خۆت دانەمێنێ ..
کە ڕۆژانە ئەتك دەکرێ
ئەمە ، مەحشەری دارێش پیسییەز
تۆش لەم سەودایە بەدەرنیت
دڵت لە خۆت دانەمێنێ .

* * *

من ڕێگام بینی بە لوتکەدا هەڵزنا
تا پیربوون و چەمانەوە
بەفرێشم بینی بە منارێ
لە شەڕی هەورەکان هەڵات
بە پیری گەیشتە زەوی
خۆیشم بینی ..
بە پیری لە دایك بووم و ..
خەریکە بە منارێ دەمرم .
دڵت لە خۆت دانەمێنێ
ئەمە ئیتر ..
هەر هەمان پرسەی جاران و ..
هەمان بڕینی دڵێ تەڕە
لەوانەیە .. سەلیقەیی ..
لە درێژەی تەمەنیا بێ ..

* * *

سەفەری ئەو..
مشت بە مشت زووخاوی ڕەش بوو
بە گەروومدا .. ڕۆ چووە خوار
سەفەری ئەو ..
منیشی کرد بەگژ _ با _ دا
دوێنێ ..
درەنگانێ..
بەر لە خواردنەوەی دوا قوومی چاوەڕوانی
بۆ یەکەم جار
نامەیەکی ئەوم پێ گەی
هەوارێ پرسەی باپیرەمی پرسیبوو
سەلامی لە یادەوەریەکان کردبوو
لە خوارەوە ..
لە تێبینییەکدا ئەمەی بۆ نووسیبووم :
بیابان لەپی دەستی خۆی ..
کردووە بە سێبەری چاوی
بە عەینەکی سەرابەوە
لە ئومێدی ئارە قاوی ڕێبوارەکانی دەڕوانێ
ئەشێ تۆش لە ڕوانینتدا
فێری سەبری بیابان بی .
لەژێر ئەویشدا نووسیبوی :
مەرج نییە دەرگای ئەم چارە نووسە بکوتی
خۆ شەمارێش ..
هەر لەوەچەی ڕەشەبایە
ئەدی بۆچی لە یەك ناچن.


پێکێکی دوای نیوەشەو

نیشتمانێکی سەرخۆشم بە ملداهات

عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

پەنجەرەیەك گوڵە سێبەر
لە پێشوازی چۆلەکەکان سپی بوون و
گەڵاکان بێ ورتە دەنوك لە جانتای (نیوتن) دەگرن
گۆرانیەکی نەوتراوە لە سێوی سوور دەکەنەوە
منیش مەلە لە کچێنی پەنجەرەکان دادەخەم و
چاو لە پرتە قاڵی هەتاو پشوو دەدەم

بە روخساری نەرمی دەریا لە پەنجەرەکان دەڕوانم
پەنجەرەکان زۆر بە پیری پێدەکەنن
چۆلەکەکان لە هەنگاوەکانم بێدار دەکەنەوە
چۆلەکەکان منداڵانە هەڵدەفڕن و
پەنجەرەکان لە هەنگاوەکانی منداوەڕسی پەنجەیان بۆ دەبا
من لە نێوان وەرس بوون و خەندەی پیری
گوڵەکانی بەر پەنجەرە دەدەم لە یەخەی هەتاوو
چۆلەکەکان لەسەر تەنافی نیشتیمان بیر لە زەمەن دەکەنەوە
من لە نێوان پەنجەرەو هەنگاوەکانە
چرای (دێکارت) بە سەربوردەی سواری ماندووەکانی هەتاو
هەڵدەکەم و
چۆلەکەکان لەودیو پەنجەرەی گەڵاوە
بیر لە خونچەکردنی گوڵ دەکەنەوە
چۆلەکەکانیش چوونەوە







ئیتر حەوسەڵەی ڕامانی پەرە ئاوییەکانی دەریاو
ڕوخساری پیری پەنجەرەم هەرگیز نیە
لە پاڵ سێبەری وەرس بوون پێکێك هەتاوم لەبری سێو
چۆلەکەکانیش چوونەوە
دەستم لە تەرمی خۆ شوشتو
کیشوەرێکم بە خاچی سوری دۆزەخدا
لە بری هەتاو .. ئۆقیانوسێکی غەمگینم لە نیوە شەو بارکردو

ئیتر تەنیام بە گۆچانی نەرمی دەریا دەمەوێ پشوبێ بدەم
کێ سێبەری چۆلەکەکانم بۆ دەگرێ
پیتێك نیە شوشەی سەرخۆشی پەنجەرە
بە هەڵمی هەتاو بلکێنێ
پیتێك نییە بۆ میژوو پەنجەرە داخات

پێکێك لە بری چۆلەکەکان بۆ خزمەت هەتاو دەنێرم
گۆرانیەکان سپی دەکەم
ئەو ساتانەی ڕوبەری نوێژم لەهەتاو بۆن کرد
پەنجەرەم دی وڵاتی بە پێکێ هەڵدا
چۆلەکەکانیش چوونەوە
لەسەر کورسی نەرمی دەریا دەمەوێ پشوبێ بدەم
چی نەمابوو گۆرانیەکان باران بگرن
بەڵام ئیتر پیتێك نەبوو
بەسادەیی میژوو هەتاو تەفسیر بکات
چۆلەکەکانیش چوونەوە
چەشنی مەست بوون لەنزیك پەنجەرەکانە
هەر تەنها بۆ یادگاری
وێنەیەك لە هەتاو دەگرم
چۆلەکەکانیش چوونەوە

ئیتر تەنیا من مامەوە
پێکێکی دوای نیوەشەو
نیشتمانێکی سەرخۆشم
بە ملداهات !.

هەولێر
ئەیلولی ١٩٩٧

زەردەشت
خەواوەندی تیشك و پەیام


لە بەندەرە تراویلکەییەکانی هەڕێمی گومانەوە هەڵمانکرد ،
هاتووین دەستێ بێنین بە سەر پێستی نەرمی کارە ساتەکانیدا ،
فرمێسکەکانی چاوی رووداو
بەناو لەپی زبری دڵنیایمان بسڕینەوە ،
دڵی گەردیلەڕەشەکانی ڕووناکی بدەینەوە
لە سەر شۆستە نیگەرانەکانی تەنیاییە چرچەکان راوەستاوین و ،
بەدەم ڕێبوارە قژ سەوزەکانی خەونەوە
بزەمان دەمەیێ و ،
ژەهرە خەنەی سەر لێوی باخچەکان دەگەچڕێن
لە گۆڕەپانە فێنکەکانی کەناری شەو دانیشتوین و ،
بۆنی تیشکەکانی ڕۆژ .. لە چاو ئەندازە لۆچەکانی دەریاوە
هەڵدەمژین و ...
ئەم سروشتە دەستکردە دەسڕینەوە ،
ئەم سروشتە بێ چوار چێوەیە لوول دەدەین و ،
لە پشت دەرگایەکی هەورینی ئاسماندا هەڵیدەگرین
گرێیەك لە تیشك دەدەین و ..
لە بۆشاییە سێگۆشەکانی
خەون و
هیواو ..
چاوەڕوانیدا
هەڵی دە واسین
گرێیەك لە جوانییە پەنهانەکانی تاراوگە دەدەین و ..
لە سەر هەرەمە بێ شوێنەوارەکانی کۆچدا جێیان دێڵین
گڵۆپێك لە بەرپێی حەزرەتی تاریکیدا سەردەبڕین و ..
دەبینە دەروێشی شەوە هیپیەکانی کەنار جادەی مەرگ .
قژی درێژی ڕۆحمان
بە سەر شانە شکۆدارەکانی خەڵوەتدا پەخش دەکەینەوە و ،
زەرکە کووڵ و ژەنگاویەکانی بێدەنگی
بە سەر و زگ و گۆنای خۆماندا دەکەین .
ساتە بێ ئەندازە کورتەکانی ماچ
دەبنە پەیامی بێهودەیی و



مەهاباد قەرەداغی

سوید


یولیو / ١٩٩٥



لە کونە بخوری دیوارە درزاویەکانی شەهوەتدا جێدەمێنن ،
ساتە بێئەندازە درێژەکانی گومڕایی .
شەرپەکانی هۆش پردەکەن لە ژەنگیانەی گومانو
کۆتە ئاوێنەی دڕدۆنگی
دنیایەکی سەیرە ..
هەر دەڵێی نوکتەیەکی ئەزەلییە و،
ختوکەیەکی شێتانەی سروشت دەدا ،
دەڵێی یاداشتی بیر چوونەوەیە
چوون دەریایەکی فراوانی ئەلکهولەو ..
هۆشە ئیسفەنجییەکانی ئێمەش ماسین .

چاوە گەردونیەکانمان .. هەموو کۆچە ئەبەدیەکانیان دیوە ، و
هەموو شێوەیەکی مەرگی نەمریان تاقیکردۆتەوە.
ڕۆحە بە ئەزموونەکانمان ... نوقمی حەوزەکانی تەنیایی و
خەڵتانی سەوزاییەکانی گومانو ..
ملکەچی فرمانەکانی چەخماخەو شە پۆڵ بوون
جەستە گەردوونیەکانمان ..
سەدەکانیان پر کرد لە بەرامەی مێخەکی لە دایکبوون
ڕۆژەکانیان ڕازاندەوە بە تیشکی سزا ، و
شەوەکانیان نەخشاند بە هەسارەی بێ جریوەی مەرگ ،
لێوە گەردوونیەکانمان .. بە ماچ میژوویان نووسی .. و
بەتف سڕییانەوە .
پەنجە گەردوونیەکانمان .. سەری جەنگەڵە چڕەکانی خەونیان
ڕووانیی
شارە خۆرەکانی هۆشیان وروژاند
عەقڵە گەردوونیەکانمان ...
خاڵیان لە سەر هەموو واژە لێکترازاوەکانی وەکو
ئەستێرەو
خۆر و
خۆشەویستی و
بیر و
مەگ و
لە دایك بوونو
خوا .. دانا .. و ..
خاڵی هەموو ڕستە بێ ناوەڕۆکەکانی
فەلسەفەی سەوزی سروشتی شێتیان سڕییەوە .
هێشتا لە سەر مەرزی بوونو نەبووندا بووین
ڕێك لەقەراغی منداڵدانە مەزنەکانی دایکە گەردوونیەکانمان

هەر لە لێواری ژیاندا !
تەونەکانی تاوان
بە پەلوپۆ نەرمەکانی ساواییمانەوە ئاڵان .. و
گڕوگاڵە خواییەکانمانیان لوول کرد!
جووڵەکانمان ڕچان
کاتەکانمان کەرت کەرت و
شوێنەکانمان ونجڕ ونجڕ بوون
ئیدی ڕووناکی درز بردی و
با ڕشایەوە
قەڵا قایمەکانی متمانە هەرە سیان هێنا
پەرژینە ڕوختەکانی حەز لەق بوون
سروشتێکی سەیرە !
دارستانە لێو بەبارەکانی ئەوین
بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە
ئەو ماچە ئاونگییانەی کە بە لێوەکانی گوڵەوە بەجێمان
ئێستا بوونەتە هەڵێکی شەوزەنگیی
ئەو هۆرە کۆچەرییانەی
کە گۆڕەکەی دوندیان کردبووە هێلانە
ئاوازەکانیان پەڕ پەڕ هەڵوەرین !
سروشتێکە ..
شێتبوون فێری یەکە یەکەی کۆترەکان دەکات
گاڵی هەموو سەرووەکانی داوە بمرن !
هەموو ئەستێرەکانی هەیوانی برسێتی پڕکردووە لە لم .
ئەستێرەکانی کردۆتە دۆستی توانەوە
تیشکەکانی ناوەتە ڕاوەشی کۆچ
بێشکەکانی کردۆتە دراوسێی تەرم
بە هاژەی دەریایەکی شێت
لایلایە بۆ دارستانی ڕۆحی سەرکێشی خوا دەکات
سروشتێکە ..
قوڵاییەکانی سەرنجی کردۆتە دۆڵی ڕامان
ڕامان لەو هەورانەی نیشتەجێی کەناری دورگەکانی جەستەن
لەو بارانانەی
هێشتا نە باریون، بەڵام نوقمی بیرکردنەوەن بۆ بارین .
چ ساماکە ، لەرینەوەی دارێکی بەر زریان
بۆ چۆلەکەیەکی ماڵوێران کە پەناهەندەی باخچە یەکی شەکەتە
چ بیدەنگە گڤەی ئەو با ڕەشەی کە خەونەکانی دورگەی ئەوین
ڕادەماڵێ
چ قەشەنگە مردنی دوای ساتە باوەشێکی ئاسودەیی




که بە ئەندازەی دنیای بەرینی عە شق
جە ستەی ڕاژەندبێ ؟!
چەند شێتە ، شەپۆل ؟!
چەند هەزار دڵۆپ خەونی وروژاندوە !؟
چەند زۆڵە تاریکی ؟!
چەند هەزار جەنگی لەنێوان هەسارەی ئومێدو ، دورگەی
چاوەڕوانی هەڵگیرساندووە ؟!
چەند بلیمەتە عەشق ، هەموومانی تامەزرۆی جوانی و هەوەسی
پیرۆز کردووە !
زەردەشت!
هاوەمە ئاگراویەکەم ،
هاوڕێ ئایدیالەکەم
پەنجەی شایەتمانی ئاگرین
ڕێگەی دوورگە دۆزەخیەکانی حەزم پیشاندە
پڕیشکێکیش موفەڕکە گڕم وێدە
باوەکو بازنگێکی خوایی ،
وەکو بازنگێکی لاهووتی لەمەچەکمی ئاڵێنم
زەردەشت !
لە چاڵە ئەهریمەنیەکانی بێدەنگی دا نوقمی دەریای خەڵوەتم کە
لە شەکڵە بێسنووورەکانی تیشکدا جەستەم بتوێنەوە
با «ئاهورامەزدا» لە کەڵێشەی پشکۆیمدا بەرجە ستە بێ
لەرزێکی ئاگرین تیشکی ڕەچاندووە!
دەردێکی سامناك لە ئاوی داوە .. و
ڕەنگی دەریای هەڵبزرکاندووە !
دەموو چاوی دەریاش ،
وەك سیمای دایکی گەردوونیم چرچ و لۆچ بووە !
منااڵدانی دەریاش پڕە لە کچی تاریکیی،
کە لە داڵانە شێدارەکانی بورکاندا لە دایك دەبن و
لە تارماییە گەرمەکانی گوماندا دەمرن
زەردەشت ..
ئێرە مەملەکەتی گومانە شەیتانیەکانە !
هەسارەیەکی کوژاوەی یادە
شەکڵێکی هەرەمی و ساوێلکەی ژیانە .
تیشك .. تەنها تیشك ،
تەنها ڕووناکی .. خەونە بازنەییەکانی مەرگ دێنێتە دی
تەنها چاوە هەڵگیرساوەکانی پشکۆی ئومێد
ئۆجاغە تراویلکەییەکانی ئارەزوو ڕۆشن دەکاتەوە !
زەردە شت ، دلدارە ئێجگار پیرەکەم

لێوە ئاگرینەکانت بنێ سەر لێوی سەوزی هیوام.
ماچم بکە ،
ماچێ هاوشێوەی ئەستێرەو
هاورەنگی خۆربێ
زەردەشت ، هاوسەرە شەپۆلاوییەکەم
لە شەتاوی پەیامە نورانیەکەتم هەلکێشە .
لەم هێلانە ئاسمانیەدا
کە لەدەڤەری بادا .. پەیام رۆحە ئەفسوناویەکەم دەلاوێنێ
لەم مالە بێکەوشەنەی خەیالدا
لە سەر نەرمەتیشکی بێدەنگی دەرازێم و ..
ئێوارە شەرابیەکان دەبنە لێفەم
خۆشەویستە خواییەکەم
کە دێی ، مشتێ ئەبەدیەت .. و
پێکێ گەردوونم بۆ بێنە .
خۆشەویستە غەیبیەکەم
کە دێی ، دڵۆپێ ژیانو
زەرەیەك کامەرانیم بۆ بێنە .
من سەما دەکەم ، و .. بزەی رۆح
لە جادە چۆڵو بێ کسپەکانی جەستەدا
لە تووندێلە مەرگاویەکانی ئاگردا

دەمەیێ

من سەما دەکەمو ، دەهۆڵی لاساری
نۆتەکانی شەو لە دوو تونێی دەنگە دێوانەکەیدا نقوم ئەکا
دەمەوێ بە سەما تابلۆی دەریا بکێشم
بە ماچ رەنگەکانی تاریکی پیشانی تیشك بدەم
بە بزوتنێکی شێتانە لاسایی لەنجەی با بکەمەوە
بەهەنگاوی هێمنی قەڵەم پیاسەیەکی گەردوونی بکەم
دەمەوێ ،پێش ئەوەی خۆر هەلبێ ، نهێنیەکانی سروشتم
پێچا بێتەوەو
کلیلەکانی دەریام لە بەرکم نابێو ..
رێگە ئاویەکەی ئاسمانم گرتبێتە بەر
ئاهورامەزدا ..!

خواوەندە ئاگراویەکەم ، من دەمەوێ پێغەمبەرێکی ژن بم
لە زەرفی منداڵداندا ،
پەیامە درەوشاوەکەی راستی ،
پەیامەکەی تۆ بگەینمە بەر دەرکی دوا رۆژ .



پۆشاکی شەڕ



فەریدون پێنجوێنی

بەسواربی سەگە کوڵەکانەوە
لەشەڕە گەرمەکان گەڕانەوە ...
پێیەکیان پەتی و ..
یەکێکیان لەناو ئەو جزمە خوێناویانەدا
دەیزرێکاند
کە لەچەرمی (گا) مرۆڤەکان دروست کرابوو...
وەختێ گەڕانەوە ؛
نەدەناسرانەوە کامەیان عیسایەو ...
کامەیان موسایەو ...
کامەیان موحەمەد .. !!
وەك سوپاسالارێکی عەیبارو پەشیمان ،
بەکوڵی گریانەوە ،
پڕبان کرد بەملی خەڵکی دەستخەڕۆدا !!
نە خوودەکانیان چڵێ نێرگزی تێدابوو ..؛
نە دڵڕێکی ئایەتەلکورسییان لەبەرمابوو !
تا گەڕانەوە ؛
گوڵەکان یەخەیان داچەکیبوو!
لەشی ژنەکان ، بالورکە تەنیبوونیەوە ..
تا گەڕانەوە ؛
منااڵن فێری زۆڵێتی و ...
شەومانەوەی ناو کەلاوەکان بوو بوون !
کە ئەوان گەڕانەوە ؛
من لەدەست خۆم چووبووم !
کە ئەوان گەڕانەوە ؛
من لە نوێژی جەماعەتدا پێڵاوەکانم گۆڕابوو...
جارەها .. پێم بەلادا هاتبوو و ...
جەڕاح پێیەکانی خۆی بۆ دانابوومەوە !
تا ئەوان گەڕانەوە ؛
لەگۆشەی سوورباوی مەیخانەکاندا
بیرەوەریان دزیبووم ...
تا ئەوان گەڕانەوە ؛
من .. شەو.. لەگەڵی
دەفرە فڕیوەکان کەللەسەریان بردم !
ئەمە دەستو پەلی من نیە
بە ئیعازی جادووگەر چەپڵە دەتەقێنن !
ئەمە دەمو چاوی من نیە ...
ڕیش خواردوێتی !
ئەمە بینایی من نیە ...
شتەکان تەنها لە سکوندا دەبینێ !
ئەمە من نیم ...
زەینم ناچێتەوە سەر وێنەی منااڵیم !
پێغەمبەرەکان کە لەشەڕگەکان گەڕانەوە ؛
لە وەاڵمدا تەنها دەیانتوانی بگریەن !
هاوارم لێ کردن :
ئەوە من بووم دامتان بەکوشت !
سوێندم بە گۆڕی خۆم ... من بووم کوژرام !
بەو ناونیشانەی :

قژنگی ڕۆ درێژم پێوەبوو...
نەك ئەمە !
دانەکانم شیری بوون .. وەك بەفر پاکژ ..
دەمو چاوم ؛
خزتر لە تۆپی دەست مندالێ !
تەمەنم ... ؛
هەر دە ـ دوانزە سالێك دەبوو ...
گریام بە سەرباندا :
لە کوێتان جێ هێشتم ؟!
دامتانە بەر چ تفەنگێکی سوورفل ؟!
پێغەمبەران کە چوون بۆ شەڕ
گەورەیی یان تێدا نەبوو ؛
کەچی گەورەیی
لە گریانی ئەوانەوە مایەوە بۆ ئێمە !
ڕابن ..
ئەی پێلاوە تاکەو تاکەکانی دنیا ...
بگریەن کە کەسمان
ناچینەوە سەر شکڵی دوێنێمان !
لاتان ڕوون بێ ...
ئەو قەزەمە چاکەت درێژانەی ،
لە یاریەکانی ئەکرۆباتیکدا
کردینیان بە مشك و دووپشك ؛
دەمانکەن بە هەموو شتێ ... ؛
تەنها ناتوانن بمانکەنەوە بە خۆمان !

* * *

بە سواریی سەگە کوڵەکانەوە ،
لە شەڕە گەرمەکان گەڕاینەوە !
دەستێکمان بەدەست نوێژ و ...
دەستەکەی دیکەمان لە دەسکێشێکدا بوو ؛
کە لە چەرمی عەورەتی دایکە ڕەشەکانمان
دروست کرابوو..
تا سۆراخمان هات ؛
(قاضي القضاة)
تەڵاقمانی لە ژنەکانمان خستبوو ...

تا سۆراخمان هات ؛
منداڵەکانمان ؛
دوو ـ سێ دانە زیاتر زیادیان کردبوو ...
ئەی ئەو وەلی ئەمرەی ... ؛
لە ئەزەلەوە مەحکومی بە شەڕنانەوە !
ئەی ئەو کەیبانووەی ؛
لە ئەزەلەوە مەحکومی بە کۆش هەڵماڵین ...
من وا تاڵ بووم ؛
پێکەنینم لێ ناکەوێ !
خوا بەجۆرێ عەبووس بووە
ناپەرستڕێ !
شەڕنکمان کرد ڕوومان نەێێ
ئاشت بینەوە ...
بڕۆ بەلای ژنەکانتەوە ...
ئەی ئەو گۆڕهەڵکەنەی
خەمتە ژمارەی کوڕەکانت زیادکەیت ؛
تا ڕێزەقەبری بنەماڵەکەت درێژتر کەیتەوە ...
وەرە ... ئەی ئەو کچەی ؛
پێوێستە دەستووری پەیوەندیە کانمان
بگۆڕین ...
با بۆ دواجار بەدەنگی بەرز
بدەینە قاقای گریان !
گوڕم بخۆینەوەو ...
تا دەستمان دەگا
دەرپێکانمان تووڕەدەین !
وەرە .. با .. ئەو کاسە هەنگوینەی
تاڵی کردووم و ..
وەکو پیسایی پشیلە کوناوکون
لێم شاردوتەوە ؛
بڕۆمە ناو ڕۆحی گەرمت !
پێغەمبەرەکان ...؛
کە چوونە شەڕەوە تەنها دۆڕاندیانن ...
ئەوە تۆ نیت ...
زەینت ناچێتەوە سەر یاریەکانی منداڵیت !

ئەوە من نیم ... ؛
شتەکان تەنها لەسکوندا دەبینم !
ئەی ئەو ژنەی ...
پێوستە یاسای جوت بوونمان بگۆڕین ...
لە سزای قیامەت بگەڕێ ...
هەریەکەمان ساوایەکی هەیە لەوێ
گڵ لە بەرزاییەکانی بەهەشتەوە ببا
بۆ دایك و بارکی پانتۆکا...
ئەی ئەو ژنەی...
پێوستە زمانی ناوچیمان بگۆڕین ...
نەوەی ئادەم لە گەردوونداو...
تەنهاو تەنها من و تۆ ماوینەتەوە ...
با بڕیاردەین ؛
لە جیاتیی شەڕ بنێینەوە
(انقراض) کەین ... !
من و .. تۆ ... ؛
هاوڕێم ....
من و .. تۆ ... ؛
هاوسەرم ....
من و .. تۆ ....
؛ ...
پێغەمبەرەکان ...
دەمێکە داوینیان بەکوشت !
بەو ناونیشانەی :
بێ دەڕێ هاتینە ناویان ...
ئەوان دەرپێیان کردینە پێ ؛
بۆ .. ئەوەی .. بمانبەنە .. شەڕ ... !
* *
هەڵسە ...
هێواش .. هێواش ...
پێیەکانت ..
بە دزیی ڕۆژگارە
بڕ لە هاتو هەراکانەوە هەڵ بگرە ...

ئەمە ئەو چاخە مرواریبەیە کە تەکنەلۆجیا
لەسەر داخوازیی گروپەکان
هەزاران گوێڕایەڵی هاوشێوەی هەڵهێنا ..
من و تۆ کە ئێستا
شێوەمان دەچێتەوە سەر ئەهریمەن ؛
بیانووی مانەوەمان نەماوە ...
هەڵسە ...
با .. هێواش .. هێواش ..
بەژێر لووتی
میلیشیا دەرپێ پارێزەکاندا پێچی لێدەین ..
تازە .. ؛
ئەم سەعاتانە زەمبەلەکە کانیان پچڕاوەو
بەرەو دوا خاودەبنەوە ...
تازە ... ؛
خەڵکی ئەم نیوەدۆرگەی ڕشانەوەیە
چایەك دەنکە حەبو مەرگەموشی لەبندا نەبێ ؛
پێیان ناخورێتەوە !
تازە ... ؛
مەتەڵی ئەم قوماربازانە بەئێمە هەڵنایەت!
تازە .. ؛
دایکی منالە پاکیزەییەکانیان نایەژێ !
هەڵسە ...
کەس لە خۆت بەخەبەر مەهێنە ...
خواحافیزی ...
لە سەوزترین شەڕی عەشق مەکە ..
پێ هەڵگرە ...
بەرەو کەنارەکانی
تەماوێترین مەملەکەت !
بەرەو ئەو خەونو خەیاڵەی
لە داڵغەی
پ ی ا و ک و ژ ا ...
ن ی ی ە ...!!

کۆتایی ئایارو سەرەتای خوزەیرانی ۱۹۹۶

سەرداب

بڕوا عەلادین

لەم سەردابەوە
کەس زەنگەکان ناشکێنێ ، تا زرینگەی ئەو شمشێرانە ببیستێ
کە نەفرین لە عەشق دەکات
کەس کتێبە باڵدارەکان ناخاتە ناو قەفەسی میللەتە باڵ بەستراوەکانەوە ،
تا یاداشتی فڕینەکانی خۆی بۆ دۆزەخ لە سەر لافیتەکانی ئەم
بەهەشتی ڕاوکردنە بنوسێت و بمرێت
کەس نایەتە جەهەننەمەوە پشووبدات
تا لەو دوعایانە پەشیمان ببێتەوە
کە لەبەر ئاوێنەکانی ئەم مردنی سەرفرازیەدا دەیکات...
ئەوەی دەیەوێت پەلکە زێڕینە بە عەشقیدا بڕوات و
حەرفەکانی دەریا بە سەرابەکانی عەقڵیدا رابورێت
بەر لە بەیانی دەمرێت
بەناو کتێبەکانی شەودا ، بە سەر مەرگی حەرفەکانیا هەنگاو ...
پاشگەزەکانی دەنێت .
ئێمەش کە دەمانەوێت بە دەریا شادبین و ئەنسکلوپیدیای
نیلۆفەرەکان بخوێنینەوە
کە دەمانەوێت لە مەعبەدی مەرجانەکاندا گەورە ببین و
لەکەشتی مەستەکاندا غەرق بین و
لە حەوزی قڕژاڵەکاندا بمرین و
لە دەفتەری بنەماڵە غەجەریەکانمانا تاومان بکوژێنینەوە
بەر لە گەڕانەوەمان بۆ سەر دەفتەرەکانی پەشیمانیمان







لەعەشق لە زیندەگی پەشیمانین
بەر لە ئاوابوونی ڕۆشنایەکانی باخچەو پیربوونی ئەبەدی
پەپوولەکان ...
چەقۆی شەربەتێکی ساختە ڕۆحمانی سەربڕیووە
مردوین و شەرم دەکەین بچینە تابوتەکانەوە ، شی بوونەوەی
ڕۆحمان ببینین...
لەبەر ئاوێنەکاندا دابنیشین و خۆمان ببینین..
لە دەریاکان ڕابمێنین و خۆمان ببینین...
شەرم دەکەین لەبەر ئیدراکە ئاسنینەکانی مەعبەدی ئەوێندا
دابنیشین و لە فریوە ساختەکانی عەشق بگەین
لە ئاوێنەی سۆزانیەکانەوە بە سیمای فریشتەکان بگەین
ئەو کۆترانە بە پەنجەرەکانمانا ڕادەبوون کە ئایەتی فڕین دەزانن و
غەریزەی فڕینیان نی یە
ئەو کەناریانە بە ساتەکانمانا ڕادە بورن کە سەفەر لە یادی کردوون و
نیشتمانیان نی یە
جگە لەو پەپولانەی بە پیربوونی خۆیان پێدەکەنن و ئەو نێرگزانەی
لە گوڵستان دەرکراون
کەس نایەتە باخچەکانمانەوە ...
کەس بڕوا بە سوتانی خەونامەو وێران بوونی سەر جێگاکانمان ناکات..
کەس لە ئاوێنەکانی مردنمان ڕانامێنێ و کەس نایەتە مەرقەدەکانمانەوە
کەس نایەوێت پشووی باڵندەکانی مەنفا ببینێت و سیحر
لە قەفەزەکان بکات
عەشق پاساریە تەنهاکانی کەنار مانگ بۆ فڕین
لە نزیک خۆرەوە ببینێت و بە جوگرافیای ئاسمانەوە خۆی سەرقاڵ بکات
ئیدی دەمرین و کۆتایی بەو فڕینانە دەهێنین کە جگە لە خەیاڵ
زیاترنین...
کۆتایی بە داخستنی ئەو دەرگایانە دەهێنین کە لە بۆشایی بەتاڵ زیاترنین
کەسیش نایەتە پەراوێزی خەونەکانمانەوە
لەم سەردابەوە...
بڕیار بوو شێرۆفرینیای بنەماڵە غەجەرییەکان تەفسیر بکەین
ڕاپۆرتی غافڵ بوونی ئانارشیستەکان لە باخچە بخوێنینەوە


لە پیرۆزی ئەو تاجە ساختانە بگەین کەجەلاد دروستی دەکات
تا لە خوێناوی بوونی حەقیقەت بگەین
لە قەسابخانەکاندا بمێنینەوە ...
بەڵام کە نەتوانین نەنوین لەم ئوتێلی خەونە یا
کە نەتوانین نەمرین لەبەر زرینگەی ئەم زەنگە یا
ئومێدی چیمان بەفڕین بێت ..؛ بەدروست کردنی چ باڵێکەوە
خۆمان لە ئاسۆ غافڵ بکەین؟
کە نەتوانین نێرگز بۆن بکەین لەم بەفرەیا
لە چ مەعبەدێکەوە بۆ مەنفایەکەوە بۆ باخچە گوزەر بکەین؟
سیحری ئێمە تەنها دەتوانێت مۆمەکان بکوژێنێتەوە
دەستی ئێمە تەنها دەتوانێت لە شەریعەتی خەنجەر بگات
لە ئاوێنەی سۆزانیەکانەوە بە سیمای فریشتەکان بگەین
ئەو کۆترانە بە پەنجەرەکانمانا ڕادەبوون کە ئایەتی فڕین دەزانن و
غەریزەی فڕینیان نییە
ئەو کەناریانە بە ساتەکانمانا ڕادە بورن کە سەفەر لە یادی کردوون و
نیشتمانیان نییە
جگە لەو پەپولانەی بە پیربوونی خۆیان پێدەکەنن و ئەو نێرگزانەی
لە گوڵستان دەرکراون
کەس نایەتە باخچەکانمانەوە ...
کەس بڕوا بە سوتانی خەونامەو وێران بوونی سەر جێگاکانمان ناکات..
کەس لە ئاوێنەکانی مردنمان ڕانامێنێ و کەس نایەتە مەرقەدەکانمانەوە
کەس نایەوێت پشووی باڵندەکانی مەنفا ببینێت و سیحر
لە قەفەزەکان بکات
عەشق پاساریە تەنهاکانی کەنار مانگ بۆ فڕین
لە نزیک خۆرەوە ببینێت و بە جوگرافیای ئاسمانەوە خۆی سەرقاڵ بکات
ئیدی دەمرین و کۆتایی بەو فڕینانە دەهێنین کە جگە لە خەیاڵ
زیاترنین...
کۆتایی بە داخستنی ئەو دەرگایانە دەهێنین کە لە بۆشایی بەتاڵ زیاترنین
کەسیش نایەتە پەراوێزی خەونەکانمانەوە
لەم سەردابەوە...
بڕیار بوو شیزۆفرینیای بنەماڵە غەجەرییەکان تەفسیر بکەین



ڕاپۆرتی غافڵ بوونی ئانارشیستەکان لە باخچە بخوێنینەوە
لە پیرۆزی ئەو تاجە ساختانە بگەین کەجەلاد دروستی دەکات
تا لە خوێناوی بوونی حەقیقەت بگەین
لە قەسابخانەکاندا بمێنینەوە ...
بەڵام کە نەتوانین نەنوین لەم ئوتێلی خەونە یا
کە نەتوانین نەمرین لەبەر زرینگەی ئەم زەنگە یا
ئومێدی چیمان بەفڕێ بێت ..؛ بەدروست کردنی چ باڵێکەوە
خۆمان لە ئاسۆ غافڵ بکەین؟
کە نەتوانین نێرگز بۆن بکەین لەم بەفرەیا
لە چ مەعبەدێکەوە بۆ مەنفا-لە چ مەنفایەکەوە بۆ باخچە گوزەر بکەین؟
سیحری ئێمە تەنها دەتوانێت مۆمەکان بکوژێنێتەوە
دەستی ئێمە تەنها دەتوانێت لە شەریعەتی خەنجەر بگات
نیگامان لە باروتدا ئاسۆ دەبینێت ، ئەوینمان لەمەعدەندا دەتوانێت عەشق بکات
ئیدی چۆن لە ئاوێنەکانی بارانەوە سەفەری باڵندە جەهەننەمیەکان ببینین؟
نیگامان لە باروتدا ئاسۆ دەبینێت ، ئەوینمان لەمەعدەندا دەتوانێت عەشق بکات
ئیدی چۆن لە ئاوێنەکانی بارانەوە سەفەری باڵندە جەهەننەمیەکان ببینین؟
مەحشەری ئارامیە کوشندەکان ببینین لە زیندەگیدا؟
هەرەس ببینین لە درزی کتێبەکانەوە ڕوو لە کتێبخانەکان دەکات ؟
ئێمە بەسەر وێرانەی سەدەیەك دەرگا داخستندا هاتووین
بە سەر پشووی پەنجەرەکانا لە کردنەوە
بەسەر تێکشکانی عەشقە مەعدەنی یەکاندا هاتووین
ئیدی پەیمانی چی بدەین و چ حەرفێکی ڕەش بهێنینە ناو ئینجیلە سپی یەکانەوە
لە بەیانیدا بۆ مردن لە جەهەننەم نزیك بوونەوە
لە بەیانیدا بۆ مردن دەستمان دا لە گەردنی یاسەمینەکانەوە
بۆ مردن سنەوبەرمان لە سەوزایی جیا کردەوە ، بۆ مردن دەستمان دا لە یاسای ژیانی
سەناریاکانەوە ... لە بەیانیدا بۆ مردن بە پەیژەکانی دارستاندا سەرکەوتین
تا سەفەری دالاشەکان ببینین...
بۆ مردن لەگەڵ کۆترەکاندا سەفەرمان کرد تا هەرەسی دارستانەکان ببیستین
بۆ مردن چەترمان هەڵدا بۆ ناو تۆفانەکانی مەنفا
لەبەیاندا بۆ مردن بەدەم خەوەوە دوای ئەسپە کوێرەکان کەوتین
بۆ مردن ڕۆیشتین جیا بوونەوەی گوڵ لە باخچەو وازهێنانی پەپوولە لە فڕین ببینین

لە بەیانیدا بۆ مردن چوینە بەر ئاوێنەکان.. ڕۆیشتین تا منالێیان ببەینە سەر سەکۆی سێدارەکان
لەم سەردابەوە .. ڕۆژێك دێت
پەپولە جگە لە ئاوێنەی بە سەرچوونی ، تەمەنی خۆی
هیچ ئاسۆیەکی دی نابێت لێوەی بڕوانێت
کۆتر هێندەی باڵای خۆی بەرز دەبێتەوە تا بفڕێت
نەورەس شەرم دەکات یادگاریەکانی لمو دەریا باس بکات
دەریا شەرم دەکات لافیتەی مردنی دۆلفینەکانی هەڵبواسێت
تاوس لە زەخرەفەکانیا غروری مەرگی بیر دەچێتەوە
ئەسپ ڕووی نایەت بە بەتاڵی بگەڕێتەوە بۆ ناو کوچەکانی ئازادی
ژەنەراڵ بەبێ ئە ستێرەو تاج دەگەڕێتەوە ناو جوگرافیای جەنگ
پاسەوان لە ئاوابوونی ڕۆشناییدا نهێنیەکانی شەو لە یاد دەکات...
ئادەمیزاد لە عەشقدا باخچەو لە باخچەدا عەشق فە ڕامۆش دەکات..
ئیدی پەیمانی ساردی دوای برینداربوونی جەستەکان
لە گەڵ ئاوێنە ئیروسیەکاندا دەشکێت...
کەس نایەتە کوچەکانەوە لافیتەی ڕەشی نائارامی هەڵواسێتو ئاڵای سپی
هەرەس هێنان هەڵبکات ... پەیمانە شووشەییەکان دەشکێن
کەس نایەتە لابورەکانەوە خوێنی ڕۆبۆتەکان بگۆڕێتو زیکری نامۆبوون بکات
نیگامان لە باروتدا ئاسۆ دەبینێت ، ئەوینمان لەمەعدەندا دەتوانێت عەشق بکات
ئیدی چۆن لە ئاوێنەکانی بارانەوە سەفەری باڵندە جەهەننەمیەکان ببینین؟
مەحشەری ئارامیە کوشندەکان ببینین لە زیندەگیدا؟
هەرەس ببینین لە درزی کتێبەکانەوە ڕوو لە کتێبخانەکان دەکات ؟
ئێمە بەسەر وێرانەی سەدەیەك دەرگا داخستندا هاتووین
بە سەر پشووی پەنجەرەکانا لە کردنەوە
بەسەر تێکشکانی عەشقە مەعدەنی یەکاندا هاتووین
ئیدی پەیمانی چی بدەین و چ حەرفێکی ڕەش بهێنینە ناو ئینجیلە سپی یەکانەوە
لە بەیانیدا بۆ مردن لە جەهەننەم نزیك بووینەوە
لە بەیانیدا بۆ مردن دەستمان دا لە گەردنی یاسەمینەکانەوە
بۆ مردن سنەوبەرمان لە سەوزایی جیا کردەوە ، بۆ مردن دەستمان دا لە یاسای ژیانی
سەناریاکانەوە ... لە بەیانیدا بۆ مردن بە پەیژەکانی دارستاندا سەرکەوتین
تا سەفەری داڵاشەکان ببینین...
بۆ مردن لە گەڵ کۆترەکاندا سەفەرمان کرد تا هەرەسی دارستانەکان ببینین

بۆ مردن چەترمان هەڵدا بۆ ناو تۆفانەکانی مەنفا
لەبەیاندا بۆ مردن بەدەم خەوەوە دوای ئەسپە کوێرەکان کەوتین
بۆ مردن ڕۆیشتین جیا بوونەوەی گوڵ لە باخچەو وازهێنانی پەپوولە لە فڕین ببینین
لە بەیانیدا بۆ مردن چوینە بەر ئاوێنەکان.. ڕۆیشتین تا منالْیمان ببەینە سەر سەکۆی سێدارەکان
لەم سەردابەوە .. ڕۆژێك دێت
پەپوولە جگە لە ئاوێنەی بە سەرچوونی ، تەمەنی خۆی
هیچ ئاسۆیەکی دی نابێت لێوەی بڕوانێت
کۆتر هێندەی باڵای خۆی بەرز دەبێتەوە تا بفڕێت
نەورەس شەرم دەکات یادگاریەکانی لەو دەریا باس بکات
دەریا شەرم دەکات لافیتەی مردنی دۆلفینەکانی هەڵبواسێت
تاوس لە زەخرەفەکانیا غروری مەرگی بیر دەچێتەوە
ئەسپ ڕووی نایەت بە بەتاڵی بگەڕێتەوە بۆ ناو کوچەکانی ئازادی
ژەنەراڵ بەبێ ئە ستێرەو تاج دەگەڕێتەوە ناو جوگرافیای جەنگ
پاسەوان لە ئاوابوونی ڕۆشناییدا نهێنیەکانی شەو لە یاد دەکات...
ئادەمیزاد لە عەشقدا باخچەو لە باخچەدا عەشق فەراموش دەکات..
ئیدی پەیمانی ساردی دوای برینداربوونی جەستەکان
لە گەڵ ئاوێنە ئیروسیەکاندا دەشکێت...
کەس نایەتە کوچەکانەوە لافیتەی ڕەشی نائارامی هەڵواسێت و ئاڵای سپی
هەرەس هێنان هەڵبکات ... پەیمانە شووشەییەکان دەشکێن
کەس نایەتە لابورەکانەوە خوێنی ڕۆیۆتەکان بگۆڕێت و زیکری نامۆبوون بکات
ئیمپراتۆریەتەکان تێك دەچنەوە ،
کەس نایەت حەرف بهێنێ و بە هەرەسەکانمان ئاشنا بکات
لە قەسابخانەکاندا بۆ ئەوینمان دەگرین
لە بازارەکاندا تابووت بۆمنالْیمان دەکڕین
کەسیش نایەت خامی نەمریەکی سپیمان لەبەر بکات
دەمرین و گیا لە بیرەوەریەکانیا دەمان نێژێت
باخچە لە جەنگەڵەکانیا دەمان شارێتەوە...
سەراب فڕێمان دەداتە مەنفاکانیەوە...
دەریا لە دەفتەرەکانی باراندا نەفرینمان لێ دەکات
کتێب ناومان لە پەراوێزدا دەنوسێت
دەمرین و ڕوومان نایەت بچینە ناو خۆڵەمێشی گۆڕستانە ئەبەدیەکانەوە



پیر دەبین‌و دەستمان دەلەرزێ ... بەبێ شمشێر ناتوانین بچینە ناو گوڵستانەکانەوە
بێ دوعا لەبەر هەرەسەکاندا کەڕ دەبین
ڕوومان نایەت بچینە ناو یۆتۆبیاکانەوە
پیر دەبین‌و دەترسین بۆنی نێرگز توشی پەتای ئاوێنەمان بکات
پایز وەک یاوەرێك لەگەڵ تەمەنماندا سەفەر بکات
جەهەننەم وەک عەشقێك چاوەڕوان بێت بچینە ناو سوتانەکانیەوە
جەهەننەم وەک مەعبەدێك فڕینمان مومیا بکات
لەم سەردابەوە...
کەناریەکان بە باخچەکاندا تێدەپەڕن و هاواری کۆچ نابیستن
توتیەکان لەسەر سنەوبەرەکانەوە باس لە هەرەسەکانی کتێبخانە دەکەن و
هۆشمان بە سوتانی کتێبەکان نیە
لە خەونی ئەو کۆترانەی فڕینیان کردوە بەژێر گیاوەو نوستون...
ئاگادارنین ... ئاگادارنین لەو بەدمەستەی پاسەوانی ڕوحمان دەکات
ڕۆژگارێکە ئە سپەکان هاوار دەکەن‌و دەنگی هەڵهاتن نایەت
زەمەنێکە سوارەکان ئالایان هەڵکردووەو بۆنی کودەتا نایەت
دەنگی تەقینەوەی جەنگەڵستانێك
شکانی زەنگێك لە زەنگە مقەدەسەکانی کەنیسە
زرینگەی شمشێرێکی ڕاستەقینە نایەت
زۆر چارەنوسی ڕەش‌و سپی‌مان خوێندەوە،
بەڵام نیلوفەر گەمارۆی حەسودیی نەداین
پرشنگی یاقوت دڵانی بەم خوێنە ڕژاوەی هەتاو ئاشت نەکردەوە
مرواری گوڵدانی عاتیفە پەشموردەگینەکانمانی نەڕازاندەوە
گیانا تەواوییەکانمانی لەم بایەدا دانەپۆشی
با ئاراستەکانمانی بۆ سەراب پێچەوانە نەکردەوە
سەفەرەکانمان بۆ ناو لم
کۆچەکانمانی بۆ ناو باروت پەشیمان نەکردەوە
پڵنگی عەشقێکی مارۆیی گەمارۆی عاتیفەی داین
تیمساحی تەبابیەکی ساختە لە زۆنگاوەکانی ڕوحماندا گەورە بوو
دەبوایە بمردنایە... خەنجەرێك گوڵەکانمانی بکوشتایە
بۆمبێك لە باخچەکانماندا بتەقێتەوە .. شمشێرێك سەناریاکانمانی سەربڕیایە
پاکێتیمان خوێناوێ بوو لە ئاوێنەکانی ئەم ئەخلاقەیا



خاکستەر بوو پیرۆزیمان لە شوشەکانی ئەم ڕیواقەیا
دەبوایە بمردینایە
لەم سەردابەوە.. عەشق خورافەتی ئێمەیە
ئیدی چۆن بە دیار کشانی ئەستێرەکانەوە دابنیشین و لە میحری
ئاوا بوونی ڕۆشناییەکان بگەین؟
درەختەکانی پاییز ئێمەیان نەخنکاند ... خۆمان لە پایزی درەختەکاندا خنکابووین
ئەدگارمان وەک مێشک لە سەر دەفتەرە بچووکەکانی ئاسۆ جێمابوو
ئێمە لە حەوزی پڕ لە کرم و قڕژاڵی ئاهەنگی سەرابەکاندا بووین
سێبەری سیاهیەکی ئەبەدی بووین...
لە ستڕانی سپی شەمەندەفەرەکاندا
دوورببووین لە زەمهەریر پەرستەکانەوە
لەو جەهەننەمیانەوەی بورکان کۆتایی بە زیندەگی یان دەهێنا
لە ساتی بە سەرچوونی میوەکانی بەهەشتدا
بە دیار چۆنیەتی مردنی هەناڕەکانەوە
چەندێتی زۆربوونی کرمەکان فێربووین
ئێمە لە فانۆس گەورەتر بووین
چیمان بکردایە لە دەهلیزەی ئەم مەعبەدەیا؟
خەمی ئێمە لە خەمەکانی باران گەورەتر بوو
ساتێك دەیویست ناوی خۆی لە کتێبی کێڵگەکانی مردندا بنوسێت
بڕینی ئێمە لە بڕینی نێرگس سەختتر بوو
وەختێك دەیویست لەبەر هەتاودا خۆی خامۆش بکات
ڕازی نین بورج لە باخچەکانماندا دابنێنەوە
زەنگ بە درەختەکانی تەمەنمانەوە هەڵبواسن
شەریعەتی مۆمیا کردن بۆساتە مەستەکانی فڕینمان دابنێن
دەرگا سپیەکانی منالیمان بشکێنن
پیریمان لە سیاهی ئەم غەفڵەتەدا خەبەر بکەنەوە
ئەم ئۆپیرای هەرەسهێنانە زەمەنێك زیندەگی ئێمە بوو
مۆتەکەیەکی ساختە لە پەنجەرەکانی ئیدراکەوە دێتە ناو حەقیقەتی
ئینسانەکانەوە مەستیان بکات
خەنجەر لە سنورەکانی خۆشەویستی دێت بەم دیوا
جەللاد دەتوانێت بە قیلادەیەك ئەم ئیمپراتۆریەت و ئەمارەتانە

یەك بخات... ئێمە لە ژووروە كانی خۆماندا دەنگی پێ‌ی هەڵهاتوەكان
لە شەونم و گیا دەبیستین
هاواری پەرتەوازەبوونی باڵندەكان
زرینگانەوەی زەنگێك لە زەنگەكان
رووخانی كتێبخانەكان دەبیستین... دەتوانین لە دوربینەكانمانەوە
فریشتە ببینین حاشا لە نووستنە بەهەشتیەكانی خۆی دەكات
رور لە پێخەفە خۆڵناوی‌یەكانی وەردەگێڕێت
دەتوانین پەری ببینین گومان لە نەسەبی ئاسمانی خۆی دەكات
پەیمانی بنەماڵەكانی دە شكێنێت... لە ئیروسیەت پاشگەز دەبێتەوە
تف لە ئاوێنەكانی دەكات.. ئێمە ناچینە ناو تۆفانەكانەوە
چەترەكانمان هەڵنادەین بۆ ژێر هەرەسی ئەم ئاسۆ ئاسنینە
دەتوانین لەودیوی پەنجەرەكانەوە ... ئابڵۆقەدانی گوڵ
وێران بوونی سەر جێگاكانی خۆشەویستی ببینین
ئێمە تەنها بەم رێگەیەدا دەتوانین بچین بۆ سەرەتا
جێمان بهێڵن.. یادگاری‌یەكانی لمو دەریا
یادگاری كەرنەڤاڵەكانی خوێن‌و مەعبەدەكانی عەشقتان
لە دەستمانا بنوسن‌و جێمان بهێڵن
ئەی ئەو پەری‌یانەی لە قوتوی مرواریەكانتانا
بۆ دانی ئاڵتونیمان دەگەڕێن
لە تابووتی سەدەفەكانتانا دەگەڕێن‌و گوێچكەی خۆڵناویمان نادۆزنەوە
جێمان بهێڵن...
با بۆنی سرووتەكانی خۆڵناوی بوونمان بكەین لەم مەعبەدەیا
ئێمە بەناو سیحرەكانی خوێن و فێڵەكانی مەرگدا ڕانابوورین
بەناو فاڵەكانی پە شموردەگی و بەدبەختیەكانی منااڵیدا ڕانابوورین
لەم سەردابەوە...
دەبێ بە تەنهایی پەنجەرەكان بكەینە وەو پێوە یان بدەین
بە تەنهایی دەرگاكان بكەینە وەو پێوە یان بدەین... بەتەنهایی...
بەتەنهایی....
هاوینی ١٩٩٥
تێبینی
ئەم قەسیدە یە لە ١٩٩٥/١٢/٢٨ لە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی خوێندراوەتەوە.

چیرۆک

نیو هەنگاو بۆ تێپەڕکردنی سنووریک



یوسف عیزەددین

نازانم کیسەڵ بوو ، یان خودەیەکی سەربازی .. ئەوەندە دەزانم لە چەقی ڕێگایەکی خۆڵاویدا بێدەنگ ئۆقرەی گرتبوو .. هێندە بەسام بوو ، نەمدەتوانی هەڵاوگێڕی بکەم‌و لە بنڕا لە ناوەخنەکەی تێبگەم .. ئەو مێشانەی کە تێی وورووکابوون ، هێندە گەورە بوون .. پێدەچوو لە ناوەخنی ئەو شتەدا ، خۆراکێکی تایبەتی هەبێت‌و ئەمانی خەنی کردبێت !؟ نازانم چەند تێم ڕوانی ، بەڵام دواجار هەموو هەوڵدان‌و کۆششەکانم بۆ تێپەڕکردنی سنووری گیژەگێزیان بە ناکامی گەیشت .. لەنێو پانتاییەکانی خۆڵباراندا .. چاوەڕێی شتێك بووم ، یان ڕەنگە چاوەڕێی هیچ نە بووبم !؟

هێندەی نەبرد خۆڵ خودەکە ، یا کیسەڵەکەی داپۆشی‌و شوێن پێی تەنها کەسێك کە بەوێدا گوزەری کردبوو ، وون بوو ... دە ڕیایەك لە شەپۆلەکانی خۆڵ ، بە ئاسماندا مەلەیان دەکردو هێدی ، هێدی هەموو شتێکیان دادەپۆشی .. تەنها من نەبێت ، کە هەردەم‌و بەردەوام ، پێم بە سەر خۆڵەکەوە بوو ...

دەبوو قسە لەگەڵ سەرۆکدا بکەم ... گوێم لە دەنگی بوو : «پاش ئەوەی تۆم کردە پاڵەوان .. بۆت نیە بکشێیتەوەو تەنانەت یەك هەنگاویش بێیتە دواوە..»

نازانم بۆ تەواو ، باوەڕم بە قسەی ئەو پیاوە هەبوو ؛ هەردەم گوێشم لە دەنگی بوو .. بەردەوامیش شێوەو ئاکاریم ، لەگشت شتێکدا بەدی دەکرد .. تەنانەت لەنێو ئەو خۆڵبارانەشدا ، کە لە خۆم زیاتر کەسم نەدەدی ؛ بەڵام وام هەست دەکرد ، کە ئەو لە نزیکەوە ئاگای لە من بێت‌و چاودێریم بکات .

بە درێژایی ساڵانی جەنگ ، یەك دڵۆپە خوێنم بەدی نەکردو هەردەم و دەسبەجێ خۆڵێکی ڕەش زامەکانی دادەپۆشی‌و جەستە ڕاکشاوەکانیشی دەشاردەوە .

جفرەیەکی سەرۆکم پێ گەیشت‌و خێرا دەستم دایە ئەلبوومەکەو هەموو وێنەکانم سووتاند ... نازانم بۆ دەیویست هیچ وێنەیەکی لە ئەلبوومە کەمدا نەمێنێت؟! تەنها وێنەیەك بوو ، کە نەمدەناسی و نە شمەزانی کێ خستوویەتیە نێو ئەلبومەکەم ...

نازانم بۆ وا هەستم دەکرد ، کە ڕەنگە وێنەی ئەو کچۆڵە ڕووکار زەردە بێت ، کە پێش شەش مانگ لەمەو پێش لە جێگاو شوێنێکدا ، کە تەواو لە یادم نەماوە ، بە دیارمەوە دەگریا ... کە جلکە سەربازییەکانیان سووتاندم ، تەنها ئەو دەگریا .. کە پۆستاڵەکەشمیان لە بەرمیلێکی ژەنگاوی هاویشت ، نازانم کێ بوو ، دەیلووراند .. ڕەنگە ئەو سەگە بوو بێت ، کە بە منداڵی بەرماوەی خۆراکم بۆ ڕۆ دەکرد ...

ڕەنگە هەر لەو ڕۆژەوە دنیام جێ هێشتبێت .. یان ڕەنگە پاش ئەوە بوویێت .. بە هەرحاڵ ، هەر چۆنێك بێت‌و بوو بێت ، من دنیام جێ هێشت‌و هەر دەشبوو جێی بهێڵم ...

کە لە ئۆتۆمبیلە خولاوییەکە دایانگرتم‌و ساختمانە

سپیيه‌كەم بینی .. نەمدەویست بچمە ژوورەوە ، هێشتاكە قسەكانی سەرۆك لە مێشكمدا دەزرنگایەوە:

«هەر جێگەو شوێنێك ، نیشانە یان ئارمی خاچی پێوە بوو ، بە مردووێتیش خۆتیان تەسلیم دەكەیت‌و نەچیتە ژوور !؟»


سەیر لەوەدابوو ، ساختمانەكە بۆ خۆی خاچێكی گەورە بوو .. پەتۆكەم فرێ داو سوێندم بە سەری سەرۆك خوارد كە ناچمە ژوورێ ... هەردوو پیاوە نەیارەكە بزەیان هاتێ .. رەنگە ئەوان سەرۆك نەناسن .. یان رەنگە سەرۆك لای ئەمان نكولی لە ناسینی من كردبێت !!؟

شیلگیرتر بووم ، كە نەچمە ژوور .. یەك دوو شەقم هاویشت‌و یەك دوو جوێنی تەرپشم لەزار بەربۆوە...

پاڵەوان بۆی هەبوو ، هەموو شتێك بكات !!؟

ژمارەیەك لە پیاو ماقوڵان ، لەنێو ساختمانەكەوە دەرپەرین‌و مەدالیاكانیان لێكردمەوەو بەزۆر جلكەكانیان لەبەر داكەندم‌و پۆستاڵەكانیشیان تووڕ هەڵدام ...

هەر چوار پەلیان پراكێشام‌و زۆر بە سانایی بردمیانە ژوورو لە سەر پەتۆیەكی رەش پاڵیان خستم‌و لەنێو ناو نیشان‌و ژمارە سەیرو سەمەرەكانی ژووەكاندا .. سەرم وەگێژەوە چوو .. گوێم لە دەنگێك بوو ، فەرمانی كرد:



یەكێك لە پیاوە نەیارەكان پێی گوتم :

«با بە ترسنۆكت نەزانن .. تۆ پاڵەوانیت‌و دەبێت سڵ لە چوونە ژووەوە نەكەیتەوە ...»

وەك پاڵەوانێك پراوەستام‌و لەنێو مەودای ساختمان‌و مەدالیاكانی سنگمدا .. هەستم بە ئامادەبوونی حەشامەتێكی گەورە دەكرد.. كە وێنەی منی پاڵەوانیان بەرز كردبۆوە و ژمارەیەكی زۆریشیان چەپڵەیان دەكوتی .. جارجارەش گوێم لەدەنگ‌و نووزەی كچۆڵەیەك دەبوو ، كە نەمدەزانی لە چ جێگەو شوێنێكدایەو بۆ كێش دەگری ؟!

دارو دیوار پێدا هەڵدانی منی پاڵەوان بوو .. تەنها لە یەك لافیتەدا ، بە هەڵە نووسرابوو ، «شەهیدی پاڵەوان» هەر زوو پێچایانەوەو هەڵگرەكەشیان دەسگیر كرد !؟

گەرچی پێم ناخۆش نە بوو . بەڵام نازانم بۆ شیلگیرتر بووم ، كە نەچمە ژوور .. یەك دوو شەقم هاویشت‌و یەك دوو جوێنی تەرپشم لەزار بەربۆوە...

پاڵەوان بۆی هەبوو ، هەموو شتێك بكات !!؟

ژمارەیەك لە پیاو ماقوڵان ، لەنێو ساختمانەكەوە دەرپەرین‌و مەدالیاكانیان لێكردمەوەو بەزۆر جلكەكانیان لەبەر داكەندم‌و پۆستاڵەكانیشیان تووڕ هەڵدام ...

هەر چوار پەلیان پراكێشام‌و زۆر بە سانایی بردمیانە ژوورو لە سەر پەتۆیەكی رەش پاڵیان خستم‌و لەنێو ناو نیشان‌و ژمارە سەیرو سەمەرەكانی ژووەكاندا .. سەرم وەگێژەوە چوو .. گوێم لە دەنگێك بوو ، فەرمانی كرد:

«ژووری «سفر»»

بەڵام بۆ ژووری یەخبار ، خۆ هێشتاكە نەمردووم !؟ پێ دەچوو لە وشە نەگوتراوەكانیش بگەن .. هەر بۆیە ئاراستەی پرۆیشتنیان گۆڕی‌و بەرەو ژووری ١/٢ هەنگاویان نا .. دەموست هاوار بكەم‌و بڵێم بەرێزان ئێرە نا ، چونكە لێرەدا تەنها پەلەكان دەبڕدرێنەوە .. بەڵام هەر چۆنێك بێت ، لە ژووری یەخبار باشتر بووإ؟

گەرچی تەنها زامێكی گچكە لە لاقی راستمدا هەبوو ، بەڵام بە پێی پلانی تیمی نێو ساختمانەكە .. دەبوو لاقێكم هەر ببڕن .. دەیانزانی پاڵەوانێكی وەك من ، بە یەك لاق ناتوانێت بجەنگێت ؟!

شەو دەرەنگان سستەرێك هاتە لام و باسی ئەو شاروچكەیەی بۆ كردم ، كە پیاوەكانی هەموو بێ لاقن‌و شەقامەكانیش لە جێی ئۆتۆمبیل ، تەنها كورسییە

بەپێچەکەکانی ئەوانی تێدا هاتوچۆدەکات..

پاشان بە دەنگێکی نزمو لە سەرەخۆ ، پێی گوتم :

«دەبێ خۆشحاڵ بیت ، کە هەردوو لاقیان نەبڕیتەوە ... ڕەنگە لە جێگەیەکی تری ئەم دنیایەدا وڵاتێك هەبێت بۆ بێ قاچەکان و بێ دەچێ ئیشو کاریشیان تەنها بە ڕوانینی فلیمی منداڵان بێت .»

هێشتاکە جلکە سەربازیەکانم تەواو نەسووتابوو ، کە سەرۆك بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و پێی گوتم :

«چاوەڕێتین»

دەمزانی بەبێ من هیچیان پێ ناکرێت !

تازە من ئەو ئەفسانەیە بووم ، کە گرەوی جەنگی پێ دەبرایەوە .. بە خێرایی تاکێ پۆستاڵیان کردە پێمو دار شەقێکیشیان دایە دەستمو دووربینەکەشیان کردە ملم ؛ بۆ جارێکی تریش مەداڵیاکان سنگمیان ڕازاندەوەو لە لایەن حەشامەتێکیشەوە ، بە چەپڵەڕێزان بەڕێکرام.

سەربازەکان وەك خۆیان بوون ، تەنها شتێك کە گۆڕدرابوو ، کەمبوونەوەی ژمارەی لاقەکانو زیادبوونی ژمارەی دارشەقەکانبوو!!؟

بە ڵام سەرباری ئەوەش ، هەموو شتێك ئاسایی بوو .. هێشتاکە کە دڵۆپە خوێنێك لە هیچ زامێکەوە نەچۆڕابوو ... هێشتاکە خوێنی هیچ سەربازێك نەڕژابوو.

نیوەشەو سەرۆك گەیشتە لامو بۆ یەکەمجار بە پەشۆکاوی بینیم و پێی گوتم :

« تا ئێستاکە نەم هێشتووە ، دڵۆپێك خوێن بڕژێت ... کەچی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، ئەم جەنگە بە خۆڵە پەتاتێ ناودەبەن ... سەروخۆم داوای جەنگێکی خوێناویم لێ دەکەنو منیش نە پێم خۆشەو نە دەشتوانم خوێن ببینم ... هەر بۆیە پێش ئەوەی بگەمە لات ، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ، دەست لەکارکێشانەوەی خۆم بەڕەسمی ڕاگەیاندو ئێستاش تەنها دەتوانم یەك کاڕێر لات بمێنمەوەو دواتر بەرەو ساختمانی خاچەکە بەڕێ دەکەوم .. پێم خۆشە ، ئەمشەو دوا هێرش‌ودوا لاپەڕەی پاڵەوانی خۆت بۆ مێژوو تۆمار بکەیت ...

بەڵام نابێت لە فەرمانم دەربچیت و ڕازی نیم ، تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیش بڕژێت»

چادرەکانمان پێچایەوەو بۆ یەکەمجار لە بەردەم سەربازەکاندا ڕاوەستامو پێم گوتن :

«سەرۆك لە بۆردومانێکی دوژمندا ، هەر چوار پەلی لەدەست داو ئێستاش بۆ چارەسەر بەرەو وڵاتێکی دی گوێزرایەوە .. دەبێ ئێمەش لە تۆڵەی ئەو مەزنە ، هێرشێکی بەرفراوان بەرینە سەر دوژمنو ئاگاداریشتان دەکەم ، کە ڕێگە بە بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی جەنگ دراوە ؛ تەنها ئەو شێوازانە نەبێت کە دەبێتە مایەی خوێن ڕشتن..»

لە ئێستادا تەنها ساتەکانی دەسپێکردنی هێرشەکەم لە بیرەو ساتەکانی تەواو بوونیم لە یاد نیە .. یان ڕەنگە هێشتاکە هەر نەوەستابێت.

بە درێژایی هێرشەکە دڵنیابووم لەوەی کەسەرۆك لێم ڕازییەو هەردەم دەستی دەخستە سەر شانم و پێدەکەنی .. ئەو تەنها بە بینینی خوێن قەڵس دەبوو!؟

پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ ئەو سستەرەدا پەیدا کردبوو ، کە لە نێو ساختمانەکەدا کاری دەکرد : بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکردم و داوای سەربازی نوێی لێ دەکردم .. تاوەکو کاری بڕینەوەی پەلە زیادەکان بەردەوام بێت .. نەمدەویست نان بڕاو بێت .. بەردەوام سەربازە زامدارەکانم بۆ دەناردو زۆر جارانیش ساغەکانیشم بۆ ڕەوانە دەکرد .. ئەویش جار ناجارێك نامە ڕەشەکانی بەناونیشانی ، پیاوێکی خۆڵاوی بۆ دەناردم .

« نابێت خوێن بڕژێت»

هەردەم بە پێی ئەو گوتەیە کارم دەکرد ، ڕەنگە ڕژانی تەنها یەك دڵۆپە خوێن کۆتایی بە جەنگ بهێنێت ، یان جەنگێکی سەیرو سەمەرەتر هەڵگیرسێنێت.

بۆ یەکەمجار پۆلێك لە باڵندە خۆڵاوییەکان ، ئاسمانی

گۆڕەپانەکەیان تەنی‌و چمکێکی ئاسمانی خۆڵاوییان بە دیار خست‌و چەشنێك لە نیگەرانیان لا جێ هێشتم .

ئاسایی نەبوو . ئەو باڵندانە بەوێدا بفڕن .. پاش تاوێك لە بێدەنگی ، سەربازەکان بە ڕاشکاوی لە پەڕو باڵی باڵندەکان ئاڵا بوون .

ئەمجارەیان جێی خۆڵباران ، پەڕو باڵی خۆڵاوی دەباری .. سەربازەکان لە فەرمانەکانم یاخی بوون‌و بۆ یەکەمجار بوو کە هەستم دەکرد ، فەرماندە نیم..

سەدەهایان بە بەرچاوی خۆمەوە ، بێشەرمانە ڕادەکشان‌و چاویان لێك دەنا...

بەڵام ئەوەیان چاك بوو ، زامەکانیان خوێنی لێ نەدەچۆڕا .. وام هەست دەکرد، هێشتاکە بە پێوە بم ، یان ڕەنگە وەك ئەوان ڕاکشابام .. ڕەنگە هەموو شتێك کۆتایی هاتبێت ، یان کێ دەزانێ ڕەنگە لێرەوە شتەکان دەسپێکیان هەبێت..

تەنها شتێك کە سەر قاڵی کردبووم .. نەدەبوو کەسیان قسەی سەرۆك پشت گوێ بخەن‌و ڕێگە بە دڵۆپە خوێنێك بدەن ، لە زامێکەوە دا بچۆڕێ ؟!

تەنها شتێکی گرنگ :«نەدەبوو خوێن بڕژێت»

هێور هێور ئاسمان شین هەڵدەگەڕاو گەواڵە هەورەکانی خۆڵبارانیش دەڕەوینەوە...

تەنها ڕێگایەکی ڕەش‌و بێ کۆتا درێژە دەبۆوە ..کە لە چەقەیەکدا خودەیەك ئۆقرەی گرتبوو .. ئەو مێشانەی کە تێی وورووکادا بوون ، سوور هەڵدەگەڕان و پاشان بەردەبوونەوە .. لە دڵۆپە خوێن دەچوون ، بەڵام دڵنیابووم لەوەی کە دڵۆپە خوێن نین .. پێش ئەوەی چاوم لێك بنێم‌و وەك هەموو ئەوانەی دیکە بخەوم .. دوا نامەم بۆ سەرۆك نووسی :

«گە وڕەم .. سەرۆك

ڕەنگە جەنگ لە ئێستادا کۆتایی هاتبێت ، یان دەستی پێکردبێت... بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە ئێمە تێیدا بووین ، نەمانهێشت تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیش بڕژێت .. گەر پرسیاری ئەو خودەیەی چەقی ڕێگاو ئەو دڵۆپە خوێنانە دەکەیت ، ئەوە دڵنیات دەکە ینەوە کە تەنها کۆمەڵی مێشی سوورن : کە دەیانەوێت پاکی‌و بێگەردی جەنگە ڕەواکەمان لەکەدار بکەن‌و گیزە گیزشیان تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەڕێزتان‌و چەواشەکردنی مێژووە ...

ئیمزا : پاڵەوان »

نامەکەم هەڵگرت‌و بە سکە خشکێ بەرەو خودەکە کشام .. دەبوو بە خێرایی بگەمە لای‌و ڕێ لە بەر بوونەوەی دڵۆپە خوێنەکان بگرم ؛ یا با بڵێین مێشە سوورەکان...

نەدەبوو خوێن بڕژێت ، بە تایبەتیش خوێنی سەری پاڵەوانێك ؟!

هەموو هەوڵەکانم بێهوودە بوو ، جەستەم بەبێ ئەو خودەیە یان ئەو کیسەڵە یان ئەوسەرە ، یان هەر شتێکی ناو دەبەیت ، نەیدەتوانی ببزوێت ... چنگەکانم لەجێی خۆیان زیاتر ڕۆچوون‌و پێیەکانیشم بە پەڕی باڵندە خۆڵاوییەکان داپۆشراون‌و ملیشم تەنها دوو دەماری دە بزوا .. بەشەکەی تریشی لە نێو خودەکەدا بوو ... دارشەقەکەش زۆر دوور کە وتبۆوە ..

بە هێمنی‌و بەبێ ڕژانی تەنها یەك دڵۆپە خوێنیش ، گەنمە تەڵخەکانی جەنگ ، چەکەرەیان دەکرد ...

گەرچی هێشتا نامەکەم نەگەیشتبووە دەستی سەرۆك .. بەڵام نامەیەکی ئەوم لە بەردەم خودەکەدا بینیەوە و تێیدا هاتبوو :

«پاڵەوان ...

دەزانم ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە لە سەرتەوە دادەچۆڕێن‌و ... تەنها کۆمەڵە مێشێکی لاسارن»

پاش ئەو ووشە بە نرخانەی سەرۆك ، ڕۆحم تەواو ئاسوودە بوو .. بۆ یەکەمجار هەموو دەمارو بۆڕییە خوێنە گرژەکانی جەستەم ئاوەڵا کردو نەك چەند دڵۆپە خوێنێك ، بەڵکو دەریایەك لە خوێنم .. دەرخواردی ئەو مێشانەدا ، کە بە درێژایی ساڵانی جەنگ نەمتوانی سنووری گیزە گیزیان تێپەڕ بکەم.

سلێمانی 1997/10/1

شەهید بوونی گوڵەکانی سەر شورای باخچە



نووسینی : کازیوە ساڵح

بەیانی بوو دانیشتوانی شارەکەم بەگژ شەقامە سەروو ژووورەکەی ئامێزی سنە وبەرەکاندا چوون ، ئێوارە بوو تارمایی بڕۆحم لە تەك تارمایی هاورێکەم ... نە لەگەڵ تارمایی ئەو .. ئەم ... ئەوانیش بەبێ ئەوانیش یەك بەیەك هەنگاوە بەجێ ماوەکانی بەیانیمان لەسەر خیابانەکە چنیەوەو خستمانە نێو نوقەڵانی درەختەکانەوە ، بۆ ئەوەتێ ببین بە بینەری ئەو شانۆنامە تراژیدیە ، شانۆی «گوڵە شەهیدبووەکانی سەر شورای باخچە» ، ئەو گوڵانەی ئەهریمەنە بەهەشت گرتووەکان نەیانهێشت پێیان بگەین و بۆنیان بکەین .. ناهێڵن . ئەوان ئەیانەوێ خودەی ژەنرا ڵەکانی دۆزەخ ژەهراوی کەین «سەیرە هاورێم سەیرە لێرە ژێر گەڵای درەختێکی نیشتمان نەماوە بۆ حەوانەوە ، ئەوان دەیانەوێ ئەدرێسی حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونمان بفرۆشن .

بۆیە بڕیارماندا بە تارمایی ، حیکمەتی بە تارمایی بوونیشمان ئەو دەستەسڕەبوو ، کە باغەوانەکە لەبەر ئەوەی تەمەنێکی درێژی بڕیبوو ، بەناوی (نوح) ەوە بانگیان دەکرد ، ئەویش بەر لە سەدەیەك لە کابرایەکی شرۆڵەی وەرگرتبوو ، بە مەزندەی خۆی (خدری زیندە) بووە ، ئەمەش هیچ ئەرکێکی گرانی لەخەڵك نەدەوست تەنها ئەوە بوو بەو دەستەسڕە دەمو چاو بسڕێ ئیتر هێدی هێدی لە ڕەنگ دەچوونەوەو دەبوون بە تارمایی ، هەر بۆیە لەو سەدەیەوە هەموو ساڵێك لە ڕۆژێکی دووشەمەی ساڵی سفردا کۆمەڵێك ئەبن بە تارمایی چونکە سەرەتاو کۆتاییەك نەبوو بۆ ئەوەی پەراوی شانازییەکانی خۆمانی پێ هەڵدەینەوە ، سابانێکی ڕاستەقینە نە بوو بۆ ئەوەی بچینە ساییەوە چی دی سەرە ڕووتاوەکان هەتاو نە یانبڕژێنێ ، ڕستەیەك نەبوو بۆ ئەوەی ڕۆڵی خاڵبەندەکان نەبینێ .

(بۆیە ئێمەش ئێستا خۆمان شایستەی بە تارمایی بوون دەزانین) .

هەرسێو چوارمان دەمو چاومان بەو دەستەسڕە سڕیو هێدی ، هێدی لە ڕەنگ چوونەوەو بووین بە تارمایی ، بە سنگە خشە بە ژێر شوراکاندا ئاودیوی باخچە بووین ، بەڵای ئەو تەیرانەدا ئێپەڕین ، کە دەنووکیان بە پەت کشتەك دابوو بۆ ئەوەی تەنها فریشتەکانی دۆزەخ نهێنییەکانی دڵیان بخوێنێتەوە .. ئەوان دەیانگوت..

(چی بکەین لە نهێنییەك لە بوخچەدا ئاڵابێتەوە لە سنووقی بوراقدا هەڵگیرابێت).

داومان بۆ گیرسانەوەی دەوارەکانمان لە پرچی ئەو ژنە کەزیە سپیانە دروست دەکرد کە سەراپا نوقمی ژێر لافیتە ڕەشەکان ببوون .

لە پەڕینەوەدا هەردوو قاچم هەتا ئەژنۆ مێروولەی لێ ئاڵابوو ، لەو کاتەدا وێستم بە هاوڕێ وێنەکێشەکەم بڵێم ، تۆ ئەتوانی ... ئاهـ .. تارمایی ئەومان لە گەڵدا

نی‌یه : به یانی ناونووس کرابوو که بێت به تارمایی ! بەڵێ کرابوو ، خۆم بینیم .. خۆباوه ڕیش ناکەم هەڵهاتبێت ، ئەوەتا ژمارەی هەموو شوێن هەنگاوەکانم هەڵگرتووە ، تەنها ژمارەی پێڵاوەکانی ئەوی پێوە نی‌یه ... کەواتە ئەمڕۆ دووشەممە یە ڕۆژی سەردانی باخچەی شاریەتی ، بەڵام چۆن دەتوانێت سەردانی باخچەی شار بکات ؟ کە دووشەممەی سااڵی سفرە ، ئاخر چۆن ؟ کە هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا ئێمە دەبین بە تارمایی «چۆن شتی وای پێ دەکرێت کە ئێمەی قەرەج گەر دەوارنکیشمان بۆ بێنن ، سەرپشتی ئەسپێکمان پێ ڕەوا نابینن بۆ هەوار بە هەوار بۆ نیشتمان ، ئەویشیان لێ فڕاندین ، ئەویشیان بە ئێمەی بێ زێد ڕەوا نەبینی ، دەبین بە تارمایی و لەگەڵ مژی خەمدا بە شەڕ دێین ، هەموو ساڵێکی سفر ئێمەی قەرەج هەوار بە هەوار بەدووی ئەدرێسی خۆماندا دەگەڕێین و هێندە وونین تەنانەت دەواری خۆشمان ناناسینەوە بە دووی پشتی ئەو ئەسپانەدا دەگەڕێین ، کە بۆنی نیشتمانە مرۆڤ لێ تۆراوەکەمانی گرتووە ، ئێمەی کوژراو عەتری نیشتمانەکەمان لە تووڵە ڕێو نشێوەکاندا لێ چۆڕا ئێمەی هەتا ئەبین بە تارمایی شاریش چەپڵەی سەرکە وتنمان بۆ لێدەدەن ، گەر بەر هێڵنجی سەرکێشیش کەونین بێ دایە لۆژ ... چەپڵە بۆ ئەوان لێدەدەن . چەپڵە .. چەپڵە .. دووجار لە سیمای تابلۆکاندا دەنەخشێت وەکو لە تابلۆکانی .

ـ ئاهـ .. بەڕاست هەتا ئێستا هەر نەهاتووە .

«دەزانم ئێستا وەکو خوویەکی هەمیشەیی خۆی ، لە بیابانەکە ، دوور لە شار ڕەشماڵێکی هەڵداوەو بەتاڵی سمێڵی ، یەك بە یەکی تابلۆ بێ چوارچێوەکانی هەڵواسیوە ، پەنجەرەکانی ڕووی خۆرهەڵاتیشی کردووەتەوە ، ئەو ئەیوست سەفەر لە تەك بارانە بێ ئیرەیەکاندا بکات ئەو ئەڵێ من پاسەوانی مرۆڤە دوورەکانم پێ ناکرێت ناتوانم بە بویی پڕ بارووتی گوماندا تێپەڕم ، هەر لێرەڕا ، ئەوە بۆیەکە ڕژاوە ، لە شوێن پێ جێماوەکانیشم ڕۆژەکانی ساڵ دەژمێرم ، ، ئێوارەی دوو شەممانیش سەردانی باخچەی شار ئەکەم . بەردە نەرمەکانیش دەکەم بە ملوانکە بۆ هاوڕێ بڕۆنزێکەم ، تۆش جەستەت لێرەو ڕۆحت گۆشەگیر ،سێوە تەڕەکان بۆ ژیان وێك ناخەیت بەداو هەڵت واسیون بە داو .

منیش سەر شێتانە بەڕووتا هەڵئەشاخام «هە رگیز ... هەرگیز وا نی‌یە ، بیرت چوو خۆتان پەروەردەکەری ئەو داوانەن ... ئێمە هەر لە دایك بوونەوە ، لاسایی زمانی ئەو دایکانە دەکەینەوە کە باوکمان قۆپچەی ڕەشی داوە لە زمانیانو چاوەڕوانی ژەنراڵە بە خێزانێکدا بیانوەڕێنێت» .

ئەو ئێوارە یە سەرمان بە سنگی سنەو بەرەکانە وە بوو ، کە خۆمان بە دووی قەدەرەدا وێڵ کرد ، بەمشتی‌یە ئاوی دەریاش دەمو چاومان نوورانی کرد ، تەنها ئەمانتوانی ڕوخساری خۆمان نوورانی کەین . چۆن ناتوانین بە ئاوی دەریا هەموو زەوی بشۆڕین ، بۆیە تۆزێ ڕوخسارمان لە گوناهە بڕیئەکان شۆردەوە ، بۆ ئەوەی دەمامك لە سەر ڕوخسارە گوناهاویەکان لابدەین ، ئەو ڕوخسارانەی لە دەفەکانی خیانەتدا نقوڵ دەگێڕن ، ئێمەی تارماییش بە نۆرە دەفرەکانمان گرتبوو ، بۆ وەرگرتنی خواردنی ئەو نیوەڕۆیە ، دەبوو خێرا لە ناخواردن بینەوە دەستیشمان بە ئاوی فلینە کە بشۆین ، چونکە چەند ساتێکی دی خەڵك دەهاتن و لە حیکەتەکانی بەتارمایی بوونیان دەپرسی ، بۆیە دەبوو بەر لە هاتنیان برادەرە شاعیرەکەمان شیعرەکەی تەواو بکات ، شانۆکارانیش نمایشی شانۆ ئیرتیجالیەکەیان بکەن ، منو ئەو هاوڕێیەشم کە هەردەم لە مردن ئەترسێ چیرۆکەکە پاکنووس بکەین ، بۆ ئەوەی ببین بەکۆمەڵەی تارمایی ناسانو ئەو دڵانەش بەرامبەر کوانوی ژیان کە ڕوویان گرتووە پاك بکەینەوە ، بۆیە بڕیارماندا هەر لەوێ دەوارنشین بین .

هێشتا نۆرەی من نەهاتبوو خوارنەکەم وەرگرم کە یەك دوو جار ناوی هاوڕێ وێنەکێشەکەمی خوێندەوە ئامادە نەبوو ، لەو ساتەشدا لەژێر پەلە سنەوبەرەکانەوە (توتێکە) بروسکە ئاسا دەرکەوتو شرپتێکی فڕێدایە

کۆشمەوە ، شێڵگیرانەش ێی گەیاندم کە هاوڕێکەم لە خەونێکی قرۆڵدایەو خەون بە ئێمەوە دەبینێت ، ئەمەش بەشێکی ئەو خەونەیە بەێ زانیاری خۆم تۆمارم کردووە هێشتا واقی و ڕم وۆشەی پێ نەدرکاندبووم فڕی و بەجێی هێشتم ، منیشی خێرا شرێتە کەم گەیاندە تروپکی سنەوبەرەکە بۆ نمایش کردنی خەونەکە .

«لە خەونیدا ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە لە سەردانی باخچەی شار دەگەڕێتەوە ، لە مدیو شووڕای باخچەو بەرامبەر ئاپارتمانە دوانزە نهۆمێکە تابلۆیەك و چەند فڵچەیەك لە هەردوو دەستیدا جێگیر ببوون ، منیش فرسەتێك دوورتر هەنگاوەکانم ئەو دەڤەرەیەیان دەکێڵا و خەیاڵبشم پەخشی خەڕێکی ئێجگار دووڕبوو ، کە قاقای پێکەنینی بە ئاگای هێنامەوە ووتی : ـ پێت چۆنە گەڕ بڵێم خەیاڵ پەرستنو هەردەم دووی تەلسمی گومان دەکەون .

ـ نە .. نە .. هاوڕێ ، لەمەشدا ئێوە زیاتر هاوبەشن ، خۆ گەڕ واشبێ . دیارە تەیری نوێو قەفەزی چاوەڕوانی خێڵەکی و ژێرزەمینی قیبلەگەڕیو ئەو توتیەی تەنها توانای ئەوەی هەبێت ووشەی عەقڵە زاڵە سەپێنراوەکان بێڵێتەوە ، بێ گومان جڵەوی گومانیشی شلە .

«بۆ وا نەبین بە گومانەوە خەڵكو خۆمانو هەموو شتەکان بڕوانین ، تۆ هەرسیاتێکی تر هەزارو یەك بەردی مادی بە سوێند وورد دەکەیتەوە بۆ دەسگیرانە بڕۆزیەکەت ، تەنها بۆ ئەم ساتەوە ستانەت ، منیش خۆشەویستی یەك چاوەکەم ببینێ ئەم ئێوارەیە پیاسەمان ڕژاوەتە سەر شۆستە سەرخۆشەکان با تاوانباری چرکە ژەنگاویەکانم دەکات ، یا چەند ڕۆژێك خۆیم لێ دەشارێتەوەو دوایی لەگەڵ سۆزانێکدا خۆیم پیشان دەدات بە نیازی ڕەتکردنەوەی خیانەت بە خیانەت ... چ جای چاوی مێینەش خۆ ئێمە خۆمان لە سەر دوا پەرزی خۆگۆڕین ڕاهێناوەو داوای ڕوخانی قەبیلەگەری دەکەین کەچی جانتاکانمان پڕە لە نوقڵێ ئیرەیی بەیەك بردنو چواڵەی نانووت و هەناسەی تەڕبووی دووی مسافرەکانی مەنفا»

نیگام تابلۆو فڵچەکانی دەستو ڕوخساری پڕ زەردەخەنەو ئەو توتیەی سەرشانی کە دەنووکی لە ئەڵقەکەی پەنجەێ گیرکردبوو قۆستەوەو ، هێشتا نەمپرسی بوو کە تریفەی بزەو لێوی هەڵبزرکابوو ، قامکێ ئاماژەی سەرەوەی ئەپارتمانەکەی ئەکرد ، چیم بینی خودایە .. عەفرێتێکی درێژ ... درێژ سەرتەڵی پڕچە تیژەکانی ئەچەقینە سنگی ئاسمان ، ڕەنگە ڕەشتاڵەکە شی لە هەورە دووکەڵاوییەکان ئارایشت کردبوو ، چاوە داقلیشاوەکانی لە دوو پەنجەڕەی کراوەی نێو تاریکێکی ترسناك دەچوو ، کیڕە کیڕی دان لە جیڕەوە بڕانەکەشی ، لە دەرگایەکی کراوەی نێو بیابانێك دەچوو کە با دەیهێنێ و دەیبا ، دانی لە جیڕەوە دەبرد و ئەستێرەی تێدە گرتین ، هەموو دەرگاکانی شار داخرابوون مەرگ چاوشاکێی لەگەڵ ئەکردین ، جارێکی تریش گورمان بەستەوەو نەمانویست زەوی بە حەڵاڵ بزانێت بەڵام بێ سوود بوو ، هەموو زەویەکانی چوار دەورمان قڵیشابوون ، ئاوو گازو نەوتی لێ دەرئەپەڕی ئێمەش بە هەر لایەکدا ڕامان ئەکرد یەکێك لەو دەریانەی ئاوو نەوتو گازەکە بوو ، تەنها ئەو زەویەی ژێر پێی خۆمان مابوو ، ئەویش دوا ئەستێرەکە تێی گرتین لە نێوان هەردوکماندا دای بە زەویدا و یەك دەریا ئاوی لێ دەرئەپەڕی منیش سەرڵقی ئاوەکە کەوم تۆش لەبن دەریاکەدا چەند پتێکی ژەنگاویت دەرهێناو فڕێتدانە تەنیشت هەورەکان کە بەڕیز وەستانو ئەم ڕستانەیان دروست کرد :ـ

سەرپشتی ئەسپەکان فرۆشران .
ئێوەش نەبن ئێمە هەر هەین .
خۆ بە فڵچەو شیعرو چیرۆك دەمو چاو ناشۆین .
ڕەجمکردنی خەونەکانو سەربڕینی حەرفەکانو .
و...و...
ئێ وەش نەبن
ئێ مە هەر هەین
٣ـ ١٩٩٧/٩/٥

پیلان

ک. ئاگر - کوردستانی ئێران

دوو سێ گەڵا نانی پێچایە نێوان دەسرەێکی شڕو بەدەم گڕێ دانەوە ڕووی کرد لە دایکی و ووتی:

ـ دایە ئەوا من ڕۆیشتم فرمانێك ، ئیشێکت نیە .

ـ نە ڕۆڵەم سڵاوی خاڵت بگەینە .

زستان بوو . بەفرێکی تووش دایکردبوو ، جادەکەی بەر ئاوایی تووڵەڕێك بوو کە چەند هەنگاوێك پێشتر ڕچەکەیان شکاندبوو ، باڵایکی کۆتەڵەو ، گۆچان بەدەس ، لە ڕۆیشتنیشا وەکو کەسێ پێی لار دابێ بەدەم شەلینەوە ئەڕۆیشت ، لە هەزار فەرسەخیەوە خەڵکی ئاوایی ئەیاناسیەوە ! فەرسەخێك ، دوو فەرسەخ هێشتا نەڕۆیشتبوو کە لە پڕا دوو زەلامی ڕەش لە دوورەوە کەوتنە دەرێ.

ـ حەتم خەڵکی ئاوایین ، داخوم کێن ؟! (بەدەم خۆیەوە ووتی) هەنگاوەکانی گورجتر هەڵگرت . ئیتر سەدای وردبوونی بەفرەکانی ژێر پێی خۆی نەئەبیست . گەیشتە بەرەوە . سەرماکە چاوی لێل کردبوو ، دەستی بە چاوە کانیا هانی و ناسیانەوە .

مەنسووری دی کە بە پەشووکاویەوە بە سەر تەرمێکدا ڕاوەستاوەو لەولا تڕەوە هاڵاوی بۆ قاویی کەڵبەی کەرێکی ڕەق هەڵا تووە هەوسارێکی بەرکێش و شوورەوە بوو!

هاواری کرد ئەرێ مەنسوور ئەوە چ بووە ؟ ئەو کە ئەمی ئەدی بەدەم هاوارێکی ڕیشاویەوە ووتی:

هەی ڕۆو ـ برام ڕۆو ... ناسر لەدەس چوو.

پرسی چ بووە ؟.

دووای نەختێك لە هەنسك بوونەوە ووتی:

ـ هیچ لە شار ئەگەڕاینەوە ، سواری کەرەکە ببوو لە پڕا ژانی کرد . ووتی: «ژانمە» ، چەند چرکەیەکی پێی نەچوو کە بەلا داهاتو کەوت!

کوڕە ناسر ڕۆو .... بابم ناسرمان مردووە ! ناوڕم نزیکی بیمەوە ، بەدەم گریانەوە شوێن شیوەنەکەی گرتو ووتی:

ـ ئەی خوا . ئەوە دوو سەعاتانە ئە پارمەوە بۆ دێر هەنارتی ، بێ،بێ با ڕایگوزینەوە ، بیبەینەوە ئاوایی باوکە ڕۆو (بە دوو دەستەوە دایە تەوق سەر



خۆی!)

بەهەر گێژەو سەرە تەقەیەك بوو تەرمەکەی ناسریان لە کەرەکە هەڵاویستو بەرەو ئاوایی کەوتنە ڕێ ، مەنسوور ئەمانی نە ئەدا . هەر ئە پارایەوەو شیوەنی ئەکرد . ئەمیش واقی وڕ مابوو نەیدەزانی چی بڵێت ، بەینابەین بەدەم ترسەوە ئاوڕێکی تەرمەکەی ئەدا .جار جارێك جوڵێك لە تەرمەکە پەیدا ئەبوو کە بەچاو ڕملْ چوونەوە هاتە بەرچاوی کەچی دوو سێ مرخەێکی هات بە گوێیدا دووایی دەنگێکی نزمو ئەڕواحیی لەنێوان شیوەنەکەی مەنسووردا دووپات ئە بووەوە.

ـ هۆ هۆ ئەحە ، ئەحە گەوج ئەوە خوا بۆ دێر هەنارتی خۆ من مردم ، مردم .. مردم!

نوقمی ترسو هەڵوەدایی ببوو نەیدەوڕا بەلانی کەم بە جۆری ، شیوەنەکەی مەنسووریش ئەهوەن کاتەوە دووای نەختێك ڕۆیشتن کە ئیتر نزیك ئاوایی ببوونەوە لە پڕا تەرمەکە وەك فیشقەی دینامیت پەڕیە ئاسمانەوەو دابەزیە نێوان باوەشی ئەمو توند توند لە ئامێزی گرت .لە ترساندا وەخت بوو زالەی بتەکێ تەرمە زیندووە کە بەدەم قاقاوە دوو سێ ماچی ژێر گوپی ئەمی کردو مەنسوریش دایە ژێر زلەی پێکەنیندا. ئێستە مەکەنەکەی پێبکەنە!.

گۆچان لە ئاسماندا سووڕایەوە لەوانەدا بوو نێرگەلەی پشتی یەکێکیان شەق کا!.کە دەستی مەنسوور لە حەوادا گۆچانەکەی لێ گرتەوە گووتی:

ـ ئەحە ، کاکە ئەحە : ئەوە بۆ تاقەتی گاڵتەت نیە؟! بێ بابە خۆ من وڵك بڕ بووم !دەستی نابووە سەر سکیەوە و پێئەکەنی) دەستی گرتو لە شوێنێکەوە دانیشتن جگەرەیەکی بۆ دەرهانی و پێیدا ئەوی تریان شقارتەکەی بۆ داگیرسان و بەدەم ئاخاوتنەوە ئەمیشیان هێنایە کەنین.ئەحە مەزحەکەی خەڵکی ئاوایی بوو . زۆر جار گاڵتەیان پێی دەکرد.عەسر ئەنگاوان بوو ، پرسیان بۆ شار ئەڕوی ؟ ووتی:

ـ نا ، ئەڕۆمە ئەو بەرەوە تەمامە بڕۆمە ئاوایی ماڵە خاڵم دوای بڕێك مشت و مڕ لییان جۆێ بووەوەو بە ڕێگە و گوزەرەی هاتوودا دیسان پێویەوە گەییشتنە دووریانێك کە لە ڕێگەی شارو ئاوایی جیا ئەبووەوە، دای لە لارێ و بەرەو چەم بەفری دری.

قوولەی گورگ لە دوورەوە گەرووی ئێوارەی هەڵماسیبوو. بوغزێکی نامۆ سینگی داگرت ، لە نێوان بێشەی چنارە وشکەکانەوە تێپەڕی . ڕۆخانەێکی سەهۆڵ لێدراو پڕ لە هاژەو خوڕ ئاودا ئەڕۆیشت.قیژەی قشقارە و قاڵاو گەلای بیری ئەمیان نەدە وراند . گەرم ڕێگەی ئەبڕی . بیری لە ماڵە خاڵی ئەکردەوە کە ئەمشەو ئەبوو بە میوانیان.دای لە بەرەو ژوورکاێك ، لە ملەکە دەرکەوت بە گۆچانەکەیەوە بەدەم هەنگاوێکی

شەلە پییەوە گەیشتە سەر ئاسفالتەرێ سەر جادەی سەقزو سنە بەفر پروکە پروك لە بارێندا بوو . لە جادەوە کردیە ئەو بەرەوە دوای ئەم تەپۆلکە چەمێك و ئیتر ئاوایی ماڵە خاڵی . لەم بیرە دابوو کە حیلەی دوو چاروا رێگە یان پیی گرت و دووجار بە دەوریدا گەران و گەمارۆیان دا کە سەری بەرز کرد ناسیانەوە قەیخاو چەند سوارێکتر کە روالەتیان نامۆ بوون.سوارێکیان کە بە تفەنگ و فیشەکەوە ئاڵا بوو بە چاوێکی گرژو موونەوە ئەپرواني و زیاتر گرێ تەوێڵی تێك ئەدا . کرپارانە تەماشای باڵای ئەمی کردو رووەو قە یخا ، ووتی:

ـ کێیە دەیناسی؟

ـ ئا . دەیناسم وابزانم . ئەحەیە ئەحە خۆشك‌زای ئەحمەو هەتیوێکە بێ باوك کە گەورەی ناو دایك و برا کانیە ، لەو بەرەوە ئەژین ، لەو دیەدا .

(ئەنگوستی ئاماژەی بۆ درێژ کرد) ، سواری سەرچاروا رەشەکە بە زاراوەی نزیکە فارسی ووتی:

ـ هەر کەس هەس بابێ، تەوفیری نیە ، گرینگ ئەوەیە سەربازێکان چنگ بخستووە قە یخا ووتی: گاڵتە ئەکەی ، ئەمە توزێ خاس نایژێ، ئەمە لەسێ تەختە تەختەێکی کەمە ! زور جار خەڵك توانجی ئەدەن ، گاڵتەی پێ ئەکەن.

ـ نەء. بەڵام دەس‌و چاوی خۆ ساغە ، ئێمە کارامەتمان ئەوێ کارامەت.

ئەحەیان تەناف پێچ کردو بەرەو قاوەخانەی سەر کەڵێ شارێگەی سەقزو سنە کەوتنەرێ سەدای خرەی ئیستکان و قوڵتەی قلیان‌و قاقای کەنینی گەلێك شوفێر گوێ قاوەخانەکەی ئاخنی بوو ، قەیخاخورپە سەرقاوەچیەکە و ووتی:

ـ قاپێك ئارە قمان بۆ بێنە ئەمنیەکە کە لە دوو هەنگاوی ئەحەوە بە سەر کورسێك کە قاڵێکی کۆن‌و زەوار رۆیشتوو دایپیوشیبوو ، دانیشتبوو، رووی کردە قە یخاو ووتی:

ـ ئەرێ گوتوت ناوی چیە؟

ـ ناوی ، ناوی عەلیە ، بەڵێ عەلی (بەم حاڵەتەوە قامکەکانی لە موی سەری گیرداو خورانْدی):

ـ چی؟ توۆ خۆ گوتت ئەحەی ناوە ،

ـ کێ من ، نا من شتی وام نەگووتووە .

ـ بە هەر حاڵ ناوی هەر شتێك بێ گرینگ نیە ، گرینگ ئەمەیە نچیرێکی باشمان خستووەتە داو.

ـ بەڵێ قوربان ، بەڵێ دروست ئەفەرموون ، ئەزانی ئێستە لە بیری چیدا بووم ، لە بیری ئەوەم ئەمشەو رایانگەیاندووە دێیەکەی ئەو بەرەوە جاهێلێکی زۆریان هەیە کە بۆرەش بگیری جەنابت ئەنالێنن . ئەمە کە دەیبینی یەکێکە لەوان .

ـ باشە ، زۆر باشە (بەدەم قاقاوەوە کە مەستی نەختە نەختەکاری لە سەر ئەکرد پێکەنی).

لەم گیرو داوەدا کە پیلان گێرەکان هۆشیان لە ئەحە بڕببوو قاوەچیەکە بەدەم ئاوردانەوە لە حاڵو ئەحوالی ئەحە تێگەیشت بە پچڕ پچڕ بەندەکەی بۆ پچراندو ئەحە بووی دە ریاز بوو بەرەو دۆڵ کە بەفرێکی هەرە س هێنەر دایپووشیبوو خلیسکاو تا چەم تێتە قاند.چاوی قەیخا رەش وتار ئەچووەوە.

کەچی لە ناکاو ، ئەمنیەکە هەڵساو قیراندی ، دەرچوو ! بیگرن ، دەرچوو سەگەی چەتوونە ، بیگرن ، بۆی دەرچوو ئێستە راکەکەی راکە شوین پیان گرت‌و بەرەو چەم ، رۆیشتن قاوەچیەکەش تەنانەت لە گەڵیاندا نزیکەی سەد هەنگاوێکی مابوو بگەنە چەم کە شوێن پیەکەیان لێ بزربوو چواردەوری خۆیانیان پشکنی کە لە ناکاودا قەیخا



له دوورەوە تارماییەکی رەشی بەسەر سەهۆڵەکەی رۆخانەدا بەرچاو کەوتو بەدەم ئیشارەتەوە گووتی:

ـ خۆیە ئەوەیە !

قاوەچیەکە ، بەدەم رشقەنەوە پێکەنی و گووتی چی؟ ئەوە . ئەوە خۆ بەردە من مەرج ئەکەم . ئەوەی تا ئێستا من لێرەدا بوویێتم و چوار وەرزی سالم دیتبێ ، ئەوە هەر بەردەو گاشە بەرد ماوەو رەش ئەنوێنێ.

ئەمنیەکە پێلوێکی پر لە وریایی بۆ هەڵکێشا و برۆێکی لەقاندو گووتی چی باشە ئەڕۆین و ئەیبینین ، ڕەنگە لە پشتیدا قایم بووبیت .

ـ بەڵام ئاخا ، تەواوی سەر ئاوەکە سەهۆڵە ، گاشەکەش وا لە نێوان رۆخانەکەدا ، ئەمنیەکە بێ ئەوەی بیەوێ وەڵامی قاوچیەکە بداتەوە گووتی:

ـ دادەی تۆ ... تۆو ... تۆ ... بڕۆن بڕۆن بزانن چ خەبەرە (ئەمان لە دوورەوە ئەیانڕوانی).چەند هەنگاوێکی مابوو مامورەکان بگەین ، کە لە پڕا تاپوێك وەك کەوێشکێکی بەردەم نچیروان هەڵات سەرۆك ئەمنیەکە هاواری کرد ، خۆیە بیگرن خۆیە.!

هەنگاوێك و دوو هەنگاوو شڵپ تابێخ رانی رۆچووە نێوان ئاوی شەختە شکیاگەوە،حەڵقەی پەتی گرێ دڕاویان بۆ هەڵسوڕاندو لیان گیرداو بەدەم پەلە قاژیەوە کێشایانە قەراخ ئاوەکەوە ، دووایی پیری داستانەکە ووتی: (ئەگەر ئەو ڕۆژە دوو هەنگاوی تر شەختەکە نەشکیابا من بۆی دەرباز ئەبووم).

نەوت کەشەکە بە قارە قار مەلەو رێگەو سەخناخی مامۆخی بڕی هەڵم لە هنجگیی کوڕە دیلەوە هەڵساو ئاو لەسەر تاپای دا ئەچوری ، بێخی ماشینەکەی کردە ، ئاوینەی مەکسی گۆمێك کە وێنەی ئەحەو قەیخاو ئەمنیەکانی خریتە خریت ئەخستە بەرچاوەوە ،هورژمی بەفری نیشتەوە بووی ئەودیوی شوشەکانی پەنجەرەی ماشینەکەش بڕکە بڕکە ئە بوون بە تاڵانچی دەستی باوکڕێوە ئەیانی رفاند ، گەیشتە ئاوایێك کە بنکەی نیزامی تێدا بوو ، دابەزین و لە هۆدەی . بەپرسی وتوێژینەوەدا ئەمو چەند کەسێکی تریان ڕاگرت . دووایی بە پێی تە یارکردنی پەروەندە یەکە یەکە بۆ وێنە گرتن بەرەو هۆدە یەکی تریان ڕەوانە کردو بەر لە ئەو دێوە چوون پارەی پێداویستی وێنەکەیان لێ سەندن!

ـ بەڵام تۆ ... تۆ ئەبێ سێ تەن بدەی .

ـ من ! من نیمە.

ـ چۆن ؟

ـ چۆنی ناوێ ، نیمە ، ئێوە هەموو گیرفانەکانی من بپشکنن ، ئەگەر قەرانێکتان چنگ کەوت ، دوو تەن باقیم مەدەنەوە ، هەمووی بۆ خۆتان!

گۆچانەکەیان لێ سەندو حەوت تەنیان بۆ کۆکردەوەو وێنەکە یان پێ گرت و لە ژوورێکی ساردو بێ نانو ئاودا قەرە ولێکیان بۆ دانا بە یانی کە بڕیار بوو بەرەو سنە بیانبەن ، بەر لە ڕۆیشتن بۆ دەس خستنی وردە نانێك چەند چارەکێك مەودایان دانێ تا تووشەڵك وەدەس خەن یان هەواڵێك بنێرن بەم بۆنەیەوە بەرەو نێوان ئاواییە کە گلۆر بوونەوە ! ئەگەر دەرگایەکیان کوتابا ، کەس نە یدەکردەوە ، ئەگەر بووکێکی نێو ماڵەکە بەرەو پیریان بهاتبا ، دایەنی ماڵەکە بازونی ئەگرتو ئەیگەڕاندەوە و پێی ئەوت: نەکەی کچم ، نەکەی .من نان بەم جڵ بۆرانە نادەم،

ئەمما زاوای ماڵێك بە پێچەوانە سفرە نانێکی بۆیان هانی ، قاوەتوون تێر دوای سێ سەعاتان گەیشتنە، سنە ، جارێکیتر تۆزێنەوەو پرسیار کابرای پرسێنەر دوای ئەوەی کە بە نۆگە ناوی سە ربازەکانی ئەنوسی ، لەمی پرسی :

ـ ناوت چیە؟

ووتی : ئەحە،

ـ چیە؟

ـ ئەحە ،

ـ نا ئیتر نا هەر لە سەر تاوەوە درۆنا ، درۆکردن ناکرێ کاکە عەلی ، تۆ عەلیت ناوە ، وانیە؟

ـ نەوەڵاهی من عەلی .... نا من ئەحەم ناوە ، ، لە تەواوی ئاقارەکەماندا ئەگەر پرسیارکەن هەمویان من ئەناسنو بەم ناوەنەبێ بە ناوێکی تر بانگم ناکەن ، بڕۆن لە خاڵم پرسن . لەولا ترەوە قەیخا ، بە تف چاوەکانی خۆی پەیتا پەیتا تەڕ ئەکردو خۆی لێ خەفەتبارو پە شۆکاو کردبوو.یەکێك کە لە تەنیشتیدا بوو لێی پرسی،

ـ بۆ ئەگری؟

ووتی چۆن ناگرێت باوك . وەختێ کە کوڕەکەی ببەن بۆ ئیجباری ؟

کابراکە لە ئاخاوتنەکەی ئەحەو پرسێنە و ورد ببووەوە رووی کرد لەبەرپرسەکەو ووتی: ئەم کابرایە دە یناسێ ئەڵێ:کورمە !

ئەحە کە ئیتر لە قوشق بووندا هاکەشێت ببێ پر بە گەروو قیڕاندی و هاواری کرد: نا من کوڕی ئەو نیم!... (ئەم نرکە ئەشکەوتە و ئە شکەوت بوو بە راژان) قەیخا رۆیشتە بەرەوە دایە بەر ئۆپەی ماچو توندو توند لە ئامێزی گرت و ووتی: ناکورم ، نا عەلی گیان خۆت هەڵودا مەکە دوو ساڵە کە هەمووی دووچاوتروکانە ، منی بیسەر پێڵوێەکم نەتروکاندبوو کە قە یخا گەڕایەوە ئاوایی .عەلی کوڕی قەیخا بە سەربانێکی بەر مزگەوتی ئاوایی دا خەریکی قوماڕە گوێزان بوو ، بە دەم هەر بەخت کردنێکەوە حەوت تەمەنی بەرەو هەڤاڵەکانی درێژ ئەکردو ئەیانیدانێ. قە یخا بزەیەکی سەرکەو تووانە لێوە لووچەکانی تێکداو بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت و چووە ژووری دیوەخانەوە!...

سەخناخ : ملەی باریکی سەر کەل ـ گلو گاه

ماموخ : ئاوییەکی نێوان سەقزو سنە

قاوەتوون : چێشتێك کە لە نێوان بەیانیو نیوەڕۆ دەیخوون !

هنجك : لیباس ـ جلو بەرگ

پیلان : قربو ـ مەکر

گابریل گارسیا مارکیز

پیری بالّدار



وەرگێڕانی لە فارسییەوە : مەجید سااڵح

سێیەم ڕۆژی باران بارین بوو ، هێندەیان قڕژانگ کوشتبوو پلاریۆ ناچاربوو بۆ ئەوەی بەحەوشە پڕ لە قوڕ ولیتەکەدا تێپەڕێ لاشەکانیان فڕێداتە دەریاوە . منااڵەکەیان بە درێژایی شەو تای هەبوو ، لەوانەیە بەهۆی بۆگەنی قڕژانگەکانەوە بووێت ، سێ شەوە دونیا خەمی لێ دە باڕێ ،ئاسمان و دەریا جووت بوون، دونیا بووەتە پەڵەیەکی خۆڵەمێشی . لمی کەنار دەریاکە جاران لە بەهاراندا دەدرەوشایەوە کەچی ئێستا بە چینی قوڕولیتەو گوێچکە ماسی دەپۆشراوە .

نیوەڕۆ کاتێك پلاریۆ لە فڕێدانی قڕژاڵەکان بۆ منااڵەوە دەگەڕایەوە ، دونیا هێندە تاریك ببوو نەیتوانی ئەو گیانداڕە کە لە حەوشەی پشتەوەی منااڵەکەیان خەریکی بۆڵە بۆڵو تل خواردن بوو ، بناسێتەوە . زیاتر چووە پێشەوە ، بینی وا پیرەمێردێکی پەك کەوتە بە دەما کەوتووەتە ناو قوڕاوەکە و بە هەموو توانایەك تەقەلا دەکات لەسەر پێ بوەستێ ، بەڵام باڵە گەورەکانی لە جوواڵەی خستبوو ، پلاریۆ لە ترسی ئەو کابوسەی بینیبووی بەرەو منااڵەوە هەڵهات تاکو ئەلیسندای خێزانی بانگکرد کە خەریکی سەرپەرشتی کچە نالێهاتووەکە یان بوو ، هە ردوکیان گەڕانەوە بۆ حەوشەی پشتەوەی منااڵەکەیان بە سەرسامی و بێدەنگی چاوپان بڕیە ئەو گیاندارەی کە چەقیبوود قوڕاوی حەوشەکەیانەوە.

جلەکانی کۆنە بوون ، چەند تاڵەمووی خۆڵەمێشی نوسابوو بە سەرییەوە . هەندێ دگانیش لە دەمیدا بەدەردەکەوتن ، هە رچەندە سیمای لە باپیرە بە سااڵ چووەکان دەچوو ، بەاڵم لاشە تەڕوقوڕاوی یەکەی شکۆ و مەزنی باپیرەکانی لێسەندبوو.

باڵەپانو هەڵوێییەکانی چەقیبوونە قوڕی حەوشەکەوەو چەند پەڕێکیش بەو ناوەدا بەاڵوەی کردبوو، پلاریۆو ئەلیسندا هێندە چوونە پێشەوە تا وای لێهات گیانداڕەکەیان بە ئاسایی دەهاتە پێش چاو ، سەرسامییەکەیان ڕەوییەو و لە تەکیا دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن . بە دەنگێکی نائاسایی کە لەدەنگی دەریاوانەکان دەچوو ، بەچەند وشەیەکی هەلەقو مەلەق وەاڵمی دانەوە . ئا لەو کاتەدا ئەو دووانە بە چاوپۆشی لە باڵە سەیرەکانی گیانداڕەکە ، بە بەرەکەتی ئەقڵی خواپێداوییان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەم پیرەمێردە کە شتی وانەو کە شتیەکەی لە زەریا تێك شکاوە هەر بۆیە بە چاکیان زانی بانگی ژنە دراوسێیەکەیان بکەن تاکو لەم بارەوە ڕای وەرگرن ،

ئەو ژنە زۆرزانە ئاگای لە هەموو نهێنییەکانی سەر زەوی و ئاسمان بوو ، هەر کە هاتو چاوی بە گیاندارەکە کەوت ، ژنو مێردەکەی لەو هەڵە گەورەیەی کە تێی کەوتبوون بە ئاگا هێنایەوە ووتی :

_ ئەمە فریشتەیە ، وا دیارە مەئموری گیان کێشانی منداڵەکەتان بووە . بەڵام بێ چارە یە هێندە پیرو کەنەفت بووە هەر کە باران تەڕی کردووە کەوتووتە سەرزەوی.

سپێدەی ئەو ڕۆژە خەڵکی ئەو دەورویەرە لەوە بە ئاگا بوونەوە کە فریشتە یەکی ساغو سەلیم لە مانی پلاریۆ کەوتووەتە خوارەوە ، هەر چەندە ژنە زۆرزانەکە بە دڵنیایی یەوە وتبووی : _ «ئەو فریشتانەی کە لەم زەمانەدا پەنا بۆ زەوی دێنن ، پاشماوەی ئەو فریشتانەن کە لە خوای گەورە هەڵگەڕاونەتەوە .» بەڵام خەڵکەکە دڵیان نەدەهات ئەو گیاندارە بە کوتەك بکوژن . پلاریۆ لە حاڵەتێکدا کە کوتەکی پاسەوانی یەکەی بە دەستە وە گرتبوو ، پێش ئەوەی خەوی لێکەوێ ، پیرەمێردە باڵدارەکەی لە قوڕاوەکە کێشایە دەرەوەو کردیە لای مریشکەکانی .

نیوە شەو کاتێك باران بارین وەستایەوە ، هێشتاکە پلاریۆ و ئەلیسندا سەرقاڵی کوشتنی قڕژانگەکان بوون ، پاش نەختێك منداڵەکەیان لە خەو هەستا ، تایەکەی نەمابوو ، ئیشتیهای خواردنی گەڕابووەوە ، بۆ شوکرانەی ئەو خەڵاتە ، هەردوو هاوسەرەکە بڕیاریاندا سبەی خواردنی سێ ڕۆژ و بەلەمێك بۆ فریشتەکە ئامادەکەنو بیخەنە ناو دەریاکەوە تاکو بڕوات بە دوای چارەنووسی خۆیدا بەڵام بەیانی زوو بینیان وا هەموو درواسێ کانیان لە دەوری کولانەی مریشکەکانیان کۆبوونەتەوەو لەگەڵ فریشتە پیرەکەدا قسە دەکەنو گوێ بە هیچ شتێك نادەن . لە کوتی تەلبەنەکەوە خواردن بۆ فریشتەکە فڕێ دەدەن وەك ئەوەی ئەو گیاندارە بوونەوەرێکی مەلەکووتی نەبێو گیاندارێکی ناو سێرك بێ .

باوە گونزاگای قەشە هەر کە ئەم هەواڵەی بیست ، پێش سەعات حەوت خۆی کرد بە مانی پلاریۆدا ، ئێستا حەپەسانی خەڵکەکە نەختێك کەمی کردبوو ، هەر کەسەولای خۆیەوە سەرقاڵی دۆزینە وەی ڕێگە چارەیەك بوو بۆ گیانداڕە دیلەکە خەڵکە سادەو عە وامەکە دەیانویست بیکەن بە قائمقامی هەموو شارەکانی جیهان ، ئەوانەش کە زیاتر هۆشیان خستبووە کار دەیانووت :

_ دەبێ بکرێتە ئەفسە ڕێکی پێنج ئەستێرەیی و لە سوپا دامەزرێت ، تاکو لە هەموو جەنگەکانمان سەرکەوتن بەدەست بهێنین .

بەڵام کۆمەڵێکی تر وایان پێ باش بوو وەك فەحلێك بۆ زاوزێ کردن بەخێو بکرێت ، بۆ ئەوەی مرۆڤی ژیرو باڵدار لە سەر زەوی زیاد بکات و چارەنووسی زە وی بگرێتە دەست ، باوە گوانزاگا کە پێشتر دارشکێنێکی بە توانا بووە ، جارێکی تر پرسیارو وەڵامە ئاینییەکانی لە دڵی خۆیدا دووبارە دەکردەوەو فەرمانی دا دەرگای ڕۆچنەکەی بۆ بکەنەوەو تاکو لە نزیکەوە چاوێك بەو پیاوە بێچارە یەدا بخشێنێ کە وەك مریشکە پیرێکی زەبەلاح لەنێو جوجەڵە تۆقیوەکاندا گیری خواردووە.

گیانداڕەکە لە کونجێکی قەفە سەکەدا نوقمی ئەو میوەو تونکڵانە ببو کە خەڵك لە بەیانیەوە بۆیان فڕێ دابوو . باڵە پانەکانی لەژێر تیشکی خۆر هەڵخستبوو تاکو وشك ببنەوە ، گوێ بەو گاڵتە پێ کردنە دونیایی یەکان نەئەدا . بە چاوە کزو لاوازەکانی سەیرێکی باوا گوانزاگای کرد کە هاتبووە ناو ڕۆچنەکەوە . بە زمانەکەی خۆیو بە چەند ووشەیەکی شێلەو بێلە وەڵامی «بەیانیت باشەکەی» باوە گوانزاکای دایەوە کە بە زمانی لاتینی کردبووی ، قەشەی هەرێمەکە کە زانی پیرەمێردە باڵداڕەکە زمانی پیرۆز نازانێو نازانێ لە بەردەم پیاوانی خوادا چۆن ڕەفتار بکات ، لە یەکەم نیگادا زانی «شارڵتان» یێکی لە بەردەمدایە ، پاش ئەوەی بە وردی سەیری کرد بۆی دەرکەوت کە ئەم گیانداڕە لە زۆر شتا لە مرۆڤ دەچێ . بۆنێکی پیسی لێوە دەهاتو ژێر باڵەکانیشی ئەسپێی تێدا بوو ،

لەوەش خراپتر ڕەشەبا خراپتری بە شابالّەکانی کردبوو ، بە کورتی هیچ نیشانە یەک نە بوو بیسەلێنێ ئەم کابرایە فریشتەیە .

باوە لە ڕۆچنەکە هاتە دەرەوە ، چاوەڕێ کە رانی لە مەترسی سادە ئەندێشەیی بە ئاگا هێنایەوەو بیری خستنەوە کە شەیتان وەک پالّەوانی سێرکێك وایەو هەر بە جۆرێك خۆی پیشان دەدا تاکو مرۆڤی نەزان تووشی سەرسامی بکات پاشان ئەم نمونە یەی هێنایەوە :

ئەگەر بالّ هەبوون مانای ئەوەنییە کە فرۆکەو هەلۆ هەردوکیان یەک شتن. ئەوا بەڵگەش نییە کە ئەو گیاندارە هەر لە بەر ئەوەی بالّی هەیە فریشتەیە . بەڵام لە سەرووی ئەوانەشەوە بەڵێنی دا نامەیەك ئاراستەی ئەسقەف بکات تاکو ئەویش نامەیەك بۆ ئەسقەفی گە وڕە بنوسێو ئەویش لا خۆی یەوە پاپای مەزن لەم مەسەلە یە ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی بڕیارێکی یەکجاری بۆ دەربکەن.

بەڵام قسەکانی قەشە بەدڵی خەڵکەکە نەبوو ، هەواڵی فریشتە دیل کراوەکە هێندە بە پەلە بڵاوبۆوە ... چەند سەعاتێك پاشتر حەوشەکە وەك مەزادخانەی لێهات . خاوەن مالّ بە ناچاری چەند پاسەوانێکی بۆ بڵاوە پێ کردنی خەڵکەکە بانگ کرد . زۆری نەمابوو مالّەکەیان بە سەردا بڕوخێنن . ئەلیسندا کە پشتی لەبەر هاتوچۆکردن وشك و چەمابۆوە بیری لەوە کردەوە حە سارێك بە دەوری حەوشەکەیان دا بکشێ ، و هەر کەس دەیەوێ پیرە بالّدارەکە ببینێ پێنج سەنت بدات.

حەشامەتی خەڵك لەو پەڕی هەڕێمەکەوە بەرەو مالّی پلاربۆ کەوتەڕێ . هەر لەو ماوەیەدا سێرکێکی گەڕۆك هاتبووە شارەکەوە ، هونەرمەندە پەت بازەکەیان بە سەر خەڵکەکەوە دەفڕی ، بەڵام کەس بە لایاندا نەدەچوو ، چونکە پەت بازەکەیان بالّەکانی لە بالّی فریشتە نەدەچوو بەڵکو بالّەکانی وەك بالّی شەمشەمە کوێرە وابوون .

دەردەدارترین نەخۆشەکانی جیهان بە ئومێدی چاك بوونەوە دەهاتن بۆزیارەتی فریشتەکە . ژنێکی بێ چارە کە هەر لە منالّیەوە لێدانەکانی دڵی خۆی ژماردبوو و ئێستا هیچ ژمارەیەکی دەست نەئەکەوت ، پیاوێك کە شەوان لە بەر زیکەزیکی ئەستێرەکان خەو نە ئەچووە چاوی و ، پاوێکی تر کە شەوان بە دەم خەونەوە دەڕۆیشتو ڕیسەکانی ڕۆژی دەکردەوە بە خوری ، زۆری تر ، بەڵام بە ئازاری کەمتر ڕۆژانە دەهاتن بۆ زیارەت . لەنێو ئەو ئەو هەرەجو مەرەجە کە کە زەوی هێنابووە لەرزین ، پلاربۆ ئەلیسندا هەر چەند ماندوو شەکەت بوون ، بەڵام دڵشاد بوون چونکە لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك مالّەکەیان پڕ بوو لە پارەو هێشتاکەش ڕیزی زیارەت کەرانیش لە بناری ئاسۆوە دیار بوو .

تەنیا کەسێك کە لەم نمایشە پڕ لە هەراو هوریایە ڕۆڵی گرنگی نەبوو ،فریشتە بالّدارەکە بوو . لە گۆشەیەك بە ڕووتی و برسێتی و بەبێ جولّە دانیشتبوو .هەر چوار دەوری بە چراو مۆمی پیرۆز ڕۆشنا کرابوەوە . تینی ئاگری مۆمەکان هەوای ژورەکەیان ژەهراوی کردبوو .

سەرەتا بە قسەی ژنە زۆرزانەکەیان کرد کە وتبووی خواردنی فریشتەکان نەفتالینە ، نەفتالینیان بۆ هێنا ، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بیخوات ،تەنانەت ئەو خواردنە شاهانەیەشی ڕەد دەکردەوە کە کۆمەڵێ ئیماندار کردبویانە نەزر . تا ئەو کاتەش نەیان زانی لەبەر فریشتە بوونیەتی یان لە بەر پیریيە کە جگە لە باینجان هیچی تری نەئەخوارد.

تەنیا ڕەوشتێکی ئاسمانی کە تێدا بەدی دەکرا ، ئارام گرتنی بوو ز بە تایبەت ڕۆژانی یەکەمی ، ئەو کاتە مریشکەکان بە دەنووك بەربونە ئەسپێکانی بن بالّی و شەڵو کوێرەکانیش پەرەکانیان دەکردەوە تاکو بە نیازی شیفا بۆ هاتنەوە بیهێنن بە ئەندامەکانیاندا .

هەندێ خەڵکی بە ویژدانیش بەردە بارانیان دەکرد تا وەکو فریشتەی لە سەر قاچ وەستاو ببینن ، بەڵام تەنیا یەك جار ئاواتەکەیان هاتە دی ، ئەویش کاتێك بە ئاسنی گەرم (ئەوەی ئاژەڵی پێ داخ دەکەن) لەشیان سوتاند ئەوەشیان کاتێك کرد کە فریشتەکە بۆ ماوە یەك هێندە بێ جوولّە بوو خەڵك وایان زانی مردووە ،

بەڵام هەر کەتینی گەرما گەیشتە بن باڵی هەڵپەڕی و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک . بۆڵەیەکی لێوەهات و دوو جاران باڵەکانی ڕاوەشاند تەپو تۆزو ڕیقنەیەکی زۆری کرد بەهەوادا ، ئا لەو کاتەدا خەڵکەکە زانیان هێشتاکە نەمردووە . هەر چەندە هەندێك لایان وا بوو کە ئەو کاردانەوانەی لەبەر ئازار نەبوو ، بەڵام پاش ئەوە هیچ ئازاری نەدا ، چونکە وایان دە زانی ئەو مات بوونە ماتبوونی قارەمانێکە ڕق و کینەی دونیا دڵیا پەنگی خواردوەتەوە .

باوە گوانزاگا کە چاوەڕوانی بیرێکی یەکالاکەرەوە بوو ، بە تەقەلایەکی ساویلکانە دەیویست جە ماوەر لە گێلی و نەزانی ڕزگار بکات . وەڵامی ئەو نامانەی کە لە «ڕۆما» وە هاتبوون هیچ دڵ تەنگیەکی پێوەدیار نەبوو لە ڕۆما ئەم پرسانە هەبوون : ئایا زیندانی یەکە ناوکی هەیە ؟ لە هجەکەی لە زمانی ئارامی جیایە ؟ ئایا لە نەرویجی یەکی باڵدار ناچێ ؟.

ئەو ڕێکەوتی یەزدانی یە ڕووی نەدایە ، نامە گۆڕینەوەکانی باوە گونزاگا تا دونیا دونیایە بەردەوام دەبوو ڕووداوێکی لەم جۆرە ڕووی دا :

لەو ڕۆژانەدا سێرکێکی نوێ هاتبووە شار ، ژنێکی نمایش دەکرد کە لەبەر گوێ نەدانە فرمانی دایك و باوکی ببووە جالجالۆکەیەك ئەو پارەیەی کە وەردەگیرا زۆر کەمتر بوو لەو پارەیەی کە دەدرا بە بینینی فریشتەکە ، ئەوەش زیاتر تەماشاکەران دەیانتوانی لە سەر ڕوخسارە غەریبەکەی هەر پرسیارێکیان هەیە ڕاستە وخۆ لە خۆی بیکەن هەروەها دەیانتوانی سەرتاپای باڵای تەماشاکەن بۆ ئەوەی گومان لە جالجالۆکە بونی نەکرێ .

ئۆرتیلیکی مەترسی دار بوو ، شێوەی لە مەڕ دەچوو . ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر دڵی مرۆڤی دەگوشی ، ئەو ڕوخسارە غەمگینەی بوو کاتێك بە سەرهاتەکەی خۆی دەگێڕایەوە . ئەو کاتەی کە هێشتا مناڵ بووە بە دزی مالەوە چووەتە دەرەوە ، تا لە سەمای شەوان دا بەشدار بێت . تەواوی شەو بەسەما کردن دەباتە سەر . لە کاتی گەڕانەوەی بەناو دارستانەکەدا بە هێزێکی غەیبی ئاسمان شەق دەکات و بروسکە یەك دێتە خوارەوەو کیژەکە دەکات بە جالجالۆکەیەك . خواردنەکەی تەنها کفتەی گۆشت بو، خێرخواکان بۆیان دەهێنا .

گومان لەوەدا نیە دیمەنێکی ڕاستەقینەی مرۆڤانەی لەم چەشنە ، بە ئاسانی دەتوانێ فریشتە لە خۆ بایی و لوت بەرزەکە کە تەنانەت ئامادەش نییە لە ژێر چاویشەوە سەیری خەڵك بکات و وردو خاش بکات و بازاری نەهێڵێ.

لە وە زیاتر دەرکەوت ئەو یەك دوو معجزەیەی کە . ئەنجامی دابوو نیشانەی نەخۆشی دەروونی ئەو بوون . ڕاستە چاوی پیاوێکی پیری ساغ کردەوە ، بەڵام بۆ ئاخرشەڕی سێ دگانی دەرکرد . یان شەلێك دەیویست چاك بێتە وە سوودی نەبوو، کەچی یانەسیبی بۆ دەرچوو ، کابرایەکی گەڕیش بە کۆمەڵێ بریندەوە هاتبوو بۆ شیفا کەچی لە جێگەی بریندەکان گوڵە بەڕۆژە شین بوو ، ئەم معجزە گالتەجاری یانە ناوبانگی فریشتەکەیان لەکەدار کرد . هاتنی ئەم ژنە جالجالۆکەیەش هێندەی تری کرد بە قوڕا . هەر پاش ئەم ڕووداوە باوە گونزاگا لە ئازاری بێ خەوی ڕزگار بوو. ماڵەکەی پلاریۆش وەك ڕۆژانی باران بارینەکە جارێکی تر خاڵی بووەوە ، بەڵام خێزانەکە هیچ دڵتەنگ نەبوون .

بەو پارەیەی کە بە نمایش کردنی پیرە باڵدارەکەو دەستیان کەوتبوو ، خانویەکی دوو قاتیان لەگەڵ حەوشەیەکی گەورە دروست کرد . پە رۆژێکی گەورەشیان بە چوار دەوری ماڵەکەدا کێشا ، تا لە زستاندا قرژانگ نەیەتە ناوەوە .

پەنجەرەکانیشیان بە میلی ئاسن گرت بۆ ئەوەی فریشتەکان نەتوانن بێنە ژورەوە . پلاریۆ لە قەراغ شار کێڵگەیەکی بۆ پەروەردەکردنی کەروێشك دامەزراند ، بۆ هەتا هەتایە بە پاسەوانی ڕزگاری بوو . ئەلیسنداش پێڵاوی پاژنە بەرزو کراسی ئاوریشمی ڕەنگاو ڕەنگی کڕی ، لەو جلانەی خانمە خانەدانەکان لە ڕۆژانی یەك شەموان دەیپۆشن . تەنیا جێگەیەك هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکرا کولانەی مریشکەکان بوو ، هەر چەندە ماوە

ماوه سام پاشیان دەکرد ، و بوخوریان تێدا دەسوتاند . ئەمەش لە بەر چاوی ڕەشی فریشتەکە نەبوو ، بەڵکو بۆ نەهێڵانی بۆنە ناخۆشەکەی بوو کە وەك جنۆکە بەو ناوەدا بڵاوی کردبوو .

منداڵەکەیان تازە پێی گرتبوو ، دایکی ڕێگەی نەئەدا لە کولانەکە نزیك بێتەوە بەڵام کاتێك لە سەر بۆنەکە ڕاهاتن ترسەکەیان ڕەوی‌یەوە . منداڵەکەش پێش ئەوەی دووەم دگانی دەرێت بۆ یاری‌کردن دەچووە کۆڵانەکەوە . دیواری کۆڵانەکە هێندەی نەمابوو بروخێ . فریشتەکە گوێ بە منداڵەکە نەئەدا ، تەنانەت ئەو گاڵتە پێکردنانە شی لێ قبوڵ دەکرد کە بە سەگیش نەئەکرا . منداڵەکەو فریشتەکەش ئاوڵەی مریشکیان دەرکرد .

کاتی پزیشکی منداڵەکە گوێی لە لێدانی دڵی فریشتەکە گرت . تووشی واس واسی هات . دڵی لە جیاتی لێدان فیکەی دەکرد ، گورچیلەکانیشی قۆڕەیان دەهات . بەڵام ئەوەی زیاتر سەرسامی کردبوو هەبوونی ئەو جووتە باڵەبوو ، باڵەکان هێندە سروشتی دیار بوون دکتۆرەکە لە خۆی پرسی:

ـ بۆ خەڵکی تر باڵیان نی‌یە ؟!.

ئەو کاتەی منداڵەکەیان تەمەنی گەیشتە چوونە خوێندن ، باوو باران کۆڵانەکەی هەڵوە شاندبۆوەو .فریشتەکە وەك یەکێك لە مردن نزیك کەوتبێتەوە ، بەردەوام بەم لاو بەملادا دەردەکەوت ، ئەوانیش بە کلکە گسك لە ژوورێکی تریان ڕاودەنا تا خۆی دەکرد بە مەدبەقەکەدا . هەست دەکرا لە یەك کاتدا لە دوو جێگادا دەبیندرێ . گومان دەکرا ببوونە دوو فریشتە . یاخوود لە گۆشەیەك زاوزێی کردبێ .

ئەلیسندا هیلاك‌و نەخۆش هاواری دەکرد ، ژیان لە دۆزەخێکی پڕ لە فریشتەدا ترسناك‌و ناخۆشە . فریشتەکە زۆر بە کەمی نانی دەخوارد . چاوەکانیشی کزو لاواز ببوون . وای لێهاتبوو لە کاتی ڕێکردنا دەیکێشایە دارو دیواری منداڵەکەدا . تەنیا ئیسکە پەیکەرو باڵەکانی دیاربوو . پلاریۆ بەتانیەکی دا بەسەریا تا لە هەیوانەکەدا بخەوێ ، بۆی دەرکەوت فریشتەکە ماوە یەکی زۆرە تای هەیەو تووشی وڕێنە کردن هاتووە . ئەم مەسەلەیە خێزانەکەی نارەحەت کرد ، چونکە وایان زانی فریشتەکە تەواوی کردووە . تەنانەت ژنە زۆرزانەکەش نەیدەزانی فریشتەی مردوو چۆن بنێژرێ.

بەڵام فریشتەکە نەك سەختترین زستانی بردە سەر ، بگرە هەر لە یەکەم ڕۆژی خۆردەرکەوتن‌دا تەندروستی بەرە بەرە چاك بووەوە ، چەند ڕۆژێك لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا دوور لە چاوی ئەوان بێ جووڵە پاڵکەوت ، سەرەتای دیسەمبەر چەند پەڕێکی درێژ لە باڵەکانی دەرکەوتن ئەو پەڕانە لە پەڕی داهۆڵی سەر خەرمان دەچوون . نیشانەیەکی تری پیری بوو وا دیاربوو فریشتەکە هۆی ئەم گۆڕانکاریانە دەزانێ ، چونکە بە لایەوە گرنگ بوو کەس بەو گۆڕانە نەزانێ . هەروەها بە لایەوە پێویست بوو کەس گوێ لە گۆرانی‌یەکانیان نەبێت کە لە ژێر لێوەوە دەیگوت . بەرە بەیانی ڕۆژێك ئەلیسندا سەرقاڵی پیاز پاككردن بوو بۆ نانی نیوەڕۆ ، شەماڵێك لە دەریا پان‌و بەرینەکانەوە خۆی کرد بە مەدبەقەکەدا . چووە نزیك پەنجەرەکە ، بینی وا فریشتەکە تەقەڵای فڕین دەکات .جووڵەکانی سست‌و خاو بوون ، نینۆکەکانی لە چەمەنی باخچەکە گیر کردبوو . هێندەی نەمابوو سەربانی خانووەکەیان لەبەر تەکانی باڵەکانیداتەپێ.

پاش نەختێك فریشتەکە لە زەوی دابڕا ، وەك هەڵۆیەك بە ئاسمانەوە خۆی ڕاگرتبوو ، ئەلیسندا لە سەر خۆی تێپەڕبوونی فریشتەکەی بە سەر خانووەکاندا تەماشا دەکرد . هەناسەیەکی ئاسوودەیی بۆ خۆی‌و فریشتەکە هەڵکێشا .

پیاز پاك کردن تەواو بوو ، بەڵام ئەلیسندا نەیتوانی چاو لە فریشتەکە هەڵگرێ . تا لە پێش‌چاوون بوو سەیری کرد . ئیتر ئەو گیاندارە مایەی سەر ئێشە نی‌یە بۆ ئەلیسندا . بەڵکو خاڵێکی خەیاڵی‌یە بە پانتایی ئاسۆی فراوانی دەریاوە .

* لە لایەن ص . شهبازی یەوە کراوەتە فارسی .

* گۆڤاری ادبستان ژمارە (١٠)

دارەک



چیرۆکی : لیللی برۆمت
و / تاهیر سالح سەعید

دوو ژن بەنێو تەمو مژێکی تەنکی مانگی سەرماوەزدا دەڕۆیشتن . ئەوان بە یەکتری نامۆ بوون ، هیچ کامیان ئەویتریانی نەدەدووان . بەڵام هەردووکیشیان ملی ڕێگەیەکیان گرتبوو.

ڕێگەیەکی خۆڵە مێشی ، تەمو مژێکی خۆڵەمێشی دەورەی دابوو .

شتێکی ئەوتۆ بەرچاو نەدەکەوت ، تاکو تەرا شێوەی پێپیلکەیی نەبێ ، کە ئەویش ڕوخساری دەرەوەیانی دەردەخست ، پەیکەری چەند ئاشێکی هەوای بێ باڵ ، کوورەی لە خشتی سوور دروستکراوی کێڵگەیەکی دەوڵەتی پشت دار زەینەفۆنەکان ، گەڵای دارتووی ڕەنگ ڕەش و تاڵ . پەڵەپەڵەی سپی شوێن چینەی بەچکەی باڵندە لە کێڵگەی پایزەدا . بە درێژایی ڕۆخی لەوەڕگاکەو ، بە بەرزایی لاڕێکەوە ، لەنێو دارەکاندا گەڵای درەختی وەریو و هەڵلەرزیو گابەردێك کە بۆ هەتا هەتایە لێی ڕاکشابوو .

دوو ژنی بەسالاچوو دەڕۆیشتن . ئەو دوانە یەکتریان نەدەدوان . هیچ کامیشیان لەوی تریان بێزار نەبوو . بەچواردەوریاندا خاکی نیشتمانەکەیان بوو . بۆیە پێی ئاشنا بوون .

گەڵای زەردی سالی پار ، لاسکی سەوزی گوڵەجۆی ناسکی پایزە ، پەڵەزەوی ڕەش باوی هەڵگەڕاوە کە ئەت وت پارچە قاڵیەکەو دەستو پەنجەی ژنە ئەستوونیەك نەخشاندوێتی .



ژنێکیان ژنه‌کەی تریانی ئاگادار کرده‌وه:

ـ(ئاگاداریه ،ئەسپه)

به‌هه‌نگاوێك هه‌ریه‌که‌یان خۆی گه‌یانده شانی ڕێیه‌که ، ووردە ووردەو ئارام ئەسپێك و گالیسکه‌یه‌ك به نزمی ڕێیه‌که‌وه ، کابرایه‌کی ردێن کورت ده‌ڕوانییه ژنه‌کان . ئەسپه‌که کلکی ڕاده‌وه‌شاند.

دووای ساته وه‌ختێك شته‌کان له‌به‌رچاو ون ده‌بن‌و هێدی هێدی دوور ده‌که‌ونه‌وه ، وه‌ك ئه‌وه‌ی بڵێی خه‌وبێ.

ڕێگه‌یه‌کی خۆڵه‌میشی ، ته‌م و مژێکی خۆڵه‌میشی.

ڕووه‌که‌کان له ئاستی پێویستدا نین . به‌م لاولادا که‌وتون ، پەیکه‌ری ئاشێکی هه‌وای تری بێ باڵ . له ده‌ره‌وه‌و له‌نێو ئه‌و کێڵگه‌یه‌دا دوو ڕیز داری شۆڕه‌بی ده‌هاتن‌و ده‌چوون.

ژنێکیان ده‌ڵێ :

ـ(سه‌رجه‌م شته‌کان به‌شێوه‌یه‌ك له شێوه‌کان له یه‌کتر ده‌چن)

ژنه‌که‌ی دیان سه‌ری ڕەزامه‌ندی بۆ ئه‌له‌قێنێ :

ـ(راسته ، هه‌ر واشه)

ته‌م‌و مژێکی ته‌نك وا له هه‌موو شته‌کان ده‌کا خۆڵه‌میشی بنوێنن . گابه‌رد ، چه‌پەری ده‌وری کێڵگه‌که . ئه‌و مراویانه‌ی له چه‌مه‌که‌دا مه‌له ده‌که‌ن قه‌له‌باچکه کلك درێژه‌که که به نزمی به‌سه‌ر ڕێگه‌که‌دا ده‌فڕی ، کاره بێ‌جوولە‌که که له‌نێو ده‌می کایه‌نه‌که‌دا چه‌قیبوو . له دووره‌وه شوێنێکی دڵگیر دیاره ، ئه‌و شوێنه چ ناوێکی نیه .

ژنێك له ژنه‌کان پشت ده‌کاته ڕێیه‌که‌و دوور ده‌که‌وێته‌وه . ئێستێکی بۆ ده‌کا . به‌دووایدا سێ‌و دووی دڵی خۆی ده‌کا چمکی کراسه‌که‌ی سه‌رده‌خا ، بازنك به‌سه‌ر جۆگه‌که‌دا ئه‌دا ، بۆ ساته وه‌ختێك ڕاده‌مێنێ . پاشان له به‌رده‌م کێڵه دێرینه‌یه‌کدا به‌چۆکدا دێت ، کێڵه دێرینه‌کی باڵانمای ڕەنگ سووری هه‌ڵبوو . له نێو ئه‌و ته‌م‌و مژه‌دا ئه‌و گۆڕه ،گۆڕی سه‌ربازی وونه.

ئه‌م دایکه تاوێکی باش وا ده‌مێنێته‌وه . دووای ئه‌وه‌ی فرمێسك له چاوه‌کانی ووشك ده‌کات. ڕاست ده‌بێته‌وه‌و ، سه‌ر ڕێگه‌که ده‌که‌وێته‌وه‌و . ڕووه‌و لای ئه‌و ژنه هه‌نگاوه‌کانی به‌ڕێ ده‌کات که چاوه‌ڕوانی ده‌کات.

ئه‌و دوو ژنه پێکه‌وه نیوه‌ی ڕێگه‌که‌یان بڕیوه . به‌لای هه‌رکامیانه‌وه وایه نیوه‌ی ته‌مه‌نیان پێکه‌وه به‌سه‌ر بردووه.

جارێکی دی ڕێگه‌یه‌کی خۆڵه‌میشی دوور و درێژ.

دوواجار ئه‌ویان که چاوه‌ڕوانی ئه‌م ده‌کا ده‌پرسێ:

ـ(کوڕته؟)

به سه‌رله‌قاندنێك که به‌ڵێ نیشان ئه‌دا ، قسه‌که‌ی ده‌سه‌لمێنێ

ـ که‌سێکی چاکی وا هه‌بێ له کاتی پێویست‌دا به پارچه نانێك هاوکاریت بکا باشه . گه‌رچی خه‌می دایك هه‌ر بۆ دایکه‌و دابه‌ش نابێ .

ـ تۆ بڵێی ئه‌و گۆڕه به هه‌ق گۆڕی کوڕی ئه‌وبێ ؟

دایکه‌که ده‌ڵێ :

ـ کوڕه‌که‌م نزیك به (لوکی) شه‌هیدبوو .

به‌نێو ته‌مێکی ته‌نکی چڕو پڕدا ، وا که ڕووی ئاڵتوونی خۆر بشارێته‌وه . دوو ژن به ڕێگه‌یه‌کدا ده‌ڕۆیشتن .

سه‌رچاوه :

* (روائع القصص العالمي) ترجمة (منير عبدالامير)

پارا سایکۆلۆژی

میژووی سەرهەڵدانی پاراسایکۆلۆژی و دیاردەکانی لە ژیانی مرۆڤدا

زەردەشت سابیر

پێشەکی پێویستە ئەوە بڵێم کە پاراسایکۆلۆژی زاراوەیەکی لاتینییە لە دوو بەش پێك دێ (پارا) لە کوردی بە مانای (لەپاڵ) ، (لەتەك) دێ و ساسایکۆلۆژی) یش بەمانای دەروون ناسی دێ .. بەردوو بەشەکە دەکاتە (لە پاڵ دە روون ناسی) ، زۆرجار بەمانای (سەرووی دەروون ناسی) دی . بەگوێرەی ئەو پەیڤە ئاوێتەیە پاراسایکۆلۆژی راستەوخۆ پابەندە بەبەشەکانی دەروونناسی بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر لەو دیاردانە دەکۆڵێتەوە کە لەدەرەوەی بەستەکانی بۆیە ووشەی (لەتەك) یان تێهەڵکێش کردووە .. لە بەر ئەوەی تازەترین زانستە ، تائێستا لە تێوان باوەڕو سەرسوڕمانو ڕەت کردنەوە خول دەخواتەوە ، بە شێك باوەڕیان پێی هێناوەو بەشێکیش سەریان پێی سوڕماوە ، بەشێکیش هەواداری خوێندنەوەی بابەتەکانو بەشێکیش بەبێ ئەوەی هیچی لێ بگەن و هیچی لێ بزانن ڕەتی دەکەنەوە .. لای ئێمەی کورد ئەگەرچی وەك دیاردە لەدێر زەمانەوە هەیە بەڵام وەك زانست تا ئێستا باسی نەکراوە تەنیا لە تێوان چەند کەسێك نەبێ کە لەوانەیە لە هەر شارێك بە پەنجەی دەست بژمێردرێن .

میژووی پاراسایکۆلۆژی

دیاردەکانی پاراسایکۆلۆژی لەگەڵ مرۆڤدا هەبووەو مرۆڤ لە سەرەتاوە هەستی پێ کردووە ، بەڵام بەهۆی نەزانیو دابەش بوونی بیرو بۆچوونو باوەڕی جیاجیا ئەو دیاردانە وەك زانستێك شی نەکراوەتەوە . گەڵێ جار بە خورافەو سیحرو دەسەڵاتێکی جیا لە مرۆڤ باس کراوە .. بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێك فەیلەسووف کە بەفەلسەفەی میتافیزیقییەوە خەریك بوون وەك (شارل ریشە) و (هنری بریجسۆن) و (ولیم جیمس) و (ماکس وەیل)و (بافلۆف) و (ئەمیل بۆراك)و گەلێکی تر تەکانێکی گەورەیان بەو فەلسەفەیەداو لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانستانەیان تواییان بۆچوونی میتافیزیقییان بگۆڕن بۆ زانستی پاراسایکۆلۆژی و گەشەی پێ بدەنو لە ڕێگەی کۆمەڵێ ئەزموونی زیندوو توانیان پاراسایکوولۆژی بخەنە ناو زانستی پزیشکی و بەشەکانی تر ، هەرچەندە ئەو فەیلەسووفانە بە پێی بۆچوونی خۆیان بەسەر دوو خوێندنگای جیاواز دابەش بووبوون ، یەکەمیان باوەڕیان تەنیا بە مادە هەبوو گوایە لە مادە بەولاوە هیچ شتێکی تر نییەو سەرچاوەی هەموو دیاردەکانیش هەر مادەیە .

دووەمیان ئەوانە بوون کە قەناعەتیان وابوو شتێکی شاراوە لە دەرەوەی مادە هەیە کە هەر ئەو شتە یە دەتوانێ هەموو سنوورە مادییەکان ببەزێنێ ، کە زیاتر بەلای (ڕووح) دا دە شکانەوە .

میژوو نووسەکان ماوەی گەشەکردنی دیاردەکانی پاراسایکۆلۆژی وەك ڕووداوی ئاسایی و زانست بە سێ ماوەی جیا دابەش دەکەن :

ماوەی یەکەم : ئەو ماوەیە بریتییە لە سەرەتاکانی مرۆڤ بەر لە نووسینی میژوو تا ناوەڕاستی سەدەی

نۆزدەم دەخایەنێ.

ماوەی دووەم : ئەو ماوەیەیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم دەست پێدەکات تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم .

ماوەی سێیەم : لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تا ئەمڕۆکە .

زۆریەی دیاردەکانی پاراسایکۆلۆژی بەرلەوەی وەك زانستێك بزانرێ لە شێوەی خەرافات و ئە ستێرەناسی و سیحری ڕەش و سپی دەزانرا . زۆر لە پاشاو ئیمبراتۆرە کۆنەکان کۆمەڵێ خەلکیان لەو بابەتانە هەبوو ، مێژوو باسی ئەو پاشایانە دەکا کە گرتگیبەکی زۆریان بە (عرافە)و ئە ستێرەناسان داوە بۆ نموونە کرۆسیس پاشا کە شای (لیدیا) بوو عەرافەیەکی هەبوو ناوی (دەلفی) بوو ئەو پاشایە هیچ شتێکی بەبێ پرسی ئەو (دەلفی)یە نەدەکرد لە زۆریەی شەڕەکانی کە لەگەڵ فارسەکان ئەنجامی دەدا کاتێ دەلفی پێی دەووت سەرکەوتوو دەبی ئەوساکە شەڕەکەی ئەنجام دەدا . لە مێژووی نوێشدا چەندین کۆمەڵەو گروپو بەناوی پاراسایکۆلۆژی دامەزراوە لە چەندین زانکۆی ئەمریکی و ڕووسی وەك بە شێکی زانستی دەخوێندرێ و چەندین کەسایەتی ناودار لە بواری پاراسایکۆلۆژیدا ناویان دەرکردووە وەك مێمەرو نۆستەرئەداموس و ڕاسپۆتین و سەدانی تر..

* **پاراسایکۆلۆژی چییە ..؟**

زۆرجار وا دەبێ لە شەقامێك پیاسە دەکەی و یەکێکت تووش دەبێ وادەزانی (ف)ی هاورێتە بەڵام ئەو نییە . چەند مەترێك دەڕۆی ئەوجارەیان بەڕاستی تووشی (ف)ی برادەرەت دەبی و لە گەڵیدا دەوەستی .

جاری وا هەیە لەگەڵ برایەکت یان خوشکێکت یان هەر کەسێکی تر بەرامبەر یەك دانیشتوون تۆ شتێکت بە خەیاڵدادێ و دەتەوێ باسی بکەی کەچی پێ ڕاناگەی و کەسەکەی بەرامبەرت شتەکەی خەیالی تۆ باس دەکا .

وا دەبێ غەریبی خزمێکت دەکەی دەتەوێ هەڵسی و بچیتە سەردانی بەڵام لە پڕ خزمەکەت لێ پەیدا دەبێ و دەبێتە میوانت .


گەلێ جار ڕووداوێك لە بەر چاوت ڕوو دەدات و وا هەست دەکەی ئەو ڕووداوە دووبارە بۆتەوە جارێکی تر بە هەمان شێوەو لە هەمان کات و شوێن ڕووی داوە .

جاری وا هەیە بەبێ هیچ هۆیەك لە کاتێکی دیاری کراو دڵت پەست دەبێ بەڵام نازانی لە بەرچییە ، پاش ماوەیەك هەواڵت پێ دەگا لەوکاتەی کە تۆ دڵت پەست بووە کەسێکی خۆشەویستت تووشی کارەساتێ



دیاردەی چاوپیسی کە بە سیفاتێکی خراپ لەناو خەڵك ناسراوەو لە پاراسایکۆلۆژی بە(سایکۆکینزیا) ناسراوەو چەندین دیاردەی تر کە ڕۆژانە دەکەوێتە بەرچاومان هەموویان نیشانەی پاراسایکۆلۆژین . وەك باسمان کرد پاراسایکۆلۆژی ئەگەرچی تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم نەخرابووە ناو چوارچێوەی زانست بەڵام نیشانەکان لەگەڵ مرۆڤ لەدایك بوون و هەر هەبوونە .

بە داخەوە زۆرجار ئەو دیاردانە بە هەڵە شێ کراونەتەوەو بە خراپ بەکارهاتوون ، دوای



گەشەکردنی ئاینە ئاسمانیەکان و پەیدابوونی (پەهبانییەتی) مەسیحی و (سۆفیەتی) ئیسلام و یۆگای (هندی) و (زن)ی بووزا لە یابان ئەو دیاردانە خرابوونە ناو چوارچێوەی ئاین و دابیانە پاڵ هێزی دەرەوەی مرۆڤ زۆرجار ئەو هێزەیان لە خواوە دەگواستەوە بۆکەسێکی پیرۆز لەوانەبوو مردوو بێ نەك زیندوو . بەم جۆرە بۆڵی خودی مرۆڤی ئاساییان زۆر کەم دەکردەوە و پێیان وابوو مێشك هیچ پەیوەندییەکی بەو دیاردانە نەبووە . بۆیە ئەو دیاردانە لەنێوان دوو جەمسەری جیاواز دەسوڕایەوە جەمسەرێك کە باوەڕی بە هێزی دەرەوەی مرۆڤ هەبوو کە خواو پیاوچاکان بوون بەشێکیشیان کە بێ باوەڕ بوون بۆیە ئەو دیاردانەیان بە خورافەو خەڵەتاندنو شتی ناڕاست دەزانێ و تەنانەت تا ئەمرۆکەش پاراسایکۆلۆژی وەك زانستێك لە زۆر زانکۆکانی جیهان دەخوێندرێ کەچی کەسانێك هەن ئەو زانستە بە خورافەو شتە کۆنەکان دەدەنە قەڵەم .. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەو هێزە بااڵیە کە لە مرۆڤدا هەیە کەسانێك هەبوونە بۆ خەڵەتاندن و فریودانو بەکاریان هێناوەو زۆرجاریش فاڵچی فێڵبازی وا دروست بون کە شارەزایی باشیان لە نواندن هەبووە تواناییانە بە ناوی دیاردەکانی پاراسایکۆلۆژیو ناو لەپ خوێندنەوە و دە روون خوێندنەوەو بەختو پێشبینی خەڵکیان خەڵەتاندووەو پارەیان پێ پەیدا کردووە ، بۆیە لەناو کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کوردەواری قوڵ بوونەوە بە ناخی زانستی پاراسایکۆلۆژیو باس کردنو هەوڵدان بۆ دراسە کردنی ئەو زانستە بە شتێکی بێ ماناو میسالیەتو دیماگۆگیەت لە قەڵەم دەدرێ . بۆیە هەوادارانی ئەو زانستە گەڵێ جار لە کارەکانیان سڵ دەکەنەوە . لە ناو کۆمەڵدا بەزەقی باس ناکەن نەوەك باسەکانیان لەگەڵ خورافەو فاڵچیەتی بەخت خۆندنەوەو جادووگەریو نووشتەو وێرد مۆنتاژ بکرێ !!..

گومانی تیا نییە کە دیاردەی پاراسایکۆلۆژی لە زۆر کەس بە زەقی بەدیار کەوتووە . بیستوومانە کە فلانە کەس شوێن هەڵگرێکی چاکەو شوێن دزەکان دەکەوێ . یان فلانە کەس بە دەستەکانی نەخۆشی پێست چاکدەکاتەوە یان فلانە کەس چاوی پیسە . کەچی نەیانزانیوە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو دیاردەیە چییە .. تەنیا بە پێی بۆچوونی خۆیان لێکیان داوەتەوە ..

بە پێی زانستی پزیشکی مێشکی مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێ ، بە شی پێشەوە کە تایبەتە بە هۆش (وعی) بەشی پشتەوە کە تایبەتە بەبێ هۆش (لاوعی) هەموو ژیانی ڕۆژانەمان بەهۆی بەشی پێشەوەیە کە ئەو بەشەیە بە هۆی پەروەردەی تاك و کۆ و کاردانەوەی دەوروبەر جۆرە یاسایەکی بۆ دروست بووە نابێ لە یاساکە لابدا ، وەك ئەوەی ئەگەر برسی بوو نابێ لەناو بازار تاو بداتە ئەو کولێرە گەرمە ئەگەر لە ناخەوەش زۆری حەز لێ بێ ، شەرمە ئارەزووەکانی خۆی بەرەڵا بکا ، ئەگەر ویستی پەڕاوێك بخوێنێتەوە دەبێ ماوەیەك بیر بکاتەوە ئەوساکە بڕیار بدا کام بەڕاو بخوێنێتەوە ، بە کورتی ئەو بەشەیە کە پەیوەندی بە بیرکردنەوەو یاسای ژیانی دەوروبەر هەیە . واتە سەرپەرشتی هەر

پێنج هەستیارەکان دەکا کە بینین و بیستن و گرتن و تام و بۆنە .. تەنیا لە رێگەی ئەو هەستیارانەوە پەیوەندی بە دەورەبەر دەکا واتە ئەگەر هەستی بینین نەما ناتوانێ دەورەبەر ببینێ یان ئەگەر هەستی بیستن نەما گوێی لە هیچ دەنگێك نابێ..

بەڵام بەشەکەی تر کە بێ هۆشییە مرۆڤ کەچی ئەو یاسایە نییەو زۆربەی کاتەکان بێ کارە تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە بەشی یەکەم و واتە هۆش کپ کراوە جا بە هۆی نوستن بێ یان بوورانەوە یان نوستنی موگناتیزی جا هەر کاتێ (بێ هۆش)ی کەوتە کار دەتوانێ گەڵێ لەو سنوورانە ببڕێ کە لە کاتی هۆش دا مرۆڤ ناتوانێ بیگاتێ لەو بەشەدا جگە لە شەپۆلی کەهرۆ موگناتیزی گەڵێ شەپۆلی تر هەیە کە مرۆڤ کەچی یاسا فیزیاویەکان نییە وەك (کات) (شوێن) (قەوارە) کە سێ دووری (بعد)ی فیزیاوین . لە رێگەی شەپۆلەکانی ئەو بەشە دەتوانرێ سنوورەکان ببەزێنرێ و ڕابردوو داهاتوو بێتە ئێستا ، واتە ئەوەی چەندین ساڵ ڕووی داوە بێتە ئێستاو ئەوەی ڕووی نەداوە ئەویش بێتە ئێستاو لە بەر چاوی ئەو کەسە ڕوویدا .. ! !

هەرچەندە شێ کردنەوەی ئەو کاردانەوەیە تێگەیشتنی ئاسان نییە بەڵام بۆ ڕوونکردنەوە حەز دەکەین ئەو نموونە یە بهێنینەوە :- (یەکێ لە سلێمانی تەلەفۆن بۆ یەکێکی تر دەکا لە هەولێر ، لە کاتی تەلەفۆن تەقینەوەیەکی گەورە لە نزیك شاری سلێمانی ڕوودەدات ، گریمان ئەو دەنگە ئەوەندە گەورە بوو هەولێریش گوێی لێدەبێ کابرای سلێمانی بە تەلەفۆن بە کەسەکەی هەولێر دەڵێ تەقینەوەیەکی گەورە ئێستا لێرە ڕوویدا ، ئەوی هەولێریش بە خەڵکەکەی دە ورووبەری دەڵێ دەنگێکی گەورەی دوای (٥) خولەکە لێرە دەبیستن ، ئیتر دوای (٥) خولەکە دەنگەکە دەبیستن کە دیارە بە پێی ڕێژەی خێرایی دەنگ نێوان هەولێرو سلێمانی (٥) خولەکەی دەوێ .. دیاردەی پاراسایکۆلۆژی کە لە مرۆڤدا هەیە وەك کاری تەلەفۆنەکەیە . کابرای هەولێر بەر لەوەی دەنگەکە بگاتە هەولێر ئەو (٥) خولەکە پێشتر زانی ، بەڵام بە هۆی تەلەفۆن واتە (توانای بالا) لە مرۆڤدا کە بەشی (بێ هۆش) لە مێشکی مرۆڤ دەتوانێ بە کاری تەلەفۆنەکەهەڵسێ .. لێرەدا مەبەستمان لە کاردانەوەی حالەتی پاراسایکۆلۆژیە کە چۆن سنوورەکان دەبەزێنێ ، ئەوەیان نموونەیەکە بۆ کات ، بەڵام بۆ سنوور بەزاندنی شوێن و قە وارە بە هەمان شێوە (کە دەرفەتی باس کردنمان نییە) بۆیە زاناکان دەڵێن بەشی بێ هۆش (لاوعی) وەك ئاوێنەیەکە بە هۆی تۆزو خۆڵ تەلخ بووە ئەگەر تۆزەکەی لەسەر لابەری هەموو شتێکی تیا دەبینی .. دیار لابردنی ئەو تۆزە ش پرۆڤەو هەوڵدانی دەوێ بەر لە هەموویان باوەڕهێنانە بەو زانستیە ئەوساکە قۆناغەکانی تر کە هەموویان بریتین لە وەرزشی فیکریو دەروونی بە ، تایبەتی کپ کردنو لەکارخستنی هەستیارەکان لە کارخستنی بەشی (هۆش) ە بە شێوەیەکی کاتی و (جزئی) . لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو دیاردانەو ئەو (توانا بالا) یە لە مرووڤدا تایبەت نییە بە چەند کەسێکی بەڵکو هەموو کەسێ ئەو توانایەی هەیە بەڵام لە هەندێکیان بەزەقی بەدیار دەکەوێو لە هەندێکیان کەمتر .. بۆیە گەشەکردنی ئەو توانایەش پێویستی بە وەرزش هەیە ، چۆن دەتوانی مرۆڤ لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئاسن ماسوولکەکانی بەهێز بکا ئاواش بە هۆی وەرزشی فیکری دەتوانێ دیاردەکانی پاراسایکۆلۆژی بەهێز بکا ، ئەگەرچی تا ئێستاکەش خەڵك بە گومانەوە سەیری دەکەنو بە خەرافەوە شتی بێ مانایان داوەتە قەڵەم بەڵام بڕۆژێك دێ ئەو زانستە بێتە تاجی سەری زانستەکانو لە هەموو بەشەکانی تر زیاتر خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکا .

ئەو سەرچاوانەی کە سوودمان لێ بینیوە :-

١- الباراسايكولوجي ظواهر و تفسيرات - تاليف سامي احمد الموصلي .

٢- القوى الخفية تاليف انيس منصور

٣- تدريب الادراك الحسي الفائق - تاليف د. بيلان ريزل

٤- الانسان وقواه الخفية - تاليف كولن ولسن

٥- الباراسايكولوجية الجديدة غدا- تاليف جان باري

کوشتنی باوک

یان قوربانیدانی سێکسی

چەند خەملاندنێکە سەبارەت بە کرۆکی پەیوەستە کۆمەلایەتییەکان

نووسینی : مۆریس گۆدۆلییە .. وەرگێرانی کامیل محەمەد قەرەداغی و فایق رەحیم محەمەد

(خەملاندنەکەی فرۆید)

کوشتنی باوک رەچەلەکی کۆمەلگەیە

بابەتی کوشتنی باوک و پێشیلکردنی حەرام کراوەکان لە زۆربەی ئەو کارە گرنگانەدا ئامادەییان هەیە کە فرۆید پێشکەشی کردوون ، هەر لە«تەوتەم و حەرام» ەوە بیگرە هەتا «یەکتاپەرستی و موسای مرۆڤ» بە «نیگەرانی لە رۆشنبیری دا» و «پاشە رۆژی وەهم» یشەوە . لێرەدا هەوڵنادەین کە بەڵام وەک لایەنێکی سەرەکی لە کەلتووری فرۆید دا مامەڵەیان لەگەلدا دەکەین کە ناکرێت چاو پۆشییان لێبکرێت . فرۆید لەَ پێکەشکردنی بابەتی کوشتنی باوکدا لە نێوان دوو رێگەدا شڵۆقیی نیشان داوە: لە زۆر جارياندا ئەو رووداوە وا پێشکەشی دەکا کە سەربردەیەکی واقیعی بێتو لە سەردەمێکی دووردا ڕووی دابێتو پاشان پشت گوێ خرابێت و دوای ئەوەش خەفە کرابێت ، بەڵام لە نەستی تاکە کەس وکۆمەڵەکاندا ماوەتەوە . کەچی لە چەند جارێکی تردا وا پێناسەی ناکات کە سەبردەیەکی ڕاستەقینەی پێش مێژوو بێت ، بەڵکو وەک سەربردەیەکی خەیاڵی باسی لێوەدەکات کە هەندێ بنەمای واقیعیشی تیا بێت . لە خوێندنەوەی فرۆیددا ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت ، کە فرۆید پێی باش بووە وەها کوشتنی باوک ببینێت کە سەربردەیەکی ڕاستەقینەیەو لە نەستی کۆمەڵەکاندا پەردەپۆش کراوە ، نەک وەکو سەبردەیەکی خەیاڵی.

من لە لای خۆمەوە گێڕانەوەکەی فرۆید وەک

بەرهەمێکی شێوە نائاسایی توانای کەلتوورییی کەم وێنە دەبینمەوە ، کە مەبەستی یەتی باس لە شتێکی بنەڕەتی بکات کە سەر بە کرۆکی پەیوەستە

کۆمەڵایەتیەکانی خودی مرۆڤە . لەمەو دواش بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین کە ، ئایا .. گریمانە خەیاڵی یان واقیعی «یەکانی فرۆید دەتوانن لە بەرامبەر دەستکەوتەکانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژی و

کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمەی ئێستادا ، ڕوویەڕوو ببنەوە بە تایبەتیش لەو هێڵە سەرەکییانەدا کە پەیوەندییان بە زانستی خووی ئاژەڵی «ئیثوولۆژی»ەوە هەیە .

لە دەقی «دێو و حەرام»دا ئەوەی کە پەیوەندی بە کوشتنی باوکەوە هەیە بە شێوەی بە دوای یەکدا هاتنی سەربردەکان دێتو هەمووشی لەسێ قۆناغدا هاوسەنگی وەرگرتووە ، لە کۆتایی قۆناغەکانیشدا پەیوەستە کۆمەڵایەتیەکان بەتەواوی بەرجەستە بوون.

لە قۆناغی یەکەمدا باسی ئاپۆرەیەکی پڕ ئاژاوەی خەڵکێکی سەرەتاییمان پێشکەش دەکات ، کە لە

نێوانیاندا باوك به ژن‌و كوڕو كچه‌كانی ده‌ور دراوه ، ده‌سه‌ڵاتێكی سێكسیی ڕه‌های به سه‌ر ژن‌و كچه‌كانیدا هه‌یه و قۆرخ كردنه سێكسیه‌كه‌شی پشت به پیاده‌كردنی توندو تیژی‌و هه‌ڕه‌شه‌ی به‌كارهێنانی هێز ده‌به‌ستێت . ئاره‌زووی سێكسی كوڕه‌كانیش به‌رامبه‌ر به دایك‌و خوشكه‌كانیان له‌گه‌ڵ ئه‌م توندو تیژیه (به كرده‌وه یان به ئه‌گه‌ره‌دا) به‌ر یه‌ك ده‌كه‌ون ، كه‌واته ئێمه لێره‌دا له‌به‌رده‌م بارو دۆخێكی كۆمه‌ڵایه‌تیدا ڕاوه‌ستاوین ، كه هێز تێیدا ده‌سه‌ڵاتداره‌و گه‌یشتن به هه‌موو ژنه‌كانی ئه‌و ده‌وروبه‌ره به ته‌نها بۆ تاكه یه‌ك مرۆڤی تێر قۆرخ ده‌كات.

له قۆناغی دووه‌مدا، پلانی كوڕو ڕۆڵه بێوه‌رییه‌كان ده‌بینین كه بڕیار ده‌ده‌ن له یاسای باوك هه‌ڵگه‌رینه‌وه‌و به كوشتنی یه‌كجاره‌كی لێی ڕزگار ببن .

له قۆناغی سێیه‌میشدا و له پاش ئه‌نجامدانی تاوانه‌كه یان له جیاتی ئه‌وه‌ی كه كوڕه‌كان دایكی خۆ ، یان دایك‌و خوشكه‌كانیان له‌نێوان خۆیاندا دابه‌ش بكه‌ن ، بۆیان ده‌رده‌كه‌وێت كه ئه‌گه‌ر ئه وه بكه‌ن ئه‌وا گێڕۆده‌ی خودی ئه‌و ڕێگه‌یه ده‌بنه‌وه كه ده‌گاته‌وه به كوشتنی باوك ، به‌ڵام هه‌له‌كه‌یان له‌ده‌ست ده‌رچووه ، لێره‌دا ئیتر به خواستی خۆیان پاشگه‌ز ده‌بنه‌وه . بۆیه به‌م شێوه‌یه به‌ته‌واوی وبستی خۆیان واز له تێركردنی ئاره‌زووه یاساغ كراوه‌كانیان ده‌هێنن كه ئه‌و تێركردنه له‌ڕێگای پیاده‌كردنی توندو تیژییه‌وه بێت ، به‌ڵام هه‌ر به وازهێنانیان له زه‌ماوه‌ندكردن له دایك‌و خوشكه‌كانیان ئه‌وه به سه‌ر خۆیاندا ده‌سه‌پێنن كه له ده‌ره‌وه‌ی سنووری ئاپۆره پڕ ئاژاوه‌كه‌ی خۆیاندا ، به‌دوای ژنی تردا بگه‌ڕێن‌و په‌نا بۆ زه‌ماوه‌ندكردنی ده‌ره‌كی ببه‌ن . بۆیه ئیتر ئه‌و ژنانه واز لێ دێنن كه پشتیان تێ‌كردن به‌رامبه‌ر به‌وه‌ی كه ژنگه‌لێكی تریان ده‌ست بكه‌وێت ، كه له‌به‌ر هه‌مان هۆ پیاوانێكی تری سه‌ر به ئاپۆره‌یه‌كی پڕ ئاژاوه‌ی تری دراوسێیان پشتیان تێ‌كردوون. له ئێستادا فرۆید بۆ به‌ڵگه هێنانه‌وه بۆ چه‌مكی دروستكردنی ئه‌و ئاپۆره ئاژاوه‌ییه سه‌ره‌تاییه به‌رووn‌و ڕاشكاوی پشت به داروین ده‌به‌ستێت . له واقیعیشدا فرۆید له پێكهێنانی ئه‌و تابلۆیانه‌ی كه‌تێیدا ده‌سكه‌وته «معطیات» بایۆلۆژییه‌كان تێكه‌ڵ به ده‌سكه‌وته ڕه‌چه‌ڵه‌كیه‌كان ده‌بن ، ده‌یه‌وێت وا نیشان بدات كه به نووسراوێكی «ئات كینسۆن» سه‌رمه‌ست بووه ، «ئات كینسۆن» یش یه‌كێك بووه له قوتابیه‌كانی داروین‌و له‌ساڵی ۱۹۰۲ دا «ئاندرۆی لانج» ده‌قێكی «ئات كینسۆن»ی بڵاو كردۆته‌وه ، به‌ڵام پاش مردنی نووسه‌ره‌كه‌و له ژێر ناونیشانی «یاسایه‌كی سه‌ره‌تایی»دا.

به كورتی‌و به‌پێی بۆچوونی فرۆید ده‌كرێت كه مرۆڤایه‌تی له سه‌رده‌مانێكی كۆندا به بارودۆخێكدا تێپه‌ڕیبێت ، كه پیاده‌كردنی توندو تیژی و پیاده‌كردنی حه‌رامه‌كان باو بووبێت . به‌و قۆناغه‌دا به‌ره‌و بارێكی تازه‌تر تێپه‌ڕیون ، كه پیوه‌ندیه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی ڕاسته‌قینه دۆزیویه‌تیه‌وه ، ئه‌و پیوه‌ندییه تازه‌یه‌ش ئه‌وه‌ی تێدایه كه له‌پێناوی تێركردنی ئاره‌زووه سێكسیه‌كاندا وازی له پیاده‌كردنی حه‌رامه‌كان هێناوه . هه‌ر له پێناوی ئه‌مه‌شدا دیارده‌ی كوشتن فه‌رز بوو . ئه‌و كوشتنه‌ی كه له‌ناو خۆیدا توندو تیژی‌و یاساغی كۆكردۆته‌وه كه ئه‌ویش كوشتنی باوكه .

ده‌بێت ئه‌وه‌شمان له یاد نه‌چێت كه ئه‌م چیرۆكه له لای فرۆید ته‌واوكه‌ری هه‌یه ، ئه‌وه‌تا باوكه‌كه له

پاش کوشتنی جارێکی تر لە ڕێگەی ئەلتەرناتیڤێکەوە دێتەوە ژیان کە ئەویش ئاژەڵێکی تەوتەمییەو لەڕێو ڕە سمێکی دیاریکراودا خواردنی حەرام کراوە ، کەچی ڕێگەبەوە دراوە کە بکوژرێتو بە قۆناغو لە ڕێو ڕە سمێکی تایبە تیدا لە لایەن هەموو ئەندامانی ئەو خێڵەوە بخورێت کە ئاژاڵەکە دێو یان خێوی خۆیانە . دواجاریش ئەم باوکە قێزەونو خۆشەویستە ، کوژراوو خوراوە دەبێتە ڕەچەڵەك بۆ هەموو بە خواوەند کراوەکانی مرۆڤ و هەموو خواوەندەکانیش . بەم شێوەیە کوشتنی باوك نەك هەر پەیوەستە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنێتو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش ڕاست دەکاتەوە، بەڵکو سەرچاوەیەکی هەمیشەیی ڕەوشتو ئاینیش پێك دەهێنێت . هەر دەبێت کەشتێك ڕوویدابێتو مرۆڤایەتیشی ناچار کردبێت کە لەو ڕووداوەدا بەدوای تایبەتمەندییەکانی سێکسدا بگەڕێت .

لە گێڕانەوەکەی فرۆیدەوە بۆچونێکی سەرەکی بەرجەستە دەکەین ئەویش ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت ڕەچەڵەکی کۆمەڵگە خۆی لە پیادەکردنی بە کۆمەڵو تاکی مرۆڤانەی سێکسدا خۆی حەشار داوە ، ئەوەشی لە گەڵدا بێت کە مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزوە سێکسییەکانی خۆی ، خۆی لەپەنابردن بۆ هێزو تونڈو تیژی بەدوور گرتووە . کەواتە ئەوەی کە دەبێت لە فرۆیدەوە بەرجەستەی بکەین ، بەبێ ئەوەی کە خۆمان لە قەرەی کێشەی سەرەکی کوشتنی باوك بدەین ئەوەیە کە ئایا سیمایەکی خەیاڵییان واقیعی هەیە ، ئەوە ئەو بۆچوونەیە بە دڵنیاییەوە شتێك لە ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا ڕوویداوەو وای لە مرۆڤ کردووە کە بە هەستەوە خۆی لەتاو تۆبێ کردنی کاروبارە سێکسیەکانی تایبەت بەخۆی بدات .

هەر بەهەمان شێوە سەبارەت بە کاروباری جەستەو ناخی بە کۆڵیشی ، ئەو بە کۆڵیەی کە لەهەمان کاتدا پە یوەندییەکانی بە ئەوی ترو ئەوانی تریشەوە دەنوێنێت ، ئەگەر ئەو ئەوو ئەوانە بەك ڕەگەز یان ڕەگەز جیاوازیش بن . ئەم شتە دەبێ هەر ڕووی دابێت ، لەکاتی ڕوودانە کتوپڕەکەشیەوە لە میانەی بوونو دەرەنجامی بوونیشەوە ئاوا نەبووەو کاریگەرییەکەی پەکی نەکەوتووەو هەتا بە ئێمەیش گەیشتووە . ئەمە سەربردەیەکە کە وای لە مرۆڤایەتی کردووە بۆ پەرەسەندنی خۆی تاکە ڕێگەیەکی نوێ بگرێتە بەر کە ئەویش ڕێگەی مێژووە . ئەم سەربردەیەی کە لەکاتی بەرپا بوونیەوە ئاوا نەبووە بە بۆنەی بوونو کاریگەرییە هەمیشەییەکەیەوە بووە بە دیاردەیەك کە بە درێژایی مێژوو بەڕێوە دەچێتو ناشبێت بەسەربردەیەکی نامێژوویی . سەربردەیەکە کە سەر بە کرۆکی ناخی خودی مرۆڤەو مێژوونیەکیشی پێ دەبەخشێت لەبەر ئەوەی خۆی فەراهەم کردووە

بەڵام ئەم سەربردە مێژوونیەی کە هەر دەبوو ڕووبدات و لەو کاتە شەوە ئامادەیی و دووبارە بوونەوەی هەبێت ، بە بۆچوونی ئێمە کوشتنی باوك یان کوژرانی باوکێك نیە ، بەڵکو شتێکە کە پەیوەندیی بە قوربانیدانەوە هەیە نەك کوشتن . بێگومان ئەو بوونەوەرە کە مرۆڤە بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا درێژە بە ژیان بدات ، قوربانی بە شتێك داوە لە ناو خودی خۆیدا بۆ ئەوەی وەك بوونەوەرێکی مرۆیی بکەوێتە زاوزێ.

فرۆید پێیان دەڵێ: ئەم بەشەی خودی مرۆڤ کە دەبێت قوربانی پێبدرێت دەچێتەوە خانەی پە یوەندییە سێکسیەکانیو بوونێکی ئامادەو کاریگەریشی لە میانە سێکسییەکانی مرۆڤدا هەیە ، دوایی ڕوونیش بووەوە کە ئەوە پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ وەچەخستنەوەی یەك لە دوای یەکی هەستیارانەی بوونەوەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە ، چونکە خەفەکراوەو پارێزراوەو لە پشت سنووری کانی هەستەوە چەپێنراوە.

چەند گریمانەیەک لە سەر شێوازی ژیانی پێشینە کانی مرۆڤی بە ئاوەز

پێش خۆدان لەدەست نیشانکردنی ئەم مەسەلەیە لای مرۆڤ ، کە هێشتاکە نەیتوانیوەو ناشتوانێت لەگەڵ هەستی دا بژی با بگەڕێینەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە فرۆید لە سەر مرۆڤایەتی سەرەتایی هەیبووە . ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە ناوەندی ئاپۆرەیەکی بە ئاژاوەی ملکەچی ژێر سەرکوتکاری نێرینە یاخود نێرینەی بالادا دەژیا ،چونکە ئاپۆرەیەکی بە ئاژاوە لە راستیدا خێزانێکە نەک کۆمەڵگایەک . بۆ نمونەیش گۆریلا لەناو بونیادێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی وادا دەژی . لە لایەکی تریشەوە پرەنسیبەکانی خووی ئاژەڵی بەراورد کار کە ئێستا بەرقەراوە دەمانباتە سەر ئەو بووچوونە بە پێچەوانەیەی ئەوەوە کەوتمان : مرۆڤی سەرەتایی بە شێوەیەک دەژیا کە لە شێوە ژیانی شەمپانزی دەچوو . ئەم ئاژەلەیش واتە شەمپانزی لەناو ئاپۆرەیەکی پر ئاژاوەدا ناژی بەڵکو لەناو چەند کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە بڕێك نێرو بڕێك مێ ، لەگەڵ یان بەبێ منداڵ ژیان بە سەر دەبەن و لە لای شەمپانزیش پێکهاتەی خێزانی ڕاستەقینە نیە ، سەرباری ئەوەش کە مێیەکان بەڕێزە بەچکەی تەمەن جیاواز دە ور گیرابن ، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەک مێیەکان بە نێرەکانەوە پەیوەستیش ببن ئەوا چەمکی خێزان وەک پێکهاتەیەکی جێگیر لە نێوان نێرێکو مێیەک یان چەند مێیەکدا نیە . ئەگەر ئەم بارەی ئێستا لەگەڵ ئەو شێوازە یاسا کۆمەڵایەتیانەدا بەراورد بکەین ، کە چەند پۆلێکی جیاواز لە مۆرکە سەرەکیەکە جیا دەکاتەوە ، ئەوا خۆمان لە بەردەم چەند شێوازێکدا دەبینینەوە کە ئەوانیش بە سەر دوو جەمسەردا ، دابەش دەبن .

چەند پۆلێکمان هەن کە لەناو خانەوادەی گەورەدا دەژین بەبێ ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینە پێک بهێنن . ئەو کۆمەڵانەش وەک شەمپانزی کە بە کۆیان بە کۆمەڵ دەژین ، بەڵام شێوازی پێکهاتەی خانەوادەییان تیا دەرناکەوێت ، کە لە سنووری پە یوەندی نێوان مێینەو بەچکەکانی تێپەڕ بکات . بەڵام بۆ ئەوەی کە بە حەرام کردن مانایەکی هەبێت ، هەردەبێ پێشینەکانی مرۆڤ وەک شەمپانزی بە کۆمەڵ ژیابن و لەناو کۆمەڵگەلێکی بەو شێوەیەدا چەند جۆرێك لە پێکهاتەی خێزانی ئارامو بەرچاو پێشتر لای گۆریلا دۆزرابێتەوە . لەوانە شە کە سەرهەلدانی پەیوەستێکی ئارامتری نێوان نێرو مێی ڕەگەزی مرۆڤ لەبەر چەند هۆیەک ڕوویدابێت ، کە لە سنووری پەیوەندییە سێکسییەکانی هەردوو ڕەگەزەکە بەدەرین ، لەوانەشە ئەو پە یوەندییە لە ئەنجامی دابەشکردنی بە بەرنامەو هەمیشەیی کار لەنێوان پیاوانو ژناندا ڕوویدابێت . چونکە هەروەک کەلیفی شتراوس پێیان دەڵێت : لەو ساتە وەختەوە کە پیاوانو ژنان توانییان داهاتە جۆراو جۆرەکانی سروشت لە سروشت خۆی دەربهێنن و بە تەکنیکی تایبەت بەڕاوی دەشتەکی بە قۆستنەوەی بە تۆندی کاری تێ بکەن ، هەر لەو کاتەوە جۆرە ئاڵوگۆڕێکی مادی ڕێکخراوو هاریکاریەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەنێوان پیاوانو ژنان دا سەپێنراوە . لێرەدا کۆمەڵە پە یوەندییەک لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا دەبینین کە تەواو جیاوازن لەوەی کە لەناو کۆمەڵگە سەرەکیەکاندا ڕوو دەدەن، چونکە لەناو کۆمەڵگە سەرەکیەکاندا ئابووریەک بەڕێوە دەچێت کە پێی دەوترێت «ڕاستەو خۆ لەدەستەوە بۆ دەم HAND TO MOUTH. لە کاری سەرەکی لەم یاسا ئابووریەدا ئەوە یە هەر کە سێکی کامڵ خۆی خواردنی خۆی بدات و لە هەندێ باری تایبەتیشدا هاوکاری کاملەکانی تریش بکات ، بۆ نموونە وەک جۆرە بارێکی ئاگادار کردنەوە یان پاراستنی کۆمەڵگەی خۆیان لەدەست دڕێژی کۆمەڵێك چەتە

، بەڵام لەلای شەمپازی دەبینین رراوی بە کۆمەڵ پراکتیزە دەکرێت ، تاکە کاملەکانی هەر ردوو ڕەگەزەکە هەر یەکەو ڕۆڵی تەواو و جیاوازی خۆی دەبینێت ، بۆ نموونە هەندێکیان خەریکی گەمارۆدانی نێچیرەکە دەبن ، و هەندێکی تریش سەرگەرمی گرتنو کوشتنی دەبن ، بەدوای ڕاوەکەشدا زۆرجار لە دابەشکردنی نێچیرەکەدا ئەوە بەرچاو دەکەوێت ، کە بەشی نێرەکە لەگەڵ ئەو مێیە دایە کە ئاڵوودەیەتی یان بە لایەوە خۆشەویستە.

بەم شێوەیە ئەگەر بە پێی دەسکەوتە زانستیەکانی ئەمرۆی زانستی وەچەزانی ڕووبەڕووی گۆشە نیگای فرۆید لە مرۆڤایەتی کۆن ببینەوە ، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە پێی فرۆید مرۆڤایەتی سەرەتایی لەناو ئاپۆرەیەکی بە ئاژاوەدا ژیاوە نەك لەناو کۆمەڵێك ، لەناو خێزاندا نەك لەناو کۆمەڵدا ، واتە لەناو کۆمەڵێکی تازەی هەڵبژاردەدا کە پێش ئامادە بوونی ئەم ، تاکە پێکهێنەرەکانی ئامادەییان هەبووەو ، پاشتریش کەشی بوونی ئەمیان ڕەخساندووە . ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کۆمەڵگە بە کۆگیریەکی وا هاتووە کە بەَ وەچەی یەك لەدوای یەکدا بێت ، ئەو وەچانەش هەر تاکە پێکهێنەرەکان خۆیانن ، ڕەگەزیان هەر چۆن بێت درێژە بە بوونی خۆیان دەدەن . بۆیە دەبێ ئەو تاکانە هێندە چالاك بن لەکاتی وەچە خستنەوەی خۆیاندا کۆمەڵگایش پێك بهێنن ، بۆ ئەوەی تاکی تازەی تر لەدایك ببنو لەناو ئەو کۆگیریەدا جێگەیەك بگرن.

«لە فرۆیدەوە بۆ لیڤی شتراوس»

کاتێك کە لە ساڵی ١٩٤٧ دا لیڤی شتراوس لە «لە بنەما مەبدەئییەکانی خزمایەتی» دا هەر هەمان تێروانینی لە سەر ئەوە هەبوو کە مرۆڤایەتی سەرەتایی لە خێزاندا ژیاوە نەك لە کۆمەڵگەدا ،



لیڤی شتراوس

بەڵای ئەوەوە مرۆڤایەتی سەرەتایی پێش مێژوو ، بە ڕەگەز تێکەڵی دەژیا ، گوزەرانێکی پڕ لە کێشەو کارەساتیان بە سەر دەبردو بۆ ئەوەی کە ئەم بارە نێگەتیڤ ژیانە یان کۆتایی پێ بێت جۆرە هاریکاریو لێکتر تێگەیشتنێکیان بە سەر خۆیاندا سەپاندووە ، ئەمەش بە سنووردارکردنی حەرامو ژن گۆڕینەوە لە لایەنو لەنێوان پیاواندا.

ئەوەتا دەڵێت :«من سوورم لە سەر ئەو بڕوایەی کە یاساغکردنی پیادەکردنی حەرام بە شێوەیەکی گشتی بەچەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی شی دەکرێتەوە» تێبینی دەکرێت کە هەموو ئەو بابەتەی کە لیڤی شتراوس باسی لێوە کردووە پێشتر لە کۆتایی ئەفسانەی باوك کوشتنەکەی لای فرۆید دا هاتووە ، هەر چەندە کە شتراوس ئەو دەقەی (فرازەر)ی هەر بەو شێوە یە وەرگرتووە کە فرۆید لە سەرەتای گێڕانەوەی تاوانی یەکەم باوك کوشتن دا باسی کردووە . بەڵام لیڤی شتراوس ئەوەی لەیاد چووە کە ڕوون کردنەوە بەوە بدات کە لە فرۆیدی

وەرگرتووە.

بەراورد کردن لەنێوان مرۆڤ کە لە سەرەکییەکانە (الرئیسات) و ئەو جۆرانەی تری سەرەکییەکان کە لە کۆمەڵدا دەژین وەک ئەوەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا دەژی ئەم گریمانە یە دەخاتە پێش چاو بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کۆمەڵایەتیانە درێژە بە بوونی خۆیان بدەن نەک هەر دەبێ زاوزێ بکەن ، بەڵکو لە کاتی زاوزێ کردنیشدا ئەو کۆمەڵە پێك بهێنن کە رەچەڵەکی خۆیانە ، ئەمەش واتە دەبێ هەر هەمان نموونەی ئەو پە یوەندیە کۆمەڵایەتیانە بەرهەم بهێنێتەوە کە مەرجە لە بوونی ئەو تاکانەدا هەبێت کە سەر بە یەك جۆرن ، لێرەوە لەم تێڕوانینەوە دەتوانین چەند شتێك بکەینەوە کە زانایانی سەرەکییەکان لەم دە ساڵەی دواییدا بە دە ستیان هێناوە ، وەك بوونی خووی ئاشت کردنەوەو چەند جموو جوولێکی هێمن کردنەوە لە ژیانی شەمپانزیدا . ئەوە شتێکی ئاساییە لە واقیعدا کە ڕوودانی شەڕێك لە نێوان دوو نێر یان دوو مێ بە یەکەوە ئەنجامەکەی بە سەرکەوتنی یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا کۆتایی دێت ، دوای ئەوە دەبینین کە سەرکەوتووەکە بۆ هێمن کردنەوەی بەزیووەکە دەکەوێتە جمو جوڵ ئەمەش هەموو بۆ ئەوە ڕوودەدات وەك ئەوەی دوو بەشەڕ هاتووەکە ئەوە دووپات بکەنەوە کە پاشتریش هەر بە یەکەوە دەژین و هەر یەکەو بە پێی پایەی خۆی لە کۆمەڵەکەدا لە هەمان کاتدا ڕێگەیان پێ بدەن دووبارە لە ناویاندا بژین و کۆمەڵەکەش وەك یەك پێکهاتە درێژە بە ژیانی خۆی بدات . بەم شێوەیە سەرەکییەکان کە کۆمەڵ کۆمەڵ دەژیان خۆیان وا دەبینیەوە کە ڕوو بەڕووی دوو جۆرە فشاری جیاواز دەبنەوە : فشارێکیان پەیڕەوی هاوکاری کردنی نێوان تاکەکانەو فشارەکەی تریش زۆر هێنانە بۆ تاکەکان خۆیان کە لە زنجیرەیەکدا جێگای خۆیان بدۆزنەوە ، کە کۆمەڵ پێك دەهێنێ و دەبێت بە مەرجی سەرەکی مانەوەی کۆمەڵەکە ، بەڵام هەر لەناو ئەم کۆمەڵەشدا دەکرێ ، ڕێ و جێی هەر تاکێك ، قۆناغو بارودۆخی بوونی تاکەکە خۆی بگۆڕێت . ئەم فشارەیش دوو شت بە یەکەوە ڕوون دەکاتەوە:

پەنا بردنە بەر هێز لە دروستکردنی زنجیرەکەداو پەیڕەوی کردن لە بەکارهێنانی بۆ زۆرکردنی پێکهاتە گشتییەکەو فرەکردنی کۆمەڵە یەکێك لەو فشارانەیە .

ئەگەر وامان دانا کە پێشینە پێش مرۆییەکانی مرۆڤ لە لایەکەوە لە بەیەکەوە ژیانی بە کۆمەڵو لەبوونی پێکهاتەی خێزانی نیمچا ئارامدا سەرکەوتوو بوون و لە لایەکی تریشەوە پێش دەرکەوتنی دواندن بۆ گفتوگۆ و دابەشکردنی گشتیی کار کە هەردوو ڕەگەزو بەرەکانیشی بە پێی پێکهاتنی فیزیۆلۆجییان جیا کردەوە ، و جۆرە هاریکارییەکی کۆمەڵایەتی مادی تێدا سازدا کە لە شوێنێکی تری ژیانی سەرەکییەکاندا ، بەم شێوە پێشکەوتووەی بەرچاو ناکەوێت .

دەبێ چی لە ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا ڕووی دابێو پاڵی پێوە نابێت کە بەهەستە وە مرۆڤ لووت لە کارووبارە جە ستەییە تایبەتیەکانی خۆی بژەنێت ؟

ئەوەی کە ڕوویداوە وەرچەرخانێك بوو لە شێوەکانی ژیانی سێکسی مرۆڤ دا هاوکاتیش بوو لەگەڵ لەدەستدانی سووڕی سێکسی لای ژنان (Oestrus) *

«ونبوونی سووڕی سێکسی و سەر هەڵدانی ژیانێکی سێکسی سەراپاگیر»

لەگەڵ ونبوونی سووڕی سێکسی دا ، پەیوەندییە سێکسەکانی مرۆڤ وەك جاران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ملکەچی ڕێتمەکانی سروشت نەمانەوە ، ئەمەش شتێکە لە لای مێینەی جۆرە

سەرەکییەکانی تر دەبینرێت . بەم شێوەیە ئەگەرەکانی پیادەکردنی سێکسیەکی سەراپاگیر زیادی کردو وای لێهات کە پیاوانو ژنان لەتەمەنی بالغ بوونیانەوە بتوانن لە هەر کاتێکداو بە درێژایی ساڵ پەیوەندی سێکسی ببەستن . بەڕاستی وونبوونی سووڕی وروژانی سێکسی لەلای ئافرەت ژیانی سێکسی مرۆڤایەتیی لە رێتمی ژیانی زاوزێکردنی سروشتی دەرهێنا ئەمەو تا ئێستا هیچ زانایەکی بایۆلۆژی نەیتوانیووە ئەم وەرچەرخانە شیتەڵ بکاتو چۆنیەتیو کاتی ڕوودانەکەشی دەستنیشان بکات «ژان دیرێیە ڤانسنت» لەو کتێبەدا کە ناوی «بایۆلۆژیای چێژی سێکسی»ە دەڵێت «ونبوونی سووڕی سێکسی لەوانە یە پەیوەست بێت بە پەرەسەندنی هۆشو بەکارهێنانی هۆش لە هەموو پیشە جەستەییەکاندا».

ئێمە دەزانین کە مرۆڤ بە ئاوەز پەیڕەوی لە ئاوەزو تێڕوانینەکانی ناخی دەکات ، کەواتە ئەو وەک چۆن پەیڕەوی لە ئاگادارکەرەوە دەرەکییەکان دەکات ، ئاواو وابزانم زیاتریش پەیڕەوی لە ئاگاییەکانی ناو ناخی خۆی دەکات .

کەواتە ژیانی سێکسی مرۆڤایەتی یان مرۆڤ بەپشت بەستن بە تێڕوانینو بە خەیاڵ کاردەکات (خەونیش هەر لە چوارچێوەی خەیاڵدایە) زیاتر لەوەی کە بە واقیعی بایۆلۆژی کار بکات ، بەکاری تێڕوانینی ناو ناخی مرۆڤو ژیانی سێکسیی دەتوانێت خۆی چالاك بکات ، چونکە ژیانی سێکسی مرۆڤ کە زۆربەی کات بە جەفەنگو خەیاڵ دەوروژێ پێچەوانەیە لەگەڵ ژیانی سێکسی سەرکییەکانی تردا ، کە لەوە دەچێت ئەوان بە هێما زیاتر بوروژێن نەك بە خەیاڵ . دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە سەرەکییەکانیش وەك زۆربەی جۆرەکانی تری ئاژەڵ دەبێ توانای جیاکردنەوەی تاکەکانی تریان هەبێت کە ئایا نێرن یان مێن ئەوسا جۆرە جموجۆڵێك بەرامبەر بە یەکتر بنوێنن ، کە دەکرێ ناوی سێکسی لێ بنێین.

ژیانە سێکسیە لە سروشت رەها بووەکەی مرۆڤ لە ڕوویەکی تریشەوە گشتگیری کراوەتەوە «واتە تعمیم کراوە» بەو مانایە کە ژیانی سێکسی فرە شێوە بووەو تێیدا پانتایی پیادەکردنی سێکس لەنێوان ڕەگەز جیاوازو ڕەگەز لە یەکچووەکانیشدا سە ری هەڵداوە ، دەشکرێ هەر یەکێ لەو پانتاییانە بە شێوە یەك بەڕێوە بچن کە تێیدا خەسڵەتە ڕەگەزییەکە فیزیۆلۆژییەکانی تاکە کەسیەکان لەبەرچاو نەگیرێن ، ئەو کاتەش دەکرێ ئەو شێوەیە بە سێکس کردنی نێوان «نێرینەکان» یاخود «مێینەکان» ناو بنێین . کەواتە ژیانی سێکسی مرۆڤ ئێستاکە لە بەر ئەوە گشتگیر نیە کە وەك جاران پەیڕەوی لە دینامیزمی شێوە تەریب بە سروشتییەکەی جارانی ناکات ، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە ئاراستەو شێوازی فرەی بە خۆیەوە گرتووە . بۆیە لێرەشەوە تێدەگەین کە کاتێك ساوای مرۆڤ بە قۆناغی هەرزەکاری دەکاتو ژیانی سێکسیی پەرە دەسێنێت جۆرە ڕەهەندێکی وای تێدا نیە کە هەر لە خۆیەوە ئارەزووی سێکسیی بەرەو ئەم کەسە یان ئەوی تر یا بەرەو ئەم ڕگەزەیان ئەوی تر ، نەجوولێت ، بۆیە لەوانەیە کە ئارەزووی لە دایکی خۆی یان خوشکی یان براکەی هەڵبسێت ، چونکە ژیانی سێکسی مرۆڤ لە قۆناغە کێوییەکە یدا نەك هەر فرە شێوە ، بەڵکو فرە ئاراستەیشە.

لێرەشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو ژیانە سێکسییەی مرۆڤ کە بەکاری تە سەورکردن کار دەکات ، بە کاریگەری باری ناخی تاکەکەس خۆی دەوروژێنێت ، نەك بەکاری دەوروبەر پاشان لەو وروژاندنە هەموو دەوروبەر دەگرێتەوەو تەنها لە سنووری ئەندامەکانی تایبەت بە زاوزێ کردندا ناوەستێت . بەم شێوە یە ژیانی سێکسیی سەرتاپاگیر لەلای مرۆڤ جەستەشو فیکریش

دەگرێتەوە ، واتە جەستەو فیکریش ئارەزووی سێکسیان دەوروژێنێت و مرۆڤەکە سەراپا دەگرێتەوە .

ژیانی سێکسی لەلای مرۆڤ لە سەر دوولا دەوەستێت لایەکی سێکسی ڕووتەو لایەکەی تریشی وەچەخستنەوەیە .. دەکرێ ئەو دوو لایە لە یەکتریش جیا بکرێتەوە . یان بەتەواوی سێکس لە پێناوی وەچەخستنەوەدا بێت ، یان بە تەوای بە پێچەوانەی ئەوەوە بێت ، بۆ نموونە هەندێ حاڵەتی شەهوانی یان ئارەزوو هەیە کە بە یەکگرتنی نێوان مرۆڤ و خواوەندەکەی هاتۆتە دی. کەواتە ژیانی سێکسیی لەنێوانی دوو پۆڵدا ، دوو جەمسەری زیادەڕۆدا درێژ دەبێتەوە : جەمسەرێکی سێکسیی زاوزێ و جەمسەرێکی سێکسیی نازاوزێ .

ئەوەش دەزانین کە ئەو ئارەزووەی کە نیمچەیی یان بە تەواوی لە بزاڤی زۆرکردنی وەچە واتە زۆرکردنی بایۆلۆژی جیاوازە ، لەڕووی زۆرکردنی جۆرەوە دەبێ بەسەرچاوەیەکی هەمیشەیی گیرو گرفت لە میانەی پەرەسەندنی بوونی کۆمەڵایەتیی پێشینەکانی مرۆڤەوە و بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بنەمایەکی بایۆلۆژییان هەیەو پراکتیزەکردنی سێکسیان گۆڕیوە ..


بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی «کە مەرجی سەرەکیی بوونی تاکەکانە» خۆی بەرامبەر بە ئەو پێویستیەی کۆمەڵگە بینییەوە کە لەئەم دوو ڕووەوە ژیانی سێکسی مرۆڤ بەڕێوە ببات: ڕووی (سێکس ـ ئارەزوو) ڕووی «سێکس ـ زاوزێ» کە ئەمانەش دوو ڕوون هەریەکەیان زیاترو زیاتر لە ئەوەی تریان جیا دەبێتەوە ، چونکە ڕووی «سێکس ـ ئارەزوو» ەکە لە ئێستا بەدواوە لەگەڵ ئەگەری بوونی ئاڵوگۆڕێکی سێکسیی سەرتاپاگیردا بەراورد دەکەین .کە درێژەکێشانی پەیوەستە کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە بەر هەڕەشەو دەبێتە سەرچاوەی ماملانەیەکی دووبارە بووەوەو درێژەخایەنی تیژ ، کە زیان بە بەردەوام بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەگەیەنێت.

«ناکۆکی یەک دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشەکەی بوونەوەری مرۆیی و درێژەش دەخایەنێت

با ئەوە بە یاد بهێنینەوە کە فرۆید وتوویەتی ئارەزووی سێکسیی و تەنانەت «خۆشەویستیش» دوو خواستی خۆیەرستانەن لەبری ئەوەی کە تاکەکان کۆبکاتەوە دووریان دەخاتەوە لەیەکتری . لەم بارەدا بوونی جۆرە هاریکارییەک لە نێوان تاکەکانو لە نێوان کۆمەڵەکانیشدا پێویستە بۆ ئەوەی وەچەخستنەوەی تاکەکان و کۆمەڵگەش دابین ببێت . ئەوە شتێکی ڕوونە کە مرۆڤ لەڕووی ڕەخساندنی بارودۆخی مانەوەی خۆیو زاوزێ کردنیدا دەتوانێت هاریکاری نێوان تاکەکانی پەرە پێ بدات .

جۆرە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی تر هەن وەکو هەنگ کە جۆرە هاریکاریەکی ئاڵۆز لەنیواندا هە یەو وەکو هاریکاریەکەی نێوان مرۆڤ نیە چونکە هاریکاریەکەی ئەوان زمانو فیکری ڕەمزی تێدا بەکار نایەت . بەم شێوە یە لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیانی سێکسی سەرتاپا گیردا «معمم» مەترسیی ناکۆک بوون بەریەک دێت ، کە مەرجێکی سەرەکیی بوونی ژیانی هاریکاری کە مەرجێکی سەرەکیی بوونی ژیانی کۆمەڵایەتییەو لە نێوان ئەو ڕوویەڕوبوونەوەو چەتوونیەدا کە لە میانەی هەوڵی درێژەدان بەتێربوونی ئارەزووی سێکسیدا بەڕێوە دەچێت ، سەرهەڵدەداو مەترسیی ناکۆک بوونو بەریەککەوتنەکە هەتا ئەوپەڕی سنووری خۆی کەڵەکە دەکات.

ژیانی سێکسیی سەرتاپاگیری مرۆڤ هێندە فرە شێوازو فرە ئەقڵانیەتە هەر دەڵێی شێوێنراوە. ئەو ژیانە سێکسیەی مرۆڤ کە لە وەچەخستنەوە بەدەربێتو بەرەو شێوەیەکی سەرتاپاگیریش مل بنێت ، هیچ مانایەکی کۆمەڵایەتی هەڵناگرێت .وە



فرۆید

لەبەر ئەوەی کە مانایەکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەڵنەگرتووە ، دەتوانێت هەر دەبێ گریمانەکانی تر هەڵبگرێت . بۆیە ئەوەش لە توانادایە هەر جۆرە گریمانەیەکی مانایی تر هەڵبگرێت . چونکە ئەو جۆرە سێکسیە سەرتاپاگیرەی کە مانایەکی کۆمەڵایەتی هەڵنەگرێت بۆ ئەوە بەکار براوە کە ئەو یاسایە یان ئەو ئاژاوەیە بەرپا بکات ، کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکانی گرتۆتەوە . بەم شێوە کارویارە سێکسیەکان دەبن بە ئامێرە تاق تاق کەرەیەک «مەبەست لەوەیە کە وەک ئەوەی قسە بکات و لێوی نەجوڵێت ، ئاوا کار دەکات و پێوەی دیار نیە)کە بەبێ ئەوەی پێیانەوە دیار بێت تەعبیر لە ڕەگەزە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن ، کەچی خۆشیان وەکو خود مانایەکی کۆمەڵایەتیان نیە. بەڵکو پاڵنەرێکن بۆ ئەوەی کە بە هەمیشەیی ئەو ئاژاوە یە یان یاسایە بەرپا بکەن کە بە یەکەوە کۆمەڵگە یان تەنیوە ، یان بە تایبەتیش بۆ ئەوەی لەگەڵ یان لە دژی ئەو یاسایە بەرچاو بکەون .

هەر لەگەڵ ئازادبوونی سێکس لە لای مرۆڤ . مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ مانەوەو درێژە پێدانی کۆمەڵگەو بۆ مانەوەی خۆشی لەناو کۆمەڵگەدا خۆش بکات ناچاربوو کە لووت لە کارویاری ژیانی سێکسی ی بە تایبەتی خۆی بژەنێت ، کەواتە مرۆڤ ئەو تاکە جۆرە یە لەناو زیندەوەراندا کە لە کارویاری پەرە سەندنی خۆیدا ، لەگەڵ سروشتدا بەرپرسیاریەکی هاویەشی بۆخۆی پچربوە ، یان بە مانایەکی تر توانیویەتی سەریاری کاری سروشت جێ دەستی خۆشی لە پەرەسەندنی خۆیدا دەست نیشان بکات.چونکە مرۆڤ بەناچاری فرێ نەدراوەتە ناو کووڕەی ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان سێکسو کۆمەڵگەدا هەن . بەڵکو لە ڕەوتی پەرەسەندنی خۆیدا شتێکی لێ بەسەرهاتووە کە ئەو بە سەرهاتنە بوونی خۆیو کۆمەڵگەکەشی خستۆتە بەر هەڕەشە ، ئەو شتە مرۆڤی ناچار کردووە کە لووت لە کارویاری سێکسی خۆی بژەنێتو بەو ڕێگە یەیدا ببات بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە ژیانی خۆیو خەڵك بدات لەناو کۆمەڵگەداو قوربانی بە هەندێکیشی بدات .

بە هەڵسەنگاندنی ئێمە ، لە بەر ئەوەی کە ژیانی سێکسی ی مرۆڤ بە شێوە یەك شێوێنراوە ، مرۆڤ لەدەست نیشانکردنی چارەنووسی خۆیدا بووە بە کارایەکی بەشدار لەگەڵ کاری سروشتدا ، لە درێژەدان بە شێوازە تایبەتیەکەی بوونی خۆشیدا کە شێوازێکی کۆمەڵایەتیە ، بەرپرسیارو بەشدار بووە لەگەڵ سروشتدا. ئێمە لێرەدا لەبەردەم وەرچەرخانێکی مەزندانین ، کە هەر جارێك ڕووی داوە مرۆڤەلێکی خۆ جێ ی لە بەرامبەر خودی هەمان هەڵوێستدا هە بوون ، هەڵوێستێك کە پەرەسەندنێك دایهێناوەو کە تایبەتەو بە گشت جۆرەکانیش دەگات . پەرەسەندنێکە بۆ ژیانی مرۆڤ کە پێدەچێت پەرەسەندنێکی ژنانەی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بووبێت . لەبەر

ئەوەی کە بایۆلۆژی بووە لەم ئاستەدا لە ویستی خەڵکی دەردەچێت ، بە تایبەتی لە بواری نیازەکانی هەستو نەستدا.

بۆیە ئیتر هەر لە ئەو کاتەوەی کە مرۆڤ ناچار بوو بۆ دابڕشتنی بەکارهێنانی سێکس دەست لە پێکهاتەکەی خۆی وەربدات . جیاوازیگەلێك دەرکە وتنو سروشتیان ئاشکرا بوو ، ئیتر مرۆڤ نەیتوانی وەکو جۆرە زیندەوەرەکانی تر بەتەنها ژیان لەناو کۆمەڵگەدا بگوزەرێنێتو بەس ، بەڵکو بۆ ئەوەی کە بژی کەوتە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە . کەوتە پەرە سەندنێکی تازەوە ، ئەویش ئەو پەرەسەندنە یە کە ڕۆشنبیری و لەگەڵ ڕۆشنبیریشدا مێژووی جۆراو جۆر کردووە ، و پەرەسەندنەکەش بوو بە مێژوو . بەڵکو لەوە ش باشتر ئەوەیە کە پەرە سەندنەکە ڕێگاو شێوازەکانی مێژوودا هەڵشکاو لە میانەی ئەودا درێژەی بە ڕەوتی خۆیدا ، ئەم بزاڤە ش کاتێك بەرپا بوو کە مرۆڤ توانای کاریگەریی خۆی تێکەڵ بە ئەو سروشتە کرد کە تێیدا دەژیت ، هەر بە هەمان ئەو کاریی و توانایەوە کە توانی کار لە سروشتی خودی خۆیوناخی بکات . وە لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە کە لەسەر خودی خۆی کاریگەری هەبێت ، ئیتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ سروشتو فشارە دەرەکیەکاندا تەنها پەیوەندیی ملکەچ کردن نیە ، بەڵکو بووە بە جۆرە پەیوەندییەك کە لە یەك کاتدا وەرچەرخانی لە سروشتو لە مرۆڤیشدا کردووە ، چونکە مرۆڤ دەتوانێت بە دوو شێوە وەرچەرخان بە سروشت بکات : بەوەی کە ڕاستەوخۆ مادییانە «یان فیکریانەش» کاریگەریی بخاتە سەر ، یان بەکار لێکردنی نا سروشتی کە لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی دەرەنجامێکی مادیی نەخوازراوو چاوەڕوان نە کراو کە لە زۆربەی کاتدا نەبینراوەو هەستیشی پێ ناکرێت ، لەدەست تێوەردانە ئیرادیو هەست پێکراوەکانەوە دەکەونەوەو کار لە سروشت دەکەن.

کەواتە سروشت بە ئازادکردنی سێکس لە کۆتەکانی ، مرۆڤی ناچارکردووە کە لە ڕەوتی پەرەپێدانی مرۆڤ خۆیدا هاوبەشی کاری سروشت بکات . بەوەش کە میشکێکی پێ بەخشیوە دەتوانێت نەك هەر پەیوەندیی نێوان پەیوەندەکان بەڵکو پەیوەندیەکانی خۆشیان بدۆزێتەوە ، چونکە سروشت ڕێگەی پێداوە کە لەیەك کاتدا کار لەخۆی و دەوروبەرەکەشی بکات . کەواتە مرۆڤ ئەوە نیە کە ڕاستەوخۆ فڕێدرابێتە ناو کرۆکی ئەم ناکۆکیانەوە کە دروستی دەکەن و هەر لەهەمان کاتدا هەڕەشە لە بوونی خۆی وەك تاکە کەس و بوونی کۆمەڵگاکە شی دەکەن . بە مەرجێك کە مرۆڤ خۆی هۆکاری یەکەمی ناکۆکیەکە نیە ، بەڵکو سروشت هۆکارەکەیە .

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ لای سەربردەیەکی سەرەکی : بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە درێژە بە بوونی خۆی بدات ، کەواتە مرۆڤایەتی هەر دەبێ قوربانی بە بەشێك لە ژیانە سێکسیەکەی خۆی بدات ، بەڵام ئەو بەشە چیەو کامە یە؟ وامان دێتە پێش چاو کە خودی ژیانی سێکسی مانایەکی کۆمەڵایەتیی نیە ، یان بۆ ئەوەی کە دەربڕینەکەمان ڕوونتر بێت دەڵێین ئەو ژیانە سێکسیەی مرۆڤایەتی کە لە پێناوی زاوزێکردنی بایۆلۆژییانەی جۆری مرۆڤ نەبێت ، لەگەڵ ئارەزووە ڕەهاکەدا تەریب دەبێتەوە ، ئارەزووکردنی ئەوی تر یان ئەوانی تر لەهەمان ڕەگەز یان لە ڕەگەزەکانی تر ، خودی ئەم ژیانە سێکسیە کۆمەڵایەتی نیە ، وە لەبەر ئەوەش هیچ مانایەکی کۆمەڵایەتی نیە ، ئیتر دەکرێت بەپێی کەلتوورەکان هەر مانایەکی لە بار یان هەموو ماناکان هەڵبگرێت ، بەم شێوەیە (سێکس ـ ئارەزوو) خۆی وا دەناسێنێت کە بەشە کێوبیەکەی بوونەوەری مرۆیی بێتو لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە

سێکسەش لە لای هەر یەکێکەوە بەرامبەر بە ئەوانی تر سەرچاوەیەکی هەمیشەیی نیازو کردارەکانە و دەبێ کەوی بکرێت ، بەم شێوەیە پێشینەکانی مرۆڤ پێش ئەوەی کە هەندێکیان بکەونە مانی کردنی ئەو پۆلە ڕووەکی و ئاژەڵیانەی کە لە نزیکیانەوە دەژیان و هۆی مانەوەی مرۆڤ بوون کەوتنە مانی کردنی خۆیان . ئەم کار لە خۆکردنەش کە بەمەبەستی کەوی کردنی خود ئەنجام دەدرێت مەسەلەیەک نیە کە کۆتایی پێبێت ، کەچی کاری مانی کردنی ڕووەك و ئاژەڵان سەردەمێکە گەیشتۆتە ئەو پەڕی سنوورەکانی خۆی . کەواتە دەبێ و پێویستە قوربانی بەشتێك بدرێت پێویستی قوربانیدانەکەش لەناو ناخو پێکهاتەی بوونەوەرە مرۆییەکە خۆیدا پەیت بووەتەوە ، و بووە بە یاسایەك ، بووە بە ڕاستییەك کە بوونی Ontologigueی هە یە ، لەمەوە تێدەگەین کە یاسا باوك ، یاسایەك نیە کە لە پشتی هەموو یاساکانی مرۆڤایەتیەوە وەستابێت ، باوك خۆی بۆ خۆی تاك ڕەگەزەو هێندەی کە پەیوەندی بە ئەوی ترەوە هە یە هێندە پە یوەندیی بە سێکسەوە نیە . لەم تێڕوانینەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەك لە کوشتنە ئەفسانەییەکەی باوکەوە دەست پێدەکات بەڵکو بە پشت گوێ خستنو لە نەستدا خەفەکردنی شتێکەوە دە ست پێدەکات ، کە پە یوەندیی بە ژیانی سێکسی هەردوو ڕەگەزەکەوە هەیە . ئەو پشت گوێ خستنەش هەر دەبێ هەمیشە دووبارە بکرێتەوە ، ڕەتکردنەوەی خەسڵەتە کێوییە ناکۆمەڵایەتیو بێئاراستەییەکەی ژیانی سێکسی مرۆڤایەتیە .

بەڵام بڕی ئەو کاریگەرییە هەرچەند زۆر بێت کە مرۆڤ بۆ کەوی کردنی خۆیو بۆ سنوور بەندکردنی پراکتیزەکردنی سێکس بۆ زیادبوونی کۆمەڵگە بەکاری دێنێت ، هێشتا مرۆڤ ناتوانێت قەوارەی خۆی تێك و پێك بشکێنێت . بەڵکو تەنها وەکو ئەوەی کە فرۆید باسی لێوە کردووە پەرتی بکات یاخود پەرتێکیان دوور لە هەستی خۆی خەفە بکات ، هەر چەندە ئەو پەرتە خەفەکراوەیش لە شێوازێکی تری خۆیدا لەناو نەستدا دەمێنێتەوە. ئەویش درێژە بە کارکردنی خۆی دەدات . کەواتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەر ئەو بونیادە دروست کراوە کە مرۆڤ شتێك لە قەوارەی خۆی ڕەت بکاتەوە ، یان بە دەربڕینێکی تر لە ڕەتکردنەوەی خودی خۆیو ڕووبەڕوو وەستانەوەی دا ، مرۆڤی کۆمەڵایەتی لەوەوە مرۆڤێکی پەرتکراو و کەسێکی هەڵوەشاوەیە .

لەم واقیعەوە ، دەکرێ بڵێین کە ژیانی کۆمەڵایەتی بە ئەو توانایە بنیاد دەنرێتو بنیاد نراوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژیانی سێکسی دزراوە. واتە پارچە پارچە بە ئەو ئامرازو کەرەستانە دروست کراوە کە لە سێکسەوە هاتوونەتە بەرهەمو لەگەڵ دەقە سەرەکییە یەکەمینەکە شدا واتە ئەفسانەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ و جیهاندا ئامادەییان هەبووە . لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ وریا بین وا بیر نەکەینەوە کە لە پێناوی پاراستنی زاوزێکردنی بایۆلۆژیانەی مرۆڤدا پەنا وەبەر مانی کردنی زۆرە ملێی مرۆڤ و کاروبارە سێکسیەکەی براوە ، چونکە مەسەلەکە پەیوەندییەکی بە زاوزێکردنی بایۆلۆژیانەی مرۆڤەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە درێژەدان بەو یاسایەوە هەیە کە دەبێت تا سنوورێك کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان بتەنێتەوە تا ئەو کاتەی کۆمەڵگە دێتە کایەوە . چونکە مرۆڤایەتی لەو کاتەوەی کە ناچار کراوە کە بۆ دارشتنەوەی ژیانە سێکسەکەی ، خۆ لە مەسەلەکانی ناو ناخی هەڵبقورتێنێت کەوتۆتە ناو صەیرورەیەکی تازەوە ، وای لێهاتووە کە بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانی خۆی بدات لەناو کۆمەڵگەدا ، دەبێ کۆمەڵگە بەرهەم بهێنێت . بەم شێوە یە هەموو سیما تازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و

هەموو ئەو سیستەمە تازانەی کە مرۆڤایەتی دایهێناوە وەك لەدوای یەك صەمیمیەتی جەستەی مرۆڤیان چەسپاندووە . کە صەمیمیەتێکی دوو لایەنەی نێرینەو مێینەیە . دینامیزمی ئەم داهێنانە هەموو جەستەی مرۆڤ بە خەسڵەت و بە ئەندامەکانیو بە جیاوازیە تونکاریو فیزیۆلۆژیەکانیشیەوە کە رەگەزێك لە یەکێکی تر جیا دەکاتەوە ، کەوتە ئاشکراکردنو بەرچاوخستنی ئەو سیستەمەی کە دەبێت نێوانی هەردوو رەگەزەکە کۆنترۆڵ بکات ، بەڵکو لەوە ش دوورتر هەموو بوونەوەرە مرۆییەکان و کۆمەڵگاکانیشیان کۆنترۆڵ بکات لە هەر لایەکی ئەم گەردوونە دابن .

جەستەی پیاوو ژن وەك دوو ئامێری تاقکەرە کاردەکەن «Ventrilogues» بەو کارکردنەش گوزارە لە جۆرە وتارێك دەکەن کە دەربڕینەکەی دیارو بەرچاو نیەو ، بەڵام بەرامبەر بە یەکتر کاریش دەکەن . ئێستا ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە ، کە بزانین (کێیە لە میانەی جەستەوە قسە دەکات ؟ بۆ کێو ؟ بۆچی ؟ ... بەڵام پێش ئەوەی وەڵام بە ئەم پرسیارانە بدەینەوە دەبێ مانا پێچەوانەکەی پرسیارەکە هەست پێ بکەین . چونکە قوربانیدان بە خەسڵەتێکی ناکۆمەڵایەتیی ژیانی سێکسی مرۆڤایەتی تەنها بڕینەوە یان تێکشکاندن یان وردکردنی بەشێك لە بوونەوەرەکە نیە کە جێگەکەی پر نەکرێتەوە ، بەڵکو شێوە یەکە لە باڵابوون چونکە لە میانەی قوربانیدانەوە مرۆڤ خۆی بە تاقانەی نێوان هەموو جۆرەکانی سروشت دەبینێت ، خۆشی بە بەشداری لەگەڵ سروشتدا کار بۆ پەیداکردنی خودی خۆی دەکات . ئەم کارگێڕییە هاوبەشە هەر چەندە هەندێ لە زانا بایۆلۆژییەکان و هەندێ لە ئەو فەیلەسوفانەی کە بە کێشەی سەرکەوتنی تاکەکان لە زاوزێدا سەرگەرم بوون ، ناکرێت تەنها بە تاکەکان بخوڵقێندرێو بە ئە وانیش تایبەت بێت ... لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەی ناچارکردن لە ئەو ناکۆکیە دایە کە لە نێوان ژیانی سێکسی تاکەکانو مۆرکی کۆمەڵایەتیو مرۆڤەکاندا هەیە کەواتە بەڕێوەچوونی ژیانی سێکسی لەڕێگای ئەو شێوازانەوە دەبێت کە دەسەپێنرێتە سەر هەریەکە لە نێرو مێ ئەوانەی کە ئارەزووەکانیان لەیەکتر نزیك دەخەنەوە و بەو ئاراستەیەشدا دەیبەن کە بەیەکگەیشتنی ئارەزووەکانی ئەوان مانەوەی کۆمەڵگە دابین دەکات ، کەواتە لێرەوە تێدەگەین کە لەهەموو سەردەمەکانی بوون داو لە هەموو چاخەکانی ژیاندا لەدایكبوونو پەروەردەکردنی منداڵ ئەو تەنها ساتەوەختو مەبەستە یە کە تێیدا دەست پێشخەرییەك بەڕامکردنی سێکس دەدرێت ، بۆیە منالان وەك پەیوەندییەکی جەستەیی و نزیکایەتی بە باوانیانەوە هەیە بۆ پراکتیزەکردنی سێکس جێ بەجێکردنو سەپاندنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە خەسڵەتە کێوییەکان پەرە پێدەدات و بەرەو باریکی پیشکەوتووتری دەبات . ئەم کارە بەچەند خاڵێکی زۆر پراکتیزە دەکرێت و زۆر شێوازیش بە خۆیەوە دەگرێت بەڵام لە سەر یەك شێوازی بنەڕەتی کارکردنی مرۆڤ لەخۆی رێك دەخرێت و دەسوورێتەوە ، ئەو شێوازەیش ئەوە یە کە پەیوەندی گرتنی سێکسی خۆی لەگەڵ هەموو تاکەرەگەزو تەمەن جیاوازەکانی سەر بە ئەو یەکە کۆمەڵایتیە نیمچە ئارام گرتووەدا حەرام بکات کە لەگەڵ چەند یەکەیەکی تری هاوشێوەی خۆیدا کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی پێك دەهێنێو چێوە یەکیشە بۆ لە دایك بوونو پەروەردەکردنی منداڵ کە ئەویش خێزانە .

بەرجەستە بوونی مەحرەمیو سەرهەڵدانی پەیوەندییە خزمایەتییەکانی مرۆڤ

باشە ئەی بۆچی ئێمە پەیوەندی خێزان وەك

سەرەتایەك بۆ دەست تێوەردانی مرۆڤ لەسەر پەیوەندیە سێکسیەکانی دەبینین ؟ ئێمە لێرەدا خەسڵەتێکی تری جیاکەرەوە لە مرۆڤدا دەبینین ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لە نێوان هەموو سەرەکیەکانی تردا ، منداڵەکانی هەتا ئەوکاتەی بە تەواوی دەرەخسێت بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێننەوە و خۆ دروست بکەن ، پێویستیان بەوە هەیە کە درێژترین ماوە لە ژێر چاودێری پەروەردە کە راندا بمێننەوە ، بۆ ئەوەی لێیانەوە ئەرکەکانی پەروەردەو پاراستنی خۆیان فێر ببن . ئەوکاتەش واتە ئەرکی چاودێریو پەروەردەکردنو بەزۆری دەکەوێتە ئەستۆی دایك و باوك . لەم واقیعەوە دەتوانین ئەوە بخەملێنین کە منداڵی مرۆڤ هەتا ئەگات بە قۆناغی باڵغ بوون واتە هەتا تەمەنی ئەگات بە ١٢ یان ١٤ ساڵ ناتوانێت کاروبارە ماددیو کۆمەڵایەتیەکانی ژیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ رابپەڕێنێت .

لێرەوە لە ئەم بارەدا مەسەلەیەك هە یە زۆر دەرەنجامی کۆمەڵایەتیی لە سەر دەوەستێو دەبێ لەبەرچاو بگیرێت . ئەویش ئەوەیە کە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا نەك هەر پێش سەرهەڵدانی مرۆڤی هۆشیاری هاوچەرخ « Homo Sapines Moderne» بەڵکو پێش ئەوەش کە مرۆڤ جۆرێکی پەرەسەندووی زمانی گفتوگۆ فێر ببێت . بە دابەشکردنی رێکخراوی کار لەناو هەردوو رەگەزەکەدا بارو دۆخێکی مادی بۆ مانەوەی خۆی لە ژیاندا رەخساندبوو . ئەم بارودۆخە لە لایەك ژنو پیاوی بە یەکەوە دەبەستەوەو لە لایەکی ترەوە لە رووی مادیو کۆمەڵایەتیو سۆزیشەوە منداڵانو کە سە کاملەکانی بە یەکەوە دەبەستەوە . لەوانەیە یەکێك لە ئەنجامەکانی کار دابەشکردنە کە بێجگە لەوانەی سەرەوەش کە باسمان کردن دابین کردنی بژێکی هەرچی زیاتری ئارامی بێت بۆ ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانەی کە تایبەتمەندن بە زایەنو پەروەردەکردنی منداڵەوە . دوایی ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانەش چەندان کۆمەڵەی خۆ جێی پێك دەهێنن و لە نێوان خۆیاندا هاریکاری یەکتری دەکەن نەك هەر بۆ درێژەدان بە زۆربوونو زاوزێی خۆیان بەڵکۆ بۆ زۆربوونی کۆمەڵەکانیش ، لەناو ئەو یەکە کۆمەلایەتیانەدا کە دەکرێ ناویان لێ بنێین «خێزان» ئیتر کە سانی کامڵو هەرزەو قەیرەو منداڵ بە ئارامی پێکەوە دەژیانو لەوێشدا سەرەتای پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان منداڵ دروست دەبوو ، بەرەکانیش بژێکی زۆری پەیوەندیی دۆستایەتی و کاریان بە یەکەوە گرێ دەدا.

کەواتە ئیتر زیادەڕۆیی نابێت ، ئەگەر وا بیربکەینەوە کە پێویستی کرد مرۆڤ دەست لە کاروباری خودی خۆی وەربدات بۆ ئەوەی کە پراکتیزەکردنی سێکس بە هێناوە وجودی کۆمەڵگەوە ببەستێت ، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە خێزانەکانیان پێکدەهێناو لە خێزانەکانیش گەورەتر بوون .

یەکەم پراکتیزەکردنی ئەو دەست تێوەردانە لە سەر پێکهاتە خێزانیەکان بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییە سێکسیەکانی نێوان ئەو تاکانە رێك بخات کە ئەندامن لە خێزانەکەدا ، بە کورتی ئەو بارە رووبدا کە مەحرەمی بەرجەستە بووە . کەواتە لێرەوە دوو نموونەی سەرەکی مەحرەمیمان هەیە بەو پێیەی کەدەست تێوەردان لە کاروباری سێکسی تایبەتە بە پەیوەندییەکانی نێو چێوەی تاك رەگەزەوە ، بەهەمان شێوە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی نێوان دوو رەگەزە جیاکەوە . لەوە دەچێت کە رێگەگرتن لەبەردەم بەر یەککەوتنی هەردوو رەگەزەکەدا وەکو پێناسەیەك بۆ بەرجەستە بوونی مەحرەم بەس بێت ، بەڵام لە راستیدا ئەمە هەڵە یە ، چونکە زانایانی زانستە مرۆناسیەکان لەپێش هەموشیانەوە «مارگرێت مید» وتی: کە بەرجەستە بوونی مەحرەم

تایبەتە بە پەیوەندییەکانی تاکەکانی یەک رەگەزیشەوە ، هەر وەک ئەوەی کە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی تاکەکانی نێوان دوو رەگەزە جیاوازەکەوە. دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە بەڕێوەبردنی کارو باری ژیانی سێکسی مرۆڤ تەنها دیاریکردنی پەیوەندییە سێکسیەکانی نێوان مرۆڤ خۆیان ناگرێتەوە ، بەڵکو پەیوەندی بە ستنی سێکسیانەی هەندێك لەخەڵك لەگەڵ جۆرەکانی تری زیندەوەردا ، دەگرێتەوە . ئەمەش دیاردەیەکە پێی دەوترێت حەز لە ئازەڵکردن یان Zoophilie لەم ڕووەوە دەبێ ئەوەش بڵێین کە رەنگە خەڵك لە خەیاڵی خۆیاندا بتوانن پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ئازەڵدا ببەستن ، بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندی بەستنی سێکسی لەگەڵ ئازەڵاندا بە شێوەیەکی واقیعی بەرجەستە ناکرێت ، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کە ئەو ئازەڵانە ماڵی کراین.

باشە کاتێك کە دیاردەی مەحرەم و یاساغ بوونی پەیوەندی بەستنی سێکسی لەنێوان ئەندامانی ئەو یەکە خێزانیانەدا بەرجەستە دەبێت ، کە کۆمەڵگە خۆجێیەکان بەرهەم دێنن .. ئەو دەرەنجامانە چین کە لە شێوازی کۆمەڵایەتیەکەی مرۆڤ دەکەونەوە ؟ ئەم پرسیارە سەرەکیەش سەر بە نموونەی ئەو بیرکردنەوە خەملێنراوە یە کە فرۆید لەکاتی بیرکردنەوە کوشتنی باوکدا بیری لێدەکردەوە.

لیۆ شتراوسیش لەکاتی گەڕانیدا بەدوای هۆکارو چۆنیەتی چەسپاندنی بنەماکانی زەماوەندی دەرەکی و ژنگۆڕینەوە لەنێوان پیاواندا هەمان پرسیاری لە لا گەڵاڵە بووە . ئەوەش کە تایبەت بێت بە ئێمەوە وای دەخەملێنین کە دەرەنجامی گەورەی کارێکی وەك ئەم دەست تێوەردانەی مرۆڤ لە خودی خۆی لە داهێنانی بارودۆخێکدا بووە . کە تێیدا ناچار بووە بە شێوەیەکی بگاتە ئاستی دوو تەوەرە کە لە سەر ئەو دوو تەوەرە بتوانێت پەیوەندییە خزمایەتیەکانی نێوان مرۆڤ دابڕێژێت ، چونکە هەر هێندەی ئامادەنەبین کە لای خۆمان هاوسەرێك بدۆزینەوە ، ناچار دەبین کە لە شوێنێکی تر بۆی بگەڕێین ، ئەم ئامادە نەبوونەش بەرە لە دوای بەرە بەرێوەی دە بەنو تاکەکەسەکانیش وەك کۆمەڵگە خۆیان دەبینەوە کە ناچار کراوە هەر یەکە خەسڵەتی خودی خۆیان دەست نیشان بکەنو لە یادی نەکەن . یادەوەری ئەو پیاوو ژنانەیش بپارێزن کە لێیان دوور کەوتونەتەوە .ئەوەش لە کاتی دەست نیشانکردنی ئەو تاکو کۆمەڵانەدا کە دەتوانێت ، یان ناچار کراوە لە گەڵیاندا یەك دەگرێت . لێرەوە وای بۆ دەچین کە سەرهەڵدانی مەحرەم وەك دیاردەیەك هەر دەگات بەو دیاردەیەی کە بە شێوەیەکی کاتیی دوو تەوەرە دەردەکەون ، کە پاشتر ئەو دوو تەوەرە تەنزەکانی خزمایەتی لێدەکەوێتەوە ، یەکیان تەوەرەی نەوە لە دوای نەوەو وەچەیە ، ئەوەی تریان تەوەرەی زاوایەتیە ، وەچەی نەوە لە دوای نەوە ئەو یادەوەرییە هەڵدەگرێت کە تاکەکەس وەك تاك لە کوێوە هاتووە؟ بەڵام تەوەرەی زاوایەتی ئەوە دەست نیشان دەکات کە لەگەڵ کێدا ڕێگەی یەکگرتنی پێدراوە ،

ئەگەر بە گریمانەیەك ڕژێمی خزمایەتی بە شێوەیەکی ڕەمزی وەربگرین ئەوا تاکەکەس دەبێت بۆ تەوەری زاوایەتی ی لەگەڵ کوڕە مام یان کوڕە خاڵ ، کچە مام یان کچە خاڵ بە تێکەڵی «یەك بگرێت» ، کەواتە بواری خزمایەتی لە تەوەرەی زاوایەتیەوە لە پلەکانی نەوە دوای نەوە لەئەو خزمایەتیەوە دوورە کە بەیەکتر مەحرەمن.

ئیتر لە دەروازەی دەرکەوتنی ئەو پەیوەندییانەوە کە لەسەر ئەم دوو تەوەرە یەك لەگەڵ ئەوی تردا تێکەڵ دەبن ، دەتوانین باسی بوونی پە یوەندییە خزمایەتیەکانی نێوان مرۆڤ بکەین ، بۆ ئەوەی پە

یوەندیەکی خزمایەتی لە ئارادا هەبێت ، دەبێ ئەو کۆمەڵە پەیوەندییانە کە کۆمەڵە تاکێك بە ئەو کۆمەڵە تاکە ترەوە کە ئەمانیان خستۆتەوە ، دیاریکراو و دان پێدا نراوبێت.

پەیوەندیەکانیش ڕوون و لە ئاستی تێگەیشتن دا بن بۆ نموونە تاکە کەس تێ بگات کە ئەو پەیوەندییەی کە خۆی بە باوکیەوە دەبەستێت هەر ئەو پەیوەندییەیە کە باوکی بە باپیریەوە دەبەستێت .. کەواتە خزمایەتی هەر بەو ساکاریە نیە کە تەنها باوك یان دایك بناسرێتەوە ، بەڵکو دەبێ باوکی باوك و دایکی دایك و باوکی دایك و دایکی باوك.. هتد بناسرێنەوە . بە کورتی پەیوەندی خزمایەتی وەکو تۆڕێك وایە پەیوەندی تاکەکانی نێوان دوو ڕەگەزیان کۆمەڵێك بە یەکەوە دەبەستێتەوە . واشدەخوازێت کە ئاستی هاوسەنگی و ناهاوسەنگی پەیوەندییەکانی بناسرێتەوە ، چونکە لە هەموو سیستم و خزمایەتیەکاندا ئەو پەیوەستانە هەمیشە بەرجەستە دەبن کە لەسەر بنچینەی «منی ڕووت» واتە ego abstract دانی پێنراوە . بۆیە دەبێ تاکەکەس تەنها هەر بە ڕەگەزەکەی بناسرێتەوە واتە بەوە جیا بکرێتەوە کە ئایا پیاوە یان ژنە ، وە لەهەموو باروودۆخێکدا وا خۆی پێ بناسێنێت کە خاڵی بە یەك گەیشتن و دەست پێکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراوی پەیوەندییە کە لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی خزمایەتیان هەیە ، با «من» بۆ نموونە کچی (س.و.ع) بێت پێش ئەوەی دایکی (ز) بێت ، بە کورتی (من) زاراوەیەکی خزمایەتیەو تاکێکی زەینی و ئە بستراکتە لەلایەن قەوارە نێرینەکان یان مێینەکانەوە نەبێت دەست نیشان ناکرێت .وە وەها خۆشی دەناسێنێت کە ئەو دەروازەی تێپەڕبوونی هەموو ئەو پە یوەندییانە بێت کە تۆ دە یانزانیت و هەمووشیان لە ئەوەوە بە سەر ئەوەدا تێپەڕدەبن .

بەڵام دەبێ ئەو جیاکردنەوە یەش لەبەرچاو بگرین کە لە نێوان هەردوو پێکهاتەکەی نەوە لە دوای نەوەو وەچەدا کاری پێدەکرێت ، چونکە ئەم لەبەرچاوگرتنە لەبەر بەرچاوخستنی خەسڵەتە ئەبستراکتەکانی خزمایەتیدا یارمەتیمان دەدات «نەوە لە دوای نەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە «من» کوڕ یان کچی ، کوڕەزا یان کچەزای .. هتد «X»ە ، واتە پەیوەستە بە ژمارەیەکی زۆری تاکی ترەوە ، کە هەموو خزمەکان پێکدێنن ، بەڵام بەو قورسییەی ئەم نا ، کە یەکێك بن لە ئەو نەوانەی کە ڕەچەڵەکی «X» پێکدێنن . چونکە بە پێی کەلتورو سیستمی خزمایەتی نەوەی پیاو لە دوای پیاو لە نەوەی ژن لەدوای ژن گرنگترە «یانی بەرە باوان یاخود بەرە دایك» و لە سیستمی باوکسالاریشدا هەر بەو شێوەیە . پێچەوانەکەشی دەگونجێت چونکە دەکرێ هەندێ جار خۆمان ڕوبەڕووی سێستمێکی دایکسالاری ببینەوە . بەڵام دەشکرێت کە کەوتنەوەی وەچەی ژنان لەهەردوو ڕەگەزەکەوە ، واتە لە پیاوان و لە ژنانیش ، بە هاوسەنگی وەربگرین .

ئیتر لەو بارەدا ڕووبەڕووی نەزمێك دەبینەوە ، کە نە جیاوازی دەکاو نە تەنها خزمایەتی لە سەر بنچینەی خۆێن وەردەگرێت.

لە پەیوەستەکانی خزمایەتیدا جۆرە لە بەرگرتنەوە یەك هەیە کە هەمیشە ڕوو دەدات

کەواتە تاکە کەس هەر لە سەرەتاوە لە چێوەی شوێنی لە دایکبوون و پەروەردەبوونیدا دەبێ بە کارایەکی کۆمەڵایەتی ، واتە لە چێوەی پەیوەست گەلێکی دیاریکراوی خزمایەتیداو لەناو ئەو خێزانەدا کە لەگەڵ ئەو پەیوەستانەدا یەك دەگرێتەوە . دیارە پەیوەندییەکانی خزمایەتیش بە تەنها هەر خزمایەتیەکە یە ناگرێتەوە ، بەڵکو ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسیانەشی تێکەڵ دەبێت کە لە کۆمەڵگەدا ئامادەییان هەیە . لێرەوە لە هەمان کاتدا لە میانەی

به‌دوای‌یه‌کدا هاتنی پەیوەستی گروپەکانی خزمایەتیدا ، کۆمەڵە پەیوەستێکی تر سەر هەڵدەدەن لە سیاسی ئایینی‌و ئابووری‌و تەنانەت ئیستاتیکیشن . کەواتە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا لە بەر گرتنەوەیەکی «تناسخ» دوو لایەنە هەیە بۆ نموونە جۆرە پەیوەستێکی وەك پەیوەستی خاوەندارێتی یان دەسەڵاتی سیاسی دەلکێنرێت بە لە دایك بوونی وەچە نوێیەکانەوە ، کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە خزمایەتییەوە نییە ئەوەتا بۆ نموونە وەچەی نێرینە دەتوانێت میراتی زەوی وەربگرێت ، نەك مێینە لە وانەشە کە کوڕە گەورە . یان دواین منداڵ ئەگەر کوڕ بێت ، بە میراتگری بین بە خاوەنی زەوی‌و خانوو .. منداڵەکانی تری لێ بێوەری بکرێت . بۆیە ئیتر منداڵ کوڕ بێت‌و کچ نەبێت ، کوڕە گەورە بێت نەك دووەم‌و سێیەم منداڵ وە بۆنەی «ڕەگەزەکەی» وە ، یان «تەمەنەکەی» وە لەناو پایەکانی خزمایەتیدا پلەیەك بۆ خۆی داگیر بکات . ئیتر ئەمە هۆیەك دەبێت بۆ بەهرەمەندبوون یان بێوەری بوون لە میرات‌و وەرگرتنی کەرەستەکانی بوونی کۆمەڵایەتی . لێرەدا لەبەرگرتنەوەیەکی تر دەچێتە سەر ئەوەی یەکەم ، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە سەر بە پەیوەندیی خزمایەتین لە کۆتاییدا دەبن بە خەسڵەتێکی هاوکوف لەگەڵ سێکسداو لەناو جەستەی سێکسدا وون دەبن . ئەمە بۆ هەموو تاکێك هەر وایە ، کە واتە ئەوەی کە لە ناو جەستەی سێکسی هەموو تاکەکاندا وون دەبێت ، واتە لەناو تێزە سێکسیەکاندا » هەموو کۆمەڵایەتیەکانە ، نەك هەر سیستمی پەیوەندیی خزمایەتی .

ئەو جیاوازییە توێکاری‌و فیزیۆلۆژییانەی کە لە نێوان تاکەکاندا هەیە ، هەر تاکەو بە پێی ڕەگەزی خۆی ، دەکەوێتە دەرخستن‌و ئاشکراکردنی ئەو ئەرك‌و مافانەی کە هەر یەکە لە تاکەکان بەرامبەر بە یەکتری هەیانە ، سەرباری ئەو یاسایەش کە دەبێ لەناو کۆمەڵدا تەشەنە بکات‌و هەموو تاکەکانیش هەر یەکەو بە کاروکردنەوەی خۆیان بەشداری لە درێژەپێدان‌و بەردەوامیی ئەو یاسایەدا بکەن.

ئەو تایبەتمەندییانە کە تاکەکەس لەوەی کە چوکێکی نێرینە ، یان زێیەکی مێینەی هەبێ وەیان ئەو شتە جۆراوجۆرانەی وەکو سپێرم یاخود خوێنی سووری مانگانەو شیر دەرهێناوە دەرەوە ، کە ئەمانە هەموو کۆمەڵە جیاوازییەکی جیاکەرەوەی ڕەگەزی تاکەکەسن . پێویستیشن نەك هەر بۆ دەرخستنی بوونی ئەو یاسایانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە ، بەڵکو بۆ ئەوەش کە شایەتی بۆ ئەو یاسایانە یان لە دژی ئەو یاسایانە بدەن . لەبەر ئەوەی کە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا کاروبازی سێکس دەکەوێتە خزمەتی کۆمەڵە حەقیقەتێکی جۆراو جۆری تەوە کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سێکس‌و زاوزێوە نیە ، کەواتە هەر سێکس خەون‌و خەیاڵەکانی خۆی بە کۆمەڵگەوە نابینێت ، بەڵکو کۆمەڵگە ش کۆمەڵە خەیاڵ‌و وەهمێکی لە دەوری سێکس هەیە.

ئەوەی کە سەرەکییە لێرەدا ئەوە نیە کە ڕەگەزێکی تر بە خۆیەوە وا بەستە «تابع» بکات ، وەك وابەستەکردنی مێینە بە نێرینە وەو یان بە پێچەوانەوە ، بەڵکو سەرەکیەکە وا بەستەکردنی بوارێکی واقیعە کۆمەڵایەتیەکە یە بە مەرجەکانی درێژ کێشانی پەیوەستە کۆمەڵایەتیەکانی تەوە . ئەوەش ئەو پایەگایە دەگرێتەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەزەکەو کاروبارە سێکسیەکانی ناو بونیادی کۆمەڵگە دەکەن . ئەو پایەگایە ش زۆر «لا»ی هەیە ، لە لایەك ئامادەیی تەواوی لەناو ئەو پەیوەندییە کەسایەتیە تازانەدا کە تێیدا تاکەکان ڕووبەڕوو خۆیان‌و بەرامبەرەکانیانی تیا دەبینەوە . وەکو پەیوەندی دایك بە کوڕەوەو باوك بە کچەوە و ژن بە مێردەوە . لەوانەیە لە پەیوەندی خزمایەتیش تێپەڕ دەکات . وەکو پەیوەندی نێوان سەرۆك‌و کۆیلە ، ئاغاو جوتیار، لە لایەکی تریشەوە لە پشتی هەموو ئەو پەیوەندییە تایبەتییانەشەوە ئامادەیی هەیەو جۆرێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەهێنێتە کایەوە . هەروەها لە ئەو وابەستەبوونەشدا ئامادەیی

هەیە ، کە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی وابەستەی پێکهێنەرەکانی تری رەگەزی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی بتوانێ . درێژە بە مانەوەی خۆی بدات .

ئەم وا بەستە بوونە بونیادگەریو ناشەخسیەی سێکس بە بارودۆخی وەچەخستنەوە و درێژە کێشانی ژیانی کۆمەڵگەوە ، ئەوەیە کە ئەو یاسا یان کۆمەڵە یاسا زاڵانەی باوی کۆمەڵگە لەناو ناخی بە سۆزو جەستەی هەموو تاکێکدا دەچەسپێنێت ، کە هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات ، دەبێ رێز لە ئەو یاسایە یان ئەو یاسایانە بگرێت .

سێکس ئامێرێکی تاق تاقکەرەیە بۆ کۆمەڵگە

«پێش ئەوەی کە بچینە ناو باسەکە وەلا نەوەلا بە بیری خوێنەری کوردی خۆمان بهێنینەوە کە زاراوەی تاقتاقکە وەك مان بوونکردنەوەی نە و دیاردەیە بە کارهێنا ، کە سێکس کاری خۆی دەکات بە بێ ئەوەی کارکردنەکە شتی پیوە دیاربێت . وەك ئەوەی کە مەلیك بخوێنێتەوە دەنگی بێت و کە چی دەنووك و گە دووشی نە جوولێ ، یان مرۆڤێك قسە بکات کە چی دەمیشی داخراو بێت وك»

یەکێك لەلاکانی ئەو دینامیزمەی پێشوو بە میانەی دارشتنەوەی تێروانینەکانی جەستەو یاری کردن بە ئەو تێروانینانەدا تێدەپەڕێت ، هەروەها بە بواری ئەو رۆڵەشدا تێدەپەڕێت کە رەوتی ئەو هەنگاوانەی کەبەرەو لەدایك بوونی منداڵێك دەچن بەهەریەکە لە رەگەزەکان دەسپێردرێت ، لە ڕاستیدا لەمیانەی ئەم بۆچوونانەی جەستەی سێکسیەوە دان بە ئەو شەرعیەتەدا دەنرێت کە منداڵ لە لایەن ئەو کەسانە بمۆلکێندرێن کە خزمینی و کامڵ بوون . هەر لەو میانەشەوە رەزامەندی لەسەر ئەو پایەگایە پێشان دەدرێت کە کۆمەڵگە بە پێی رەگەز بۆ منداڵەکەی دابین دەکات ، ئەوەتا دەسەاتە جەستەییەکان خۆیان باس و خواسێکی دژ بە یەکو زۆریان لە سەر سیستمی کۆمەڵایەتی و وروژاندووە ، لە لای خێڵەکانی بارۆیا « Baruya» ی گینیای تازە کەوا بەستەیی بە باوکەوەیە . لای ئەوان وادەزانن سپێرم « ئاوی سێکس ـ شەهوەت» ئەو تاکە مادەیە کە منداڵ دروست دەکات . واش سەیری ئەو شیرە دەکەن کە دایك دەیدات بە منداڵ مادەیەك بێت لە سپێرمی پیاوەکە دروست ببێت ، بۆیە لە کاتی ئاوسی ژنەکەدا دەبێ پیاوەکە لەچەند ژەمێکی دیاریکراودا سپێرمەکەی بدات بە ژنەکەی بیخواتەوە ، لە لای هۆزەکانی تڕۆبریانیش « Troprian» کە مالینۆفسکی باسی لێکردوون ، سپێرم لە دروستکردنی منداڵدا بەشداری ناکات وایش سەیری باوك ناکرێت کە ئەو منداڵە بهێنێتە ئاراوە ، بەڵکو ئەوان لەو باوەڕەدان کە دروست بوونی منداڵ لە یەکگرتنی سووڕی مانگانەی دایکەکە لە گەڵ گیانێکدا دەبێ ، کە ئەو گیانە «ڕووح» لە خاکی پێشینانەوە دێتو دەچێتە گیانی دایکە وە . دەست وەردانی باوکەکەش واتە «مێردی ژنەکەو» لە ڕەوتی ئەو سەربردە یەدا ئەوەیە کە بە ئەندامی «چووك»ی خۆی کونێك لە جەستەی دایکەکەدا دەکاتەوەو ئەو کونەش دەبێتە ڕێگەیەك بۆ چوونە ژوورەوەی ڕۆحەکە بۆ ناو جەستەو بۆ ئەو منداڵەی کە لە دایك دەبێ بەڵام ئەوەی کە لە لای تڕوبریانەکان گرنگە ئەوەیە کە باوکەکە بەوەی کە زۆر لەگەڵ ژنەکەدا کۆببێتەوە شێوەیەك دەدات بە منداڵەکە وەك وێنەیەك لە باوکەکە خۆی تێڕوانینێکی لۆژیکانەی پەیوەستەکانەو هەر ئەویش گەشەکردنی کۆرپەلەکە لە منداڵدانا دابین دەکات ، بەوەی کە سپێرمی دەرخوار دەدات. لەم بارەشدا باوك لە لەدایك بوون بەرپرسیار نیەو بەڵکو خۆراکو شێوەیش بە منداڵەکە دەبەخشێت . لەم کۆمەڵگا دایکسالارییەدا ، منداڵ سەر بە باوکی نیە . بەڵکو سەر بە دایکی و براو خوشکەکانی دایکیەتی . لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بەبێ ئەوەی کە تاکە کەس خۆی پێ زانێت ، جەستە دەبێتە ئەو شوێنەی کە تێیدا دوویەش لە قەوارەی تاکەکەس یەك دەگرن ، لە لایەك لۆژیکی ئەو پەیوەستە

کۆمەڵایەتیانەی ئەو کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە ، کە منداڵەکە تێیدا لە دایك بووە ، هەر هەمان منداڵیش بانگەشە کراوە بۆ ئەوەی کە ببێت بە کارایەکی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا . لە لایەکی تریشەوە ئەو بەشە نەستیەی کە لە ناخیدایە ، نەستێکی کەسایەتی کە خۆی لە بنەڕەتدا ئامادەییەکی نیەو ناشتوانێت ببێت بە کارایەك ، تەنانەت ئەگەر لە «من»ە خەفە کراوەکەشدا بێت . چونکە ئەوە ئەو بەشەیە کە ناتوانێت وەکو ڕاناوی قسەکەری یەکەمو وەك کارایەك پێناسە لە خۆی بکات ، لە پاش نەستی کە سێتیشەوە لە هەر یەکەماندا هەستێکی ناپێرسۆنالێتیی پەیوەستە کۆمەڵایەتیەکان و قسە هەیە ، بارە نەستیەکەش «لاوعی» ئەوەیە کە سنووری «من»و ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەر تێدە پەڕێنێ ، لە بەر ئەوەی کە لە قسەکردندا ڕەوان بێت . چونکە هیچ تاکێك وەك بوونەوەرێکی تەنهاو دانسقە نەیتوانیوە زمانی گفتوگۆ و سیستمی خزمایەتی دابهێنێت ، چونکە گوزارە کردن لەهەر شتێك کە کۆمەڵایەتی بوو بوونێکی پێویستە کە لە تاکە کەسێك زیاتر بێت . یان با بڵێین وای دەوێت کە پێش ئامادە بوونی تاکە کەسێك کە کەسانێکی تر ئامادەیان بووبێت بۆ ئەوەی تاکە تازەکە بتوانێت کەڕۆژێك وەکو «من» گفتوگۆیان لەگەڵدا بکاو ڕاناوی قسەکەریش بەکار بهێنێت.

بە کورتی لە هەموو کاتو شوێنێکدا سێکس و جەستە وەك یاریەکی تاقتاقکەرە کاردەکەن کە ناکرێت دەمکوت بکرێن . ئەمان وتاری خۆیان پێشکەش بە دوێنراوەکەیان دەکەنو نە دووانەکەیان دە ردەکەوێت و نە دوێنراوەکانیش دەبیرێن . چونکە کاروباری سێکسی بە «دەربڕینێکی کورت» نە قسەدەکاو نەشتێکیشی هەیە بیلێت . ئێمەین کە قسەی پێ دەکەینو لە میانەی ئەویشەوە قسە دەکەین ، بەڵام ئەو «ئێمە» یە کێیە کە قسە دەکات ؟ وە بۆچی ؟ و بۆکێ ؟ ئەمەش بە ووردی لەبەر ئەو ڕەهەندەی کە کاروباری سێکسی دەبێ بۆ گوزارەکردن لە کۆمەڵە ڕاستیەك بەکار بێت کە پەیوەندییان بە سێکسەوە نییە ، چونکە سێکس دەبێت بە سەرچاوەیەك بۆ خەونو بۆ جیهانی خەیاڵ ، بەڵام لەم بارەدا کاروبارە سێکسەکە خۆی نییە کە خەونەکە لە ناو کۆمەڵگەدا دەروژێنێ بەڵکو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لە میانەی سێکسەوە خەونەکان دە وروژێنێت . هەروەها ئەوەش کە تاکەکان خەنی دەکات کاروبارە سێکسیەکە نییە ، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەیە کە کاروبارە سێکسیەکەو لە میانەی ئەویشەوە تاکە کە سەکەی خەنی کردووە . لێرەدا لە لۆژیکی کۆمەڵایەتیدا خاڵێکی بنە ڕەتی هەست پێدەکەین : بێگومان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بە ئاستی جیاواز جۆرە گێڕانەوە یەك بۆ تێڕوانینە خەیاڵەکانی جەستە هەیە ، کە لە کۆمەڵێ میتۆدو وێنەو نەریتو هێما پێك دێنو لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا دابەش کراون . لە جەستەی هەر تاکێکدا شێوەی نەزمە کۆمەڵایەتیەکانو پێوەڕەکانیشی تۆمار دەکات . بەڵام تێڕوانینەکانی جەستە فیکرن ، فیکریش لە پشتی زمانەوە بەرهەم دەهێندرێتو لە «بیر» دا مانای خۆی وەردەگرێت . ئەم مانایەش لە ئەو بیرۆکەیەوە ناوروژێت کە لە بونیادە شکڵی یان ڕەمزیەکەیدا هەیە ، بەڵکو بەرهەمی میتۆدێکە کە لە سەر بنەمای ڕاستیە کۆمەڵایەتی و گەردوونیەکان کار دەکاتو لە هەمان کاتدا مانا کەش لەوانەوە وەردەگرێت ، چونکە تێڕوانینەکە لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا دابەش کراون لە جەستەشدا خەفە کراون و لە هەموو تاکە کەسێکیشدا لە پشت زمانو فیکرو کۆمەڵگەوە خۆی دەچەسپێنێتو جەستەش دەکات بە سەرچاوەی کۆمەڵە بەڵگە نەویستێکی کۆمەڵایەتی و گەردوونی و لێرەوە سێکس دەبێت بە ئامرازێ بۆ دەست بەسەراگرتن پاش ئەوەی کە خۆی شتێکی دەستێ بەسەردا گیراو بووە . لەم میانەوە کاتێك ئافرەتێکی بارۆیایی سەیری خوێنی سووری مانگانەی خۆی دەکا کە لە نێوان هەردوو ڕانیەوە دەچۆڕێ لەوانەیە دەربڕینێکی سەبارەت بە

چارەنووسی خۆی و بە ئەو پلەیە لەلا دروست نەبێت کە نەزمە باوەکەی ناو کۆمەڵگەکەی خۆی پێ ڕەوا بینیوە. وە سەبارەت بەوەی کە خۆی قوربانیەکی ئەو سیستەمەیە دە بێ هەست بە تاوانباربوونی خۆی بکات. لەم ڕووەوە ئەم ئافرەتە خۆی بەرپرسیارە لەوەی کەچی لێ ڕودەدات ئەمجا تێڕوانینە کەلتوریەکانی جەستە لە ئەو زۆرە ملێیەی کە بە شێوە یەکی ناکۆك شێوەی ناکە سایەتی پەیوەندییە کە سێتیەکە بنیاد دەنێت. چەند جۆرێکی جیاواز بە پێی کۆمەڵگاو بەپێی تاکەکەس کۆت و پێوەند بە سەر جەستەدا دەسەپێنێت. بەم شێوەیە کاروباری سێکسی لە هەر تاکێکدا وەك ئەوەی کە سەرچاوەی ئارەزووە، چۆن دەنگی تاقتاقەکەرە دەکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ هەموو شتێکی تایبەت بە خۆیداو دەکەوێتە بانگەشە بۆ هەر شتێکی کۆمەڵایەتی. هەندێك لە شتە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا وون دەبن، بەڵام بە ڕەنگێکی ترەوە لەنێو ئارەزووە خەفە کراوەکاندا جارێکی تر خۆیان نیشان دەدەنەوە. بەکورتی ژیانی سێکسی لای مرۆڤ زۆرجار لە میانەی خۆیدا هەندێك شت لە خۆی دەشارێتەوە، کە لە خۆی جیاوازن هەروەك ئەوەی کە خۆی چۆن لە هەندێ شتدا ون دەکات کە ئەوانیش دیسان لە سێکس جیاوازن. با لە کۆتاییدا بگەڕێینەوە بۆ لای فرۆید بۆ لای ئەو خەملاندنەی لە مەڕ نەریتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیەتی، چونکە لەوانە یە ئەو خەملاندنەی ئەو لە ئەنجامی ڕوداوێکی یان سەربردەیەکی دانسقەوە هاتبێتە ئاراوە و کاریگەریەکەشی بە پارێزراوی مابێتەوە هەتا بە ئێمە گەیشتووە. سەرباری ئەوەی کە خودی دیمەنە بەراییەکەشی بۆ هەتا هەتایە لە نەستی کۆمەڵو تاکەکاندا خەفە کراوە. ئەو سەربردەیە سەربردەی یەکەم خوێن ڕشتنی خزمایەتییە، کوشتنی باوکێکی کەللەڕەق لە چێژ بەهرەمەند بووە، کە حەرامی پێشێل کردووە. کوشتنی ئەو لایەن ئەو کۆرانەیەوە بووە. کەوا بزانم لە پاش کوشتنەکەی ئەوەوە هێندە سەلیقەیان پەیدا کردووە کە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیانو بۆ ئەوەی بتوانن لەناو خۆیانداو بۆ بەرەکانی داهاتووش پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان دابڕێژنو وازیان لە کوشتنیش هێناوە. دیارە جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە دایکەکانو خوشکەکانی ئەو کۆڕانە هیچیان نەبووە لە سەری بیڵێن، بەڵام نکولیەکەی فرۆیدو لە پاش ئەویش لیڤی شتراوس لە گرەوی زانینی ئەوەدایە کە مرۆڤایەتی پێش سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەی ئێستا، لە کۆمەڵگەدا ژیاوە نەك لە خێزاندا. ئەوەشی کە کاری فرۆیید بێ و بەلای ئێمەوە گرینگ بێت تەنها دوو شتە: ئەو بۆچوونە کە بە ڕاستی شتێك ڕوویداوە بە ئاراستەیەکی ڕاستەو دا سەر بەرەو ژوور هاتووەتە پێش هەتا ئەو ئاستەی کە ئەوەتا خۆشمانی تیا دەژین. لە پاش ئەوەش ئەو فیکرەیەی کە ئەو ڕوودداوە پەیوەندیی بە کارووباری سێکسی مرۆڤایەتیەوە هەبووە، وە بە ڕادەیەك پێوەی پەیوەست بوو کە بوونەوەری مرۆیی لەبەر نەتوانایی گەیاندنی ئەو ڕوودداوە بەئاستی هۆشی خۆی هەر لە گەڵیا ژیاوە.

بە پێی خەملاندنی ئێمەیش، دەبێ سەربردەیەکی واقعی ڕووی دابێ، بەڵام نەك سەربردەیەکی دانسقەو نائاسایی. ئەوەی کە ڕوویداوە گۆڕانکاریەکی زیندەگانیی فراوانی بوونە وەرەکەو وەرچەرخانێکی بونیادگەریش بووە، نەك سەربردەو دیمەنێك. بەدڵنیاییشەوە ئەو گۆڕانکاریە زیندەگانیە بەبێ خواستی پیاو یا ئافرەت لە ئافرەتەوە ڕوویداوە. کەواتە ئەو ڕوودداوە پڕ بە مانای وشکە «کار ـ فعل» ێك بووە نەك «سەربردەیەکی مێژوویی» وە لەوانە یە ئەو گۆڕانکارییە کە وتبێتە کۆتایی سەردەمێکی درێژخایەنەوە لە چوارچێوەی جۆرێکدا کە پێشتر خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکانی دەرکەوتووە. ئەمەش واتە کە ئەو جۆرە پێویستی بە داهێنانی کۆمەڵگە نەبووە بۆ ئەوەی بژی، چونکە پێشتر خۆی لە کۆمەڵگەدا ژیاوە. بەڵام ئەم گۆڕانکاریەیە زیندەگانییە کە بەدەر لە خواستی هەموو کەس بە بێدەنگی لە قەوارەی بایۆلۆژی مرۆڤدا

رویداوه . ئەو لایەی تری سروشتی مرۆڤی پوکاندۆتەوه که مرۆڤەکه وەك جۆرێکی لاواز پیشان‌دەدات ، که له کۆمەڵگەدا نەبێت ناتوانێ بژێت .

لەگەڵ لەدەستدانی سووری سێکسی ئافرەتاندا دەستوەردانی مێشك له هەموو ئەرکه ناوەکیەکانی جەستەدا ئاراستە سێکسیەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەك ئازادی خۆی له دەست چاودێری سروشت هێنایه دی و له ڕەزمەکانی دەریازبوو . ڕەنگه ئەمەش لەناو جۆرێکی کۆمەڵانیدا ڕوی‌دابێ که توانیویەتی به هەستەوه کار له خودی خۆی‌و له گۆڕینی پەیوەندیەکانی له‌گەڵ سروشدا بکات . که واته مرۆڤ بۆ ئەوەی درێژه به ته‌مه‌نی کۆمەڵگا بدات‌و ئاراسته درنده ناکۆمەڵایەتیەکەی ناو ناخی خۆی مالّی بکات ، ناچار بووه که دەست له کاروباری سێکسی خۆی وەربدا. لەم کارەشیدا سەرکەوتووبوو دەستێوەردانەکەش تاوان نەبوو ، قوربانی‌دان بوو ، قوربانی دانیش تاوان نی‌یه بەڵام له تاوانیش دەچێ ، چونکه وا پێویست دەکات که کەسێکی زیندوو له ژیانی ڕۆژانه جیا بکاتەوه ، شتێك ڕەت بکاتەوەو بیسڕێتەوه و پشت گوێی بخات . ئەوەش که پشت گوێ خراو قوربانی پێدرا سەر به بوونەوەرەکه خۆی بوو .. بۆیه ناکرێت بشاردرێتەوه ، هەر دەبێ بنووسرێت و دوور له ئەو شوێنەی که هەست دەیەوێ هەڵبگرێتو بەرەو ئەوێ پاڵ بنرێت . له شوێنێکدا یان له سێبەرێکدا بمێنێتەوه بۆ ئەوەی ئەوەی له‌چەند شێوازێکی تردا هەڵبگیرێت . ئەوەی که گومانی تێدا نییه ، هەموو پشت‌گوێ خستن‌و ڕەتکردنەوه و بڕینەوه یەك ئازارکێشانێکی له‌گەڵدایه بەڵام لەو ئازار کێشانه قەرەبووی ئەوەیه که مرۆڤ دەبێ درێژه به مانەوەی خۆی بدات‌و قوربانی دانه‌که ، ئەو کاته تاکه که سەکه دەگۆڕێت بەبوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ـ کەواته قوربانیەکه له‌یەك کاتدا بڕینەوەو ئازارێکه ، بەڵام باڵابوون‌و گەشەکردن‌و پەرەپێدانیکێشه . ئەگەر بشمانەوێ قوربانی بەشێك له ناخی خۆمان بدەین کەواته دەبێ بتوانین کار بەو شته بکەین . هەروەها مانای ئەوەشه که به تەنها به ژیان لەناو کۆمەڵگەدا واز نەهێنین ، بەڵکو له پێناوی درێژەدان به ژیاندا کار بۆ بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگەش بکەین . یەکلاکردنەوەکەش لەمەوه دەردەکەوێت که مرۆڤ له بەر ئەوەی ناچار بووه خۆی مالّی بکات ، وەکو هەندێ زیندەوەرە کۆمەڵایەتی‌و سەرەکیەکانی تر هەر ئەوه نەبووه که له ناو کۆمەڵگەدا درێژه به ژیانی خۆی بدات بەڵکو له ناچاریەکدا خۆی بینیەوه که بۆ ئەوەی بژی دەبێ کۆمەڵگەو پێکهاتنێکی کۆمەڵایەتی تر دا بهێنێت . ئیتر مرۆڤی له‌ناو کۆمەڵگەدا له‌دایك بوو له‌گەڵ ئەو شێوازی بوونەیدا که له سروشتەوه وەری گرتبوو له داهێنانی خۆی نەبو ، بوو به ئەو تاکه جۆرەی که به «سروشتی» خۆی کۆمەڵایەتی بووه و له دارشتنی مەسەله پەیوەندی‌دارەکان به چارەنووسیەوه بەشداری سروشتی کردووه . و له مەشەوه واقعێکی دانسقه ئاشکرا بوو ئەویش ئەوەیه که (جۆر) یێکی سروشتی بوو بەنیمچه سەرچاوەیەکی بونیادی خودی خۆی . کارەگەردوونیەکەش که جۆراو جۆری که له تووڕه بوونی چەند که‌لتورێکی جۆراو جۆر له‌ناو مرۆڤدا ڕوون دەکاتەوه .

قوربانی‌دان به کاروباری سێکس پێویستییەکی (ناکه سایەتی) یەو وەکو یاسا بەرجەسته بووه ، هەر چەندە که کەرنەڤاڵی قوربانی دانه‌که بەناو کۆمەڵێك ئازارو شێواندندا تێده پەڕێ‌و کەسیش لێی به ڕپرسیار نییه . و هێنانه دی‌و دووبارەکردنەوەی ئەو قوربانی‌دانه له‌وچەیەکەوه بۆ وەچەیەکی تر دەکەوێته ئەستۆی ئەو تاکه کەسانەی که بەڕێوەی دەبەن له بەرامبەر ئەمەشدا خەملاندنه فرۆیدییه که گرنگی‌یەکی گەورەبه تاوانی تاکه کەسی‌و به کۆمەڵیش دەدات . له‌گەڵ فرۆیدا خۆمان بەسەر لێڕەوارێکی سەختی کەلتووری ڕۆژئاواوه دەبینین که وێنەی هەست به تاوان‌کردنی مرۆڤی وا ڕاڤەکردووه که ناتوانین لێی دەربازببین . و

پاشان گرێچنە کۆمەڵایەتیەکانیش دێن بە شوورەیی ئارەزووی حەرام لراو سنوورێك بۆ ئەو هەستە دادەنێن بە ڕاستی ئەوەشتێکی نامۆیە کە لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە پەیوەستی روحێك بە سەر مرۆڤایەتیدا فەرز کراوە ، کە هەوانەیە مرۆڤایەتی خۆیان هۆکاری ئەوە بووبوون کە ئەو بە سەر خاچەکەیەوە بمرێت بۆ هەتا هەتایە تاوانی کوشتنەکەشی لە ئەستۆی ئەوان بێت و بەو بەهانەیەکی کە یەهودیەکان کوشتویانە ، کەواتە وا پێویستە دەکات کە شیکاریەکی لە ڕۆشنبیری بااڵتر بۆ ئەم شتانە بکەین لە ڕێگەی ئەوەشەوە شیکارکردن ڕێگامان ئەوەمان پێدەدا کە زۆر بە ڕوونی مانا ڕاستەقینەکەی ئۆدیب لە هەموو ڕۆشنبیریەکدا ببینین ، لەوانە شە«گرێی ئۆدیب» لە ڕوویەکی تریەوە کارێکی گەردوونیش بێت ، . بە ڵام شمولیەتەکەی بە پلەی دووەم دێت چونکە ئەگەر ئەوەی کە ئێمە وتمان مانایەکی هەیە بێ ئەوا ناچار دەبین کە گرنگییەکی زیاتر بە مێینە بدەین وەك ئەوەی کە سە رچاوەی ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتیە کە ئێستا بە بونمان گوزارەی لێدەکەین . دیارە مێینەش بە دوور لەنێر بووە بە سەرچاوە ، خۆ ئەگەر گۆڕانکارییە زیندەگانیە کە لە سەرەتاوە بخرێتە میانەی لایەنە سێکسیی یە مێینە کانی ژنەوە . وە ئەگەر هەموو تاکێك پیاو بێت یان ژن نەتوانێت بە ئایندەی خۆی بگا ، تەنها لەو ڕێگایەوە نەبێت کە لەو خەڵکە کاملانە جیا ببێتەوە کە پێیانەوە پەیوەست بووە لە ئەو ژنەش کە یەکەم کەس وەکو دایك خزمەتی کردووە جیا ببێتەوە . کەواتە ژن بەپێی ناوەڕۆکی چەمکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە مرۆڤ بە دوور ئاراستەی بنەڕەتیدا دەتوانێت جێگەی خۆی بگرێت .. ئەگەر منداڵان ڕەگەزیان هەر چییەك بێت هەتا لە دایکیان جیا نەبنەوە ، نەتوانن بە ڕاناوی قسەکەر بێنە گفتوگۆ و بۆ ئەوەی هەر یەکەیان ببن بە کارایەکی کۆمەڵایەتی ، ئەوە کۆمەڵگاکان زۆرجار ئەرکی بەرەو پێشبردنی ئەو جیاکردنەوە یە بە پیاوان دەسپێرن .لەوانە یە هۆکاری ئەمەش پەیوەندییەکی بە سێکسی و جیهانی خزمایەتیەوە نەبێ چونکە ئەرکەکانی دەسەڵات بە زۆری لە دەستی پیاواندا کۆبۆتەوە . پیاوانیش کە لە بەشێکی کۆمەڵگا زیاتر پێك ناهێنن وا دەردەکەون ، کە نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگا بکەن و ئەرکی بەرجەستەکردنو پارێزگاری لێکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان زیاتر لە ژنان بکەوێتە ئەستۆی ئەوان . بەڵام ناکرێت لە هەموو کۆمەڵگاکاندا شێوازەکانی دەسەڵات تاکە وێنەیەك وەرگرێت ، ئەگەرچی ئەو وێنەیە ، وێنەو سیمای باوك یان دایکیش بێت . بۆیە ئەگەرەکەش کەمتر دەبێتەوە ئەگەرئەو سیما یەکلاکەرەوەیە بدرێتە جێنشینی پیاوە کە ئەویش ئەندامی زاوزێی نێرینەیە.

جۆرێکی پەرەسەندوو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێتە نێوان خێزانەکانو کۆمەڵگەوە»

لە پەرەنسیبە جۆراو جۆرەکانی ڕەچەڵەکەوە ئێدەگەین کە ئەگەر پەیوەندی خزمایەتی ، لە هەر سیستەمو شێوازێکیدا لە نێوان کۆمەڵە تاکێکدا هەبوو ئەوا کۆبوونەوەو بە یەکەوە ژیانیان لە بارەو دەگونجێت . ئەم کۆبوونەوانە جۆرە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی پەرەسەندووتر دەهێنێتە ئاراوە وەك کۆمەڵی باوکسالاری یان دایسکسالاری یان هەر شێوازو ناوسالاریەکی تری وەك خێڵ یان وەچەی تاکڕەچەڵەك یان دێم«کە یەکەیەکی دابەشکردنی کۆنە لای یۆنانی یەکان» یان پێکهاتەی خێزانی ڕەگەزو ڕەچەڵەك تێکەڵ ، بەم شێوەیە لەگەڵ سەرەتای ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگە ئاژەڵیەکاندا جۆرە پەیوەستو بە کۆمەڵ ژیانێکی تازە لە سروشتدا لە نێوان خێزانو کۆمەڵو لە نێوان ئەو تاکانەشدا کە خێزان پێکدەهێنن ، سەری هەڵدا ئەو پەیوەندییە پەیوەندی تاکەکانی ناو یەك خێزان دەگرێتەوە و لەویش تێپەڕ دەکات . بە بۆچوونی ئێمە ئەم

پەرەسەندنە ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیەوە ناکرێت پە
یوەندی خزمایەتی بەم شێوە مرۆییەی لەناو ئاژەڵان و
لەناو سەرەکیەکانیشدا دەریکەوێت . هەندێ جار
لەناو سەرەکیەکاندا جۆرە کۆمەڵبەندییەك لەدەوری
نێرێك یان مێیەك بەرچاو دەکەوێت ، کە ئەمە بوونی
پە یوەندی خێزانی لەناو ئاژەڵداو یان کۆمەڵ بە ستنی
هەندێ لە خێزانە ئاژەڵییەکان بە یەکەوە دەگرێتەوە .
ڕەنگە ئەو کۆمەڵبەندییەی ئاژەڵان لە دەوری نێرێك
یا مێیەك ڕایەڵبەندی جۆرێك لە ئەو پە یوەندییە
خزمایەتیە بەرە باوك یان بەرە دایکیەی نێوان
مرۆڤەکان بێت یان شتێك بێت کە لە ئەو بچێت ،
بەڵام بۆ ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەقینەی بەرە باوك
یان بەرە دایك لەناو سەرەکیەکاندا هەبێت دەبێ
هەریەکە لە تاکەکان بتوانن لەناو کۆمەڵی بەرە
دایکیاندا دایکیان و برای دایکیان بناسنەوە و لەناو
کۆمەڵی بەرە باوکیشدا بتوانن باوکیان یان خوشکی
باوکیان بناسنە وە . کەواتە دەبێ دان بە خزمایەتی
ئەو تاکانەشدا بنرێت کە ڕەگەزەکەیان لە ڕەگەزی
ئەو تاکە سەرەکیە جیاوازە کە کۆمەڵەکە پێك
دەهێنێت . بەڵام وەك دەردەکەوێت هەتا ئێستا لە
تیرەی سەرەکیەکاندا ئاژەڵێك بەرچاو ئەکەوتووە کە
بتوانێت برای دایکی یان خوشکی باوکی بناسێتەوە واتە
لەگەڵ بەرجەستە بوونی مەحرەمدا جۆرە
دابەشکردنێك لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵدا کە هەر
زۆر تایبەت بوو بە مرۆڤەوە ـ سەرهەڵدانی ئەم
پەیوەستانەو گروپە کۆمەڵایەتیەکانی خزمایەتی کە
هاتنو کەوتنە نێوان خێزانەکانی زاین و
پەروەردەکردنی منداڵو کۆمەڵگەوە بووە بە هۆی
سەرهەڵدانی کۆمەڵە وەرچەرخانێکی گەورە لە
چەمك و شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا . خێزان
هەر وەك یەکەم جێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان
مایەوە ، بەڵام پاشتر لکێنرا بە گرۆپەندییەکی
کۆمەڵایەتیی تر وەکە سەر لە نوێ چێوەی خێزانیان
دارشتە وەو کۆمەڵە ئەرکێکی تازەی تریشیان دایە پاڵ
بۆ نموونە ئێستا دەتوانین وا پێناسەی خێڵ بکەین کە
خاوەنی ئەو هەموو زەوییانە بێت کە لەلایەن ئەو
خێزانانەوە دەچینرێت کە خێڵەکە پێك دەهێنن و
سەرپاری کاری ئەو تاکانەش کە نوێنەرانی خێڵەکەن
و ئەرکی کۆکردنەوەو دابەشکردنی داهاتی کارکردن
بە سەر خێزانەکاندا دەگرنە ئەستۆ ، هەر یەکە لەو
خێزانانەش کاری کشتیاری خۆی ئەنجام دەدات .لە
بارێکی وەهادا جۆرە ئاوێرکردنێك لە نێوان
خاوەندارێتی بەرهەمو دابەشکردنی داهاتەکانی کاردا
دەردەکەوێت کە لە نێوان جیهانی ئاژەڵاندا شتێکی لەو
بابەتە نیە . ئەو ئاودێرکردنە جۆرە ڕێکخستنێکە کە
هاوکاتە لەگەڵ بوونی کۆمەڵە پەیوەندییەکی خزمایەتی
لەنێوان خێزانو کۆمەڵگەدا لەم ڕاستیەوە واتێدەگەین
کە کۆمەڵگەبە گرنگیەوە بڕوانێتە داهاتی هەریەکە لەم
گروپە بەیەك خزمانەو پێویستیەکی واش لەئارادابێت
کە جێگەیەك هەبێت بۆ ئەم گروپانە کە بتوانن بوونی
خۆیانی تێدا بسەلمێنن و بشتوانن ئەو کێشانە کۆنترۆڵ
بکەن کە پەیوەندییان بە زاوزێو زۆربوونی
کۆمەڵگەوە هەیە . دەکەوێتە نێوان بەرژەوەندییە
تایبەتیەکانەوە ، بۆ ئەوەی پاشتر لە بۆتەی
بەرژەوەندییە گشتیەکاندا خەفە بێ . ئەمە ئیتر خۆی
دەبێت بە ئەرکی سیاسەتو بەڵگەی دارشتنی یاساو
نەریتەکان . بۆیە ئیتر لەم گۆشەنیگایەوە وای بۆ
دەچین کە شتێکی بێهوودە یە گەر بڵێین خزمایەتی
پێش ئەوەی هەر شتێك بێت ، لە ئەفراندنی باوکە
یاخود یاسای باوکە ، چونکە خزمایەتی نەهەر باوکە
بەتەنهاو نە لەسەرەتاوە باوکیش بووەو نەدایکە بە
تەنهاو نە لە سەرەتاوە دایکیش بووە .. نە باپیرەو نە
داپیرەش ، بەڵکو تۆڕێکە لە پەیوەندی کەوا
دەخوازێت لەهەمان کاتدا دان بە ڕۆڵی باوکی باوك یان
دایکی دایك . یان هەتد دابنرێت هەریەکە لە
مانە بە جۆرە ئەرکێکی جیاواز ئەو
پەیوەندییانە بەرجەستە دەکەن.

ئەم شیکارانە حەتمەن بەرەو ئەو دەرەنجامانەمان

دەبەن کە بەرجەستە بوونی مەحرەم لە پێناوی «دامەزراندنی خزمایەتی»دا نەبووە ، بەڵکو لە پێناوی ئەوەدا بووە کە مرۆڤایەتی لە پەرەدان بە بوونی کۆمەڵایەتیی خۆیدا بەردە وام بێت . دیارە ئەمەیش لە پاش ئەوەی کە شتێك لە رەوتی پەرەسەندنەکەیدا رووبدا ئەو رووداوەش مرۆڤی لەناو هەموو جۆرە زیندەوەرەکانی تردا ناچار کرد ، کە بە هەستەوە دەست لە کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی وەربدات بۆ ئەوەی بتوانێت پراکتیزەکردنی سێکسی خۆی رێك بخات . خۆ ئەگەر ئەمە راست بێت ئەوا دەکرێ بڵێین کە بەرجەستەبوونی مەحرەم هەرچەندە کە مەرجێکی سەرهەڵدانی خزمایەتی نیە کەچی لە جیهانی خزمایەتیش واوەتر دەچێت . کەواتە مەحرەمی دیاردەیەکە تایبەتە بە هەموو بونیادی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە یان بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەمووی و سەرهەڵدانیشی لەبەر جەستەبوونی مەحرەمدا خەست دەبێتەوە . بۆیە لەبەر ئەم هۆیەو بە بۆچوونی ئێمە شیکردنەوەی تێئوریانەی ئەم بەرجەستە بوونە کارێك نیە کە تەنها تایبەت بێت بەو زانا مرۆڤ ناسانەوە کە لە بواری پەیوەندییەکانی خزمایەتیدا پسپۆرن ، بەڵکو کارێکە بەرپرسیاریەکەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی زانایانی تری مرۆڤناسو سایکۆلۆجیستو تەنانەت شاعیرانیش ، ئەوەتا ئەم مەسەلە پەی لای گۆتە خۆی کردووە بە بابەتێك «Werther».

لە وانە یە بەرجەستەبوونی حەرامیش هەر وەکو خواوەند ژانیوس دوو رووی هەبێتو خەسڵەتێکی بوونەوەری مرۆییە لە یەك کاتدا دوو ئاراستەی هەیە ، ئاراستەیەکیان بەرەو ناوەوەو ئاراستەکەی تریش بەرەو دەرەوەی سنووری بواری خزمایەتیە . بەهەردوو ئاراستەکەشدا کۆمەڵە دەرەنجامێکی لێدەکەوێتەوە ، چونکە هەر لەو کاتەوەی کە پەیوەستی خزمایەتی نێوان مرۆڤ سەری هەڵداوە ، بەرجەستە بوونی مەحرەم مەرجێکی سەرەکی مانەوەی ئەو خزمایەتیەیەو ئەویش دەتوانێت توانای تازە بوونەوەی پێ ببەخشێت . بەرجەستە بوونی مەحرەم وا دەردەکەوێت کە لەیەك کاتدا خزمایەتیەکی دروست کردبێو هەر لەگەڵ ئەویشدا لە دایكبوونیو ئەنجا لەویش واوەتر بووبێ، چونکە کاتێك کە دایك دەبێ بە ژنی کوڕی خۆیو منداڵی لێدەبێت . ئەوکاتە کوڕەکە جارێك دەبێت بە باوكو جارێك بە برای منداڵەکانی خۆی . بەمەش پەیوەندییەخزمایەتییەکان بە شێواندن تێکەڵ دەبنو یەکسەر هەرەسی سیستمی خزمایەتی لێدادەکەوێت . لەم شیکارەوە دەتوانین کۆمەڵە خەملاندنێکی تازەی تر بخەینە سەر رەچەڵەکی پەرەسەندنی پەیوەندییە خزمایەتیەکان .پێشتر کۆمەڵە وەرچەرخانێکی بونیادی کۆمەڵایەتیو مادیی پێشینەکانی مرۆڤمان بینی ، ئەو وەرچەرخانانە لە میانەی دابەشکردنی سەرچاوەکانی کارەوە لە نێوان دوو رەگەزەکەدا بارودۆخێکی رەخساند کە تێیدا بە شێوە یەکی باشتر پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزانی زاینو پەروەردەکردنی منداڵ ئارامگرتوو تر بێت . هەروەها زۆر شێوازی ئاڵۆزی هاریکاریشی لەنێوان ئەو خێزانانەدا بەرپا کرد کە کۆمەڵ پێك دەهێنن . بەدڵنیاییەوە ئەم پەرەسەندنە هیچ پەیوەندییەکی بەم جۆرە پەرەسەندنەوە نیە ، کە بوو بە هۆی لەدەستدانی سووڕی سێکسی لە لای مێینەی مرۆڤ تەنها لەو رووەوە نەبێت کە بڵێین هەموو وەرچەرخانو پەرەسەندنەکان پەیوەندییەکیان بە پەرەسەندنی مێشکی مرۆڤەوە هەیە . مێشکی مرۆڤیش هەموو ئەرکە ناوەکیەکانی جەستە دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە . دیارە کە پەرەسەندنی مێشکیش توانای بیرکردنەوەی مرۆڤی گەیاندۆتە ئاستێك کە بیر لە پەیوەندی نێوان پەیوەندییەکانیش بکاتەوە یان وردتر بڵێین پەیوەندی مادی بەرجەستە لە ئایدیاڵە ئەبستراکتەکان رێك بخات.

هەتا سێ جۆر پەرەسەندنی جیاواز تێك نەچرژان ، نەدەکرا دیاردەی پەیوەندییە مرۆییەکان

سەرهەڵبدەنەوەو بکەونە گەڕ ، ئەو سێ جۆرە پەرەسەندنەش پەرەسەندنی دابەشکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و مادییەکانی نێوان دوو رەگەزەکەو پەرەسەندنی پەیوەندی و گونجانی نێوان مرۆڤە ، لەگەڵ پەرەسەندنی ئەرکەکانی مێشك کە ئەمە دووەمیانەو دواینیشیان پەرەسەندنی ئامرازەکانی بە یەکتر گەیشتن و پەیوەندی کردنی نێوان تاکەکانە، کە ئەویش دواتر بوو بە هۆی سەرهەڵدانی زمان بۆ ئاخاوتن ، کەواتە بۆ ئەوەی پەرەسەندنێکی تەواوی پەیوەندییە خزمایەتیەکان لە ئارادا هەبێت ، دەبێ کۆمەڵە وشەیەك هەبن کە بە شێوەیەکی لۆژیکی و گونجاو گوزارە لەو پەیوەندییە خزمایەتیە بکەن کە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دانی پیانراوە . هەروەها دەبێ کۆمەڵە زاراوە یەکیش هەبن ، کە هێمای پەیوەندییە خزمایەتیەکان بنوێنن دیارە دەرکەوتنی ئەم زاراوانەش بەبێ بوونی زمانێکی ئاخاوتن نابێت پێویستە بتوانین بڵێین «دایك» بۆ ئەوەی گوزارە لە « دایکی دایك» یان «داپیرە» مان هەبێت.

بێگومان دەرکەوتنی زمانی ئاخاوتن پێویستی بە پەرەسەندنێکی تونکاری و فیزیۆلۆژی لە لای مرۆڤ هەبوو هەروەها وەڵامی بە ئەو پێویستیەش دایەوە کە دەبێ لە بوونی کۆمەڵە زاراوە یەکی «موجەرەد» بەهرەمەند بین ، کە بۆ خۆیان بەدەر لە ئەو چوارچێوە مادییە ڕاستەو خۆیەی کە تاکە کەسەکە تێیدا دەژی کۆمەڵە شتێکی فیکری بن . تایبەتمەندێتی بیرکردنەوەی ڕووت لەوەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ بتوانێت بەدەر لە بوونی هەر سنوورێك بیر لە سەر بردەو پەیوەستەکانی ئەو شتە بکاتەوە کە بیری لێدەکاتەوە . بیرکردنەوەی ڕووت بیرکردنەوەیە لە ئێستا ، لە شتێك کە ئیتر وا نامێنێتەوە بە پشت بەستن بە شتێکی تر کە هێشتا ڕووی نەداوە ، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی مرۆیی «خزمایەتی»یان هەر جۆرێکی تر لە ئارادا هەبن ، دەبێ بتوانین کۆمەڵە هەڵوێست و پەیوەستێك دوور «لەپاش یان پێش» ئەم وەختەی ئێستا بخەمڵێنن یان بە یادی خۆمانی بهێنینەوە.

ئایا دە توانین هەوڵێك بۆ مێژووی سەرهەڵدانی پەیوەندییە مرۆییەکانی خزمایەتی بدەین؟..

لەم گۆشە نیگایەوە لەوانەیە بتوانین هەوڵێك بۆ دەرکەوتنی پەیوەندییە خزمایەتیە مرۆییەکانی پێش مێژوو بدەین ، چونکە لەوە دەچێت ئەو پەیوەندییانە پێش دەرکەوتنی زمانی ئاخاوتن دروست بوون . بەڵام هەتا زمانی ئاخاوتن دەنەکەوت ئەویش نەیتوانیوە پەرە بستێنێت ، بەڵام بە پێی زانا پسپۆرەکانی لێکۆڵینەوەی ئەو سەردەمانە ، دەرکەوتنی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠ هەزار ساڵی پێش مێژوو .کەواتە دەرکەوتنی زمان پێش دەرکەوتنی مرۆڤی هوشیاری هاوچەرخیش دەکەوێت ، چونکە گریمانەکانی دەرکەوتنی ئەم جۆرە مرۆڤە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٥٠٠٠٠ هەزار ساڵ و پێش ئەوەی مرۆڤی نیەندرتال لەناو بچێت ئەم جۆرە بە لەگەڵ ئەویشدا هەندێك بە تێکەڵی ژیاوە . لێرەدا گریمانە یەکی ترمان لەبەر دەستدا هەیە کە هەتا ئێستا زۆر بە لێڵی ماوەتەوە ، ئەویش دەرکەوتنی گۆڕە سەرەتاییەکانە . واتە دەرکەوتنی ئەو سەردەمەی کە مرۆڤایەتی دەستی بە شاردنەوەو لە گۆڕنانی مردووەکانی خۆی کردووەو بیری لە چارەنووسی و ژیانی پاش ژیان کردۆتەوە . دەکرێ وا بخەمڵێنین کە خەڵکی ئەو کاتە دوژمنەکانیان لە گۆڕ نەدەنا ، بەڵکو بە زۆری ئەو کەسانەیان لە گۆڕ دەنا کە لە خۆیانەوە نزیك بوون ، ئەو نزیکانەش بە زۆری خزم بوون نەك بێگانە . پاشماوەی گۆڕە یەکەمەکان ئەوانەی کە بە مەبەستی لە گۆڕنان هەڵکوڵراون کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠٠٠٠ ساڵی پێش ئێستا ، واتە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی پێشینە ڕاستەوخۆکانی وەچەی نوێ «مرۆڤی بە ئاوەز» دەشتوانین وا دابنێین کە هەر لەو ساتەوەختەوەی کە لە گۆڕنان دۆزراوەتەوە مەرگ و پرسە بوون بە بەشێکی دانەبراو لە سروتی «طقس» خزمایەتی و نەریتەکانی کۆمەڵگەو لە دایك بوون و مردنی تاکەکەس کات و ساتی پێویستی درێژەکێشانی

پەیوەندییە خزمایەتیەکان بوون ، لە کۆمەڵگەدا گرنگی تایبەتیان پێدراوەو شایانی ئەوەبوون کە ڕێ‌و ڕەسمیان بۆ ڕێك بخریت.

لە کۆتایی ئەم شیکارییەدا ، کە بە دوای یەکدا هاتنی کۆمەڵە خەملاندنێکی بە بەڵگەی لە سەر بنەماکانی بەرجەستەبوونی مەحرەم‌و نەریتەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکەش کرد ، دەتوانین ئێستا بە گریمانێکی تر‌ەوە بڵێین کە بەرجە ستە بوونی مەحرەم لەیەك کاتدا دوو ئەنجامی هەبووە : لە لایەکەوە لە ناو کۆمەڵگا سەرەکیەکانی مرۆڤایەتیدا بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی داهێنراو لە سروشتەوە کاری کردووە کە ئەویش بە پێی چاخە مێژوویی و ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکان ئەو پەیوەندی‌یەی خزمایەتیەیە کە لەگەڵ خێزاندا تێکەڵ نابێ ، بەڵام هەرگیز لێشی جیا نابێتەوە . تواناوە کۆمەڵە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی وایشی پێوە هەڵبواسرێت کە لە ڕاستیدا ئەرکەکان خۆیان زۆر لە خزمایەتیەوە دوورن : بۆ نموونە پێوە هەڵواسرانی کۆمەڵە ئەرکێکی ئابووری لە کاتێکدا ئەو پەیوەندییە لە بەرێوەبردنی مواڵکیەت‌و دابەش کردنی کاردا بە کار دەبرێت ، یان کۆمەڵە ئەرکێکی سیاسی لە کاتی بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کۆمەڵەکان‌و بەرگری کردن لەو بەرژەوەندی یانە ، یان کۆمەڵە ئەرکێکی ئاینیی لە کاتێکدا ئەو پەیوەندییە دەبێ بە چێوەی پێوەندیەکان خەڵك بە ڕۆح‌و خواوەندەکانەوە .. بە هەر حاڵ لێرەدا دەتوانین بڵێین کاریگەریی پەیوەندییەکانی خزمایەتی لە سەر کۆمەڵگە لە هەمان کاتدا کاریگەری بوون لە سەر تاکەکان ، هەموو تاکەکان بە چاوپۆشین لە ڕەگەزیان . ئەی بە نیسبەت تاکە کەسەوە ؟

بە هۆی بەرجەستە بوونی مەحرەم‌و بە هۆی فشاری پەیوەندییەکانی خزمایەتیەوە کە یەکەمینی ئەو پەیوەندییەیە کۆمەڵایەتیانە یە کە هەموو تاکێکی «بە تایبەت خۆی‌و ئەوانەی تریشەوە» تێدا لە دایك دەبێت ، دەبێ تاکە کەس بەردەوام لە تۆمارکردن‌و چاودێری کردن‌و جەنگ‌دا بێت ، هەر کاتێکی پێویستی کرد بتوانێت شتێك لە ئەوەی کە لە ناخیدایە لە یاد خۆی بباتەوە . هەر لە ئەوساتە وەختەوەی کە ماڵی کردنی ڕەگەزە ناکۆمەڵایەتیەکانی ناو ژیانی سێکسی مرۆڤ و گرێدانی بە وەچەخستنەوەی کۆمەڵگە وە پێویست بووە تاکەکەس «الفرد» لە کۆمەڵگەی تازە کارا بووبێت ، نموونەیەکی تازە بوبێت لە کارایی کۆمەڵایەتی ، لە خودی خۆشی‌دا دابەش کراو بووەو ناچاربووە کە بە بەردەوامی ڕێگە لە بەشێکی خودی خۆی بگرێت بە دوور لە هەستی خۆی تۆمار بکات «بینووسێت» بە کورتی ، کارایەکی دابەش و هەڵوەشاو بووە . ئەم کارا دابەش بووە ش لە هەمان کاتدا کارای «فاعل ـ بکەر» ی ئارەزووی خۆی بووە لە ئەوی‌ترو کارای ئارەزووی ئەوانی تریش بووە ئەگەر ئەم «ئەوی‌تر» ە لە هەمان ڕەگەزی کاراکەیان ڕەگەزێکی جیاوازیش بوبێت . مەرج‌و پێویستیش نی‌یە کە کارای دابەش بوو کارایەکی بڕاوەبێت ، بە تایبەتیش لە ئەو کاتەدا کە دابەش بوونەکە مەرجی سەرکەوتنی بێت لە مانەوەی‌دا لەگەڵ ئەوانەی تری ناوکۆمەڵگەداو لەوەدا نەشئە لە بوونی خۆی لەناو ئەوانی تردا وەربگرێت . لێرەوە تێدەگەین کە پێویستی ئەم قوربانی دانەو خەسڵەتی ئەو سەرکەوتنە کۆمەڵایەتیەی کە لە قوربانی دانەکەوە دەکەوێتەوە دەبێ جارێکی تر پێشکەش بە «وحی ـ هەست ـ هۆش» بکرێتەوە . ئەم پێشکەش کردنەش ناوێکی هەیە : ئەوە ئەو «نموونە» یەیەکە لە هەموو کۆمەڵگەیەکەوە پێشکەش بە «من» ی هەموو تاکو کۆمەڵێك دەکرێت ئەوەش «نموونەی من» ، کارای نموونەیی پاڵێوراوە بۆ «لاسایی کردنەوەی دەروونی» نموونەی ـ من ـ ناکرێت لە حەقیقەتێکی خەیاڵی بەوە لاوە شتێکی تر بێ ، کە هیچ تاکە کەسێکی ڕاستەقینە ناتوانێ بە تەواوی بەرجەستەی بکات یان بینوێنێت‌و تاکە کەسەکە بە پێی ئەوەی کە لە «من» ی نموونەییدا بە گونجاوی دەبینن منێکی نموونەیی خۆیان بنیاد بنێن .

«نموونەی من» وێنەیەکی دوو ڕووە ، چونکە هەردوولای یاساکان‌و هەردوو لای یاسای ڕەهاییش بەرجەستەدەکات . لە لایەك «نموونە» یەکی ئیجابی‌یە وەك ئارمێك پێشکەش بە تاکەکان کراوە بۆ ئەوەی لاسایی بکەنەوە ، لە لایەکی تریشەوە ئەو ڕووە سلبیەیە کە بەڵگەی پراکتیزەکردنی ئەو چاودێری‌و سەرکوتە دەدات بە دەستەوە کە بە ناوی «ئەم نموونەیی» یەوە دەخرێتە سەر «من» . لێرەوە ئەوە بە ڕوونی دەبینین کە لە پێناوی مانەوەو وەچەخستنەوەدا هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پیادەکردنی هەندێك شێوازی دەسەڵاتی دەوێت... شێوازەکانی دەسەڵاتیش هەمیشە لە بوونی کۆمەڵە دامەزراوێکدا ڕەنگ دەداتەوە . بێ گومان ئەوەش لە ڕێگەی بوونی چەند کەسێتیەکی ڕاستەقینەوە دەکرێ ، کە بتوانن بە ناوی سوڵتەوە دەسەڵات بنوێنن و پیادەی بکەن . بەڵام بە مرۆڤ بوون‌و ئەم لاسایی کردنەوە دەروونیە هەرگیز ناکرێت کە بە تەواوی کامل بووین . چونکە دەسەڵات هەمیشە لە ڕوونەکەوە ڕاستییەکی وەهمییەو ئەو بوونە خەیاڵی‌یە دەگرێتەوە کە لە پشتی شوێنەکانی بەرجەستەکردنی دەسەڵاتەیەو هەرگیز ناشکرێت کە دەسەڵات و ئەو کە سانەی کە دەسەڵات پیادە دەکەن تێکەڵ بە یەکتر بکرێن ، لەوانەیە پاشا بمرێت بەڵام شانشینییەکەی دەمێنێتەوە . بەم شێوەیە هیچ تاوانێکی باوك کوشتن پێی ناکرێت پایەکانی بونیادنانی کۆمەڵگە دابکوتێت ، بەڵام هەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چەند جۆرێك لە دەسەڵات‌و کەسێتی نموونەیی‌و ڕاستەقینە بۆ پیادەکردنی ئەو ژیانە بخوازێت ، ئەوا لە تاکە کۆمەڵگایەکدا لە یەك ڕوو یان یەك نموونەی «من» زیاتر نابێت کە بتوانێ هەموو سیماکانی دەسەڵات بەرجەستە بکات ، ئیتر ئەگەر ئەو ڕووە وێنەی باوك یا هەر وێنەیەکی تریشی هەڵگرتبێت .

هەمیشە کۆمەڵە دەسەڵاتێك هەن کە بەیەکەوە گوزەران دەکەن‌و کۆمەڵە وێنەیەکیش هەیە کە بەرجەستەی بکەن . بەڵام هەر تێورێك دەسەڵات بۆ یەکێك لە وێنە دانسقەکانی دەگەڕێنێتەوە . ئیتر ئەگەر ئەو وێنەیە ئەندامی نێرینەی بەرایی بێت وەك ئامانجی بنەڕەتی‌و هێمای ئارەزوو ، یان هێمای ئەو دایکە گەردوونییە بێت کە دەیەوێ هە موو منداڵەکانی بگەڕێنێتەوە باوەشی خۆی . هەر کامێکیانیش لە ئەو دەسەڵاتانە هەر سێبەرێکی دروست‌کراوی کۆمەڵە دیمەنێکی خارقن.

کۆك کردن بە یەك گەیاندنی «سێکس ـ ئارەزوو » بە سێکس ـ زاوزێ»وە»

پێش خستنە بەر شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان خەیاڵی ، میسالی‌و ماتریاڵی لە پێکهاتەی بوونەوەری کۆمەڵایەتیدا . سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە لەگەڵ دەرکەوتنی پەیوە ندییە خزمایەتیەکانی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵە پەیوەندییەك سەری هەڵدا کە لە چێوەی خێزان واوەتر دەچێت‌و دەکەوێتە نێوان تاکەکەس‌و کۆمەڵگەوە ، ئەم کۆمەڵە پەیوەندییە لەیەك کاتدا کۆمەڵە مافێکی دەدا بە تاکەکان‌و کۆمەڵە ئەرکێکیشی دەخستە سەریان . هەموو تاکێك پێش لە دایك بوون‌و پاش لە دایکبوونەکەشی ، هەندێ خاوەنی هەیە کە ئەوانیش کۆمەڵێك تاکەکەسی ترن‌و کاملن . کۆمەڵە مافێکیان لە سەر تاکە تازەکە هەیەو ئەرکیشی دەکەوێتە سەریان ، لە بەر ئەوەی کە سەر بە خۆیانەو بە پێی ئەو پەیوەندی‌و ئەو کارانەی کە لە کۆمەڵگەکەدا بەڕێوە دەچێت ، پەیوەندی خزمایەتی بە یەکیانەوە دەبەستێت . لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵە خزمایەتیەکاندا کۆمەڵگا نەك هەر کۆك کردنی «سێکس ـ ئارەزوو» ی پیادە کرد ، بەڵکو «سێکس ـ زاوزێ» کەشی کۆك کرد . لێرەدا مەستمان لە زاوزێ ، زاینە بایۆلۆژیەکەیان خستنەوەی جۆر نیە بەڵکو خستنەوەی پەیوەندییەکان‌و گروپە کۆمەڵایەتیەکانیشە ، کە هەتا تاکە کەسی تازە نەیەن‌و جێگای پێشینەکانی خۆیان نەگرنەوە لەناو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانداو ئەم گروپانە ناتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن‌و بە شداری لە درێژە پێدانی ئەم پەیوە ندییانەو کۆمەڵگەشدا

بکەن .

بوونەوەری مرۆیی لە ڕاستیدا سەر بە جۆرێکە کە نەك هەر لە زیادکردن و درێژەپێدانی زیندەگانیی خۆی بەرپرسیارە ، بەڵکو لەو گروپە کۆمەڵایەتیانەش کە کۆمەڵگاکان دروست دەکەن و لە یەکتریشیان جیا دەکەنەوە ،کە واتە مرۆڤایەتی لە بەردەم ئەرکێکی دوو پلەدایە : بە یەکەوە لکاندنی «سێکس ـ ئارەزوو» بە نەزمی کۆمەڵایەتیەوە ، دانانی «سێکس ـ زاوزێ» ش لە ژێر چاودێری کۆمەڵگەدا . بۆیە دەکرێ کە هەر زانایەکی «مرۆڤناس» شایەتی ئەوە بدات کە ئەو کۆمەڵگایانەی پێیان دەوترێ «سەرەتایی» هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەردوو ئەرکەکە بگرنە ئەستۆی خۆیانو «چێژ» بلکێنن بە سیستمی کۆمەڵایەتیەوەو ، سێکسیش بە زاینو وەچەخستنەوەی ئەو کۆمەڵگا مرۆییانەوە کە ئەو سیستمە یان ئەو نەزمە پێك دەهێنن . لەمەشەوە گرنگی ئەو سروتە جۆراو جۆرانە ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەستن بە «نێری» وە یا «مێی» تاکە کەسانەکەوە . کە ئەو ڕێو ڕەسمە لە قۆناغە یەکلاکەرەوەکانی بالغ بوونو پێش بالغ بوونیشدا لە دینامیزمی پەیوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز کە خۆیان و بەڵکو لەناو ئەو گروپو خێڵو چینە داخراوانەشدا کاریگەریی هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگە پێك دەهێنن .

«مەرج ـ منداڵ»

هەمووان ئەو مەرجانە دەبینینو تێدەگەین ، کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە سەر منداڵ دادەنرێت ، چونکە منداڵ نەك هەر جێگەی هەندێ لەو تاکانە دەگرێتەوە کە پێش ئەم لە کۆمەڵێکدا بوون ، بەڵکو دەچێتە جێگەکەی ئەوانەوە ، بەو چوونەش بەشداری لە درێژەکێشانی وەچەی ئەو کۆمەڵە «یا گروپە» شدا دەکات ، دیارە وەرگرتنی ئەو جێگایەش لە لایەن منداڵەوە بە پێی شەرعی پیادەکردنی ئەو پرەنسیپە کۆمەڵایەتییانەوە دەبێ کە پێشتر ناسنامەی ئەوەی دەست نیشان کردووە کە منداڵە سەر بە ئەم گروپەیان ئەوی تریان دەبێت ، یان لە سەر بە کۆمەڵی دایکیەتی ، یان سەر بە کۆمەڵی باوکیەتی ، سەر بە ئەم چینە داخراوەیە یان ئەوی تر کە واتە ئەوە بە ڕوونی دەبینین کە منداڵ لەهەموو کۆمەڵگایەکدا تەنانەت پێش لە دایکبوونیشی کۆمەڵە خاوەنێکی هەیە ، کەسانێکی کاملن و بە ناوی پرنسیپە پێکهێنەرەکانی هەندێك پە یوەندی کۆمەڵایەتیو چینە میللیەکانیشەوە ، کۆمەڵە مافێکیان بە سەر ئەو منداڵەوە هەیە.

منداڵ هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە ، بۆ ئەوەی مانەوەی خۆی دابین بکات هەتا سالانێکی زۆر پێش ژێردەستەی ئەو خەڵکە کاملْ بووانەیە کە بە زۆری دایەك و باوکی یان جێگرەکانی ئەوانو ئەرکی بەرپرسیاری و پەروەردەکردنی ئەویان بەدەست هێناوە یان پێیان سپێردراوە . کە واتە ئیتر منداڵ هەر لە کاتی لەدایك بوونیەوە لە هەر کۆمەڵگە یەکدا بێت ، دەبێ ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی ئاراستەی کەسانێك بکات ، کە بە پێی تێڕوانینی کۆمەڵگە «لە بارو گونجاو» بن بۆیە ناچار دەبێت ئەو ئارەزووانەی خەفە بکات و قوربانییان پێ بدات کە بەرەو کەسێکی نەگونجاو کێشی دەکەن . کاری شاردنەوەی ئەم ئارەزووە کاری خەفەکردنی بەشێکی قەوارەی منداڵەکەیە ، جا ئەو کاری کەبت و خەفەکردنە بە زۆری لەژێر فشار و سەرکوتی ئەو کەسە کاملانەوە پەرە دەسێنێ کە بە گشتی خزمەکانی پێك دەهێنن و سالە بەراییەکانی ژیانی خۆی یان لەگەڵ دا بە سەر دەبات ، ئەو سالانە کە لە ڕووی مادی و دەروونیشەوە بە تەواوی وا بەستەی ئەوانە . دوایش کەسە کاملەکان خۆیان بە هێمایان بە ئاشکرا وێنەی ئەو پیاوەیان ژنە نموونە ییانەی دەخەنە پێش چاو کە لەگەڵ ئارەزووەکان یاخود باری کۆمەڵایەتی ئەودا لە بارو گونجاون . بە کورتی لە ڕێگای ئەوانەوە نموونەیەکی دیاری کراوی «نموونەی من» دەچێتە بونیادی ئارەزووەکانی تاکە کە سەوەو «من» تایبەتیەکەشی بۆ پێك دەهێنێتو لەهەمان کاتیشدا بەشداری لە دروست بوونو پێکهێنانی ئەو پەیوەندییە

کۆمەڵایەتی و خزمایەتیانەشدا دەکات کە خێزان و هۆزی تاکە کەسەکە پێك دەهێنن.

هیچ منداڵێکیش کامڵ نابێت هەتا بەناو ئەو کۆمەڵە سەربردانەدا تێپەڕ نەبێت کە کارویارە فرە جۆرە ئاراستەکانی سێکسی بۆ سازو مااڵی دەکەن. و لایەنە کێوی و ناکۆمەڵایەتیەکانی تاکەکە خۆی لە پێناوی کۆمەڵگەدا دەبەخشێ . بەڕوەچوونی ئەمەش لە ڕێگای لاسایی کردنەوەی چەند کەسایەتییەکی نموونەیی و چەند وێنەیەکی خە یاڵییەوە دەبێت ، کە بە لای ئەوەوە ئەو زەروورەت و یاسایانە بەرجەستە دەکەن .

بەڵام لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر منداڵ پێشتر لە لایەن کەسانێکی کاملەوە مولکێندرابێت بە بەهانەی خزمایەتیەوە ، ئەوا ناکرێت ئەو منداڵە پەرە بسێنێت و ببێت بە کارایەکی کۆمەڵایەتی هەتا ئەو کاتەی کە ئەمیش ئەو کەسانە بۆ خۆی تەملیك نەکا کە بانگە شەی خزمایەتی دەکەن . بۆیە زوو بێت یان درەنگ ئەو منداڵە «تاکە» ئەوەی بە لاوە پە سەند یان ناپەسەند بێ کە خۆی ببێت بە کوڕ یان کچ ، برا یان خوشکی کەسێکی تر . لەوا بەستەیی بە خزمانیەوە لە کاتی لە دایکبوونیەوەو بە هۆی وابەستەیی تە واوی جەستەییەوە ، منداڵ بۆ ئەوەی کە ببێت بە بوونەوەرێکی تەواوی کۆمەڵایەتی ، دەبێ لە پاش پەیوەست بوونی بە خزمانیەوە هەر لە قۆناغی هەرزەکاریەوە بە هەر ڕێگایەك بێت دەبێ سەربەخۆیی خۆی بە دەست بهێنێت ، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوا وەك «کارایەکی کۆمەڵایەتی» تووشی داخوران دێتو لەگەڵ داخورانی ئەویشدا بە شێك لە کۆمەڵگا تووشی داخوران دێتو بەمەش لەناو کۆمەڵگەدا بە کۆمەڵگەشەوە سەرنگوم دەبێ .

ئەم شێوازانەی وا بەستە بوونو ئازاد بوونە وا لە تاکەکەس دەکات کە لە یەك کاتدا تووشی خۆشیو تووشی ئازار چەشتنیش بێتەوە . بە لای هەندێکیانەوە ئازار چەشنە چونکە ناتوانن بە توانایبە تایبەتییەکانی خۆیانەوە بەبێ کۆمەڵ و ڕاوێژی کەسانی تر ژیان بگوزەرێنن . وە لە ڕێگای ئەم شێوازانەی وا بەستە بوونو ئازادبوونەوە کە بۆ منااڵ پێویستن جۆرە پێکهاتەیەك بەرجەستە دەبێ کە فرۆید بە دەستەواژەی «گرێی ئۆدیب» ئاماژەی پێ دەدا .

---

* Oestrus یان سووڕی سێکسی : مەبەست لە کۆمەڵە دیاردەیەکی فسیۆلۆژیو وەزیفەییە کە لە پێش و لە کات و لە پاش قۆناغی زاوزێی مێینەی مەمکدارەکان دەردەکەون. ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە زۆربەی ئاژەڵە مەمکدارەکان کاتێکیان بۆ جووتبوونو زاوزێ هەیە . لەوانە شە لە سااڵ جارێ زیاتر دەرئەکەوێ . دەشتوانین ئەو قۆناغە بە سووڕی ورووژاندنی سێکسی ناوزەند بکەین .

خوێنەرانی ئازیزی

(گەلاوێژی نوێ)

ئاگادارتان دەکەینەوە کە ژمارەی ئابڵندەمان تایبەتە دەبێ بە شانۆ.

لەم ژمارەیەدا چەند دەقێکی کوردی و بیانی و وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر شانۆ دەخوێنەوە.

قوبادی جەلی زادە و

هێنانەوەی جەستە لە مەنفا

گفتوگۆی تەلعەت تاهیر



لەوانەیە لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و لای خۆمان بەتایبەتی هیچ بابەتێك هێندەی جەستە قسەکردن لەسەری خەنەرناك و ناشەرعی نەبێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ڕاستە وخۆ و ناڕاستە وخۆ هەست بە وەدەکەن کە ئینتیمایان بۆ کۆمەڵگا دوورو نزیك لە سەر ئەوە وەستاوە خۆیان لەو بابەتە نەدەن کە جەستەیە .. بێ دوو دڵی دەڵێم کە هەر هەموومان هەزمان لێیە بزانین لە مەریخ ژیان هەیە یان نە ، کەچی لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەندامانی جەستەمان حیوارمان نییە .. ئەمەش ئەوەیە لەوەوە سەر هەڵدەدا کە ـ جاری گوتەنی ـ سەرجەم میژووی ڕۆژهەڵات لە سەر داپلۆسینی جەستە بەرهەم هاتووە . قوبادی شاعیر یەکێکە لەو کەسانەی بە چەکوشی مەعریفی و شیعری و جوانی خەریکی شکاندنی کۆت و پێوەندەکانی جەستەیە .. ئەوەندە ماوە بڵێم خوێنەری بەڕێز : پێش خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنەی کاك قوبادی جەلی زادە لەگەڵ جەستەی خۆت ئاشت بەوە .. ئینجا بڕۆ سەر سفرە .

تەمتومان

نوسینی جەلال زادە



*** ژن لەژیانی مندا بوونێکی ڕەهایە .**


* دەبێ چاوپێکەوتنت لە گەڵدا ساز نەکراوە بۆیە حەق خۆیەتی بپرسین ئێستای پەیوەندیت لە گەڵ ژندا چۆنە ؟ کاتێکیش لە ئێستای ژن دەپرسم ئێستای ئیرایەتیشت دەگرێتەوە .

ــ پەیوەندی من بە ژنەوە پەیوەندییەکی ئەزەلی ئەبەدییە . پەیوەندی من بە ژنەوە پەیوەندییەکی شۆڕشگێرانەیە نەک دادگیرکەرانە . من پێشەرگەم و ژن وڵاتێکی داگیرکراوە . شەڕی مَن من کە چەکەکەی شیعرو جوانییە . شەڕێکی مۆدێرن و حەزاریە لە پێناو ئازادکردنی ئەم نیشتمانە بن دەستە . پەیوەندی من لەگەڵ ژندا ، زەمەنی ئێستا و دوێنێ و دواڕۆژی تێدا نییە . ئەو پەیوەندییە پیرۆزە قابیلی مەدو جەزر نییە . زەمەن بە هەمووجۆرییەکانیەوە ناتوانێ ئەم پەیوەندییە جێگیرە لەق بکات . شمێری زەمەن دەستە وەستانە لەوە کە بتوانێ ئەو زریزە زێڕینانەی من بە ڕۆح و جەستەی ژن دەبە ستیتەوە ، ، بپچڕێنێ . پەیوەندی من بە ژنەوە . پەیوەندی گۆیە بە مەمکەوە ، گڵینەیە بە چاوەوە ، پەیوەندی گەرمایی یە بە ئاگرەوە . سەرەتاکانی پەیوەندی من بە ژنەوە لە سەرەتاکانی چرۆ کردنمەوە ، وەک جەستە ، دەست پێدەکات ، ئەو دەمانەی تازە بەتازە لەنێو ڕەحمی دایکمدا چەکەرەم دەکرد ، لەوێ لەنێو ئەو بانیۆ گەرمو لینج و ئەمینەدا ، ئەلفو بێی خۆشەویستی ژن فێربووم .. پێم وایە لەدایك بوونیش ، مومارە سەیەکی خۆشەویستی بێت بە ئیتیجاهێکی پێچەوانەدا گەشتی نێرایەتی پیاو لەوڕاوە دەست پێدەکات و تا بە هەفتا پەرییەکەی بەهەشت شاد دەبێت . دوای ئەو میهرەجانی جەستەیەش هەر درێژەی دەبێت .. نێرایەتی پیاو .. هیچ نەبێ نێرایەتی من ئەوکاتە چك دەکات ، کە خودا لە خوڵقاندنی بەهەشتو لە داباریتی پەریە ناگرینەکانی پەژوان بێتەوە .. کێ دەڵێ چرکەکانی سەرەمەرگ و گیان لەدەست دانبش ، ساتەکانی بەتاڵ کردنەوەی جەستە لە ڕۆح ، جۆرێك لە مومارەسەی خۆشەویستی نییە ، ئەوەی لەو کاتەشدا سەرتاپای جەستەی گرژ نابێتەوەو پاشانیش باوەش بە خاویوونەوەدا ناکات !

* کەواتە تۆ لە مومارەسەی خۆشەویستێکی بەردەوامی و حاڵەتی سەفا ــ صەحو لەزەمەنی پیاوەتی تۆدا نییە ؟

ــ من لەنێو ئۆکیانووسی جەستەدا . ماسیەکی عاشقم و تا ئەبەد سەمای شێتانەی خۆمی تیا دەکەم ..

* شمێری ژن ، قەسیدەیەکت بوو ، بەم دواییە لە یەکێك لە شاشە کانی TV خوێندتەوە .. دەیان جار ووشەی ژن ، دووپات کرایەوە .. تکایە بۆ ئەوەندە ژن .. ژن..



ـ چونکە هیچ نەبێ ژن سەرکردایەتی یەکەم یاخی بوونی کردووە لە یاساو دەستوورێك ، کە حەزو ئارەزووەکانی ئابلووقە دابوو ، لەوەختێکا هەزاران شمشێری «زوالفقار» ی بەسەر سەرەوە بوو.

* چۆن و کەی ؟!

ـ داپاچینی سێو ، بەر لە دایك بوونی مێژوو ؟

* نەی رۆڵی ئادەم ..

ئاداەم جگە لە رۆڵی کلکایەتی چ دەورێکی دیکەی نەبوو .

* باشە کێ دەڵێ بیرۆکەی سێو خواردن هەر لە بنەرەتەو هی ئادەم نەبوو کەچی حەوای پێ گوناهبار دەکەن .

ـ میتۆلۆژیا وامان پێ ناڵێ .

بڵێم کە یەکەم سك وزا لە مێژوودا پیاو کردوویەتی .. ئەمەش شەرەفێکی گەورەیە بۆ پیاو .

* پاشان ؟

ـ ئیدی ئادەم بۆی نەکرا دەستی حەوا بگرێت و لە داپاچینی سێو پەژێوانی کاتەوە .

* چی کاك قوباد ، کامیان دەست پێشکەری کرد لە داپاچینی سێوە حەرامەکە ؟

ـ من پێم وایە حەوا ، چونکە دوای بەهەشت بەدەر کردنی حەوا ، توانی دوو سێوی بدزێ و دەربازی کات ، بێ ئەوەی پاسەوانەکانی بەهەشت درکی پێبکەن ، ئەمەیان ئەوە دەگەیەنێ کە حەوا چەند عاشقی سێوە حەرامەکانی بەهەشت بوو .. کەچی ئادەم زۆر گێلانە ، بە ڕووت و قووتی ، بێ ئەوەی کەمێ لە جەمالیەتی بەهەشت لە تەڵشتەکانی لەشی بشارێتەوە ، ئاودیو کرا..

* ئەو دوو سێوەی حەوا چیان بەسەر هات ؟

ـ بە سەر سنگی ژنەوە هەر بەحەرامی مایەوە .

* دیارە تۆ پیاو بە ناشیرین دەزانی ؟

ـ پیاو دۆزەخی پیاوە .

* باشە کاك قوباد ، تەورات دەڵێ حەوا نازدار بووە ، تۆ ئادەم بوایت باینجانیشت نەدەخوارد ؟

ـ ئادەم ئەو کاتە ، لەبەردەم دوو «خیار» دا بووە کە ڕەنگە هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو خیارە کارێکی ئاسان نەبووبێت . بەڵام دیارە خۆشەویستی حەوا زۆر کاریگەرو بەهێز تربووە لە فەرمانێکی فەوقی کە ڕەنگە جگە لەترس هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکە پێکەوەی گرێ نەدابێ .. من ئادەم بوومایە نەك باینجان بەڵکو بەردیش بوایە دام دەپاچی .

* ئەی لە سزاکە نەدەترسای ؟

ـ پێم وانییە سزایەکی توند بوو بێت ، چونکە بەهەشت بە دەرکردنی بە جووتەو لێك دانەبڕانی ئەو دوو بوونەوەرە عاشقە ، بەڵگەی ئەوەن کە خوداش ڕەحمی پێکردنو ڕێزی ئەو خۆشەویستییە قوولەی گرتووە کە ئەم دوو گیانەی لە بۆتەیەکدا قاڵ کردۆتەوە

* ڕۆژانە هەزار مینی لەزەتم بە ڕۆح و جەستەدا دەتەقێنەوە .

ـ ئاخر ڕەنگە پیاو ئەفسانەی نووسیبێتەوەو ڕووداوەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی ئاوەژوو کردبێتەوە .

ـ بە عەکسەوە کاك تەلعەت ، خۆزگە شەرەفی داپاچینی سێو بەر ئادەم دەکەوت ، چونکە حەوا بەر لە ئادەم لە گەورەترین دەرگات مێژووەوە وێنەی نەمری خۆی کێشا .

* باشە نەیێنی ئەم لاوازییەی ئادەم لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ ؟

ـ ئادەم لە نێو لرفەی دوو تۆفانی خۆشەویستیدا ، وەك کەڵەکێکی تێك شکاو وابوو ، توانای بەرگری لەدەست دابوو .

* کام دوو تۆفان ؟

ـ عیشق ـ داپاك ـ باوك بۆ جگەر گۆشەکەی و عیشق مێرد بۆ تاکە ژنەکەی .

* ئێ نەگەیشتم !!

ـ ئەی ئەفسانەکان پێیان ناڵێن ، ئادەم لە سەرەتادا ، دایکی حەوا بوو ، پاشان بوو بە مێردی .

* چۆن ؟

ـ ئەدی ئادەم دوو گیان نەبوو بە حەواو لە پەراسووەکانی ئەوەوە نەهاتە دەرێ .. من دەمەوێ پێت

، دەبوایە سزای ئەم گوناهە گەورەیە ، کە سەرپێچی کردنی فەرمودەکانی خودایە ، لێك زانرانی ئەم دووانە بوایە ، کە دەکرا یەکێکیان لە بەهەشت زیندانی بکرێت و ئەوی دیکە شیان لە هەرێمەکانی دەرەوەی بەهەشت بەرەڵا کرایە . ڕاستە ئادەم لە بەهەشتێك دەرکرا ، بەڵام بەهەشتی ژن قەرەبووی دایەوە .

* کاك قوباد ، پێت وایە ئەمە هێنانی بەهەشت بەدەر کردنی ئادەم و حەوا بێت یان تەسەوری شتێ تر دەکەی ؟

ــ بڵێم چی ، کاك تەلەعەت ، لەوانەیە حەوا جوانترین و نازدارترین فرشتەی بەهەشت بوو بێت ، کێ نازانێ فریشتەکانی دیکە حەسوودیان پێ هەڵنەبردووەو غیرە بەر چاوی نەگرتوون و داوێکیان بۆ دانەنانەتەوە ، ڕەنگە گەلەکۆبی فریشتان لە خشتەیان ، بردبێت و گوناهێکیان پێ کردبێت و پاشانیش پەنجەی تاوانیان بۆ ڕاکێشابێت و پێیان گوتبێ : «بۆ دەرەوە تۆ دڵی خودات شکاند»

* بڵێی زیندە بەچاڵ کردنی ژن پەیوەندی بە کارەساتی سێوەوە هەبووبێت ؟

ــ ئەلبەت .. عەقڵیەتی باوی ئەوسای زیندە بەچاڵ کردنی کچ و ئێستای سەردەم ، پێی وابووەو پێی وایە گەر حەوا مێینەیەکی نەوسن نەبوایە ، ئەوا پیاو هەتا هەتایە لەگەڵ فریشتە نازدارەکانی بەهەشت لە سەماکردندا دەبوو، تا هەتایە لەنێو ڕوویاری شەرابەن تەهورا مەلەی دەکردو خۆی بە پەشتەمالێ پێغەمبەرەکان ووشك دەکردەوە ، کەوانە کە ژن بوبێتە باعسی ڕمانی قەڵاکانی حەزو لەزەتی پیاو ، ئەی بۆ موستەحەق ئەوە نەبێت کە تۆڵەی لێ بکرێتەوە دیارە ژن لای پیاو لە لەحزەی داپاچینی سێوەوە بوو بە عەورەت و شتێکی نەفرەت لێ کراو .. تا هەنووکەش زیندە بەچاڵ کردنی ژن هەر بەردەوامە ، ئەوسا لە تەمەنی منداڵی و ئێستاکەشی لە ساتەوەختی عازەب بوون و کامڵ بوون ، کە زەنگە پەمەییەکانی غەریزە لە گوێ ناسکەکانیدا دەزرینگێتەوە .. ئەو کاتانەی سێوە حەرامەکانی سەر سینگی چرۆ دەکەن . کە ئەم تاوانە یان زۆر خەتەرناکترە لە تاوانی سەردەمی جاهلیەت .

* پێت وایە دەبێ لەناو چاوی هەموو پیاوێکدا ژنێك بژیت ؟

ــ بەڵێ ، کاکە گیان ، پێچەوانەکەشی ڕاستە ، چونکە ئەمەیان حاڵەتە سحیەکەی ژن و پیاوە وەکوو دوو جنسی بەرامبەر ، خۆ ئەگەر وانەبن ، یان دەبێ تووشی نەخۆشییەکی دەروونی یا جەستەیی هاتبن ، یان دەبێ خوانەخواستە «منحرف» بن .. پێت سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم پاڵەوانێکی میللی وەکو مامەڕیشە ، ئەگەر دڕای سەرکەوتنی هەر چالاکییەك ، حەزی لەوە نەبوویێت کە کچە لادێیەك بە چەپڵەی سەرکەوتن پێشوازی بکات ، قومە دۆیەکی دەستی ژنە جوانێکی گوند نشین نەی جولاندبێ ، ئەوا بەش بە حاڵی خۆم خوێندنەوەیەکی ترم دەبێ بۆ کەسایەتی مامەڕیشە . ژن لە ژیانی منداا بوونێکی ڕەهایە ، بەدەر لە هەست کردن بە کات و شوێن .

* تۆ بەوە تاوانبارێت کە لە شیعرە کانتاندا ژن تەنها وەکو ئامێرێکی بەرهەم هێنانی لەزەت دەبینی دوور لە هەموو ئەرکە مرۆییەکانی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد ..

ــ خوێندنەوەی من بۆ ژن خوێندنەوەیەکی ئیرۆسیانەیە ، خوێندنەوەیەکی خۆشەویستانەیە ، کە ئەمەیان هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ ، کە ژن ئیدی جگە لە کاری سێکساندن چ ئەرکێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی پێ ڕەوا نەبینین .هەر چەندە من وای بۆ دەچم خۆ خەریك کردن بە کاروبارە سیاسییەوە ، ئەدگارە جوانەکانی عاتیفەو خۆشەویستی «تشویه» دەکات . بەڵام خۆ حەقمە بپرسم کە ئایا ژنێك چون دەتوانێ سەرکردایەتی گروپێك یان حزبێك یان ڕێکخراوێك ، یان هەتا لە لوتکەی هەرەمی وەزارەتێك بێت لە کاتێکدا خۆی وەك

* نیشتیمان تەنیا چوار پارچەیە ، بەڵام لەش ملیۆنەها پارچەیە .



ژن ، وەك جەستە لە ژێر چەوسانەوەی کۆمەڵێ نەریتی ئێکسپایەریووی بەجێماوی سەردەمە تاریکەکانی مرۆڤایەتیدا بێت .. ناکرێ جەستە عەورە بێت و لە زیندانا بێت کەچی ژن لە پێشەوەی ڕێپێواندا دروشمی ئازادی نیشتمان هەڵگرێت .

من هەرگیز ناتوانم لەشی ژن لە هۆش و گۆشی خۆم فڕێ دەمە دەرێ وەك ئەفلاتوون بە شاعیرانی کرد .. ئەمن هەمیشە بە ڕووتی لەنێو ئەو کێڵگەی مینەدا ڕادەکەم و سەمای مەرگ و ژیانەوە دەکەم .. ڕۆژانە هەزاران مینی لەزەتم بە ڕۆح و جەستەدا دەتەقێتەوە . دەمەوێ بپرسم ئایا تا هەنووکە چ ژنێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی باری ئەوەی داوە کە کە ئیدی لەبەر کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرگاکانی جەستۀ قفڵ دەدات . کام ڕێکخراوی ژنان ، ئەندامانی خۆی وا پەروەردە دەکات کە کانیاوەکانی حەزو ئارەزوویان کۆنکریت بکەن . ژن لەهەر بوارێکدا کار بکات ، بیەوێ و نەیەوێ ، جەستەو ژنایەتی هەر بە دواوەیە ، کەس ناتوانێ بە هیلێکی ڕاست و چەپ جەستە ، وەك بەخوڕترین ڕووباری لەزەت و خۆشەویستی ئیلفا بکات . ئایا بێ نەزیر بۆتوو چیلەرو تاتشەرو مەلیکە فکتۆریا .. کەسانی تر ، وازیان لە ژنایەتی و مومارەسەی خۆشەویستی هێناوە . ڕەنگە لە ژیانی ئەو ژنانەدا نەك تاکە پیاوێك بەڵکو دەیان پیاو هەبن دایانا ، نموونەی ئەو ژنە مرۆڤ پەروەرانە بوو کە تا ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەنووسان بە کوشتیان‌دا ، بەقەد ئەوەی لە خزمەتی مرۆڤایەتی دابوو دە ئەوەندەش خەریکی موغامەڕاتی خۆشەویستی خۆی بوو ، دایانا ئەوەندە ماندوو بوو بە تێرکردنی منداڵە برسیەکانی ئەم دونیایە ئەوەندەش بە تێرکردنی حەزو ئارە زووەکانی جەستەی خۆیەوە ماندوو بوو . تۆ ئەگەر پێت وایە من بەوە گوناهبارم کە ژن تەنها وەك ئامێرێکی بەرهەم هێنانی لەزەت دەبینم ، ئەمە ڕەنگە ڕای هێندێ کەس بێت کە بە قوواڵی نەچۆتە ناو شیعرەکانمەوە ، ڕاستە من لەیەکێ لەگۆشەنیگا ، جیاجیاکانمەوە وا دەڕوانمە ژن کە ئامێرێکی بەرهەم هێنانی لەزەتە ، لە هەمان کاتیشا پیاویش ئامێرێکی بەرهەم هێنانی لەزەتە بۆ ژن بەڵام لە پاڵ ئەم ئەرکە پیرۆزەی هەردوو لادا زۆر ئەرکی دیکەی پیرۆز هەن بەسەر شانی ژن و پیاوەوە .

* لەوانەیە هەر ئەو بۆچوونە وای کردبێت کە هەندێ ژن نووسەرو شاعیر دەنگی ناڕەزایان بەرامبەرت هەبێت ؟

ـ کێن ئەو ژنە شاعیرانەی دەنگی نارەزایی هەڵبڕیوە .. من هەرگیز هەستم بەو ڕقەبەریو سەنگەر لێگرتنە نەکردووە ، ئایا کاك تەلعەت ، تۆ ناوی هیچ ژنە نووسەرو شاعیرێکت لە مێشکدایە کە پێمی بڵێی ، یان ئەمەیان مجرد شعوری تۆیە ، ڕەنگە هێندێ ژنە شاعیر وا خۆیان نیشان دەن ، بەڵام دڵنیام من و شیعرەکانم لە شەوە ساردو تووشەکانی زستانی کوردستان ، میوە ئاگرینەکانی ڕۆح و جە ستەی زۆر ژنە شاعیرو ناشاعیرم .. دڵنیام زۆرن ئەوانەی شەوانە گۆی مەمکە تەزیوەکانیان لەبەر پشکۆی ووشەکانم گرم دەکەنەوە ..لەوانەشە لە نێوان من و دەورویەردا جۆرێك لەێك نەگەیشتن ـ سوء تفاهم ـ هەبێت .

* ئەوەی ڕای «نازدار» ی هاوسەرت ..

ـ بزانە .. تۆ دەزانی ژنەکەم ناوی نازدارە .. چونکە چەندین جار لە چەندین قەسیدەدا ناوی هاتووە .. بەڵام ئەگەر لێت بپرسم ژنی شێرکۆ بێکەس یان کەریم دەشتی یان ئەحمەدی مەلا یا گۆران ، ناوی چییە نایزانی ، ئەمە خاڵێکی گرنگە کە من و زۆربەی هەرە زۆری شاعیران و نووسەرانی کورد لێك جیا دەکاتەوە . من بەو پەڕی جورئەتەوە ، من و ووشەکانم من و شیعرەکانم من و حەزە حەرامەکانم ، من و منداڵەکانم ، من و ژنەکەم و ژنە قاچاغەکانم ، هەر هەموومان وەك تیپێکی سەما کردن بە ڕووتی هەڵدەپەڕین .. هەموو دەمامك و جل و بەرگە ساختەکان لە خۆمان دادەماڵین .. من ژووری نووستنەکەم دەخەمە سەر کاغەز .. من ئەوراقی هەموو ژن و مێردە ساختەچییەکان کەشف دەکەم . ئەوەی من لە قەڵەمەکانی تر جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە ناخی شاراوەی ئەواندا گۆرێك هەیە بۆ ناشتنی گوڵە جوانەکانی حەزو بااڵنده سیحراوییەکانی «حەرام» ، کە لەگەڵ ڕۆشبیری و ڕەوشتی باودا تێك ناکاتەوە . بەشانازییەوە دەیڵێم ئەو گۆڕە نەگریسە لەناخی یاخی بووی منداا نییە ، بۆیە بەردەوام بەپێچەوانەی تەیاری باو مەلەی هونەرمەندانەی خۆم دەکەم ..

* کەوابێ تۆ پێت وایە ، قەڵەمێکی ئاسایی نیت ؟

ـ جیاوازی زۆرە لەنێوان مرۆڤی ئاسایی و شاعیرێك ، یان هونەرمەندێك ، شاعیر پیاوێکە خەودەبینێ ، پڕاوپڕە لە حەزوو ئارەزوو هەوڵی ئەوەدا کە جیهان بڕمێنێ و سەر لە نوێ جیهانێکی نوێ بنیات بنێ ، جیهانێکی تایبەت جا ئەو مرۆڤە نائاساییە ، بەڵایەوە گرنگ نییە ، لەمەودای نێوان ڕووخان و بنیاتنانی ئەم دوو دنیایە چەند کەس دەمرن و چەند کەس ڕەنگی خۆیان لەدەست دەدەن و چەند کەس دەتۆرێن و چەند کەس دەبن بە هیچ .

* بە سەراحەت کاك قوباد ، ئێرۆسیەت تەنیا لە ژن دا نییە ، بەڵکو لە باران و لەتاوس و خۆرنشینی و هەتا لە بینینی کەناریە کیشدا هەیە ، کەچی لەمێژ نییە پێت گووتم «بێجگە لە ژن» من کەناریەك و کەرێك و وەك یەك دەبینم .

ـ دەشێ لای کاك تەلعەت وابێ ، بەڵام روانینی من بۆ ئەو جۆرێکی تره . ئێرۆسیەت لای من بریتییە لە گۆڕینەوەی جوانی بە جوانی لەزەت بە لەزەت ، ڕۆح بە ڕۆح ، جەستە بە جەستە . ڕاستە باران و خۆرنشین و پەپوولە مرۆڤ دەوروژێنن ، بەڵام تەنیا دەتوانن پەیوەندییەکی تاك لایەنە دروست بکەن ، ئەوان تەنیا دەتوانن مرۆڤ بدوێنن بەڵام توانای ئەوەیان نییە گوێ لەو مەخلوقە ناتقە بگرن ، کەواتە باران عاجزە لەوەی کە پردێکی پەیوەندی و حیوارێکی بەخشندە لە نێوان خۆی و مرۆڤدا دروست بکات .. لەوانەیە لای تۆ ئیرۆسیەت لە بەردی مجردیش دا هەبێت و بتگەیەنێتە لوتکەی ئۆرجازمیش ، بەڵام لەوانەیە لای من ساتەوەختێکی شاعیرانە دروستی بکات .. لە بیرمە شەوێك لە شەوانی ئاواره بوون ، لە تەنیشت بەردێك خەوتم کە بەقەد بەژنی خۆم درێژ بوو ، سەرەتا ئەو نووستنەم بەلاوە زۆر دژوار بوو ، کەچی بەخەیاڵی بەر بڵاوی شاعیرانەم توانیم ئەو بەردە بکەم بە بەژنی ژنێکی نەرم و نیان و تا بەرەبەیانی خەوێکی خۆشی لە پاڵدا بکەم .. بەڵام هێشتا بۆچوونەکانمان لێك دوورن . چونکە لای تۆ ئیرۆسیەت لە باران و بەردا هەیە وەك

دوو بوونەوەری سەربەخۆ ، کەچی لای من بەردو باران خاڵین لە ئیرۆسیەت مەگەر لە ژنەوە بۆیان بخوازیەوە .

* پاستە ، لێك دوورین ..

ــ ئەوەی لێکیشمان دوور دەخاتەوە ئەوە یە کە ، بەلای منەوە هەموو تیشکەکانی جوانی ، بەهەر شتێکەوە بن ، فۆتۆکۆپی یەکی تەڵخی ئەو نوسخە ئەسڵی یە نیە کە لە نێو چاوەکانی ژندا ، خۆرێکی ئەزەلی و ئەبەدییە ، ئەگەر بەدەر لەو چاویلکەی جوانییەوە ، سەیری شتەکانت کرد ئەوا بەهاکانی جوانی ئاوەژوو دەبنەوەو کارتەکانی جوانی تێکەڵو پێکەڵ دەبن . جا کە هاتیت ئەو خۆرە پرشنگدارەی ناو چاوی ژنت خامۆش کرد ، ئیدی مامەڵەکردنێکی ئێستاتیکانەیە ئیرۆسیانە لەگەڵ دەنگو کەناریو حوشتر . . هەموو بوونەوەرێکی دیکەی ئەم گەردوونە ، دەبێ بە کارێکی موستەحیل . لە چامە یەکدا گوتومە کە :

لە شەممەدا ژن فەنا دەبێت :
دووشەممە : تریفەی حوشترو میزی مانگ
سێ شەممە : چریکەی کەرو زەرینی کەناری
هەینی : تریفەی میزو حوشتری مانگ
چوارشەممە : چریکەی زەرینو کە ری کەناری
یەکشەممە : حوشتری تریفەو مانگی میز
پێنجشەممە : کەری چریکەو کەناری پیسایی

تەماشاکە ، لە فەنابوونی ژندا ، چۆن رۆژانی هەفتە تێکەڵو پێکەڵ دەبن و چۆن بەهاکانی جوانی دەژاکێن .

* باشە کە پێشەرگەیەکی ژن بە چەکەوە دەبینی..

ــ ئەگەر بوێرم بە راشکاوی قسە بکەم ، من چەکدارکردنی ژن بە تاوانو گوناە دەزانم ، لە پێناوی هەر بیرو باوەڕو مەسەلەیەك بێت ، بە تایبەتی لەنێو گەلی ئێمەدا ، چونکە پیاوی تینوو بۆ چەك هەڵگرتن ، تینوو بۆ شەڕ ، بۆ خۆبەکوشتن دان ، بۆ شەهید بوون ، ئەوەندە زۆرو زەوەندە ئیدی پێویست بەوە ناکات ژن خەریتە ببەستێ ، ژنی چەکدار لە پیاوێك دەچێ کە بەعەمەلیەتێکی برینکاری بوو بێتە ژن یان پێچەوانەکەی

* چەوساندنەوەی لەش بەر لە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی و نیشتیمانی دەکەوێ .

، کە هەم پیاوەتی و هەم ژنایەتی لەدەست دەدات ، کە ژنێکی چەکدار دەبینم ، گۆرانی بێژی تورك ، بڵند ئارسۆم دێتەوە بیر ، کە بە شکڵ ژن و بەدەنگ پیاوا ، لە کەرێك دەچێ جار و بەرگی ژنانەی لەبەر کردبێ و لە سالۆنێکدا ماکیاج کرابێ .. بێزم لە بڵند ئارسۆ دەبێتەوە تا ڕادەی ڕشانەوە .. ژن دەبێ ژنایەتی خۆی لەدەست نەدات و پیاویش هەروەتر .

* بەم بۆچوونەی خۆت ، لەوانەیە زۆر ژن بکەیت بە دوژمنی خۆت چونکە ژنان هەن ، حەز دەکەن گەردنیان مەدالیای شەهادەتی پێوە بێت نەك ملوانکەی دەسگیرانەتی .

ــ من نامەوێ کەس سارد کەمەوە لەچەك هەڵگرتن ، چونکە مەسەلە یەکی زاتییە . بەڵام دەمەوێ هەموو ژنێك دڵنیا کەم کە لە کن من ، ژن هەر لەسەر کێشەو بەکرێدانی لەشیان گوللەباران دەکرێت .. بەقەد ئەوەی بڕوام بەوە هەیە کە لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ، ژنێك هەیە ، ئەوەندەش بڕوام بەوە هەیە کە لەپشت هەموو ژنێکی لادەرو گوناهباریشەوە ، پیاوێك هەیە .

* ژن یان جوانی ژن ، لە مێژوودا بۆتە مایەی زۆر شەڕی دڕندەی خایەن کە هەزاران پیاوی تێدا بۆتە سووتەمەنی دەکرێ لەمەودوا ژن روانگەکی ئیجابی ببینێ لە ڕاگرتنی شەڕ ؟

ــ بۆ ناتوانن .. دەبێ بتوانن ..

* تۆ ژن بووبتایە لەشەڕی ، کورد ــ کوردا چیت دەکرد.

ــ من ژن بوومایە :

لەعەرەبی حەرامدا ، ووت ووت دەبوومە وە
تا تفەنگەکانی لێکیان لە دەمی دەڕژا
من ژن بوومایە
بە مەمگ سەنگەرەکانم داگیر دەکرد
تا جەنگاوەرەکانی ساوا دە بوونەوە

* تۆ ڕێگا دەدەی ژنە کەت نەوە بکات ؟

ــ (ئەم پرسیارە بۆ لەمن دەکەی ، ئایا مەعقولە لە

جیاتی ژنەکەم ، بە بەڵێ یا بە نەخێر وەرامی ئەم پرسیارە قورس و خەتەرناکە بدەمەوە . بۆیە بۆت هە یە ئەم پرسیارە لە نازداری ژنم بکەی کە ئەمە ژمارەی تەلەفۆنەکە یەتی (١٩٥٦/٧/١) ...) (١)

* بە راست کاک قوباد لە قەسیدەی «سێدارەکانی یەهەشت» دا کێمەڵێ بەروانی هەن ، دەتوانی دەستنیشانیان بکەیت و رووتی بکەیتەوە .

ــ ئەو بەروارانە رووداوی مێژوویین .. رووداوی گەورەی جیهانین .. یا خودنەر خۆی بە دوایاندا بگەڕێ ، بەڵام ١٩٨٠/٦/٢٢ ڕۆژی زاوایەتیمە .. یەکەم ڕۆژی مانگی هەنگوینە ، چونکە ئەو ڕۆژە جەستە عەورەت نە بوو ، مومارەسەی خۆشەویستی مومارەسەیەکی مەشروع بوو .. ئەو ڕۆژەو ڕۆژانی دواتریش کەس پێی نەگوتین لەگەڵ ئەم جەستەیە مەنوو ... پێنج سەیر بوو ، یەکەم جارم بوو ، دوای جووت بوون ، دوای زاوایەتی و خوێن ڕشتن ، پۆل پۆل خەڵک پیرۆزباییان لێ دەکردین .. ئەوکاتە تێگەیشتم کە ڕەوشت و ئەخلاق هیچ پەیوەندییەکی بە تێکەڵ بوونی نێرو مێوە نییە .

* پێوانیە تۆ شەرعیەتی شیعرەکانت لە ناشەرعیەتی بابەتەکانی نووسینت دابێ و بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەیتە وشە ، مانایەکی ناشەرعی تیا دەناخنی ؟

ــ شەرعیەت و ناشەرعیەت مەسەلەیەکی نیسبییە ، وەک جوانی و ناشیرینی وایە . هیچ شتێ هەتا سەر ڕاستەقینەی خۆی لە قەفەسەوە بۆ هەوای ئازادی .. دەبێ بکۆشین ، مومارەسەی خۆشەویستی ، نەک هەر تەنیا لە دنیای دزی و جەردەیی و پیاو کوشتن و غەیبەت و جنێو ... شتە دزێوەکانی تر جیا بکەینەوە ، بەڵکو دەبێ بە جدی خەبات بکەین تا بەهای مومارەسەی خۆشەویستی بە ڕادەیەک بەرز بکەینەوە تا ئاوەش بە جۆرەکانی عیبادەت دا دەکات .. وا بکەین مومارەسەی خۆشەویستی لە کەنارە پیرۆزەکانی نوێژکردن نزیک بکەینەوە ، چونکە بەلای منەوە جووت بوون پرۆسەی بەفریشتەکردنی ژن و بەغیامانکردنی پیاوە .

* تۆ هەموو ئاکامەکانی شەڕ فرۆشی لە هاوکێشەی جەستەدا نابینی . بە واتای ئەوەی نیشتمان ئازاد ناکرێ تاوەکوو مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە جەستەیان ئازاد نەکەن . ئایا وڵات ئاوەدان دەکرێتەوە ، لە کاتێکدا جەستە وێران دەکرێ .

ــ هەروەک خووت وتت سەرجەم مێژووی ڕۆژهەڵات لە سەر داپڵۆسینی جەستە بنیاد نراوە .. کەواتە چەوسانەوەی لەش بەر لەچەوسانەوەی جینایەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی کەوتووە .. بۆیە دەبوایە هەمیشە شۆڕشی ئازادکردنی جەستە پێش شۆڕشی ئازادکردنی نەتەوەو نیشتمان بکەوێ .. بەڵام کوا کام سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی ، یان کام سەرکردەی کورد وێڕایەتی خۆی لەم بوارە بدات .. بۆ ؟ چونکە جوڵانەوەی سەرفرازی نیشتمانی ئەو خەتەرە نەبووەو نابێ لەسەر ئەو سەرکردانەی بانگەشەی بۆ دەکەن . هەڵگرانی ئاڵای سەرفرازی خاکو نەتەوە تەنیا ڕوویەڕووی داگیرکەران دەبنەوەو شەڕێک دەکەن کە بە پێی هەموو ئاینە ئاسمانییەکانو یاسا مرۆڤ کردەکان ، شەڕێکی ڕەوایەو سەرجەم نەتەوەش بە دوای دەکەون .. بەڵام جاردانی شۆڕشی ئازادکردنی جەستە ، جگە لەوەی کەشەڕێکی قورس و ترسناکە دژی کۆمەڵێ

* لە شەوە ساردەکانا میوە ئاگرینەکانی ڕۆح و جەستەی ژۆر ژنە شاعیرو ناشاعیرم .

یاساو نەریت‌و عورف‌و ئاینی چەق بەستوو ، شەڕێکی خوێناویشە لەگەڵ نزیك‌ترین هاوڕێکانت . شەڕکردن لە گەڵ ژنەکەت ، لەگەڵ منداڵەکەت .. بۆیە تا هەنووکەش کەم کەس دەوێرێ خۆی لەقەرەی ئەم جەنگە پیرۆزە بدات . من دەمێکە گوتوومە : «ڕۆح سێبەری لەشە ، لەشی ئازاد سێبەری ئازادی لێ دەبێتەوە ، لەشی داگیرکراوو زەلیلیش ، ڕۆحی چەوساوەو زەلیلی لێ پاشەکەوت دەبێ ، تا شارستانیەتی دوو ڕوو ، دەست بنێتە بینە قاقای هاوارو داخوازییەکانی جەستە ، مرۆڤ چاوی بە ڕۆحێکی نووڕانی‌و ئاسوودە ناکەوێت .... گەر لەگەڵمدا دەگونجێی ، ئەوا تۆش چەکوشێك لە چەکوشەکانی شۆڕشی جەستە دەست بدەیەو تێکۆشە تا ئەو قفڵە ئاسنینانە تێك بشکێنی کە لە دەرگاکانی جەستە دراون».

*** جووتبوون پڕۆسەی بەفریشتەکردنی ژن‌و بەغیلمانکردنی پیاوە .**

من پێم وایە ـ کاك تەلعەت ـ میللەتانی ڕۆژهەڵات بەر لەوەی موحتاجی شۆڕشی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بن ، خەباتێك بۆ ئەو بگێڕن کە تیایدا یاسای نوێ بۆ جۆڕی پەیوەندی جەستەبەجەستەوە ، دارێژێتەوە کە لەگەڵ گیان‌و ئیقاعی سەردەمدا بگونجێ‌و لەهەمان کاتیشدا یاساو دەستورێك بێت کە لە بەرژەوەندی خودی جەستەدا بێت . پێم سەیرە لە نێو میللەتێکا سەرکردە هەبن تا هەنووکە جورئەت نەکەن لە بەردەم ئاوێنەیەکدا ڕووت ببنەوەو لەشی خۆیان بناسن .. من ئەگەر نەتوانم نەخشەی لەشە داگیرکراوەکەی خۆم بکێشم ، چۆن دەتوانم نەخشەی نیشتمانە بن دەسنەکەم بکێشم‌و خەباتی بست بەبستی ڕزگارکردنی بۆ بکەم ، لە وەختێکا نیشتیمان تەنیا چوار پارچەیەو لەشیش ملیۆنەها پارچە . دەبێ هەموومان ـ نێرو مێ ـ مەلەیەکی شێتانە ڕووەو ئەو کەنارانە بکەین کە تیایدا جەستە ، کتێبێکی پیرۆزە ، نەك شتێکی نەفرەت لێکراو.

*** بێزم لەو ژنە دەبێتەوە کە ڕوێشکەو ڕەوە تاژییەکی ڕەدووی خۆی خستووە .**

* جەنابت (حاکمی لێکۆڵینەوەی) لەدادگا چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنێکی تاوانباردادەکەیت ؟ مەبەستم ئەوەیە شێعرییەتی قوبادی شاعیر لە قوبادی حاکمدا دەردەکەوێ ؟

ـ دادگا ، ژوورێکی سێ بەچوار ، یەك دەرگا .. دوو پەنجەرەی داخراو گوڵۆپێکی زەرد ـ لە ناوەڕاستەوە بەقەد بەژنی زەلامێك شۆڕبۆتەوە خوارێ کە لەپەتی سێدارە دەچێت ـ ، مێزێك‌و کورسییەك ، دوو کتێبی پیرۆز . دادگا ، یانی مامەڵە کردنێکی ووشك‌و بەر تەسك لەگەڵ کۆمەڵێ ماددەو بڕگەی یاسایی ، گۆڕانی ووتن بۆ بەرد ، سەمایە لەگەڵ شمشێر ، شمشێرێك کە هەمیشە لەپشت سەرتەوەیەو پێت دەڵێ : ئاوا بنووسە ، ئاوا لەبەر بکە ، ئاوا هەڵس‌و کەوت بکە ، شمشێرێك کە مەرج نییە لە سێبەری‌دا ، سەد دەرسەد عەدالەت بەرقەرار بێت .

دنیای شیعریش وەك خۆتان دەزانن ، دنیای مامەڵە کردنە لەگەڵ باڵندە سرکەکان ، مەلەکردنە لەنێو ڕووبارە بە خوڕەکان ، ئەو باڵندانەی هەرگیز لە هەڵفڕین ناکەون هەزاران چڵ دەکەون‌و بە هەزار چەشن گۆڕانی دەڵێن ، ئەو ڕووبارانەی لێوان لێون لە ووردەماسی ڕەنگاو ڕەنگی خەیاڵ‌و گژوگیای پەمەیی .. لەوێ لە مەملەکەتی شیعردا ، ئاسۆ ، ئاسۆیەکی بەریلاوو ناکۆتاییە . لەوێ هەموو شتێك لە جوولەدایەو ... لەگەڵ ئەمانەشدا لەکاتی نووسینی قەسیدەیەك و لەوەختی جێبەجێکردنی یاسادا مرۆڤ ،مرۆڤێك ڕێز لە بەهاکانی مرۆڤایەتی بنێت ، مرۆڤێك کە بەلایەوە ، شیعر نووسین گەڕانە بەدوای دیتنەوەی ڕێساو یاسایەکی نوێ بۆ ژیان‌و لەساتە وەختی جێبەجێکردنی یاساشدا ، سەفەرە بۆ باخچە کریستاڵیەکانی ئەودیوی تاوان .

* کاتێ ژنێك دەناسیت ، مەرجە شیعرییەتی تێدا بێت ، لە لایەکی دیکەوە مەرجە ئەو ئەدگارانەی هەبێ کە شیعری لێ بکەوێتەوە ؟

ـ ووشەی ژن خۆی لە خۆیدا ووشەیەکی شیعرییە ،

بـه دەگمـەنیش ژن هـەن خـاڵی بن لەشیعـریـەت‌و ئـەو ئادگارانه ی شیعری لێ پاشه‌کەوت دەبێ . بەڵام مەرج نییه شیعریەت هەر له جوانی چاوو له تووڕەیی مەمك‌و لەدەنگی ناسکدا بێت . ڕوویەری دەریا ، شەپۆڵە سەر لێ شێواوەکانی دەریا سیحری جوانی یان تێدایه ، بەڵام زۆر بەهای ڕاستەقینەی دەریا له ناخی شاراوەی دایه ، له ماسیه ڕەنگاوڕەنگەکانی ، له ڕەوەزه مەرجانی ئاڵ‌و دڕەوشاوەکانی دایـه ، گـەر بتـەوێ له شیعـریـەت‌و ناشیعریەتی ژن ، له گەوڕەیی‌و ناگەوڕەیی ژن ، له جوانی‌و ناشیرینی ژن بگه یت ، دەبێ له خاکی جەستە‌و له بەردی ڕۆحی ئەو مەخلووقه ، بیرێك بەدەرزی لێ بدەیت .

* ئەدی ڕەت له چ ژنێك دەبێتەوە ؟

ـ بێـزم لەو ژنـه دەبێتـەوە کـه خـۆی دەکا بـه کەرۆشك‌و لەزەت لەوە وەردەگرێ کەڕەوە تاژەکی برسی ڕەدووی خۆی بخات . خۆ لەوانه شه ئەو تەرزە کەرۆشکانەش حەز لەچاردم نەکەن ، چونکه هەرگیز ئامادەنیم بم به یەکێك لەو تانجییه چڵێسانەو هانکه هانك سەری لەدوو بنێم .

* له شیعرە کانتدا مەرگه سات بۆ زەمەن نابینم ، بەو مانایەی له پیربوون ناترسیت ، چ کاتێك ئیعتراف دەکەیت پیر بووبت ؟

ـ پیربی پەیوەندی به تەمەنەوە نییه ، بەڵکو پەیوەندی به شعوری ئەو مرۆڤەوە هەیه . هەرزەکارێك گەرگیای هەست کردن به پیری لەناخیدا ڕووا ئەوا دەبێ به پیرەمێردێکی سەر ڕۆخی قەبر . پیرێکی لێواری گۆڕیش گەر هەستی به خوڕەی پەمی ڕۆحی کرد .. خوڕەی گەنجیەتی ، ئەوا ئەو پیرە با سااڵ چووە ، گەنجێکی تازە هەڵچووە ، هەرچەندە لای من پیری یەعنی کامل بوون‌و پێگەیشتن . بەش بەحاڵی خۆم ژن وای کردووە کە من هەست کردن بەرامبەر به زەمەن لەدەست بدەم .. زەمەن لای من بوە به وەهم .. گەر زەمەنیش بوو به ئەمری واقیع‌و یەخەی گرتم ، ئەوا له ساتە وەختێکی خۆرنشینا هەست به پیری‌و خامۆشی دەکەم . ئەو دەمەی لەم گەردوونه پان‌و بەرینەدا ژنێك شك نەبەم به پەنجه ناسکەکانی پێم بڵێ : «قوباد گیان ، خۆشم دەوێی خۆش.»

* له شیعرە کانتدا ، بابەتی سێکسی هەیه ، بەڵام دەقی داهێنەرانه بەوەندە ناوەستێ بەڵکو سێکساندنی ئێوان ووشەو ووشه ، وێنەو وێنه ، ڕستەو ڕستە .. هتد ئەنجام دەدرێ بێت وا نییه مەسەلەکه تەنها زەمەنه بۆ فەوتانی شیعرە کانت‌و هەر کاتێك ئەو پەیوەندییه نا «متوازن»ەی ئێستای نێوان من ئەوا شیعرە کانت دەبنه وەسیقەیەکی میژوویی و ئەو بەها ئیبداعییەیان نامێنێ .

ـ من هیچم نەکردبێ ، خۆ ئەوەم کردووە کە خوێندنەوەیەکی تازە بۆ جەستە ، بخەمە نێو ئەدەب‌و شیعری کوردییەوە ، جیا له خوێندنەوەی نالی‌و گۆران‌و ... هتد من توانیومه له هەر قەسیدەیەکدا کە بۆ جەستەم نووسبێت ، ووشەیەك بکەم به نێرو ووشەیەك بکەم به مێ ، وێنەچیەك نێرو وێنەیەك مێ .. ڕستەیەك مێ‌و ڕستەیەك نێر.. بگرە پێتێك نێرو پێتێك مێ ، پێم‌وایه زەمەن قەت ئەو بێ عەقڵیە ناکات کە گوڵە ئەفسوناویەکانی شیعری من هەڵوەرێنێ .. تا جوانی‌و خۆشەویستی بمێنێ .. تا تاکە ژنێك‌و تاکە پیاوێك بمێنن .. من‌و شیعرەکانم هەر به زیندوویی دەمێنینەوە . له پاڵ ئەمەشدا ، ئەگەر تۆ بۆچونێکی دیکەت هەبێ بۆ دەست نیشانکردنی ڕۆژی مەرگی قەسیدە کانم‌و پێت وا بێت ڕۆژێ دابێ وەك وەسیقەیەکی میژوویی دەمێنێتەوە‌و بەها ئیبداعییەکانی له دەست دەدات‌و ،

ئەوا دەمەوێ پێت بڵێم کە ئەگەر کۆمەڵه شیعری ـ سێداڕەکانی بەهەشت ـ وەك گۆڤارێکی ڕووتیش له کتێبخانەی کوردیدا جێی خۆی بکاتەوە ، شانازی پێوە دەکەم چونکه کتێبخانەکەمان پێویستی بەم چەشنه گۆڤارەش هەیه .

* له کۆتاییدا کاك قوباد دەکرێ بەیەك دێڕ پەیوەندی نێوان ژن‌و شیعر کورت بکەیتەوە ؟

ـ پەیوەندی ژن به شیعرەوە ، پەیوەندی باڵە بەهەڵفڕینەوە .

محمد الماغوط:

نە شیعر
نە ڕۆژنامەڤانیە، وەک پێشەیەکی سەربەخۆ

ئامادەکردنی دیدار
جیهاد فاضل

وەرگێڕانی
عیسا چیایی

محمد الماغوط . شاعیری خاوەن ئەزموون و ناوداری عەرەب ، یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ئەم سەردەمە . سەرەتای ئەزموونی شیعریی (ماغوط) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجەکانو سەرەتای شەستەکانی ئەم سەدەیە ، کە هەم وەکو شاعیرێکی نوێخوازو هەم وەکو یەکێکیش لە ئەندامانی گروپی گۆڤاری ـشعرـی لوبنانی دەناسرێتەوە . کە ئەویش «واتە گۆڤاری ـ شیعر» بە قۆناغو پێچکردنەوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی شیعری عەرەبیدا.

لەم دیمانەیەدا (ماغوط) زۆر ڕاستەوخۆ پەنجە دەخاتە سەر برینەکانو بوێرانە پەردە لە سەر گەلێ کێشەو شتی شاراوەی مێژوویی هەڵدەداتەوە ، بە شێوەیەك کە ئەدەبیات تێکەڵ بە ڕامیاری و جدیەت ، تێکەڵ بە گاڵتەجارِیەکی تاڵ دەکات .

هەروەها ڕوونکردنەوەو وەسفکردنی ڕەوشی پایتەختی لوبنان ـبەیروتـی ئەو سەردەمە کە بەڕاستیو زیاتر لەهەر پایتەختێکی تری عەرەبی نەشو نماو پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیریی ، ئەدەبی ، فکری، بەرچاوی بەخۆوە دەبینی.

* * *



محمد الماغوط



ئەدۆنیس

پ/ سەرەتای دیمانە بەو پرسیارە دەست پێدەکات . چۆنێتی پەیوەندی کردنی بە گۆڤاری (شعر)ەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو بۆ گۆڤارەکەو بۆ ئەو قۆناغەش کە (ماغوط) لە بەیروت تیایدا دەژیا ..؟

و/هەر گۆڤارێك ، جائیتر ـشیعرـ یان هەر گۆڤارێکی تر ، بریتیە لە مەرەکەب و کاغەز . گرنگ ئەوەیە کە چی تێدایە و چی لەخۆ دەگرێت ؟ ئەوکاتەی کە لە گۆڤاری (شیعر)دا دەمنووسی لەبەرئەوە نەبوو کە گۆڤارێکی گرنگە . لەبەر ئەوەش نەبوو کە بمەوێ تیایدا گۆڕانکاریی بخەمە شیعرەوە یا شێوازێکی تازە دابهێنم . بۆ من گۆڤاری (شیعر) جۆرێك بوو لە شەمەندەفەر، لە میوانخانە کەسێك دەخوازێ بنوێ . بگەڕێ .. هۆی گواستنەوەی دەوێ . بەڵام نەك وەك هەڵپە رستێك . وەك یەکێك بیەوێ لە بواری ئەوەوە بگات..نەء لەو ماوەیەدا بەرائەت هەبوو: خەڵك باش و شاعیرانیش پێگەیشتوو بوون، دەکرا بە بێداری بمێننەوەو گفتو گۆ بکەن . پاشانتریش هەریەکەمان بە رێگای تایبەتی خۆی خەمەکانی دەنووسیەوە . گەڵجار باس لە گۆڤاری ـشیعرـ و رۆڵی ئەو دەکرێت ، گۆڤاری ـشیعرـ بەلای منەوە مانای ئەوەبوو کە خاوەنەکەی ـیوسف الخالـ پیاوێکی باش بوو خۆشم ویست بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەهای شیعری ئەو یان بەهای شیعری ئەدۆنیس یان انسي الحاج یان شوقی ابی شقرا و ئەوانی تریش ، ئێمە کۆمەڵە گەنجێك بووین هەریەکەو بە رێگاو شێوازی خۆی دەیەویست بوونی خۆی جێگیر بکات..

من قەت وام هەست نەکردووە کە هیچ گۆڤارێك یان پارتێك یان رەوتێك بتوانێ زەوتم بکات.

بەڵام لە ڕاستیدا لە گۆڤاری -شیعرـدا زۆرم نەنووسی ، چەند چامەیەکی کەم و پاشان تێکچووین.

بەڵام گۆڤارەکە بە گرنگی دەمێنێتەوە ئەگەر بەتەنیا لە ناوهێنانیشی دابێت لە لێکۆڵینەوەیەك یان ئاخاوتنێکدا ، ئەو کاتەی یادگاریە کۆنەکان دەگەڕێنەوە ئەمەش شتێکی جوانە. بەڕای من ئەوانەی لە گۆڤاری (شیعر) ەوە دەستیان پێکرد شتی تازەیان دەنووسیو پاشان گۆڤارەکە ڕاوەستا




ئەدۆنیس

. و خۆزگه مرۆڤه‌كان به باشیی و شیعره‌كانیشیان به جوانی بمایه‌ته‌وه ئه‌مه‌ش له‌وه باشتره كه شیعر باش‌و مرۆڤه‌كان خراپ بن.

من ناتوانم به‌روارت پێشكه‌ش بكه‌م : من‌و فلان‌و فیسار كه‌ینێ شتمان نووسی. گۆڤاری شیعر به‌لای منه‌وه یادگاری‌یه و هه‌میشه كه‌سه‌كان وه‌كو مرۆڤ به‌لای منه‌وه گرنگن ئه‌گینا نووسین‌و شیعر هه‌موویان قسه‌ن‌و قسه‌كردنیش سووكه . گۆڤاری ـشیعرـ مێژووی كۆمه‌ڵه مرۆڤێكه یان واگۆنی خه‌ڵكانێك بوو وا هه‌سته‌كه‌م زۆر باش بوون ، به‌ڵام پاشانتر خراپ بوون یان رۆژه‌كان خۆیان خراپ بوون ..

پ/كه‌ینێ هاتیت بۆ (به‌یروت) و وێنه‌ی ئه‌م شاره له‌ورۆژانه‌دا چۆن بوو ؟

و/ ساڵی ١٩٥٧ كه له به‌ندیخانه ده‌رچووم هاتم بۆ به‌یروت گۆڤاری - شیعر-م به‌لاوه‌گرنگ بوو چونكه- بدوی الجبل - ، بدرشاكرالسیاب ، البیاتی ونزار قبانی ، شتیان تیا بڵاو كردبۆوه ٠ من ئه‌و



عبدولوه‌هاب به‌یاتی

رۆژانه وه‌كو ـــــ بووم كه بڕوانێته زه‌رافه ، كه هه‌ندێ به‌رهه‌میان بۆ بڵاو كردمه‌وه بڕوام نه‌ده‌كرد . چونكه ئه‌و ماوه‌یه بڕوام به هیچ شتێك نه‌بوو له جیهاندا ، نه به خۆم نه به هاوڕێ‌و نه به نیشتیمانیش . تۆ ئه‌و كاته‌ی كه ده‌ربه‌ده‌رو ماندویت‌و كه‌سێك پێت ده‌ڵێ : وه‌ره بحه‌سێوه..بیر له‌وه ناكه‌یته‌وه ، ئایا ئه‌و ماڵه‌ی تیا ده‌نووی ، هیچ



- به‌در شاكر سه‌یاب

مه‌رجێكی ته‌ندروستی تێدایه ، یان نه‌ء؟

ـشیعرـ جۆره لانه‌یه‌ك ، جۆره دالده‌یه‌ك بوو بۆ ده‌ربه‌ده‌رانی فكر ، ڕه‌نگه ئه‌وانی تر كه تیا بوون وه‌كو «وسیله»یه‌ك هۆكارێك بینیبێتان من له‌وانه نه‌بووم . وه‌كو هۆكار تێم نه‌ڕوانیوه . من هۆكار به‌كار ناهێنم .

پ/ به‌ڵام گۆڤاره‌كه ته‌نیا گۆڤاری شیعر نه‌بوو ، به‌ڵكو گۆڤاری ڕامیاری‌و ئایدیۆلۆژیه‌تیش بوو.

و/بڕوام پێ بكه ئه‌و كاته من بێ جگه له شیعر هیچ شتێكی ترم به‌لاوه گرنگ نه‌بوو . ئه‌و كاتانه‌ش كه قسه‌كانیان له شیعر ده‌رده‌چوو، عه‌قڵم ده‌رده‌چووه ده‌ره‌وه‌ی دانیشتنه‌كه‌وه . هه‌ڵده‌هاتم ئه‌مانه ده‌رباره‌ی چی قسه ده‌كه‌ن ؟ نازانم ـ عه‌زرا پاوه‌ند . و كێش‌و سه‌روا ـ تفعیله ـ كه‌له‌پوور..

ئه‌مانه ووشه‌و قسه بوون . ڕه‌نگه هه‌ندێ له‌و كۆبوونه‌وانه گرنگ بووبێتن به‌ڵام من هه‌میشه بیرم لای كرێی ئه‌و ژووره بوو كه له به‌یروتدا تیا ده‌خه‌وتم . ئه‌گه‌ر ته‌واو بوو له كوێ بنووم؟ له



نزار قەببانی

کوێ خواردن بخۆم ؟ چۆن بەدلەیەك بکرم؟ ڕەنگە قسە کردنەکان دەربارەی شارستانێتی بوو بێت . بەڵام پێویستی گەڕان بەدوای جۆرێکی تازەدا زیاتر کەڵکەڵەی سەرم بوو . بەچاوی تۆ ئەمە ڕاستی هەموو شتەکانە.

پ/ ئەی لە چ چوارچێوەیەکی شیعریدا بووییت؟

و/ بە خودا نازانم . لەو ماوەیەدا هەندێ شتم بۆ ـشیعرـ و شۆنانی تریش نووسی ، جۆرێك بوون لە یادگاریەکانی بەندیخانەم. یادگاری کەسێکی دەربەدەر . وتیان :ـ شیعرـ . وتمان: زۆر چاکە ئیتر چاوم پێیان دەکەوت ، نەك لە بەر ئەوەی پاش بیرکردنەوە لە ڕووگاکانی شیعری عەرەبی باو هەڵبژاردبن نەء . هەڵبژاردن وەکو مرۆڤ چونکە پێشتر دەمناسین .

ـ ئەدۆنیس ـم لە بەندیخانە ناسی . هەڵمنە بژاردن لەبەر ئەوەی سەرسام بم بە ناوەکانیان. پاشان من زۆر نەمامەوە لە ـشیعرـدا نازانم بەڕاستی چەندی خایاند . لە ـ شیعر ـ دا دوو یان سێ چامەم بڵاوکردەوەو لەگەڵ ـ یوسف الخالـدا یەکچووم..

پ/ پێش ئەوەی بێیت بۆ ـبەیروتـ هیچ تاقیکردنەوەیەکی سیاسیت هەبوو؟

ئایە لە پارتی نەتەوەیی سووریدا ئەندام بوویت..؟

و/ نەء . ئەندام نەبووم تیایدا. لە هەموو ژیانمدا سەر بەهیچ پارتێك نەبووم : ئەو ماوەیە هەر کەسێك لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا برۆیشتبایە بەڕێدا ، دەیانگوت فلان لەوانە . لەو ماوەیەدا زۆربەی هاوڕێکانم نەتەوەیی بوون. بەڵام من نەچوومە ڕیزی هیچ پارتێکەوە . من ڕقم لە کۆبوونەوەو گوتار خوێندنەوەیە . بۆ نمونە ـ ئەدۆنیس ـ من لە بەندیخانە ناسیومە . بۆیە سروشتیە کە پەیوەندیم لەگەڵ ئەودا جیاواز بێت ، لەگەڵ هەر کەسێکی تردا کە لە چاخانەیەك یان لە کارێکدا یان لە گەرماوێکدا ناسیبێتم.

پ/ بەڵام ئایدیۆلۆژیا..؟

و/ لەو ماوەیەدا ، ناوەڕاستی پەنجاکان ، قۆناغی منالیی ئازاوەی عەرەبی و منالیی ئیرهابی عەرەبی بوو منیش ئەو ڕۆژانە منالبووم . ئەگەر کەسێك لە شتێکی بەزۆر بەسەردا سە پاو هەڵێ ئایە دەکرێ ئەو کەسە شتێکی بە زۆر بە سەردا سەپاوی تر هەڵبژێرێ؟ کەسێکم لە بەندیخانە ناسیوە .دەبێ چ بزانم دەربارەی مەیلی ، مێژووی ، فکری ئەو کەسە؟

پ/ لە لایەنی فیکریو ڕامیاریەوە تێکەڵیان نەبووییت؟

و/ بەخودا لە لایەنی ئوتێلیەوە تێکەڵیان بووم . چونکە جێگایەکیان بۆ دۆزیمەوە تیا بنووم.

پ/ بەدر شاکر السیاب ـ یش تێکەڵیان بوو .. وەڵێ ئەو لە دەرگای ئوتێلەوە نەبوو . بەڵکو لە دەرگای نەخۆشخانەو داوودەرمانەوە بوو . ئەمانەش هەموویان دڵ نەرم دەکەن..

و/ ژوورێکیان بۆ بەکرێ گرتم . جێگایەکم نەبوو تیا بنووم ، پارەم نەبوو ، تا لە ئوتێل بنووم . بەڵام ئەوانەش هەمووی بەرامبەر بەو شتانەم بوون کە لە گۆڤارەکەیاندا دەمنووسی . پاداشتەکانمیان لە رێگای کرێی ئەم ژوورەوە دەدایەوە .

پ/ پاشان لەبەرچ هۆیەك .لەگەڵ ـ یوسف الخال ـ دا .. تێکچوویت ؟

و/ بەخودا لە بیرم نییە .. بەڵام بە دڵنیاییەوە هۆکان فکریی نەبوون . ئەوەی بیرم بکەوێتەوە ئەوەبوو کە لەگەڵیا تێکچووم و مەقالەیەکم لەسەری نووسی لە ـ الاداب ـ دا بەڵاوم کردەوە پاشان ئاشت بووینەوە و فتواکە ئەوەبوو کە ـ ماغوط ـ پیاوێکی سۆزدارە ـ عاطفي ـ بە درێژی لە بیرم نەماوە بەڵام بەباشی ئەوەم لە یادە کە ئێستا ئامادەی کۆرەکانی گۆڤاری ـ شیعر ـ نە دەبووم .

پ/ بەڵام من ئەوەم لەبیرە کە تۆ لە مەقالەیەك یا ئاخاوتنێکدا ـ یوسف الخال ـ تۆمەتبار بە تشۆمبی رۆشنبیریی عەرەبی لەقەڵەمدا .

و/ ئەمەڕاستە . لەو کاتەدا ڕووگای فیکریی ئەمو ئەو خەریکیی نەدەکردم . ئەوەم بەلاوە گرنگ بوو کە مرۆڤ لە قسەو نووسینەکانیدا ڕاستگۆ بێت یان ئەو کەشەی کە تیایدام شعرییە یان نەء ..

لە ڕاستیدا ئەوێ کەشێکی شیعریی بوو . چامە بەبێ هوودەییدا نەدەڕۆشت ، دەخوێندرایەوەو جێگای ڕێزبوو ..لەوێ تایبەتمەندی هەبوو بۆ شیعرو شاعیر ، بەدەنگەوە هاتن و گەڕان بەدوای دەنگی تازەدا . هەبوو . من نەناسراو بووم و کەس ناوی نەبیستبووم ، کاتێ کە یەکەم چامەم بەڵاو کرایەوە ـ ئەدۆنیس ـ لە دانیشتنێکدا خوێندیەوە کە ـ الاخطل الصغیر ـ و ڕەحەبانیەکان و سعید عقل ـ ی تیا ئامادە بوون ، پاش ئەوە بارودۆخ و بەشەرەکانیش گۆڕان .

پ/ ئەی دەربارەی پەخشانە شیعر ـ قصیدة النثر ـ کە ڕابەرایەتیەکەی بۆ ـ ماغوط ـ دەگەڕێننەوە ؟

و/ ئەو کاتە کە دەستم بە نووسین کرد بە مەبەستی ئەوەوە نەبوو کە شێوازی شیعر بگۆڕم . مەبەستم ئەوەبوو کە ژیانم بگۆڕم یان گوزارشت لە ژیانم بکەم . بەڵام دەرکەوت کە پەخشانە شیعر گونجایەڵبەم دەکاتو دەتوانم بە هۆی ئەوەوە گوزارشت بکەم .

ئەزموونی پەخشانە شیعر بۆمن هەم تاڵو هەم دەوڵەمەندیش بوو . لە سەرەتای پەنجاکاندا کە دەستم بە نووسین کرد هیوام ئەوەبوو کە خیراترین فاکتەر بدۆزمەوە تا لەوەوە بتوانم شت بڵێم . گوزارشت بکەم . لە ئێستادا گرانە بتوانم وردەکارییەکانی ئەو سەردەمە کۆبکەمەوە . بەڵام ئەوە دەزانم کە حاڵەتی مرۆڤایەتیم لەو ڕۆژانەدا ناسروشتی بوو . هەروەکو هەموو بارودۆخی سیاسی ئابووری ئەوکاتە ناسروشتیی بوون .

من هەر لە منداڵیەوە قەد بە شمشێر سەرسام نەبووم . لە میژوودا ئەو کاتەی کە دەیانووت : «شمشێرەکەی هەڵکێشا» من دەترسام . ووشەی شمشێر دەمترسێنێ ئەمە هەر لە منداڵیەوە. پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکەم. هەر کاتێ ووشەی «راع ورعیة» دەبیست ، هەستم دەکرد کە هەڵەیەك هەیە . هەمیشەش ئەو هەستەم لا دروست دەبوو کە ئەگەر من لەو سەردەمانەدا بژیایەم بە دڵنیاییەوە ـ کۆیلە .. رعیة ـ دە بووم و قەڵاڵ نەدەبووم . کە پێم دەڵێی ـ شمشێرو خوێنو کەللە سەر ـ دەترسم . لە لاپەڕەیەکی میژوودا هەندێ جار دەبینی پەنجا هەزار کەس سەریان پەڕیوە . ئەمە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە کە من لە ئیرهاب بترسم . ئیرهابی سیاسی ، ئیرهابی ئابووری ، ئیرهابی فیکری ،

دایکی بە سۆزی ئیرهابیش شمشێرە . هەر کاتێك شمشێر هەبێ ، هەژارو دەوڵەمەند ، بەندی و سەربەست ، قوڕاوو مەڕمەڕ ، حەربرو ڕوتی و برسێتی دەبێ .

لەو ڕۆژانەدا بیرم لە مەیلی گۆڤاری ـ شیعر ـ و ڕووگاو ئامانجەکانی نەدەکردەوە . لای من گۆڤاری ـ شیعر ـ مانای لاپەڕەو پیتی چاپکراو بوو . گۆڤاری ـ شیعر ـ کارەکانی بۆ بڵاو کردمەوەو هیچی تر . ئەگەر هەر گۆڤارێکی تر وەکو ئەوان و بە هەمان خۆشەویستی و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵابکردمایە . هاوسۆزی دەبروم . ئەگەریش لێکچونێکیش هەبووبێت لە نێوان من و گروپی گۆڤاری ـ شیعر ـ دا ، ئەوا بنەڕەتی ئەو بەیەککگەیشتنەش ئەوەیە کە ئەوان دژی ئاژاوەو ئیرهاب و شتی مۆمیاکراو بوون . فڵان لە هەزار ساڵەوە لە فڵانەوە دەگێڕێتەوە . تەواو برا ئێمە لەیەکەم و دووەمیشەوە دەرچووین ، منیش دەمەوێ قسە بکەم ، ئەگەر من هەر وەکو (متنبی ومالك بن الریب) قسە بکەم . کەواتە بۆ قسە بکەم ؟.

پ/ بەڵام ئەوەی کە گۆڤاری شیعر بە (ئاژاوە ـ غوغاء) ناوی دەبرد . ڕووگای عەرەبیی ناصری بووکە لەو ماوەیەدا ڕایەڕایەتی نەتەوەی عەرەبی دەکرد .گۆڤاری ـ شیعر ـ یش بەشێك بوو لە شۆڕشێکی دژ بە ئەو شۆڕشە . دژ بە زۆربەی خەونەکانی نەتەوەیەك کە لە قۆناغی ڕابوونداا بوو ..

و/ من قسەکەری ڕەسمی و مێژوویی گۆڤاری ـ شیعر ـ نیم ، نەفرەت لە هەمووبان ، بەڵام بە دڵنیاییەوە کێشەکە ڕابوونێکی نەتەوەیی عەرەبی نەبوو .. ئەوەی کە تۆ بە ڕابوونی دادەنێی سەرەتای ئەو مەهزەلەیە بوو کە ئەمڕۆ تیایدا دەژین . پێم ووتی من ڕقم لە شمشێرە . شمشێر لە کوێوە دێت ؟ لەنەبوونی مەنتیق و نەبوونی دادپەروەریەوەو نەبوونی ئەخلاقەوە دێت. ئاژاوە ـ الغوغاء ـ کۆشی پڕ لە میهری هەموو ئەو شتانەیە کە شمشێرو قاچی و کەمامە دروستی دەکەن .

من لە سەرەتای گوتاری عەرەبی ، لە سەرەتای مایکرۆفۆنی عەرەبیەوە دەستم بە نووسین کرد . ئەوەی تۆ بە ڕابوون ناوت هێنا من بەسەرەتای لادانی دەبینم . ڕابوون چییە؟. ئەوەیە کە بە دەنگی بەرز قسە بکەیتو هاوار بکەیت . ئەوەیە کە ستایشی ئەو خوێنمژانە بکەیت کە ئەمڕۆ حوکم دەکەن؟

پ/ قۆناغی مەددی نەتەوەیی بوو ..!

و/ مەد ، تێگەییم ، لافاوەو بڕۆ . باشە چیت دەوێ گەر بڵانی ئەم مەددە ماڵەکەت و براو کەس و کارەکانت رادەماڵێ ؟ ئایا سەڵاوی لێبکەم و فەرمووی لێبکەم ؟ من هەمیشە وام هەست کردووە کە ئەو مەددە خۆم و ئەوانەی کە خۆشم دەوێن و ئەو دارەی کە لە بنیدا دادەنیشم هەمووی ڕادەماڵێ . هەموو شتێ ڕادەماڵێ .. ئەمە چ مەددێکی نەتەوەییە ؟

پ/ با بگەڕێینەوە بۆ پەخشانە شیعر..

و/شێوازێك بوو .. من هەر لە منداڵیەوە شیعری عەرەبیی کۆنم خۆشدەویست . بەڵام هەمیشە بە شیعری ـ گوێچکە ـ ی دادەنێم . منیش وەك هەموو شاعیرانی تر گوێچکەم هەیە . بەڵام ئەوە جۆرە لێدانێکی ـ طرب ـ پڕوپووچە . ئەنجامەکەی چییە ئەگەر (متنبی) ستایشی (سیف الدولة) یان هەجووی (کافور) ی کرد ؟ من لە پێش گۆڕانیدا باڵندەکەم بەلاوە گرنگە ..

پ/ ئایە ئەو کاتە ، تۆیەکەم کەس بوویت کە بەم شێوازە دەستت پێکرد ؟

و/ بە خودا ئەوەی بەبیرمدا بێت ، پێش منیش خەڵکانی تر هەبوون وەکو (سلیمان عواد) لە سوریاو (ابراهیم شکرالله) لە میسر و لە پێش هەموشانەوە (جبران خلیل جبران) و (امین الریحانی).

من کەدەستم بە نووسین کرد هەستم نەدەکرد لە داهێناندا پێشبڕکێ دەکەم . بە پێچەوانەوە من دڵخۆش دەبووم کە دەمبینی ئەوانەی بە هەمان شێواز دەنووسن لە زیاد بووندان . ئەو شتانەی کە دەمنووسین ئافەرین دەکران . یان کەسانێکیان دۆزیەوە کە گوێ لەو ئازارە بگرێت کە لەو چامانەوە دەهاتنەدەر ، ڕەنگە هۆکەشی ئەوە بێت کە من لەوانی تر ئەوانەی کە لافاوەکە ڕایماڵیبوون ڕاستگۆتر بووم . من چ وەك شاعیرو چ وەك مرۆڤ بەتەنیایی دە ستم پێ کرد . ئەو کاتەی کە لە پێنجشەمانی گۆڤاری ـ شیعر ـ و لە زانکۆی ئەمەریکیدا شیعرم خوێندەوە هە ستم کرد تەنیامو لە تەنیایی زاتیەوە ڕوومەتی نامۆیی نەتەوەییم بەدی کرد .

من دەترسام لەو شتەی کە تۆو خەڵکانی تر بە مەددی نەتەوەیی ناوی دەبەن . ڕواڵەتی گێلێتیی ڕامیاریو چەقبەستوویی و ساختەکاری هەبوو .. منیش دڵ بە هەموو ئەو شتانە بووم بۆیە ئەوکاتە ئەوانەی خۆشیاندەویستم لە زیادبووندا بوون ، دەمگووت نامۆییم کاڵتر دەبێتەوە . دەستوریشە کە نەگبەتو ترساوەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە بۆیە هاوسۆزی لەگەڵ شتە مرۆڤایەتیەکان و شتە بەرئەکان بۆمن جۆرێك بوون لە پرسە .

بەڵام دەشمزانی ئایندەی بەرائەتو داهێنانو بەهرە نی یە .

من نەمدەنووسی تا ڕەوتێك دروست بکەم یان لە تۆیی ڕەوتێکدا ئیش بکەم . من وەك مرۆڤێکی بریندار بۆ خۆم دەنووسی من دەکولامەوەو هاوارم دەکرد و دەمنااڵند ، بەڵام ئامادە نەبووم لە پێناوی کوبی یەك یان ڤێتنامییەکدا بمرم و خۆم لەبیر بچێتەوە . بۆ بنااڵێنم لە پێناوی گەلێکی ترا بێجگە لە گەلەکەی خۆم . ڕەنگە هەندێ جەنگ هەڵبگیرسێ لە لای من هیچ نەگەیەنێ ، بەڵام کە گوێم لە گۆرانیەکی خەمبار دەبێت دەگریم . ئەگەر لە ڕێگادا بەڕێکەوت کڕێکارێك شانی بەشانم کەوتو داوای لێبووردنی لێ کردم من دەگریم ..

پ/ ئەی ئەمڕۆ چۆن دەڕوانیتە ئەو شیعرانەی کە ئەو کات نوسیبووت چۆنیان دەبینی ؟

و/ ناتوانم دەربارەی شیعرەکانم بدوێم . شیعری من خۆیەر دەیانخوێنەوە بە دڵیان دەبێت یان نەء . ئەگەر بە دڵیان نەبوو چی یان لێبکەم ؟ هاوڕێکانم هەمان ئەو هاوڕێیانەن کە سی ساڵە هاوڕێمن . ئەگەر گۆڕان یان مردن چی بکەم؟ وواڵات دەگۆڕێ بەڵام من وەفام هەیە بۆ شتە کۆنەکانو بە تایبەتی شاعیریش بریتیە لە کۆمەڵە یادگاری یەك .

پ/ ئەی لە چ کاتێکدا چامەکەت دەنووسی ؟.

و/ بڕوا بکە نازانم ، بە هەندێ تاقیکردنەوەی دەروونیدا تێپەڕ دەبم ، ئەگەر پێویست بە مەقالەیەك بکات مەقالە دەنووسم . شتێك بێنەو بردەی بوێ شانۆ نامەیەك دەنووسم ، ئەو شتانەی کە زوو تیشکدەدەنەوە پێش ئەوەی بکوژێتەوە خێرا بە شیعر دە ینووسمەوە . شیعریش بە تەنیا ئەوە نی یە کە شیعر بنووسیت . ڕەنگە مرۆڤ لە هەندێ کاتدا لە شکسپیر شاعیرتر بێت بەبێ ئەوەی ووشەیەك بنووسێت . تۆ ئەو کاتەی لە خەمێك دای یان لە تەنیاییەکی زاتیو نەتەوەییدای و کەسێك پێت دەڵێ بەیانیت باش ، وا هەستەکەی ئەو کەسە لە شکسپیر شاعیرترە و هەندێ جاری تریش شاعیرێکی گەورە دەبینی کە ئەزموونەکەی بریتیە لە بیاڵاطێکی بەردین نە شیعر شتێکی ووتراوەو نە نیشتمان پەروەریو نەپێشکەوتنخوازیو نە پاڵەوانێتیش .


پ/ ئەی شیعری عەرەبی ئەمڕۆ؟

و/ .. خراپ ، خراپ ، تەنیا لە شاعیرانی کەمە

* * *

ژێدەر: گۆڤاری ـ الجیل ـ مجلد ١٢
ژمارە ١١ ـ تشرینی دووەمر ١٩٩١

بەڵگەنامە





هیمدادی حوسێن

کۆلێژی بەڕوەبردە

زانکۆی سەلاحەدین

لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب و رەوتی مێژوویی رۆژنامەنووسی کوردیی بێ تۆژینەوەو ووردبونەوە لە بابەتە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤاری (هیوا) کارێکی بێ کەڵك و کەم و کووڕی دەردەچێت . دوای داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ) لە ساڵی ١٩٤٩دا ، ڕوناکبیرانی کورد لە دەوری یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری (هیوا) کۆبوونەوە ، بۆ ئەوەی گۆڤاری (هیوا) جێگەی گۆڤاری (گەلاوێژ) بگرێتەوە لە خزمەتکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی . بۆ ئەو مەبەستە گۆڤارەکە پەیوەندی ڕۆشنبیریی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەرەوەدا پتەو کردو نووسەران لە وڵاتانی تردە نووسینەکانیان بۆ گۆڤاری (هیوا) ڕەوانە دەکرد) (١) و تاقە گۆڤاری ڕۆشنبیریی بوو ، کە بە زمانی کوردی لە بەغدا بڵاو دەکرایەوە لە ١٩٥٧_١٩٥٨ دا.

تاوەکو ئێستا دەربارەی گۆڤاری (هیوا) ، لێکۆڵینەوە یەکی زانستی و ئەکادیمیان کتێب و نامیلکە نەنووسراوە ، بە پچڕ پچڕ و لەم لاو لەولا ئیشارەتی پێدراوە ، وا هەندێك لەو ڕایانە دەخەینە ڕوو ، کە دەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوەو لە ئاست هەندێکیاندا هەڵوەستەیەك دەکەین:

مامۆستا عبدالله میدیا دەڵێ :«وا ئێستا له جێی گەلاوێژ وه له ئاسۆی هیواوه (هیوا) لەدەم کەل دەرکەوت و هەڵهات هیوامان وایه ئەو پەیامەی ، که (گەلاوێژ) هەڵی گرتبوو وه پەیمانی دابوو ، که بیگەیەنێت به ئامانج و فریا نەکەوت ئەمجا (هیوا) هەڵی دەگرێت و دڵسۆزانه بیبات بەرێوه».(۲)

مامۆستا بەشیر موشیر دەڵێ : «له کاتێکدا زانیم ئیمتیازی گۆڤاری (هیوا) دراوه بەیانەی سەرکەوتن ، دڵم گەش ، چاوم ڕوون بووەوه ، هەستم بەوه کرد ، که هێزی قەڵەمی نووسەرانمان ئەکەوێتەوه کارو بە زمانه شیرینەکەی خۆمان ئەنووسین و ئەخوێنینەوه ، بەم هۆیەوه زۆر سوپاسی ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن ئەکەم ، که توانیان ئەم خزمەته گەورەیه بکەن.»(۳)

(أ.ب.هەوری) بە شیعر دەربارەی گۆڤاری (هیوا) دەڵێ:

هیوا ، چووزەرەی بنکی گەلاوێژ
بە بیری ووردی پوختی والا بێژ
بێرە کایەوە ساوای تازە بوو
کاتی فرمانە تۆش ئازانە زوو
دە ستی خزمەتت پێڕۆژ ، وەک ناوت
تا ببیتە فەڕو بڕەو بێ ناوت(۳)

(بێ خەو) هەر بە شیعر هەستی خۆی دەردەبڕێ:

ئەی گزنگی وێژەی ژیان
زەنگو چرای کاروانی گەل
هیوای دڵو دەروون پاکان
زرنگ کەڕۆی لاوی تەمەل(۵)

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ: «هیوا گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی هونەرییە له بەغدا دەردەچێ ،



تا ئینقیلابی ۸ی شوباتی ۱۹٦۳ بەردەوام بووه ، زمانحاڵی یان گۆڤاری یانەی سەرکەوتنی کوردان بووه. به دیالێکتی کرمانجی خواروو و ئەلفو بێی عەرەبی بڵاو دەکرایەوه.

له سەرەتای دەرچوونی گۆڤارەکه ڕەنگدانەوەی بیروڕای ڕۆشنبیری چینەکانی سەرەوەی کورد بوو ، وەکو پەرلەمانتاره کوردەکان له پەرلەمانی عیراق . هیوا تۆزێك خۆی بەدوور دەگرت له سیاسەتی ڕۆژانەی وڵات ، زیاتر بایەخی به لایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری (کلتووری) دەدا. بڵاوکەرەوەکانی زۆر هەوڵیان دەدا گۆڤاری هیوا وێنەیەکی تری گۆڤاری گەلاوێژی بەناوبانگ بێ ، لەبەر ئەوه هەوڵیان دەدا زیاتر بایەخ به ئەدەبی کوردی بدەن .

له پاش شۆڕشی ۱٤ی تەموزی ۱۹۵۸ گۆڤارەکه کەوته دەست ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازی کورد . له سەر خەباتی پێکەوەیی کوردو عەرەبی دەکردەوه له پێناوی پێشکەوتنی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی.

له ساڵی ۱۹٦۱ دا ڕێرەوی شۆڕش گۆڕاو کەوته ڕاونانی هێزه پێشکەوتنخواز و دیموکراتییەکان ، کارێکی گەورەیان کرده سەر ئەم گۆڤاره ، له ڕووی ناوەڕۆکەوه ئێجگار هاته خوارەوەو له کاتی خۆی


هیوا

گۆڤاریکی ئەدەبی و زانستی یە مانگی جارێک دەرئەچی

ژمارە - ١٠ - سال - ١ - یانەیەر ، نیسان ١٩٥٨

١ - پێشنیارەکەی یاسە - خورشید هاوریامی

٢ - چوار زمانەگەلی نوسین - سەعید یەحیا روژبەیانی

٣ - قصەیەکی کوردی ... ...

٤ - ... محمد ... - ...

٥ - ... کە کوردی ... ...

٦ - ... ی گیانی پاکی ... ... محمد ملا کەریم

٧ - ... ی داری ... - ...

٨ - ... ی هیوا و ... - محمد مصطفی کوردی

٩ - ... ی ژین - خالد ... - کەرکوک

١٠ - ... ی ... - ... ی ... - بەغداد

دەرنەدەچوو ، بە پچڕ پچڕی بڵاو دەکرایەوە(٦)

دکتۆر مارف لە هەڵسەنگاندنەکەیدا باش بۆی چووە ، بەڵام نووسینەکانی گۆڤاری (هیوا) تەنها بە دیالێکتی کرمانجی خواروو نەبووەو بەرهەمی کرمانجی سەرووبشی تیایە ، هەروەها دواژمارەی گۆڤارەکە لە تەموزی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە ، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣ دا بڕیاری داخستنی گۆڤارەکەو ڕەت کردنەوەی ئیمتیازی گۆڤارەکە دراوە .

عبدالجبار محمد جباری دەڵێ:«گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتییە ، مانگی جارێك لە بەغدا دەرئەچوو ، خاوەن ئیمتیاز: یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو ، وە بەڕێوەبەری لێپرسراوی حافظ مصطفی قاضی بوو . یەکەم ژمارەی لە مانگی گەلاوێژی ١٩٥٧ دەرچوو.

گۆڤاری هیوا بەبێ پەك کەوتن لە لایەن دەستەیەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیری کورد پەروەردەو یارمەتی ئەدرا هەمیشە بە نووسینەوەی بە کەڵکی مێژوویی و ئەدەبی هتد... کۆمەکیان ئەکرد ، وە بەو جۆرە هەتاکو ماوە یەك بەوپەڕی تواناوە ئەو شوێنە بەتاڵەی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ئاوا بووی گرتەوە ، وە هەمان ڕێبازی گرت لەهەوڵو تەقەڵا دانا.» (٧)

مامۆستا علاءالدین سجادی ، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسیویە:

«هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی مانگانەیی بووە لە شاری بەغدا لە چاپخانەی «التمدن» دەرکراوە ، مودیری لێ پرسراوەی حافز مستەفا قازی بوو ، ماوەیەکیش دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بووە ، یەکەم ژمارەی تەموزی ساڵی ١٩٥٧ دەرچووە ، حەوت ساڵ ژیاوە ،) (٣٦) دانەی لێ دەرچووە، لە ١٩٦٣دا داخراوە» (٨)

ژمارەکانی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە لە چاپخانەی «التمدن» چاپکراوە ، بەڵام پاشان لە چەند چاپخانەیەکی دی ، لەوانە (النجوم)و (صلاح الدین) و (النجاح)و (شفیق) گۆڤارەکە چاپکراوەو شەش ساڵ ژیاوە.

کاك جەمال خەزنەدار لە ڕاپەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا وا باسی گۆڤاری هیوا دەکات :«هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی مانگی بووە ، لە لایەن یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا دەرچووە ، مودیری مسؤول «حافظ مصطفی قاضی» بووە ، ژمارە یەکی لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٥٧ دەرچووە ، پێنج ساڵ ژیاوە ، دوا ژمارەی (٣٦) بووە ، لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دەرچووە ، ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە ، کە هاشم دۆغرەمەچی و موکەرەم تاڵەبانی ناوە ناوە بوون بە مودیری مسؤول وە کەریم زانستی و کامل ژیرو محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین مستەفا بەشداری بەڕێوەبردنیان کردووە.»(٩)

کاك جەمال خەزنەدار راستیی نەپێکاوە ، دوا ژمارەی (٣٨)ە ، کە لە شوباتی ١٩٦٣ دا دەرچووە ، هەروەها جێی سەرنجە کە دەڵێ پێنج ساڵ ژیاوە ، لە ١٩٥٧_١٩٦٣ ، شەش ساڵ ژیاوەو بە ڕەسمیش موکەرەم تاڵەبانی نەبۆتە مودیری مسؤول بەڵکو لە

ژمارە (٨)ی (س٢)ەوە هاشم دۆغرەمەچی تا دوا ژمارەی دەرچوونی مودیری مسؤول بووە ،

د. کەمال مەزهەر لە بارەی گۆڤارەکەوە نووسیویەتی:

«هیوا» بەغدا

ژمارە یەکی : تەموزی ١٩٥٧

لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە : گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستییە مانگی جارێك دەرئەچێ . خاوەنی ئیمتیازی یانەی سەرکەوتن و مودیری مەسؤولی تا ژمارە (٨) ساڵی (٢)ی حافز مستەفا قازی و پاشان دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بوو ، زۆربەی ژمارەکانی (٨٠) لاپەڕە زیاترن . شوباتی ١٩٦٣ داخرا . (١٢x٤١سم) ە(٨)

د. جەمشید حەیدەری لە وتارێکی دا نووسیویە: «باری ئەدەب هەر لە نزمی و لاوازیدا دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٥٧ کە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا بڕیار دەدات گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی (مانگانە) دەربکات بەناوی (هیوا) و هەروەها لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ شێخ عبدالقادر بەرزنجی لە کەرکوك گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی کۆمەڵایەتی دەردەکا بەناوی (شەفەق) ئەو دوو گۆڤارە ڕۆڵێکی گەورەو دیاریان بینیوە لە بەرەو پێش بردنی پەخشانی کوردی و بەڵکو دەتوانین بە بەردەوامیی (گەلاوێژ) یان دابنێین لەم بوارەدا.» (١١)

مامۆستا (کامل ژیر)یش بیرو ڕای وایە ، کە «گۆڤاری هیوا قوتابخانە یەکی کوردایەتی گشتی بوو بۆ ئەو ڕۆژە ، پێنووسی نووسەرە گەورەو ناودار و بە بڕ شتەکانی ئەو سەردەمەی لە خۆ گرتبوو جگە لە نووسەرو هەستیارە لاوەکان.» هەروەها دەڵێ: «وەك ڕاستیەك ئەشێ ئەوەش بدرکێنین ، کە گۆڤاری (هیوا) ئەتوت لە کوردستانێکی ئازادا دەرئەچێ ، هیچ ڕۆژنامەیەکی مەلیکی تێدا بڵاو نەکرایەوە .»(١٢)

مامۆستا (محەمەد نوری توفیق) وەکو نووسەرێکی گۆڤاری هیوا دەڵێ: «دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك دەستم کرد بە نووسین ، بەڵام (شیعر نا) ، وەك زۆربەی زۆری نەوەکانی سەردەمی خۆم ، بەڵکوو لە پێشدا بە وەرگێران ، کەوا بزانم کە یەکەم بەرهەمم لە بارەی خەڵاتی (نۆبل) ەوە بوو ، کە یەکەم بەرهەمم بڵاو کرایەوە هێندەی تر هیوام لا خۆشەویستتر بوو، ئیتر هیوا بەرەو پێشەوە ئەچوو ، خوێنەرەکانی زیادی کرد و ، ژمارەکانی زیاتر ئەبۆوە ، منیش بەردەوام بەرهەمم بۆ ئەنارد ، ئەدەبی ، سیاسی ، زانستی ، دواجار لەنگەری چیرۆکم لەسەر لاپەڕەکانی دا گرت.» (١٣)

مامۆستا مستەفا سالح کەریم لە نامە یەکدا دەنووسێ :

«هیوا گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕونا کبیریی کۆمەڵایەتی بوو . لەو بارو دۆخەدا (چرا) یەك بوو لەو چوار چرایەی ئاسۆی کوردستانیان ڕووناك دەکردەوە (ژین ، هەتاو ، هیوا ،شەفەق).

ڕۆڵی (هیوا) لە کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا نابێ لە یاد بچێ و دەبێ بایەخی پێ بدرێ .»(١٤)

ئەمە بێجگە لەوەی لە هەندێ کتێب و وتاری ڕۆژنامەنووسی دا لەپاڵ زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاری دیکەی کوردی دا ئاماژەی بۆ کراوە (١٥)

یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا

ڕووناکبیرانی کورد دوا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم ، لە کوردستانی عیراقدا کەوتنە بیری ئەوەی لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریەوە میللەت ڕووەو خوێندەواری و زانست ببەن و لە دەردی هەژاری و نەخوێندەواری و بێ ئاگایی ڕزگاریان بکەن .

بە تایبەتی شکستی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو لەو سەردەمەدا و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان زیاتر ئەم بیرەی قوول کردەوە «لەپێش هەموو کەسێ جەنابی معروف جیاووك ،

کە نارراوی هەولێر بوو ، ئەم بیرەی (فکرەی) خستە پێشەوە لە رۆژی ۹ی شباطی ۱۹۳۰ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی زانستی ئیستیدعایێکی دا.

هەرچەندەش نارراوەکانی تر لە مۆرکردنی ئەم ئیستیدعایە خۆیان کێشایەوە ، بەڵام مەرحوم محامی احمد مختار بەگ زەهاوی ، کە لە مەدرەسەی حەربیە ، بە ضابطی دەرچوو بوو و یۆزباشی بوو لە مەدرەسەی حقوقیش شەهادەتنامەی سەندبوو و رەئیس یۆزباشی محمد علی بەگ عبدولعزیز ، محامی عارف بەگ پشدەری ، ئیستیدعاکەیان بە شەوق و هەوەسەوە مۆر کرد ، وە تەقدیمی وەزارەتی داخلیە کرا ، لە پاش کەشمە کەشو ماندوویەتیەکی زۆر بە ژمارەی ٦٨٩٥ وە مێژووی ١٩ـ٢٠ مایسی ٣٠ مأذونیتی کرانەوەی یانەی سەرکەوتن بە جەنابی مەعروف جیاوك درا، وە هەر زوو لە رۆژی ٣٠ی مایسی ١٩٣٠ ، لە سینەمای رۆیال بە حەفلەیەکی زۆر موحتەشیم یانەی سەرکەوتن کرایەوە»(١٦)

پەراوێزەکان

(١): چەند نووسەرێکی کورد لە کوردستانی ئێران نامەیەکیان بۆ گۆڤاری (هیوا) رەوانە کردووە ، بڕوانە : نامەیەك لە کوردستانی ئێرانەوە ، ژ٦،٧،س٢ ، لا ٣٧.هەروەها بۆ دەستەی نووسەرانی (هیوا) ،ژ(١١،١٢) ، س٢ لا ١٠٤ـ ١٠٦ . نووسەرانی تر لە سوریا وەکو قەدری جاف بەشداری «هیوا»ی کردوە ، بڕوانە : ژ٤،س٢ ، ل٧٦ لە یەکێتی سۆفیەتی پێشوو نووسەران کوردۆیێف و کەریمی ئەیوبی و جاسمی جەلیل بەشداریان کردووە ، بڕوانە :ژ (١١ـ١٢) س٢ ، لا ٤٩ـ٥٣ . هەروەها :ژ٣٢،س٤ ل٥ ـ١٢ هەر لەو ساڵانەدا نووسەرانی کوردی عێراق لە لینینگراد و باکۆ و شارەکانی تری سۆڤیەت بەشداری نووسینی گۆڤارەکەیان کردووەو مارف خەزنەدار پەیامنێری گۆڤارەکە بووە لە لینینگراد . لە وڵاتانی تردە وە ، وەکو ئەڵمانیاو سویسرا و ئەمریکاو چەند وڵاتێکی تریش نووسینی بۆ هاتووە ، بڕوانە : ژ١، س٣ لا ٧١ ، هەروەها : ژ٣٠،س٤ ، لا ١٩ . ژ٣٣ ، س٥ ، لا ٣٩ .

(٢) مامۆستا ـعـ ئە ستێرەیەکی نوێ لە ئاسۆی ئاسمانی وێژەی کوردا ، گ هیوا ، ژ١،س١ تەموزی ١٩٥٧ ، ل٤ . زۆربەی نووسەرانی تری گۆڤاری هیوا بە تەواوکەرو دەستە خوشکی گۆڤاری (گەلاوێژ) ی ناو دەبەن و چونکە دوا بەدوای ئەو دەرچوو ، ئەوە بێجگە لەوەی زۆر گۆشە هەبوون لە (گەلاوێژ) لە (هیوا) یشدا بەردە وام بوو ، وەکو گۆشەی(چیرۆکی ژمارە)و(کورد لای بێگانە)و(نارێکی کۆمەلایەتیمان)و(قسەی نەستەق) ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی نووسەرانی گۆڤاری (گەلاوێژ) پاشان لە گۆڤاری (هیوا)دا لە سەر نووسین بەردەوام بوون.

٣ : گ هیوا ،ژ١،س١،لا٧١.

٤: هەوری ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا ،ژ٢،س١، ئابی ١٩٥٧ ، لا٣٤.

٥: بێخەو ، بۆ هیوا، گ هیوا ، ژ٣٠،س٤ تشرینی یەکەمی ١٩٦٠، ل٤٤.

٦: مارف خەزنەدار ، بە کوردی تازە ،مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، لا ٧٤ـ٧٥ .(بە زمانی ڕووسی). ئەم کتێبە نامەی دکتۆرای مامۆستا (د.مارف خەزنەدار) . لە ساڵی ١٩٦٧ چاپکراوەو لە ١٩٦٣ گفتوگۆی لە سەر کرا . لە ساڵی ١٩٩٣ تەرجەمەی زمانی عەرەبییش کراوە . بڕوانە : د. معروف خەزنەدار ، موجز تاريخ الأدب الكردي المعاصر ، ترجم عن الروسية ، الدكتور عبدالمجيد شيخو ، بيروت، ١٩٩٣ . ئەو زانیارییانەی دەربارەی گۆڤاری هیوا لە سەرەوە نووسیمان د. مارف خەزنەدار لە زمانی ڕووسیەوە بۆی تەرجەمە کردین .

(٧): عبدالجبار محمد جە باری ، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ،١٩٧٠ ، لا ١٠٤ .

(٨) علاءالدين سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ،چ٢ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، لا ٦١٧ .

(٩) جمال خەزنەدار ، رابەری ڕۆژنامەگەری کورد . بەغدا ، ١٩٧٣ ، لا ٦٣ .

(١٠) : د. کمال مەزهەر ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا . بەغدا ١٩٧٨ ، لا ٢٤١ ـ٢٤٢ .

(١١) : جەمشید حەیدەری ، کورتە یەك لە مێژووی لێکۆڵینەوەی پەخشانو چیرۆکی کوردی ، گ وان ، ژ١،سوید،١٩٩٢ ، لا ٢٨ .

(١٢) نامەی تایبەتی : (کامل ژیر) بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەم نامەیە لە رێکەوتی ١٩٩٤/٩/١٤ . بڕوانە : پاشکۆی ئەم نامەیە.

(١٣) : نامەی تایبەتی محمد نوری توفیق بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەم نامە یە لە رێکەوتی ١٩٩٤/٩/١٥ .

(١٤) : نامەی تایبەتی مامۆستا مستەفا سالح کەریم بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەم نامەیە لە رێکەوتی ١٩٩٤/١٠/١٥ .

(١٥) لە رۆژنامەی (ژین) دا بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری (هیوا) وە نووسراوە : «موژدەبێ لەم رۆژانەدا گۆڤاری (هیوا) دەرچوو. کە لە لایەن یانەی سەرکەوتنەوە لە بەغدا سەرپەرشتی ئەکرێ . بێ گومان دەمێکە هەموو لایێك تینوو بۆ گۆڤارێکی کوردی وا ئەو ئاواتە هاتە دی ، هیوامان وایە ئەم تازە خوشکەی (ژین) کەلێنێکی باش پڕ بکاتەوە لەڕێی پێش خستنی وێژەو زمانی کوردی» . بڕوانە : رۆژنامەی ژین ، ژ ١٣٥٢ ، س ٣٢ پێنج شەممە ـ ١٩٥٧/٧/١٨ ، ل ٢ . لە ـ ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی دا ناوی گۆڤاری (هیوا) هاتووەو نووسراوە: حافز مستەفا قازی لە بەغدا (٣٦) ژمارەی رۆژنامەی (هیوا) بڵاو کردەوە ، بڕوانە : TheEncyclopaedia of Islam , Vol: V, 1981 .485.

هەروەها بڕوانە : کرد در دائرە المعارف اسلام ، ترجمة اسماعیل فتاح قاضی ، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی انتشارات صلاح الدین ، چاپ اول ، ارومیه،١٣٦٧ ، ص ١٩٠ بەڵام هەڵەیەکی تیایە (هیوا) رۆژنامەنیە بەڵکو گۆڤارەو حافز مستەفا قازی تا ژمارە(٨) ،س٢ ، مودیری مەسؤولی بووە.

لە رۆژنامەی (رووناکی) دا نووسراوە :«هیوا ١٩٦٠ گۆڤاری یانەی پێشکەوتنی کوردی بوو لە بەغدا چاپ ئەکرا» ، بڕوانە: رۆژنامەی رووناکی ، ژ ٢٩٠ ، هەینی ، ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ، لا ٤٤ ، ساڵی چاپەکەی و دەرچوونی هەڵەیە لە (١٩٥٧ـ١٩٦٣) دەرچووە .

سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:

أ ـ کتێب :

ـ جەباری ، عبدالجبار محمد : مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، ١٩٧٠ .

ـ خەزنەدار، جمال : رابەری رۆژنامەگەریی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣.

ـ سجادی ، علاءالدین : مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢ ، بەغدا ، ١٩٧١

ـ مەزهەر ، د. کمال : تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا ، بەغدا ،١٩٧٨.

ب ـ گۆڤارو رۆژنامە :

ـ رۆژنامەی رووناکی ،ژ ٢٩٠ ، هەینی ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩.

ـ رۆژنامەی ژین ، ژ ١٣٥٢ ، س ٣٢ ، پێنج شەممە ١٩٥٧/٧/١٨ .

ـ گۆڤاری وان ، جەمشید حەیدەری ، کورتە یەك لە مێژووی لێکۆڵینەوەی پەخشانو چیرۆکی کوردی ، ژ ١، سوید ١٩٩٢،

ـ گۆڤاری هیوا ، هەموو ژمارەکانی (١ـ٣٨).

ج ـ نامەی تایبەتی : کامل ژیر ، مصطفی صالح کریم ، محمد نوری توفیق.

٢ـ بە زمانی عەرەبی

ـ خزندار ، د. معروف : موجز تاریخ الادب الکردی المعاصر ، ترجمة عن الروسیة ، الدکتور عبدالمجید شیخو ، بیروت ، ١٩٩٣ .

٣ـ بە زمانی فارسی :

ـ کرد در دائرة المعارف اسلام ، ترجم" اسماعیل فتاح قاضي ، مرکز نشر فرهنگو ادبیات کردی ، انتشارات صلاح الدین ، چاپ اول ، ارومیه ، ١٣٦٧ .

٤ـ بە زمانی ئینگلیزی :

The EngYclo paedia of Islam , Vol: V, 1981

تێبینی : لەنامەی ماجستێرەکەم (رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا وەرگیراوە.

له ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی کوردیيەوە :

چالاکیەکانی پێشکەوتن
لە کوردایەتیدا

نووسینی : مەمدوح سەلیم بەگ
وەرگێڕانی لە تورکیی عوسمانییەوە : شێرزاد کەریم
داڕشتنەوەو ئامادەکردنی : سدیق سالح

یەکێك لە هاوڕێکانم کاتێك ئەو گوتارەمی خوێندبووەوە کە لە ژمارە (١٤) ی (ژین) دا لە بارەی خانمی کوردەوە بڵاو کرابووەوە ، گوتی : (بە ڕاستی باش لە خانمی کورد کۆلدراوەتەوە و شێوە تایبەتەکانیشی چاك دەست نیشان کراون . سەرنجی ئەوەیشم داوە دەتەوێ ڕایبگەیەنی کە ئەو شێوە تایبەتانە کەوا لە خانمی کورددا هەن لەنێو خۆیەوە هەڵقوڵاون و لە هیچ لایەکەوە پەیدا نەکراون . ئەگەر وایێ بیرو بۆچوونەکەت زۆر ڕاستن . ئەگەر چاکەو خراپەیەك لەنێو کورداندا هەبن ، هەمووی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە . بیر لە چی دیکە دەکەیتەوە بۆ چاك کردنی حاڵی ئەمانە؟) گوتەکانی هاوڕێکەم شایستەی سەرنج لێدانن . وا تێدەگەم دەیانەوێ بڵێن با ئەو خەسڵەتانە کە لە سروشتی میللەتدا پاشەکەوت کرا ون ، بکرێنە هێزێکی پەی پێبراو و هەست پێ کراوو کردەوەی چاکی هاوچەرخیش بخرێنە جێ ی کەم‌وکورتیە لابراوەکان . من ئەم مانایە بە گوتەکانی هاوڕێ خۆشەویستەکەم دەدەمو خوێندنەوەکانم بە پێ ی ئەوە دەنووسم .

ڕۆژنامەو نووسراوە تورکیيەکان لە ئەستەمبوول لەم ڕۆژانەی دواییدا بە مەسەلەیەکی گرنگەوە خەریکن کە بڕیتیيە لەوە کەوا ئاخۆ ژنانیش وەکو پیاوان زانست و زانیاری پەیدا دەکەن یان نا ؟ بیرویۆچوونی هاوچەرخکردنیش لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی نوێخوازی موسڵمانداتێهەڵکێشی ئەو نووسراوە بەردەوامانە کراون .

کەمێك قسەکردن لەسەر ئەم باسانە لەم گوتارەمدا بە پێویست دەبینم تا کوردانیش لەبەرئەوە کە موسڵمانن

مافی بیروڕا دەربڕینی خۆیان سەبارەت بەم باسە فکری و کۆمەڵایەتی‌یە بەکاربهێنن . داواکاریشم لاوانێکی ڕۆشنبیرمان بیروڕای خۆیان بدەنە لاپەڕەکانی گۆڤاری (ژین) . بنەماکانی (بەرنامەی کۆششی کۆمەڵایەتی) بۆ کوردایەتی بەمە ئامادەکراو دەبن . دەنا ئەم باسە گرنگ و گەورەیە شتێك نی‌یە بە دوو سێ نووسین و خەت کێشانی یەك دوو قەڵەم چارە سەر بکرێت.

دەمەوێ پێش ئەوەی بچمە نێو باسەکە خاڵێك لەبەرچاوماندا جێگیر بکرێت : من خودی خۆم تاڕادەیەك بە بوونی ئایین بۆ کەسان و دەستە کۆمەڵایەتیەکان و پێویستی بنەڕەی ئەوانیش بۆ ئایین قایلم . بەڵام منەوە مرۆڤێك چۆن ناتوانێ بەبێ هەواو ئاوو نان بژی ، ئەوایش ناتوانێ بەبێ ئایین بێتە خاوەنی مافەکانی ژیان ، بە تایبەتی ئەم ئاینە کە هی سەرداری پێغەمبەرانبێ . سەدان هەزار بیریار لە پێش منەوە هەن بیریان لەم بۆچوونە کردۆتەوەو بڵاویان کردووەتەوە (مرۆڤ چۆن بەبێ گیان ـ ڕۆح ـ ناژی ، ژیانیش بەبێ ئایین نابێ) . ئەگەر باسی بیروڕای پێوەندیدار بە پێشکەوتن و تازەکردنەوەو تەواوکاری (تکامل) بکەین :

گومانی تێدا نیە کە دەرکەوتووە پێڕۆکردنی ئاین لەنێو ئایندارترین کۆمەڵدا ئەگەر پێبەندی بنەماکانی نەبێ دەگۆڕێت . هەموو مرۆڤێکی سۆفی و ئایندارو خواپەرست یەك ماناو مەبەست هەڵناهێنجن . ڕێبازی نەقشبەندی و ڕێبازی قادری و ڕێبازی ڕوفاعیەو ... تد ، ئەمانە و چەند جۆرێکی دیکەی سۆفیگەری و هەردوو مەزهەبی سونی و شیعەو گەلێك لقی مەزهەبی دیکەش هەن کە هەریەکەیان بە پێی کۆششی خۆی لە دەرەوەی حوکمی یەك بەدوای یەکدا هاتووی ئاین لێکی دەدەنەوە . ئەم لێکدانەوە جیا جیایانە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەو ناکۆکی‌یە گەورە بچووکانە کە ئێستا لە ئارادان . لەبەرئەوەیە کە هەر کۆمەڵێك بە شێوەیەکی جیا لە ماناو سوودو شێوەی جێبەجێکردن و مەبەستی پێشکەوتن حاڵی دەبێ . دەشێت بیرو تێڕوانینی جیاواز لەو بارەیەوە هەبن کە کامیان لە پێشەوە دێت . شووڕا ئەوەی بڕیوەتەوە کە ئایندارو سۆفی و شێخ و مەلاو شاری و لادێیی و قوتابی و جووتیارو هەموو کەسێك لە پێداویستەکانی تە واوکاریدا هاوەنگی زۆرینەن . بەڵام وەختێك چوونە سەر جێبەجێکردنیان بە ئەندازەیەك ناکۆکی پەیدا دەبێ کە تەنانەت زۆر لەوانە لە سەر چۆنایەتیی پێشکەوتن و هۆی داواکردنی پێشکەوتن گێل دەردەچن یان خۆ گێل دەکەن . ئیدی پێشکەوتنی بەستەزمان و ئایینی پیرۆز لەمەوە بە شێوەیەکی سەرپێی و نەزانانە دەکرێنە قوربانیی هێندێك تێڕوانینی بێ بنچینە ، بەبێ ئەوەی هەم کەسانی ئایین بە قەڵغان کردوو ناوەڕۆك و مەبەستەکانی بزانن و هەم عاشقانی پێشکەوتنیش لە مەبەستەکانی پێشکەوتن تێ بگەن .

بۆینباغ بەستن و سمێڵ تاشین لەنێو ئەوانەدا کە دەم لە ئایین دەژەنن و خۆ زۆر بە ئایندار دەزانن ، بە کفر دادەنرێن و دەڵێن ئەوانەی کە ئەوە دەکەن کافرن . من زۆرم لەوانە دیوە کە بیست و چوار سەعات لە مەیخانەکاندا کەوتوون و پارەو پووڵی بە ڕەنج و ئارەق پەیدا کراوو منالاّن پێ بەخێوکردووی سەدان مرۆڤیان بە حەزێکی دەروونی ڕاکێشاوەتە نێو کیسە پارەی خۆیان . هەروەها لەوانەیشم دیوە کە پازدە ساڵیان لە خوێندندا بە سەر بردووەو بوونەتە پێشەوای تەریقەت و بەرتیلیان حەڵاڵ کردووەو بەهرەی زانستیی خۆیانیان بۆ تاڵکردنەوەی گیرفانی میللەتی بێتاوان کردووە بە ئامراز. گەلێکیشم لە وانە دیوە کە بە گوتنی (العوام کالهوام) لە پێشکەوتن دەدوێن و قسە کردن لەگەڵ حەماڵێکداو گوێگرتن لە دەردی لادێیەك بە نزمی دادەنێن و حاشا لە سەرلەبەری داب و نەریتی میللی دەکەن و سووکاتیکردن بە هاوڕیان بە پێویستیی پێشکەوتن دەزان.

بە پێچەوانەوە نە ئاین ڕێی ئەوە دەدات کە ورگ بە ڕەنجی خەڵکانی دی پڕ بکرێت و نە زانستیش هۆی سوالکردنەو نە پێشکەوتنیش خۆ دزینەوەو خۆدوورخستنەوە لە لادێیی و حەماڵ و گوندو

سووکایەتیکردن بە هەموو جۆرە پیرۆزیەکی میللەتە . ئایین و پێشکەوتن دەبێ هاوەستە یەک لەگەڵ یەکدا بچنە نێو گیانی میللەتەوە . ئایین لە پێشکەوتن بەولاوە چی دەگەیەنێ ؟ ئەوە دەگەیەنێ کە لە تێگەیشتنی ئایین و پێشکەوتندا بە هەڵەدا چوون یان بە هەڵە پێشان دراون. ئەوەتا گوناح و خەتاکان لەم گوناحە زلەوە دەست بەکار دەبن و دەکێشنەوە بۆ زەرەمەندیی میللەت . بەرپەرەکانیی تازەکردنەوەو پێشکەوتن لە هەموو دەوران و نێو هەموو میللەتێکدا بیناوە . دەتوانین لەو بارەیەوە باسی چەندین نموونەی جۆراو جۆر لە سەردەمە دێرینەکانی مێژووەوە تا ئێستا بکەین.

ئایین پارێزان هەمیشە مافی قسەکردنیان بە ناوی میللەتەوە لە هەموو شتێکدا بە خۆیان داوەو.ئەم دژایەتییەیان کردووەتە کارو پیشەی خۆیان . پێبەندبوونی ئەوانە بەو بیرو بۆچوونانە لە قازانج گۆڕین بە گیروگرفت بەولاوە هیچی دیکە ناگەیەنێ . مێژوو لەم بوارەدا ئەوانە بەکەسانێکی دەگمەن دادەنێت کە بەکۆششێکی پوختەو قەناعەتێکی جڵەو کراوەوە دەجوڵێنەوە . هیچ کاتێك حەشاماتی خەڵك نەبینراوە ڕووی لە دژایەتی تازەکردنەوەو پێشکەوتن کردبێ ،

ئەوانە کۆمەڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمەچەشنەن کە دەبنە مایەی جولاندنو پاڵپێوەنانی خەڵك بۆ دژایەتی کردن ، چونکە دەزانن بە هاتنەدیی تازەکردنەوەو پێشکەوتن زیان بەخش دەبن و دەسکەوتەکانیان لەدەست دەچێ . «ئەگەر خەڵك چاوی بکرێتەوە کۆیلایەتییان ناکات . لەوە دەترسن ئەو سەڵتەنەت و سامانە لە دەست بدەن کە بەبێ ئەرك و ڕەنج پەیدایان کردوون» . زۆر سەیرو جێی سەرسامیە ، ئەوانە کەخەڵك بە هەڵەدا دەبەن ، هەردەم خۆیان زۆر بەلایەنگری تازەکردنەوەو پێشکەوتن و بیرکردنەوە لە مافەکانی خەڵك پێشان دەدەن . هەمان کاتیش دەبنە کۆسپی سەر ڕێگای پێشکەوتنیان . زۆرجار ڕوویداوە هەر ئەو خەڵکە لە ئەنجامی ئەم جۆرە کردەوانەدا خۆیان بەدەست سزای کردەوەکانیانەوە نالاندوویانە .

ئەو میللەتانە لە مێژوودا زۆرو دیارن کە پێشکەوتن و تازەکردنەوەیان بەبێ ئەملاو ئەولا قبوڵ کردووە . ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی میللی یان سوودەکانی داهاتوویان بۆ خۆیان و خەڵکەکە لە پێشی هەموو شتێکەوە داناوە ، یا هەستیان بەخۆشەویستییەکی بێ گەردی میللی ـ نەك ناڕەزایی ـ بۆ بیرو بۆچوونی پێشکەوتن کردووەو ، بگرە خۆیانیان تەسلیم کردووەو هانی خەڵکانی دیکەشیان داوە لایەنگری ئەو جۆرە لایەنانە بکەن و بەختەوەریان گەیاندوەتە بەرزترین ئاستی پێشکەوتن . ئەوانە تا دنیا مابێ بە خێرو سوپاسەوە یاد دەکرێنەوە.

پێشکەوتن کە هەمیشە لە مێشکی کەمایەتییەکی بچووکدا یان تەنانەت زۆرجار لە تاکە مێشکێکدا لە دایك دەبێ ، هەموو کاتێك بە ئاسانی ناکەوێتە جوڵە . ئەگەر بۆ ئەمە کەمێك بڕوانینە مێژوو : دەبینین حەزرەتی عیسا «سڵاوی خوای لێ بێ» ئەوکاتە کە بانگەوازی بۆ ئایینی هەق دەکرد ، چەند کەسێك لایەنیان گرت . ئەنجامەکەی چی بوو ؟ حەزرەتی موحەمەد (د. خ) کاتێك بانگهێشتنی بۆ ئایینی ڕوون و ڕەوان دەکرد ، تووشی چەند کۆسپ و کێشەیەك بوو . چەندەها بەرهەڵست هەر لە یەکەم کاتەوە دژ بە خودی پیرۆزی و ڕێگا شکۆدارەکەی قوت بوونەوە ؟ چەندین زانما پێشەوای ئیسلام ژیانی خۆیانیان لەدەست داو چەندیشیان پاش کۆچ کردنیان نرخیان زانرا ؟ شێواندنەکانی دەورانی تازەکردنەوەی عیسایی و ـ بۆ نموونە ـ کرداری (ئەنگیزاسیۆن) کە ئەوروپا لەو چەرخەدا ئامادەیی خۆیی بۆ بە ئاگاهاتنەوە پیشان دابوو و ئەم بەئاگاهاتنەوەیەی ئەوروپایش دەبووە هۆی زەرەرکردنی ڕەبەنایەتی (رهبانیة) ، ئەو یەك دوو کەسە کەبیریان لە پڕۆتستانتی کردەوە تووشی چی بوون ؟ هەر لە دواهەمین کردەوەکانی پێشکەوتن لە مێژووی عوسمانیدا ، ئەو ڕاپەڕینانە کە لە دەورانی سوڵتان سەلیمی سێیەمو سوڵتان مەحمودا قەومان چ هاندەرێکیان هەبوو ؟ ئەو کەسانە کە گەرەکیان بوو

میللەت تامی پێشکەوتن بکات چەند کەس بوون ؟ بیرو بۆچوونەکانیان تا چ ڕادەیەك توانایی بڵاوبوونەوەیان هەبوو . ئەو فێست‌و بۆنباخ‌و پانتۆڵە تەسکانەی کە ئەمڕۆ بۆ زاناو مامۆستا ئاینیەکان حەڵاڵ کراون ، ئایا لە ڕابردوودا نەکرابوونە نیشانەی کافری ؟ ئەوانەی کە کەمێك لە مێژوو بەهرەمەند بووین دەزانن لاپەڕەکانی مێژوو کەم‌و زۆر لە یەکدی دەچن . من مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم نموونە مێژووییانە ئەوەیە بیانکەمە پشتیوانی ڕێ‌و شوێنە گشتی‌و کۆمەڵایەتیەکان تا بۆ جێبەجێکردنیان لە ژیانی کوردەواری‌دا بکرێنە مەیدانی خوێندنەوە .

هەڵبەتە کوردایەتیش کە ناچاری هاوچەرخ بوونەو لە دەرەوەی ئەم ڕێ‌و شوێنە گشتیانەدا نامێنێتەوە ، ئەویش لە کاتێکدا کە هێندێك پێویستی شارستانەتی پەسەند دەکات ، بێگومان یەخەگیری ئەو کۆسپانەیش دەبێ کە لە پەرۆشی سوود یا بێ ئاگاییەوە پەیدا دەبن‌و ، لەم ئومێدەیدا بیەوێ‌و نەیەوێ قوربانیەکانی زۆرتریان لەو ئەندامانە دەبن کە ئیشکەرو چالاکن . ئەم ڕێ‌و شوێنانە چەند گشتی بن . بەپێی سروشت‌و تایبەتمەندیی هەر میللەتێك بە جیاوازی دووچاری گۆڕان دەبن‌و ئەمەیش شتێکی سروشتییە . ئەو چوار ساڵە کە لە ئەستەموڵ دوورکەوتمەوە ، ساڵ و نیوێکم لەنێو کوردانی شوێنە جیاجیاکاندا بە سەر بردو ئەوەیش ئەم قەناعەتەی پێ بەخشیم : کورد (دەمارگیرییەکی نەزانانە)ی هەیە ، بەڵام خاوەنی (باوەڕێکی دەرك پێکەر)ی بەهێزە کە شانازیی پێوە دەکەم . هەروەها کوردان بە تەواوی پێداویستەکانی سەردەم مەزەندە دەکەن‌و لەو بارەیەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ کردووەو ، بۆ ئەمەیش زۆر سوپاسیان دەکەم ، کوردان لە شوێن‌و کاتی جیاوازدا قسەی زۆریان بۆ کردووم:

«ئە فەندی پیاو کە خوێندەواری نەزانێ ، بە کەڵکی هیچ شتێك نایەت و جیاوازیی لەگەڵ ئاژاڵدا نییە . ئەگەر خوێندەوار بووینایە جەندرمەیەك نەیدەتوانی بەئارەزووی خۆی بێت تاڵانمان بکات‌و بڕوات ، ـ کوردێك ئۆتۆمبیلێکی دی ـ ئەفەندی بەخوا ئێستاکە بۆم دەرکەوتووە کە هیچ ئاگامان لە دنیا نییە . ئێمە بەجوورێك گا بار دەگوازینەوەو ئەوەندە ماندوو دەبین گیانمان دەردەچێ . گاکەمان دەمرێ‌و بۆی دەگریەین‌و . بۆ گۆشتەکەی یا بۆ پێستەکەی کە دەیکەیە کەوش دەگریت ؟ کابرا بەبێ هیچ زەحمەتی‌یەك بێ ئەسپ‌و گا هەرچی‌یەکی بوێت دەیبات . ـ کوردێك فرۆکەیەکی دی ـ کوڕی ئادەم چی‌یان دروست کردووە . ئەگەر بەوانە بڵێین مرۆڤ ، ئەی چی بە ئێمە دەڵێن ؟ ئێمە نازانین بەڕاستەڕێدا بڕۆین ، ئەوان دەفڕن . ئەفەندی ئێمە کەنگێ وەهامان لێ دێت ، چاوی سەبەبکارمان کوێر بێ کە کاتی خۆی بە ئێمەی نەخوێند . ئێستا وەکو ڕانەمەڕ چیمان پێ بڵێن مامان دادەنەوێنین . گوتم کوڕە کە بخوێنە ، با وەك من نەبی. ناسیاوێکم لە شار هەبوو ، قسەم لەگەڵدا کرد . کوڕەکەمی خستە بەر خوێندن . منااڵەم نارد دە ڕۆژێك لە شار مایەوەو کەمێکیشی خوێند . ئاغاکەمان ڕازی نەبوو و گوتی نابێ پێی بخوێنی . دەبێ بۆ گوندی بهێنیتەوە . منیش ناچار هێنامەوە و منداڵەکەیش نەبوو بە پیاو . مەلای گوندەکەیشمانمان بە عاقڵ‌و زانا دەزانی چونکە خوێندبووی . زۆر خزمەتمان دەکرد . ئەفەندییەکی وەکو تۆ چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هات و چەند پرسیارێکی لە بارەی ئاینەوە لێکرد . نەیتوانی وەڵامی یەکێکیان بداتەوە . خەڵکی گوندەکەمان کۆبوونەوەو بڕیارمان‌دا ئیمامێکی تازە بهێنین . مرۆڤ کە خوێندی دەبێ بە تەواوی بخوێنێ . ئەفەندی گەورەکانیشمان هیچمان بۆ ناکەن‌و ئاوڕمان لێنادەنەوە . چییان بە ئێمە گوتووەو نەمانکردووە ؟ بۆچی چاومان ناکەنەوە ؟ بۆ کارەکانیان بە باش دەزانن ؟ ئەوەی کە خوێندەوار بێ ، چاوکراوە دەبێ‌و دەزانێ قسە بکات ، وانییە ؟

ـ بەندە ڕۆژنامە خوێنێکی کوردم ـ ئەفەندی بە عوسمانی دەنووسی ؟ چ دەبێ ئەگەر ئێمەیش نووسراوی وەهامان هەبێ . دەبێ کتێبیشمان بێ بۆ ئەوەی کە

وەختێك دەخوێنرێتەوە ئێ بگەین ئەو شتە تایبەتە بەوانە کە عوسمانی دەزانن . ئەی هی کوردان لە کوێیە ؟ ئەگەر ئێوەی ئەفەندیش شتێکی وای تایبەت بە کوردان بکەن ، چ دەبێ ؟!».

ئەمانە ئەو مرۆڤانەن کە چاوم پێیان کەوتووەو قسەم لەگەڵدا کردوون و نالەی لە هەزاردا یەکێکیانم خستە بەر چاوو گوێتان . بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کوردان لە دەردەکانی خۆیان گەیشتوون و باوەڕیان بە پێویستیی پێشکەوتن هێناوە . نەخۆشی وا هەیە باوەڕ بە نەخۆشیی خۆی ناکات و گوێ بە ڕێنوێنی پزیشکەکەی نادات . نەخۆشیش هەیە لە نەخۆشیەکەی خۆی دەگات و پزیشکەکەی هەرچییەك بڵێت بە قسەی دەکات . ئەم جۆرە نەخۆشانە بەوە حسێبیان بۆ دەکرێت کە لەنەخۆشیەکانیان رزگار بوون . ئەوەتا کوردانیش لەم جۆرەن . ئەو تواناییە فراوانە کە لە ئەورووپاو ئەمریکا لە دایك بووەو هەموو جیهانی گرتووەتەوە ، ئێمە لە نهێنیەکانی شارەزا بووین و ئیدی ئەو بایە کە لەو ناوچانەوە دێت ژەهراوی نییەو دەزانین سروەی ژیانە.

ئەم میللەتە کە ئەمڕۆ بیرو هۆشی ئاینیی هێندە بۆ قبوڵکردنی پێشکەوتنی شارستانانە یاریدەدەرە ، با بۆ ئامادەیی سروشتیەکەیشی بگەڕێین . نموونەی ماددی هێنانەوە بۆ ئەمە لە باسی شتی دامالراو (مجردات) بە سوودتر نابێ ؟ ئەو قوتابیە کوردانە کە لە قوتابخانە جۆریەجۆرەکانی ئەستەمبوڵدا ڕێزیان گرتووەو ئەورووپاییان دیوەو لەوێ پێگەیشتوون ، ئەو لاوانەی کورد دەبینم بەم ئاستەی ئێستایان گەیشتوون و لە هیچ شوێنێکدا لە هاوەڵەکانیان دوا نەکەوتوون . ئەو ئامادەیی و لێوەشاوەیی مێشکیە کە لە کورداندا هەن بەڵگە دەیانسەلمێنێ . جگە لەمە ، ئەو کوردانە کە لەملاو ئەولای ئەمریکادا ژیاون و خوێندوویانە ، پاشان بە سنعاتکاری و دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداریەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان گەڕاونەوە . ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە کوردان خاوەنی چ جۆرە گیانێکی پیشەسازین . من چاوم بە چەند کەسێکیان کەوتووەو بە هەستێکی بەرزی مرۆڤانەوە پێشوازییان لێکردووم . بە قەناعەتی من چونکە ئەمە ڕاستییەکە بە ئەمانەوە دەیڵێم : کوردان ئامادەن شارستانەتیەکی هەرە بەرزتر قبوڵ بکەن و ئەواوکارییەکی زۆر گران بە کەمترین کات و لەنێو هەڵو مەرجێکی نالەباردا بەدی بهێنن .

ئەمڕۆکە ئەوان پێبەندبوونێکی ئاینیی لەبن نەهاتوویان بە چاکەو خێری نەڕاوەی موسڵمانانەوە هەیەو بەرامبەر بەو شارستانەتیە کە پێی سەرکەوتوو دەبن و بە سەرکەوتوویی ژیان بە سەر دەبەن و بە سەرپشکی بەجێ هێڵراون . ئەو میللەتانە کە بە داواو ڕەزامەندیی خۆیان قبوڵی ناکەن ، بە زۆری زۆردارەکی ناچاری قبوڵکردنی تایبەتمەندیی ئەم شارستانەتیە دەکرێن . هەڵبەتە دەبێ ئەوە بزانین کە هێنانی شارستانەتیەکی بێگانە بۆ نێو موسڵمانەتی بە قسەی هێندێکیان شارستانەتیەکی دیانی (مەسیحی) نییە ، شارستانەتیەکە لە بنەڕەتدا سەرچاوەکانی پاکن و بە تێپەڕینی ڕۆژگار لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هەڵیکردووە . ئەم شارستانەتیە لە ئاین لامان نادات و بە گوڕو تینێکی زیاترەوە بەرەو حوکمەپیرۆزەکانی پاڵمان پێوە دەنێ . دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەگەر بێتو ئەم شارستانەتیە قبوڵ نەکەین ، بە پێچەوانەی ئەو ڕاسپاردەیەوە کە خواو پێغەمبەران لە سەدەکانەوە بۆیان بەجێ هێشتووین ، دەبینە هۆی بەرەڵایی و ژیانی کۆیلایەتی . دەبێ بیر لەوەیش بکەینەوە کە ئاین بەختەوەریەکی دنیایی و قیامەتیەو بەرزبوونەوەی ئاین بەوەوەیەو بەرزیی ئاینیش بەرزی ئەوانەیە کە بە ڕێگاکەیدا دەڕۆن . ئێمە بەم حاڵو بارەی ئێستامانەوە هەموو ڕۆژێك مەحکووم پلیشانەوەو ڕۆیشتن و لادان بەرەو بچووکبوونەوەو نەمانین . ناتوانین نە بەختەوەری دنیاو قیامەت بین و نە خزمەتکاریی بەرزبوونەوەی ئاینەکەمان بکەین . ئەم شارستانەتیە بۆ بەهێزبوونمان چارەسەرەو لێزانێکی سەیرە بۆ ئەوانە کە هەوڵ نادەن لە بێهێزی ڕزگار ببن . بمانەوێ و نەمانەوێ دەگۆڕێین

، ئەگەر زانیاریی دەسالّ لەمەوبەرمان بۆ ئەمرۆمان بەس نەبن‌و قیافەتی دەسالّ لەمەو پێشمان ئەمرۆ شێوەیەکی دیکە وەرگرێ ، ئیدی چۆن کەڵەڕەقی بۆ هێشتنەوەی ئەو سەرو قیافەتەی سێسەد سالّ لەمەوپێش دەکرێت‌و ئەمە چۆن دەشێت ؟ ئەو کوردانەی کوردستان کە ئەمرۆ لە شارەکانیانەوە بە کاروان هێنراون‌و بەنێو ئەستەموولّدا بلّاوکراونەوە ، کام زەین‌و کام قیافەتی بێ‌ئاگایان دەشارنەوە ؟ ئەوەی وا قیافەتیان پێ دەگۆڕێ‌و زەینیان کاملّ دەکات باوك‌و برای ئەو کوردانەن کە لە شارەکانیان‌دا هیچیان لە خەڵکەکانیان کەمتر نییە . من بەو پێیە ئەم شارستانەتیە بە «مەرجەکانی ژیانی گونجاوی ماددی‌ومەعنەوی» دەدەمە ناسین . ئێمە ناچاری ئەوەین خۆمان لەگەلّ ئەم مەرجانەدا بگونجێنین . بە پێچەوانەوە ئەوانە کە دەیانەوێ ئەم لافاوی شارستانەتیە بوەستێنن ، لەبەردەم هەموو جۆرە شەپۆلێکیدا مەحکومی تل پێدان دەکرێن.

ئەگەر ئەو ئامادەییە کە بۆ قبوولّکردنی هەموو چەشنە کاملّبوونێك لە گیانی میللیماندا هەیە بە خوت‌و خۆڕایی لەدەست بدەین ، دەبێ لەوە بترسین کە میللەتانێکی دیکە بۆ سوودی خۆیان بەکاری دێنن. هەر ڕۆژێك گەیشتینە پایەیەکێ بەرز، ئەوسا پایەی بەرزترین داهاتوو دەبینین . قبوولّو جێبەجێکردنی پێشکەوتنە شارستانیەکانی ئەمریکاو ئەورووپا بۆ کورد هیچ کارێکی ڕەق‌و بێگانە نییە ، چونکە ئەمرۆ گەورەیی‌و دەسەلّات‌و توانایی ڕێکخستنی چارەنووسی جیهانیان بلّاو کردووەتەوە و پێگەیشتوویی میللەتە گەورەکانمان بەرچاو دەخەن‌و ئێمە بە چاوبڕینە ئەوان خۆمانمان پێ ڕاناگیرێ.

میللەتی کورد هەر لەبەر کردەوەو کەمتەرخەمیی خۆی نییە ، بەڵکو بە هۆی مێژوو و هێندێك هۆی شوومی جۆراوجۆری مێژوویەوە ، درەنگ پێداویستەکانی سەردەمی وەکو خۆیان بەدەست هێناوەو قبوولّ کردووە ، تەنانەت دەتوانم بڵێم لەو شارێیە ڕووناکەدا دەستی بە ڕۆیشتن کردووە . ڕێی تێدەچێ پێبەندیی کورد بە ئاینەوە بەیەکەم هۆی هاندانیان بەرەو شارێنی پێشکەوتن دابنرێت . ئایا دەکرێت ئەوانە کە لەژێر بەرگی ئایندارێدا لافی حوکمداریی میللەت لێدەدەن ، ئێمە لەبەر قازانجی خۆیان بەرهەڵستیان نەکەین ؟ دووپاتی دەکەمەوە دەبێ تەنیاو تەنیا لەبەردەم ئەو بەرهەڵستیەدا نەمێننەوە کە لە پەرۆشیی قازانجەوە پەیدا دەبێ . جموجوڵێکی وەها سست‌و پڕ ناکۆکی خاوەنەکانی تووشی زیان دەکات‌و هیچی دیکەیان دەست ناکەوێ .

کورد هەق‌و ڕاستیی بۆ دەرکەوتوون . لە سەرەوە گوتبووم کوردان خاوەنی (باوەڕێکی دەرك پێکەرن) ئەم تایبەتمەندیەیان دەبێتە هەنگاوێکی بە هێزی (دەرك پێکردنی باوەڕدارانە یا ئایندارانە) . کورد ئەو ڕۆژە کە بەسەر ئەو پلەیەدا سەردەکەوێ ، لە نەزانی‌و ژیانی کۆیلایەتی‌و دیلی دەرباز دەبێ‌و مافی خۆی لە فڕاندن ڕزگار دەکات . مانای ئەوەیشە کە قۆناغێکی زۆری لە شارێنی داهاتوو بڕیوە . باوەڕم بەوە هەیە کە ئەو داهاتووە زۆر دوور نییە . ئەوکاتە قسەی هاوڕێکەم بەدی دێت کە گوتی کردەوەی چاکی کوردان پەیداکراو نییەو ، خودی برادەرەکەیشم ئەو میللەتە خزمەتکارە دەبینێ کە خزمەتی چاکی‌و مرۆڤایەتی دەکات‌و ئاگای لە هەق‌و ئەرکی خۆیەتی.

لاوان‌و ڕۆشنبیرانی کورد ئەم بۆچوونەمان بۆ مەبەستی تەواوکاری ،وەردەگرن یا بەهقسەی کەمال فەوزی بیلّێین : ڕێگامان دوورو درێژەو لە ڕێگا دڕکاویەکاندا لەگەلّ مردن‌و ناهەقەکاندا زۆران دەگرین (هەقیش یاوەرمان بێ).

ـ ١٤ نیسان ـ

* * *

سەرچاوە: گۆڤاری (ژین) ، ژ ١٧ ، ٢٦ی نیسانی ١٣٣٥ ی ڕۆمی (١٩١٩) لە کتێبی : م . ئەمین بۆزئەرسلان ، ژین گۆڤارا کوردی ـ ترکی ١٩١٨ ـ ١٩١٩ ، جلد ٤ ، ئۆپسالا ، ١٩٨٧ (بەپیتی لاتینی)

پۆژش

لە ژمارەی رابردوومانداا لە بابەتی کۆمەڵەی کولتووری رۆشنگەریی (جیهاندانی)دا ئەم چەند دێڕە لە کاتی چاپدا پەڕیبوو، بۆیە داوای لێبوردن لە بەرای نووسەرو لە خوێنەرانی ئازیز دەکەین.
ئەم بەشەی نێوان دوا بڕگەی ستوونی دووەمی ل١٧١ و یەکەم بڕگەی ستوونی یەکەمی ل ١٧٢ پەڕیوە؛ ئەمە دەقەکەیەتی:

گ.ن

لەو هەل و مەرجە لەبارە وەربگرێ کە بە هۆی وەزعی پڕگرێو گۆڵی بابی عالییەوە لە ئەنجامی شەڕەکانی ئازوریك و باڵکانەوە خوڵقاوە، ئەوا ئامادەم چ ڕێگایەك دادەنێ پێکەوە بگرینە بەر. بەڵام ئەگەر عەبدولرزاق بە تەمایە تورك بە چەند جموجوڵێکی کەمی هێندێك تاقمی کورد بێزار بکات، من هیچ کەڵکێك لەوەدا نابینم بۆ خزمەتی کێشە هاوبەشەکەمان و، کارێکی مەنتیقی نیە خەڵکی خۆی دووچاری مەرجی بێ چەندوو چوون بکات، لە کاتێکدا ئەوپەڕی پێویستی پێیانە بۆ چەند ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا کە بریتین لە پاراستنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران (١٥).

لە پاڵ ئەوەدا سمکۆ پێی وابوو خەرجکردنی پارەی کەمی کۆکراوە بۆ قوتابخانە دروستکردن لە مەبەستی دیکەدا زیان بە کۆمەڵەو ناوبانگی عبدولرزاق خۆی دەگەیەنێ لە نێو خێڵە کوردەکاندا، بەڵام هەڵوێستی هۆشیارانەی سمکۆ عبدولرزاقی لە ڕێکخستنی خەباتێکی چەکداری کورد دژ بە (تورکانی لاو) سارد نەکردەوە، بۆیە هەڵی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی قۆستەوەو بڕە پارەیەکی لەوە کە سمکۆ بۆ قوتابخانەی خڕکردبووەوە خستە ژێر دەستی خۆی تا بۆ سازو تەیارکردنی چەند دەستەیەکی چەکداری کورد لە هەردوو ویلایەتی ئەرزڕۆم و وان خەرجی بکات، ئەم هەل و مەرجە جۆرە ساردییەکی کاتی لە نێوان عەبدولرزاق و سمکۆدا دروست کرد، ناکۆکییەکانی نێو سەرکردایەتیی (جیهاندانی) بە شێوەیەکی کاریگەر کۆسپیان نایە سەر قایم بوونی جێپێی کۆمەڵەو، سنووریان بۆ توانایی چالاکیە کولتوورییە ڕۆشنگەریەکانی دانا.

بێگومان دامەزراندنی کۆمەڵەی (جیهاندانی) نەخشێکی مێژوویی گرنگی لە ڕاچڵەکاندنی هوشیاریی نەتەوەیی کورد، هەبوو. بەڵام یەکەمین شەڕی جیهانی نەیهێشت تەمەنی کۆمەڵە درێژ بێ، (و.ل فیلچینسکی)ی زانای سۆڤیەتی دەوری گەورەی کۆمەڵەی لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا نرخاندووەو گوتوویە:

((کەسایەتیە سیاسیو کۆمەڵایەتییە کوردیەکان و ڕێکخراوە کوردیەکان گەلێك میراتیان لە سەرکەوتنەکانی کۆمەڵە بۆ مایەوە)) (١٦).

هەروەها (جیهاندانی) جێو ڕێیەکی شەرەفمەندانەی لە مێژووی پێوەندیە ڕۆشنبیریەکانی نێوان کوردو ڕووسدا گرتووە.

گەشتی رووناکبیری

پێشگەشت :


رۆشنبیریی کتێب ، و رۆژنامەو تەلەفزیۆن نابن بەیەك ، بەتایبەتی رۆژنامەو تەلەفزیۆنی وڵاتێکی وەك وڵاتەکەی ئێمە .

کتێب ژەمی چەورو چاك بۆ خوێنەر ئامادە دەکات رۆژنامەو تەلەفزیۆنیش ژەمی سووکو سەفەری بە خوێنەرو بینەر دەبەخشن .

لە کوردستانی پاش راپەڕیندا ، بە هۆی فرەبوونی تەلەفزیۆنو رۆژنامەوە لە لایەك ، و کەمبوونەوەی کتێبو چاپ خوێنەری کتێب لە جاران کەمتر بۆتەوەو خوێنەری رۆژنامەیش چەند جارێك لە جاران زیاتر بووە . ئابڵوقەی دوانەی رۆشنبیریو بایەخ نەدان بە سەنعاتی کتێب و بواری رۆشنبیری لەلایەن حکومەتو حیزبەکانەوە بەئاشکرا دەبینرێت . پرۆژەی رۆشنبیری تەمەن کورتە ، ئەمڕۆ گۆڤاری دەرئەکەنو چەند مانگێك دوای ئەوە دەیوەستێنن رەنگە وەستانی زۆر پرۆژەی غەیرە رۆشنبیری قورس بێت بە لای حیزبەکانەوە بەڵام راگرتنی پرۆژەی رۆشنبیری زۆر ئاسانە بەلایانەوە .

سەیرە لە سااڵو دوو ساڵێکدا بیست رۆژنامەو چەندەها رادیۆ و تەلەفزیۆن دادەمەزرێنن بەڵام لە ساڵێکدا پێنج کتێبی چاك چاپ ناکرێت ، جا چ رۆژنامەیەکیش : هی وا هەیە لە بڵاوکراوەی سەر دیوار دەچێت . وای لێهاتوە خەریکە کوچەو کۆڵانیش رۆژنامە دەرکەن ، ئەرکیشیان ئەوە دەبێت نووسەر دروست بکەن ئەگەر لە بەردیش بوو بێت بۆ ئەوەی لاپەڕە پڕکەنەوە ، لەم حاڵەتەیشدا بیری خوێنەر کاڵ دەبێتەوە ، ئاستی رۆشنبیری تەنك دەردەچێت . تا رادەیەك ئەو تەنکاوە رۆشنبیرییەی رۆژنامە لە هەموو رۆژنامەیەکی جیهاندا هەیە ، بەڵام ئەوان ، واتە وڵاتانی تر بەهۆی ئاسودەیی و خۆشی ژیانیانەوە رۆژی سەدەها کتێب چاپ دەکەن ، ئەمە سەرەڕای ئەو بنەما راست و ڕێکانەی کە لە رۆژنامەی ئەواندا هەن . دەبا کار بۆ ئەوە بکەین خوێنەری کتێب زۆرکەین ، خەڵکی بەرەو رۆشنبیری قووڵی ناو کتێب ببەین ئەمەیش بە بایەخدان بە کتێبو سنعاتی کتێبەوە دەبێت ، بە نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری دەکرێت .

عبدالله طاهر بەرزنجی



نیسماعیل خەیات

لە ١٩٩٨ دا پێشانگایەکی تر بۆ هونەرمەندانی کورد لە یابان ساز دەکرێت

رێکخراوێکی زۆر لە کوردستاندا کار دەکەن ، بەڵام لە ناویاندا تەنها رێکخراوە یابانییەکان ، جگە لە کارە سەرەکیەکانی خۆیان ، بایەخێکی باش بە هونەری شێوەکاریی کوردی دەدەن ، سەرەتای ئەم بایەخدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ کە رێکخراوی A.V.N ی یابانی کە لە کوردستاندا کاری خێری دەکرد داوەتنامەی ڕەسمی نارد بۆ هونەرمەندان (ئیسماعیل خەیات و سمکۆ ئەحمەد و نامیق حەمە فەرەج) تا بەشدارین لە پێشانگای دەیەمی کۆمەڵەی هونەرمەندانی (یابان و ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی) ئەم پێشانگایە لە (٨ ــ ١٧ تەممووزی ١٩٩٦) دا لە مۆزەخانەی متروبولیتان سازدراو سەرنجی بینەرانی ڕاکێشا .


رێکخراوی (P.W.J) یش ، کە تا ئێستاش لە کوردستاندا کار دەکات ، چوار ئیشی هونەریی کوردیی هونەرمەندی بەتوانا کاك (ئیسماعیل خەیات)ی هەڵبژاردو لەسەر (تی شیرت) لە یابان چاپی کردن . قازانجی ئەم پرۆژەیەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان کرد . لەسەر هەر کارتێك ناوی هونەرمەندو کوردستانو رێکخراوەکە بە ئینگلیزی نووسرابون . یابانیەکان لە رێگای ئەم پرۆژەیەوە تارادەیەك ئاشنای هونەری کوردی بوون ، بۆیە هەمان رێکخراو بۆ جاری دووەم پێنج تابلۆی هونەرمەندی بەتوانا ئیسماعیل خەیاتی هەڵبژاردو لە شێوەی کارتی ڕەنگاو ڕەنگا چاپی کردن و قازانجی ئەم پرۆژەیەش بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی جیهان بوو .

بایەخدانی یابانییەکان ئەوە دەسەلمێنێ ئەو پرۆژانە کاریگەریی خۆیان هەبووە .

پاش ئەمانە رێکخراوی شنەی ئاشتی یابانی (P.W.J) سەرگەرمی سازدانی پێشانگایەکی فراوانە لە تۆکیۆی پایتەخت بۆ کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد لە ئازاری ساڵی ١٩٩٨ دا . ئەم پێشانگایە لە یەکێك لە ئەنتیکەخانەکانی تۆکیۆدا رێکدەخرێت ، ڕەنگە دوای ئەوەش بگوازرێتەوە بۆ شارەکانی تر . (١٥) هونەرمەند بەشداری ئەم پێشانگایە دەکەن . کۆمەڵێکیان ، کە ئەمانەن دانیشتووی شاری سلێمانین : ئیسماعیل خەیات ، سمکۆ ئەحمەد ، نامیق حەمە فەرەج ، عەلی کەریم ، و دلشاد ساحیبقران ، سامان کەریم ، چیمەن ئیسماعیل ، کۆستان جەمال .

لە هەولێریشەوە سلێمان شاکر و دارا حەمە عەلیو فەیسەڵ عوسمانو جەوهەر محمد عومەر بەشداری دەکەن ، هەروەها تابلۆی هونەرمەندانی بەڕێز (عبدالرحمن کلحو و سیروانو عیماد) یشی تیا دەبێت کە هەرسێکیان دانیشتوی شاری دهۆکن .


رێکخراوی ناوبراو کە سازدانی پێشانگاکەی لە ئەستۆ گرتووە ، چەند کارتێکی هەندێك لەو هونەرمەندانەی لە شێوەی کارتی جەژنانەدا چاپ کردووە ، ئەمیش بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازەوە (١٩٩٨) هونەرمەندەکانیش ئەمانەن : سمکۆ ئەحمەد ، نامیق حەمە فەرەج ، دارا حەمە عەلی ، فەیسەڵ عوسمان ، و چیمەن ئیسماعیل ،



کارتێکی هونەرمەند سمکۆ ئەحمەد

پێش ئەمەش هەمان ڕێکخراو لەسەر تی شیرت دوو بەرهەمی هونەرمەندان سلێمان شاکیرو دارا حەمەعەلی چاپکردووە ، قازانجی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو یارمەتی ئاوارەکان بوو .

شایانی باسە هونەرمەند ئیسماعیل خەیاتیش هەڵبژێردرا بوو بۆ ئەوەی پێشەکی بۆ ڕێنوێنی پێشانگاکە بنوسێ . ئەو چالاکیانە ، بە تایبەتی پێشانگاکەی ئازاری ئەمسال ، دەبن بەپردی پەیوەندی هونەرمەندی کورد بۆ جیهان . دەکرێت بڵێین سەرەتایەکی چاکن بۆ ڕەخساندنی گفتوگۆی ڕۆشنبیری و مرۆیی لە نێوان گەلی کوردو یاباندا.



کاریکاتێرێکی شاوال

شاوالو گرفتە گەورەکانی سەردەم

شاوال یەکێکە لە کاریکاتۆریستە گەورەکانی جیهان، ساڵی ١٩١٥ لە بۆردو لەدایك بووە بۆیەناوی (ئیفان فرانسیس لوارن) ی لێنرا . بەڵام لە فەرەنسای وڵاتی خۆیو هەموو جیهاندا بە شاوال ناسراوە ، ڕەخنەگرە کاریکاتۆریستەکان بە نموونەی هەرە بەرزی کاریکاتۆریستی دادەنێن لە جیهاندا . لەم کاریکاتۆرانەدا شاوال کێشەیەکی گەورەی سەردەم دەخاتەڕو ئەویش کێشەی کەمدەستیو سەرفکردنە . ڕەنگە ئەم دوو وشەیە لە هەموو کاتو شوێنێکدا هەبن ، بەڵام وەستایی شاوال لەوەدایە کە زەڕەبین ئاسا ئەو شتانە دەدۆزێتەوە کە مۆرکی سەردەمی خۆمانیان پێوە دیارە . دنیا پڕە لە خۆشیو دەستی ئێمەی پێ ناگات ، یانایەڵێن دەستمانی پێ بگات . ئەمە کێشەیەکی گەورەی مرۆڤە ، بەڵام ئەو گۆشەنیگایەی کە شاوال لەم بابەتە گشتییەی وەرگرتوە، ئەوەیە ڕێگامان پیشان دەدات لەگەڵ نەبوونیدا لەزەت لەو شتە خۆشانە ببینین ، یا خۆمان لەسەر کەمسەرفی ڕابهێنین .

شاوال بەراستی خەمی هونەری کاریکاتۆری دەخوارد بەڵام بەداخەوە خەمی ژیانی خۆی نەخواردو لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە پاریس خۆی کوشت . ئەو شاوالە گەورەیەی کە لەو وێنەیەی سەرەوەدا فێرمان دەکات دەست بە هەموو شتێکەوە بگرین دەستی بە ژیانو تەمەنی خۆیەوە نەگرت .

فەرهەنگی کرمانشاهی

مرۆڤ چەند پێشکەوتبێت ، زمانی بەرەو سادەیی دەڕوات ، زمانەکانی دەورویەرو جیهانیش کاری زیاتری دەکەنە سەر ، زمان نییە بتوانێت وەك چۆن هاتووە ئاوەهایش بمێنێتەوە ، ئەو زمانەوانە کوردانەیشی کە ئاگایان لە زانستی نوێی زمان نییە بە هەڵەدا دەچن بیانەوێت وشەی مردوو زیندوو بکەنەوە ، ئەو وشە مردوانە سودێکی ئەوتۆ بە ژیانی جەنجاڵو پێشکەوتوی ئەمرۆ ناگەیەنن .

ناتوانن بگەن بەو پێشکەوتنە خێرایەی کە هەموو بواڕەکانی ژیانی گرتۆتەوە .

بەڵام کۆکردنەوەی ئەو وشانە لە فەرهەنگدا کارێکی پێویستە . فەرهەنگ دەبێت بە ئەنتیکەخانەی وشە ، واتا وشە دێرینەکان دەپارێزێت ، نەوەکان تەماشای دەکەن ، بێڵکاری زمانەوانی تیا دەکەن .

«فەرهەنگی کوردی کرمانشاهی»، چیرۆکنوسی کرمانشاهی عەلی ئەشرەفی دەروێشیان داناوە ، لە

بڵاوکراوه‌کانی ده‌زگای (سهند)ه‌ ـ ۱۹۹٦ له‌ ٤۳٤ په‌ره‌دا ده‌رچووه‌ .

دانه‌ر وشه‌ی ئه‌و له‌هجه‌یه‌ی کۆکردۆته‌وه‌ که‌ ئه‌مڕۆ دانیشتوانی ناوچه‌ی کرمانشاه‌ قسه‌ی پێده‌که‌ن ، زۆرجار خۆی به‌ گه‌ران به‌ دوای دۆزینه‌وه‌ی ره‌گه‌ مێژوویی‌یه‌کانی وشه‌کانا مانه‌دوو ده‌کات ، له‌ فه‌رهه‌نگه‌که‌دا وشه‌و زاراوه‌و مه‌ته‌ڵی کرمانشاهی کۆکردۆته‌وه‌ .

عه‌ڵی ئه‌شره‌ف له‌ پێشه‌کی فه‌رهه‌نگه‌که‌دا ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه‌ کردووه‌ ، ئه‌م له‌هجه‌یه‌ هی رۆژئاوای ئێرانه‌ که‌ جاران به‌ کرمانشاه‌ ناو ده‌براو به‌ڵام له‌ڵایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه‌ ناوه‌که‌ی گۆڕاو کرا به‌ (باختران) ، خه‌ڵکی ناوچه‌که‌ هه‌ر به‌ کرمانشاه‌ ناوی ده‌به‌ن . دانه‌ر ئه‌وه‌یشی ساغ کردۆته‌وه‌ که‌ دوای گه‌رانێکی زۆر به‌ کتێبه‌ مێژوویی‌یه‌کانا ناوی ئه‌م ناوچه‌یه‌ هه‌ر به‌ کرمانشاه‌ هاتووه‌و ، به‌ هیچ جۆرێک و له‌ هیچ سه‌رده‌مێکدا ناوی به‌ باختران نه‌هاتووه‌ . خه‌ڵکی کوردستانیش به‌گشتی هه‌ر له‌قسه‌و گفتوگۆکردنا وتوویانه‌ کرماشان .

له‌ سه‌ره‌تادا دانه‌ر له‌سه‌ر ئاوو هه‌واو جوگرافیای کرمانشاه‌ وه‌ستاوه‌و پاشان هاتۆته‌ سه‌ر زمانی کوردی‌و له‌هجه‌کانی ، هه‌روه‌ها ئاماژه‌یَ بۆ زمانی ئێرانی کۆن‌و زمانی ئێرانی مه‌یانه‌و ، زمانی ئێرانی ئێستا کردووه‌و ره‌گه‌کانی بردوون بۆ ده‌سته‌ی زمانی هیندو ئه‌وروپی .

له‌ڵایه‌ن ده‌نگ‌و ده‌ستوری زمانیشه‌وه‌ لێکچوونه‌کانی زمانه‌ کۆنه‌کانی ئێران‌و کوردیی ده‌ست نیشانکردووه‌ .

له‌هجه‌ی کرمانشاهیشی به‌یه‌کێك له‌ له‌هجه‌کانی زمانی کوردی له‌ قه‌ڵه‌م داوه‌ . عه‌ڵی ئه‌شره‌ف وای بۆ ده‌چێت لێکچوونێکی ئاشکرا له‌ نێوان له‌هجه‌ی کرمانشاهی و زمانی په‌هله‌ویدا هه‌یه‌ . وشه‌ی ئه‌م له‌هجه‌یه‌ش ره‌گێکی مێژوویی خۆی هه‌یه‌ ، له‌م فه‌رهه‌نگه‌دا وشه‌ گه‌ڵێکی زۆر کۆکراونه‌ته‌وه‌ که‌ ئێجگار میللین ، واته‌ له‌ڵایه‌ن چینه‌ زه‌حمه‌ت دیده‌کانه‌وه‌ به‌کارهێنراون ، به‌ڵام چینه‌ باڵاکانی کورده‌واری به‌سوکی سه‌یریان کردوون .

شایانی باسه‌ ، عه‌ڵی ئه‌شره‌ف ده‌روێشیان یه‌کێکه‌ له‌ چیرۆکنووسه‌ به‌ناوبانگه‌کانی ئێران‌و چه‌ند رۆمان و کۆمه‌ڵه‌ چیرۆکێکی به‌ فارسی هه‌یه‌ ، کۆمه‌ڵه‌ چیرۆکێکی کراوه‌ به‌ کوردی ، و چه‌ند چیرۆکێکیشی له‌ رۆژنامه‌دا له‌ڵایه‌ن جه‌لال زه‌نگابادی و عبدالله‌ طاهر به‌رزنجیه‌وه‌ کراوه‌ به‌ عه‌ره‌بی.

نیماو خووه‌کانی

نیما یوشیج پێشه‌وای نوێکردنه‌وه‌یه‌ له‌شیعری فارسیدا ، چه‌ند که‌سێك له‌وه‌خته‌ ئه‌ودا هه‌وڵی نوێکردنه‌وه‌یان هه‌بوو به‌ڵام که‌سیان وه‌ك ئه‌م نه‌بوون به‌خاوه‌نی ڕاسته‌قینه‌ی تاقیکردنه‌وه‌ی شیعری نوێ ، بۆیه‌ نیما داده‌نرێت به‌ باوکی شیعری نوێ‌و ره‌خنه‌گره‌کان هه‌ندێکیان له‌جیاتی ئه‌وه‌ی بڵێن شیعری نوێ یا شیعری ته‌فعیله‌ ده‌ڵێن شیعری نیمایی .



نیمایوشیج

نیمایش وه‌ك زۆربه‌ی شاعیرانی جیهان خووی تایبه‌تی له‌ ژیانی ڕۆژانه‌و کاری نووسیندا هه‌بووه‌ بۆ نموونه‌ ، هه‌میشه‌ شیعره‌کانی له‌سه‌ر مقه‌بای شیرینی ، یا له‌سه‌ر کاغه‌زی کۆن‌و پاکه‌تی جگه‌ره‌ ، یا له‌په‌راوێزی ڕۆژنامه‌و پشتی کاغه‌زی چاپکراوی ئاگاداریدا ده‌نووسی . هیچ کاتێك کاغه‌زی پاك‌و ته‌میز سه‌رنجی ڕانه‌کێشاوه‌ تا شیعری تیا بنووسێت .

نیما که‌ ته‌واوی شیعره‌کانی به‌م شێوه‌یه‌ نووسیوه‌ هیچ کاتێك مڕه‌که‌بی به‌کار نه‌هێناوه‌ .

به‌م شێوه‌یه‌ یه‌کێك له‌ گیروگرفته‌کانی کۆکردنه‌وه‌ی

سەرجەم شیعرەکانی و پاشماوەی کارە چاپنەکراوەکانی ئەمە بووە ، بەتایبەتی نیما تا وەختی چاپکردن کارەکانی خۆی پاکنووس نەدەکرد .

تۆم باکای و چاوی سیحر نامێز

لە یابان و ئوستراليا و ئەمریکای باشوروْ باکور لە کتێبخانەو دوکانی پۆستەرو بۆتیکاکانی شارا کتێب و کارتو پۆستەرو بلوزی نەخشەدار ، بەرێنەی سێمەودایی ، وەکو شتە بەنرخەکانی تر دەفرۆشن .

تۆم باکای نموونەیەکی گەورەو دیاری ئەم بابەتە بە رەونەقەیە . تۆم کتێبێکی بەناونیشانی (چاوی سیحر ئامێز) لەچاپدا.. ئەوەی سەیری کارەکانی تۆم باکای دەکات سەرەتا وادەزانێ چەند هێڵێکی شێواو و تێکەڵو پێکەڵ دەبینێت ، بەڵام پاش دیقەت و وردبوونەوە وێنەی سێ مەودایی سەیری دێتە پێش چاوو سەری لە



توانای تۆم و سیحری کارەکانی دەسورمێنێت . وەختێ تۆم باکای کتێبێکی خۆی بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە تەرخان کردو ناونیشانی (چاوی سیحر ئامێزی) بۆ هەڵبژارد ، چاوەروانی ئەوەی نەدەکرد بە ئاسانی لە ماوەی چوارمانگدا ٤٥٠٠٠ دانەی لێ بفرۆشرێت.

تۆم باکای لە گەنجیدا ماوەیەك کاری هونەری دەکرد . ماوەیەك لێخوری فرۆکەی بۆمب هاوێژی ئەمریکا بووە ، چەند ساڵێکیش خەریکی کومپیوتەر بووە ، وردەوردە



تۆم باکای

ئاشنای هونەری دنیای سێ مەودایی بووە . ئەگەر بمانەوێت سەیری وێنەی سێ مەودایی بکەین لە پێشدا وێنەکە لە سەرلووتی خۆمان نزیك دەکەینەوەو وا بیردەکەینەوە کە گوایە ڕەمانەوێت تەماشای خاڵێك بکەین لەپشت وێنەکەوە ، کاتێك هەستمان بەوە کرد کە هێڵەکان لەحاڵەتی جووڵەدان وێنەکە لە لووتمان نزیك دەکەینەوە بەو فاسیلەیەی کە بۆ خوێندنەوە پێی زاهاتوین بەڵام لەهەمان کاتدا نیگای چەسپاوی یەکەمان ناگۆڕین ، پاشان بە هەردوو دەستمان وێنەکە لەبەر چاومانداا دەگرین و بە هەردوو چاو دیقەتی دەدەین وەك ئەوەی بمانەوێت لەپشت وێنەکەوە شتێك پەیدا بکەین .

پۆل شاوول و دارایی لەنوێگەریدا

پۆل شاوول دەنگێکی ناوداری شیعری عەرەبییە ، ئەگەرچی لە شەستەکانەوە دەنووسێ بەڵام زیاتر بە یەکێك لە بزوێنەرانی شەپۆلی شیعری حەفتاکان دەژمێررێت . بە سەرکەش ناسراوە ، لە شیعرو نووسین و چاوپێکەوتنەکانیا دەمی لە تێزی تیۆری دەکوتێ . بایەخی زۆری بە شکڵی شیعری دەداو دەیکرد بە خاڵی دەرپەرین و غینائیەتی دەخستە لاوە ، لە یەکێك لە دیوانەکانیا هەوڵی تێکشکانی زمانی داوە ، جاری وا هەیە ئەو شیعرانەی لە ستوونێکی باریك زیاتر نین . خۆی یەکێك بوو لەوانەی یاری زمانیان دەکرد

به پرۆژەی شیعری ، تەنانەت شیعرە وەرگێڕاوەکانیشی کارێك بوون بۆ چەسپاندنی ئەم تێزە . بگرە ئەو تێزە ئەکادیمییەشی کە تەرخان کرابوو بۆ دوان لەسەر دیوانە بەناوبانگەکەی (انسی الحاج) کە بە ناوی (لن)ەوە بوو پشتگیری کردنێکی تەواو بوو لە هەموو پرۆژە شیعریە نوێیەکانی گۆڤاری (شعر) و قاڵبی شیعری پەخشان و قاڵبی (دەق)و (نووسین) لە بواری شیعردا . کەچی شاوول پاش چواردە پازدە ساڵێك دوای بەخشینی شیعری لەسەر ئەو تەزە ناوبراوەی سەرەوەو پێ داکوتین لەسەر سەرکێشی و بەیاننامەی شیعریی هەڵوێستێکی تری نواند ، بە رادەیەك کە کەوتە بەرەیەکی دژ بە بۆچوونەکانی تری کە کەسانێکی تر وەربانده گێڕابە سەر کردار .

لە نووسینێکی سەرەتای هەشتاکانیا ئەوەی دەربڕی : کە شیعرێکی دەوێ لە دڵەوە بێت بۆ دڵ ، نەك لەزەینەوە بۆ زەین و بە ئاشکرا کەوتە ڕەخنەگرتن لە شەپۆلە ئەزموونگەرییەکان ، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەبنە مەنهەجی روت لای ئەو شاعیرانەی هیچیان لا نامێنێ و لە بازنەی زماندا ڕاهێنان دەکەن و کاریان دەبێت بەکیمیاگەریی ناو تاقیگەکان . شاوول وای دەبینی ئەو شاعیرانەی کە خاوەنی ئەم تاقیکردنەوانەن زمانەوانن ، ئەندازیاری وشەن چونکە زیاتر لە زماندا کاردەکەن نەك شیعر . پۆڵ شاوول ئەو هەوڵانەیە گواستنەوەی ڕووتی شیعری فەرەنسی دادەنا . بە هۆی سەرەکی دادەنان بۆ ووشك بوونەوەی بەرهەمی نوێی شیعری عەرەبی ، چونکە بەندکردنی شیعر لەو تاقیگە زمانەوانیانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوو هەوای لێبڕێت و بەرەو سەدەی تاریك پاشەکشێ بکات . لەلایەکی ترەوە جۆرە سەرهەڵدانەوەیەکی ڕۆمانسی و غینائی لە چل و پەنجاکانی شیعری فەرەنسی و عەرەبیدا بەکاردانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو لە قوتودانە دەژمارد کە لە ژێر کارتێکردنی ئالیەتدا چەند شاعیرێك دەیانکرد . بۆ ئەوەی کەس پۆڵ شاوول تاوانبار نەکات بەوەی گوایە دژی نوێگەرییە یان داوای گەڕانەوە دەکات بۆ کۆشی غینائیەتی کۆنی سواو ، یا بۆ فەرامۆشکردنی شێوە ، ئەوەی ڕووندەکردەوە کە گوایە حاڵەتێك هەیە لە ناوەوە خۆی شێوەی خۆی دروست دەکات ، وێنەو بونیادی خۆی هەڵدەبژێرێت .

سەیرە لە تەوەت بە دواوە پۆڵ شاوول بیرویۆچوونی سەیرتر دەرئەبڕێت ، ئەگەر لە وتارەکەی سەرەتای هەشتاکانیا گەڕابێت بە دوای دۆزینەوەی هۆکاری کزبوونی تاقیکردنەوە شیعرییەکانی عەرەب و لەلاسایی کردنەوەو کاوێژکردنی شیعری فەرەنسی و زاڵبوونی ئالیەتدا بەسەر جەستەی شیعری عەرەبیدا بەدی کردبێت ئەوە چۆن چۆنی قسە لەسەر هەندێك لەم بۆچوونانەی ئەم چەند ساڵەی نەوەدەکان دەکرێت کە پێچەوانەی ڕاکانی پێشووبن وەك : (وای بۆ دەچم نوێگەری پێش لەدایکبوونی مردبێت چونکە لە دروشم زیاتر نەبووە) لە شوێنێکی تردا ئاماژە بۆ ئەدونیس دەکاتو دەڵێت (بۆ نموونە ئەدونیس شاعیرێکی بەلاغییە باسی تەقینەوەی زمانی دەکرد ، کەچی هیچی پێ نەتەقێنرا) لەم بارەیەوە دروشمی زۆر هەیەو لە سوریالێتەوە وەرگیراوە .

بەدیلیش لای شاوول (بەدیل شاعیر خۆیەتی . نوێگەری جۆرێك لەدەسەڵاتو داپڵۆسێنو حزبایەتی بوو . سەردەمی قوتابخانە شیعرییەکان تەواو بوو، ئێستا سەردەمی شاعیری تاکە .. چارەسەریش ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان).

جارێ سەبارەت بە زمان ئەمڕۆ زۆرەی تیۆرییە شیعریو ڕەخنەییەکان دەیکەن بە کاکڵی شیعر . ئابڕوی ڕاستەقینەی ئەم هونەرە زیاتر لەشێوەو ووشەدا خۆی دەبینێتەوە . زۆرەی زۆری بۆچوونە شیعرییەکانی ئەمڕۆ لەسەر کۆڵەکەیەکی پتەوی مالارمیە دەوەستنو بەرزدەبنەوە ، ئەو ئامۆژگاریە بەنرخە مێژوویەی کە ئاراستەی دیگای کرد وەختێ لێی پرسی : نازانم بۆ ناتوانم شیعرە بچووکەکەم تەواوکەم ، ئەو منیشکم

پرە لە فیکرو بیر . مالارمێیش لە وەڵامدا ووتی : بەڵام دیگای بەرێز ، فیکرو بیر شیعر دروست ناکەن بەڵکو شیعر لەووشە دروست دەکرێت .

ڤالتەر بنیامینو تەکنیکی رەخنە لە «١١» تێزدا

١ـ لە شەڕی ئەدەبیدا ، ستراتیژی رەخنەگرە .

٢ـ ئەوەی کە ناتوانێ لایەندار بێت پێویستە بێ دەنگ بێت .

٣ـ رەخنەگر هیچ پەیوەندییەکی نییە بە تەئویلکارانی سەردەمە رۆشنبیریە کۆنەکانەوە .

٤ـ پێویستە لەسەر رەخنەگر بە زمانی ئەهلی هونەر (صنعات) قسە بکات . چونکە ئەو رستەو واژانەی لە کۆرەکاندا بەکار دەهێنرێن لە دروشم زیاتر نین ، تەنها لە دروشمیشدا هاوارو نەرە نەرِی شەڕ دەبیسترێت .

٥ـ پێویستە مەوزوعیەت بکرێت بە قوربانی ، لە پێناوی لایەنداریدا ، ئەگەر ئەو کێشەیەی کە داکۆکی لێ دەکرێت شایستەی ئەوە بێت .

٦ـ رەخنە کارنکی ئەخلاقییە . کاتێك کە گۆتە هەڵەی دەرهەق بە هەڵسەنگاندنی هولدرلنو کلایست و بتهۆڤنو جان پول کرد بەرپرسی یەکەم لەم هەڵەیە ئەخلاقیەتی بوو ، نەك زیرەکیی هونەریی .

٧ـ هاوڕێکانی رەخنەگر بەرزترین سەرچاوەین نەك جەماوەر ، لەمەش کەمتر نەوەکانی داهاتوون .

٨ـ نەوە داهاتووەکان یا شت لەبیر دەکەن یاخود هەڵەڵە دەکێشن تەنها رەخنەگرە لەبەردەم نووسەردا کاری هەڵسەنگاندن دەگرێتە ئەستۆ .

٩ـ دڵخۆشی هونەریی وەك کارنکی بیانی وایە بەسەر رەخنەگرەوە ، چونکە کاری هونەری لەدەستیا شمشێرنکی بریقەدارە لە جەنگی ئەقڵەکاندا .

١٠ـ بە کورتی ، پیشەی رەخنەگر دەسەڵاتە بەسەر دارشتنی دروشما بەبێ خیانەتکردن لە بیر . دروشمی رەخنەیەکی ناتەواویش بیر دەکات بە مۆدەیەکی رووت.

١١ـ هەموو کاتێك دەبێ بسەلمێنرێت ، جەماوەر هەڵەکارە ، لە هەمان کاتدا وای لێبکرێت کە هەست بکات رەخنەگر بە ناوی ئەوەوە قسە دەکات .

خەڵاتی بۆکەر بۆ ئارونداتی رۆی

کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ لەناو سەدو شەش رۆماندا دەستەی هەڵسەنگاندنی خەڵاتی بۆکەر ، رۆمانی (خواوەندی شتە گچکەکانی) بە یەکەم هەڵبژارد .

ئەم رۆمانە تاکە رۆمانی ئافرەتێکی هیندییە بەناوی (ئارۆنداتی رۆی) کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێت .

دەستەی هەڵسەنگاندنی خەڵاتەکە دەڵێت : ئەم رۆمانە : باسی ژیانی دوو منداڵی دووانە دەکات کە لە باشووری هیند دەژین و لە ژینگەیەکی هەراسانو کۆت و بەندا وبدا دەیانەوێ ژیان بە خۆشی بپەنە سەر . راستگۆیی وشەکانی (رۆی) وای کردووە ، کەسانێك ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە رۆمانەکە دەربڕن و تۆمەتی ئەوە بدەنە پاڵ نووسەرەکەی گوایە زیان لە ئەخلاقی هیندستان دەدات و خراپەکاری بڵاو دەکاتەوە . بەڵام (رۆی) خۆی بەرپەرچی ئەم قسانە دەداتەوەو بەجۆرێك لە رق و حەسودی لە قەڵەم دەدات .

ئەم رۆمانە ستایشێکی زۆر کراوە و تا ئێستا بۆ ٣٠ زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە ، هەر جارەیشی ٣٥٠ هەزار دانەی لێ چاپ کراوە . خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەی هیندستان دەڵێت : توانای نووسەر سەرسوڕهێنەرە ، ئەوەی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە بە کەسانی تر دەڵێت تا بیخوێننەوە .

(رۆی) لە چاوپێکەوتنێکدا ووتویە : بەچوار ساڵ ئەم رۆمانەم نووسیوە ، رۆژی وا هەبووە حەوت دێرم لێ نووسیوە .

باوکی (رۆی) دەوڵەمەند بووە ، دایکیشی مامۆستا بووە ، بەڵام باوکی هەرزوو پارەو پوولی خۆی بە فیرۆ دەدات ، (رۆی)ش یاخی دەبێت و ماڵ بەجێ دێڵێتو دەچێت بۆ دەهلی و لە زانکۆ دەخوێنێت وشوو بە هاوڕێیەکی خۆی دەکات . هەژاری وای لێکردووە زۆرجار ساردی فرۆشتووە . ئەم مەینەتییە لە رۆمانی (خواوەندی شتە گچکەکاندا) رەنگی داوەتەوە .

لە پاڵ رۆماندا (رۆی) بەکاری سیناریۆ نووسینیشەوە خەریك دەبێت .

چیرۆکێکی راستەقینە

جۆیل بین ئیزی چیرۆك بێژێکی ئەمریکییە ، لە کالیفۆرنیا دەژی ، چیرۆکەکانی دەخرێنە سەر قەوان تۆمارکەر (مسجل) و دەفرۆشرێن . خەڵکی بەخۆشییەوە گوێ لە چیرۆکەکانی دەگرن .

(چیرۆکێکی راستەقینە) یەکێکە لەو چیرۆکانەی جۆیل بین ئیزی .

لەوە دەچێت چیرۆکەکانی حیکایەتی میللی بن‌و ئەم توانا‌و خەیاڵێکی چاکی لەلا بێت بۆ گێرانەوەیان .. شەوق ئەو خەڵکە لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا ئەوە دەسەلمێنێ کە خەیاڵی میللی سەرسوڕهێنەرو رووداوی ناو چوارچێوەی حیکایەتی میللی بایەخی پێ دەدرێت و توانای ئەوەی هەیە لەناوجەرگەی مەڵبەندی تەکنەلۆژیادا خۆی بپارێزێت . ئەو حیکایەتە میللییانەی لای ئێمەیش سیحرو رووداوی سەیریان تیایە ، بەڵام رەنگە ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نەبێت هونەرمەندانە دایانرێژین یان ئامێتەی جیهانی نوێی چیرۆکیان بکەین.

لەم وڵاتەی ئێمەدا هەزارەها پیرێژن‌و نەنکی لەبز شیرن هەبوون بیرگەیەکی سەیریان هەبوو ، بەشێوەیەکی سیحری حیکایەت‌و چیرۆکیانِ دەگێڕایەوە ، دەسەڵاتێکی ئێجگار گەورەیان بەسەر چنینی رووداوو گێڕانەوەدا هەبوو ، بەوردی وەسفیان دەکرد . ئەوان کەرەستەی نوسینیان نەبوو ، نەخوێندەوار بوون نەگینا شتوازی پتەویان بۆ بەجێ دەهێشتین . ئەگەر ئامێری تۆمارکردن زوو بکەوتایەتە وڵاتەکەمانەوە و خەمخۆری ئەو جیهانە سیحریانە هەبوایە ، بە دەنگی ئەو دایەگەورانە نەك بە (پێنووس) زەخیرەیەکی گەورەمان بۆ دەمایەوە . ئێستا زۆر چیرۆکنووسی خوێندەوارمان هەیە بەڵام ئەو دەسەڵاتە (نەنك)انەیان لا نییە بۆ وەسف‌و گێرانەوەو چنینی رووداو کە بنەمای رۆمان‌و چیرۆکی سەرکەوتوون . ئەگەر ئەو پیرێژنانەمان ئەلف‌ر بێی خوێندنیان بزانایە یا بەهەمان بیرگەو دەسەڵاتەوە بکەوتنایەتە ناومانەوەو لەگەڵمانا بژیانایە چ چیرۆکنووسی بلیمەت‌و سەرکەوتووبان تیا هەڵدەکەوت ؟ ساحیرانە ، چەندەها چیرۆکی وەك ئەم چیرۆکەی جۆئل ئیزبان دەگێڕایەوەو دەنووسی :

چیرۆکی راستەقینە

من زۆر حەز لەم چیرۆکە دەکەم ، چونکە راستەقینەیە . نازانم بە راستی رووبداوە یان نە ، بەڵام دەزانم راستیی تیایە .

چیرۆکەکە دەربارەی پیاوێکە کە لە کۆندا لە چین دەژیا . ئەسپێکی جوانی هەبوو جوانترین ئەسپی گوند بوو . خەڵکی لە جێی دوورەوە دەهاتن بۆ سەیرکردنی و پێیان دەوت : ئای لەگەڵ ئەسپێکی ئاوەهادا چەند بەختەوەرە ! ! .

ئەویش پێی دەوتن : « رەنگە وا بێت ، بەڵام ئەوەی کە بە نیعمەت لە قەڵەم دەدرێت ، دەشێ بە بەڵاو مسیبەت دەرچێت .»

رۆژێك ئەسپەکە هەڵهات . خەڵکەکە هاتن بۆ لای پیاوەو داخی خۆیان بۆ بەدفەڕی ئەسپەکە هەڵڕشت .

پیاوەکە ووتی : «ئەشێ وابێ ، بەڵام رەنگە ئەوەی بەبەڵا بێتە پێش چاو نیعمەت دەرچێ .»

خەڵکی سەریان خوراندو رۆیشتن‌و بیریان لەوە دەکردەوە کە پیاوەکە مەبەستی چی بێت لەو قسەیەی.

پاش ماوەیەکی کەم ئەسپەکە لە تەك بیست‌و یەك ئەسپی ترا گەڕایەوە . بەپێی یاسای ئەو زەمانە . پیاوەکە بوو بەخاوەنی هەموویان . خەڵکەکە رۆیشتن بۆلای تا پیرۆزبایی قەیەم بەخێڕیی ئەسپەکەی لێبکەن .

ئەمیش پێی وتن (دەشێ وابێ . بەڵام ئەوەی بەنیعمەت دێتە پێش چاو دەتوانێت ببێت بە مسیبەتیش.)

چەند رۆژێك دوای ئەمە ، کوڕە تاقانەکەی لەپشتی یەکێك لە ئەسپەکانەوە کەوتە خوارەوەو ئێسقانەکانی شکان . خەڵك چوون بۆلای تا هاوبەشیی خەمی بن (دەشێ وابێ ، بەڵام ئەوەی بەمسیبەت دێتە پێش چاو

ڕەنگە ببێت بە نیعمەت‌و خۆشی)

پاش کەمێك ، فەرمانڕەوا هات بۆ گوندەکەو هەموو گەنجە لەش ساغەکانی کۆکردەوەو لەگەڵ خۆیدا بۆ ناوجەرگەی شەر دایانی لەبەر. هەموویان لەشەڕا کوژران . تەنها کوڕی پیاوەکە مایەوە کە لە ئەسپەکە گلا . ئەویش لەبەرئەوەی لەش ساغ نەبوو و نەیتوانی بچێت بۆ جەنگ .

لەوکاتە بەدواوە تا ئێستا لەو گوندەدا دەڵێن : (ئەوەی بە نیعمەت‌و خۆشی دێتە پێش‌چاو دەشێت ببێت بە بەڵاو مسیبەت . ئەوەیشی بە بەڵا دێتە پێش چاو دەشێ ببێت بە خۆشی‌و نیعمەت .»

لە کتێبخانە ی کوردیدا



مۆسیقای مەرگی ناوەختە

مۆسیقای مەرگی ناوەختە رۆمانی برای شاعیر سەلاح جەلالە ساڵی ١٩٩٧ چاپی یەکەمی کەوتە بازارەوە . ئەم ڕۆمانە ٩٢ لاپەڕەیەو لە سلێمانی لە چاپ دراوە ، کاك عومەر ئەحمەد چەند دێڕێکی لە پشتی ڕۆمانەکە نووسیوەو دەڵێت : ئاوردانەوە لە مێژوو و ڕەتکردنەوەی چەمکە باوەکان پێویستی بە دامەزراندنی چەمکی نوێ هەیە بۆ ئەوەی بچێتە ناو حەقیقەتی مێژووەوە . هەوڵی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە ڕەفزکردنی ئەو مێژووەیەو ناوبردنێتی بە مێژووی سفرو ڕاکردنە لە کۆمەڵو کوێربوونە بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێستای شار ... پێش ئەم ڕۆمانە کاك سەلاح جەلال دوو دیوانی شیعریی بە چاپ گەیاندووە بە ناونیشانی : کفن پۆش و کەون / جەنگی جیهانی سفر .

گوڵە پەمەییەکانی ڕۆح :

چاپی سێیەمی دیوانێکی تری برای شاعیر عەباس سالح عبدوڵایە ، ساڵی ١٩٩٧ لە سلێمانی لە چاپ دراوەتەوە . ئەم دیوانە لە سی‌و پێنج پەڕەدا بیست‌و سێ



مێژووی مۆسیقای گەشتی

ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی مامۆستای مۆسیقاژەن (کارزان کەمال مکورجی) یەو لە شەست‌و دوو لاپەڕەدا باسی مۆسیقا دەکات لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا کۆتایی سەدەی پازدەیەم (سەرەتای ڕێنیسانس) .

مامۆستا کارزان پشتی بە حەفدە سەرچاوەی مۆسیقی بەستووەو وەك ئەمانەتی زانستی ناوی وەرگێڕانی لە کتێبەکە ناوە نەك دانان ، ئەمەش بە پێچەوانەی سەدەها نووسین‌و کتێبەوە کە ئامادەکردنێکی ڕووتن بەڵام خاوەنەکانیان بێ ڕەچاوکردنی ئەمانەتی زانستی ناوی دانانی لێدەنێن . ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بریتییە لەم بابەتانەی خوارەوە :

سەرهەڵدانی مۆسیقای سەرەتایی ، مۆسیقا لە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتدا ، مۆسیقا لای گریك‌و ڕۆمانەکان ، مۆسیقای سەدەکانی ناوەڕاست ، مۆسیقای سەردەمی ڕۆمانسی ، مۆسیقای هونەری کۆن ، مۆسیقای هونەری نوێ .

شیعری گرتۆتەخۆ . عەباس سالح عەبدوڵا لە شیعرا هۆگری هەناسەی خێزان کورتە :



نای خودایە ! !
من چەند خۆشەویستێکی جوانم هەبوو
بەیانیان بەردی تێدەگرتم
نیوەڕوان خەمی دەدامێ
ئێوارانیش سەری دەکردە باوەشم
نای خودایە ئەوە خۆشەویست بوو
یان عەشقی تۆ بوو



نەورەس .

نەورەس یەکێکە لە نووسینە بەناوبانگەکانی ڕێچارد باخ و کراوە بە سەدەها زمانی جیهان . لەم دواییەدا (١٩٩٧) کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە . سکێچی کتێبەکە لەلایەن هونەرمەند قادر میرخانەوە کراوە . هونەرمەند کاك عبدالحسین عبداللە بە ئەرکی (جێبەجێکردن) هەڵساوە . ژمارەی سپاردنی (٥١) ی ساڵی ١٩٩٧ی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پێدراوە . بۆ پشتی کتێبەکە هەڵبژاردووە ، تایبدا دەڵێ : ڕێچارد باخ لەم کتێبەیدا دوو شتم پێ دەبەخشێت : توانای فڕین بەڕەو بەرزاییەکان و توانای لاو بوونەوە . منیش لە ناخەوە سوپاسی دەکەم بەرامبەر بەم بەخششە .



عبدالمطلب عبدالله

بۆ زەمەنێك

لە تەماشاکردنی

ئاو یەڕۆوبین :

قەسیدەیەکی درێژی کاك (عبدالمطلب عبدالله) یە ساڵی ١٩٩٧ لە هەولێر ، لەسەر ئەرکی شاعیر خۆی چاپکراوە . یەکەم کۆمەڵە شیعری عبدالمطلب بەناوی سێبەری ئاوەوە بوو (١٩٩٥) .

عبدالمطلب لەپاڵ شیعرا بایەخ بە لێکۆڵینەوەو نووسینی ڕەخنەیش دەدات و دوو کتێبی ڕەخنەیشی ئامادەن بۆ چاپ : ئاگایی زمان ـ زمانی ئاگایی / شوێنکاتی یەکەم لە ئێستای سەگوەڕی محمد موکریدا .



ڕووناکی دابران .

کۆمەڵە شیعرێکی کاك ئاوات حەسەن ئەمینە بریتیە لە ١٦ شیعر . یازدەمین کتێبی پرۆژەی پاراستنی گەلەڕی زامواید . هونەرمەند مامۆستا جەزا بەکر بەچەند تابلۆیەك ناوەوەی دیوانەکەی ڕازانۆتەوە .

ئاوات حەسەن ساڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی لە دایك بووە لە ساڵی ١٩٨٥ یشەوە دەنوسێ . ساڵی ١٩٩٢ یەکەم نامیلکە شیعری خۆی بە ناوی (ئاوێتەبوون) وە بەچاپ گەیاندووە .



خەونێك لە وڵاتی

پیاوە بچکۆلەکاندا :

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریە (١٩٩٧) .

لەم کتێبەدا ئازاد بەرزنجی کۆمەڵێك کورتە چیرۆکی جیهانیی کردووە بە کوردی . ئەو چیرۆکنووسە جیهانییانەی کە چیرۆکیان لەم کتێبەدا وەرگێڕدراوە ئەمانەن : موباسان ، پیراندیللۆ ، هاینریش بۆڵ ، خوان ڕۆلفۆ ، ئەندریێ مۆروا ، یەشار کەمال ، ڤۆلفگانگ بورشێرت ، کارلۆس فوینتس ، ئۆکتافیۆ باز .

پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی

بنکەی ئەدەبی وڕووناکبیری گەلاوێژ

بەشی یەکەم :- پرۆگرام

بەندی یەکەم :-

ناو : بنکەی ئەدەبی وڕوناکبیری گەلاوێژ .

بەندی دووەم :-

شوێن :- بارەگای گشتی لە شاری سلێمانی دەبێت وبۆی هەیە لق ونووسینگە ونوێنەرایەتی لە شارۆشارۆچکەی کوردستان وشوێنی تر بکاتەوە

بەندی سێیەم :-

بنکە خاوەنی کەسێتیە کی مەعنەویە وچالاکیە کانی بۆ سوودی گشتی ئەنجام ئەدا .

بەندی چوارەم :-

ئامانج لە دامەزراندنی بنکە بزواندن وبەرەوپێشبردان و پێشخستنی باری ئەدەب وڕوناکبیری کوردە کە بەشێوەیەکی هاوچەرخانە سوود لە کەلەپوور وەربگرێت و بە پێی پێویستی ئێستا وداهاتوو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەدەب وبیرو ڕوناکبیریدا بکات .

بەندی پێنجەم :

بنکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ، ئەم ئەرکانە ڕائەپەڕێنێت :-

١- سازدانی فێستیڤاڵی ئەدەبی سالانەی گەلاوێژ لەمانگی تشرینی یەکەمدا . بۆدەستەی بەڕێوەبەر هەیە بڕیار لەسەر گۆڕینی ئەم بەروارە بدات لە بارودۆخی ناسایيدا .

٢- دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی وڕوناکبیری بەناوی (گەلاوێژی نوێ) وە .

٣- یارمەتی لە چاپدانی بەرهەمی شیاوی نووسەران .
٤- لە چاپدانی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ڤیستیڤالی گەلاوێژ .
٥- لەچاپدانی کتێبی گەلاوێژ بە پێی پاسپاردەی لێژنەی تایبەت .
٦- سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری تەدەبی و رووناکبیری .
٧- بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و خوێندنەوەی (عەقلانی) هۆشمەندانەی نوێ بۆ مێژووی دوورو نزیکی گەلەکەمان و رووداوو کارساتە مێژوویەکۆن و نوێکانی وەک : (ڕاگوێزان، کاولکردنی گوندوشارەکان، سرپنەوەی ناسنامەی کوردی پەیمانەکانی دژ بە کێشەی کورد ،تەنفال ، کیمیاباران ، کۆڕەو . هتد)
٨- بایەخدان بە بوارەکانی شانۆو سینەماو هونەری شێوەکاری و کەلەپووری نەتەوایەتی .
٩- بایەخدان بە وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەشەوە .
١٠- سازدانی گرەوی تەدەبی و بەخشینی پاداشت بە سەرکەوتووەکان .
١١- پێکهێنانی یانە بۆ تەنجامدان وئاسانکردنی چالاکیەکان یا بۆ حەوانەوەی تەندامەکانی .
١٢- بایەخدان بەزمانی کوردی وهەوڵدان بۆ یەکخستنی زمانی تەدەبی یەکگرتووی کوردی .
١٣- پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوو کۆمەڵەو دەزگا تەدەبی و ڕووناکبیریەکانی هاوجۆری بنکە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن لەیەکدی .

بەندی شەشەم :

بنکە لە تەنجامدانی چالاکیەکانیدا ، ئازادی بیروڕادەربڕین و داهێنانی بابەتی دەستەبەر دەکات .

بەندی حەوتەم :

بنکەیارمەتی تەندامانی تەدات لە کاتی نەخۆشی و لێقەوماو و مردندا .

بەندی یەکەم

١- مەرجەکانی بوونە تەندام لەم بنکەیەدا : -
١- تەمەنی لە ﴿ ٢٠ ﴾ بیست ساڵی تەواو کەمتر نەبێت .
٢- لە یەکێك لە بوارەکانی تەدەب و ڕووناکبیریدا بەرهەمی بەرچاووسەرکەوتووی هەبێ .
٣- پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی بنکە پەسەند بکات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆشش بکات .
٤- داواکارفۆرمی تایبەتی بوونە تەندام پڕ بکاتەوە .
ب- بوارەکانی لە تەندامێتی کەوتن : -
١- وازهێنان بە نووسین .
٢- وازهێنان بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر .
٣- کۆچی دوایی .
ج- بۆتەندامی وازهێنراو بە پێی بڕگەی ﴿ ٢ ﴾ خاڵی (ب)ی سەرەوە هەیە ، داوای پێدا چوونەوە بە بڕیارەکەی دەستەی بەڕێوەبەردا بکات لای دەستەی گشتی بنکە ، لە نزیکترین کۆبوونەوەی دا .

بەندی دووەم :

- دەستەکانی بنکە بریتین لە :

١- دەستەی بەڕێوەبەر .
٢- دەستەی لق .
٣- دەستەی گشتی .
ب- ئەرك و دەسەلاتەکانی دەستەی بەڕێوەبەر :
١- هەڵسوڕاندنی کاروباری بنکەو دامەزراندنی کارمەندو بڕینەوەی موچە بۆیان .
٢- دەستنیشانکردنی کارو دەسەلات وژمارەی ئەندامانی دەستەی لق و نوێنەرایەتی ئاماژە بۆ کراولە بەندی دووەمی پرۆگرامدا .
٣- وەرگرتنی ئەندام .
٤- لە کارخستنی ئەندام یا وریاکردنەوەی یان دوور خستنەوەی بۆماوەیەکی کاتی بە بیانووی گونجاوەوە .
٥- ڕەچاوکردنی خاڵەکانی بەندی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی پرۆگرام .
٦- دانانی سەرنووسەری گەلاوێژی نوێ .
٧- پێکهێنانی هەر لیژنەیەك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بنکە .
٨- مانگی دووجار کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجام ئەدا ، جگە لەکۆبوونەوەی ئاساییی لە کاتی پێویستدا .
٩- بڕیار و ڕاسپاردەکانی دەستەی گشتی جێ بەجێ دەکات .
١٠- بڕیار لەسەر هەموو وەرگرتن و خەرجکردنێك دەدات .
ج- پێکهاتەی دەستەی بەڕێوەبەر :
١- سەرۆکی بنکە .
٢- جێگری سەرۆك .
٣- سکرتێری بەڕێوەبردن .
٤- لێپرسراوی ڕووناکبیری .
٥- لێپرسراوی دارایی .
٦- ئەندام .
٧- سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژی نوێ .
٨- لێپرسراوی هەرێەك لە لقەکانی بنکە .
د- لەکاتی بەتاڵبوونی جێگەی هەرئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەردا خاوەنی زیاترین دەنگی دوای ئەو ئەندامانە ئەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر : -
١- سەرۆك
ا- نابێ تەمەنی لە ﴿ ٣٠ ﴾ سال کەمتر بێت .
ب- بۆی نییە لە سێ خول زیاتر سەرۆکایەتیی بنکە بکات .
ج- لێپرسراوی یەکەمی بنکەیەو سەرپەرشتی کاروبارەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەکات .
د- نوێنەرایەتی بنکە دەکات بۆهەر بۆنەیەك و لەبەردەم هەر دەزگاوفەرمانگەیەکی دەوڵەتدا ، بۆی هەیە لە جێی خۆی ئەندامانی تری بنکە بنێرێت .
هـ- پسوولەی چەکی خەرجکردن و نووسراوی ئێردراو ئیمزا دەکات .
و- بۆی هەیە لە نێوان دوو کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەردا بڕی ﴿ ٥٠٠ ﴾ پێنج سەد دینار خەرج بکات بە دووجار بۆکاری پێویست و پەلەو وورده مەنی ، لەوە زیاتر دەسەلاتی دەستەی بەڕێوەبەرە .
٢- جێگری سەرۆك :
ا- لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا ، لەهەموو

ئەرکە کانیدا جێی دەگرێتەوە .

ب- هەرکارێك پەیوەندی بە بنکەوە هەبێ و سەرۆك بۆی دیاری بکات رایدەپەڕێنێت .

٣- سکرتێری بەڕێوەبردن :

ا- کاروبار و فرمانە کانی بەڕێوەبەرێتی بنکە رادەپەڕێنێت

ب- بڕیارو ڕێنمایە کانی دەستەی بەڕێوەبەر دەنووسێتەوە وچاودێری جێ بەجێ کردنیان دەکات .

٤- لێپرسراوی ڕووناکبیری :

سەرپەرشتیی سەرجەم چالاکیە ڕووناکبیریە کانی بنکە دەکات .

٥- لێپرسراوی دارایی :

ا- بە پێی یاسای دارایی حکومەتی هەرێم کاروباری دارایی بنکە جێ بەجێ دەکات .

ب- لەگەل سەرۆك داچەك و پسوولە کانی خەرجکردن و وەرگرتن ئیمزا دەکات . هەر بڕە پارەیەکیش لە دەهەزار دینار زیاتر بێت تەنیا ژمێریارێش ئیمزای بکات .

٦- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر :

ا- ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێت کە دەستە پێی دەسپێرێت .

ب- بەشداریی بەدیهێنانی ئامانجە کانی بنکە دەکات .

٧- سەرنووسەری گۆڤار :

ا- ئەرکی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ جێ بەجێ دەکات .

ب- ئەندامانی دەستەی نووسین ، بەڕاوێژ لەگەل دەستەی بەڕێوەبەر دیاری دەکات .

و- دەستەی گشتی :

١- گەورەترین دەسەلاتی بنکەیە .

٢- لە کۆی ئەندامانی بنکە پێك دێت .

٣- لە سەرداوای دەستەی بەڕێوەبەرێتی کاریك کۆدەبێتەوە جگە لە کۆبونەوەی ناتاسایی .

٤- بەچالاکیە کانی دەستەی بەڕێوەبەرێتی دەچێتەوە .

٥- لە ڕاپۆرتی دارایی دەستەی بەڕێوەبەرێتی دەکۆڵێتەوە و دەپرسێتەوە و بڕیاری خۆی لەسەر دەدات .

٦- دەسکاری پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ دەکات .

٧- لە داواو سکالای ئەندامان دەکۆڵێتەوە و بڕیاری خۆی لەسەریان دەدات .

٨- بەرنامەی گشتی کاری ساڵانەی بنکە دادەنێت .

٩- دەستەی بەڕێوەبەر هەڵدەبژێرێت .

١٠- بەڕێژەی ﴿ ٣/٢ ﴾ ی دەنگی ئەندامان ، بۆی هەیە بنکە هەڵوەشێنێتەوە .

پەندی سێیەم :

دارایی بنکە لەم سەرچاوانە پێك دێت .

١- باریەهای بەئەندام بوون و تابوونەی مانگانەیان بە پێی بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر .

٢- قازانجی بلاوکراوەو چالاکیەکان .

٣- یارمەتیە کانی حکومەتی هەرێم .

٤- هەریامەتیەکی تر .

پەندی چوارەم :

یەکەمین کۆنگرەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ٩-١٠/٦/١٩٩٧

بڕیاری لەسەر ئەم پرۆگرام و پەیڕەوە داوە

دەستەی سەرپەرشتیی کۆنگرە .

چەند سەرنجێک بۆ نووسەران

داوا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین کاتێك بابەتێکمان بۆ دەنێرن ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١. بابەتەکە بە خەتێکی جوان و درشت نووسرابێت.

٢. دێڕەکان بەیەکەوە هەبێت.

٣. لەسەر دیوێکی کاغەزەکە بنووسن و گەڕ فولسکاپ بێت باشترە.

٤. دەسخەتەکە بنێرن، نەك فۆتۆکۆپیی بابەتەکە.

٥. ناوی سیانیی خۆتان بنووسن و گەڕ ویستتان بە ناوی خوازراوەوە بڵاوبێتەوە، ئەوا لەگەڵ ناوی سیانیتاندا بینێرن.

٦. ناونیشانی تەواوی خۆتان بنێرن.

٧. وێنەیەکی شەخسی خۆتان بنێرن، بە قەوارەی ٤\١ پۆستکارت.

٨. ئەو بەڵگەو وێنانەی پێویستن بۆ بابەتەکە، بە پێی توانا بینێرن.

٩. ڕچاوی خاڵبەندی بکەن.

١٠. هەر نووسینێك بڵاونەکرایەوە نادرێتەوە بە خاوەنەکەی.

١١. ئەو سەرچاوانە بنووسن کە بابەتەکەی لێوە وەردەگرن، یان سوودیان لێ دەبینن بۆ لێکۆڵینەوەکانتان، بە سالی چاپ کردنیشەوە.

١٢. زنجیرەی بابەتەکان پەیوەستە بە دەرهێنانی هونەریی گۆڤارەکەوە.

بەرگ و هێڵکاری : اسماعیل خەیات
چاپکردن : کۆمپیوتەری بنکەی گەلاوێژ
کومپیوتەر: فریاد شاکر ڕواندوزی
پەیوەندیکردن لە هەندەرانەوە بەم ژمارەی فاکسانە دەبێ :
سلێمانی - نووسینگەی ئاسیا - گۆڤاری گەلاوێژی نوێ
FAX: 00873 683 025930
00 761 314196

ئەدرەس :
سلێمانی - بەرامبەر ساحەی ترایەکە
بارەگای بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

22601

نرخ :
- بۆ ناو وڵات : (١٥) پانزە دینار
- بۆ هەندەران : (٧) حەوت دۆلار